تصوير أبو عبد الرحمن الكردي

شۆڕشەکانی کورد

وە

کورد و کۆماری عێراق

www.iqra.ahlamontada.com
للكتب (كوردى ,عربي ,فارسي)

نووسینی
عەلائەدین سەجادی

ئامادەکردن و لە چاپ دانەوەی
ئەحمەد موحەمەدی

(زانا دانایە ، دانا توانایە)

شۆرشەکانی کورد

وە

کورد و کۆماری عراق

لە رووی دەقی بنچینەی کۆنی خۆیەوە

[پاگژی ئاگاداریەک لە سەر چاوە و بناغە و ئامار و شوێن و ژیانی کۆمەڵایەتی کورد، دروستبوون و پێکهاتنی قەومیەت، لاپەڕەیەکی درێژی کارەساتەکانی کورد لە هەموو روویەکەوە. بە جۆرێکی تێکڕایی «تأریخێکی سیاسی عالەمی کورد» لە دەورەکانی کۆن و تازەدا.]

[کۆمەڵە کارەساتێکی مێژوویی شۆڕشی گێتی کوردی‌یە، کە لە کانگای دەروونێکی پڕ خرۆشەوە پاڵەوانەکانی شۆڕشی ئەوگێتی‌یە بە دەستیان داوەتێ و لاپەڕەیەکی زێڕینیان هێناوەتە بەرهەم، پێویستە هەمو کوردێک، وە بەڵکوو هەموو بێگانەیەک ئاگاداریی بە سەر ئەم زانیاریانەدا پەیدا کا بۆ ئەوە بەدانایی خۆی بێ بە ئەندامێکی توانا]

عەلائەدین سەجادی

٢٦٥٩ی کوردی - ١٩٥٩ی فەرەنگی

ئامادەکردن و لە چاپ دانەوەی ئەحمەدی موحەممەدی

٢٠٠٥ زایینی

سجادی، علاءالدین، ۱۹۰۷ ـ ۱۹۸۴.
شۆڕشه‌کانی کوردوه‌کورد و کۆماری عراق / علاءالدین سجادی.ـ تهران: احمد محمدی، ۱۳۸۱.
۳٦۴ ص. ISBN 964-06-2263-X
فهرستنویسی براساس اطلاعات فیپا.
کردی.
۱. کردان -- تاریخ. ۲. کردستان -- تاریخ -- جنبشها و قیامها. الف. عنوان. ب. عنوان: تاریخ جنبش‌های آزادی بخش مردم کرد.
۳س۴ک/DS۵۹ ۹۵٦/۰۰۴۹۱۵۹۷
کتابخانه ملی ایران ۸۱ـ۳۷۹۲۳م

ناسنامه

نێوی کتێب : شۆڕشه‌کانی کورد وه‌کورد و کۆماری عێراق
نووسینی : علاءالدین سجادی، له‌ ڕووی ده‌قی بنچینه‌ی کۆنی خۆیه‌وه
ئاماده‌کردن و له‌چاپ دانه‌وه‌ی : ئه‌حمه‌د موحه‌ممه‌دی
پیت چین : مریه‌م‌خانی مه‌حموودی
لیتۆگرافی :
ساڵی له‌ چاپ‌دانی: ۱۳۸۴ هـ ش ۲۰۰۵ زایینی
ده‌زگای چاپ و بڵاوکردنه‌وه‌ی : ئه‌تله‌س چاپ ـ تاران
بڵاوکه‌ره‌وه‌ی: ئه‌حمه‌د موحه‌ممه‌دی
تیراژ : ۲۵۰۰ به‌رگ
نه‌رخی: ۳۰۰۰ تمه‌ن
شابه‌ک : ISBN ۹٦۴ـ۰٦ـ۲۲٦۳ـX
ناو نیشانی بڵاوکردنه‌وه‌ی : سنه ۱ـ شه‌قامی شوهه‌دا، پاساژ عه‌زیزه‌تی بڵاوگه‌ی هه‌زار تلفکس: ۰۸۷۱ـ۲۲۵۳٦۲۵
۲ـ سنه شه‌قامی ئیمام خومه‌ینی کۆڵانی یه‌میین له‌شکه‌ر ژماره‌ ٦ ئه‌حمه‌د موحه‌ممه‌دی
تلفن : ۰۸۷۱ـ۲۲۲۹۸۷۸

مامۆستا عەلائەدین سەجادی بە جل و بەرگی کوردیەوە
لە ساڵی ١٩٥٩ میلادیدا

سەرچاوە: کتێبی «یادی سجادی» نووسینی دلێر سجادی

ناوەرۆک

لاپەڕە	بابەت
	گوتەیەکی پێویست
	بەشی یەکەم
٧	سەرەتا
٩	مێژوویەکی کورتی کوردی
١١	ژمارەی کورد
١٧	شوێنی کورد
١٩	ژیانی کۆمەلایەتی کورد
٢١	شۆڕشەکانی کورد
٣٣	قەومیەت
	بەشی دووهەم
٤٦	شۆڕشی بەدرخانیەکان
	بەشی سێهەم
٦٥	شۆڕشی حەمەپاشا
٧٢	شۆڕشی سەردار رەشی
	بەشی چوارەم
٧٩	شۆڕشی شێخ مەحموودی نەمر
	بەشی پێنجەم
١٤٥	شۆڕشی بەرزان
	بەشی شەشەم
٢٣٩	شۆڕشی سمکۆ
	بەشی حەوتەم
٢٦٢	شۆڕشی سابلاخ
	بەشی هەشتەم
٣١٢	شۆڕشی ١٤ تموز ١٩٥٨ عێراق

سپاسگوزاری و قدرزانین

کاری پیت‌چینی و هەروەها سەفحەئارائی ئەم کتێبە خوشکی بەڕێزم مەریەم خانی مەحموودی، خەلکی شاری سنە وەک ئەمەکێکی دلسۆز و فیداکار، ئەرکی ئەم کارەی بە ئەستۆگرت، بەم بۆنەوە زۆر زۆر سپاسگوزاری‌یان لێ ئەکەم، هیوادارم لە گشت بوارێکدا سەرکەوتوو بن.

سنە ـ ئەحمەد موحەممەدی

وتەیەکی پێویست

بۆ ئاگاداری مامۆستایان و خوێنەران و ئەمەکداران و بۆ ئەوانەی کە لە بۆ مێژووی گەلی کورد دڵیان لێ ئەدا.

ساڵی ١٩٩٩ کتێبێک بە نێوی «مێژووی راپەڕینی کورد نووسینی عەلائەدین سەجادی ئینتیشاراتی موحەممەدی (سەقز) بە دەستم گەیشت کە ئەم کتێبە سەرپەرستی پێتچنین و چاپکردنەوەی مامۆستای بەڕێز و پایەبەرزی کورد موحەممەدی حەمەباقی بە ئەستۆی گرتووە.

ئەم کتێبە یەکێ لە سەرچاوە هەرە گرنگەکانی مێژووی گەلی کوردە، لە ساڵی ٢٠٠١ زایینیدا توانیم ئەم کتێبە لە زمانی کوردییەوە وەریگێڕم بۆ سەر زمانی فارسی و هەروەها توانیم لە سەر ئەرکی خۆم لە چاپی بدەم.

ناوە فارسیەکەی بەم جۆرەیە:

«تاریخ جنبش‌های آزادیبخش ملت کرد، تألیف علاءالدین سجادی»

ترجمه: احمد محمدی، به انضمام تعلیقات

انتشارات: مترجم بنام ناشر مترجم احمد محمدی، چاپ تهران، چاپخانه رستمخانی ١٣٨١.

قطعه وزیری، تیراژ ٣٠٠٠ جلد

بۆ ئاگاداری خوێنەرانی بەڕێز ئەمەش رابگەیەنم کە دوایین بەشی ئەم کتێبە بە نێوی [کورد و کۆماری عێراق] لە ناو ئەم دەقەدا نەبور و تا ئێستاش ئەم بەشە لە ئێراندا لە چاپ نەدراوە، هیوادار و بە تەمابووم کە رۆژێ بتوانم ئەسڵی دەقەکە بەدەس بهێنم، دوای وەرگێڕانی لە چاپی بدەم، بە تێکۆشانی بێوچان دوای تێپەڕ بوونی یەک ساڵ توانیم ئەسڵی دەقی ئەم کتێبە بەدەس بهێنم، دوای هاتوچووی زۆر لە تاران، بە گوێرەی نامەی

ژمارەی ۱۷۷۱۷۹/۱/۱۲۵ ـ ۸۲/۹/۱۷ وەزارەتی فەرهەنگ و ئیرشادی ئیسلامی ئێران بە من ئیزن درا، ئەم سەرچاوە مێژوویەگرنگە بە نرخە بە ناوی [شۆڕشەکانی کورد و کورد و کۆماری عێراق] بە چاپی بگەیەنم تا هۆگرانی مێژووی گەلی کورد لە هەر شوێنێکدا هەن بیخوێننەوە. وە تا ئەورادەیەکە لە توانایی‌ما بێت، هەوڵمداوە تەنیا وشەیەک یا لەتە دێڕێک لەم کتێبەکەم و زیاد نەکەم. هەروەها بەسەرهات و ڕێزی بەرهەمەکانی مامۆستاوی بەڕێز مێژوونووسی کورد سەجادی نەمر لە چاپی بدەم.

هیوادارم بە وەرگێڕان و لە چاپ دانەوەی تەواوی دەقی ئەم سەرچاوە گرنگە بەزمانی فارسی و هەروەها لە چاپ دانەوەی ئەسڵی دەقەکەی خۆی بە زمانی کوردی، توانیبێتم ئەرکی خۆم بەرانبەر بە مێژووی پڕ لە شانازی و سەربەرزی کورد بەجێ بهێنم.

مەبەستی من لەم ئەرکە، ئەوە بور کە بەشی دوایی [کورد و کۆماری عێراق] لە ئەسڵی کتێبەکە جیا نەبێتەوە وە هەروەها زۆر لە مامۆستایان و خوێنەرانی هێژا و ئەوانەی کە بۆ مێژووی گەلی کورد دڵیان لێ ئەدا، داوایان لە من کرد کە ئەسڵی دەقی کتێبەکە بەدەس بهێنم وە بە زمانی کوردی لە چاپی بدەم، هەروەها لە مامۆستا دلێر سەجادی و بنەماڵەی هێژای سەجادی داوای لێبووردن دەکەم کە لەبەر بارودۆخێکی تایبەتی نەمتوانی بە خزمەتیان بگەم و ئیزنی لە چاپ دانەوە و بڵاو کردنەوەی کتێبەکەی لێ‌بگرم.

ئەحمەد موحەممەدی
سنە ـ ۱۳۸۴ هـ‌ش
۲۰۰۵ زایینی ـ ۲۷۰۵ی کوردی

مامۆستا عەلائەدین سجادی
لە چەند دێڕێکدا

● ناوی عەلائەدین نەجمەدین عصامەدین و لە بنەماڵەی ناوداری (سجادی)یە لە کوردستان.

● ساڵی ۱۹۰۷ هاتووەتە دنیاوە، لە کۆشی خێزانێکی ئاینیدا گەورە بووە.

● ساڵی ۱۹۲۷ هاتووەتە سلێمانی بۆ خوێندن و، لە مزگەوتی شێخ جەلال و مزگەوتی حاجی مەلا رەسوول بە فەقێیەتی دامەزراوە.

● ساڵی ۱۹۳۸ ئیجازەی مەلایەتیی لای مامۆستا شێخ بابەعەلیی تەکیەیی وەرگرتووەو چووە بۆ بەغداو، لە مزگەوتی نەعیمە خاتوون لە مەیدان بووە بە پێشنوێژو، دانیشتن و کاری رۆژانەی لەو مزگەوتە بووە.

● لە بەغدایش لای مامۆستایان شێخ ئەمجەدالزەهاوی و شێخ موحەممەد القزلجی بە هەندێ لە زانستە ئیسلامییەکاندا چووەتەوە.

● لە ساڵی ۱۹۳۹دا چووەتە مەیدانی رۆژنامەنووسی و لە ۱۹۴۱دا بووە بە بەڕێوەبەری گۆڤاری گەلاوێژ وردە وردە بووە بە هەمە کارەی و تا داخستنی لە ۱۹۴۹دا لەگەڵی بووە.

● لە ساڵی ۱۹۴۸دا پاش راپەڕینە مەزنەکەی کانوون گۆڤاری (نزار)ی بە عەرەبی و کوردی دەرکردووە کە گۆڤارێکی نیشتمانپەروەری سیاسی بووە.

● پاش شۆڕشی پیرۆزی ۱۴ی تەمووزو تا ساڵی ۱۹۷۴ مامۆستای ئەدەب و مێژووی ئەدەبی کوردی بووە لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا.

● لە ساڵی ۱۹۷۴دا کرا بە ئەمینداری گشتیی ئەوقاف و ۳ ساڵ لەو کارەدا ماوەتەوە.

● ساڵانی پاشەوەی بە خانەنشینی و بە خزمەتی ئەدەبەوە بەڕێ بردووە.

● ئێوارەی رۆژی پێنجشەمەی ۱۳/۱۲/۱۹۸۴ کۆچی دوایی کردووەو، لە گۆڕستانی شێخ عبدالقادری گەیلانی، لە نزیک شێخ عبدالرحمن ئەبوالوفای نەقشبەندی و شێخ رەزای تاڵەبانی بە کۆشی خاک سپێراوە.

● ئەمەش ناوی دانراوەکانی و ساڵی دانیان:

١- مێژووی ئەدەبی کوردی، ١٩٥٢ (چاپی دووهەم ١٩٧١).

٢- ناوی کوردی، ١٩٥٣.

٣- رشتەی مرواری، بەرگی یەکەم، ١٩٥٧.

٤- رشتەی مرواری، بەرگی دووهەم، ١٩٥٧.

٥- رشتەی مرواری، بەرگی سێهەم، ١٩٥٨.

٦- رشتەی مرواری، بەرگی چوارەم، ١٩٦٨.

٧- رشتەی مرواری، بەرگی پێنجەم، ١٩٧٢.

٨- رشتەی مرواری، بەرگی شەشەم، ١٩٧٩.

٩- رشتەی مرواری، بەرگی حەوتەم، ١٩٨٠.

١٠- رشتەی مرواری، بەرگی هەشتەم، ١٩٨٣.

١١- گەشتێک لە کوردستانا، ١٩٥٦.

١٢- شۆڕشەکانی کورد، ١٩٥٩.

١٣- هەمیشە بەهار، ١٩٦٠.

١٤- دەستوور وە فەرهەنگی زمانی کوردی، ١٩٦١.

١٥- ئەدەبی کوردی و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی کوردی، ١٩٦٨.

١٦- نرخشناسی، ١٩٧٠.

١٧- دوو چامەکەی نالی و سالم، ١٩٧٣.

١٨- کوردەواری، ١٩٧٤.

١٩- دەقەکانی ئەدەبی کوردی، ١٩٧٨.

٢٠- خۆشخوانی، ١٩٧٨.

سەرچاوە: کتێبی «یادی سەجادی نووسینی کاک دلێر سەجادی»

بە نێوی خوای گەورە

سەرەتا

مێژو لاپەڕەی خۆی هەڵدەگێڕێتەوە و نەتەوە ئەو لاپەڕەیە ئەخوێنێتەوە؛ لەیخوێنێتەوە بۆ ئەوە بزانێ چەکارەسات و قەوماوێک لەباو باپیرەکانیەوە بەجێ ماوە و چەکردو کۆشێکیان کردووە لەژێر ئەم ئاسمانە شینەدا بۆ ئەوە لەگەڵ ژیانا هەنگاو باوێژن وە یا ژیانی بەرزی لەگەڵیانا شان بە شان بڕوا بەڕێوە؟!..

گەلێ جار مێژووی تاقەکەسێک لەقەومێکا و لە دەورێکا مێژووی هەموو قەومەکەیە لەو دەورەدا، وەکوو چۆن زۆرجار مێژووی هەموو قەومەکە ئەبێتە مێژووی نەفسیەتی تاقەتاقەی ئەو گەلە. بە تایبەتی تاکوو گەل لەبارەی نەفسیەتا بە تەواوی لێک نزیک ئەبنەوە؛ چونکە ئەو تاقەکەسەی کە ئەبێ بە هۆی هەڵگیرسانی شۆڕشەکەوە نەبێ هەموو بوون و نەبوونی شۆڕشەکە لەوا دروست بووبێ، ئەگەر هاوکارەکانی وە یاگەلەکەی ئەو شایانیەیان تیا نەبێ ئەو ناتوانێ شۆڕشەکە بگێڕێ. پەندی پێشینانی کوردی ئەڵێ: «چەپلە بە دەستێک لێ نادرێ!». لەوەندە هەیە هەندێ کاروباری تایبەتی سەرەتا روو لەکاتە سەرۆکی شۆڕش وە یا شۆڕشگێڕ کە لەو کاروبارانە دوورن لە چوارچێوەی لاپەڕەی ژیانی یەکێکی ترەوە. ئەمانە زیادەشایانی و یا زیادە برینداریەک لەو سەرۆکەدا پەیدا ئەکەن و ئەمجا ئەویش ئەبێ بە پێشەوای دەستەکەی تر.

وەکوو ئەیزانین هەرگەلێک کە شۆڕشی تێدا هەبووەو شۆڕشی گێڕاوە رۆڵەکانی ئەو گەلە هێناویانە شۆڕشەکانیان خستۆتە سەر غربێلێک بۆ ئەوە هەم گەلەکە وە هەم گەلانی تریش چاوێکی پیابخشێنن و زانیاریەکیان بۆ دەرکەوێ کە چەکارەسات و قەوماوێک لە رابردوودا رووی داوە، تا ئەوانیش لەو بەندانە پەند وەرگرن، وە یا تێبگەن کە باو باپیرەکانیان بۆ ژیانی کامەرانی ئەم نەتەوەی خۆیانە چۆن سنگیان ناوە بە

قەلأی پۆلأینەوە بۆ رووخاندنی؟. وەچۆن گیانی خۆیان کردووە بەگاو گەردوونی ژیانی پڕ سەرفرازی ئەمان.

ئەمانە لە هەموو گەلێکاو لە زمانی هەموو قەومێکا هەبووەو هەیە، قەومی کورد بە هەموو جۆر خوێندویەتەوەو ئەیخوێنێتەوە، بەلأم رەنگێ ئەوەندە ئاگاداری نەبووبێ بەسەر شۆڕشەکانی خۆیدا!. دوور نیە ئەم بێ ئاگاداریەش هەر لەبەر ئەوە بووبێ کە نەنووسراون و هەر وەکوو سێبران چەند رۆژێک بەسەر زمانی بەرەی ئەو رۆژەوە بووەو پاشان کە ئەو رۆژو دەورەیە رۆیشتووە ناوی مەفهومی شۆڕشەکەش رۆیشتووە!..

هەر ئەم سووڕچە بۆ منی هاندا بۆ ئەوەکە بە پێ توانا بتوانم شۆڕشەکانی کورد لەکونو قوشبن و لە سەر زاری داستانگێرەکانەوە کۆ بکەمەوە و بە زمانی خۆشەویستی کوردی بیخەمە سەر قاقەزو پێشکەشی کەم بەو نەتەوەیەکە ئەم جۆرە قارەمانیانەی تێدا رووداوە.

مەبەستی من لێرەدا مەبەستی «فەردی و شەخسی» نیە؛ چونکە دوور نیە هەندێ کەس تیایا توورە بین، وەیا هەندێک پێ کەیف خۆش بن. نە، لە پێ خۆشبوونی ئەوان من کەیف خۆش ئەبم، وەنە، لە توورەبوونی ئەمان توورە ئەبم. بۆیەش نابم چونکە وەکوو وترا پەردەکە پەردەی لاپەڕەی قەومەکەیە نەوەک هی تاقەکەسێک. کە مادام وابوو حوکم بۆ گەل و قەومە نەوەک بۆ تاک و فەرد.

هەر لەبەر ئەمەیە کە ئەلێم: داستانی ئەم شۆڕشانە پێشکەش ئەکەم بە قەومی خۆشەویستی کورد.

عەلائەدین سەجادی

بەغدا

١٩٥٩/١/٢

میژوویەکی کورتی کوردی

گێتی هەرچەندە زۆر کۆن بێ میژووی شارستانی ئادەمیزادەکەی ئەو کۆنیە پڕناکاتەوە، بەڵێ ئاسار و بەڵگە ئێستە وردە وردە دەرئەکەوێ و ئەوەمان پیشان ئەداکە سەدهەزار ساڵ و زیاتر لە سەد هەزار ساڵ ئادەمیزاد ئەم سەر زەویەی داگیر کردووە و لیشی تیاکردووە بەلام وەنەبێ ئەمە ئەوەمان تێبگەیەنێ کە ئەو کۆمەلایەتی و شارستانیەی ئێستە بە چاوی خۆمان ئەیبینین ئەو سەردەمانەش ئەمە هەبوویێ!. بەڵگەکان تەنها ئەوە ئەڵێن کە ئادەمیزاد هەبووە، ئیتر وەنەبێ بتوانن لە هەموو روویەکەوە پایەی شارستانی و کۆمەلایەتیان دەربڕن، ئەمەشیان بۆیە پێ ناکرێ چونکە یەکێ لە نیشانەی شارستانی کە خوێندەوارییە، ئەوە بۆ ئێمە روون نەبووەتەوە کە ئەو دەورەیە ئەمە هەبووە. کەوابوو پەیکەری بەردێک وە یا سەکوتی دێزەیەک ئەوشتەی کە مەبەستی ئیمڕۆژە ئەوە دەرناخا.

لەبەر ئەمە چ کورد، چە غەیری کورد ناتوانێ لە لایەن پوختی رەگەزو نەژادیەوە لە ۳۵۰۰۰ ساڵ پێش میلاد بەولاترەوە بڕوا. ئەگەر بڕوا تەخمین و بەراوردە، تەخمین و بەراوردیش وەنەبێ بە تەواوی پیاو بگەیەنێ بە ئامانج.

ئەمە هەیە بۆیە ناتوانین لەوە زیاتر بڵێین:

کە ئاریەکان لە ۳۵۰۰۰ ساڵ پێش میلادەوە لە جنووبی رووسیاوە بە سەر شیمالی قەوقاس و دەریای رەشدا بەرەو خوار بوونەوە و هاتوون بۆ دەورروبەری رۆژاوای ئاسیا و بوون بە دوو بەشەوە؛ بەشێکیان روویان کردە ئاورووپا و قەومەکانی ئەوییان لێ دروست بوون. بەشێکیان هەر لە دەشتەکانی جنووبی رووسیاوە هاتوونەتە رۆژاوای ناوەڕاست و رۆژاوای نزیکیەوە تا جنووبی هێند چوون. ئەم بەشەیان کە بەرەو ئاسیا بوونەوە لە تورکوستانی ئیمڕۆی رووسیادا خۆیان گرتەوە و ماوەی هەزار ساڵێک مانەوە

و لە پاشان روویان کردە جنووبی ئێران. لە پاش ماوەیەک ئەمانیش بوون بە دوو رێچکەوە؛ رێچکەیەکیان بەسەر «هیمالایا»دا چوون بۆ هیندو لە «پەنجاب» گیرسانەوە و نەتەوەی هیندیان دروستکرد، رێچکەکەی تریان بەناوبانی ئیراندا بلاوبوونەوەو بە ئێرانی ناویان دەرکرد.

ئەم رێچکەی دووهەمە پەرەی سەندو زۆربوون، هەندێکیان لە دەشتەکانی ئێراندا جێگیربوون و بە «پارسی»ی ناسران، هەندێکیشیان بە رەوشتی کۆچەرایەتی کەوتنە شاخەکانی «زاگرۆس» و پەل پەل بوونەوەو «لۆلۆ، گۆتی، کاسی، مانای، کاردۆش، خالدی، کاردوهاو ماد»یان لێ پێک هات و ئەمانە هەریەکە بۆ خۆیان دەورێکیان گێرا. لەبەرەی پارسی «هەخامەنشی» هەڵکەوت و لە بەرەی زاگرۆسی «ماد». فارسەکان ئەچنەوە سەر هەخامەنشی و پارس، کوردەکانیش ئەچنەو سەر «ماد» و بەرەی زاگرۆس.

مادەکان لە «٧٠٠-٥٥٠» پێش میلاد کیشوەرێکی بەناوبانگی پڕ هێزیان هەبووە و بە هەموو مەعنایەکی کیشوەرداری دەوڵەتێکی تیشکداریان هەبووە، ولاتی زاگرۆس ئاوەدان بووە بە حوکمداری ئەوانەوە، سەرباری ئەمە هەر جارە پەلاماری ولاتی ئاشوور و پارسیشیان داوەو ئەوانیشیان کز کردووە. ماوەی «١٥٠» ساڵ دەوڵەتی ماد لە جۆشی گەنجی و بەرزی‌دا بووە، لە پاش ئەوە وردە وردە بە هۆی هەخامەنشیەکانەوە ئەستێرەیان کەوتە کزێ.

ئەم «١٥٠» ساڵی دەوڵەتداری مادانە لاپەڕەیەکی هەرە گەشە لە مێژووی کورد و سەرەتای مێژووی تأریخی لەو وەختەوە دەست پێ ئەکا. لە پاش ئەو دەورە ئیتر بەرە بەرە هەر جارە هاتۆتە سەر دنیای ئەمارەتداری و شۆڕشگێری تا ئەم رۆژە کە ئێمە قسەی لێوە ئەکەین.

لە پێش ئەوەدا کە بکەوینە سەرباسی ئەمارەت و شۆڕشەکانی کورد پێویستە شتێک لە ئامار و شوێنی کورد و ژیانی کۆمەڵایەتی کوردەوە بزانین:

ژمارەی کورد

مەسەلەی سەر ژماری کورد یەکێکە لەو مەسەلە هەرە زلانەکە تا ئێستەکەس نەیداوە بە دەستەوە. بە دەستەوە نەدانەکەش لە بەر چەند هۆیەک بووە.

یەکەم ئامار لە هیچ لایەک ڕێکوپێکیەکی وای نەبووە، ئەو شوێنانەکە کوردیان تێکلاو بووە ئەوان لە ئاماری خۆیان سەریان لێ تێکچووە ئەمجا چۆن ئەپەرژێنە سەر هی کورد؟! دیسان ئەگەر هاتبێت و جار جار سەرژمارێکیشیان کردبێت؛ یەکەم لە بەر ئەوەکە نەیانویستووە بە تەواوی ژمارەی کورد بدەن بە دەستەوە، ژمارەی راستیان نەکردووە وەیان نەیانوتووە! دووەم کوردەکە خویشی لە بە دەستەوەنەدانی ژمارەکەی سووچێکی هەیە؛ چونکە ئەم یا،کۆچەری بووە، یا لادێنشین. ئەو سەردەمەکە ئەم دوو ژیانەی رابواردووە بێجگە لەوەکە یاسای حوکوومەت بۆ ئامار ڕێکوپێکیەکی نەبووە خۆیشی لەو کەم و کورتە ئەگەر کرابێ دزیوەتەوە. کە ئەڵێم خۆی دزیوەتەوە ئەمە لە دەوری دوایی‌دا بووە، واتە لە سەرەتای ئەم سەدەی بیستەمەداکە وردە وردە سەربازی لجباری لەناو حوکوومەتەکاندا پەیدا بووە، لەترسی ئەوەکە نەیکەن بە سەرباز خۆی لە نووسین شاردۆتەوە. ئاشکرایە پێش ئەم دەورەیەش ناونووس هەر لە هیچ لایەک نەبووە، واتە لەو حوکوومەتانەداکە کوردیان تێکلاو بووە.

سەرباری ئەمانەش هەموو کۆچ کردن و تالان کردنو گرانی و جەوری حوکوومەتەکان ئەوەندەی‌تر کوردی لەناو بردووە و نەیهێشتووە پەرەبسێنێ، دیسان دەربەدەر بوونیان و کەوتنە گۆشەی شارانی بێگانەو لە فیکر چوونەوەی زمانەکەی خۆیان، ئەمە لە هەموو زیاتر کاری تێ کردوون بۆکەم بوونەوەی سەر ژماریان.

ئەو شتانەکە پیاو ناچار ئەکەن بەکۆچ کردن و دەربەدەر بوون دوو شتن؛ یا بێ دەرامەتی، وەیا جەورو کارەساتێک کە پاڵ ئەنێ بەکابراوە بۆ ئەوە لە شوێنی خۆی

نەمێنێ. ولاّتی کورد ولاّتێکی بەپیتە، لە هەموو جۆرە سەرمایەیەکی ژیانی تێدایە؛ سەرمایەیەکی وەهاکەگەلێ زیاترە لە ئەندازەی دانیشتووەکانی. کۆچ کردنی کوردەکە لە پاش دەورەی دەوارنشینی لەبەر بێ پیتی و بێ رۆزیگەری تەبیعی ولاّتەکەی نەبووە، کەوابوو ئەو دەربەدەریەی کە بەسەریا هاتووە لەبەر جەورو کارەساتەکە بووە. ئەگەر لەبەر بێنانیش بووبێت دیسان ئەوەش هەر جەورو ستەمی داگیرکەر ئەگرێتەوە؛ ولاّتەکەی ولاّتێکی بەپیت بووە، بەلاّم داگیرکەر نەیویستووە دەستی ئاوەدانی تیا بخاتەکار، کابرا چار ناچار دەشتی گرتۆتە بەرو رووی کردۆتە ولاّتانی بێگانەو لەناو ئەواندا خۆی و نەتەوەکەی تواونەتەوە و زمانی مادەرزادیان گۆڕیوەتەوە بە زمانی ئەو شوێنە!.

ئەمە لە لایەکەوە، لە لایەکیتریشەوە حوکومەتەکانی وەکوو تورکیا و ئێران کە ئەکەوتنە ڕانی کوردەکان و لە پاش ئەوەکە لە شوێنەکانی خۆیان هەڵیانئەڕاندن و لە شوێنێکیتر دایانئەنان ناچاریشیان ئەکردن بەوەکە بە زمانی خۆیان قسەو نوسینیان نەبێ، ئەمەش بۆ ئەوەکە لە پاش ماوەیەک دەنگ بەرزکەنەوە و بڵێن ولاّتەکەمان کوردی تیانیە و هەر نەبووە!. وەکوو بە تایبەتی لەسەرەتای ئەم سەدەی بیستەمە بەملاوە حوکومەتی تورک ئەم سیاسەتەی گرتبووە پێش وە ئەیەڕان بە دنیاداکە کورد لە ولاّتی ئێمەدا نیە، وەیا ئەگەر شتێک لەشاخەکان هەبێ ئەوە «تورکی شاخی ـ نە» و ناوی کورد لە فەرهەنگی ولاّتی تورکیادا نییە!..

بەهەموو بێشەرمیەکەوە ئەم بانگەی ئەدا و هیچ شەرمی لەوە نەئەکرد کە خوێنی گەشی کوردەکان بە هۆی جەورو ستەمی ئەوموەناوی کوردی لە رووپەڕەی زەوی و زاری کوردستاندا ئەنووسی و نیشانی عالەمی ئەدا و بەمە تورکەکانی ئەخستە درۆوە.

یا حوکومەتی ئێران بەناوی برایەتیەوە لە هەموو لاپەڕەی مێژوویدا بانگی ئەکرد: «ئێران و ئێرانی و ئەیوت کورد و فارس ئێرانین و ناوی کورد بەجیا لە فەرهەنگی خاکی

ئێراندا نی یەا!..

ئەم بانگەی ئەداو ئەم برایەتیەی ئەنواند! بەلاّم کە سەیری بەندیخانەکانت ئەکرد هەموویان پڕ بوون لە براکوردەکان و برایەکی فارسی تیدا نەبوو!. کە سەیری برسیەتی و دەربەدەریت ئەکرد هەموو بەر براکوردەکان کەوتبوو هیچ بەر برافارسەکان نەکەوتبوو!. کەسەیری پایەو وەزیفەی حوکومەتت ئەکرد هەموو بەر برافارسەکان کەوتبوو هیچی بەربراکوردەکان نەکەوتبوو!.. کەسەیری ڕێگاو بان و کۆشک و سەراو ئاوەدانی و شارستانیت ئەکرد هەمووی بەربرافارسەکان کەوتبوو هیچی بەربراکوردەکان نەکەوتبوو!. کە سەیری خوێندەواری و قوتابخانەو زمانی نووسینت ئەکرد هەموو بە زمان و خوێندنی برافارسەکان بوو هیچی بەربراکوردەکان نەکەوتبوو! ئەمە بوو برایەتی فارس و کورد کە حوکومەتی ئێران شەیپووری بۆ لێ ئەدا!..

ئەمجا حوکومەتی دەوری پێشووی عێراق: ئەمیش وەنەبێ کارەساتی لەوان کەمتر بێ بەرانبەر بە کوردەکان؛ لە قانوونە ئەساسیەکەیدا دایناوبو «زمانی مەحەلی» ئەبێ لە کوردەواریدا هەبێت و بخوێنرێت و پێبنووسرێت، کەچی بێجگە لە تۆزێکی شاری سولەیمانی لە قوتابخانە سەرەتاییەکاندا ـ کە ئەمەش تەنها بە هۆی جەربەزەیی خەلکی شارەکەوەبوو ـ لە شوێنەکانی تری کوردەواریدا تەنها دەنگ نەبێ هیچی تری نەبوو!. بەلێ پارە خەرج ئەکرا بۆ چاپکردنی کتێبی کوردی بۆ قوتابخانەکان، کاربەدەست و هەلسووڕێنەری ئەو کتێبانە ئەکەوتنە جرت و فرت و کتێبەکانیشیان ئەنارد، بەلاّم لە ژێریشەوە ئەیانوت بە مامۆستای قوتابخانەکان کە بلێن قوتابیەکان نازانن کوردی بخوێننەوە!. بەم بەردەیان دوو چۆلەکەیان راو ئەکرد؛ بەکێ دەنگی نەهێشتنی زمانی کوردی لە قوتابخانەی کوردەواریدا، بەکێ لە ژێر پەردەی کتێب چاپکردنی کوردیدا تۆزێ گیرفان پڕکردنیش!.

هەر لەو قانوونە ئەساسیەدا دایناوبو کە زمانی مەحاکم و دادگاکانی کوردەواری ئەبێ

زمنی کوردی بێ، کەچی ئەمە تەنها مەرەکەبە کەبوو لەسەر قاقەزەکەو هیچی‌تر، چونکە هیچ یەک لە دادگاکانی کوردەواری جارێک محاکمەیەکی بە زمانی کوردی بە خۆیەوە نەدی، بە تایبەتی لە پاش ساڵی (١٩٤١) مەگەر کوردێکی خوێندەواری بەرزکوتوو پڕی چاوی بە قانوونەکە بکەوتایە و بیزانیایە کورد حەقی ئەوەی هەیە کە زمانی دادگاکانی کوردی بێ، ئەگینا خەڵکەکەی‌تر ئەوەندە لێ بێگانە بووبوونەوە هەر بە فیکری شەویشیانا نەئەهات کە مافێکی وایان هەیە.

مەسەلەی ناردنی قوتابی کورد بۆ دەرەوەی عێراق وەیا پێ گەیاندنی قوتابیەکی کورد بۆ وەرگرتنی «دکتۆرا» یەک لە دەرەوەی «عێراق»دا، وەیا دانانی مودیرعامێکی کورد لە وەزارەتێک لە وەزارەتەکاندا ـ بێجگە لە داخلیەکە ئەویش لەبەر ئیشی تایبەتی خۆیان بوو ـ ئەمانە لە فەرهەنگی حوکوومەتی پێشووی عێراقا زۆر دەگمەن بوون، لەگەڵ ئەوەشداکە ئەگەر بەپێ قانوونە ئەساسیەکەی خۆیان بچوونایە بەڕێوە هەموو ئەم مافانەی تیدا بو بەرانبەر بە کوردا..

سەیرتریش ئەوە بوو هەرجارەکە تەنگو چەڵەمەیەکی دەرەوە، یا ناوەوە رووی ئەکردە حوکوومەتەکەیان نووری سەعید و پیاوەکانی نووری سەعید بە شانوەکانی کەرکووک و سولەیمانی‌دا ئەسووڕانەوە و خەڵکیان کۆ ئەکردەوە و پێیان ئەوتن ئێوە کوردن و لە قانوونی ئەساسی‌دا هەموو حەقێکتان هەیە. داوای حەقی خۆتان بکەن و پڕ بە دەم هاوار بکەن و بڵێن ئێمە کوردین و حەقی خۆمانمان ئەوێ. ئەمجاکە تەنگو چەڵمەکەیان بەسەر ئەچوو ئەوکەسەی بیوتایە من کوردم وەیا داوای حەقێکی کوردی بکردایە ئەیانگرت و لە گۆشەی بەندیخانەکاندا توندیان ئەکردا..

جا سەرباری ئەم هەموو شەپۆل و تەوژمە تیژانەکە روویان ئەکردە قەومی کورد و وەکوو کرمێ بکەوێتە دارەوە و بیەوێ لە ناوی بەرێ، ئەمانەش بەو جۆرە روویان ئەکردە ئەم و ئەیانویست لە ناوی بەرن. سەرباری ئەمانە هەموو، کورد هەر ئاگاداری

خۆی کردو توانی بە ئەندازەی دەسەلاٌت خۆی لەو شەپۆلانە بپارێزێت و زیاد لە دەسەلاٌتیش زمانەکەی بهێڵێتەوە.

بەڵێ ڕۆژهەلاٌتی ناسەکان هەر کەسەیان لەبەر هەر ئارەزوویەک کە هەبووە هەندێ جار دانیان بە ژمارەی کورد داناوە، وەیا هەندێ لە نووسەرانی کورد ئەوانیش لە کتێبەکانیاندا قسەیان هەر لێوە کردووە، بەلاٌم هینەکانی کورد زۆرتر شوێن قسەی ڕۆژهەلاٌتی ناسەکان کەوتوون، ڕۆژهەلاٌتی ناسەکانیش شوێن پێ ئەو حوکومەتانە کەوتوون کە کوردیان لەناوایە. هیچکام لەمانە وەنەبێ بە حەقیقەتێکی واقعی توانیبێتیان بگەنە بنج و بناوانەکەی؛ چونکە وەکوو وتراله لایەکەوە سەرژمارێکی ڕاست و دروست نەکراوە، لە لایەکی تریشەوە حوکوومەتەکان نەیانویستووە ـ لەبەر ئەو هۆیانەکە باسکران ـ بیلێن. بەم بۆنەوە زانینی ژمارەی کورد بە ڕاستی هەر وەکوو مەتەل ماوەتەوە. یەکێ بە سێ ملیون، یەکێ بە شەش، یەکێ بە هەشت و یەکێ بە دە ملیونی داناون. ئەم دانانی ئەمانیش کە بەم جۆرە ڕۆیشتوون هەر یەکە لەبەر هۆیەکی تایبەتی شەخسی بووە وەنەبێ هیچیان لەسەر ئەساسێکی واقعی ڕۆیشتبێتن. ئەگەر یەکێ بیەوێ لەم باسە بەتەواوی تێ بگا تەماشای «مێژووی ئەدەبی کوردی» علاءالدین سجادی بکا.

مایەوە سەرباوەڕو مەفکوورەی ئێمە لە لایەن ژمارەی کوردەوە، باوەڕی ئێمە هاتە سەر ئەوە کە ژمارەی کورد بەم جۆرەی خوارەوەیە:

لەتورکیادا	٦/٥٠٠/٠٠٠
لە ئێرانا	٣/٥٠٠/٠٠٠
لە عێراقا	٢/٠٠٠/٠٠٠
لە روسیا، بلووچستان، هندووستان و سووریادا	٢/٠٠٠/٠٠٠

ئەمە تەنها ئەو کوردانەن کە ئێستە بە زمانی کوردی قسە ئەکەن، خۆ ئەگەر ئەوانەشی بخرێتە سەر کە باوک و باپیریان کورد بوون و بە دەربەدەری و ماڵ وێرانی کەوتوونەتە شار و دەشتەکانی بێگانەو ئێستە ئەمان زمانی کوردی نازانن ئەوە ئەبێ ئەو باوەڕە هەبێ کە ئەمانەش کەمتر لە «٢» ملیون نین و بە هەموانەوە «١٨» ملیون پڕ ئەکەنەوە. دیسان لەبێ عەینی باوەڕیش هەبێ کە ئەم ژمارەیە بەلانی کەمەوە دانراوە و لانی زۆری نەگیراوە.[١]

---

١ - ژمارەی کورد لە هیچ کاتێکدا حەقیقەتێکی واقعی نەگەیشتووە و ئەم ئامارە لە ساڵی ١٩٢٥ زاینیە کە ئەکاتە ٥٩ ساڵ لەمەوپێش

شوێنی کورد

کوردستان وڵاتێکی شاخاوی‌یە، هەتا بەرەو شیمال و ڕۆژهەڵات بڕوا هەر بەرز ئەبێتەوە تا ئەگاتە کێوی «ئارارات». کە ڕووی کردە جنووب و جنووبی ڕۆژئاوا ئەمجا وردە وردە نزم ئەبێتەوە. کێوەکانی شیمال هەموو جەنگەڵستان و شیو دۆڵن، پڕیانە لە کانی و ئاوو دێهات، کێوەکانی ڕۆژئاوای ـ زیاتر ئەوانەی بەسەر سنووری ئێران و تورکیادان ـ بێ‌دارستان و بەردەڵانن، ئینجا هەتا بەرەو کوردستانی ڕۆژهەڵات بڕوا دەست ئەکاتەوە بە دارستان.

کێوەکان بە زستانان هەموو سەرپۆشی بەفر ئەدەن بەسەرا، بەهۆی باران و بەفرەوە زۆرتر ڕووبارەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و خواروو لەو پێک‌دێن. هەموو وڵاتی کوردستان چە،کێو، چە، دەشت پڕیەتی لە «کان»؛ هی‌نەوت، ئاسن، زێو، زێڕ، گۆگرد، خەڵوزی بەرد، قەڵایی، چیمەنتۆ، پۆڵا، لەحیم، گەچ، قسل، دەرماناوی هەمە جۆرەو گەلێ شتی‌تریش.

کوردستان لەگەڵ ئەوەش کە شاخ و داخە لە پێش هەموو شتێکدا شوێنی کشت و کاڵ و ماڵاتە، بە تایبەتی ئەو شوێنانەی کە هەواکەی سازگارە باخ و بێستان و هەموو جۆرە داری بە بەری تێدایە.

لە کشت و کاڵ ئەمانەی هەیە:

گەنم، جۆ، برنج، پەرشە، گەنمەشامی، زوڕات، هەرزن، نۆک، نیسک، ماش، کونجی، فاسۆلیا، لۆبیا، توتن، لۆکە، پەتاتە، چەونەر، پیاز، سیر و گەلێ شتی‌تر.

لە میوەدا ئەمانەی هەیە:

ترێ بە هەموو چەشنەکانیەوە، گوێز، سێو، بەی، هەنجیر، هەنار، هەرمێ، قەیسی، قۆخ، بادام، توو، فتق، زەیتوون، هەڵوژە، گیلاس، باڵۆوک، مەوێژ، سرینچک، خورما، پرتەقاڵ، لیمو، نارنج و گەلێ شتی‌تر.

لەماڵاتا ئەمانە بەخێو ئەکەن:

ئەسپ، ئێستر، کەر، گا، گامێش، مەڕ، بزن.

لە پەلەوەرا؛ مریشک، مراوی، عەلیشیش، قاز بەخێو ئەکەن. بۆ راببواردنیش کەو، کۆتر، تاوس، باز، رائەگرن.

لەوشتانە کە ئەینێرنە دەرەوە:

توتن، لۆکە، خوری، مەرەز، مازوو، بەڕوو، گزگل، هەنگوین، گوێز، مەویژ، بادام، رۆن، پەنیر، هەموو جۆرە پێستێک، کەتیرە، گیاسالم، دۆشاو، مۆم، ناوکە کوولەکە، مالآت وگەلێ شتی تریش.

لە ئیش وکارا جۆلایی، قالی و بەرە کردن، بووزو، زەرنگەری، تفەنگسازی، خنجەرسازی، دارتاشی، زین درویتی، وردەکاری، وێنەگەری، نەقاری و گەلێ شتی تر ئەکەن لەگەڵ جووت وگاوگەلەداریدا.

تێکرا ولآتی کوردستان ئەم شوێنانەی داگیر کردووە:

لە رۆژهەلآتەوە پاڵ ئەدا بە ئێرانەوە؛ واتە لە خووزستانەوە دەست پێ ئەکا بۆ عێراقی عەجەم و هەمەدان و زەنگان و تەورێز تا ئەگاتە رووباری «ئاراس» لە قەوقاسی جنووبی. لە رۆژئاواوە ئەگاتە ئایەنەو سیواس و پاڵ ئەدا بە ئانادۆڵەوە. لە شیمالەوە ئەگاتە قەوقاس و لیوای لازستان. لە جنووبی شەرقی و جنووبەوە ڕێزە خەتێکە لە خووزستانەوە دێت ئەگاتە کێوی حەمرین و بۆ کێوی سەنجار لە دەشتی شام و لەوێوە بۆ گرداغ تا ئەچێتە سنووری ئەسکەندەروونە.

ئەم کوردستانەی کە بەم جۆرە باسکرا ئەبێ بە سێ بەشی گەورەوە:

١ـ کوردستانی رۆژهەلآت کە ئازەربایجانی رۆژئاواو ولآتی «سنە» و لورستانی گەورەو بچووکە.

٢ـ کوردستانی شیمالی کە ولآتی خەرپووت، دیاربەکر، وان، بتلیس، ئەرزورۆم، بەشێ لە ولآتی سیواس و ناوچە شاخاویەکان لە ولآتی قارس و ئەردەهان، وە قەرەباغ قەوقاسی جنووبی.

٣ـ کوردستانی جنووبی کە ولآتی سولەیمانی، کەرکووک، هەولێر، مووسڵ، لەملاوە خانەقی و مەندەلی و بەدرە.

شارەکانی کوردستان، لە ئێران:

هەمەدان، کرماشان، سنە، سەڵماس، خۆی، زەنگان، بیجاڕ، کرند، سونگر،

قەسری‌شیرین، ورمێ، میاندوواو، سابلاّخ، سەقز، بانە، سەردەشت، شنۆ، بۆکان.

لە عراق: سولەیمانی، هەلّەبجە، پێنجوێن، کەرکووک، هەولێر، کۆیە، رواندز، ئامێدی، ئاکرێ، زاخۆ، دهۆک، شەنگار، خانەقی، کفری، مەندملی، زرباتیە، بەدرە.

لە تورکیا: ماکۆ، بایەزید، دیاربەکر، قارس، ئەرزوورۆم، وان، بتلیس، ئەرزنجان، درسم، جەزیرەی ابن‌عمر، العزیز، مەرعش، ئورفە، ئەخلاّت، موش، ماردین، خوزات، معدن، باشقەلاّ.

لە هەرسێکیاندا بێجگە لەمانەش شوێنی‌تر هەیە.

ژیانی کۆمەلاّیەتی کورد

کورد دووبەشن: کۆچەری، دێهاتی و شاریی. کۆچەریەکان بەرەبەرە هەر کەم ئەبنەوە و ئەبن بە نیشتەجێ زەوی و بەراو هی بەگ و ئاغا بوو، جوتیارەکان مسکێنیان پێئەلّێن، خۆیان زەوییان نیە مەگەر لە هەندێ شوێنی کەمانەیێ.

کورد زۆر ئازان بۆ جەنگ کردن، ئارەزووی تەواویان لە تفەنگچێتی و راو و شکار هەیە، لەبەر ئەوە هەوای سافیان پێ خۆشەو حەز بە دەشت و دەرئەکەن، رقیانە لە ژێر دەستەیی، ئەبیمەتیان سەر بە خۆیی ئەوێ، کە قسەیەکیان کرد هەر ئەو قسەیە، تەنانەت مەسەلێک هەیە ئەلّێ: «کورد، کە وتی نەء، هەر ئەو ئەیەیە». کۆچەرییەکان گەرمیان و کوێستان ئەکەن.

کورد هەمووی موسولّمانن هەندێ یەزیدی نەبێ کە لە سەر ئایینی کۆنی کورد ماونەتەوە، ئەلە ـ ش هەیە ئەوانیش هەر خۆیان بە کورد ئەزانن، موسولّمانەکان هەموو شافیعی مەزهەبن بێجگە لە بەشێکی لای پشتکۆو لورستان نەبێ کە شیعەن. شێخی تەریقەت باوێکی زۆری هەبووە، ئێستە وەکوو جاران نەماوە، رقەبەری «سونی» و «شیعە» هەبووە ئێستە ئەو رقەبەریە زۆر کزبووە و دەماری قەومی لە شوێنی دانیشتووە، تێکڕا کورد پایەی قەومی لە هەموو شت بەلاوە گەورەترە، سەید ئەگەر حسابی بکەیت ئەبێ لە نەتەوەی رەسوول و عەرەب بێت کەچی عەنعەناتی قەومی هەموو شتێکی لەبیر ئەباتەوە هەر کورد ئەزانێ. کوردایەتی لەناو کورددا لە راستیدا لە پێش هەموو شتێکەوەیە، هەرایەک کە لە بەینی دوو تیرە، یا دوو کەسدا پەیدا ببێ سەرۆکەکان

ئەیانبڕیەوە، کە دوژمنی خۆیانیان بە زەبوونی دی ئیتر لێ ئەگەڕێن.

کورد ئیشی سووکی زۆر رق لێ ئەبێتەوە، نەفسی بەرزە، بەقنیات و بوردەبارە، بـۆ پایەی دنیا زەبوونی وەرناگرێت. تێکڕا کورد زیرەک و بەقابلیەتن، زوو فێری زمـان و پیشە ئەبن، ولاتی خۆی زۆر خۆش ئەوێت، تەنانەت خۆی لە سەری ئەدا بە کـوشت، ئەگەر بکەوێتە ولاتی بێگانەش هەر دڵی لای مەڵبەندەکەیەتی، بڕیارێکی‌دا لە سـەری ئەڕوا، بانەشیبێ هەر حەز بە نان بدەیی و بەخشندەیی ئەکا، خزم دۆستە، چەند بەلایەوە خۆشەکە ئەڵێ «من کوردم»، عاشقی ئەدەب و شعر و دەنگە، مۆزیقای زۆر خۆش لێ دێت، کە یەکێکیان لێ مرد ئەیلاوێننەوە، لە وەختی گیانەڵاکەیدا ئەو کەسە ئیشی چی بووبێ شتومەکی ئیشەکەی لەلای سەریەوە دائەنێن.

خوێندەواری لەناو کورددا زۆر کەمە ـ مەگەر تۆزێ لەم دەورەی دوایەدا نەبێ ـ ئەم نەخوێندەواریە شۆڕەیەکی زلی لێ پەیدا کردوون کە هەندێ جار تاک تاکێکی ئەبن بە خۆخۆرا! لەگەڵ ئەم نەخوێندەواریەش‌دا زوو فێری شت ئـەبن، زۆریش بـە تـەنگ شوورەییەوەن. بێگانە پەروەریشن ـ غەریب دۆست ـ سەگ ڕائەگرن.

ژن لەناو کورددا بە تێکڕایی پایەیەکی کۆمەڵایەتی هەیە، خاوەن ماڵە، ماڵ و مـناڵ بەخێوکەرە، میوان پەروەرە، کە پیاو لە ماڵا نەبوو بەدەم میوانەوە ئـەچێت و خـزمەتی ئەکا، ئیشکەرو کۆچ و باربەرێ‌کەرە، شان بە شانی مێردەکەی کۆشش ئەکا؛ لە کۆچ کردن، لە جووت، لەکێشە، لە نوێن، لە باخ و رەز بەخێو کردن.

ژنی کۆچەرو لادێی شۆڕەسوار و تفەنگچیشن. ژن لە ناو کورددا داوێن پاکە، ئەگەر ئیشی خراپەی لێ رووبدا ئەیکوژن، لە هەندێ شوێندا نەبێ ژن سەربەخۆییەکی تەواوی هەیە لە شوو کردندا، دڵداری ئەکا بۆ ئەوە مێردی پێ بکا، رەشبەڵەک ئەکەن، وشەی «زنا» لە زمانی کوردی‌دا نیە، ئەمە ئەوە پیشان ئەدا کە داوێن پیسی لەناویاندا نیە، ژنـان لەمازوکردندا، لەلای رانەبێرەو لە دەشتا بە دەنگی چریکەی گۆرانی خرۆشێک ئەدەن بە دەشتەکە، پیاوان لە کۆبوونەوەی مزگەوت و بەر بەرۆژکەدا داستانی کۆن ئەگێڕنەوە، پابەندی دوو تەریقەی «نەقشی» و «قادری»ن.

شۆڕشە کانی کورد

کورد لە لاپەڕەی مێژوویا هەموو دەمێک کۆششی بۆ سەربەخۆیی خۆی کردووە، ئەوەندە هەیە لە پاش ئەوە کە دەوڵەتە بەناوبانگە کەی «ماد»یان سەری تیاچوو، وە لە پاش ئەوەش کە دەوری ئیسلامیەت هاتە ناوەوە لە گەڵ ئەو هەموو کۆششەدا سەربەخۆیيە کی راستی بە مەعنای «کلمە» لە مێژوویاندا نابینرێت.

بەڵێ پیاوانی گەورەو ناوداریان چ لە لایەن سیاسەتەوە، چ لە لایەن [علم] و زانیاریەوە زۆر، زۆر لێ هەڵکەوتووە، بەڵام ئەوەی مەبەستە ئەوە دەست نە کەوتووە. ئەمەش، چەند هۆیە کی بووە..

یە کەم پارسەنگی ئەو دەوڵەتانە کە کوردە کە کەوتبووە بەینیانەوە، دووهەم هەستێکی دینی کە ئەو سەردەمانە باڵی کێشابوو بە سەر هەموو قەومە کاندا کە نابێ کەس لە ژێر ئیمپراتۆریەتی ئیسلامیەت بچێتە دەرەوە. ئەمەی دواییان رۆحێک بۆ گەلێ خراپترو کوشندەتر لە رۆحی «ئیستعبادی» ـ بە تەعبیری ئێستە. ئەو وەختە ئەم ناوە ـ واتە ناوی ئیستعبادی ـ لەلای هەموو کەس دروست نەبووبوو، تەنها پیاوانی کۆشکە کانی خەلیفە کانی عەباسی و عوسمانی ئەیانزانی. ناوی ئەو سەردەمە ناوی ئیسلامی بوو. لە گەڵ ئەوەشدا ئیسلامیەت بیزی ئەهاتەوە لەو باوەڕەی ئەوان چونکە:

یە کەم رۆحی قەومی پێچەوانەی رۆحی ئیسلامی نیەو بەڵکوو ئیسلام فەرمانی پێ ئە کاو ناوی ئەبا وە بە دینێکی یە کیەتی و هێمنی و ئاسایشی دائەنێ، فەرمانە کانی لەلای خواوە هاتووە و دوژمنێکی هەرە گەورەیە بۆ زۆروستەم و فەرماندەرە بۆ ئازادی تاک و کۆمەڵ، تەعالیمی ئیسلام گەلێ بەرزترە لەو شتانە کە ئەوان بۆیان هەڵئەبەست.

دووهەم نە خەلیفەی بە مەعنای «کلمە» لە ئیسلامدا مابوو وە نە پادشایەتیش ئیسلام بە ناوی ئیسلامەوە فەرمانی پێ دابوو. ئەوەندە هەبوو وا دیاربوو ئەوان حەزیان بەوە

نەئەکرد کە قەومەکان هەریەکە بۆ خۆیان سەربەخۆییکیان بێ و ئەم هەمووەش تێکڕا ئاشنای بەپداخەکەی ئەوان بن. واتە بە تەعبیری ئێستە بەلانی کەمەوە بین بە «فدرالی» بەرانبەر بە بەپداخەکەی ئەوان. بەڵکوو هەر ئەوەیان پێ خۆش بوو کە خەلیفە فەرمانڕەوایەکی بێ گیروگرفتی بێ بەسەر هەموو قەومەکانەوە. قەومی کوردیش یەکێک بوو لەو قەومانە کە وایان لەگەڵ ئەکراو بەڵکوو زیاتریش.

ئەمجا پارسەنگی دەوڵەتەکانی ئەم لاو ئەولا. ئەمانەش حوکوومەتی ئێران و عوسمانی بوون کە بە تایبەتی لە پاش «سەفەوی»یەکان بەناوی «مذهب»ەوە دەستی خۆیانیان ئەوەشان. ئێران بە ناوی شیعەیەتی و عوسمانی بە ناوی سونیەتیەوە کوردیان لەو بەینەدا کردبوو بە بەردی قۆچەقانێ و هەڵیانئەسووڕاندن!. لەگەڵ ئەمانەشدا کورد لە هەموو دەورەکانیا بۆ ئەو مەبەستەی خۆی هەر خەریک بووە. لاپەڕەکانی دەوری «صلاح‌الدین»ی ئەیوبی و «کەریم‌خانی زەند» و پیاوەکانی تریشیان ئەم ناوو نیشانە هەر ئەدەن. ئەوەندە هەبووە ـ وەکوو وترا ـ لەبەر ئەو رۆحی ئیسلامیەتە کە باڵی کێشابوو بە سەریانا نەیانئەویست ئەو ناوە لە چوارچێوەکەی ئیسلامیەت جیا بکەنەوە.

* * *

لە سەدەکانی حەڤدەهەم و هەژدەهەمدا ئەوانەبوو وردە وردە تووی قەومیەت لە مێشکی هەندێ‌کەسا چەکەرەی کردبوو وە جۆرە کۆششێک ئەکرا، بەلام رۆحی پێشوو هەر لە ئیش کردنابوو. لە سەدەی نۆزدەهەمدا ئەو باوەڕە (باوەڕی قەومیەت ـ بە تەواوی لەگەڵێ لە شوێنەکانی کوردستاندا بلاو بووبووەوە و کۆشش ئەکرا بۆ سەربەخۆییەکی راستەقینەی کورد. لەم دەورەشدا دیسان چڵێسی و قازانج پەرستی رۆژئاواییەکان ـ هی خۆیان ـ هەر سەری‌رێ پێ‌ئەگرتن و نەیانئەهێشت بگەن بەو ئامانجە. لەگەڵ ئەم هەموو کۆسپانەشدا کورد هەر کۆڵی نەداو نایدا.

ئەوا لێرەدا سەرەتا بە جۆرێکی تێکڕایی باسێکی ئەو بزووتنەوانە ئەکەین کە لە ناو

کوردا روویان‌داوە، پاشان یەکە یەکە شۆڕشەکانی ئەم دەورەی دواییە ئەخەینە پێش چاو بۆ ئەوە هەموو کەسێک بزانێت کە ئەم قەومی کوردە چی بەسەرهاتووە و چۆن لە پێناوی وەرگرتنی سەربەخۆیی خۆیدا هەمیشە لە جەنگابووە؟.

(١) لەو وەختەداکە ئەمەوی و عەباسی لە ئارادا بوون کوردەکان لە لەشکرەکانیانا خزمەتی گەورە گەورەیان پێ ئەکردن، ئەوانەی کەوا لە لەشکرەکەی ئەوانا بوون ئیشیان بۆ ئەکردن، لەم لاشەوە ئەو کوردانەی کە لە خاکی ئێراندا بوون گەلێ جار یاخی ئەبوونو هەرایان ئەنایەوە، لە دەورەی ئیسلامی‌دا تا ئێستە وەنەبێ پادشایەک لە کوردەکان بینرابێ کە حوکمڕانی هەموو ولاتی کوردستانی کردبێ، بەلام گەلێ جاری وابووە کە هەندە خێزانێک هەلکەوتوون و ناو بە ناو حوکمیان لە هەندێ ناوچەکانی کوردستانا کردووە، وەکوو یەکێ لە حوکمدارەکانی «حەسەناوایی» کە لە «٩٥٩» تا «٩٧٩» میلادی لە جنووبی چیای بیستون‌دا حوکمی کردووە، هەروەها حوکمدارەکانی «دیاربەکر» و «لورفە» لە «٩٤٠» تا «١٠٩٦» سەربەخۆییەکی باشیان نواندووە و پاشان سەلجووقیەکان دواییان پێ هێناون. بەناوبانگترینی کوردەکان «ئەیوبیە»کانن کە لە «١١٣٧»دا «صلاح‌الدین»ی گەورەیان تیا هەلکەوت و بوو بە پادشایەکی بەناوبانگ.

لە سەدەی شازدە و هەفدەهەمدا کوردستان مەیدانی سەفەوی و تورکەکان بوو، لەو شەڕەشەقەی ئەوانا خۆراوای ولاتەکەیان بەر تورک و خۆرهەلاتی بەر ئێرانیەکان کەوت و تا ئێستە هەروا ماوەتەوە.

ئەو سنوورەی کە لە لایەن سولتان مرادی چوارەم و شاعەباسی سەفەویەوە لە

---

١ - و. جی ایلفنستن لە بارەی کوردەوە شتێکی لە گۆڤاری «ئەنتەرناشنال ئەفیزرەی ژمارە (١٩) ساڵی (١٩٤٧)دا نوسیوە، ماموستا عبدالقادر حشمت وەری‌گێڕابووە سەر کوردی. هەروەها ژمارەکانی گۆڤاری «گەلاوێژ»ی ساڵی (١٩٤٦)یش لە نووسینەکانی دبلیو.جی. ایلفنستن لە «ئەنتەرناشنال ئەفزەرەوە شتی وەرگرتبوو. ئەم باسە کورتکراوەی ئەو نووسینانەیە.

«١٦٣٩»دا لە بەینی کوردەکانی ئێران و تورکیادا دانرابوو تا «١٨١٣» مایەوە. لەبەر ئەو خزمەتانە کە کوردەکان لە شەڕ و شۆڕی بەینی تورک و ئێرانا لە لەشکری عوسمانیدا لەیاننواند ئیمپراتووریەتی عوسمانی رێزێکی باشی لێ ئەگرتن. هیچ ناخۆشیەک لە بەینا رووی نەدابوو تا سوڵتان مەحموودی دوهەم لە «١٨٣٠»دا دەستی کرد بە پەلاماردانی کوردەکان و لیتر ئیش وردە وردە تێکچوو.

لەم وەختە بە دواوە کوردەکان لە دوولاوە دەستیان کرد بە جووڵانەوە؛ لە لایەکەوە موحەممەد پاشای رواندز لە رۆژهەڵاتەوە، لە لایەکەوە بەدرخان پاشای بۆتان لە رۆژئاواوە، موحەممەد پاشا هەولێر و مووسڵی داگیرکردو بەدرخان پاشاش لە دیاربەکر و سعرد رەگی خۆی داکوتا، تورکەکان لەو سەردەمە لەبەر ئیشاوی هێزی میسریەکان لە ژێر فەرماندەیی «ئیبراهیم پاشا»دا هیچ نەیانپەرژایە سەر کوردەکان. لە «١٨٤٧»دا، کە تورکەکان ترسی میسریەکانیان لەکۆڵ کەوت بایان دایەوە سەر کوردەکان، بەدرخان پاشا لە پاش شەڕێکی زۆر بەدیل گیراو نێرایە «دوورگەی گریت»، پاشان هەر لەسەر قسەی تورکەکان و لە سەر رەزامەندی ئەوان هاتە «شام» لەوێ مایەوە تا لە ساڵی «١٨٦٨»دا کۆچی دوایی کرد ئەوگیانی نیشتمانپەروەریە کە ئەو لەناو کوردەکانا بڵاوی کردبووەوە هەرمابوو، بۆیە کوردەکان لە «١٨٥٠» تا «١٨٥٣» هەر شەڕ و شۆڕیان بوو بۆ سەندنی سەربەستی خۆیان.

لە پاش شەڕی «قریم» تا جووڵانەوەی شێخ عبیداللەی شەمدینان بەینی تورک و کورد باش بوو، «شێخ عبیدالله» دەوروبەری دەریای «ورمێ» داگیر کرد، هەرچەند لە دەورەی ئەورێزدا قونسولی رووس و ئینگلیس پێیان وت کە خۆی بکێشێتەوە کەڵکی نەبوو، لە ئاخرا لەشکری ئەویش شکاو خۆیشی گیراو نێردرایە «مەککە» لەویش لە «١٨٨٣»دا لەوێ کۆچی دوایی کرد.

لە «١٨٩١»دا سوڵتان عبدالحمید بەرانبەر بەهێزی رووس لە کوردەکان لەشکرێکی

ڕازاوەی دروست کردو لەژێر فەرماندەیی «ئیبرایم پاشای» «وێران شاری»دا ناوی نایە «لەشکری حەمیدیە»، ئەم لەشکرە زۆربەی تفەنگچیە ئازاکانی کوردی تیابوو. ئەم لەشکرە لە جەنگێکی گەورەدا کە لەگەڵ شومرەکانا کردیان سەرکەوتن، لە تۆڵەی ئەم سەرکەوتنەدا سوڵتان، ئیبرایم پاشای بە چوارسەد سوارەوە بانگ کردە ئەستەمۆڵ ڕێزێکی تەواوی لێ گرتن و ناوی پاشایەتیشی‌دا بە «ئیبرایم پاشا»، پاشان گەڕایەوە بۆ وڵاتی خۆی. کاتێ کە لە «١٩٠٨»دا تورکەکان لە سوڵتان هەڵگەڕانەوە ئیبرایم پاشا بە «٥٠٠» سوارەوە پەلاماری «شام»ی داو بە ناوی سوڵتانەوە شام ـی گرت، پاشان لە لایەن تورکە یاخیەکانەوە لە «شام» دەرکرایەوە، لەگەڕانەوەدا شومرەکان ڕێگەیان پێ گرت و لە پاش شەڕێکی زۆر لەو شەڕەدا کوژرا.

لەپاش کوژانەوەی شەڕی «شێخ عبیداللە»، بە تەواوی سەودای کۆمەڵایەتی و کوردایەتی چوەسەر ئەو گەلە، لاوانەی کوردەوە کە لە ئەستەمۆڵ و دەرەوەی پێ گەیشتبوون. لە پاش بڵاوکردنەوەی مەشروتیەت لە «١٩٠٨»دا، کوردە بەناوبانگەکانی دەرەوە ـکە، بۆکوردایەتی ئیشیان ئەکرد ـلە لایەن تورکە گەنجەکانەوە ئیزن‌دران بۆ ئەوە بگەڕێنەوە بۆ ئەستەمۆڵ، لەوێ کۆمەڵێکی قەومی دروستکرا، کوردەکان بەرانبەر بە چەند پەیمانێک یارمەتی ئەو کۆمەڵەیان‌دا، پاشان کە تورکەکان ئیشی خۆیانیان بنج بەست کرد کەوتنە سەر ئەوەکە پەیمانەکانی خۆیان بەجێ نەیەنن و کەوتنە سەر ئەوەش کە کوردەکان لە ناوبەرن، تەنانەت حوکمی خنکاندن‌درا بە سەر «شەریف پاشا» و «ئەمین عالی بەدرخانا»، بەڵام ئەمان زوو پێیان زانی و خۆیانیان دەرباز کرد. هەرچەندە تورکەکان ویستیان لە «١٩١٢»دا سەرلە نوێ بناغەی دۆستایەتی لەگەڵ کوردەکاندا دامەزرێننەوە بەڵام بێ سوودبوو، چونکە لە هەرای بۆتانا «سلیمان بەگی بەدرخان» لە لایەن پۆلیسی تورکەوە کوژراو دۆستایەتی هەڵوەشایەوە.

لە جەنگی «٩١٤»، تا «٩١٨»، کوردەکان گەلێ جار لەناو لەشکری تورکا بۆ

سەرکەوتنی تورک شەڕ و کۆششیان ئەکرد، لە ئاخرا کۆمەڵی نیشتمانی کورد لەگەڵ رووسەکان رێک کەوتن و یارمەتی ئەو لەشکرەی رووسیان ئەداکە بەرەو بتلیس و ئەرزنجان ئەهاتن، ئەمەشیان بۆ ئەوە کرد کە گۆیا لە ئاخرا کورد سەربەستی دەست کەوێ، کە رووس شکا ئەم پیلانەش تێکچوو.

ئەمجا لە (١٩١٨)دا هەر ئەم کۆمەڵی نیشتمانیە لە ئەستەمۆڵ لەگەڵ دەوڵەتە یەکگرتووەکانا چاویان کەوت بە یەک و شەریف پاشا هەڵبژێردرا کە بچێت لە کۆنگرەی ئاشتیدا داوای حەقی کورد بکا. لە لایەکی تریشەوە کامیران بەگ و جەلادەت بەگ کوڕانی ئەمین عالی بەدرخان پاشا و ئەکرەم بەگی کوڕەزای جەمیل پاشای دیاربەکر لە سەر قسەی ئینگلیز نێردران بۆ لای رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ بۆ ئەوە فیکری کوردایەتی لە کوردەکانی ئەوناوەش بگەیەنن. بەڵام ئەمانە لە لایەن مستەفاکەماڵەوە بەر پەرچ درانەوە و چوونەکەیان سەری نەگرت، ئەوەندە هەبوو ئەم جوولانەوەیەیان بوو بە هۆی ئەوەکە بەندەکانی «٦٢، ٦٣، ٦٤» بۆ لایەنگیری کوردەکان بخرێتە ناو پەیمانی «سیڤەر»ەوە. بەڵام ئەو هیوایانە کە بەم بەندانەی پەیمانی سیڤەر هەبوو بۆ کوردەکان هەمووی لە پەیمانی «لۆزان»دا بە بادادراو شتێک نەمایەوە کە کوردەکان دڵیان پێ خۆش بێ.

مستەفاکەماڵ هێشتا خۆی نەگرتبوو، بۆ ئەوە کە کوردەکان ئەفرەبدا پێ وتن ئەگەر یێت و جێ گیر ببی، ئێوە بە بێ گومان سەربەخۆییتیان دەست ئەکەوێ. ئەمانیش لەبەر ئەم قسەبە دەنگێکی وایان نەکرد. بەڵام پاش ئەوەکە یونانیەکانی لە «ئزمیر» دەرپەڕان و زانی، ئەوا ئیتر بنجی خۆی داکوتا، کەوتە دوژمنایەتی لەگەڵ کوردەکانا، ئیتر لە (١٩٢٣)وە هەرا لە بەینی کوردو تورکا دیسان دەستی پێ کردەوە.

ئەوە ئەوان لەوێدا، لەم لاشەوە شێخ سەعیدی پیران لە (١٩٢٥)دا بە دەستیاری کوردەکانی سووریە ئاگری شەڕیان هەڵگیرساند، لەشکری تورک لە رێگای شەمەندەفەری حەڵەب ـ بەغداوە بۆیان هات، پاش شەڕ و شۆڕێکی زۆر کوردەکان

شکان بەڵام نەیانتوانی رۆحی کوردایەتی و نیشتمانپەروەری لە ناویاندا نەهێڵن، هەر لەبەر ئەمە بوو کە گەلێ لە کوردە خوێن گەرمەکان هەڵاتن بۆ سووریە و لەوێ هەستی کوردایەتیان ئەوەندەی‌تر

بزواند. لە (۱۹۲۷)دا لە «بیروت» کۆبوونەوە و کۆمەڵی «خۆی بوون»یان دامەزراند، ئامانجی کۆمەڵ سەربەستی و ئازادی کورد بوو. هەروەها فیکریشیان وابوو کە لەگەڵ ئەرمەنیەکان بۆ سەربەستی کوردستان پێکەوە کۆشش بکەن و یارمەتی کوردەکانی تورکیا بدەن. جەلادەت بەگ بەدرخانیان کرد بە سەرەکی کۆمەڵ.

ئەم ئامانجە ـ کە ئازادکردنی کوردستانی گەورەیێ ـ کوردەکان و ئەرمەنیەکان لە (۱۹۱۲)ەوە کۆششیان بۆ ئەکرد، بەڵام کوشتاری ئەرمەنیەکان و هەڵگیرساندنی جەنگی گەورەی یەکەم تۆزی دوریانی خستەوە، لە (۱۹۱۸)دا دیسان یەکیان گرتەوە و کەوتنەوە قسەکردن شەریف پاشای نوێنەری کورد و «بوغوس نەوبار پاشا» سەرکردەی ئەرمەنیەکان لە «ڤەرسای» پێکەوە شان بە شانی یەک دەستیان کردەوە بە ئیش.

لە (۱۹۲۷)دا لە شاخەکانی «ئارارات» کوردەکان کەوتنەوە کار، سێ ساڵ جەنگی کورد و تورک درێژەی کێشا، فەرماندەری لەشکری کورد لە ژێر چاودێری «احسان نوری پاشا»دابوو. لە مارتی (۱۹۳۰)دا تورکەکان فیرقەی چوارەم و شەشەمیان بە هێزێکی گەورەی ئاسمانیەوە نارده سەریان، ماوەیەکی باش جەنگ لە بەینیانا درێژەی کێشا، کوردەکان شەڕێکی مەردانە و ئازادیان ئەکرد، لە ئاخرا لەبەر ئەوە کە هێز و چەکی تورکەکان گەلێ زۆرتربوو، احسان نووری پاشا بە ناچاری بڵاوەی بە لەشکر کرد و خۆی بە ناوی پەنابەرێکی سیاسیەوە چوو لە «تاران» دانیشت و ئێستەش هەر لەوێیە.

لە کانوونی دووهەمی (۱۹۲۷)دا لە تورکیا قانوونێکی تازە بۆ ئاوەکی و بە تورک کردنی کورد دەرچوو، خەڵکی «درسم» کە تا ئەو حەلە بەکش و ماتی دانیشتبوون لەم قانوونە شڵەژان، لەگەڵێ شوێن کۆبوونەوە، پاشان سێ کەسیان هەڵبژارد و نامەیەکیان دانێ

بۆلای حاکمی عەسکەری کە ئەم قانوونە هەڵبگرن و واز لەو فیکرە بێنن. ئەم سێ کەسە کە ئەگەنە درسم لە لایەن حاکمی عەسکەریەوە ئەکوژرێن. کوژرانی ئەمانە بە تایبەتی کارێکی زۆری کردە سەردڵی کوردەکان و ناچار کەوتنە خۆیان، سەرەتا قافلەی ئوتومبیلێکی زۆری پۆلیسی تورکیان گرت، رووتیان کردنەوەو کوشتارێکی زۆریشیان لێ کردن. ئەمجا ئیتر شەڕ و شۆڕی «درسم» بە تەواوی دەستی پێ کرد، هێزێکی زۆری تورك لەو ناوە کۆبووەوە و لە مارسی ئەو ساڵەدا بەڕێ کەوت. ئەم هەرایەش زیاتر لە ساڵێك درێژەی کێشاو کوشتارێکی زۆر لە هەر دوولا پەیدا بوو، لە ئەنجامدا کوردەکان شکان و گەلێ دێهاتیان سوتێنرا. لەگەڵ ئەم هەموو کوشتار و دەربەدەریەشدا کە بەسەر کورددا هاتووە هەستی کوردایەتیان رۆژ بە رۆژ زیاتری کردووە.

لە پاش ماوەیەك «جەلال بایەر» ئەیوت: ئیتر کورد لە وڵاتی تورکیادا نیە و ئەوەش کە هەیێ تورکی شاخین!. ئەمەیە ئاوێتەی سیاسەتی تورکەکان بەرانبەر بەکوردەکان!.

* * *

لە ئاخر و ئوخری سەدەی نوزدەهەما رووسەکان بە هەموو جۆر خۆیان لە کوردەکانی ئەو ناوە نزیك ئەکردەوە، لە ساڵی (١٨٧٦)دا کوردەکان لە فارس و ئەردەهان شان بە شان لەگەڵ رووسەکانا شەڕیان لەگەڵ تورکەکانا ئەکرد، کە جەنگی یەکەم هەڵگیرسا رووسەکان لە دەورووپشتی «ورمێ» دەستیان کرد بە جوولانەوە، «سمکۆ» و «سەیدطە» و گەلێ کەسی تریان کرد بە لایەنگیری «چارە».

لە پاش پەیمانی «لۆزان» زیاتر لە بیست هەزار کوردێك کەوتنە بەر «کۆمار»ەکانی سوفیاتی، بە هەموو جۆر بۆیەکیەتیەکی نیشتمانی چاوێریان ئەکردن، زمانی کوردی لە قوتابخانەکانی سەرەتایی و ناوەندیدا ئەخوێنرا، هانە هانەیان ئەدرا بۆ زیندوو کردنەوەی هەموو چەشنە رەوشتێکی قەومی. تەنانەت ئەو هەست و شعووری قەومی و کۆمەلایەتیە کە کوردەکانی ئەوێ بە هۆی رووسەکانەوە وەریان گرتبوو پرپشکیشی پەڕی بۆ

رۆژهەلاتی ئەنادۆل و جەزیرە و بۆتان. تورکەکان بۆ بەربەستی ئەم لێشاوی باوەڕە زۆر کەوتنە پەلەوە، بەلام هیچ کەلکێکی نەبوو بۆیان.

لە سالی (١٩٤١)دا کە رووسەکان چوونە ئێرانەوە گەلێ هەولیاندا کە، رووی کوردەکانی ئەو ناوە بکەنە خۆیان، وە کوردەکانیش لەو دەرفەتەدا ئێجگار ئومێدی ئازادی و سەربەخۆییان هەبوو، رووسەکان ئەوەیان کرد بەلام لە ئاخردا سەری نەگرت و هەر حوکوومەتی تاران گرەوی بردەوە.

سیاسەتی پاشەرۆژی رووس هێشتا نەزانراوە بەلام بەبێ پشوو هەموو دەمێک تەقەلای ئەوەیەدا کە سنووری کۆنی خۆی لەگەل تورکیادا بگۆڕێ، لەم گۆڕینی سنوورەدا ئەگەر رێک‌کەوێ گەلێ لە خاکی تورکیا ـ کە زۆرتری کورد نشینە ـ ئەکەوێتە ناو رووسەوە. هەر جۆرە دەستکاریەک لە سنووری تورکیادا بکرێ و هەرشتێک ئەو سنوورە بگۆڕێ کوردەکان لە ژێر چنگی تورک رزگاریان ئەبێ و بۆ سەربەخۆیی ئازادی ئامادەئەبن.

هەرچەندە کە سەرۆکی عەشیرەتەکان ترسیان لە بلاوبوونەوەی شیوعیەت هەیە لە ناو عەشرەتەکەیاناو بلاوبوونەوەی شتی‌واش کزبوونی دام و دەزگای ئەوانە، بەلام مادام تورکەکان هەر لەسەر ئەولاساریە ئەڕۆن کە ئەلێن کورد لە ناو ئێمەدا نیە و ئەیانەوێ کوردەکان بکەن بە تورک، سەرۆکی عەشیرەتەکان ئەوەیان هەر پێ خۆشترە کە لەو خەتەرەیە رزگاریان بێ بابکەونە بەردەستی کۆماری سوڤیانی، وەیا دام و دەزگای خۆیشیان کەمتر بێتەوە.

پاشەرۆژی سیاسەتی کورد پێویستی بە گەلێ شتە، هەرچەندە تورکەکان ئینکاری بوونی کورد ئەکەن لە ولاتەکەیانا بەلام ئاشکرایە کە جوولانەوەیەکی بەهێز بۆ سەربەستی و ئازادی کورد لە کایەدایە. هەلاتووەکانی «سوریە» پێشڕەو سەر دەستەی جوولانەوەی نیشتمانپەروەرین، زۆرتریش ئەوی کەوا ئەکا بە کوردەکان بۆ ئەم جۆرە بزووتنەوانە

کەساسی کوردەکانی تورکیایە وایان لێ ئەکاکە هانیانبدا، رەنگە بەرەبەرە پەیوەندی و ئاشنایەتیش بۆ ئەم رزگاربونە لەگەڵ کوردەکانی عراق و ئێرانیشا پەیدا بێ.

* * *

ئەو کوردانەی کە لە سووریادان بە هۆی حوکمی زۆرداری و قەرەقوشی «فرانگلن - بالون» کە لە بەینی فەرەنسەو تورکیادا لە ئەیلوولی (١٩٢٩)دا روویداو خەتی شەمەندەفەری حەڵەب - بەغدای لە سنووری سووریەوە بەست بە تورکیاوە و گەلێ لە کوردەکان کەوتنە ژێر ئیدارەی سووریا، ئەم پەیمانی ساڵی (١٩٢٩)یە بە پەیمانی «لەنقەرە» بنج بەست کرا، گەلێک لەو کوردانە کە لە دەورووبەری ئەو رێگەیەدا بوون کەوتنە بەر سووریا و بەشە زۆرەکەی لە ژێر ئیدارەی تورکیادا مایەوە، بێجگە لەمەش هەندێکی تر کورد لە شاخەکانی ژوور حەڵەبەوە هەن کە سێ‌سەد ساڵێک ئەبێ لە شاخەکانی تورکیاوە کۆچیان کردووە و لەوێدا ئەژین. لە پاش ئەوە کە حوکمی فەرەنسە لە سووریەدا دامەزرا ئەوناوە بوو بە شوێن هەوارێکی حەسانەوە بۆ کوردە هەڵاتووەکانی تورکیا و تەنانەت بوو بە ناوچەیەکی بەکەڵک بۆ کورد پەرستەکان.

دەرچوونی فەرەنسە لە سووریە و لوبنان و سەربەخۆیی عەرەبەکانی ئەو ناوە جۆرە دڵخۆشیەکی لەناو کوردەکانی ئەویدا پەیدا کرد، هەرچەندە کوردەکان ئەیانتوانی لەو دەرفەتانەدا دەست بکەن بە جوولانەوە و دراوسێ عەرەبەکانیان بخەنەناڕەحەتیەوە بەلام نەیانکرد. و بە پێچەوانەی ئەوە خۆیان لە عەرەبەکان نزیک خستەوە و ناوچەی دۆستایەتیان فراوانتر کردەوە. ئەو کوردانە کە بۆ کۆمەڵی نیشتمانی لە سووریەدا هەڵبژێردران بە پوختی ئیشی خۆیانیان بەجێ ئەهێنا، لەناو ئەو خێزانە عەرەبیاوانەی کە ئیشی گەورەیان بە دەستەوە بووە و هەیە خێزانی «بەرازی»یەکانن کە لەمانەش «حوسنی بەرازی» سەرەکی حوکومەتی سووریە بوو.

* * *

لە پاش ئەوە كە «شێخ سەعیدی حەفید لە مووسڵ» كوژرا ئاژاوە لە سولەیمانی پەیدا بوو، لە (١٩٠٩)دا ئەو ئاژاوەی كوژرانی ئەوە دوایی‌هات. كوردستانی عێراق كش و مات بوو، لە (١٩١٨)دا ئینگلیز چوونە سولەیمانیەوە، شێخ مەحموود بۆ سەربەخۆیی كورد ئەم چوونەی پێ خۆش بوو پێشوازی كردن، ئینگلیز لە پاداشی ئەو چاكیەدا كردیان بە حوكمڕانی كوردستانی جنوویی، زۆری پێ‌نەچوو لەگەڵ ئینگلیز تێكچوو لە شەڕێكی قارەمانانەدا لە دەربەندی «بازیان» لەبن «بەردە قارەمان»دا بە برینداری بەدیل گیراو نێرایە هیندستان. لە (١٩٢٢)دا هێنرایەوە و دیسان بووەوە بە حاكمی وڵاتەكەی، زۆری پێ نەچوو سەر لەنوێ لەگەڵ ئینگلیز تێكچووەوە و كەوتە بزووتنەوە، ئیتر هەموو جار لە لایەن عەسكەری لیوی و هێزی تازەی عێراقەوە راونرا، لە (١٩٣٢)دا بە جارێك هێزی هەوایی و سەرزەوی عێراقی تەنگیان پێ هەڵچنی و بە ناچاری خۆیدا بە دەستەوە و برایە شارەكانی جنوویی عێراق، لە پاش ماوەیەك وازیان لێ هێنا كە بچێتەوە لە لادێكانی خۆی دانیشێ.

كە چووەوە دیسان دەستی كردەوە بە بزووتنەوە و ئەمجارەش گیرایەوە و هێنرایە بەغدا. لە هەرای رەشیدعالی‌دا لە (١٩٤١) لە بەغدا خۆی دەرباز كرد و چووەوە بۆ سولەیمانی، گەلێ خەریك بوو كە ئاغەو عەشایر و پشدەرییەكان بكا بە لایەنگری خۆی كەڵكی نەبوو، پاش ئەوە كە ئینگلیز بەغدای گرتەوە دنیا كش و مات بوو پێویست نەبینرا كە كوردەكان بە هیچ بارێكدا بجووڵێنەوە!..

لە (١٩٣٢)دا شێخ ئەحمەدی بەرزانی دەستی كرد بە جووڵانەوە، هەتا ئەهات بە هێزتر ئەبوو، تەنانەت فەوجی عەسكەری بە جۆرێ ئابڵۆقەدا لەوانەبوو خۆیان بدەن بە دەستەوە، هێزی هەوایی ئینگلیز فریاكەوت و رزگاری كردن، پاشان هێزی سەرزەوی عێراقی و هەوایی ئینگلیز بە جارێ پەلاماری بەرزانیەكانیاندا، شێخ ئەحمەد و مەلامصطفی‌ی برایو گەلێ لە دەستو پێوەندیان بە ناچاری خۆیانیان‌دا بە دەستەوە و ئەمانە

نێردرانە سولەیمانی بۆ دانیشتنی اجباری. ئەمانە لەبەر بەدکردەوەیی حوکوومەت و دەست و پێوەندی حوکوومەت بە جارێ بە تەنگ هاتن، لە ئاخردا مەلازنجیری دیلی پچڕیو گەڕایەوە ناوکەس وکار و عەشرەتەکەی، لەوێوە لەگەڵ حوکوومەت کەوتە قسە کردن و نامە ناردن، هێشتاکە رێک نەکەوتبوون شەڕ لە بەینی پۆلیس و دەستەی مەلادا دامەزرا، لەشکرێکی زۆری نێردرایە سەر، پاشان رێک کەوتنەوە، شێخ ئەحمەدی برای و پیاوەکانی تری بەرەلاکران، قسەیان درایەکەمیری ئەمجا باشتر تەماشایان بکاو لە رووت و قووتی و برسێتی رزگاریان بکاو وەکوو خەڵکەکەیتر بەرگ و نان و شەکەر و چایان بەسەردا دابەش بکا، ئەمەش وەختێک بوو کە گرانی جەنگی دووهەم لە (١٩٤٣) بە دواوەدا کەوتبوو، بەڵام ئەمانە هەمووی قسەبوون و هیچیان بە ئەنجام نەگەیاند و دیسان هەرا لە بەینی حوکوومەت و بەرزانا دەستی پێ کردەوە.

* * *

لە شەڕی گەورەی ١٩١٤ـ١٩١٨ ئێران زۆر کز و لاوازبوو، هەرکە لە لایەکەوە سەری تێ لەکرد، کوردەکان ویستیان لەم کاتەدا هەلێک وەرگرن، «سمایلاغا»ی سمکۆ لە (١٩١٨) تا (١٩٢٢) لەو ولاتانەدا پەلوپۆی خۆی بلاو کردەوە، لەو لاشەوە «جافرسان» هەورامان و مەریوانی بۆ خۆی داگیر کرد. ئەمجا لە (١٩٢٢)دا «رەزاشا»ی پەهلەوی لە ئێران سەری هەڵداو دەستی کرد بە ولات تەخت کردن، سمکۆ تا هەشت ساڵ دەوری ئەگیرا، لە (١٩٣٠)دا لە سەر قسەی ئێرانیەکان و رەزاشا بۆ رێککەوتن بانگ کرایە «شنۆ» و لەوێدا کوشتیان.

ئەمجا «رەزاشا» کەوتە ئەو ولاتەوە هەموو سەرکردەکانی کوردی گرت و هەریەکەی ناردنە شوێنێک و ماڵ و منالیشیانی تەفر و تووناکرد و رێگەی ئۆتۆمۆبیلی برد ولاتەکەیانەوە. کاربەدەستە ئێرانیەکان بەرامبەر بەکوردە بێ سەردارە کەساسەکان زۆر دڵرەقی و ناپیاوەتیان ئەنواند، ئەمەبوو بە هۆی ئەوەکە کوردەکان هەموو هووشیار

بینەوە. کە رووس و ئینگلیز لە (١٩٤١)دا چوونە ئێرانەوە دیسان حوکوومەتی ئێران بێ دەسەلات مایەوە، کوردەکان ئەو عەسکەر و پۆلیسانەی ئێران کە کەوتبوونە بەشی رووسەوە هەموو تفەنگ و فیشەکەکانیان لێ سەندن و دیسان خۆیانیان بوژاندەوە، سەرکردە گیراوەکان ـ کە لە تاران و شارەکانیتر بوون ـ هەموو گەڕانەوە ناو کەس و کاری خۆیان و ئیش و کاریان گرتەوە دەست. حەمە رشیدخان‌ی بانە ولاتی بانە و سەردەشت و مەریوانی بۆ خۆی داگیر کرد.

هەرچەند حەمە رەشیدخان یاخی بوو سەرهەنگ ئەمینی لە سەقز کوشتبوو بەلام حوکوومەتی لەوەختەی ئێران لەگەڵ ئەمەشا هەر مانگانەیەکی بۆ بڕیەوە و کردی بە حاکمی ولاتەکەی، لە پاشا لەگەڵ مەحموودخانی کانی‌سانان ـ کە ئەویش حاکمی مەریوان بوو ـ تێکچوو، مەحموودخانیش بە لەشکر و سوپای ئێرانەوە هێرشی بردە سەر و لە ئێران دەری پەڕاند و کردی بە دیوی عێراقا، دیسان ئێران هەر بە یارمەتی کوردەکان ولاتی کوردەکانی داگیر کردەوە ـ کە ئەمەش تەنیا بە هۆی ناکۆکی ناو خۆیانەوە بوو نەوەک بە هۆی هێزی لەشکری ئێرانەوە.[1]).

قەومیەت

کاروباری کورد نەوەک لەو رۆژەوە کە رۆژئاواییەکان پێیان کەوتۆتە ئەم ولاتە، بەڵکوو گەلێ لە پێش ئەو رۆژەشەوە هەر وەکوو گرێ دراوێکی گرێ کوێرە وابووە!. دوور نیە چە خۆیان وە چە غەیری خۆیشیان لەم کەین و بەینە سەریان سڕمابێ! غەیری خۆیان سەریان سڕماوە چونکە ولاتەکەیان و پارسەنگی ولاتەکەیان لە هەموو دەورێکدا

---

١ ـ کورتەی هەر دوو باسەکەی «و. جی ایلفنستن» کە لە گۆڤاری «انترنیشنال ئەفیرز» و «گەلاوێژ»دا بلاو کرابووەوە دوایی هات.

کۆسپی هێناوەتەڕیی دروست بوونی ئیشیان، بە تایبەتی لە پێش ڕۆژئاواییەکانا دەوڵەتەکانی عوسمانی و فارس هەر یەکە لە ترسی یەک، بۆ ئەمە فووت نەدرێ ئەم کۆسپەیان بە بەشکراوی لە بەینا هێشتۆتەوە، کە ویستبێتیان بچن بەگژیەکدا سەرەتا کوردەکانیان کردووە بە پێشمەرگە و داویانن بە گژ ئەوانیتردا، بەو ماوەیەکە خەریکی کوژران و لەناو بردنی ئەمان بوون ئەوان بۆ خۆیان ڕێک کەوتوونەتەوە و هەر یەکە لە شوێنی خۆیان دانیشتوونەتەوە و ئەمانیان هەر بەو بەشکراویە بۆ جارێکیتر هێشتۆتەوە!.

کە ڕۆژئاواییەکانیش چنگیان کەوتە ئەم وڵاتانەوە ئەوانیش وەکوو پێشینەکان لەبەر پاراستنی کاروباری خۆیان لەو حوکوومەتانەدا ـ کە کوردیان تێکەڵاون ـ کوردەکانیان هەروا بەو پارچە پارچەییە هێشتۆتەوە، بۆچی؟. بۆ ئەوە هەر جارە لەگەر ئەو حوکوومەتەکە لەو دەستی خستۆتە جەرگیەوە و کوردیش لەوێدا ئەژی هاتوو ملەپێچیەکی کرد لەبەر، بە ئەنجام گەیاندنی کاروبارەکەی ئەوا، لەو بە کوردەکان بیانترسێنێ، ئەمجا، کە ئیشی بۆ چووە سەر چەپۆکێ بمالێ بەسەر کوردەکەدا پێ بلێ داکەوە بۆ خۆت هەقی ئەوەت نیە بژیت!..

ئەمجا خۆیشیان ـ واتە کورد ـ سەریان لەکاروباری خۆیان سڕماوە چونکە ئەم ئاشە بە ئەنوورەیە لە دەورەیانا یاری کردووە و وەکوو توونی بابە عەمرە هەر ئەڕۆن و کەچی گڕ هەر دێنەوە شوێنەکەی خۆیان!. ئەگینا وەنەبێ ئەمانیش فیکری ئەو ڕزگار بوونەیان نەکردبێ.

ئەو دەورانەکەوا سەربەخۆیی و ئازادی بۆ قەومەکان دروست لەکەن سەرەتا دەورەیەکن پێچەوانەی ئەو ڕێگەو شوێنەکە بۆیان دائەنرێ، باوەڕی ئازادی بۆ قەومێک وەنەبێ لە مێژووی سەرەتاو ناوەڕاستی قەومەکەدا وەکوو یەک وابێ، بەڵکوو سەرەتا لە حوکمێکی فەردیەوە بۆ خۆشویستنی فەردێ هەڵئەقوڵێ و پاشان وردە وردە ئەو خۆشویستنی فەردیە ئەتەنێتەوە بۆ هەموو قەومەکە.

سەرەتا سەر زنجیرەی ئازادکەری قەومێک بۆ ئەوە تاقەنەفسی خۆی بێ بە حوکم رەواو بەگەورەیەکی واکە لە ولآتا لەو گەورەتر نەبێ کۆشش ئەکاو ئەکەوێتە مەیدانی گیانبازیەوە تا سەر ئەکەوێ و ئەگا بەو پایەیەکە خۆی ئارەزووی بۆ کردووە، ئەم حوکمداریە لەواو لە نەتەوەی ئەوا و لەناو قەومەکەی ئەوا ماوەیەک ئەمێنێتەوە، لەم مانەوەیە نەتەوەکە بۆ قەومەکەی بەرە بەرە لەززەتی سەربەخۆیی و ئازادی ئەچێژن تا ئەگەنە شوێنێک کە هەموو تاکێکی ئەو قەومە ئەو هەستەی بۆ پەیدا ئەبێ و ئەکەوێتە سەر ئەو باوەڕە کە ئەبێ ئەویش لە عاستی خۆی چاک بکا بەلادا بۆمانەوەی ئەو لەززەتە، کە، لەبەری سەربەخۆیی و ئازادیەکەوە ئەیچێژێ و چێشتوویەتی، ئەمجا ئەگەر خراپە و خراپەکاری لە دەست و دایەرەی دەستەی حوکمدارەکانەوە زۆر بو ئەفرادی قەومەکە بە عەشقی ئەو لەزەتەوە ئەکەونە سەر ئەو فیکرەکە ئەو دەورەیە وا لەززەتەکەی لەوان داگیر کردووە تێکی بدەن و بکەونەوە دەورەیەکی ترکە بتوانن بەو لەززەتە بگەنەوە.

ئەم ورد بوونەوەیە کە بەم جۆرە باسی کرا بۆ ئەو قەومانە بوو کە لە بناغەی تأریخیانەوە چۆن ئەکەونە ناوکۆڕی ئازادی و لە ناوەڕاستی زەمانی کۆڕەکەدا لەززەتی ئەچێژن و پاشان کە زانیان ئەو لەززەتە وا خەریکە نەمێنێ ئەکەونە دەوری شۆڕشەوە و ئەو دەستەیە کەوا لەززەتەکەی لێ زەوت کردوون لایانئەبەن.

ئەمجا ئەگەر هات و ئەو قەومەکەوا دەورەیەک لەززەتی سەربەخۆیی و ئازادی چێشت و گەیشتە پایەیەک کە خۆی بە خۆی و بۆ خۆی بژیت کوتووپڕ رۆزگار پشتی تێ کرد و قەومێکی تر هاتن داگیریان کرد و کردیان بە ژێردەستە، ئەوە لەو قەومە نابێ پیاو وابزانێ کە مردن و ئیتر بەسەرچوون، ئەو قەومە مادام تأریخ و عەنعەناتێکیان هەبووە و نەتەوەکەیان ئەو تأریخ و عەنعەناتە ئەخوێنێتەوە و ئەیهێنێتەوە بەرچاو مردن بۆ ئەو قەومە نایێت، ئەگەر ئەو رۆژەش مردێتن رۆژێک هەر ئەبێ کە سەر هەڵبدەنەوە و ئەو سەربەخۆیی و ئازادی خۆیانە بگێڕنەوە. بەم جۆرە قەومە ئەوترێ قەومی زیندوو،

ئەمەیە کەئەڵێن قەومی زیندوو نامرێ، نەمردنەکەی ئەمەیە.

دیسان دەستە قەومێکی تریش هەن کە ئەمانە پێشەکی سەربەخۆیی و ئازادیان بە خۆیانەوە نەدیوە، زۆرتر ژیانیان بە ژێر دەستەیی و بە چەوسانەوەوە رابواردووە، ئەمانە بەرە بەرە بەم جۆرە دێنە خوارەوە تا تووشیان ئەبێ بە تووشی رۆژێکەوە کە قەومەکانی تری غەیری ئەمان هەموو سەربەست و ئازادن ئەمان نەبێ کە هیچیان نیە. ئەم تەماشاکردنە لە لایەکەوە و سەیر کردنی چەوسانەوەشیان لە لایەکی ترەوە ئەیانخاتە سەر ئەو هەستە کە ئەمانیش کۆتێ دیلی بپچڕن و ئەو سەربەخۆیی و ئازادیە بخەنە دەست خۆیان، ئەم هەستە بەم جۆرە باڵ ئەکێشێ بەسەر هەموو تاکێکی قەومەکەدا و هەموو یەکێکیان لەم رووەوە بۆ وەرگرتنی ئەو لەززەتی سەربەخۆیە وەکوو دامەزرێنەری بناغەی سەربەخۆیی قەومە خاوەن کەیانەکەی لێ دێت، بەڵکوو هێزی ئەمان زیاتر ئەبێ و ئەمان زووتر ئەگەن بە ئامانج؛ چونکە قەومە خاوەن کەیانەکە سەرەتا یەکێک جەنگی بۆ کردووە ـ ئەویش لەبەر لەززەتی خۆی و گەورەیی خۆی ـ وەکوو باسکرا ـ بەڵام ئەمان هەموو تاکێکیان لەو جەنگەی بۆ ئەکەن بۆ ئەوە بگەن بەو لەززەتەکە ئامانجی هەموو لایەکیانە، ئەم قەومەش دیسان وەکوو قەومەکۆنە خاوەن کەیانەکە نامرێ و ئەبێ هەر بژی.

* * *

ئەمە «تەحلیل»و وردبوونەوەیەکی عیلمی بوو بەرانبەر بە دروست بوون و پێ گەیشتنی قەومەکان کە چۆن دروست ئەبن و ئەکەونە مەیدانەوە. لەوەوە بۆمان دەرکەوت کە لە بەرز بوونەوە و نزم بوونەوەی قەومەکانا یەکێ لە سێ جۆرە باوەڕەکان ئیشی تیا ئەکەن.

قەومی کورد ئەگەر زۆر بە وردی لێ بکۆڵینەوە دوور نیە هەر سێ جۆرە باوەڕەکە بە جارێ ئیشیان تیاکردبێ.

بەکەم ئەوە کە دەوری هەرە پێشوویان گەورەیی و عەنعەناتی بنەماڵەی «مادە»یان

هەبووە و ئەڵهای ئەو کەیانە بەرزەی لە دەست چووە لە مێشکی نەتەوەکەدا لە جونبوو جۆشا بێت.

دووهەم دەوری ئەمارەتەکان؛ کە ئەو دەورە دامەزرێنەری ئەمارەت تەنها بۆ گەورەیەکی فەردی و شەخسی دەستی پێ کردووە و نیمچە سەربەخۆیەکە ئەوەندە نەماوەتەوە کە لەزەتی ئازادی تێکڕایی بچێتە بن‌دانی هەموو تاکێکی قەومەکەوە بۆ ئەوە هەموویان لە حاستی خۆیان ئەو هەستەیان بۆ پەیدا بێ، کە ئازادی تەواو ناز و نیعمەتێکی زۆر گەورەیە و پێویستە هەموویان بۆی بجەنگێن بۆ ئەوە بە تەواوی وەری بگرن.

سێ‌هەم دەوری کەساسی و چەوسانەوە؛ ئەو دەورە کە ژێر دەستەیی بە جارێ پەلوپۆی بڕین و حوکمی بێگانە بە تەواوی بیناقاقەی گرتن و هەناسەی لێ بڕین. ئەمەش لە وەختێکابوو کە دەنگی ئازادی و سەربەخۆیی قەومەکانی‌تر لە هەموو گۆشەیەکەوە دەنگی ئەدایەوە، دەردی چەوسانەوەی خۆیان دەنگی ئازادی قەومەکانی‌تر هەر دووکیان پاڵیان پێوەنان کە بکەونە کۆڕی جەنگ و مەیدانی شۆڕشەوە بۆ وەرگرتنی ئەو ئازادی و سەربەستیە. جا ئێمە ئەمانەوێ یەکە یەکە ئەم سێ دەورەیە لێرەدا ـ بۆ ئەوە مێژوو شت ون نەکا ـ باس بکەین.

دەوری «مادە»کان دەورێک بوو کە لە «٧٠٠ ـ ٥٥٠»ی پێش میلاد دەستی پێ کرد، ماوەی ئەم «١٥٠» دەورێکی هەرە درخشانە لە لاپەڕەی تاریخی کورددا. بە هەموو مەعنایەک ئەو دەورە دەورێکی سەربەستی و کەیانێکی راستەقینە بووە چونکە لەناو حوکومەتە گەورەکانی «ئاشوور و بابل»دا هەڵکەوتوو و تەنگی بەوان هەڵچنیوە و کەیانێکی راستی بێ دەستکاری غەیر هەبووە، ژیاوە بە خۆی نەوەک بە غەیر، لەسەر قسەی کەس بەند نەبووە و بەڵکوو قسەی ئەم لە دیواخانی کەیانی قەومەکانی‌ترا جێ باوەڕ بووە. لە پاش «١٥٠» ساڵە بە دەست هەخامەنشیەکانەوە دوایان هات و زەمان ئەو، لێ گۆڕینە کە لە کوردی گۆڕی هەر گۆڕی!.

دەوری ئەمارەت داری؛ ئەم دەورەش رۆژێک بوو کە ئەمارەتەکانی «ئەردەلان» و «بابان» لە ولاتەکانی ئەردەلان و موکری‌دا دەنگیان ئەدایەوە.

بەلێ دەورەی ئەمارەت‌داری وەنەبێ تەنها هەر ئەو دوو دەورەیە بوویێت، گەلێکی‌تر هەبوون وەکوو: ئەمیرەکانی پالنگان، مایدەشت، بانە، زەنگنە، دونبولی، شیروانە، میافارقین. وە وەکوو حاکمەکانی برادۆست، جەزیرە، بادینانی، لوڕ، شارەزوور و دینەوەر، دیاربەکر و گەلێکی‌تریش.

ئەمانە هەبوون و هەر دەستەو بەرەبابێک لەولاتی خۆیدا ناوێکی دەرکردوە، تەنانەت هەندێک لەمانەش خوتبەیان بەناوی خۆیانەوە خوێندۆتەوە بەلام ماوەی درێژبوونەوەی دەسەلاتیان وەنەبێ ئەوەندە زۆر بوویێت کە بتوانرێ بە درێژی دەسەلاتەکەیان باس بکرێن. ئەمە و دیسان حوکم و ئەمارەتەکانیشیان زیاتر بەسترابوو بە حوکوومەتە گەورەکانی‌تری وەختەوە؛ وەکوو حوکوومەتی «سەفەوی» و حوکوومەتی «عوسمانی». هەست و شعووری ئەو دەورەش وای پیشان ئەدا کە مایەی شانازیە ئەگەر یەکێک خۆی ببەستێ بە یەکێ لەو دوو حوکوومەتەوە. ئەمەش لە بەر ئەوە بوو کە دەسەلاتی فەردی مەبەست بوو لەو رۆژەدا نەوەک دەسەلاتی اجماعی و کۆمەلی. ئەمیر تەنها ئەوەی لەدلا بوو کە ناوی [ئەمیر]ی هەبێ و ئەمیر بێ بەسەر هەندێکەوە، ئەمە بۆ ئەو رۆژەی ئەو، لای وابوو پڕ بە پێستیەتی!.

* * *

هەروەها لە سەدەی شانزەهەما، لەو سەردەمەدا کە دوو بەرەکیە کی ناخۆش لەبەینی سەفەویەکان و عوسمانیەکاندا پەیدا بوو، کوردەکان لەو بەینەدا لە ژێر پێ‌دا رۆیشتبوون، «حەکیمی بتلیسی ـ مەلا ادریسی بتلیسی» کەوتە مەیدانی سیاسەتی ئەو ناوەوە، سەرەتا لە لای شائیسماعیلی سەفەوی‌بوو، پاشان گەیشتە لای «بایەزیدی دووهەم» ـ شای عوسمانی. کە کەوتە دەوری «سولتان سەلیمی یاوز»، مەلا، بۆ، یەکگرتنی کوردەکان بە

تەواوی کەوتە کۆڕی سیاسەتەوە.

ئەو کارەساتانە کە لە بەینی سەفەوی و عوسمانیە کاندا رووی ئەدا لەوانە بوو بە تەواوی کوردە کان تیابەرێ و ئەو ئەمارەتانەی کە لە ولاّتە کانا هەیانبوو وردە وردە کەوتنە دەووری پووکاندنەوە. بەتایبەتی کە، یاوز سولّتان سەلیم لە شەڕی «چالدێران»دا سەرکەوت و حوکوومەتی سەفەوی شکاند پارسەنگ بەرانبەر بە کوردە کان لە بەینا هەڵگیراو ئیتر کەوتە سەر ئەوە کە کوردە کانیش بە تەواوی لەناو بەرێ.

«مەلا ادریس» بە زانایی خۆی بۆ ئەوە لەو رۆژەدا ئەو ئەمارەتانەی کوردی بمێننەوە هێنای لە «١٥١٤»دا هەر «٢٣» ئەمارەتە کانی کوردی ـ واتە لە دیاربەکرەوە تا موسڵ ـ کردنی بە وێنەیەکی «فیدرالی» و پاڵیدان بە حوکوومەتی عوسمانیەوە.

لەم کردەوەی مەلا ادریسە بۆ ئەو رۆژە گەورەتر خزمەتێک بوو کە بە قەومیەتی کوردی کردی، یەکەم کەسێک بوو کە ئیدارەیەکی ناوخۆیی بۆ کورد دروست کرد؛ ئیدارەیەکی واکە بتوانن بە هەموو جۆر کاروباری خۆیان بەبێ گیروگرفتی بیەن بەڕێوە و لە لایەن حوکوومەتێکی گەورەی ئەو رۆژەی وەکوو عوسمانیەوە دانیان پیابنرێ.

گومانی تێدا نیە کە ئەم ئیشەی «مەلاادریس» ئیشێکی زل بوو، چونکە ئەگەر ئەو ئەوەی نەکردایە حوکوومەتی «یاوز» بە تەواوی ئەمارەتە کانی فووت ئەدا و ناوێکی بۆ نەئەهێشتنەوە، ئەوەندە هەبوو گەورە کانی کوردی ئەو رۆژە ـ واتە سەرۆکی ئەمارەتە کان ـ نەیانتوانی ئەرکی ئەو فرمانە گەورەیە بەرن بەڕێوە، چونکە لە پاش مردنی مەلا ادریس لە (١٥٢٠)دا ئەوان لە بەینی یەکا تێکچوون و هەر یەکە بە جیا بۆ خۆی بەیداخێکی یاخی گەری لەویتر هەڵکرد و ئەو بناغە قایمەیان تێکدا.

شک لەوەدا نەبوو ئەگەر ئەو گەورانە بەو جۆرە لەبەینی یەکدا تێک نەچوونایە و بیانتوانیایە ئەرکی ئەویەک بوون و فیدرالیەیان بەڕێوە ببردایە پاشەرۆژێکی سەربەخۆیی زۆر گەورە لەو ئیشەدا بۆ کورد دروست ئەبوو. ئەوان یەک بوون و فیدرالیەتە کەیان

تێکدا و ئەمارەتە پێشوەکەشیان لە دەست دەرچوو، نەیانتوانی بناغەی شتێکی‌تر دروست بکەنەوە.

ئەوانەی کە لۆمەی ادریسی بتلیسی ئەکەن بۆکردنی ئەو ئیشەی گریەک لەگەڵ «واقع» و لەگەڵ تأریخ ئەکەن، بەڵکو دوور نیە لە حەقیقەت ورد نەبنەوە. بە پێچەوانەی ئەوە تأریخ ئەو گەواهیە ئەدا ئەگەر چەند کەسێکی‌تر زانا و داناى وەکو مەلا ادریسی بتلیسی هەڵبکەوتایەتەوە ئیشی کورد غەیری ئەم ئیشە ئەبوو کە بەم ئاڵۆزاویە ئێمە ئەیبینین. مەلا ادریس بناغەیەکی باشی دامەزراند، بەڵام چەڵێس و تێ‌نەگەیشتووەکان تێکیان داو نەیانهێشت بە تەواوی بێتەبەر.

* * *

بە پێچەوانەی ئەمیر و پاشاکانی ئەردەڵان و بابان، ئەمانیش هەرچەندە نەگەیشتبوونە ئەو دەورەی سێهەمە کە باسمان کرد بەڵام لالغاوەی فیکریان تۆزی فراوانتربوو لە ئەمیر و حاکمەکانی‌تری دەورەی دووهەم، ئەمەو دیسان ئەمانە هەم ماوەی دەسەڵاتیان و هەم درێژی زەمانی حوکمەکەیان کارێکی‌تری کردە سەر هەستی تێکڕای مەردمەکە بۆ ئەوە گەلاڵەیان بکەن بۆ هەستێکی قەومی تێکڕایی پاشە رۆژو دەوری سێهەم. وەکو ئەوە، کە:

سەرەتا ئەمارەتی ئەردەڵان لە حەسەناواو پاشان لە «سنە» لە (١٢٠٧)ی میلادی لە «کلۆڵ» بەگەوە دامەزرا. ئەم ئەمارەتە لە بلاو بوونەوە و کارکردنابوو، پەلی هاویشت بۆ ولاتەکانی هەمەدان و کرماشان، لەم لاوە ولاتی شارەزوورو هەولێر و مووسڵ و تەنگی بەولاتی بادینان هەڵچنی، ماوەی دەسەلاتی ئەمانە زۆر بوو، لە راستیدا لەگەڵی رووەوە لە شێوەی حوکوومەتێکی سەربەخۆ ئەچوو، ئەوەندە هەبوو لەگەڵ ئەوەشاکە ئەمارەتی ئەردەلانی پێ‌ئەوترا وەنەبێ لەسەر هەست و شعووری حوکوومەتێکی کوردی بڕوبێشتایە، واتە ئەمارەتەکە هەبوو بەڵام هەستی کوردی‌یەکە نەبوو. ئەم ئەمارەتە بەم جۆرە و بەو تیشکە، درێژەی کێشاو وردە ئەمارەتەکانی ولاتی کوردستان ـ کە لەو

سەردەمەدا هەبوون ـ هەمووی لەناو بردن و بە تایبەتی لە دەورەی «أمان اللهخانی والی»دا گەلێ کاری گەورە گەورە و اصلاحات لە هەموو لایەک لە قەڵەمڕەوی مەملەکەتاکراو دەست پێ کرا. تا گەیشتە دەورەی «خولامشاخان» لە (١٨٦٧)دا، لێرەدا ئەمارەتی (٦٦٠) ساڵەی ئەردەلان دوایی هات و لە دەست ئەوان و لە دەست کوردیش دەرچوو.

ئەمارەتی دووهەم ئەمارەتی «بابان» بوو، ئەم ئەمارەتەش لە «قەلاچوالان» و سولەیمانیەوە لە (١٦٧٧)ی میلادی لە باباسلیمانی کوڕی ئەفێ «أحمد»ەوە دەست پێ ئەکاو لە «عبدالله پاشا»ی کوڕی «سلیمان پاشا»ی سێهەمەوە لە (١٨١٥)دا ئەمارەتی نزیکەی (١٥٠) ساڵەی بابان دوایی دێت.

لە دەورەی ئەمارەتی بابانیشاگەلێ ئیش کراوە، دەزگای دەسەلاتیان گەلێ جار ولاتی بڵباس و لەولاوە موکری و ئەردەلانی ئەگرتەوە. بە تایبەتی لە دەورەی «عبدالرحمان پاشا»دا کە سلیمان پاشای والی بەغدا لە حوکوومەتی عوسمانی یاخی بوو، ئەم چوو بەغدای گرت و سلیمان پاشای کوشت و لە شوێنی ئەو «عبدالله پاشا»ی کرد بە والی. ئەوڕەحمان پاشا بە خوێنی شەهیدەکان بەغدای گرت و بە هیچەدایناا.

کولۆڵی هەرە گەورەی کورد لە دەورەی ئەو دوو ئەمارەتەدا ئەوەبوو کە ئەم ئەمارەت بۆ رازی کردنی ئەو حوکوومەتەی کە دەستی کێشابوو بە سەریا ئەچوو بە گژ ئەمارەتەکەی تردا، هەروەها بەتایبەتی بابانەکان بەر ئەبوونەیەک؛ برا، برای ئەکوشت و مام، برازای سەر ئەبڕی!. ئەمەش بۆ ئەوە کە خۆی بنیشێتە شوێنەکەی؛ ئەو شوێنەی کە حوکوومەتی عوسمانی هەر کە تۆزی بیزانیایە ئەوا خەریکە دەست بە خۆیا دێنێ خزمێکی تری لێ راست ئەکردەوە ئەوی پێ ئەدا بەکوشت و ئەیوت خۆت لە شوێنەکەی دانیشە!.

هەروەها لەولاشەوە حوکوومەتی ئێران بۆ ئەوە لە دەسەلات و نفووزی حوکوومەتی عوسمانی کەم بکەنەوە لە ژێرەوە هانی ئەمیری ئەردەلانی ئەدا بۆ بە گژاچوونی ئەمیری

ساباں. میللەتی هەژاری کوردیش لە پێناوی شەڕەقۆچی دوو ئەمیرا ئەبوون بە گاوگەردوون!. دوو حکحوومەتی ئێران و تورکیش دەستیان ئەهێنا بە سمێلیانا و سەبری ئەقڵی ئەوانە و دیمەی ڕژانی خوێنی کوردیان ئەکرد!.

ئەمە بوو دەوری دوو ئەمارەتە بەرزەکانی کورد!.

ئەگەر خۆ ئاورێکی تر بەولاترەوە بدەینەوە؛ بەلای «صلاح‌الدینی ئەیوبی» و نادرشای هەوشاری ١٦٨٨-١٧٤٨ و کەریم خانی زەندەوە. کە ئیسلامیەتی «صلاح‌الدین» و هەیبەتی نادر و داد و عەدلی «کەریم‌خانی» لەگەڵ هەموو جۆرە دەسەڵاتێکیانا لەگەڵ هەموو چەشنە حوکمدارییێکیانا کەس ناتوانێ ئینکاریان بکا، هیچ دۆست و دوژمنێک نیەکەدان بە گەورەیی ئەمانەدا نەنێ.

→
صلاح الدینی ئەیوبی
١١٣٨-١١٩٣م
←
کەریم خانی زەند
١٧٠١-١٧٧٩

بەڵێ خیانەت لە تەئریخ ئەکەن وە خیانەت لە کورد ئەکەن وەکوو ئەوە هەندێکی وەکوو «صالح حەبەر» « کۆنە سەرۆکی حوکوومەتەبۆگەنەکەی دەوری پێشووی عێراق لە پارلەمانە دەستکردەکەی خۆیا بۆ هەڵخەڵەتاندنی خەڵک ناوی «صلاح‌الدینی» ئەهێنا کە چە خزمەتێکی بە ئیسلام کردووەو چۆن لە جەنگی «خاچ»دا لە سەر فەلەستین گاورەکانی ئورووپای شلەژاند، بەلام دڵی نەیا بە ئەدا کە بڵێ ئەم پیاوە ناودارە کورد بووە!. ئەمەی ئەکرد بە ژێر لێوەوە، لای وابوو کە ئەوییکا بە ژێر لێوەوە تاریخیش ئەیکا بە ژێر لێوەوە!.

هەروەها حوکوومەتەکانی ئێران کە لە پارلەمانەکانیاندا و لە دیواخانەسیاسیەکانیاندا و

لە لاپەڕەی کتێبە دەست هەڵبەستەکانی ئەم دەورەی دوایەیاندا بۆ خۆ هەڵکێشان و بۆ شانازی، ناوی «نادری هەوشار» و «کەریم‌خانی وکیل الرعایا» دێ بەسەر زمانیانا و بەسەر لاپەڕەی کتێبەکانیانا، بەلاّم دڵیان پروایی ناداکە دان بەوەدا بنێن بڵێن ئەمان کورد بوون، لایان وایە ئەگەر وتیان کوردن لە گەورەیی کۆشکەکانیان کەم ئەبێتەوە، وەیا زیانێک بە برایەتی کورد و فارسیەتەکەیان ئەگا؛ ئەو برایەتیەکە لە وەختی تەنگانەدا بانگی بۆ ئەدەن و لە وەختەکانی‌ترا شیری بۆ ئەسوون!. ئەمە ئـەڵێن و شـەرمێکیش لە تأریـخ نـاکـرێ. بێ گومان کاسە، کە پڕ بوو ئەڕژێ.

راستە لە رۆژگارەکانی کورددا ئەم پیاوانە هەڵکەوتن و بە هەموو مەعنایەکی گەورەیی هاتنەکایەوە، جا لە لایەن کورد بوون و نەبوونیانەوە دانیان پیا بـنرێن یـا نـەنرێن، خـۆ دەورەیەکی باشیان هەڵـسووڕان بەلاّم خزمەتێکیان کە بۆ کورد بگەڕێتەوە ئەو خزمەتە ناکەوێتە بەرچاو، تەنها هەر ناوەکەیە و هیچی‌تر. ئەوەندە هەیە ئەو لیش و کردەوانە کە ئەیانکرد لە رووی دڵێکی سافەوەبوو، جیاییەکیان نەئەخست لە بەینی کورد و غـەیری کورددا، بەلاّم ئەوانەی کە دان بە کوردایەتی ئەوانا نانێن وەنەبێ لەبـەر دڵـسافیان بـێ، بەڵکوو لەبەر ئەو مەبەستەیەکە خۆیان ئەیزانن و لایان وایە کـەسی‌تر نـایزانـێ، کـەچی خەڵکەکەی‌تر لە خۆیان گەلێ چاکتر لە مەبەستەکەیان تێئەگەن!.

* * *

زەمان وردە وردە ئەهاتە پێشەوە، هەسـت و شعوور بەرە بـەرە بـڵاو ئـەبووەوە، لە هەموو گۆشەیەکی دنیاوە جۆرە باوەڕێک پەیدا ئەبوو، باوەڕو فیکری قەومی لە هەموو سووچێکەوە بڵێـسەی ئەسەند. سەیرت ئەکرد بە تایبەتی لە پاش دوایی هـاتنی جـەنگی گەورەی یەکەم هەر دەستە خەڵکێک هەستیان بکردایە بەوەکە لەرەگەزاو لە قسەکردنا و لە ئەدەب و بیرو باوەڕو لە تەئریخ و رەوشت و عادەتا یەکن ناوی خۆیان ئەنایە قەومێکی سەربەخۆ، با سیاسەت و پیلانی زەمان سنووری خاکیشیانی لێک جیاکردبێتەوە و هەر

بڕێکیان کەوتبێتنە شوێنێک.

لەمەوە مەفاهیمی قەومی بە مەعنای کەلیمە پەیدا بوو. کورد با خوێندەواریشی تێدا نەبووبێ و با ئەوەندە لەو دەورانەدا سەربە دەرەوە نەبووبێ بە فیترەت و لە کانگای دڵیەوە زۆر لە ئەفرادەکانی بە بێ ئەوە باوەڕێکی عیلمی پاڵیان پێوەبنێ کەوتنە سەر ئەو باوەڕی قەومیەتە. چیش ئەمانەی خستە سەر ئەو باوەڕە؟. ئەوە خستنی کە هەریەکەیان تەماشای ئەویتری ئەکرد. سەیری ئەکرد لەم دەردەدارتر و لەم کوناوەجەرگ‌ترە، وەکوو مەڕێکی بێ‌شوان رەوە گورگێک ئەیانداتە پێش و بە ئارەزووی خۆی یاری و گاڵتە بە هەموو موفەدەراتێکیان ئەکات.

هەروەها سەیریان ئەکرد لە زمانا یەکن، لە بیر و باوەڕدا یەکن، لە شایی و شیوەنا یەکن، لە زەوی و زارا یەکن، لە ستێر و چیرۆک و مێژوودا یەکن. کەچی هەر کەسەیان کەوتوونەتە بنە بەردێک و هەر کەسەیان یەکێک گاڵتەی پێ ئەکا!. ئەم هەستە هەتا ئەهات زۆرتر ئەبوو، هەتا ئەهات رەمەکی مەردم زیاتر لێ تێ ئەگەیشتن. نەوەک هەر ئەوەندە بەڵکوو زۆرتر لە ئەفرادەکەیان لەوە تێ گەیشتن کە هەست و شعووری قەومیەت وەختێک پوختە ئەبێ کە شەخسیەت و گیان و ماڵ و منداڵ بکا بە گاو گەردوونی ئەو قەومیەتە. وەکوو چۆن لە لای عولەمای «تصوف» «وەحدەتی وجود» وەختێک دروست ئەبێ کە کابرا بە جۆرێ تێکلاو ببێ لە گەڵ ئەو نوورەدا کە هیچی تر نەبینێ، لەبارەی زانینی قەومیەتیشدا لەوانەیە کە عەینی سەمەرەی هەبێ، ئەبێ پیاو هەموو شتێکی تری لە بیر بچێتەوە و وابزانێ هیچی تر لە ژێر ئەم ئاسمانەدا نیە تەنها قەومیەت و باوەڕی قەومیەت نەبێ. ئەمەش بۆچی؟. بۆ ئەوە کە بە هۆی ئەم باوەڕەوە بتوانێ خۆی لە هەموو کۆت و زنجیرێک رزگار بکا.

بەڵێ ئەم باوەڕە باوەڕێکی زۆر گران و زۆر قورسە هەموو کەس پێ ناکرێ و لە وزەی هەموو کەسێکدا نیە، بەڵام ئەگەر هات و لە قەومێکدا بکەوێتە مێشکی یەکێکەوە مەعنای

وایە کە ئەو قەومە هەموو دەرگایەکی رزگار بوونەوەیان بۆ کەوتۆتە سەرگازی پشت؛ چونکە گومانی تێدا نایێ کە باوەڕە کە وەکوو ئاگر ئەتەنێتەوە و هەموو تاکی کۆمەڵە کە ئەگرێتەوە وەیان وەکوو:

چۆن ئەگەر رەوە ئاسکێک بگیرێن و بخرێنە ژوورێکەوە و دەرگایان لەسەر داخرێ، هەردانەیەک لەم رەوەیە لە پەل و پۆی ئەوەدایە کە رزگار بیێ و کۆشش ئەکا بۆ ئەو رزگاربوونە، لەم کۆششە تێکڕاییەدا کوتوپڕ یەکێکیان کونێک ئەدۆزێتەوە و لە کونە کەوە دەرباز ئەبێ، ئەوانیتر کە سەیریان کرد وا ئەوەیان لەو کونەوە خۆی رزگار کرد هەموو، یەکە یەکە شوێنی ئەکەون و لە دەرەوە وەختێک چاو ئەکەنەوە کە هەموویان رزگار بوون.

مەسەلەی قەومێکیش کە دیل بێ عەینی سەمەرەی هەیە، بە تەبیعەت هەستێک بۆ هەموو پەیدا ئەبێ، کە یەکێکیان رێگەیەکی دۆزیەوە بۆ رزگار بوون ئەوانیتر هەموو شوێنی ئەکەون.

جا ئەم هۆیانە بوو کە کوردی لە دەورەکانی پێشووەوە خستە ئەم دەورەی دوایە، خستیە دەورەی شۆڕشی قەومیەوە. لە نەتیجەی ئەو شۆڕشانەوە ئەو فیکرەی کە کەوتبووە سەر شۆڕشگێرە کە کەوتە مێشکی هەموو ئەفرادی بە شوێن شۆڕش کەوتووە کەوە.

بۆ ئەوە مێژوو شتەکانی خۆی بە پوختی بهێڵێتەوە ئێمە لەم دەورەی سێهەمەدا کارەساتی ئەو شۆڕشانە کە لەناو کورددا بۆ ئازادی و سەربەستی روویان داوە لە لاپەڕەکانی ئەم کتێبەدا ئەیانخەینە بەرچاو. ئەو ئومێد و تکایەشم هەیە بە قەومی خۆشەویستی کورد ئەگەر چەوتی وە یا نارێکیەکیان تیایا بەرچاوکەوت بە چاوی لێ بووردنەوە لێم ببورن، چونکە غەیری خوا نەبێ کەسی تر خاڵی نیە لە هەڵەو لە ناتەواوی.

شۆڕشی بەدرخانیەکان

لە خانەدانی بەدرخانیەکان
حسین کەنعان پاشای کوڕی
بەدرخان پاشا ١٨٥٨-١٩١٣
....

لە دەورەی عوسمانیا دەردەدڵ زۆر ئەکرا هەرکە لە عاستی خۆی دڵگران بوو لەو کردەوانە، کە حوکومەتی دیکتاتۆری ئەینواند، ئەو قەومانە کە کەوتبوونە ژێر ئاڵای خەلافەتەوە، یەک لە یەک بێزارتر بوون، هەتا مەیدانی حوکمی خەلافەت پان و فراوانتر ئەبووەوە خراپەو خراپەکاری زۆرتر بلاو ئەبووەوە، عەدڵی اجتماعی بێجگە لەناوکەی هیچی‌تری نەمابوو، پیاوەکانی «بابی عالی» هەر یەکە بەلایەکا رایانئەکێشا، هەر یەکە بووبوون بەگورگێک و کەوتبوونە ناو خەڵکەوە.

ئەم جۆرە کردەوانە دڵی قەومەکانی ژێر سێبەری ئاڵای کون کون کردبوو، بێجگە لەسەر دانەواندنیش هیچ دەسەڵاتێکی‌تر نەبوو، هەتا وای لێ‌هات هەرکەسە لە عاستی خۆی بێزار بوو لەوژیانە کە تیایەتی. بەرەبەرە قەومەکانی ژێر ئاڵا لەکون و قوشبنەکانی وڵاتەوە کەوتنە تەقەکردن لە سیاسەتی حوکومەت و هەر رۆژە لە لایەکەوە بۆ ئازادی، بەکێ سەری هەڵئەدا. نارەوایی فەرمانەکانی حوکومەت وادیاربوو زیاتر کاری کردە کورد بۆیە:

لە ساڵانی «١٨٠٢-١٨٦٧»م بەدرخان پاشای کوڕی عبدالخان بەگ لە وڵاتی «جزیرە»دا بە نیازی ئەوە کە کیشوەرێکی سەربەخۆی کورد دروست بکا چاکی لێ کردبەلادا، چاکی لێ کردبەلاداو بەرە بەرە ناوبانگی دەرکرد و خوێن گەرمەکانی کورد لە دەورەی کۆبوونەوە. زۆری نەخایاند وەکوو ئاگرێک بکەوێتە پووشەوە بەو جۆرە کەوتە لەشی حوکومەتی تورک و پاشان ئێرانەوە، وڵاتەکانی «وان، باشقەلا،

سیوەرۆک، مووسڵ، رواندز، سابلاخ و ویران شاری» داگیر کرد و لەم لاوە چووە سەر قاپی «دیاربەکر»، لە (١٨٤٢)دا ناوی خۆی نایە «ئەمیری بۆتان» و قەڵەمڕەو هەموو دانیان بە ئەمارەتەکەیاندا، شاری «جزیرە»ی کرد بە پایتەخت و پارەیەکی بەناوی خۆیەوە دەرکرد کە لە دیویکیەوە نووسرابوو «ئەمیری بۆتان بەدرخان» لە دیوەکەی تریەوە نووسرابوو «ساڵی ١٢٥٨ی هجری»، هەروەها کارخانەیەکی چەک و بارووت دروستکردنیشی هەر لە شاری جەزیرەدا داناو بەیداخی حوکوومەتی کوردی هەڵکرد.

کوردەکانی هەموو هێنایە ژێر ئاڵایەکی کوردییەوە، هەموو گەورە و سەرەک عەشرەتەکانی کورد سوێن خواربوون بۆی کەتێکڕا خزمەتی حوکوومەتی کوردی و دامەزراندن و قایم کردنی حوکوومەتی کوردی بکەن. دوور شت بوو، کە ئەو، ئەو دووەی بە هۆی پاشکەوتنی کورد ئەزانی هەردووکی لابردن؛ یەکێ ئەوە کە هەموو کوردەکان بکەونە سەر باوەڕی نیشتمانی و رزگار کردنی کوردستانی گەورە، یەکێ جێ بەجێ کردنی کارخانە و کارگەی چەک و ئازۆخە، لە راستیدا هەر دووفیکرەکەی هێنایە ئەنجام، ناو و دەنگی حوکوومەتی کوردی ئیتر رۆژ بە رۆژ بەرزتر ئەبووەوە و رۆژ بە رۆژ بەهێزتر ئەبوو.

بێ گومان ئەمە بۆ «بابی عالی» و حوکوومەتی عوسمانی دەستی نەئەدا، دەستی نەئەدا لەگەڵێ لاوە؛ لە لایەکەوە دامەزراندنی حکومەتێکی کوردی لە خاکی حوکوومەتی پێنجسەد ساڵەی عوسمانیا ئەمەکوفرێک بوو بۆ ئەو رۆژە!. لە لایەکیترەوە حوکوومەتی ئەستەمۆڵ باڵی کێشابوو بەسەر گەلێ قەوما، ئەگەر ئیمڕۆ ماوەی ئەم حوکوومەتە تازە پێ گەیشتووەی کوردیە بدرێ سبەینێ قەومەکانیتریش راست ئەبنەوە و هەر کە داوای حەقی خۆیان ئەکەن، داواکردنی حەقیش لە ئاخر دەورەکان حوکوومەتی عوسمانیدا کوفر و کوفر و کوفربووا..

سەرەتا بەناوی پیلان و سیاسەتکاریەوە لەگەڵی هاتە پێشەوە، بە هۆی «مشیر حافظ

پاشاوە ئەیەویست ئەمیر بچێ بۆ ئەستەمۆڵ، ئەمیر ئەم قسەیە نەچوو بەگوێچکەدا، ئەم بــە گــوێ نــەچوونەی ئــەوەندەی‌تر رقــی خــەلیفە و حــوکوومەتی هــەستان. ئــەمەش بەرێ‌کەوت لە وەختێکابوو کە ئەمیر لەکرد و کۆشی ئەوەدابوو هــەموو کــوردەکــان ئەوەندەی‌تر بخاتە ناو جغزی یــەکــیەتی کــوردەوە، لەوکــاتەشدا «فــەلەە»کــانی بــۆتان سەرپێچییان‌کرد لەوەکە رسووماتی خۆیان بدەن بەم حوکوومەتە کوردی‌یە، ناچار ئەمیر لەشکرێکی دە هەزارکەسی ناردە سەریان و تەمێ کردن، ئەم کردەوەیە داری دایە دەست ئینگلیز و فەرەنسەوە، ئەوان داوایان کرد لە «بابی عالی» کە گــۆیا حــوکوومەتی کــورد جەوری لەفەلەو گاورەکان کردووە ئەبێ هەقیان بسەنرێ!. لەگەڵ ئەوەشا بە جۆرێکی تێکرایی داد و عەدڵ لە قەڵەمرەوی. «بەدرخان پاشا»دا لە بەینی ئیسلام و غەیری ئیسلاما وەکوو یەک ئەڕویشت و بەناهەق جەور لەکەس نەئەکرا.

کە حوکوومەتی عوسمانی زانی وا ئینگلیز و فەرەنسەش پشتیوانی ئەکەن لەشکرێکی هەتا بڵێت زۆری رێکخست و لەژێر فەرماندەیی «عوسمان پاشا»دا ناردیە سەر «ئەمیر بەدرخان». لەو وەختەدا بەدرخان پاشا لەگەڵ لەشکری خۆیدا لە فتووحاتابوو لە دەورو بەری «وورمێ»، دوو لەشکر لەوێدا یەکیان گرت، سەرکەوتنی شەڕ هەتا ئەهات بەلای کورددا ئەچوو.

لەو دەمەدا کە ئەمیر ئالابوو بە جەنگی عوسمانیەوە «عزالدین شێر» هەبوو ـ کە خزمی خۆی بوو لەگەڵ ئەمیرا ناکۆکی لەبەینیانا هەبوو ـ ئەم وەختەی بە هەل‌زانی خۆی دایە پاڵ لەشکری تورک، تــورکەکــان بــە یــارمەتی و شــارەزایــی ئــەو لەولاوە چــوون شــاری «جەزیرە»یان داگیرکرد. ئەم کردەوەیە «بەدرخان پاشا»ی شڵەژان، دەستی لە هەموو شت هەڵگرت و گەڕایەوە بۆ جەزیرە، لە پاش شەڕێکی زۆر جەزیرەی وەرگرتەوە، ئەوەندە هەبوو ئەم ناپیاوەتیەی «عزالدین شێر» ئیشێکی وای کرد کە لەشکری ئەمیر بێ‌هێزیەکی زۆری بەسەراهات، ناچار لە ئاخرا جــەزیرەشی بــەجێ هــێشت و رووی کــردە قــەڵای

«ئەروخ» لەوێدا هەشت مانگێک بەشەڕی چەتەیەتی مایەوە، لە ئاخرا هەر کەڵکی نەبوو ئەو شکەستەی کە بەسەریاهات هەرهات و خۆی نەگرتەوە، پاش ماوەیەکی تر بە دیل گیرا و لەگەڵ کوڕەکانیا نێران بۆ ئەستەمۆڵ.

لە پاش مانەوەی ماوەیەک لە ئەستەمۆڵ وردە وردە خۆی لە «بابی عالی» نزیک خستەوە، شەڕی «کرید» بە سەردا هات لەو شەڕەدا ئەویش خۆی بەشدار کرد و پاڵەوانیەکی باشی نواند و خزمەتێکی زۆری بە حوکوومەت کرد، ئەم خزمەتە بوو بە هۆی زیاتر نزیک بوونەوەی لە بابی عالی، بابی عالی لەبەر ئەو خزمەتانەی لەقەبی «میری میران»ی دایەو پاشان چوو بۆ شام، «دە» ساڵێک لەوێ مایەوە، لە (١٢٨٤هـ ـ ١٨٦٧ م) کۆچی دوایی کرد و لە گەڕەکی «صالحیە»دا نێژرا.

* * *

لە (١٨٧٧)دا جەنگێک لەبەینی تورک و رووسا هەڵگیرسا، حوکوومەتی تورک کەوتە رەشبگیر کردن، سەرە، هاتەسەر کوردەواریی، لەشکرێکیشی لە کورد پێکەوە ناو سەرداری لەشکری دایە دەست «حسین کەنعان پاشا» و «عوسمان پاشا»ی کوڕانی بەدرخان پاشا. حسین و عوسمان ئەمەیان بەهەلێکی باش زانی، لەگەڵ ئەو زابت و سەرۆکانەی کورددا ـ کە کەوتبوونە بەر لەشکرەکەی ئەمان ـ قسەیان کرد بە یەک و هاتنە سەر ئەوە کە لەم وەختەدا بەڵکوو ئیشێکی وا بکەن کوردستانی گەورە رزگار بکەن.

لەشکر هەموو ئامادە بوو، لەسەر ئەم نیازە بە بیانووی ئەوەوە کە ئەچن هەر بۆ شەڕی رووس بەرەو ولاتی کوردەواریی بوونەوە و ولاتی «جزیرە»یان داگیر کرد و بەیێ گیروگرفتی سەربەخۆیی کوردستانیان بلاو کردەوە. هەر چەندە هەر جارە لە لایەن تورکەکانەوە لەشکریان ئەکرایە سەر لەگەڵ ئەوەشا ولاتەکانی «جوولەمێرگ، ماردین، زاخۆ و ئامێدی»یان هەر داگیر کرد و بەتەواوی بنجیان داکوتا و حوکوومەتەکەیان رۆژ بە رۆژ بەهێزتر ئەبوو، ئەمیر عوسمان لە خوتبەی هەینیدا ناوی سوڵتانی عوسمانی

هەڵگرت و ناوی خۆی خستە شوێنی.

ئەمە ترسێکی خستە بەر حوکومەتی ئەستەمۆڵ، هەر چەندە کە لەشکری ئەنارده سەریان هەر بە ناهومێدی ئەگەڕایەوە، ئەمجا کەوتە باری پیلان و ناردیە لایان کە با، رێ کەون. ئەمانیش لەسەر ئەو مەرجە کە کاروباری کوردستان وەکوو خۆیان ئەیلێن ئەبێ وا بڕوا - واتە حوکومەتێکی لامەرکەزی هەبێ - قسەیان دا بە سوڵتان. حوکومەتیش پەیمانیدا و بڕیار لەسەر ئەوە بڕایەوە کە بەو جۆرەی ئەمان ئەیلێن حوکومەت ئەو داخوازانە بەجێ بێنێ، ئیتر بە ئیمڕۆ سبەی ئیشەکەی هەر دواخست، لە ئاخرا حوکومەتی عوسمانی شوێنێکی بۆ قۆمیتە تیاگرتن دیاری کرد کە لەو شوێنەدا هەر دوولاقسەلە کاروباری کوردەوە بکەن و ئاخر بڕیار دەرچێ بۆ داخوازەکانیان. لەم ماوەیەدا بەدرخانیەکان پشتەستوور بەو پەیمانە کە حوکومەت پێ‌دابوون لەوەندە گوێ‌یان بەساز کردن و رێك و پێك کردنی لەشکر نەئەدا بۆ وەختی تەنگانە. هەتا سەرەهاتە سەر قۆمیتە گرتەکە، لێرەدا لووس و باریك دەورەیان‌دان، هەردوو لەمیر گیران و نێران بۆ ئەستەمۆڵ و ئیتر شۆڕش و ئاژاوە کوژایەوە!.

وەکوو سەیر ئەکەین لەم شۆڕشی بەدرخانیانەشدا هەر کوردەکان بە زمانی لووس هەڵخەڵەتان و هەلیان لە دەست چوو، بەڵام ئەوەندە هەبو شۆڕشی فیکری بۆ رزگاربوونی کورد لە کۆت و دیلی و بۆ سەربەخۆیی کورد هەر نەکوژایەوە.

* * *

لە «١٨١٥» کوردەکانی «بایەزید» و «وان» لە ژێر باری جەوری تورکا ئەتلانەوە، لە ناکاو جۆشێکیان‌دا و ئاڵای لە ژێر فەرمان دەرچوونی حوکومەتی تورکیایان هەڵکرد، ئاگری شۆڕش بەرە بەرە تەنیەوە و پاڵی‌دا بە کوردەکانی وڵاتی ئێرانەوە، حوکومەتی تورکیا کەوتە خۆی و لەگەڵ حوکومەتی ئێراندا کەوتنە سرکەسرك کردن!. ئەم شۆڕشە تا (١٨١٨) درێژەی کێشا، لەولاوە «عەباس میرزا»ی ولیعهدی قاجاری لە تەورێز و

لەولاوە حاکمی ئەرزورۆم دەستیان کردە ملی‌یەک و شۆڕشگێڕەکانیان خستە بەینی خۆیانەوە!! ئەو دوو حوکومەتە بۆ کوژاندنەوە و لەناوبردنی ئەو شۆڕشە ماوەی ساڵێک خەریک بوون و پاشان بە گوللەی جەور و ستەم شۆڕشەکەیان دامرکاندەوە و کوردەکانیش لەوێدا هیچیان بۆ نەکرا.

هەرچەندە ئەم شۆڕشە کوژایەوە بەڵام لە راستی‌دا «١٨٢٥» هەر درێژەی کێشا و بە هەموو مەعنایەک ئەو دوو حوکومەتەیان خستبووە عەزیەتەوە، وەکوو ئەوان درێغیان لەمان نەئەکرد، ئەمانیش هیچ چاویان لەوان نەئەپۆشی!.

* * *

لە «١٨٥٣»دا لەکاتی جەنگی رووس و تورکا، لە ولاتی بۆتان و حەکاری پزیسکەی شۆڕشێکی‌تر سەری هەڵداو لە پزیسکەوە بوو بەکڵپە. ئەم شۆڕشەش لە ژێر سەرۆکی «یەزدان پەنا»دا بوو، شەعبی کوردی بە هەموو دڵێکیانەوە لە دەوری کۆبوونەوە، بەرە بەرە پێش کەوتن، «بتلیس» و «مووسڵ»یان داگیر کرد، ناوچەی حوکمی شۆڕش لە «وان»ەوە ئیشی ئەکرد تا «بەغدا». نەستووری و فەڵەکان هەموو بە گیانێکی پاکەوە چوونە ژێر ئالای ئەم شۆڕشە و شان بە شانی کوردەکان ئەجەنگین.

لێرەدا ئینگلیز کەوتە خۆی و بڵاوبوونەوەی ناوچەی نفووزی کوردی بۆ خۆی بەزیان هاتە بەرچاوا. «نەمرود رەسام»ی ئاسووری بانگ کرد بۆلای خۆی و هەندێ پەیمانی دایە بۆ ئەوە کە ئیشێکی وابکا کۆسپێک بخاتەرێ «یەزدان پەنا»وە!.

نەمروود بەناوی دۆستایەتیەوە خۆی گەیاند بە یەزدان پەنا و پێ‌وت کە حوکومەتی تورکیا زۆر بەهێزە و لە ئاخردا ئەم ناتوانێ چاری بکا، چاکەی کوردەکان ئێستە لەوەدایە کە لەگەڵ حوکومەتی تورکیادا رێ‌بکەون بۆ ئەوە ئەم نفووزەی کە ئێستا هەیانە بە دەستیانەوە بمێنێتەوە!.

یەزدان پەنا قسەکانی نەمرودی بە ئامۆژگاریەکی دڵسۆزانە وەرگرت و لە پاش

دوو ساڵ وازی لە شەڕ هێنا، لەگەڵ ئەوەشا وانەبوو. حوکوومەتی تورکیا ئەو شەڕە لە لایەکەوە و لە لایەکی ترەوە شەڕی رووس بە جاری شپرزەیان کردبوو، ئەگەر یەزدان ئەو بێنەکە بێنی پێوە نابوو هەر لە سەری بڕوێشتایە حوکوومەتی تورک هیچی پێ نەئەکرا.

لە پاشان یەزدان پەنا ـ ش بانگ کرایە ئەستەمۆڵ، لەوێدا ئەو لەناو بڕوا شۆڕشیش لەم لاوە کوژایەوە!.

* * *

لە (١٨٨١)دا شێخ عبیداللەی شەمدینان بۆ ئازاد کردن و سەربەخۆیی کوردستان بەیداخی هەڵکرد و شۆڕشی هەڵگیرسان، بەڵام بەو مەرجە کە وەکوو لامەرکەزی لەژێر چاوێری حوکوومەتی تورکایێت. ئەم باوەڕە پەرەی سەند و رۆژ بە رۆژ بڵێسەی سەربەخۆیی زیاتر زمانەی ئەکێشا.

لێرەدا حوکوومەتی ئێران خەبەری بووەوە، ئەمەی بەزیانێکی گەورەزانی بۆ خۆی، لەگەڵ ئەو هەموو دوژمنایەتیەشدا کە لەگەڵ حوکوومەتی تورکدا هەیبوو هەر قۆڵی کرد بە قۆڵیا بۆ کوژاندنەوەی ئەم ئاگرە. ئەمجا بە لەشکرێکی بێ دادەوە ئەم، ئەم لای لێ گرت و حوکوومەتی تورکیش ئەولای لێ گرت. لە ئاخرا لەم بەینەدا شێخ گیراو نێرا بۆ «مەدینە»، لەوێدا بە دوور خراوەیی مایەوە تا مردن و لەم لاشەوە لەشکر پەرت و بڵاو بووەوە.

* * *

لە «١٨٢٠»دا کوردەکانی زازا بۆ وەرگرتنی حەقی داگیر کراوی کورد شۆڕشێکیان هەڵگیرساند، بڵێسەی ئەم شۆڕشە تا وڵاتی «سیواس» رۆیشت، پاشان ئەمەش سەری نەگرت و ئازۆخە تەواوبوو.

* * *

لە (١٨٢٩) تا (١٨٣٩) لە حەکاری و تورعابدین هەر بۆ سەندنەوەی مافی داگیرکراوی کورد گەلێ شۆڕشی تر کرا، گەلێ خوێنی گەش رژێنرا بەڵام هەمووی لە ئاخرا

بە هۆی زۆری ستەمدارانەوە بە هیچ دەرچوو.

* * *

لە (١٨٨٩)دا ئەمین عالی و مەدحەت بەگ کوڕانی بەدرخان پاشا ـ کە لە ئەستەمۆڵ و دەست بەسەربوون ـ بەبێ‌دەنگ هەڵاتن و خۆیان گەیاندە «تەرابەزوون» بەو نیازەکە دیسان شۆڕشی کوردی هەڵگیرسێننەوە، هەر لەوێدا بانگی باوەڕیان بڵاوکردەوە و گەلێ کەسیان لێ کۆبووەوە، هێشتا بە تەواوی نەگەیشتبوونەوە وڵات «بابی عالی» ئەستەمۆڵ پێزانین و لەشکری نارده سەر ڕێگایان، ئەوانیش هیچ ئاگایان لەم ئیشە نەبوو، هەر ئەوەندەیان ئاگا لێ بوو کە دەورەدران، لە پاش شەڕێکی کەم گیران و نێرانەوە بۆ ئەستەمۆڵ، ئەم کۆششەی ئەوانیش دیسان هەر بە هیچ دەرچوو.

* * *

لە (١٩١٣) لە «بتلیس» شۆڕشێکی‌تری کوردی بە سەرکردەیی «مەلاسەلیم، شهابەدین و عەلی» بۆ ئازادکردنی کوردستان دەستی پێ کرد، لە ناوشاری «بتلیس»دا ئاگری شەڕ هەڵگیرسا، لەبەر زۆری هێزی تورک ئەمان کشانەوە دواوە، «مەلاسەلیم» خۆی هاویشتە قونسولخانەی رووس ـ کە لەو سەردەمە قونسوولی رووس لە ناوشاری بتلیس هەبوو ـ هەر لەوێ مایەوە تا لەو رۆژەکە حوکومەتی تورکیا إعلان شەڕی لە سەر رووس کرد. لەو رۆژەدا تورکەکان پەلاماری «قونسوولخانەی رووسیان»دا لە ناوشار، تاڵانیان کرد و ئاڵاکەیان هێنایە خوارەوە. لە ناو زەلامەکانیاندا [مەلاسەلیم]یان بەردەست کەوت هێنایان لە سەر شەقامەکانی ناوشاری «بتلیس» لە داریان‌داو خنکاندیان!.

* * *

پەیمانی «لۆزان» لە ٢٤ی کانوونی دووهەمی ١٩٢٣دا ئیمزاکرا، حوکومەتی تورکی شڵەژا، چونکە تەنها کورد بوو لە وڵاتەکەی ئەواکە بتوانێ بەربەرەکانێ بکا و لەهەموو وەختێکا ئاژاوە و هەرابنێتەوە تا لەگا بە هەقی خۆی و سەربەخۆیی خۆی وەرنەگرێ. لێرەدا تورکە کەمالیەکان خۆیان کۆ کردەوە و کەوتنە سەر ئەو باوەرە کە

ئیشێکی وا بکەن لەو ولاّتە پان و فراوانەی تورکیادا هەرکەس بە «ئەکمەک» بلێ «نان» دەماری دەرێنن و بەڕیشەیا بچنە خوارەوە!. ئەمەش بۆ ئەوە کە نەوەک رۆژێ لە رۆژان ئەم کوردە سەر هەڵبداتەوە و داوای حەقە زەوتکراوەکەی خۆی بکا!.

لەسەر ئەم نیازە لە دیواخانە رەسمی و سیاسیەکانیانا کۆبوونەوەو بڕیاری ئەوەیاندا کە کورد بەخۆی و بە زمانیەوە لە ناوی بەرن و ناوی لە فەرهەنگدا نەیەڵن!! ئەوانەشیان کە گوللەی تفەنگ و دەمی شیر نایانگاتێ هەڵیانفڕێنن یا بۆ ولاّتی تەورێز و ئێران لەوێدا بین بە تورکمان وە یا بە جۆرێکی زۆر توند و تیژ هەر لە تورکیادا لە سەر زمانەکەی خۆیان نەیانهێڵن!.

دیارە ئەوەشیان ئەزانی کە ئەگەر ئەمان دەست بدەن بەم ئیشەوە کوردەکان تا ئاخر هەناسەیان بەرەنگاریان ئەبن و شەڕ ئەکەن، لێرەدا دوور نیە حوکومەتەکانی تر ـ ئەوانەی کەوا سەرکەوتووی کوورەی شەڕی (١٩١٤ـ١٩١٨) بوونو پەیمانەکانی (سیڤەر ـ صور) و لۆزانیان هێنابووەکایەوە ـ داڵدەی کوردەکان بدەن وە یا لە سەریان بکەنەوە. بێ گومان ئەگەر ئەمە رویدا ئیش لە «تورکیا» تێک ئەچێ وە یا درێژە ئەکێشێ.

هێنای ـ واتە تورکیا ـ لە پێشا پەیمانێکی دۆستایەتی و دراوسێتی لەگەڵ فەرەنسەدا بەست کە ئەو ـ واتە فەرەنسە ـ لە قۆڵی سووریەوە هیچ دەنگ نەکاو خۆی تێکلاّوی قسە کردن و لە سەرکردنەوە نەکا.

مایەوە سەر ئینگلیز؛ ئینگلیزیش لە پاش ئەوەکە تورکیا مەسەلەی «مووسڵ»ی لەگەڵ براندەوە و مووسڵی دایە، ئەویشی بەمە دەم کوت کرد کە ئەگەر هەرشتێک بکا ئیتر ئەو دەنگ نەکا!. بەم ئیشەی تۆپەڵێ قوڕی بەدەم «لورد کرزۆن» وەزیری دەرەوەی ئینگلیزا ـ کە وەختێ خۆی ئەم کابرایە سەرۆکی «قۆمیەتی لۆزان» بوو داوای هەقی کوردی کردبوو لەو قومیتەیەدا! ـ ئەمیش ئەوەی لە فیکر چووەوە.

کە «تورکیا» کەری خۆی لە هەر دوولاوە بەستەوە و زانی هیچ بەرهەڵستێکی بۆنایێ لەبەر بە ئەنجام گەیاندنی مەرامەکەیا، هێنای کەوتە ئیشەوە هەر هێزێکی ئاگرین و ئاسینی هەبوو هەمووی خستە کار، لە پێشا زمانی کوردی لە هەموو قوتابخانە و کوّلانی شارەکان

و دیواخانەکانا هەڵگرت کە نابێ کەس بە کوردی قسە بکا، تەنانەت لە چایخانەکانیشا وە بەڵکوو هەرکەس لە ماڵی خۆیشیا! پیاوە گەورەکانی کوردی بەرە بەرە گرت بە دوور خراوەیی ناردنی بۆ وڵاتە دوورەکانی «تورکیا».

کە ئیش گەیشتنە ئەم شوینە و کوردەکان بە تەواوی لە هەموو راز و نیازێکی تورکیای کەماڵی تێ گەیشتن تەکانیان دایە خۆیان و ئیتر لەوزەیانا نەما راوەستان و دەنگ نەکردن سەرەتای شۆرش لە شێخ «سەعید»ی کلدار و میرالای خالدبەگی جبرانلی وە لەدێی «کلدار» دەستی پێ کرد.

شێخ سەعید کوڕی شێخ مەحموودی کلدار و لە (١٢٨٥)ی هجری هەر لەدێی «کلدار» هاتۆتە دنیاوە. ئەم شێخە لە تەریقەی نەقشبەندی و (١٢) هەزار موریدی هەبوو. خالدبەگی جبرانلی ـ ش میرالای بۆ لەشکری تورک و لە بەر هەوای بیشتمان و حەوری تورکەکان هەڵات و کەوتە کۆڕی ئازاد کردنی کوردستانی گەورەوە و لە پاشان بە هوی تورکەکانەوە کوژرا.



شەهیدی ری بیشتمان
شێخ سەعیدی شێخ مەحموودی کلدار
[١٨٦٨-١٩٢٥]

کە دەست درا بە شۆرشەوە خالد بەگ سەرۆکاری شۆرشی گرتە دەست، پیاوی نارد بەم لاوبەولادا و لە هەموو جۆرە چەکێکی بلاو کردەوە بەسەر ئەو کەسانەدا کە لە دەرەوەی «کلدار» بوون و هەموو قسەی لەگەڵ کردن بە یەک کەلە رۆژی (٢١)ی مارتی (١٩٢٥)دا بە جارێ تێکڕا لە هەموو لایەکەوە هێرش بکەن. کە ئەم ئەم خەبەرەی نارد بۆ دەستە و فیرقەکانی لەشکری کورد کوتوپڕ لەشکرێکی تورک لە رۆژی (٧)ی مارتدا چوونە «کلدار»ەوە، لە بەینی ئەم لەشکرەدا

و له‌شكری «شێخ سه‌عید»دا ئاژاوه‌ په‌یدا بوو، ئه‌م ئاژاوه‌یه‌ بوو به‌ هۆی هه‌ڵگیرسانی شه‌ڕ، ئه‌م ده‌نگه‌ له‌ هه‌موو لایه‌كێ بڵاو بووه‌وه، گه‌یشته‌ ئه‌و زابت و سه‌ربازانه‌ی كورد كه‌ بڕیار وابوو له‌ (٢١)ی مارتدا بگه‌نه‌ ئه‌وێ. ئه‌وانیش هه‌رچه‌نده‌ به‌ ته‌واوی رێك نه‌كه‌وتبوون له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌ش به‌ ناچاری و به‌ نیوه‌ تفاق هاتن به‌ ده‌نگی شه‌ڕه‌وه. به‌ڵام له‌به‌ر ئه‌وه‌كه‌ به‌رنامه‌ بۆ (٢١)ی مارت دانرابوو به‌ پانزده‌ رۆژ پێش وه‌خت ده‌ستی درایه‌ تاگه‌یشتنه‌ سه‌ركوانگی شه‌ڕ زۆریان له‌ لایه‌ن توركه‌كانه‌وه‌ گیران و به‌ بێ پرس و جواب نرانه‌ نیشانه‌وه.

ئه‌م پێش واده‌یه‌ زیانێكی گه‌وره‌ی‌دا له‌ شۆڕشه‌كه، به‌ تایبه‌تی زۆر كه‌س له‌ زانا و پسپۆڕه‌كانی شه‌ڕ له‌م پێش واده‌یه‌دا تیداچوون ـ خالد به‌گیش یه‌كێك بو له‌وانه‌ ـ له‌گه‌ڵ ئه‌مه‌شا ئاگری شۆڕش هه‌ر ته‌نیه‌وه‌ زۆری پێ نه‌چوو زۆرتر له‌خاكی كورده‌واری توركیای گرته‌وه.

كۆششی كورده‌كان بۆ ئه‌وه‌بوو كه‌ شاره‌ گه‌وره‌كان بگرن، لایان وابوو ئیش هه‌ر له‌ گرتنی ئه‌و شوێنه‌ گه‌ورانه‌دایه، كه‌چی له‌شكری توركێ گوێ به‌وه‌ نه‌ئه‌دا، له‌ سیواس و ئه‌رزو رۆم و بناری ده‌ریای ره‌شه‌وه‌ وه‌كوو لافاو هه‌ڵئه‌قوڵی و ئه‌هات، بێجگه‌ له‌مه‌ش (٢٥) هه‌زار شه‌ڕكه‌ری‌تری به‌ هه‌موو هێزێكه‌وه‌ له‌ رێگه‌ی شه‌مه‌نده‌فه‌ری سووریه‌وه‌ به‌خه‌تی «حه‌ڵه‌ب»دا هه‌ر نارده‌ سه‌ریان.

به‌كورتی له‌ هه‌موو لایه‌كه‌وه‌ توركێ به‌ هه‌موو هێزێكیه‌وه‌ هێرشی هێنایه‌ سه‌ر كورد و ئه‌مانیش به‌ هه‌موو هێزێكیانه‌وه‌ به‌ره‌نگاری‌یان ئه‌كردن له‌ ئاخردا له‌ پاش زیانێكی زۆر له‌ توركێ «شێخ سه‌عید» و «یوسف ضیاپاشا» و (٥١) كه‌سی‌تر له‌گه‌وره‌كانی كورد گیران و فه‌رمانی خنكاندنیان درا، ئه‌مه‌ش له‌ سه‌رچی؟. له‌سه‌ر ئه‌وه‌كه‌ داوای حه‌قی شه‌رعی خۆیانیان ئه‌كرد، له‌ (١٥ مارسی ١٩٢٥)دا شێخی شه‌هید به‌ریشی سپیه‌وه‌ ملی كرا به‌ په‌ته‌وه، به‌ڵام ئه‌وه‌نده‌ هه‌یه‌ ئێسته‌ش «شێخ سه‌عید» خوێنه‌كه‌ی له‌سه‌ر ریشه‌ سپیه‌كه‌ی

هەر داوای ئازادی کوردستان ئەکا.

پاش ئەم هەرایەو پاش خنکاندنی گەورەکان، تورک بەوەش وازی نەهێنا کەوتە جەستەی ئەوانە کەمابوون؛ دانیشتوانی شاری بایەزیدی ناردە رۆژهەلاّتی تورکیا. لەم تأریخە بە دواوە تا (١٩٣٠) لە دوور خستنەوە، لە ماڵ سووتان، لە تالاّن کردن، لە بەردەباران کردن، لە هیچ خراپەیەک کەبشێ و نەشێ تورکەکان درێغیان نەکرد بەرانبەر بە کوردەکان لە تورکیادا، ئەمەش هەموو بەو نیازە کە تووی کورد لە ولاّتی «تورکیا»دا نەیەڵن!. بەلاّم بەو نیازە هەرنەگەیشتن و هەرناگەن، نەگەیشتن بەو نیازە چونکە:

کوردە نیشتمان پەروەرەکان لە پاش ئەوە کە ئەوکارەساتی (١٩٢٥)یان بە چاوی خۆیان چاوپێ کەوت، سەر لە نوێ لە (١٩٢٦)دا چاکیان لێ کردەوە بەلادا و کەوتنە قسە کردن، لە (١٩٢٧)دا قۆمیتەیەکیان لە شوێنێ لە ولاّتی کوردەواری تورکیادا بەست و دەستیان کرد بە قسە کردن و پیلان رێکخستن. ئەم دەستەیەش لە خوێن گەرمەکانی کۆمەڵی «خۆیبوون» بوون، قسەیان هاتە سەر ئەم بڕیارانەی خوارەوە:

١- لابردنی هەموو کۆمەڵەکانی کوردی و دامەزراندنی کۆمەڵەیەکی گەورە کە ئەوانیتر هەموو بێنە ناو ئەم کۆمەڵەوە.

٢- جەنگ کردن لەگەڵ تورکا، تا لە ولاّتی کوردەواری پاکیان ئەکەنەوە.

٣- لە پێش ئەوەدا کە دەست بدەن بە شۆڕشەوە ئەمانە بەجێ بێنن:

أ - دانانی سەردارێکی گشتی بۆ هەموو هێزەکانی کورد.

ب - هێزی شۆڕش بە هەموو جۆرە چەکێکی تازە بڕازێننەوە و فێری مەشقی سەربازی رێکوپێکیان بکەن.

ج - شوێنێکی گشتی و تایبەتی بۆ شۆڕش لە یەکێ لە کێوەکانی کوردستان دیاری بکەن.

٤- دۆستایەتی و ئاشنایەتی لەگەڵ حوکوومەتی ئێران و [شەعبی فارس]دا پەیدا بکەن.

٥- دۆستایەتی و ئاشنایەتی لەگەڵ دوو حوکوومەتەی عێراق و سووریادا دابمەزرێنن.

ئەمانەیان هەموو لە ماوەیەکی کەمدا حێ بەجێ کرد و لق و پۆپیان لە هەموو لایە بلاو کردەوە تەنانەت لە ئاوروپاشدا. فەرماندەیی گشتی لەشکر درایە دەست «احسان نووری پاشا» و کێوی «ئاگری داغ» بوو بە مەرکەزی گشتی. احسان نووری پاشا بە هەموو راپاییکیەوە ماوەیەکی باش کەوتە ئیش کردن. ماوەی ئەو چەند ساڵە لە رێکخستنابوو، تا لە مارتی (١٩٣٠)دا یەکەم شۆرشی بەینی تورک و کورد بۆ ئازادی بە هەموو لایەکدا تەقیەوە.

[احسان نوری پاشا]
سەرۆکی جەنگی ئاگری داغ
....

تورکەکان لە پاش شۆرشی «شێخ سەعید» ئەیانزانی کەشتێک لە ئاگریٚ داغ هەیە و بزووتنەوەیەک لەو ناوەدا دەست پێ کراوە، بەلاّم نەیانئەزانی بەو جۆرە بەهێزە، هەر جارە پەلاماریان ئەدا و لێ ئەگەرانەوە، کەوتنە سەر ئەو فیکرە کە بەلکوو بە فرِوفێلّ ئەو چەند کەسەی لە ئاگری داغان بیانگرن، لە ساڵی (١٣٢٨)دا بلاویان کردەوە کەوا حوکوومەت لە هەموو یاخیەکان خۆشبوو، کەواتە ئەوانەی کە یاخی بوون و بە تایبەتی لە کێوی ئاگریٚ داغا خۆیان شاردۆتەوە بێن چەکەکانیان بدەن بە دەستەوە و حوکوومەت ئیتر هیچ لاقەیان ناکا!.

ئەم قسانە بەگوێ «احسان نووری پاشا» و لەشکرەکەیدا هیچ ئاشنا نەبوو، ئەمجاکە، تورک زانی مەسەلە وایە لە هەموو لایەکەوە پەلاماری ئاگریٚداغی دا، کوردەکان خۆپاراستنیان بەلاوە لە هێرش کردن باشتر بوو. تورک بە هێرشی لەسەریەکی چەند جارەش هیچی نەبردەوە. ئەمجا بە هەموو هێزێکی ئاسمانی و سەرزەویەوە لە قوڵیوان و بتلیس و کێوی سوبحانەوە پەلاماریان دان، لەشکری شۆرش هیچ دەنگی نەکرد، کە دوژمن گەیشتە پەلی شاخەکان، شۆرشگێرەکان بۆیان دەرپەرین، تورک لە هێرشەوە

کەوتە خۆپاراستن. لەم ئیشەیاگەلێ زیانی لێ کەوت. وەکوو ئەوحسابەی کە لە وەختی خۆیداکراوە لە (١٣)ی حوزەیران تا (١٢)ی تەمووز:

کوژراو و بریندارى گەیشتە چەند هەزارێک، ١٢ فرۆکە، شەست تۆپ، پەنجا مەترەلۆز، ١٥٠ چادر، ٣ هەزار تفەنگ، «٦٠» هەزار فیشەک، چل بار ئازۆخە. ئەمانەی سەری تیداچوو، ئەوانەش کە هەڵاتن لە لەشکرەکەی زیاتر بوون لە «٤٠» هەزار سەرباز. تەنها فیرقەی حەوت و هەشت و چەند سەرو دەست شکاوێکی فرقەکانی تر نەبێ لەشکرێکی وا نەمابەوە بۆ خۆپاراستن. کە ئیش گەیشتە ئەم شوێنە ناچار حوکوومەتی کەمالی کەوتە گرتنی سەربازی اجباری پێنج ساڵ لەسەر یەک.

تا ئەو وەختە حوکوومەت دانی پیا نەئەناکە شۆرشێکی وا لە لایەن کوردەکانەوە هەڵگیرساوە، ئەمەش بۆ ئەوە کە گۆیاکەس نەزانێ کورد لە تورکیادا هەیە!. ئەمجاکە زانی ئیش شرە، دانی پیاناو بلاوی کردەوە.

لە پاش ئەمە هەچ هێزێکی هەبوو بە جارێ ناردی و کەوتە پەلاماردان و بە تەواوی ئابلۆقەی ئاگرێداغیان‌دا، دیسان هەر شەر دەوامی کرد. لە ئاخرا شۆرشگێرەکان لەبەر ئەوە هەموولایەکیان لێ گیرابوو، وە چەک و ئازۆخەیان دوایی هاتبوو، بە ناچاری لە تشرینی یەکەمی (١٩٣٠)دا وازیان هێناو ئاگرێداغیان بەجێ هێشت و بلاوەیان لێ کرد، «احسان نووری پاشا» لەو وەختەوە ئیتر چوو لە «تاران» دانیشت و ئاگری شۆرش نیشتەوە.

سەیرتر ئەوەبوو لەو سەردەمەدا کە تورکەکان پەلاماری ئاگرێداغیان ئەدا و شۆرشگێرەکان لەیانگێرانەوە دواوە، بەوان نەئەوێران ئەچوونە گیانی لەو دێهات و شوێنە کوردانەی کەبێ چەک و شەر نەکەربوون، داخی دڵی خۆیانیان بەوان ئەرشت!.

* * *

«مصطفی کەماڵ» لە پاش ئەوە کە ئیشی خۆی بەرانبەر بە سیاسەتی دەرەوە و

حوکورمەتەکان بەستەوە و پەیمانەکانی خستە پشت گوێ ئەمجا هات پشتی مەتاڵەکەی کردە کورد و بەبێ رەحمانەتێیان کەوت. هەرای «ئارارات» دوایی هات بەوە وازی نەهێنا، فەرمانێکی تێکڕایی دەرکرد بۆ کوشتنی کوردەکان و واشی پێشانی خەڵک ئەدا کە، کورد لە ولاّتی «تورکیا»دا نیە، لەبەر ئەوە ئەم جارەی ئەدا ئەیویست بە لەناوبردنی تووی کورد لە ولاّتی «تورکیا»دا قسەکەی خۆی بەرێتە سەرا.

کارەساتی دڕندانەی «مصطفی کەماڵ» بەرانبەر بەکوردەکانی ولاّتی تورکیا نەوەک ئینسانیەت، بەڵکوو رەوشتی هەموو دڕندەیەکی کێویش بێزی لێ دێتەوە!. بۆ وێنە لێرەدا شتێک باس ئەکەین بزانین شارستانی پەروەرەکان بەرانبەر بەم کارەساتە چی ئەڵێن؟! لە زمانی ئەفسەرێکی کوردەوە کە لە لەشکری «مصطفی کەماڵ»دا بووە و نایەوێ ناوی بیرێ ئەیگێڕێتەوە و ئەڵێ:

«ئەتاتورک» فەرمانی لەناوبردنی کوردەکانی ولاّتی تورکیای لە پاش هەرای ئارارات دەرکرد. هەر لە ولاّتی «وان»ەوە تا دیاربەکر و بتلیس ئەمانە هەموو کەوتنە ژێر رەحمەتی گوللەی مەترەلۆزو بۆمبای فڕۆکەوە!. یەکێک لە نموونەی ئەوانە ئەڵێ:

لە دەورو بەری «وان» سەربازی ئەتاتورک بە ئەندازەی دوو هەزار کەس لەژن و مناڵ و پیاوی بێچەکی کوردیان کردە دۆڵێکەوە و مۆڵیاندان، سەرلووتکەی کێو و تەپۆڵکەکانی هەر چوار دەوری دۆڵەکەیان لێ گرتن. ئەمانەش نازانن بۆچ وا لەو شوێنەدا مۆڵ دراون و ئاگایان لە هیچ نیە تەنها لە برسێتی و زاق و زووقی کۆرپەو ئاهۆناڵەی ئافرەتی کەساس نەبێ!.

سەرۆکی ئەو سەربازانە فەرمانی لە لایەن مصطفی کەماڵەوە وەرگرتووە کە لە کات و ساتێکی دیاری‌دا ئەم کەسانە بداتە بەر بارانی گوللەی مەترەلۆزا. کات و ساتە دیارەکەش ئەوەیە، وەکوو لەم قۆڵەدا ئەم مۆڵەدراوە لەگەڵ لای‌تریشەو عەینی چەشن کراوە، مەبەست ئەوەیە کە شلیکی گوللەی هەموو لایەک لە یەک کاتدا بێت!..

لەو کاتەدا کە ئەم تەگبیرە کراوە تا هەشتا سەرباز و ئەفسەری کورد لە خزم و کەس و کاری ئەو کەسانە لەناو ئەو سەربازانەدان کە فەرمانی ئەم شلیکەیان پێ ئەکرێ، ئەمەش بۆ ئەوە ئەمان خۆیان ئەم کارەساتە خوێناویە بە چاوی خۆیان ببینن و پاشان ئەمانەش بنرێن بە نیشانەوە!.

فەرماندەی لەشکر، یەکێ لە ئەفسەرە کوردەکان بانگ ئەکا و ئەمرێ پێ ئەکاکە لە پاش پێنج دەقیقەی‌تر بۆڕیەی نیشانەی شلیک لێبدا. ئەو ئەفسەرە خۆی لە چە وەختێکا چاو پێ کەوت؟. لە وەختێکا خۆی چاو پێ کەوت کە ئەبێ فەرمان بدا بە کوشتنی دوو هەزار ژن و پیاو و منالی کوردی بێ گوناح!. ئەفسەرە کە دەستی نەچووە خۆی خۆی بکوژێ، دەستی چووە بۆڕیەکەو فووی پیاکرد، لەگەڵ فوو پیاکردنی ئەوا لێزمەی گوللە دەستی کرد بە بارین بەسەر ئەو کەسانەدا، مێشکی منالی بێ گوناحی کورد لەو ناوەدا بەدەم گوللەکانەوە گریانی ناو بێشکەیانی ئەگێڕایەوە!. ئای لەو کاتەو لەو رۆژە!..

ئەفسەرەکە، کە خۆی ئەم کارەساتە ئەگێڕێتەوە ئەڵێ بە چاوپێ کەوتنی ئەو دیمەنە پەردەیەکی بێ‌هۆشی کشا بە سەرما. ئەڵێ پاش ئەوە ئەو ئەفسەر و سەربازە کوردانەی کە لەو لەشکرەدا بوون ئەوانیش هەموو گیران و رەوانەی شوێنێکی‌تر کران بۆ ئەوە بنرێن بە نیشانەوە!.

لەو دەمە دەمەدا «فەوزی قارقچی» ـ کە فەرماندەی هەرەزلی ئەو وڵاتانەبوو ـ گەیشت و ئەو دیمەنە خوێناویەی چاوپێ کەوت حەبەسا، لە پاش تێ گەیشتن لەوە کە ئەمە «مصطفی کەمال» فەرمانی لە ریشە دەرهێنانی هەموو کوردەکانی دەرکردووە، بە تەلگراف و تەلسز خۆی گەیاندە مصطفی کەمال و پێوت ئەگەر واز لەم فیکرە دێنێت باشە ئەگینە لەم شوێنەدا من خۆم ئەکوژم. لە راستی‌دا «ئەتاتورک»ی پەشیمان کردەوە. بەلام ئەمە وەختێک بوو کە بە قسەی هەموو ئەفسەر و سەربازەکانی ئەو دەورە لە کارەساتی ئەو جۆرە کوشتن و شێلکانەدا لە بەینی هەشتا هەزار تا سەد و بیست هەزار ژن

و پیاو و منداڵی بێ گوناحی کورد بەو جۆرە لە هەموولایەکەوە و لە کارەساتی ئاراراتـا بوون بە گاوگەردوونی ئارەزووی «مصطفى کەماڵی ئەتاتورک»!. ئەمانەش هەموو لەسەر ئەوە بوو کە داوای مافێکی زەوتکراوی خۆیانیان کردبوو.

ئەمە تەنها نموونەیەک بوو لە سەدها نموونەی واکە حوکوومەتی تورکیای کەماڵی بەرانبەر بە کورد نواندبووی، ئایا ئەوانەی کە چاوویری حقوقی ئادەمیزاد ئەکـەن چـە حوکمێک ئەدەن بەرانبەر بەم کردەوەیە؟. ئایا چی ئەڵێن بەرانبەر بە ئینسانیەت و عاتفەی ئینسـانیەت؟!..

* * *

لە (١٩٣٧)داکارەساتی دڵسووتێنەری مصطفى کەماڵ و حوکوومەتەکەی مصطفى کەماڵ بەرانبەر بەکوردەکان گەیشتە شوێنێک کە بە ئاشکرا تینوویوون بە خوێنی کوردا.. لەگەڵ ئەمانەشا بەوە وازی نەهێنا، هێنای پارلەمانە بۆگەنەکەی بڕیاری کـۆچ کـردن و هەڵفڕاندنی کوردەکانی ولاّتی «دەرسیم»ی‌دا بۆ ولاّتی ئەنادۆڵ و ولاّتەکانی رۆژئاوا، بڕیارێکی واکە بـە هـێزی قـامچی و شـەلاخ بـیاندەنە پـێش و لەو ولاّتـانەدا هـەر بـە زیندوویەتی بیانخەنە چاڵەوە!.

لێرەدا «سەید رەزای دەرسیمی» بۆ بـەربەستکردنی ئـەم جـەورە بـێ‌ئامانە چـاکـی مەردانەی لێ‌کرد بەلاداو ئاگری شۆڕشێکی هەڵگیرساند، کـوردەکـانی ئـەو ولاّتـەی لەدەورە کـۆبوونەوەو نـاوچەی شـۆڕش پـەرەی‌سەند، حـوکوومەتی کـەماڵی دیسـان کەوتەوە خۆی بۆیان، هێشتا بە تەواوی هێزی شۆڕش نەگەیشتبوو، هەموولایەک بـە هەموو هێزێکی ئاسمانی و سەر زەویەوە چوار دەوری لێ تـەنگ کـردنەوە، لە ئـاخرا «سەید رەزا» گیراو برایە بەرسێدارە!.

ئەو کارەساتانەی کە حوکوومەتی کەماڵی لە شۆڕشی (١٩٣٧)دا بەسەر کوردەکانیا هێنا، دیسان ئینسانیەت و عاتفە بێزی دێتەوە کە باسیان بکا، چونکە ئەو کوشتن و بڕین و

ماڵ وێرانیەی کە لەو ساڵەدا بەسەر ئەو کوردانەدا هێنرا و ئەو گوللەبارانە بێ‌ڕەحمانە کە ئەبارێنرا بەسەریانا مەگەر هەر پرزۆڵە گۆشتی منالی ناوێشکەی بەدەم گوللەوە رۆیشتوو بزانێ چی کراوە؟!. ئەگینا نە زمان و نە قەڵەمی یەکێکی‌تر ناتوانێ باسی بکا!.. کورد بێ خاوەنە، بێ کەسە، بێ‌دەرەتانە، ئایا بۆنی کرووزەی جەرگی هەڵقرچاوی حەقی ئەستێنێ؟. یا حوکوومەتە ئیستعماریەکان هەر بۆ پێشکەوتنی کاروباری خۆیان ئەم پەردانە هەموو رۆژێک تازە ئەکەنەوە؟!.

حوکوومەتی کەمالی تورکیا ئەمانەی بەلاوەکەم بۆ هێنای لە (١٩٣٨)دا بە سێ‌قۆڵی لەگەڵ حوکوومەتی ئێران و حوکوومەتی پێشووی عێراقا بە هاندانی حوکوومەتە ئیستعماریەکان پەیمانی «سەعدابادە»یان بۆ بە تەواوی لەناو بردنی کورد دامەزراند و دنیای کوردیان ئەوەندەی‌تر تەنگ کردەوە!. ئەو پەیمانە هەر لە ئیش کردنابوو تاکەوتە ساڵی (١٩٥٥). لێرەدا بە ئازایەتی «نووری سەعید»ی خوێن‌مژ ئەو پەیمانە گۆڕایەوە بە «پەیمانی بەغدا» و بە تێکلاَوبوونی ئینگلیز و ئەمریکا و پاکستان بە زائد لە سەر تورکیا و ئێران و حوکوومەتی بۆگەنی پێشووی عێراق ئەوەندەی‌تر کوردیان خستە ژێر ئەشکەنجەوە و ویستیان بەم ئیشەیان ناو و خاکی کورد لە ئەرەەنگدا هەڵبگرن!.

ئەم جرت و فرتانە ئەکرا تا شۆڕشی (١٤)ی تەمووزی (١٩٥٨)ی عێراق لە ژێر فەرماندەیی سەرۆکی خۆشەویستی شۆڕش [عبدالكريم قاسم]دا روویدا، ئەو پەیمانەی رووخاند و ئەو تەوقانە کە ئەوان بۆ لە ناوبردنی کورد دایانئنابوو، ئەمداروپەردووی تێکدا.

* * *

شەرەفخان هەر لە بنەچەدا ئەمیرزادە بوو، لە ١٢ ساڵی‌دا خۆیشی بوو بە ئەمیری کورد، سەردەمێک لە لایەن شا ئسماعیلی سەفەویەوە والیەتی «نەخجەوان»ی درایەو لەوێدا حوکمی ئەکرد، پاشان لە (٩٨٦)ی هجری کەوتەلای «سوڵتان مراد»ی سێهەمی

عوسمانی و فەرمانی والیەتی بتلیسی بۆ دەرچوو، بەرە بەرە ولاتەکانی «وان» و «موش»یش کەوتنە ژێر حوکمیەوە. لەمەوە هەوای حوکومەتێکی سەربەخۆی کورد کەوتە سەری و لەم رێگەیەوە گەلێ کۆششی کرد. کە تەماشای کرد ئەو ئامانجەی ئەو هەیەتی تیا سەرناکەوێ والیەتی بۆ «شمس‌الدین»ی کوڕی بەجێ هێشت و خۆی خەریک بوو بە تەواو کردنی کتێبە نایابەکەیەوە «شەرەفنامە».

لەم کتێبەدا باسی حوکومەتەکانی کورد ئەکا لەگەڵ ئەو حوکومەتانەداکە بە میراتی بۆ کورد مارنەتەوە، ئەمجا بە تەواوی قسە لە حوکومەتی بتلیسەوە ئەکا ـ کە ئەمە لە ژێر دەستی بنەماڵەی خۆیانا بووە و ئەوان بە ئەمیرەکانی «بتلیس» ناسراون.

ئەمجا باسی ئەوە ئەکاکە ئەمارەتەکانی کوردی لە چاو ئەمارەتەوە هەموو سەربەخۆ بوون بەڵام ئەگەر بهاتنایە لەم لاپەڕەی تأریخەدا هەموویان یەکیان بگرتایە و قسەیان بکردایە بە یەک حوکومەتێکی زۆر گەورەی دائمی کورد دروست ئەبوو ئیتر لەو دەوری دەرەبەگیەتیە ئەچوونە دەرەوە و وایان بەسەر نەئەهات کە وەکوو ئاردی ناو دڕکانیان لێ بێت!.

شۆڕشی حەمە پاشا

١٧٨٣ — ١٨٤٩

....

حەمە پاشای میری ڕواندز ـ کە بە «پاشای کۆرە» بەناوبانگە ـ کوڕی مستەفابەگی ڕواندزە، لە ساڵی «١٧٨٣»م هەر لە ڕواندز هاتۆتە دنیاوە. هەرچەندە [مستەفا بەگ]ی باوکی میری وڵات بوو بەڵام لەبەر ناکۆکی و ناخۆشی بەینی ئەو و براو خزمەکانی، وڵات ئاسایشێکی وای نەبوو. لە لایەکی تریشەوە حوکومەتی عوسمانی ئەوەندەی تر سەری لێ تێکدابوون. «محمد پاشا» هەموو ئەم ئاژاوانەی ناوەوە و دەرەوەی بەچاوی خۆی ئەبینی و ئەیخواردەوە، بە بینینی ئەم دیمەنانەگەلێ شت لە دڵیا پەنگی خواردەوە. تا لە ساڵی (١٨١٤) لە تەمەنی (٣١) ساڵیدا بوو بە میری وڵات و جڵەوی ئیش و کاری وڵاتی ڕواندز و سۆرانی گرتە دەست.

لە پێش هەموو شتێکا بەرەی مام و خزمەکانی تەمێ کرد و وڵاتی لە ئاشوویی ئەوان پاک کردەوە، ئەمجا پەلی هاویشت بۆ دەرەوەی ڕواندز، وڵاتەکانی بلباسەتی و کۆیە و رانیەو دزەیی و هەولێری داگیر کرد. لە هەموو ئەم وڵاتانەدا قولە و قەڵای بۆ پاراستنیان دروست کرد، بە تایبەتی نرخێکی زۆری لە شاری ڕواندزنا، هێنای شورەی بەدەورا بەست، قەڵای تیدا دروست کرد، لە دەرەوەی هەر لە ماوەی بەینێکا قولە و قەڵاتی تری دروست کرد. پاش ئەمانە کەوتە سەر ئەوەکە ئەو ئامانجەی ئەو هەیەتی بەبێ چەک و جبەخانەیەکی ناوخۆی بۆی جێبەجێ نابێت، پیاوی خستە قەڵەمڕەوی خۆی بۆ دۆزینەوەی «کان»ی ئاسن و قەڵایی و شتە بۆ بەرهەم هێنانی ئەو چەک و جبەخانەیە. لە ڕاستیا ئەو ئارەزووەی کە هەیبوو بۆی هاتەدی، هەر لە چیاکانی ڕواندز ئەوکانانەی

دەست کەوت. ئەمجا ناردیە «تەوریز» وەستایەکی چەخماخسازیان بۆ هێنا.

وەسنا بە فەرمانی میر کەوتە دروستکردنی چەک و جبەخانە، هەر لە ناو شاری «رواندز»دا کارگەی چەک دانرا، تفەنگ و دەمانچە و شیر و خنجەر لە کارگە دەرئەچوو. لەو ماوەیەدا نزیکەی «٢٢٢» لوولە تۆپ دروستکرا کە ئێستەش سێ دانە لەو لوولە تۆپە خۆ ولاتیانە هەر لە بەر دەرکی قشڵەی رواندزدا بۆ یادگاری میری سۆران ماوەتەوە، چەند دانەیەکیشیان براونە مووزەخانەی بەغدا کە ئێستە ئەوانەش لە مووزەخانەی «باب الوسطانی» لە بەغدا گەورەیی ئەمارەتی پاشا کۆرەی رواندز پیشان ئەدەن. ئەمە بێجگە لەو تۆپانە کە لە لەشکرەکەی «عباس میرزا»ی وەلیعەهد لە تەوریز بەجێ ما لە کاتێکا کە پەلاماری میری رواندزیان‌دا.

لە پاش ئەوە کە هەموو قولە و قەڵاتەکانی بەسەرباز قایم کرد و لە پاش ئەوە کە لەشکرێکی رێکوپێکی پێکەوەنا ـ کە ژمارەی لەشکر بە پیادەو سوارەوە ئەگەیشتە «٥٠» هەزار ـ بە هەوای ئەمارەت و حوکوومەتێکی گەورەوە پەلاماری ولاتەکانی «موسڵ» و بادینانی‌دا، لە پاش جەنگێکی کەم ولاتی ئاکرێ و ئامێدی و ماردین و جەزیرەی «ابن عمر»یشی داگیر کرد و سنووری خۆی گەیاندە سەر سنووری «سوریە»، لەم لاشەوە بۆ بەها و سنووری «ئێران»، لە ناوەڕاستەوە تەنگی بە «بەغدا» هەڵچنی.

لێرەدا واتە لە (١٨٢٠)دا بانگی ئازادی و سەربەخۆی بۆ حوکوومەتی کوردستان بەرز کردەوە، حوکوومەتی ئێران ـ کە ئەو سەردەمە حوکوومەتی قاجار بوو ـ دانی بە حوکوومەتەکەیانا، لەم لاشەوە «عەلی رەزا پاشا»ی والی بەغدا هەردانی پیانا. حوکوومەتی کوردستانی دەورەی میری رواندز بوو بە حوکوومەتێکی سەربەخۆ، پارەی لێ‌داو لە خوتبەی هەینی‌دا ناوی ئەخوێنرایەوە. هەر لەم وەختەدا لە عولەما و زاناکانی کۆ کردەوە و لە دەشتی «حەریر»دا کۆنگرەیەکی پێ گرتن بۆ دروستکردنی دەزگایەکی واکە بە هۆی ئەو دەزگایەوە بتوانێ هاڵو هەواڵی هەموو قەڵەمڕەوی حوکوومەتی کوردستان

وەربگرێ، لە راستیا زاناکان کەوتنە ئیش و دەزگایەکی وایان دروستکرد. مێژوونووسی دانا بۆ نووسینەوەی کارەسات و «فتوحات»ی دەوری خۆی، دۆسیەو دەفتەری رێکوپێکی بۆ دایرەکانی حوکوومەتی خۆی دروستکرد، لە کاروباری ئاوەدانی و شارستانی‌دا ولاتی دەوڵەمەند کرد، سەرباز و لەشکری لەسەر جۆری حوکوومەتێکی رێک و پێک دامەزراند و مووچە و مانگانە بە شێوەیەکی دەوڵەتی ئەدرا.

هەر لەم کاتەدا لەگەڵ موحەممەد عەلی گەورە ـ خدێوی میسر ـ کە لەشکری ئەو بەسەرکردەیی «ئیبراهیم پاشا»ی کوری هاتبووە سوریا ـ بە نامە کەوتنە قسەکردن بۆ ئەوە هەر دووکیان قۆڵ بکەن بە قۆڵی یەکاو پەلاماری حوکوومەتی ئەستەمۆڵ بدەن. ئەم دەنگ و باسە و ئەم ئاوازەی حوکوومەتی «محمد پاشا»ی رواندزە بە تەواوی لە دیواخانەکانی سوڵتان مەحموو ـ شای عوسمانی‌دا ـ دەنگی دایەوە و سوڵتان لەم ئیشە ترسێکی زۆری لێ نشت، «محمد رشید پاشا»ی سەدری ئەعزەمی ناچار کرد بەوە کە بەربەستی پەرەسەندنی ئەم حوکمی پاشای کۆرەیە بکات. هەروەها فەرمانیشی دەرکرد بۆ «عەلی رەزا پاشا»ی والی بەغدا و «مەحموو پاشا»ی والی مووسڵ ـ کە هێشتا ناوشاری مووسڵ هەر بە دەست حوکوومەتی عوسمانیەوە بوو ـ ئەمانیش لەشکر بکەن و لەگەڵ «محمد رشید پاشا»دا ئەم ئاگرە بکوژێننەوە.

«محمد پاشا» کە بەمەی زانی وای بە چاک زانی ولاتی ئاکرێ بەجێ بێڵێ و بگەڕێتەوە بۆ رواندز و لەوێدا قایمکاری خۆی بکا. سەدری ئەعزەم و [والی مووسڵ] لە قۆڵی مووسڵەوە هاتن و والی بەغداش لەملاوە. محمد پاشا «گەلی عەلی بەگ»ی لێ گرتن و یەکی پێشکەوتنیانی خست. لەشکری سەدری ئەعزەم و والی گەلێ مانەوە هیچیان بە هیچ نەکرد، لە ئاخرا «سەدری ئەعزەم» و والی قایی قسەی رێ کەوتنیان لەگەڵ «محمد پاشا»دا کردەوە و بەو ناوەوە هاتنە مەیدانەوە کە جەنگ کردن لەگەڵ خەلیفەی ئسلاما پێچەوانەی دینە و نابێ لە رووی پادشای ئیسلاما شیر رابکێشرێ و هەرکە وا بکا بە کافر

دەرئەچێ!.

لەم پڕو پاگاندەیە لەناو لەشکری «محمد پاشا»دا بڵاوبووەوە، لەشکریش هەموو کورد و موسوڵمان، کارێکی گەورەی کردە سەر بڵاوبوونەوەی لەشکرەکە و کزبوونی موحەممەد پاشا. مەلا موحەممەدی «خەتێ» ـ کە وەزیری موحەممەد پاشا بوو ـ میر، لەم رووەوە پرسی پێ کرد و ئەویش هەر بەو جۆرە فتوای‌دا[١].

پادشا، کە وای زانی بە ناچاری خۆی‌دا بە دەستەوەو سەدری ئەعزەم ناردی بۆ ئەستەمۆڵ، سوڵتانی عوسمانی چوونی میری «رواندز»ی بەسەرکەوتنێکی گەورەزانی، رێزی لێ گرت و لە پاش ماوەیەک پێ‌وت کە بگەڕێتەوە بۆ وڵاتی خۆی. لەم کاتەدا [عەلی رەزا پاشا]ی والی بەغدا کەوتە قسەکردن و بردیە دڵی شای عوسمانیەوە کە گەڕانەوەی [محمد پاشا] بۆ رواندز مەعنای وایە ئاو لە وڵاتی بەغدا و بەڵکوو لە هەموو وڵاتی عوسمانی لێڵ ئەکا!. سەر لە نوێ دڵی خەڵیفەی لێ رەنجاندەوە و دەست بەجێ پیاوی نارد بە شوێنیا لە وڵاتی «تەرابەزوون» توورشی بوون لەوێدا بە نامەردی لە (١٨٤٦)داکوشتیان. هەر چەند ئەمارەتی سۆران پاش ئەویش هەرمایەوە بەڵام ئەو تیشک و رووناکیەی نەما.

* * *

وەکوو لەم قسانەوە بۆمان دەرکەوت «محمد پاشا»ی رواندز لە رۆژی منداڵیەوە تا رۆژی لە ناو چوونی هەر لە سەر ئەو ئەڵهایە بووە کە وڵاتی کوردەواری لە ژێر چنگی ئەم و ئەو رزگار بکاو بیکا بە وڵاتێکی سەربەخۆ، بەڵام لێرەدا نوختەی دینی پشتی شکان

١ ـ ئەوەندە هەیە داستانەکانی‌تری [مەلا محمدی]ی خەتێ لەگەڵ میری رواندزا ئەم روایەتە ئەخەنەدرووەوە، بەڵکوو هەموو دەمێک مەلا بەقسەو بەکردەوە پشتیوانی میری کردووە و لەم رووەوە وەنەبێ [فتوای] بۆ بەکۆا نەچوونی خەڵیفە دەرکردبێ. هەڵبەستی ئەم قسەیە بۆ مەلای خەتێ من بە دوژمنایەتیەکی شەخسی ئەزانم کە ناحەزەکانی بۆیان هەڵبەستبوو.

و دای بەزەویا.

لەم رەوشەوە نە، لۆمەی ئەو ئەکرێ، نە هی وەلا محمدەی خەتی ـ ئەگەر مەلا فتوای وای دابێ ـ چونکە ئەم کوردە لە بەرەبەیانی تەئریخیەوە لەبەر دڵسافی بە دەست دوو شتەوە گیری خواردووە؛ یەکەم لەبەر پەردیانەتی و دیانەت زۆری لەلایەکەوە، لە لایەکی تریشەوە لە بەر نەخوێندەواری لەناویانا، بە ناوی دینەوە گەلێ فەلاکەتیان بەسەردا هێناوە.

بەڵێ ئەمە راستە کە لە نیزامی ئایینی ئیسلاما پیاو نابێ لە رووی خەڵیفە وەربگەڕێتەوە، ئەمەش ئەبێ وابێ چونکە ئەگەر ئەم نیزام و یاسایە لە دینا نەبێ هەرچی و پەرچی و دەرەبەگی پەیدا ئەبێ و کاروبار وەکوو ئەو دینە ئیسلامیەکە ئەیەوێ بەو جۆرە نارەوا، لە ئاخرا وای لێ دێ هیچکەس لە ماڵ وگیانی خۆی ئەمین نابێ. ئامانجی دینیش رێکوپێکی کۆمەڵایەتی و ناسینی خوای تاقانەیە.

بەڵام لێرەدا چەن مەرجێک هەیە، یەکەم ئەبێ خەڵیفە لەسەر رێ و شوێنی چوار خەڵیفە بەرزەکەی ئیسلام بڕوا، رەوشتی رەوشتی ئەوان بێ، کردەوەی لە کردەوەی ئەوان بچێ، بەلای پادشایەتی و ملووکیەتەوە رایتەکێشێ، چونکە ملووکیەت لە ئیسلاما نیە. ئەوەی قانوونی ئیسلام و فقهی ئیسلام ئەیڵێ لە بارەی عبادەت و قەزاوەت و دەعوا و بەیناتەوە بەو جۆرە بڕوا بەڕێوە، حەقی زۆر لێ کراو لە ستەمکار بسێنێ، بەرانبەر بە داد و عەدل گەورە و بچووک جیانەکاتەوە.

ئەبێ ئەمانەی تیابێ نەوەک هەر تەنها ناوەکە بێ و هیچی تر، ئەگەر هات و هەر ناوەکە بوو ئەوە هەر لە بناغەدا خەڵیفە و حوکوومەتە ئیسلامیەکە نەبوو تا، لەروو وەرگەڕانەوەکەی ببێ بە بێدینی و بە تەڵاق کەوتن.

لە ساڵەکانی (١٩٤٣-١٩٤٧) کە بەرزانیەکان لە عێراقا داوای نان و عەدلی اجتماعی و رێکوپێکی ئیشیان ئەکرد لە حوکوومەت، هەندێ لە رۆژنامە بۆگەنەکانی ئەو

سەردەمەی «بەغدا» بە ناوی دینەوە ئەهاتنە مەیدانەوە و ئەیانگوت: «ئەمانە بە شەرع و بە دیانەتی ئیسلامی ئەبێ بکوژرێن چونکە لە رووی حوکوومەتی ئیسلامی‌دا وەستاون و فەرمانی حوکوومەتی ئیسلامیان شکاندووە!».

ئەوەندە هەیە کام حوکوومەت؟. لەو حوکوومەتە کە شەو و رۆژ خوێنی میللەتی ئەمژی و بە تەعبیری ئیسلامی هەموو وەختیان لە «فسق و فجور» و نافەرمانی خوا و زۆر و ستەمدا ئەبردەسەر!. دەی ئەمەکەی حوکوومەتی ئیسلامی بە مەعنای ئیسلام هەبوو؟. تا لە روو وەرگەڕانەوەیان بێ بە خیانەتێکی دینی و بێ بە لەدین لادان؟؟. بەڵام باشچارشەکانی حوکوومەتی وەخت و پڕوپاگەندەچی پارە وەرگرەکانی بەناوی دینەوە هەموو قسەیان کردبوو بەیەک، کێ ئەیتوانی لەو سەردەمەدا حەقیقەتێکی وا دەربڕێ و بە یەکێک بڵێ لای چاوت کلی پێوەیە؟!.

وتراکورد بە دەست دوو شتەوە گیری خواردووە، یەکەم بە دەست ئەوەوە کە باسمان کرد، دووهەم بە دەست دڵسافیەوە؛ بە دەست دڵسافیەوە گیری خواردووە چونکە تا ئێستە بە هەزاران جار زۆر و ستەمی لێ کراوە و بە سەدها جار لێ نراوە بە نیشانەوە، کەچی لەگەڵ ناحەز و خوێنەخۆرێکەی لێ قەومایێت و ئیشی بەم بوویێت خێرا هاتووە مەرحابایەکی رووتی لێ کردووە، ئەم بەو مەرحەبایە هەڵخەڵەتاوە و قایی دڵی خۆی بۆ خستۆتە سەرگازی پشت و هەمووشتێکی لەبیرچووەتەوە، هەر لەگەڵ کابرا بەسەر ئیشی خۆیا سواربوو کەری خۆی بەستەوە ئیتر بە هیچ کلوجێک ئەم هەر ناناسێ و بەڵکوو بۆی ئەچێتەوە پارێزو ئەوی بشێ و نەشێ لەگەڵی دائەمەزرێنێتەوە!.

کوردە هەژارەکەش وەنەبێ تەمێ خواردوو بێ و هۆشی ئەوەی بێتەوە بە بەراکە جارێکی کەوا هەڵنەخەڵەتێتەوە، هەر لەگەڵ کابرای‌تر هاتەوەو مەرحەبایەکی‌تری لێ کردەوە ئیتر ئەم وەک نەبای دیبێ و نەبۆران، با ئەداتەوە سەربای بەرە بۆر بۆی!.

ئەم دەردە لە هەموو شت زیاتر کاری کردۆتە کورد و لە هەموو مەیدانێکا یەکی

خستووە، تەنانەت پەندی پێشینانەکەی خۆیشی ناگرێتە گوێ کە ئەڵێ: «جاری بەکەم کە خەڵەتانمت خوا بتگرێ، جاری دووهەم کە خەڵەتانمت خوا بمگرێ!».

ئەگەر رۆژێ لە رۆژان کورد هاتو لە دەست ئەم دەردە رزگاری بوو پشتیان‌دا بە پشتی یەکەوە و لەگەڵ ئەمەشا بە ئاوی خوێندەوارییەکی راست و دروستی بێ‌خەوش ئاودرا، ئەو وەختە مەعنای وایە هەر دوو دەروازەی کامەرانی بۆ کراوەتەوە و ئەتوانێ بە ژیانێکی ئازادانەی وەکوو ئەو ژیانەی کە قەومەکانی‌تر هەیانە ئەمیش بژیت.

شۆڕشی سەردار رەشی

«سەردار رەشی»

عەباسخانی سەردار رەشید کوڕی عەلی خانی کوڕی موحەممەد سادقخانی کوڕی ئەمانەاللە خانی والی ئەردەلانە. لە «١٨٦٦»دا کە غولامشاخانی والی مرد و ئەمارەتی ئەردەلانی دوایی هات، ناصرالدین شا ـ شای ئیران ـ مەیدانی بە چۆڵ زانی «فەرامیررای معتمد الدولە»ی بە ناوی حوکوومەتیەوە لە ذیلقعدەی (١٢٨٤)ی هجریدا ناردە «سنە»و دەوری ئەمارەتی ئەردەلان بە تەواوی پێچرایەوە. حوکوومەتەکانی تاران لە شوێن ئاگردانی بنەماڵەی ئەردەلان دەستیان کرد بە حوکمداری لە ولاتی «سنە» و حەسەناوادا!.

لە پاش ئەوە کە گرانی (١٢٨٨) و شەری (١٩١٤ـ١٩١٨) بە خۆیو ئەویش بە گرانیەکەیەوە هێرشی هێناو بە تایبەتی گرانیەکەی. ولاتی. ئەردەلانی دارزان و پاشان بە سەر چوون. دنیا لە هەموو گۆشەیەکیەوە بوو بە پەشێویی و ئاژاوە، قەومە دەربەدەرەکان چاوە چاوی ئەوەیان بوو کە دەروبەکیان لی ببێتەوە و ئەوانەی کە ئاوی سەربەستیان لێ بڕیون بەڵکوو ئیشێکی وا بکەن نوری خویان ئاراو بکەنەوە. رووس و ئەڵمان و ئینگلیز و حوکوومەتی عوسمانی هەر یەکە لە لایەکەوە ئاژاوەیان حستبووە ولاتی کوردستانەوە. بێ کارەیی حوکوومەتی ئیران و هەر کەنو حوبی عەشایرەکانی ئەوناوە ئەمایش ئەوەندەی‌تر هەننیان حستبووە سەر یو!.

لەم وەختەدا عەباسخانی سەردار رەشید، واتە لە (١٣٣٦ھ ـ ١٩١٧ م) ـ دیارە بە گەلی پێش ئەم میژووەش ئەو هەر حەریک بووە ـ سەبارە ئەوە کە لە نەتەوەی

ئەردەڵانەکانە و هەقی میراتگری هەیە، لە «رەوانسەر»ەوە دەستی کرد بە بزووتنەوە و شۆڕش نانەوە بۆ سەندنەوەی حوکوومەتی زەوتکراوی ئەردەڵان. لە ژێرەوەو بە ئاشکرا لەگەڵ سەرۆک عەشیرەتەکانی ئەو وڵاتەدا قسەیان کرد بە یەک. ئەوانیش لە بەر ئەوەکە «سەردار رەشید» لە بنەماڵەیەکی ئەمارەتی کوردییەو خۆیشی پیاوێکی لێ هاتووی بە دەسەڵاتە هەموو قسەیان دایە. بەرە بەرە لە وەکیلی جوانرۆو، لە حسێن‌خانی رەزاو جافرسانی لهۆن و مەحموو‌خان‌کانی‌سانان و مەحمووخانی دزلی و حەمەخانی بانەوە، لەولاشەوە سنجەرخانی میاوەران و حوسەینقولی‌خانی کولیایی ئەمانە هەموو لە سەر قسەی «سەردار رەشید» و بۆ یارمەدانی ئەو بە رێ کەوتن بۆ وڵاتی «سنە» و حەمەناوا ـ کە شوێن ئاگردانی ئەمارەتی باوباپیری «سەردار رەشید» بوون ـ

لەو مێژووەدا چووە سنەوە بە ناوی ئەوەوە کە حوکوومەتێکی کوردی سەرلەنوێ دروست بکاتەوە دەستی دایە و ماوەیەکی باش دەورێکی گێڕا، رووسەکانیش لە ژێرەوە قسەیان دایە، بە تایبەتی «جەنەراڵ فسینکو، جەنەراڵ باراتۆف» ـ کە لە ئەفسەرانی رووس بوون و ئەو وڵاتەیان لەو دەوری هەرچی و پەرچیەدا داگیر کردبوو ـ پەیمانیان دایە کە بە هەموو جۆر بۆ دامەزراندنی ئەم حوکوومەتە درێغی بۆنەکەن. ئەو لەوێوە لە دروستکردنی ئەم کار و فرمانەدا بوو، لەم لاشەوە لە وڵاتی سولەیمانی و شوێن هەواری بابانەکان هەر لەو سەردەمانەدا «شێخ مەحمووی شێخ سەعید»یش خەریکی گێڕانی دەوری کوردایەتی بوو.

«عەباسخان» لەو سەردەمانەدا کە هێشتا بە ناوی حوکمدارییەوە نەهاتبووەوە «سنە» هەر جارە لە «رەوانسەر»ەوە دەستدرێژی بۆ کرماشان و دەورو بەری کرماشان ئەکرد، دەنگ و ئاوازی «سالارالدولە»ش لەو وەختانەدا لەو ناوەدا باوێکی باشی هەبوو، ئەویش بۆ سەندنەوەی تەختی ئێران ـ کە گۆیا لێ زەوت کرابوو ـ لەبەر ئەوە هەر دووکیان شەریکی یەک دەردبوون، «سەردار رەشید» لەگەڵ ئەویشا قسەی کردبوو. جا لەو

دەورانەدا پەلامارێکی مەردانەی دایەسەر کرماشان، محمدخانی کرماشانی ـ کە ئەویش کرماشانی داگیر کردبوو ـ گرتی و کوشتی و ولاّتی کرماشانی بە تەواوی داگیر کرد، دیارە لەو سەردەمەدا کە حوکمڕانی ولاّتی «سنە» و ئەردەلاّن بۆ حوکمداری کرماشانیشی هەر دەنگی ئەدایەوە، لەم ماوەیەدا کە لە «سنە» بوو عەلی ئەکبەرخانی سنجاوی ـ کە ئەویش پیاوێکی ناودارو بەدەسەلاّتی عەشایری بوو ـ هاتە «سنە» ئەویش فەرمانداری «سەردار رەشید»ی گرتە دڵ.

«سەردار رەشید» ماوەیەکم بەم جۆرە بە ناوی حوکمداریەوە لە سنە رایبوارد و حوکمی لەو ناوەدا رەوابوو. پاشان وردە وردە شەڕی (١٩١٤ـ١٩١٨) بەسەر چوو هەر پاشەلەقەکەی مایەوە، حوکوومەتی ئێران تۆزی بووژایەوە، لەم لاشەوە ئەعیان و سەرمایەدارەکانی «سنە» لەبەر ئەوە کە زۆرتر حوکوومەتی بێگانە پەرەست و ئاژاوەچی بوون، «سەردار رەشید» سەیری کرد مانەوەی لە «سنە»دا وەنەبێ قازانجێکی تیابێ، وای بە باش زانی ئەو شوێنی حوکمڕانیەی لە سنەوە بگوێزێتەوە بۆ «رەوانسەر».

شەو لە ناوێک «عەلی نەقیخانی ئاصف الدیوان» ـ کە یەکێک بوو لە پیاوە هەرە بە دەسەلاّت و خاوەن مڵکەکانی سنە، وە لەبەر ئەوە کە ئەم پیاوە هەموو دەورێک هەر ئاگری بن کا بوو بۆ [سەردار رەشید] ـ بە ناوی فڕاندنەوە فڕاندی و گەڕایەوە بۆ [رەوانسەر]. پاش ماوەیەک بە تکاو پاڕانەوەیەکی زۆری پیاو ماقوولەکانی تری [سنە] بەرانبەر بە پارەیەکی زۆر «ئاصف»ی بەرەلاّکرد.

کە سەردار لە [سنە]دا نەما حوکوومەتی تاران بە ناوی حوکمداریەوە «عەلی محمدخانی شەریف الدولە»ی نارد بۆ سنە. شریف‌الدولە لە (١٣٣٧)ی هجری چووە سنەوە و دەستی کرد بە توند و تیژی و سیاسەت بەکارهێنان. لەو لاوە [سەردار رەشید]یش هەر داوای سنەو ولاّتی ئەردەلاّن ئەکاو هەر جارە ئەیەوەێ هێرش بکا بۆ دەرپەڕاندنی [شەریف‌الدوڵە] لە ناوشارا.

[شەریف‌الدولە] پیاوێکی فێلباز و پیلان گێڕ بوو؛ لە وەختی تیژیدا توندی ئەنواند و لەوەختی کولیدا نەرمی! سەیری کرد مانەوەی [سەردار رەشید] بەو جۆرە بۆ ئەو دەست نادا، وە بەشەڕ و شۆڕیش چاری ناکا، هێنای کەوتە پیلان بازیەوە لەگەڵیدا، خەبەری بۆ نارد کە:

«لەبەر ئەوە لەم سەردەمانەدا و لەمناوەدا «سالارالدولە» دەنگ و ناوی هەیە و بە تەمای ئەوەیە کە بە پشتیوانی کوردەکان تەختی ئێران و حوکوومەتی تاران وەربگرێتەوە، حوکوومەتی تاران لەبەر ئەمە کەوتۆتە پەرۆشەوە، ئێستە حوکوومەتی شاهەنشاهی «ئەحمەدشاە بڕیاری لەسەر ئەوەدا کە حوکوومەتی ئەردەلان بۆ تۆ بێت، بۆیەش ئەم بڕیارەی‌دا چونکە ئەگەر حوکوومەتی ئەردەلان بۆ تۆ بێت تۆ هەر ئەوەت ئەوێ و ئەوا دەستت کەوت و ئەشبێت بە پشتیوانی حوکوومەتی [تاران]، بەلام ئەگەر سالارالدولە بێت ئەو وەختە ئەو داوای حوکوومەتی تارانیش ئەکا و بۆی ئەکەوێتە تەلاشەوە، وە منیش ناتوانم ئێستە [سنە] بەجێ بێلم و بێم بۆ لای تۆ، چونکە هەرکە بە جێم هێشت [سالارالدولە] دێتە ناوشارەوە، لەبەر ئەوەکە لە (١٣٢٣)دا لە لایەن شابابایەوە - مظفرالدین شا - حاکمی سنە بووە و لەگەڵ هەموو پیاو ماقووڵ و کاربەدەستەکانا ئاشنایەتی هەیە، ئەهلی شار مەیلی ئەو ئەکەن و ئیتر دەرچوونی لە ناوشار جارێکی کە نابێتەوە.

لەبەر ئەم شتانە کە بۆم باسکردیت تۆ وەرە بۆ [سنە] حوکوومەتەکەت تەسلیم ئەکەم و من بە ناوی حوکمەوە ئەچم بۆ ولاتی شیراز و ئەسفەهان!».

ئەم قسە خۆشە کوێستانیانە کارێکی باشیان کردە سەر دڵی سەردار رەشید و دڵیان فێنک کردەوە! بەبێ گیروگرفتی لە [٢٣ی جمادی‌الاولی ١٣٣٨]دا بە چەند کەسێکەوە بە تەمای بنج بەستکردنی ئەمارەتی لە دەستچووی ئەردەلانەوە گەڕایەوە ناوشاری [سنە] و شوێنی میوانداری لە لایەن [شەریف‌الدولە]وە بۆ چاک کرابوو چوە ئەوێ، چەند

رۆژێک خزمەتێکی شاهانەکرا! خزمەتێکی واکە مەگەر هەر [شەریف‌الدولە] بۆ [سەردار رەشید]ی کردبێ!.

لە ئاخرا لە رۆژی (١١)ی جمادی‌الثانیا بانگێشتنێکی تایبەتی بۆ کرد لە سەرای حوکومەتی‌دا «دەرمال» بۆ ئەوە ئەو رۆژە لەوێ کاروباری ئەمارەتی ئەردەلانی تەسلیم بکا!. سەردار هەڵساو چوو، لە پاش هەندێ قسەکردنی کەم [شەریف الدولە]گرتی و لە پاش (١٥) رۆژ ناردی بۆ تاران!.

سەردار ماوەیەک لە [تاران] بە بەندی مایەوە، لە ئاخر و ئۆخری ساڵی (١٣٣٩)دا «سید ضیاءالدینی تەباتەبایی» وەزارەتی ئێرانی گرتە دەست و لە دەورەی ئەودا سەردار رەشید بەرەڵا بوو گەڕایەوە بۆ ولاتی رەوانسەر، پاش بەینێک دیسان کەوتەوە کۆ کردنەوەی خۆی و لە (١٣٤٠)داکەوتەوە قسەکردن لەگەڵ عەشایرەکاندا هەر بۆ سەندنەوەی ئەمارەتی ئەردەلان، دەستەیەکی باش لە [رەوانسەر]ی و جوانرۆیی و سنجاوی پێکەوە ناو دیسان ناو و دەنگی بلاوبووەوە.

لەم دەورانەدا «رەزاخان» وەزیری جەنگ بوو، سەر لەشکرێک هەبوو «ئەمیر ئەحمەدی»یان پێ ئەوت و لە کرماشان بوو، رەزاخان فەرمانی چارکردنی [سەردار رەشید]ی کردە سەر ئەم ئەمیر ئەحمەدیە. ئەمیر ئەحمەدی لە پێشاهات [جافرسان] و [مەحموودخانی دزلی] و [حسێن خانی رەزاو] و گەلێ گەورەی‌تری کۆ کردەوە و سوێندی پێ خواردن کە بە پشتیوانی حوکومەتی ئێران سەردار رەشید لەناو بەرن!. ئەوانیش بۆ لەناوبردنی کوردێکی وەکوو [سەردار رەشید] هیچ درێغیان نەکرد و سوێن خواربوون!.

[سەردار رەشید] ئەم خەبەرەی وەرگرت، بە (٤٥٠٠) سوارێکەوە پەلاماری هێزی عەشایر و [جافرسان]ی، لە کێوەکانی «شمشێر» جەنگ هەڵگیرسا، هێزی جافرسانیش زیاتر لە (٤) هەزارێک بوو. لە بەر سەختی شوێنەکەو بەفر و سەرما سەردار رەشید هیچی

پێ نەکراو گەڕایەوە بۆ ولاّتی [رەوانسەر]. پاش ئەوە «ئەمیر ئەحمەد»ی دیسان ئەچێتەوە سەری و رەوانسەریشی پێ بەجێ دێڵێ. سەردار کەزانی هیچی بۆ ناکرێ و بە هەرلایەکدا کە ئەڕوا کوردە بێگانە پەرستەکان هەر پەلاماری ئەدەن یەکسەر ئەچێ بۆ هەمەدان و لەوێ خۆی ئەدا بە دەستەوە و لەوێشەوە ئەینێرن بۆ «تاران» و لەوێ ئەمێننەوە بە ناوی بەندیەوە.

پاش مانەوەی ماوەیەک ئاژاوەیەک لە تاران دەستی پێ کرد، سەردار رەشید ئەمەی بە هەل‌زانی خۆی گۆڕی و هەلاّت، هاتەوە بۆ [رەوانسەر]و دیسان کەوتەوە لیش کردن، ئەمجارەش دیسان کوردەکان خێلجارێکی‌تریان لێ کردەوە، ناچار لە پاش چەند شەڕێکی‌تر سەر لە نوێ ولاّتی بەجێ هێشتەوە و چوو بۆلای «شێخ مەحمووی شێخ سەعید»، لەوێش هیچی بۆ نەکرا، چوو بۆ «محمرە» بۆلای «شێخ خەزعەل» لەوێش هەر هیچ، چوو بۆ بەغدا. لەو وەختەدا «رەزاشا» لە بەغدابوو بۆ «نەجەف» ئەچوو، چووەلای و داوای لێ بووردنی لێ کرد، لەمجاگەڕایەوە بۆ کوردەواری بەهۆی [شێخ حسام‌الدین]ەوە لە ساڵی (١٣٤٢)ی هجریدا چوو بۆ سنە، ئەو سەردەمە «مظفرخانی سەردار إنتصار» حاکمی سنە ئەبێ، تەلگرافێکی زۆر لەبارەی سەردار رەشیدەوە ئەکرێ بۆ تاران. لە ئاخرا حاکم، سەردار لەنێرێ بۆ تاران و دیسان ئەکەوێتە گیری دەست بەسەری، تا ساڵی (١٩٤١) کە کاروباری ئێران تێکچووەوە قەسری قەجەر شکێنرا، سەردار رەشیدیش رزگاری ئەبێ، بەلاّم ئیتر بە ئارەزووی خۆی هەر لە «تاران» دەرنەچوو ئێستەش هەر لەوێیە.

وەکوو تەماشامان کرد «سەردار رەشید» هەر لەدەورەی گەنجیەوە تاکەوتە ئەو رۆژی پیری و چاوکزبوونە لە ئەڵهای ئەمارەتی کوردی و حوکومەتێکی کوردی‌دا بوو، هەموو جارکۆششەکانی بە هۆی چەندکەسێکی چلێسی بێگانە پەرستەوە ئەدرا بەبادا.

سەیرتر ئەوە بوو ئەو کوردانە کە وەختی خۆی بە قسەی سەردارەکانی ئێرانی

هەڵەخەڵتان و ئەچوون بەگژ [سەردار رەشید]دا و نەیانئەهێشت حوکومەتی سەردار رەشید سەربگرێ، ئەو کوردانە لە پاش ئەوەکە رەزاشا شوێنی خۆی لە تەختی ئێرانا قایم کرد بەرە بەرە تێیان کەوت و بە هۆی سەرلەشکر [ئەمیر عبداللەخانی طهماسبی]ەوە، بەکە بەکە گرتنی و لە تاران لە «قەسری قەجەر»ی توند کردن!. ئەگەر ساڵی (١٩٤١) نەبوایە و [قەسری قەجەر] نەڕووخێنرایە ئەوانە جارێکی کە شوێن هەواری خۆیانیان نەئەدیەوە. خۆ ئەوانەشیان کە دەربەدەر بوون وەکوو [جافرسان] و [مەحموو خان]ی دزڵی ئەوە بە کەساسی لە گۆشەی شارانا سەریان نایەوە.

جا ئەمەیە ئاخری هەموو بێگانە پەرستیەک و هاوخوێن نەویستنێک!.

شۆڕشی شێخ مەحموود

شێخ مەحموودی شێخ سەعید
[١٨٨٢-١٩٥٦]

لە ئاخر و ئۆخری دەورەی عوسمانیەکاندا لە هەموو لایەکەوە لە وڵاتە ئیمپراتووریەکەیانا هەر ساتە نەساتێک ئاژاوە و هەرایەک پەیدا ئەبوو. وادیارە ئەمە لەبەر ئەوە بوو کە ئاو، ئەگەر زۆر مایەوە بۆگەن ئەبێ!. ئەمە و دیسان [ئاورووپا]ییەکانیش هەر زۆر دەمێک بوو کە بە جۆرێکی «غەیر موباشر» دەستیان خستبووە ناو حوکوومەتەکەوە، بەڵکوو لەوانە بوو چنگیان هاویشتبووە ناو کۆشکی پادشاکانیشەوە!. ئینجگار کەشەڕی ١٩١٤-١٩١٨ هەڵگیرسا ئەوەندەی تر بزووتنەوە و ئاژاوە لە هەموو لایەک زیاتر پەرەی سەند.

لە وڵاتی سولەیمانی «کاکە ئەحمەدی شێخ» و بەرەی کاکە ئەحمەد هەبوون. کاکە حمەدی کوڕی شێخ مارفی نۆدیی. بە ناوی پیاوێکی زانای لە خواترسەوە ناوبانگی بۆ هەموو لایەک دەرکردبوو. ناوبانگی عیلمە فراوانەکەی شێخ مارفی نۆدیی ساوکی و لەخواترسیەکەی خۆی ئەم دوانە پاڵیان پێوەنابوو بۆ ئەوەکە شایەکانی ـ ئیمپراتووریەتی عوسمان و شاهەنشاهی ئێران ـ وەکوو یەک بیناسن و یەک لە یەک زیاتر ڕێزی لێ بگرن.

وڵاتی سولەیمانی ئەو دەورە ـ وەکوو ئێستە ـ سەر سنووری نەبنی نەشەخاکی شای عوسمانی و شای ئێران بوو، هەر لە دیوی سولەیمانی ئاوابوویتابە ئەچوویتە خاکی ئێرانەوە. هەرچەند سنوور بەناو هەبوو لە بەینی ئەم دوو حوکوومەتەدا بەڵام هاتوچوو کردن ئەوەندە بەسانایی بوو وەکوو لەگەڕەکی شارێکەوە پیاو بچێت بۆگەڕەکەکەی تری وابوو.

لەبەر ئەم تێکلاوی هاتوچووە، وە لەبەر ئەوەکە سەر سنوورەکان هەموو کورد بوون و سنوور بە سیاسەت لە بەینیانا دانرابوو هەر دوو لەشایەکانی ئێران و عوسمانی ئەیانویست پیاوە گەورەکانی ئەو سنوورانە راکێشن بۆلای خۆیان. بە تایبەتی پیاوێکی وەکوو «کاکە حەمەدی شێخ» پیاوێکی والەخواترس و زانا ـ کە مەرکەزێکی زلی هەبوو لەبەر چاوی مەردمەکە ـ ئەوە هەر زۆرتر ئەیانویست خۆیانی لێ نزیک خەنەوە. هەرچەندە ئەو لەبەر مەرکەزە دینیەکەی ـ کە داوای ئەوەی لێ ئەکرد شایەک و گەدایەک وەکوو یەک بزانێ ـ بەلام شای عوسمانی لەبەر ئەوەکە لە ولاتەکەیا بوو زیاتر حەزی ئەکرد بە نزیک بوونەوەی. ئەمانە هەموو کردبوویانە کارێ کە «کاکە حەمەد»ی سولەیمانی پایەیەکی گەورەی هەبێ لە لای هەموو کەسێکەوە.

رۆزگار رۆژەکانی خۆی پەڕە پەڕە ئەدایە لاوە، دەنگی زەنگی قەومیەت وردە وردە لە ولاتەکانا دەنگی ئەدایەوە وە یا ئەزرینگایەوە.

لە «١٩٠٨»دا بە اعتباری رێزی بنەماڵەیی، شای عوسمانی ـ عەبدوالحەمید ـ شێخ سەعیدی کوڕی سەید موحەممەدی کوڕی کاکە حەمەدی لە ولاتی ئەستەمۆڵەوە بانگێشتن کرد بۆ ئەوە بچێت بۆ ئەوێ و بە چوونەکەی ئەوەندەی‌تر لە بەر ناوبانگەکەی «کاکەحەمەد» بنەماڵە لە خۆی نزیکتر خاتەوە. «شێخ سەعید» بە خۆی و هەندێ لە خزمەکانی و دوو کوڕەکەی ـ شێخ ئەحمەد و شێخ مەحموود ـ چوون و بە تایبەتی شێخ مەحموود چاوی بە کۆشکی پادشاهی کەوت و هەموو جۆرە پیاوانێکی ولاتی عوسمانی ـ لە پایتەختا ـ بینی و گوێچکەی زرینگایەوە لە دەنگی ئەو قەومیەتانە کە لە ولاتەکانی عوسمانیدا روویان ئەدا، بێجگە لەمەش باسی کوردایەتی بەرەی بەدرخانیەکانی لەگەڵێ لە دیواخانەکانی ئەستەمۆلا ئەکەوتە بەر گوێ.

کارەساتی موسڵ هەر لەو ساڵاداکەبوو بە هۆی کوژرانی شێخ سەعید و شێخ ئەحمەدی کوڕی، کارێکی گەورەی کردە سەر دڵی هەموو کەسێک. کە پاشماوەی

کوژراو گەیشتەوە ولاتی سولەیمانی دەستێکی تری خستە ناو دڵی خەڵکەوە. وەکوو ئەمەی کرد ئەوەشی بلاو کردەوە کە بەدرخانیەکان لە ولاتی خۆیان کۆششی دروستکردنی کێشوەرێکی کوردی ئەکەن. بوونی کێشوەرێکی کوردی بەرە بەرە لەمێشکی هەموو کوردێکا دەنگی ئەدایەوە.

[شێخ مەحموود] لەو دەورەدا نرخێکی بەرزی هەبوو؛ نرخی مەرکەزی دینی باوباپیری، نرخی پیروباوەڕی خۆی کە ولاتانی دیبوو چاوی کردبووەوە، نرخی گۆشەی پیلان و شەڕ و شۆڕ کە گەلێ جار لە ولاتەکەی خۆیا جەنگ و هەرای ئەکرد. ئەمانە هەموو «شێخ مەحموود»یان گەلاڵە کرد بۆ ئەوە کە دەست بدا بە، نانەوەی شۆڕشێکی گەورەوە بۆ سەندنی سەربەخۆیی و ئازادی کورد.

وردە وردە تاپۆی جەنگی (١٩١٤-١٩١٨) نزیک بووەوە، لە تاپۆ دەرچوو ئەساڵە ناشیرینەکەی هێرشی کردە سەر هەموو سووچێکی دنیا و هەموو لایەکی شڵەژان، خوێنی رژاوی مەیدانە جەنگەکانی ئەو شەڕە لە هەموو گۆشەیەکەوە لافاوی هەستان!. ولاتی سولەیمانی ولاتی عوسمانی بوو، لە لایەکەوە ئینگلیز پەلاماری بۆ ئەدا، لە لایەکەوە رووس. لە هەر دوولاوە [شێخ مەحموود]کەوتە کۆڕی شەڕەوە؛ لە (١٩١٧) لە «کوت و عمارە» لە گەڵ ئینگلیز شەڕی کرد ناوێکی دەرکرد، هەر لە ئاخری ئەو ساڵەشدا لە ولاتی پێنجوێن لە گەڵ رووسیش شەڕی کرد ناوێکی تری دەرکرد.

لە [٣٠ تشرینی یەکەمی ١٩١٨]کە وەستانی شەڕی «موندوس» بلاو کرایەوە «عەلی احسان پاشا»ی سەرلەشکری بەناوبانگی تورک لە مووسڵەوە تەلگرافێکی بۆ شێخ مەحموود نارد کە بە ناوی حوکوومەتی عوسمانیەوە حوکمداری ولاتی سولەیمانی بکات، وەئەوی پێویستیش بێ لە پارە و ئازۆخە بیداتێ، تەنانەت پێنج هەزار لیرەیەکیشی بۆ نارد چ شێخ مەحموود، چ ولاتی سولەیمانی ئەوەندەیان جەور و زوڵم لە دەستەو دایەرەی تورکەکان چاوپێ کەوتبو هەموو لێ داخ بەدڵ بوون، «شێخ مەحموود»

نرخێکی وای لە قسەکەی «عەلی احسان پاشا» نەنا. بە پێچەوانەی ئەوە کە هاتەوە ناو شاری سولەیمانی تابورێکی عەسکەری تورک لەوێ بوو، ئەم عەسکەرانە رێگەی گەڕانەوەیان بڕابوو چونکە ئینگلیزەکان کەرکووکیان لێ گرتبوون، بۆ ئەوە خۆی لە ئۆباڵی ئەو تورکانە رزگار بکا دایاننی بە ئینگلیزەکانی کەرکووک و خۆی بە نیازی بناغەدانانێک بۆ حکومەتێکی کوردی لە تشرینی دووهەمی (١٩١٨) هاتەوە ناوشاری سولەیمانی.

ولاّتی سولەیمانی بە تەواوی لە ژێر چنگی عوسمانی دەرچوو. «مێجەر نۆئیل» حاکمی سیاسی ئینگلیز، ئەو سەردەمە لە سولەیمانی بوو، «ویلسن» حاکمی گشتی عێراق بوو لە بەغدا. سیاسەتی ئەورۆژەی وای پێویست بوو کە حکومەتێکی کوردی هەبێ. تازەش هاتبوونە ولاّتەوە هێشتا خەڵک لێیان تێ نەگەیشتبوون، ئەوان هەر بانگی ئازادی و چاوێری قەومە بەشخوراوەکانیان بە گوێ خەڵکدا ئەدا!.

کە زانیان «شێخ مەحموود» وا پیاوێکی لێ هاتوو و بە دەسەلاّتە فیکریان هاتەسەر ئەوە کە یاریدەی بدەن. «شێخ مەحموود»یش دیارە بەبێ هیچ غایەلەیەک حەز ئەکا یەکێک هەبێ یاریدەی بدا و کوردستانێکی گەورەی سەربەخۆ دروست بیێ!.

ئەم هەموو شتانە یەکیان گرت ئەمجا «نوئێل» بە قسەی «ویلسن» لە [تشرینی دووهەمی ١٩١٨] کۆبوونەوەیەکی لەناوشاری سولەیمانی کرد و بانگێشتنێکی گەورەی بۆ هەموو پیاو ماقووڵی ناوشار و سەرۆک عەشایەرەکان کرد و لەوێدا [شێخ مەحموود] ناونرایە «حوکمداری کوردستان». ئەوی پێویست بوو، بۆ ئەم حوکمداریە هەمووی بەجێ هێنرا، [مێجەر نوئێل] بوو بە «مستشاری ملکی» و «مێجەر دانلیس» بوو بە مستشاری عەسکەری بۆی و بۆ حوکوومەتی کوردستان. ئەوەی پێویست بوو، بۆ ئەم حوکمدارییە هەمووی بەجێ هێنرا [مێجەر نۆئێل] بوو بە «موستەشاری مەلەکی» و «مێجەر دانلیس» بوو بە موستەشاری عەسکەری بۆی و بۆ حوکوومەتی کوردستان. مانگانەی حوکمداریش (١٥) هەزار رووپیە بێت.

ئەوا سولەیمانی بوو بە پایتەختی حوکوومەتی کوردستان و ئەم ناوە دڵخۆشیەکی

گەلێ زۆری‌دا بەکورد، بەرە بەرە ولاّتانی پشدەرو خوشناو جاف و کوردەکانی ئەو دەورە بە بۆنی حوکوومەتی کوردستان زیاتر دڵ قایم ئەبوون و سەریان لێ ئەدا. ئیتر سولەیمانی بوو بە ناوچەیەکی سیاسی کورد.

لێرەدا کە ئینگلیز یارمەتی حوکوومەتی «شێخ مەحموود»ی ئەدا وەنەبێ لەبەر چاوی کاڵی کورد بووبێ، بەڵکوو. گەلێ مەبەستی هەبوو؛ لەولاوە ولاّتی سووریە و بەغدای هێشتا بۆ دانەمەزرابوو، بە تایبەتی حوکوومەتی عێراق هەر دروست نەبووبوو، حەزی بەوە ئەکرد لە ولاّتی کوردەواری حوکوومەتێک بێ و ئەم حوکوومەتەش بە تەواوی وە یا بە ناتەواوی لەژێر چاوێری ئەوابێ، لەولاشەوە ولاّتانی [بەغدا و بەسرە] ئەگەر لەگەڵ سووریەدا نەبن بەیەک حوکوومەت، ئەمارەتێک بێ وەکوو ئەمارەتەکانی‌تری ئەو ولاّتانەی عەرەبستان.

لەمانەش هەموو زیاتر پاشەلەقەی تورکەکان لە ولاّتانی رواندز و «پەسۆی» تۆزی ئەکردا. ئەوان هێشتا دانی سولەیمانیان نەکەندبوو، ولاّتی سولەیمانی بە هیچ لەوان داناپچڕی مەگەر تەنیا بە بوونی حوکوومەتێکی کوردی نەبێ. مەسەلەی [مووسڵ]یش کە لە بەینی سوێندخوارەکان و ئەولادا کێشەیەکی زۆری تێدا مابووەوە ئەویش هەر لە کایەدابوو[1].

---

١ - بەڵێ کۆبوونەوەی [تشرینی دووەمی ١٩١٨]ی ناوشاری سولەیمانی «دانلیس» لە ژێر لێوەوە ئەیوت لێرەدا مەبەست دروستکردنی حوکوومەتێکی تەواو نیە بۆ کوردستان بەڵکوو مەبەست حوکمداری‌یە و هیچی‌تر. وە «ئیدموندس»یش لە کتێبەکەی خۆیا ئەڵێ: «ئینگلیزەکان هەرگیز نەیانوتووە کە حوکوومەت بۆ کوردستان دروست ئەکەن!». ئەو دوو کەسە ئەم دوو قسەیە ئەخەنە بەرچاوی عالەمەوە، هەر یەکەش بۆ ئەوە کە خۆیان لە ژێر ئۆباڵێک دەرکەن.

[دانلیس] گەلێ مەبەستی هەبوو بەو قسەیە؛ یەکێک لەوانە ئەوەبوو کە ئەوان قسەیان دابوو بە «فەلە»کان حوکوومەتیان بۆ دروستکەن، وە فەلەکان دیارە گەلێ گیانبازتر بوون بەرانبەر بە ئینگلیز، ئەگەر هی ئەوان بیوایە بوونی حکوومەتێکی کوردی لەو ولاّتەدائیتر کەڵکێکی وای نەئەبەخشی بۆ ئینگلیز. کەچی لە لایەکی‌تریشەوەسەیری ئەکرد [عەلی‌إحسان پاشا] وا لە سەر چزە و پەیتا پەیتا قسە لە «شێخ مەحموود» ئەگێڕێتەوە کە حوکمداری ولاّتی کوردستان بکا. ئەگەر لێرەدا ئینگلیز وازدێنێ [شێخ

ئەم جۆرە شتانە هەموو پاڵیان بە ئینگلیزەوە ئەنا بۆ بوونی حوكوومەتێكی كوردی لە سولەیمانیا و پاشان لە هەموو وڵاتی كوردەواری ئەو ناوەدا. حوكوومەتی شێخ

مەحموو] بە ناوی حوكوومەتی عوسمانیەوە ئەبێ بە حوكمدار و ئیش لە دەست ئەم دەرئەچێ!. ئەگەر وازنایەنێ لەولاوە قسەی بە فەلەداوە و ئەزانێ فەلەش بۆ ئەو بە كەڵكترە تا كورد. وەكوو كابرا وتی: «دارێكی بە دەستەوەیە هەر دوو سەری...!».

كە واتە نەوماڵڵە بەناوی حوكمداریەوە دێتە مەیدانەوە و لە رواڵەتادان بە حوكوومەتی كوردستانا نانێ، ئەگەر لە ئاخردا حوكوومەتی كوردستان سەری گرت، ئەوا ئەو پەیمان و قسانەی كە بە «فەلەكانی داوە ئەتوانێ پێنەی بكاو بڵێت ئەوان زۆریان كرد لە ئێوە و منیش باشارم نەكردن و ئاوو هەواش ئیستە بۆ دروستكردنی حوكوومەتێك بۆ ئێوە دەست نادا!. خۆ ئەگەر حوكوومەتی كوردستانیش سەری نەگرت ئەوە پڕ بەدەم بانگ ئەكا ئەڵێ: باوكم من كەی وتوومە حوكوومەت بۆ ئێوە دروست ئەكەم؟!.. وەكوو چۆن پاشماوەكانیان ئێتر هەموجار ئەم قسەیان گرتبوو بە دەمەوە كە ئەیانوت: ئینگلیز كەی وتوویەتی من حوكوومەت بۆ ئێوە دروست ئەكەم؟!.. ئەگەر ئەم قسەیانە راستبێ كەوایان نەوتبوو بێجگە لە دروە كە زیانێكی گەورەیان كرد، چونكە حوكوومەتی [فەلە]شیان بۆ دروست نەبووا!.

ئەبێتەوە سەر قسەكەی «ئیدموندس» كە ئەڵێ: «هەرگیز ئینگلیز نەیوتووە حوكوومەت بۆ كورد دروست ئەكا». [ئیدموندس] بەوناوەوە كە ئینگلیزێكە یادداشتێك ئەنووسێتەوە لەمەشی هەر لە عالەمیەتی كە لە پاش (٣٨) ساڵ بەسەركارەساتدا، كارەساتێكی واكە سەری نەگرت، ئەو تازە بێنێ ئەو قسەیە زیندوو بكاتەوە لە ئینگلیز و بڵێت: «ئینگلیز وتی بە كوردەكان حوكوومەتان بۆ دروست ئەكەم و كەچی نەشی كرد!». دان نان بە قسەیەكی وا لە پیاوێكی ئینگلیزەوە بەرانبەر بە ئینگلیز شتێكی زۆر دوورە. بەڵێ ئینگلیز كارەساتی عیلمی بەجوانی باس ئەكەن بەڵام لە رەوشتی ئینگلیز نیەكە پشتی یەك بدەن بە هەرزا. ئەگەر رۆژ لەوەدا بوایە كە حوكوومەتەكە سەری بگرتایە ئەو وەختە نەوەك یەكێ، بەڵكوو هەموویان هاواریان ئەكرد كە ئێمە دروستمان كردووە!..

لەگەڵ ئەمانەشا كارەسات و مەتنێ هەموو پشتیوانی ئەوە ئەكەن كە ئینگلیز وەیا [دانلیس] بە تەواوی دانیان نابێ بەوەدا كە حوكوومەتی كوردستانی [شێخ مەحموود] ئەبێ ببێ و ئەو زروفانەی پێشوو كە باسكران هەموویان پاڵ بە ئینگلیزەوە ئەنێن كە دان بە حكوومەتی كوردستاندا بنێ و بە ئاشكراش بڵێ، بەڵام پاشەرۆژ بە جۆرێكی تر هەڵیگێڕنەوە ئەمە شتێكی ترە، وەكوو هەڵیانگێڕایەوە و هەموو وەخت ئەڵێن قسەی وامان نەكردووە و نەوتووە!.

مەحموود، یا لە راستیدا بەمەی نەئەزانی، وە یا هەندێ لە دەورو پشتەکانی نەیانئەویست ئیش بەم جۆرە بڕوا.

ئیش هەر جۆر بوو، [شێخ مەحموود]کەوتە سەر ئەوەکە دەستی ئینگلیز لە حوکوومەتی کوردستانا نەبەلێ، بەڵام هاتنە پێشەوەی فرمانەکانی [شێخ مەحموود] جۆرێکی‌تری لە ئینگلیز ئەگەیاند؛ ئەوەی تێ ئەگەیاندن کە گۆیا [شێخ مەحموود] خەریکە ئەوان دەرپەڕێنێ و دەستی تورک لە وڵاتی «سولەیمانی»دا بخاتەوەکایە. ئەم گەننە باوەڕە بوو بە هۆی ساردی بەینی ئینگلیز و حوکوومەتی کوردستان.

هەرچەندە سەرۆکی عەشرەتەکانی وڵاتی سولەیمانی و گەلێکیش لە هێنەکانی کوردەواری ئێران مەزبەتەیەکی گەورەیان لە سولەیمانی کردەوە لە لایەن ئەوەوە کە [شێخ مەحموود]یان قەبووڵ کرد بە حوکمداری کوردستان و دایان بە ئینلگیز، بەڵام کە ئینگلیز سەیری کردەوەکانی‌تری حوکوومەتی کوردستان ئەکرد نەئەچوە دڵیەوە ئەو مەبەستەی ئەو هەیەتی بە حوکوومەتی کوردستان، حوکوومەتی کوردستان ئەوەی بۆ پێک بێنێت.

لەبەر ئەمەکەوتە تەقە، لە «شێخ مەحموود» و وردە وردە جارێ مانگانەکەی کەم کرایەوە، ئەمجاکەوتە زڕنگاندنی ناوەکەی لەناو عەشایرەکاندا، لەمەوەکەوتە سەر ئەو فیکرەکە ناوی حکوومەتی کوردستان هەر بە تەواوی هەڵبگرێ، پڕوپاگەندەیان لەناو عەشایرەکانا بۆ ئەم مەبەستەکەوتە جرت و فرت کردن، جەنابی «مێجەرسۆن»یش لەو سەردەمانەدا کە لە وڵاتی سولەیمانی بوو، ئەویش بۆ تێکدانی ئەو جۆرە حوکوومەتەی [شێخ مەحموود] بە هەموو هێزێکیەوەکەوتە ئیش کردن، سەرەڕای ئەوەش دەستی‌دا بە جەورو ستەمێکی واوەکە ئەو سەری دیارنەبێتەوە. مەردم هیوای ئەوەیان بووکە ئینگلیز رزگارکەری قەومە بچووکەکانە، وا ئەمانیش رزگاریان بوو، کەچی زوڵم و زۆری ئەو گەلێ لەهی دەوری تورکەکان خراپتر بووا.

ئەمجا [شێخ مەحموود]یش کە ساردی بەینی خۆی و ئینگلیزی بە تەواوی بۆ دەرکەوت ناچار ئەویش کەوتە خۆی و کەوتە قسە کردن لەگەڵ سەرۆک عەشیرەتەکانا، مەبەستیشی لەمەدا ئەوەبوو بزانێ ئاخۆ کامیان لەلای ئەون و کامیان لای ئەونین تا بتوانێ ئەمجارە شۆڕشێکی راستەقینە بەرانبەر بە ئینگلیز بنێتەوە.

ئەمە لە مارسی (١٩١٩)شدا، خەبەری ناردبوو «مەحموودخانی دزڵی» کە بە ناوی ـ زیارەتی مەرقەدی کاکە ئەحمەد ـەوە بە لەشکرەوە بێت بۆ سولەیمانی، ئەمانەی هەموو کرد، [مەحموودخان]یش بە لەشکرێکی کۆکەوە خۆی گەیاندە ناوشار، ئەمجا لە [٢١ مارسی ١٩١٩]دا بە هەموو مەعنایەک سەری هەڵدا و ئەو کاربەدەستە ئینگلیزانەی کە لە سولەیمانی بوون گرتنی و شۆڕشی خۆی بەرانبەر بە ئینگلیز بلاّو کردەوە. لەولاشەوە لە لایەن هەورامیەکانەوە هەڵەبجە گیراو ئەم ناوچانە هەموو کەوتنە ژێر فەرمانی حوکمداری [شێخ مەحموود]ەوە.

ئینگلیزەکان بەم ئیشە ئێجگار شڵەژان و بە تەواوی لەگەڵ حوکوومەتی کوردستانا لێک ئاشکرابوون. ئەمجا لە رێگەی کەرکووکەوە لەشکرێکی زۆریان بۆ گرتنی شاری سولەیمانی و لەناوبردنی حوکوومەتی کوردستان نارد. کە حوکمدار ئەم خەبەرەی زانی ئەمیش لەشکرێکی نارد بۆ بەربەستکردنی ئەولێشاوە. هەرجارە لەشکری کوردستان سەر ئەکەوت و شکان و گەڕانەوە ئەبوو بە بەشی لەشکری ئینگلیز.

لێرەدا ئینگلیزەکان بە تەواوی کەوتنە خۆیان، بەوشکانی یەک لە سەر یەکەیان تووڕە بووبوون، کەوتنە سەر ئەوە کە ناوی خۆیان بسێننەوە. جارێ لەشکرێکیان نارد بۆ ولاّتەکانی خانەقی، کفری و گەرمیان کە نەیەڵن کوردەکانی ئەو ناوە لەگەڵ حوکوومەتی کوردستان یەک بگرن. خۆیشی لەم لاوە بە لەشکرێکی پڕ هێز و هەموو جۆرە چەکێکی هەوایی و سەرزەویەوە وەکوو لێشاو روو بە «چەمچەماڵ» و «دەربەندی بازیان» و «تاسڵوجە» بەرێ کەوت بە نیازی گرتنی سولەیمانی.

لەشکـری کـوردستان لە ژێـر سـەرکردەیی «شـێخ مـەحموود» خـۆیالە تـاسلۆجە بەرەنگاریان بوون، بەجۆرێکی زۆر پێس شکاندنیان و بـەرەو دوابـوونەوە، لەشکـری «شێخ مەحموود» دەس لەسەر شان راویان نان تا کردیانن بە دەربـەندی بـازیانا، لێـرەدا یارمەتیەکی فراوان لەکەرکووک و مووسڵەوە گەیشتە فریایان و خۆیان گرتەوە.

لەشکری ئینگلیز وەکوو خۆڵ و رشتە بەسەریەکا هەڵدرابوونەوە؛ گورگەو سیکەو پیاو خۆرو [مەغول] تا چاوکاری ئەکرد دەشت‌ودەری پڕکردبوو!. هەرچەندە لەشکری «شێخ مەحموود» بەرانبەر بەو لەشکرە هەر زۆر هیچ بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشا دیسـان گومان لە سەرکەوتنی لەشکرەکەی ئەماندا هەر نەبوو. ئەوەندە هـەبوو وەکـوو ئـەڵێن بەشارەزایی و پێشڕەوی «مشیری حمەی سلێمانی هەمەوەن» دەستە ئینلگیزێکی زۆر لە کلکەی شاخەکەی دەربەندەوە هاتن بەم دیوا ـ دیوی سولەیمانی ـ و پشتیان لە لەشکری کوردستان بڕیەوە. لەشکری لای شێخ بەمەی نەزانی، کاتێک پێیان زانی بەرەودوایان لێ گیراوە!.

شەڕ گەرم بوو، هەرچەندە بەرەی شێخ جەنگێکی مەردانە و بەکوڵیان کرد بەڵام لەبەر ئەوە لە هیچ لایەکەوە دەرفەت نەما بوو لە ١٩١٩/٦/٩ لەشکر شکاو «شێخ مەحموود» بریندار بوو کەوتە بن بەردێک کە ئێستە پێ ئەڵێن «بەردەقارەمانە». ئینگلیزەکان ئەهاتن بە ناو بریندار و کوژراوەکاندا ئەگەڕان و ئەیانویست [شێخ مەحموود]یان دەستکەوێ. هەر بەشارەزایی «مشیر» شێخیان ناسیەوەو بردیان. هەر بەو شاڵاوەوە هـاتن سـولەیمانیشیان داگیر کردەوە.

کە [شێخ مەحموود] گیرا بردیانە بەغدا، لە پاش بەڵێک لەگەڵ «شێخ حەمە غەریب»دا دران بە دیوانی عورفی ـ کە ئەندامەکانی هەموو ئینگلیزبوون ـ لە پاش موحاکەمەیەکی رواڵـەتی لە [٢٥ی تـەمووزی ١٩١٩] حـوکمی خـنکاندنی شێخیان دا و پـاشان حوکمەکەیانی گۆڕیەوە بە حەپسی هەتاهەتایی و لەگەڵ «شێخ حەمە غەریب» ناردیانن بۆ

«لەندامان» لە هندوستان. بەم جۆرە پەردە بەسەر دەوری یەکەم حوکمداری، حوکمداری کوردوستانا درایەوە. لەم لاشەوە ولآتی سولەیمانی و دۆستەکانی شێخ مەحموود کەوتنە گێژاوی حوکمی ناڕەوای ئینگلیزەوە، ئەوی پێ ئەکرا رێگەی دەشت و دەرو شاخەکانی ئەگرت و ئەوەش کە پێ نەئەکرا لە ژێر جەوری ئینگلیز ئەتلایەوە.

* * *

ئەوەی کە شایانی زیاتر باس لێوەکردن بێ لەم دەورەی حوکمداری یەکەمی شێخ مەحموودەدا ناردنی ئەو یادداشتە بوو بۆ کۆنگرەی «فەرسای» لە لایەن داواکردنی حقوقی کوردەوە.

دەورەی حوکوومەتی عوسمانی و ئەستەمۆڵ هەتا ئەهات پیرتر و بێفەڕتر ئەبوو، پیاوە دیکتاتۆرەکانی بەرانبەر بەو قەومانەکە کەوتبوونە ژێر سایەی ئیمپراتۆریەتەوە هەتا ئەهاتن خراپە و خراپەکاری‌یان زیاتر ئەکرد، قەومەکانی ژێر بەیداخ هەموو دەمێ لە کۆششی ئەوەدا بوون کە چارێک بۆ رزگارکردنی خۆیان بدۆزنەوە.

یەکێک لەو قەومانە قەومی «کورد» بوو، ئەمانە بە تەواوی بە تەنگ هاتبوون. پایتەخت ئەستەمۆڵ بوو، شوێنی گەلێ پیاوی گەورە و ناوداری هەموو قەومەکان بوو، لە کوردەکانیش زۆر کەس لەوێ بوون. ئەمانە کەوتنە سەرئەوە کە کۆمەڵێکی سیاسی دامەزرێنن و لە ژێر سێبەری ئەم کۆمەڵەدا داوای بەش خوراوی کورد بکەن.

لە ١٩٠٨دا گەورە پیاوەکانی کوردی ئەو سەردەمە: «ئەمین عالی بەدرخان، فەریق شەریف پاشای کوڕی سەعید پاشا، شەهیدی ولآت شێخ عبدالقادر، داماد أحمد ذوالکفل پاشا» بە ناوی «کۆمەڵی بەرزی و سەرکەوتنی کورد»ەوە کۆمەڵێکیان دانا و ئەمانە کەوتنە ئیش کردن. دیکتاتۆریەتی تووڕانی لە پاش بەتێک کۆمەڵەکەی هەڵگرت، ئەوەندە هەبوو لەندامانی کۆمەڵ بە جۆرێکی نهێنی هەروازیان لە ئیش کردن بۆ کورد نەهێنا.

جەنگی (١٩١٤-١٩١٨) بەسەراهات، سەرەتا حوکوومەتی عوسمانی لای وابوو بە پشتیوانی ئەڵمانەوە سەرلەکەوێ و ئەو وەختە بە ئارەزووی خۆی ئەکەوێتە کوشتن و برینی قەومەکانی ژێر دەستەی -کە دوژمنی هەرە گەورەی ناو قەومەکانیشی قەومی کورد بوون-

شەڕ دوایی هات و سوێندخوارەکان سەرکەوتن و بەڵکوو موتارەکەش کەوتە ناوەوە. لە اتحادیەکان حوکوومەتێکی مام ناوەنجی لە [ئەستەمۆڵ] دامەزرا، قەومە بەش خوراوەکان -کە یەکێک لەوانە کورد بوو- پشوویەکیان پێداهاتەوە، بە تایبەتی پیاوەکانی کورد دیسان سەریان بەرز کردەوە و کەوتنە ئیش کردن، هەر ئەوەندە نەا، بەڵکوو بە ئاشکرا کەوتنەوە داوا کردنی سەربەخۆیی و ئازادی کورد.

لێرەدا «بابی عالی» کەوتە دانانی دەستەیەکی وزاری بۆ جێبەجێ کردنی مەسەلەی کورد، هەیئەت لەم ئەندامانە دروست بوو:

«ئیبراهیم ئەفەندی حەیدەری شێخ الاسلام، عەبوق پاشا نازری ئەشغاڵ، عەونی پاشا نازری دەریایی» وە لە کۆمەڵی بەرزی کوردوستانیش هەیئەتێک دروست بوو کە ئەندامەکانی: «ئەمین عالی بەدرخان، مراد بەدرخان، شێخ عبدالقادر ئەفەندی» بوون. ئەمانە تێکڕا لە [بابی عالی] کۆبوونەوە و دەربارەی کورد ئەم بڕیارانەی خوارەوەیان دا:

١- کوردوستان سەربەخۆیی زاتی بدرێتێ بەو مەرجە کە لە ژێر سێبەری [عوسمانی]دا بمێنێتەوە.

٢- بەزوویەکی زوو ئەم سەربەخۆییە بڵاو بکرێتەوە و چی بۆی پێویستە جێبەجێ بکرێ.

ئەم بڕیارانەدرا، بەڵام رۆژ و مانگ بەسەر ئەچوو هیچ بەرێکی دیارنەبوو. لە ئاخرا «کۆمەڵی بەرزی کورد»، «کۆمەڵی جێبەجێ کردنی کاروباری کۆمەڵایەتی»، «کۆمەڵی سەربەخۆیی کورد» ئەمانە هەموو کۆبوونەوە و «شەریف پاشا»یان هەڵبژارد -کە ئەو

نێراوی کورد لە پاریس
[جەنەڕاڵ شەریف پاشای
سەعید پاشا]
....

سەردەمە شەریف پاشا لە پاریس بوو ـ بۆ ئەوە بچێ لە کۆنگرەی ئاشتی قسە لە باس و خواس و سەربەخۆیی کوردەوە بکا. لە پاش دوان و قسەکردن قسەی هەموو کۆمەڵە کوردییەکان هاتە سەر ئەوەکە:

١ـ شەریف پاشا لەگەڵ «یوغوس نەوبار پاشا» سەرۆکی نێراوە ئەرمەنیەکان لە [پاریس] یەک بگرن و بە جووتە قسە لە کاروباری کورد و ئەرمەنەوە بکەن.

٢ـ ئیشێکی وا بکەن کە ئەم بەندانەی خوارەوە تێکلاوی پەیمانی «سیڤەر» بکرێ ـ کە ئەو پەیمانە لە [١٠ی ئاغستۆزی ١٩٢٠]دا کرابوو. وە بە حوکوومەتی عوسمانیش ئیمزا کرابوو. بەندەکانیش بەندی «٦٢، ٦٣، ٦٤» بوون کە ئەمانەن:

بەندی «٦٢»

«هەر یەکە لە حوکوومەتەکانی فەرەنسە، ئینگلیزە و ئیتالیا سەروئەندام ئەنێرن و ئەم ئەندامانە لێژنەیەکی سێ قوڵی لە ئەستەموڵ پێک دێنن، بە شەش مانگ دوای بەجێ هێنانی ئەم پەیمانە سەربەخۆییەکی ناوچەیی ئامادە ئەکا بۆ ئەو شوێنانەکە کوردی تیدا دانیشتون و کەوتوونەتە رۆژهەلاتی «فورات» و جنووبی رۆژئاوای ئەو سنوورەکە لە دواییدا دائەنرێت بۆ ئەرمەنستان و شیمالی ئەو سنوورەکە «سووریە» و «مەزۆپۆتامیا» لە یەک جیائەکاتەوە. ئەمەش بە پێی ئەو تەعلیمات و دەستووراتانەکە لە بەشی (٢ و ٣) بەندی (٢)ی ژمارە (٢٧)دا باسکراوە.

بەڵام ئەگەر هات و ئەم ئەندامانە لە هەندێ شتدا، وە یا لە هەموویا قسەیان یەکی نەگرت هەریەکەیان ئەبێ لەم لایەنەوە حوکوومەتەکەی خۆیان ئاگادار بکەن. هەروەها پێویستە لەسەر ئەم لێژنەیەکانێ کە رێککەوتن لەسەر هەموو شتێک باسی پارێزگاری

حقووقی قەومەکەمەکانی ـ وەکوو لەو نەستووریانەکە ئەکەونە ناو ئەو ولاتەوە ـ بکەن و حقووقی ئەوانیش لەناو ئەو هەریمەدا پارێزرێت.

بۆ ئەم مەبەستەش لێژنەیەکی پێنج کەسی کە ئەندامەکانی لە بەریتانیا، فەرەنسە، ئیتالیا، ئێران و کوردبن دروست ئەبێ ـ ئەمەش ئەگەر پێویست بوو ـ بۆ پشکنین و بڕیاردان لەو سنوورانەدا کە بە پێ ئەم پەیمانە بۆ تورکیا دانراوەو ئەنووسێت بە ئێرانەوە».

بەندی «٦٣»

«حوکوومەتی عوسمانی لە ئیمڕۆوەوە گفت ئەدا کە لەو وەختەوە پێ ئەوترێ، تا ماوەی (٣) مانگ قسەوباسی هەر دوو ئەو لێژنەیەکە لە بەندی (٦٢)دا باسکرا بەڵێن و بڕیاری لەسەر بدا».

بەندی «٦٤»

«لە پاش ئەوەکە ئەم پەیمانە دروست بوو بڕیاری لەسەردرا ئەگەر لە ماوەی ساڵێکا ئەو کوردانەی کە کەوتوونەتە ئەو هەریمانەوە کە لە بەندی (٦٢)دا باسکرا داوایان لە «کۆمەڵی قەومەکان ـ عصبة الأمم» کرد کە زۆرتری کوردەکانی ئەم ناوچەیە ئەیانەوێ لە تورکیا جیا بینەوە و سەربەخۆبن، وە ئەویش ـ عصبةالأمم ـ دانی بەمەدانا کە ئەمانە ئەم شایستەییەیان تیا هەیە، تورکیا هەر لە ئێستەوە لەسەر ئەو ڕاسپێری «عصبە»یە بەڵێن ئەدا کە دەست لە هەموو ئەو حقووقانەی هەڵگرێ کە ئەکەونە ئەو ناوچانەوە.

ئەم دەست هەڵگرتنی حوکوومەتی تورکیایەش لە «حقووقەکانی» بە دوور و درێژی لە گفتوگۆ و کۆبوونەوەیەکی تایبەتیدا ـ کە ئەگیرێت لە بەینی ئەو و سوێندخوارەکانا ـ باس ئەکرێت. دوای ئەم دەست هەڵگرتنەش کە تورکیا دەستی هەڵگرت هیچ بەرهەڵستێک لە لایەن سوێندخوارەکانەوە ناخرێتە بەرچاو بەرانبەر بە ئارەزووی کوردەکانی ولاتی «موسڵ» ئەگەر بیانەوێ لەگەڵ ئەو کوردانەدا کە کەوتوونەتە ولاتی تورکیا و سەربەخۆییان وەرگرتووە تێکەڵاوبین و بچنە ناو ئەو جغزی حوکوومەتەیانەوە».

* * *

ئەم پەیمانی مۆتەمەری «سیڤەر»ە لەوانە بوو پشتی تورکی شکاند، بە تایبەتی کە ئەو بەندانەشی تێ‌خرا ئەوەندەی‌تر ئاژاوەی فیکری لە تورکیادا نایەوە، وەکوو بۆمان دەرکەوت دروستکردن و کۆشش کردن بۆ ئەم بەندانەو بۆ کۆڕی ئاشتی، کوردە دانیشتوەکانی ولاّتی ئەستەمۆلّ و ولاّتەکانی جزیر و بۆتان بوون. ولاّتی سۆران لەو سەردەمە دەستیان نەیانتەگەیشتێ. لە دەوری یەکەم حوکمداری [شێخ مەحمود]دا لە سولەیمانی کۆڕێک بەسترا، زۆر لە سەرۆکی عەشرەتەکان و «مێجەر نۆئیل»یشی تیابوو، مەزبەتەیەک رێکخراکە ئەمانیش ـ واتەکوردی عراق و سۆران ـ وەکوو کوردەکانی ئەو ولاّتە ئەوا «شەریف پاشا»یان کرد بە نمایندەی خۆیان بۆ داواکردنی مافی کورد لەکۆڕی ئاشتی و مۆتەمەری ئاشتی‌دا.

ئەم مەزبەتەیە درایە دەست «سەید أحمدی بەرزنجی» و «رەشید کابان» کە بیبەن بۆ [پاریس] و بیدەن بە شەریف پاشا. نێراوەکان لەرێ موسڵەوە بەرێ کەوتن بۆ پاریس. کە گەیشتنە «حەڵەب» لەوێ مانەوە و رێیان نەدرا بۆ چوونە [پاریس] بە خۆیان و مەزبەتەیانەوە گەڕانەوە بۆ ولاّتی «سولەیمانی».

لەگەڵ ئەمانەشا داخەکەم چ کۆڕی ئاشتی و چ دەوڵەتە گەورەکان هەر شتێک کە، وتیان هیچیان بەجێ نەهێناو هەمووی هەر مەرەکەبی سەرقاقەزبوو لە بارەی حقوقی کوردەوە!.

* * *

جۆنیەتی ولاّتی سولەیمانی لە پاش برانی شێخ مەحمود بۆ «هندستان» بە تەواوی تێکچوو، لە لایەکەوە لە ئاکرێ و ئامێدی ئاژاوە دەستی پێ کردبوو، لەم لاوە لە ولاّتی هەورامان و مەریوان و بانە دیسان هەرا هەڵسابوو، «ئوزدەمیر»یش ـ پاشماوەی تورک ـ لە ولاّتی رواندز تۆزی ئەکردا. لە لای سابلاّخ و ورمێ‌وە «سمایلاغای سمکۆ» دەستی پێ کردبوو. شەڕی (١٩١٤ـ١٩١٨) هەرچەندە بڕابووەوە بەلاّم گێچەڵ و پاشەلەقەی هەر

لەناوابوو، هێمنی و ئاسایش دانـەمەزرابووەوە. بـە تـایبەتی هـەستێکی کـوردایـەتی لە هەموولایەکی کوردەواری‌یەوە پەیدا بووبوو.

ئەمانەو مانەوەی «ئوزدەمیر» لە ولاّتی رواندز سەریان لە سیاسەتی ئینگلیز تێکدابوو لەولاّتا، بە جارێ چـوار چـاو بـووبووەوە. نـە ئـەمە بـوو لابکـاتەوە بـەلای «حـاجی شەعباناغا»ی ئامێدی و «فارساغا»ی زێباریەوە» ـ کە لەو ولاّتانەدا ئـاگـری ئـاژاوەیـان ناوەتەوە ـ نە ئەمەبوو لابـەلای «ئـوزدەمیر»ەوە بکـاتەوە کـە بـە خـۆی و لەشکـرێکی تورکەوە لە ولاّتی رواندز و دەوروبەریا خەریکی پـڕ و پـاگـەندەبوو بـۆ [تـورک] و خەریکی ئەوەبوو کە کوردەکان هەڵگێڕێتەوەو بیانکا بە سەر بە تورک.

ئـەمە لە «عـراق»دا. لە ئـێرانـیشدا بـەرەی سـەردار رەشـید و جـافرسانی لهـۆن و مەحموودخانی دزلّی و مەحموودخانی کانی‌سانان و حەمەخانی بانە، ئەمانە هەریەکە لە لایەکەوە ئاژاوەیەکیان ناوەتەوە و زرنگەی تەلی دڵی زۆریشیان بەلای کـوردایـەتی‌دا دەنگ ئەداتەوە. ولاّتی سولەیمانیش بۆ برانی [شێخ مەحموود] ئەوە هەر زۆر زۆر دڵ بریندارن و هەر رۆژە رۆژێک لە لایەکەوە کارەساتێک ئەقەومێ!.

ئەم شتانە هەموو ئینگلیزیان ناچارکرد بەوەکە دان بە واقعا بنێ و [شێخ مەحموود] لە هندستانەوە بگێڕێتەوە بۆ سولەیمانی و سەرلەنوێ شێخ مەحموود بێنێتەوە بە حوکمدار. هەرچەندە لەماوەی بەینی ئەم دووجاری حوکمداریەی‌دا حوکوومەتێکیش لە [بەغدا] بەناوی حوکوومەتی «فیصل»ەوە دانـرابـوو، بـەلاّم ولاّتـی کـوردوستان بـە بـێ «شـێخ مەحموود» هەر نەئەچوو بەڕێوە.

لەو ماوەیەداکە ئینگلیز کاروباری سولەیمانی ئەبینی و شێخ مەحموود لە [هندستان] بوو، لە «٢٥ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٠»دا بە ناوی حـوکوومەتی عـراقیەوە یـەکـەم وەزارەتی [سەید عبدالرەحمانی نەقیب] لە بەغدا دامـەزرا و پـێ ئـەوترا «حـوکوومەتی وەختی». لەو وەختەدا «مەندوبی سامی» بەغدا ئەمەی لە وەزارەت گەیاند کـە ئـەبەوێ خۆی چاوێری ولاّتی سولەیمانی بکا.

دەنگی گەڕانەوەی [شێخ مەحموود] بۆ سولەیمانی بلاّوبووەوە، دەستە و دایەرەکەی

ـکە تا ئەو سەردەمە هەر سەریان بۆ ئینگلیز دانەنەواندبوو بە ناوی چەتەیەتیەوە هەر بە شاخ و داخەکانەوە بوون ـ هەموو کۆبوونەوەو هاتنەوە بۆ سولەیمانی. تەوەک هەر ئەوان بەلکوو لە هەموولایەکەوە و لە هەموو عەشرەتەکانەوە ولاتی سولەیمانی بۆ هاتنەوەی شێخ مەحموود، بوو بە پۆرەی هەنگ و بوو بە دەورێکی زۆر تاریخی لە ژیانی سولەیمانیدا. بوو بە رۆژێک کە رۆلەکانی کوردوستان هەموو کۆئەبەوە بۆ پیشوازی مەلکی کوردوستان!.

[شێخ مەحموود] لە پاش نزیکەی سێ ساڵێ دیلیەتی لە ئاخر و ئۆخری (١٩٢٢)دا گەڕایەوە و هاتە بەغدا و لەوێوە بەڕێ کەوت بۆ سولەیمانی. پێشوازی و ئیستیقباڵ بەرەبەرە بۆ پیریەوە چوونی «شێخ مەحموود» لە سولەیمانی دەستی پێ کرد، سەرەتای پێشوازی کەران گەیشتە بەغدا، هەتا رووبەرووی سولەیمانی ئەبوونەوە دنیای شادمانی زیاتر ئەبوو، ئەو رۆژە چ رۆژێک بوو کە [شێخ مەحموود] چووەوە ناوشاری سولەیمانی ؟!. هەر لە ئەیلوولا بوو شادی چوونەوەی «شێخ مەحموود» بۆ سولەیمانی، هەر لە ئەیلوولیشا بوو ناکامی سولەیمانی، بەلام ئەویان نە (١٩٢٢)دابوو. ئەمیان لە (١٩٣٠)دا!..

[شێخ مەحموود] حوکمداری کوردستان لە بەرگی مەلکیدا.

وەختی خۆی ئەوەبوو «مەسدوویی سامی» لە وەزارەتی نەقیبدا هەندێ قسەی لەبارەی ئیدارەی سولەیمانیدا کردبوو، ئەم قسانە بووبوونە مایەی دڵ رەنجاندنی سولەیمانی و دەستەی [شێخ مەحموود]. کە شێخ مەحموود گەڕایەوە بۆ سولەیمانی ئینگلیز ئەیەویست پینەی ئەو قسانەی خۆی بکاو ئەو ساردیە لەبەینی خۆی و سولەیمانیدا نەیەڵێ. بڕیاریدا لەشکرەکەی لە [سولەیمانی] بکێشێتەوە و دەستەیەک بۆ ئیدارەی سولەیمانی دابنرێ، دیارە ئەمەش لە ژێر فەرمانی «شێخ مەحموود»دا ئەبێ.

لە [١٤ ئەیلوولی ١٩٢٢]دا کۆنگرەیەکی ناوچەیی دروست کراو «شێخ مەحموود» بوو بە سەرۆکی ئەو کۆنگرەیە، لە پاش چەند رۆژێک لە تشرینی دووهەمی (١٩٢٢)دا ناوی خۆی نایە «مەلکی کوردوستان» و لە راستیدا ناوی مەلکی وەرگرت، ئالای سەربەخۆیی کوردوستان لەو رۆژەدا لە شاری سولەیمانی هەلکراو یەکەم وەزارەتی کوردوستان بەم جۆرەی خوارەوە دامەزرا:

شێخ قادری برای شێخ مەحموود	سەرۆکی وەزیرەکان و سوپاسالار.[١]
عبدالکریم عەلەکە	وەزیری دارایی
مصطفی پاشای یاموڵکی	وەزیری فەرهەنگ
شێخ حمە غەریب	وەزیری ناوەوە
صالح زەکی صاحبقران	وەزیری هێزی میللی
أحمد بەگی فتاح بەگ	وەزیری گومرک
حماغای ئەورەحماناغا	وەزیری نافعە
سەیید ئەحمەدی بەرزنجی	سەرۆکی ئەمنی عام
حاجی مەلا سەعید	وەزیری دادگا
سدیق ئەلقادری	موفەتشی هەموو حوکوومەتی کوردستان

بەم جۆرە حوکوومەتی کوردوستان و وەزارەتی دامەزرا، لە پاش ئەمە وردە وردە کاروباری ئیدارەی حوکوومەت رێکخرا، دایەرەکان دەستیان کرد بە ئیش کردن، نووسینی دایەرەو دەرەوە بە کورد دەست پێ کرا، پولی تەمر پۆستە دەرهێنرا. بزنانە و مەڕانە وەرئەگیرا و پوسوڵەی ئەدرا. سەرۆکی عەشرەتەکان سەریان ئەدا لە پایتەخت و

---

١ - ئەم ناوانە لە رۆژنامەی «بانگی کوردوستان»ی ئەو دەورەدا ـ کە لە سولەیمانی دەر ئەچوو ـ لە باتی وەزیر رئیس داناوە، بەلام مەبەست لە رئیس وەزیری اصطلاحی ئێستەیە.

دڵخۆش بوون بەم حوکورمەتە.

ئەوەندە هەبوو ئەم [ئیدارە]و حوکمداری و پادشایەتیە هەر بۆ سولەیمانی ـ واتە بۆ لیوای سولەیمانی ـ بوو، دیارە [شێخ مەحموود] ئارەزوویەکی تری هەبوو ـ ئارەزووی سەربەخۆیی هەموو کوردستانی هەبوو ـ بە ناوچەی سولەیمانی رازی نەئەبوو. ئەمجا کەوتە سەر داواکردنی هەموو شارە کوردەواریەکانی تری عێراق و ئەیەویست هەموویان بکەونە ژێر ئاڵای کوردستانەوە.

لەو لاشەوە «ئوزدەمیر» کە ئاوازی حوکومەتی کوردستانی بیستبوو بە هەموو جۆر ئەیەویست خۆی لە مەلک نزیک خانەوە، کەوتە فروفێڵی «میکیافیلی» و لە راستیدا خۆی لێی نزیک خستەوە و لەگەڵ مەلکدا دەمێ راسپێری‌یان گەیشتە یەک!.

لەوسەردەمەدا «مێجەر نۆئیل»ی مستشاری شێخ مەحموود و وەکیلی (مەندووبی سامی) بەریتانیا لە سولەیمانی بوو، هەستی کرد کە شتێک لە کایەدایە. ئەم هەستەشی لەبەر ئەوە بوو کە گەلێ بیر و باوەڕی جیا جیا لە سولەیمانی پەیدا بووبوو؛ شێخەکانی بەرزنجە لە لایەکەوە لە بەر ئەوە [شێخ مەحموود] مەلیکە و لەبەرەی بەرزنجەیە ئەیانویست هەچ ئیش وکارێک هەیە ئەبێ لە ژێردەستی ئەواناییێ، نەوەک هەر ئەوەندە بەڵکوو بە هەموو جۆر ئەیانویست حوکم بکەن و ئەشیان کرد، هەریەکە لە لایەکەوە ئاغەیەک بوو بۆ خۆی!. کەس خەتی کەسی نەئەخوێندەوە.

لە لایەکی‌ترەوە هەندێک لە وڵات دیدەکانی سولەیمانی لەو باوەڕەدابوون کە سیاسەت و خزمایەتی گەلێ لە یەک دوورن، بەڵکوو ئەوان لە سەر ئەو مەفکورەیە بوون کە مەیدانی سیاسەت ئەوەیە لە هەر لایەکەوە بای هات پیاو ئەبێ لەولایەوە شەن بکا!. لە باوەڕی ئەوانا تێکچوونی دەوڵەتی عوسمانی و هاتنی ئینگلیز بۆ ئەو وڵاتە ئەمە درۆیەک بووە لە کورد کراوەتەوە، چونکە ئەگەر ئینگلیز نەبوایە ئەوان نەئەگەیشتن بەو سەربەخۆییە!. کە واتە تا ئاخر هەناسە ئەبێ لەگەڵ ئینگلیز بن و نابێ قسەی بشکێنن.

هەندێکی‌تریش هەر بە بیر و باوەڕێکی پێشین لەسەر ئەو رایەبوون کە ئەبێ حوکوومەتی تورک لەبەر ئەوەکە ئیسلامە بێتەوە و ئەبێ لە ژێر فەرمانی [خەلیفە]دا بن!. هەر دوو دەستەکەش بە جارێ کە کردەوەی شێخەکانی بەرزنجەیان ئەبینی لە ولاتی سولەیمانی بێزیان لە خۆیان و لە ئیدارەی سولەیمانی ئەهاتەوە.

«شێخ مەحموود» خۆیشی پیاوێک بوو لە چاکە بەولاوە هیچی‌تری نەئەویست، هەرچەندە [مەلیک] بوو بەلام لەرەوشت و هەلسوکەوتا بە تەعبیری ئێستە ئەوپەڕی دیموکراتی هەبوو، هەموو‌کەس ئەیتوانی [شێخ مەحموود] ببینێ و ئەویش هەموو کەس ببینێ، هەرکەس کە ئەچوە لای سەربەخۆ وەزیرێک بوو، نەوەک هەر وەزیرێک بەلکوو «فەیلەسووف»ێک بوو بۆ ئیدارەی ولات!..

جا پیاوێکی وەکوو [شێخ مەحموود] لە ناو شەپۆلی ئەم هەموو بیروباوەڕانەدا ئەبێ چۆن سەر دەرکا و چۆن بگاتە ئەو ئامانجە کە ساڵەهای ساڵە بۆی ئەجەنگێ؟.. تا لە باوەڕی دەستەیەک رزگاری ئەبوو باوەڕی دەستەکەی‌تر سەری رێیان پێ ئەگرت.

[مێجەر نۆئیل]گەلێ کۆششی کرد کە مەلیک لە باوەڕەکانی‌تر بازگەشت بکاتەوە و بە تایبەتی نەکەوێتە شوێن فڕوفێڵی میکیافلی ئوزدەمیر، هیچ کەڵکی نەبوو. بۆ ئەمەش کە بە تەواوی خۆی پیاو خراپ نەکا «چەپمەن»ی کرد بە وەکیلی خۆی لە سولەیمانی و خۆی سولەیمانی بەجێ هێشت.

کردەوە و باس و خواسەکانی «شێخ مەحموود» لەگەڵ ئوزدەمیردا ـ کە بە هۆی کۆششی پیاوە تورک خواکانەوە بوو ـ هەر زیادی ئەکرد، ئەم زیادکردنەش دەستی نەئەدا بۆ ئینگلیز. (چەپمەن) کەوتە خۆی و ئەویش دەستە و دایەرەیەکی پەیدا کرد و بەرە بەرە لە ژێرەوە بۆ رووخاندنی حوکوومەتی [شێخ مەحموود] چاکیان لێ کرد بەلادا!. لە ئاخردا وای لێ هات بە تەواوی دانیان لە یەک سپی بووەوە، مەکینەی حوکوومەتی کوردستانیش ئەوا جارێ هەر لە گەڕێ.

[شێخ مەحموود] هەتا ئەهات شیرگیرتر ئەبوو، فیکری هاتە سەر ئەوەکە پەلاماری کەرکووک بدا. لەم رووەوە سەرۆکی عەشایەرەکانی بانگ کردو کەوتە گفتوگۆ لەگەڵیانا. وەکوو وترا لەبەر ئەوەگەلێ شەپۆلی فیکری لە سولەیمانیدا هەبوو هەندێک لەمانە لەگەڵی بوون و هەندێکیش قسەیەکی راستیان نەئەدا بە دەستەوە.

لەم دەورانەدا «سمایلاغای» سمکۆیش هات بۆ سولەیمانی و بوو بە میوانی [حوکوومەتی کوردستان]، ئەو ماوەیەکە لە سولەیمانی مایەوە خزمەتێکی شاهانە کرا، لە رووی حوکمداری کوردستانیشەوە گەلێ قسە لە بەینی ئەو و «شێخ مەحموود»دا هاتوچۆی کرد. هاتنەکەی ئەمیش وارێ کەوتبوو کاتێک بوو کە حوکوومەتی کوردستان لەگەڵ ئینگلیزدا شیریان لەیەک ئەسوو سولەیمانی وەکوو مەنجەڵی سەرئاگر ئەکوڵا. بە تایبەتی چی ئینگلیز لە سولەیمانی هەبوو «شێخ مەحموود» دەری کردبوون.

ئینگلیزەکان زۆر داخ بەدڵ بوون لە [شێخ مەحموود]، ئەیانویست سولەیمانی لە دەست دەرێنن و نەشیان ئەزانی چۆنی دەرێنن، هەرجارە لەشکریان ئەنارد و بە ناهومێدی لەشکر ئەگەڕایە دواوە. ئەمجا هاتە سەر ئەوەکە بە هۆی بۆمبارانەوە سولەیمانی بە [شێخ مەحموود] چۆڵ بکا. ئەمەش لەسەرێکەوە ئیشێکی گران بوو بەرانبەر بە ئینگلیز؛ دوو شتی پێچەوانە لە سولەیمانی هەبوون؛ [شێخ مەحموود]ی لێ بوو کە داخی ناوە بەدڵی ئینگلیزەوە و لەبەر ئەو بۆم بوردمانی سولەیمانی ئەکا. [سمایلاغای] لێ بوو کە ئەو سەردەمە ئینگلیز سمایلاغای بە دۆست ئەزانی و نەیئەویست بە جارێ ئاگر لە هەموو لایەکەوە بۆ خۆی بنێتەوە!.

هیچ چاری نەما هات لە پێشا «بەیاننامە»ی فڕێدایە خوارەوە؛ لە [٢٣ شوباتی ١٩٢٣]دا بۆ سمایلاغا کە سولەیمانی بەجێ بێڵێ چونکە ئەم ئەیەوێ بۆردمان بکاو نایەوێ ئەو تووشی زیان بێت. لە (٢٦)ی هەینی مانگا بۆ [شێخ مەحموود] و ئەهلی شار کە شار چۆڵ کەن بۆردمان ئەکات.

«سمايلاغا» لە [٢٨ شوباتی ١٩٢٣]دا خۆی و سوارەکانی دیدەنیان تەواو بوو [رشید جودت]یان لەگەڵ چوو چوونەوە بۆ وڵاتی خۆیان.

پاش ئەوان [شێخ مەحموود]یش بە خۆی و لەشکریەوە چوونە دەرەوە و روویـان کردە ئەشکەوتەکانی «جاسەنە». ئەهلی شاریش بەرە بەرە لە شار دەرچوونو روویان کردە قەرەداغ و شار بازێڕ و ئەوناوە.

لە بەیانی [٤ی مارتی ١٩٢٣]دا هێشتا سولەیمانی بە تەواوی چۆڵی نەکردبوو فڕۆکە بۆمبا هاوێژەکان بەسەر شاری سولەیمانیدا وەکوو دالاش دەستیان کرد بە سووڕانەوە!. لە سووڕی یەکەم و دووهەم و سێهەمدا یەکەم بۆمبایان خستە خوارەوەکە، ماڵی [حاجی عارف بەگ]ی بەرکەوت، حمەبەگی کوڕی نەبێ لەگەڵ برابچکۆلەکەیا لە بازاڕ بوون کەسیان دەرنەچوون!. لە پاش هاویشتنی چەند بۆمبایەک سولەیمانی بەجێ هێشت و گەڕایەوە. فڕۆکەکان نەگەیشتبوونەوە فڕۆکەخانەکانی خۆیان لەشکری ئینگلیز گەیشت و سولەیمانی داگیر کردەوە.

کام سولەیمانی؟. ئەو سولەیمانیە کە بۆمبا کاولی کردووە و دەنگی شین و شەپۆڕی گریان و زاری لە گەرووی ئەوکەسانەوە هەڵئەستێ کە فریانە کەوتوون ناوشار بەجێ بێڵن!. بەم جۆرە پیاوەتیە ئینگلیز سولەیمانی گرتەوە و گۆیا حوکوومەتی [شێخ مـەحموود]ی هەڵفڕان.

لەولاشەوە کە «شێخ مەحموود» رووی کردە وڵاتی قەمچۆغە و جاسەنە فـڕۆکـەو باڵۆن هەمووساتێک بەسەر سەریەوە بوو، بەڵام دڵقایمی و ئازایـی شـێخ مـەحموود و پیاوانی [شێخ مەحموود] لەوەدا نەبوو کە سەر لەو جۆرەشتانە بکەنەوە. شەڕ لە بـەینی حوکوومەتی کوردستان و ئینگلیزدا بوو بـوو بـە داشـی دامـە، هـەرجـارە بـە لایـەکـا لەسووڕایەوە.

لەو ماوەداکە ئەو لە دەرەوەی سولەیمانی بۆ ئینگلیز جەورێکی زۆری ئـەنوانـد لە

سولەیمانی‌دا، هاتوچۆی پیاوی «شێخ مەحموود» بەدزی هەر هەبوو بۆ سولەیمانی، ئەم جەورە هۆشێکی تری هێنایەوە بە بەرخەڵکدا، لە لایەن [شێخ مەحموود]یشەوە سەرۆکی عەشرەتەکان بە تەواوی لێ کۆبوونەوە و هاتنە سەر ئەوەکە بە پەلاماردانێکی مردن و ژیان پەلاماری ئینگلیز بدەنەوە و سولەیمانی لە دەست بسێننەوە.

خۆیان بۆ ئەم هێرشە ئامادەکرد و روو بە سولەیمانی هاتن، لە [١١ی تەمووزی ١٩٢٣]دا سولەیمانیان گرتەوە و ئینگلیزیان دەرپەڕاندەوە، دیسانەوە «شێخ مەحموود» کەوتەوە قایم کردنی سولەیمانی و حوکمداریەکەی جارانی. تا نزیکەی ساڵێک بەم جۆرە ئینگلیز هیچی لەگەڵ پێنەکرا.

* * *

لە [٢٥ی نیسانی ١٩٢٠]دا کە بەریتانیا بە ناوی ئینتدابەوە نیشتەوە بەسەر عێراقەوە، هەرچەندە کە وەزارەتی دەرەوەی تورکیا لەو وەختەدا دانەیەک لە پەیمانەکەی «سیڤەر»ی وەرگرت و پاشان دایە دواوەو نەچووە ژێر ئەو قسانەکە لە بارەی سەربەخۆیی کوردەوە لە پەیمانەکەدا دابووی. قسەوباسی پەیمانی «لۆزان» لە پاش ئەو مێژووە لەناو حوکوومەتەکانا هەبوو لە ئاخردا لە [٢٤ی تەمووزی ١٩٢٣]دا. ئەمیش ئیمزاکراو بەتەواوی کوردیان لە هەمووشت بێبەش کردا..

هێشتا پەیمانەکەی «لۆزان» ئیمزا نەکرابوو، واتە لە ساڵی (١٩٢٢-١٩٢٣)دا کوردەکانی عێراق دەمودووی ئەوەیان بۆ دەرکەوتبوو کە حوکوومەتێکی گەورەی واکە کوردستانی عێراقیشی بەرکەوێ ـ لەبەر ئەوەکە بەر هەڵستیان زۆرە ـ بۆیان دانامەزرێ و نابەڵێ، بەڵکوو ئەو جۆرە قسەیە لە ناوا هەیە کە کوردستانی عێراق بخرێتە پاڵ حوکوومەتی عێراقی.

دوو حوکوومەتەی بەریتانیا و عێراق کەوتبوونە سەر ئەوەکە پەیمانێک لەبارەی کوردەکانەوە بدەن و بە دڵخۆشی ئەم پەیمانە «شێخ مەحموود» لەو باوەڕەی خۆی

هەڵگیرنەوە. پەیمانەکەشیان ئەمەبوو:

«حوکومەتی عێراق و بەریتانیا هەردووکیان دان بە حقوقی ئەو کوردانەدا ئەنێن کەوان لە عێراقا و رێگەی ئەوەیان ئەدەن کە حوکومەتێکی کوردی لەناو ئەم چوار چێوەی عێراقەدا بۆ خۆیان دابنێن، لەم رووەوە خۆیان سەرپشکن بۆ دروستکردنی چۆنیەتی ئەو حوکومەتە و بۆ دانانی سنووری. وە ئەتوانن پیاویش بنێرن بۆ بەغدا بۆ ئەوە باسی پەیوەند و ئاشنایەتی ئابووری و سیاسی خۆیان لەگەڵ دوو حوکومەتەی عێراق و بەریتانیادا بیرێننەوە.»

ئەم قسەیان دا و کەسیشیان نەچوو بەگوێچکەیاندا!.

لە [١٠ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٢]دا پەیمانی چوارساڵەی عێراق ـ ئینگلیز هاتە پێشەوە، بەو مەرجە کە سەرەتای ئەم پەیمانە لە وەختێکەوە دەست پێ بکا کە پەیمانی ئاشتی لە بەینی عێراق و تورکیادا ببەسترێ. کە پرۆتۆکۆڵی ئینگلیزی ـ عێراقی لە [٣٠ نیسانی ١٩٢٣]دا کراو بە تەواوی دانی نابەوەدا کە سەرەتای پەیمانەکە لەو مێژووەی پێشووەوەبێ ئیتر ئەم پرۆتۆکۆڵە بڕیاریدا کە سولەیمانی بکەوێتە پاڵ بەغدا، وە بۆ ئەوە کە کوردەکان دڵیان هیچ چەکەرە نەکا لە [١١ی تەمووزی ١٩٢٣]دا دیوانی وزاری عێراقی بڕیاریدا کە:

[١ـ حوکومەت بێجگە لە کاربەدەستانی پێشەوەفەن هیچ کاربەدەستێکی «عەرەب» لە ولاتی کوردەواریدا دانەنێ.

٢ـ کوردەکان لە کاروبار و مراجعاتی رەسمیدا حوکومەت ناچاریان ناکا بەوەکە بە عەرەبی قسە بکەن.

٣ـ حوکومەت پێویستە لە سەری پارێزگاری هەموو جۆرە حقووقێکی دانشتوانی دینی و غەیرە دینی ئەو ولاتانە بکا.]

کە ئەم قسانە هاتە ناوەوە بەمانە تۆزێ ناوشاری سولەیمانیان هێمن کردەوە و پێنج

نایبیان چوو بۆ «بەغدا».

* * *

لەم لاوە لەم فرمانانە روویدا، لەولاشەوە ئەوەبوو کە «شێخ مـەحموود» لە [١١ی تەمووزی ١٩٢٣]دا سولەیمانی داگیرکردەوە و کەوتەوە ئیش کردنە کەی جارانی. لەم ماوەیەدا حوکمڕانی ئەکرد و کوردەکانی هەمولایەک بە هەموو جـۆر هـاتووچۆی سولەیمانیانی ـ یان ئەکرد.

کە ئەم ئیشانە لە بەغدا رووی‌دا ئیتر دەستی نەئەدا بۆ ئینگلیز کە پیاوێکی وەکوو «شێخ مـەحموود» مـەلیکی کـوردستان بێت، وەیـا دەسـتی نـەئەدا بـۆی کـە کـوردستان سەربەخۆیەکی بێ، چونکە ئەو ئارەزووەی کە ئەو هـەیبوو بـە ولاتـی کـوردەواری عێراق، وەیا ئەو ئارەزووەی کە ئەو هەیبوو بە عێراق، پیاوەکانی بەغدا بە بارێ سوپاسەوە بۆیان جێ‌بەجێ ئەکردا.

مەسەلەی کوردەکان و بەغدا بەرانبەر بە ئینگلیز وەکوو مەسەلەی کابرای لێ هاتبوو کە کوڕە نەخۆشەکەی بردە سەر «سەی ساق» و گیسکێکیشی لەگەڵ برد بۆی سەربڕی، لەگەڵ ئەوەدا نەئەبوا گیسکی ببردایە، بەڵکوو ئەبوا مەڕێکی بـبردایە کـە چـوونەسەر شەخسەکە رووی کردە شەخس و پێ‌وت:

«سەی ساق! تۆ وەگیسکێ خاسی ئەکەیتەوە خاسی کـەرەوە، خـاسی نـاکـەیتەوە «بالاتەران» وە مامرێ کرە ئەکا!»[١].

لەم ماوەیەداکە «شێخ مەحموود» لە سولەیمانی بوو لە هەموو لایەکەوە بە تایبەتی لە قۆڵی پێنجوێنەوە سەرۆکی عەشرەتەکان و هەموو جۆرە کوردێک هاتووچۆیان ئەکرد و بەگیانێکی پاکەوە ئەیانویست لەم حوکوومەتە بژیت. رسووماتی حوکوومەتیش وەکوو جاران کۆ ئەکرایەوە و هەموو شتێک لە رێگەی خۆیەوە ئەڕۆیشت. لە ولاتی ئێرانا بـە

---

١ ـ «سەی ساق» و «بالاتەران» دوو مەزارن لە شارەزوور، هەریەکە لەسەر کێوێکن بەرانبەر بەیەک.

تەواوی دڵگەرمیەکیان بەم کوردایەتیە پەیداکردبوو.

حوکوومەتی ئینگلیز و عێراق کەوتنە سەر ئەوەکە بە تەواوی قۆڵ بکەن بە قۆڵی یەکا بۆ لە ناوبردنی حوکوومەتی «شێخ مەحموود»، وەزارەتی بەغدا وەزارەتی «جعفر عەسکەری» بوو، بە تەواوی لێ بڕا، با هەر جۆرە زیانێکیش رووبدا هێرش بەرێتە سەر حوکوومەتی سولەیمانی. بە تایبەتی لە [۴ی مارسی ۱۹۲۴]داکارەساتی کوشتاری بەینی «فەلە»کان و ئەهالی «کەرکووک» روویدابوو، لێرەدا [شێخ مەحموود] زۆر بە سۆز هەڵیدایەو ئەیەویست لە تۆڵەی ئەو ئیشە ناشیرینەی «کەرکووک»دا تووی فەلەکان بیرێنرێتەوە. لەم لاوەش مەندووبی سامی بەغدا «السیرهنری دوبس» بە هەموو دڵێکیەوە ئەیەویست ئیشەکە بپۆشرێ، تەنانەت «فەتاح بەگ»ی موتەسەرفی کەرکووکی لابردبوو. «مەجید یەعقووبی» رەئیسی بەلەدیەی داتابوو لە شوێنی هەر، بۆ ئەوە برینەکە تەشەنە نەکا. کەچی لەولاوە [شێخ مەحموود] ریسەکەی ئەمی ئەکردەوە بە خوری و هەر زیاتر لەسەری ئەڕۆیشت.

کە «کەرکووک» تۆزی نیشتەوە ئەم ناسۆرە لە دڵی مەندووبی سامیا زیاتر ژانی پەیدا کرد، «مستر کورنوالیس» مستشاری داخلیەو شارەزای کاروباری وڵاتی سولەیمانی بوو، [مەندووبی سامی] ئاخر بڕیاری لەگەڵدا کە بە هۆی «عەلی جەودەت» وەزیری داخلیەو «جعفر عەسکەری» و دیوانی وزراوە تا ئاخر هەناسە بڕیار بدەن بۆ لە ناوبردنی حوکوومەتی [شێخ مەحموود].

هەموو ئەم ئیشانە کراو هێزی حوکوومەتی عێراقی بە هێزی عەسکەری لیوی و هێزی هەوایی بەریتانیەوە روو بە وڵاتی سولەیمانی کەوتنە جموجوڵ. سەرەتای شەڕ هەر لە دەوروبەری [چەمچەماڵ و دەربەندی بازیان] دامەزرا، لەبەر ئەوە دەستێکی نهێنیش لەژێرەوە لە وڵاتی سولەیمانی ئیشی هەر ئەکرد، لەشکری [شێخ مەحموود] لەگەڵ ئەوەدا پیاوانی وەکوو کەریم بەگی فەتاح بەگ و «سابری کەریم بەگ»یشی هەبوو هەر توانای

گێڕانەوەی ئەو هێزانەیان نەبوو.

لە ئاخردا لە [١٩ی تەمووزی ١٩٢٤]دا شێخ مەحموود سولەیمانی بەجێ هێشت و عەسکەری عێراقی و ئینگلیزی سەرلەنوێ شاری سولەیمانیان گرتەوە و ئەم جارە بە هەموو توانایەکیانەوە کەوتنە قایم کردنی ولاتی سولەیمانی و دەرەوەی، وردە وردە رەگی خۆیانیان تیا داکوتا، ئەمجا هەر بە قسەی ئینگلیز حوکوومەتی عێراق هێنای ملکەکانی [شێخ مەحموود]ی هەموو زەوت کرد و بەیانی دەرکرد کە ئەم مولکانە مافی «شێخ مەحموود»یان پێوە نیە.

[شێخ مەحموود] کە سولەیمنی بەجێ هێشت رووی کردەوە ولاتی «جاسەنە» و لەم لاوە تا ولاتی پێنجوێن هەر بە ناوی حوکمداریەوە دەستی بۆ لەبرد، کە هێزی حوکوومەت ئەچووە سەری لەشکرەکەی ئەچوونە ئەشکەوتەکانەوە و ئیتر ئەوان هیچیان پێ نەئەکرا.

هەروەها لە حوزێرانی (١٩٢٥)دا مەندوویی سامی بەغدا و حوکوومەتی عێراق فەرمانێکیان دەرکرد کە هەرکەس «شێخ مەحموود» بگرێ چەبە زیندوویەتی، چە بە مردوویەتی شەست هەزار رووپیەی بدرێتێ. وە بۆ «کەریم بەگی فتاح بەگ» و بۆ «سابری کەریم بەگ»یش هەر یەکە (٢٠) هەزار رووپیە بەخشش دانرابوو بۆ ئەو کەسە کە بیانکوژێ وەیا بیانگرێ!.

کابرایەکی [هەلە]ی لیوی بە خۆ گۆڕین چووبوو بۆ کوشتنی شێخ مەحموود و ئەوانیتر، شێخ پێ زانیبوو، لە پاش پرسیار لێ کردن بە تەواوی بۆی دەرکەوت کە مەسەلە وایە، ناچار فەرمانیدا بە کوشتنی.

دەرچوونی [شێخ مەحموود] لە سولەیمانی و تێکچوونی حوکوومەتی کوردستان، لە دڵ کارێکی گەورەی ئەکردە سەر دڵی کوردەکان و لەبەر هێزی داگیرکەریش ئەوانەی ناوشار نەیانئەتوانی دەنگ بکەن. تەنانەت کوردە ناحەزەکانی [شێخ مەحموود]یش

تێکچوونی ئەو حوکوومەتەیان هەر بەلاوە خۆش نەبوو، چاوەڕوانی ئەوەبوون کە ئەگەر هەلێکیان بۆ هەڵکەوێ بەسەریا نەچن، جا سەر ئەکەون یا سەر ناکەون ئەمە شتێکی ترە.

ئینگلیز هەستی بەمە کردبوو لەبەویست بە جۆرێکی [خەبرمباشر] تا پێ بکرێ دڵی کوردەکان راگیرکا، بە تایبەتی ئەوا لەو لاشەوە «شێخ مەحموود» کۆڵی نەداوە و هەر لە شاخەکانایەو زیاد لە قابلیەتی جارانی عەزیەتی حوکوومەت ئەدا، بوونی ئەوو مانی ئەو هیوایەکی گەورەیە بۆ هەموو جۆرە کوردێک.

هەر لەبەر ئەمەبوو کە لە شوباتی (١٩٢٥)دا لەوکاتەداکە لیژنەکەی «کۆمەڵی ئەقوام» هاتن بۆ تێ گەیشتن لەو ناکۆکیەی بەینی عێراق و تورکیا لەسەر مووسڵ، بەریتانیا ئەوەی زیندوو کردەوە کە ئەبێ کوردەواری عێراق پاڵ بدا بە عێراقەوە بەڵام بەو مەرجە کە ئارەزووەکانی کورد بەجێ بهێنرێ؛ ئەوسێ ئارەزووانە کە لە [١١ی تەمووزی ١٩٢٣]دا دیوانی وەزارەتی عێراقی بڕیاری لەسەردا و لەلاپەڕە (١٠٢) ئەم کتێبەداباسکرا.

دووپاتەکردنەوەی ئینگلیز بۆ ئەم قسانە هەر بۆ ئەوەبوو کە دڵی کوردەکان ـوەکوو باسکرا ـگۆیا بکاتە خۆی!..

«شێخ مەحموود» لەگەڵ ئەوەشا کە لە دەرەوەی سولەیمانی بوو لەم لاوە بە تەواوی حوکوومەت و ئینگلیزەکانی بێزار کردبوو حوکوومەت بە هیچ جۆر چاری نەئەکرد، لەولاشەوە لە خەتی پێنجوێنەوە لەگەڵ هەورامان و مەریوانا دەنگوباسی قسەی داخستبوو کە رووبکاتە ئەو ناوەش، ماوەی بەینی جاسەنە و پێنجوێن و مەریوان دەسەڵاتێکی تەواوی بەسەردا هەبوو.

لەو سەردەمانەدا «مستر ئەدمونس» بە قسەی «مسترکورنوالیس» مستشاری داخلیە لەو ولاتانەدا ئەسووڕایەوە کە کەمتر دەستی «شێخ مەحموود»ی ئەگەیشتێ. یەکێ لەو شوێنانە «کۆیە» بوو. لەو وەختەدا «عەلی کەمال» لەوێ معاونی پۆلیسی کۆیە بوو.

[مستر ئەدمونس] ئەچێتە لای پێ ئەڵێ کە گۆیا ئەو بەڵکوو خۆی بگەیەنێتە «شێخ مەحموود» و پێ بڵێت دەست لە ئاژاوە هەڵگرێ و بچێت بۆ بەغدا. عەلی کەمال ئەمەی بەلاوە سەیری ئەبێ؛ [شێخ مەحموود]ێ کە خۆی بە مەلیکی کوردستان ئەزانێ چۆن لە شتێکی وادا ئەکەوێتە شوێن قسەی ئەم؟!.

بە «ئەدمونس» ئەڵێ ئەمە ناکرێ بەڵام من ئەتوانم لەگەڵ «صالح زەکی بەگ»دا ـ کە لەو وەختەدا لەگەڵ شێخ مەحموود بوو ـ قسە بکەم و بەڵکوو ئەو شێخ تێ بگەیەنێ.

لەسەر ئەم ئەگیرە «عەلی کەمال» قسە لە «صالح زەکی بەگ» ئەگێڕێتەوە و ژوان ئەدەن کە لەدێ «خەرابە» یەکتر ببینن.

ئەمجا هەر لەو ڕۆژانەدا هەر دوولا ئەچنە «خەرابە» و ئاخر قسەیان دێتە سەر ئەوە کە بەڵکوو [صالح زەکی بەگ] شێخ مەحموود بینێتە سەر ئەوبارە کە بچێت بۆ بەغدا بۆ چاوپێ کەوتنی پیاوەکانی بەغدا بۆ ڕێککەوتن.

کە [صالح زەکی بەگ] ئەگەڕێتەوە و مەسەلە، لە شێخ مەحموود تێ ئەگەیەنێ. شێخ ڕازی نابێ بە چوون، بەڵام بڕیار لە سەر ئەوە ئەداکە لە لایەن ئەوەوە «صالح زەکی بەگ» بچێت بۆ بەغدا و هەر قسە و باسێکی ڕێ کەوتن هەیە ئەو بیبڕێنێتەوە.

لە دەوروبەری سەرەتای ساڵی (١٩٢٦)دا [صالح زەکی بەگ] ئەچێ بۆ بەغدا، لەوێ لاشەوە مستر ئەدمونس، کورنوالیس تێ ئەگەیەنێ لە کەین و بەین. صالح زەکی بەگ «عبدالمحسن سعدون» وەزیری داخلیە و «مستر کورنوالیس» مستشاری داخلیە ـ ی لە وەکالەتی [شێخ مەحموود]ەوە چاوپێ ئەکەوێ. ئیش و کار هەموو لە دەست کورنوالیسابوو. قسەوباس دێتە سەر ئەوە کە شێخ مەحموود وازبێنێ لە هەمووشت و لە [عێراق] بچێتە دەرەوە، کارێکی بەسەر سیاسەتی عێراقەوە نەبێ؛ یەکێ لە کوڕەکانی بنێرێ بۆ بەغدا بۆ خوێندن، مڵکەکانی پێبدرێتەوەو خۆی یەکێکی بۆدابنێ بۆ چاوێری کردنیان.

«صالح زەکی» ئەم قسانەی هەڵگرت و هێنانیەوە بۆ شێخ مەحموود، شێخ مەحموود

لەمە زۆر تووڕە بوو بەڵکوو هەندێ شتیشی دایە پاڵ «صالح زەکی بەگ» و حەپسیشی کرد.

«شێخ مەحموود» زووتر قسەی دابوو بە وڵاتی مەریوان و پێنجوێن کە بچێت بۆ ئەو ناوە، بەرە بەرە وڵاتی (جاسەنە) و ئەشکەوتی بەجێ‌هێشت و رووبەرووی دەورووبەری پێنجوێن بووەوە کە لەوێوە بچێت بۆ «پیران» لە مەریوان. وڵاتی سولەیمانیش لە تەنگوچەڵەمەدابوو، هێزی حوکوومەت هەموو ئەو ناوەی داگیر کردبوو، زیاتر لە هێزەکەش پۆلیس و سەربازی کورد بوون، هەرچەندە بۆ شەڕ کردن لەگەڵیا سەربازی لیوی و ئینگلیز و سەربازی عێراقی پێکەوە ئەچوون بەگژیا بەڵام باوەڕی ئینگلیز و حوکوومەتی عێراقی ئەوەبوو کە پۆلیس و سەربازە کوردەکان پێش بخرێن!. «شێخ مەحموود»یش نەیئەویست گوللەی خۆی بەو جۆرە بە ئاشکرا بنێ بە کوردەوە، چونکە ئەو ئەیەویست کورد رزگارکا، ئێستە چۆن خۆی بیانکوژێ؟!. ئەمە و دیسان وڵاتی [جاسەنە] و دەوروبەری سولەیمانی بە هۆی بوونی لەشکری «شێخ مەحموود»ەوە لەو ناوەدا تووشی گەلێ بۆردمان و عەزیەت بووبوون لە لایەن هێزی حوکوومەتەوە.

ئەم دوو هۆیە بوو کە پاڵیان نا بە «شێخ مەحموود»ەوە بۆ ئەوە ئەو وڵاتە بەجێ بێڵێ و بچێت بۆ «پیران».

لەو دەورانەداکە ئەو لە بەینی پیران و پێنجوێن‌دابوو لە لایەن حوکوومەتەوە وەڵامی بۆ نێراکە حوکوومەت ئەیەوێ رووبەروو لەگەڵ خۆیدا دەمیان بگاتە یەک و بەڵکوو لەم کۆبوونەوەیانا رێک بکەون و ئیتر هەردوولا وازبێنن. جا حوکوومەت دانانی ئەو شوێنی کۆبوونەوەیە خستۆتە دەست شێخ مەحموود خۆی، لەکوێ ئارەزوو ئەکا تاتیا کۆببنەوە.

«شێخ مەحموود» بەمە رازی بوو «خورماڵ»ی دانا بۆ شوێنی کۆبوونەوە و قسە کردن تیایا.

ئەمجا لە [٤ی ئەیلوولی ١٩٢٦]دا مستر کورنوالیس مستشاری داخلیە، [کابتان هۆڵت] سکرتیری «مەندووبی سامی» بەغدا، وە موفەتیشی ئیدارەی سولەیمانی لە لایەن

ئینگلیزەوە بە ڕێ کەوتن بۆ خورماڵ و لەولاشەوە شێخ مەحموود بەخۆی و چەند پیاوێکەوە هات و کۆبوونەوەکەیان (٣) سەعات درێژەی کێشا. لەم کۆبوونەوەیەدا قسەیان لەگەڵی شتەوەکرد. لە ئاخردا لەو شوێنەدا لەسەر ئەم شتانەی خوارەوە ڕێ کەوتن:

١- [شێخ مەحموود] خۆی و هەندێ لە خزم و پیاوەکانی لەسەر پرسوڕای حوکوومەت نەبێ نەیەنە ناو عێراقەوە.

٢- دەست لە هیچ ئیشێکی حوکوومەت نەدا، کەسیش هەڵنەخڕێنێ بۆ ئەوە دەست بخاتە کاروباری حوکوومەتەوە، تێکلاوی هیچ بزووتنەوەیەکی سیاسی نەبێ بەرانبەر بە «عێراق».

٣- [بابەعەلی] کوڕی بنێرێ بۆ «بەغدا» کە لە سەر حسابی حوکوومەت بخوێنێ.

٤- ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان حوکوومەت لێ خۆش بوو، ئەم لێ خۆشبوونەی کە لە بارەی سیاسەتایە نەیێتە هۆی ئەوە کە ئەگەر خەڵکی‌تر لە بارەی کاروباری تایبەتیەوە لەگەڵیان، ویستیان شکات و شکانکاری لێ بکەن ڕێگەیان لێ بگرێ.

٥- ئەو مڵکانەی کە حوکوومەت لێ زەوت کردووە پێ بداتەوە، وە ئەو ئەتوانێ یەکێکیان بۆ دابنێ بۆ ەوە بیانهێنێتە بەرهەم.

٦- حوکوومەت خۆشبێ لە هەندێ لەژێر دەستەکانی بەرانبەر بە چەند پەیمانێک، بەڵام لەوانەی کە گوناحەکانیان زۆر زلە لەوانە خۆش نابێت[١].

پاش ئەم قسانە ئینگلیزەکان هەستان گەڕانەوە بۆ بەغدا و «شێخ مەحموود»یش بۆ دەوری پێنجوێن و پیران. لەم مەرجانە کە ئەم ئینگلیزانە دایانانا شێخ مەحموود زۆر سەری سڕما، لە ئاخردا هەر بە هیوای ئەوە کە بزانێ دنیای پاشەڕۆژ بە چە کارەساتێکی‌تر ئاوسە، لە [٢٢ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٦]دا لە لایەن خۆیەوە «سەید أحمدی

---

١ - مەبەست بەو گوناحبارە زۆر زلانە لەو ڕۆژانەدا «کەریم بەگی فتاح بەگ و سابری کەریم بەگ و شێخ عەلی ئەڵبەزەو شێخ موحەممەدە بچکۆلەو خەلیفە یونس» و چەند کەسێکی‌تر بوون.

مەرەخەس.ی نارد بۆ بەغدا بۆ جێبەجێ کردن و ئیمزاکردنی ئەم پەیمانە. «سەید أحمد» ماوەیەک لە بەغدا مایەوە و لە لایەن ئەم فرمانەوە کەوتە قسەکردن لەگەڵ پیاوەکانی بەغدا و لەگەڵ ئینگلیزەکانا. تا لە دەوروبەری ناوەڕاستی کانوونی دووەمی (١٩٢٧)دا حوکوومەتی عێراقی ئیمزای پەیمانەکانی کردو [سەید أحمد] هێنایەوە بۆ «شێخ مەحموود» کە ئەویش ئیمزای بکات.

لەو ماوەیەدا کە «سەید أحمد» چووبوو بۆ بەغدا «شێخ مەحموود» هەر فیکری لە چۆنیەتی ئەم پەیمانە ئەکردەوە؛ فیکری لەوە ئەکردەوە کە ئەو لەو رۆژەوە هۆشی کردۆتەوە تا ئەم رۆژە ئەم هەموو شۆڕش و ئاژاوانەی بۆ سەندنەوەی حەقی خوراوی کورد و بۆ سەربەخۆیی کورد کردووە، کەچی ئێستە پەیمانێکی وەها هەموو کۆششەکەی ئەدا بە بادا و وەکوو ئەوە وایە کە هەر هیچی نەکردبێ!. لەبەر ئەم باوەڕانە لە ئیمزاکردنی پەیمانێکی وا پەشیمان بووەوە و بڕیاریدا کە بەو جۆرە بە ئاسانی ئیمزای نەکا. بەو بۆنەوە هێنای لە [٢٧ی کانونی دووەمی ١٩٢٧]دا ئەم نامە و مەرجەی بۆ مەندووبی سامی بەغدا نووسی و بۆی نارد. بۆی نووسی کە:

«لەبەر ئەوە کە وەختی خۆی حوکوومەتی بەریتانیا لەبارەی حقووقی کوردەوە هەندێ قسەو پەیمانی داوە بە کۆمەڵی ئەقوام ـ عصبةالأمم ـ وە ئێستە پشتی لەو قسانە کردۆتەوە. من داوای بەجێ هێنانی ئەو پەیمانانە ئەکەم، وەیان بەلانی کەمەوە بۆ ئەوە من بتوانم ئەم پەیمانەی بەینی خۆم و حوکوومەتی عێراقی.یە ئیمزا بکەم ئەبێ ناوچەی پێنجوێنم بدرێتێ بۆ ئەوە ئەو ناوچەیە ببێ بە شوێن و جێگەی ئەو کەسانە کە وەکوو من داوای حقوقی میللی کورد ئەکەن.».

[مەندووبی سامی]ش بۆی نووسیەوە کە:

«کۆمەڵی ئەقوام شتی.وای نەوتووە کە سەربەخۆیی بدرێ بە کورد، ئەوی ئەودانی پیانایێ ئەوەبووە کە ئارەزووی کوردەکان بەجێ بهێنرێ، ئەم ئارەزووەش ئەوەیە کە

کاربەدەستەکانیان لە خۆیان بێ، زمانی کوردی زمانێکی رەسمی بێ. دوو حووکومەتی عێراقی و بەریتانی ئەمەیان قەبووڵ کرد و کەوتنە جێبەجێ کردنی.»

[شێخ مەحموود] کە ئەم وەڵامەی بیستەوە بڕیاری‌دا لەسەر شۆڕشی خۆی بڕوا دەستی کردەوە بەداگیر کردنی ئەو وڵاتانەو بە پیاو ناردن بە هەموو لایەکی وڵاتی پێنجوێن و شارەزوورا. سەرلەنوێ لە گەڵ حوکوومەتدا کەوتنەوە شەڕ. «پێنجوێن»ی کرد بە شوێنی بنەی شەڕ و بەرەبەرە روو بە وڵاتی «سولەیمانی» ئەڕۆیشت.

لەو ماوەی چەند مانگەدا کە شەڕ وەستێنرابوو، حوکوومەت لەبەینی پێنجوێن و سولەیمانی‌دا گەلێ کارقایمی کردبوو، نوختەی پۆلیسی لەهەموو لایەک دامەزراندبوو، هێزی هەوایی بەریتانی بۆ پاسی ئەو نوختانەو بۆ چاوترساندنی خەڵک هەموو وەخت هاتوچووی بوو.

پاش ئەمە هێزێکی زۆر زۆر لەهی حوکوومەتی عێراقی و لەشکری لیوی و فڕۆکەی ئینگلیزی بە جارێ پەلاماری «شێخ مەحموود»یان‌دا لە پێنجوێن و دەوروبەری پێنجوێن. بەرەی لای شێخ مەحموودیش بەرەنگاریان بوون، شەڕ هەتا ئەهات گەرمتر ئەبوو، هێزی حوکوومەت هەتا ئەهات زیاتری ئەکرد، هێزی «شێخ مەحموود» وردە وردە لەبەر کەم بوونەوەی چەک بێ‌هێزی بەسەردا ئەهات، لە گەڵ ئەمەشا زیانی کوشتاری بەری حوکوومەت و زیانی جبەخانە و فڕۆکەیان لە حساب نەئەهات.

لە ئاخرا لە [٢٠ی نیسانی ١٩٢٧]دا شێخ مەحموود پێنجوێنی چۆڵ کرد و هێزی حوکوومەت لە رۆژی (٢٣)دا چووە ناویەوە و بەهەموو جۆر دەستی کرد بە کار قایمی تیایا. هەرچەندە پێنجوێن لە دەست «شێخ مەحموود» دەرچووبوو بەڵام لە دەرەوە حوکوومەتی بەشەڕی چەتەیەتی کوشتبوو، هەرجارە لە لایەکەوە پەلاماری ئەدا.

پاش ئەم هەرایە هەندێ لە دۆستەکانی پێیان وت مادام کاروبار ئێستە وای لێ هاتووە، شەڕ نەچووە بچێت، یێە ئێستە پەیمانەکەی خۆت و مەندووبی سامی و حوکوومەتی

عێراقی ئیمزاکەو ئیمڕۆ هێمنیەک بدە بە حوکوومەت، سبەی رۆژێ کە پشوویەکمان پیا هاتەوە ئەتوانین ئەو شەڕەی ئێستە ئەیکەین ئەو رۆژە بیکەین.

قسەکەیانی وەرگرت و ئەمجا هات پەیمانەکەی ئیمزاکرد و دای بە «مەجید ئەفەندی» کانیسکان و «بابەعەلی» کوڕی خستە تەک و ناردیە پێنجوێن، لەوێوە ئەو چوو بۆ بەغدا، لە [١٣ی حوزەیرانی ١٩٢٧]دا ئەوان گەیشتنە جێ و پەیمانەکەی گەیاندە شوێنی خۆی.

لە رۆژی (١٧)ی مانگدا خۆیشی هات بۆ [پێنجوێن]، لەم لاشەوە موتەسەرفی سولەیمانی و موفەتیشی اداری ئینگلیز لە سولەیمانی چوون بۆ پێنجوێن، ئەوەی لەلایەن بەندەکانی پەیمانەکەوە مابوو جێبەجێ کرا، پاشان ئەمان گەڕانەوە بۆ سولەیمانی و ئەویش چووەوە بۆ «پیران».

لە (٢٨ـ حوزەیراندا [جعفر عەسکەری ـ رئیس الوزرا] چوو بۆ سولەیمانی و لەوێوە بۆ پێنجوێن، «شێخ مەحموود»یش لەولاوە هات و لەگەڵ ئەویشا چاویان بە یەک کەوت، قسەیان هاتە سەر ئەوەکە ئەویش خۆی بچێت سەرێکی بەغدا بدا، ئەم قسەشیە وەرگرت و بەرێ کەوت لە [٥ی تەمووزی ١٩٢٧]دا گەیشتە بەغدا و لەوێ «مەندووبی سامی» چاو پێ کەوت و شوێن و جێگەی بۆ «بابەعەلی» کوڕی ـ کە لەگەڵ خۆی هێنابووی ـ رێک خست و پاشان گەڕایەوە بۆ سولەیمانی و لەوێوە بۆ «پیران» لە مەریوان.

کە ئەو چوو لە «پیران» دانیشت مەعنای وانەبوو شۆڕشی کوردایەتی نیشتەوە و ئیتر ئاوکرا بە ئاگرا. لە ولاتی سولەیمانی لەسەر بە شێخ مەحموودەکان لە ژێرەوە هەر خەریک بوون و بۆ هەڵ ئەگەڕان، پیاوەکانی [شێخ مەحموود] هەموو جار هاتوچووی سولەیمانیان ئەکرد، لەم هاتوچووکردنەدا هەموو جۆرە باوەڕێک تازە ئەبووەوە.

بەڵێ وەکوو لە هەموو ولاتێک کە بەرەی تجار و خاوەن پارەکان حەز بە ئاسایش و پشێوەنەبوون ئەکەن لە سولەیمانیش ئەو دەستەیە لە رواڵەتا حەزیان بەو بێ پشێوەییە ئەکرد، بەڵام ئەمە مەعنای وانەبوو کە بزووتنەوەی «شێخ مەحموود»یان پێ ناخۆش بوو،

لەیانزانی کە شۆڕشی شێخ مەحموود بۆ سەربەخۆیی و بۆ ئازادی کوردە، هەموو دەمێکیش سەربەخۆیی و ئازادی لە دیلی و ژێردەستەیی خۆشترە، ئەوەندە هەبوو لە رواڵەتا لەبەر هێزی زۆردار وایان پیشان ئەداکە گۆیا ئەوەندە لووت بەم بزووتنەوەی [شێخ مەحموود]ەدا نایەنن. خۆ ئەگەر لە ژێریشەوە سەیر بکرایە هەموو کسپە لە جەرگیانەوەئەهات بۆ دەربەدەری «شێخ مەحموود» و بۆ تێکچوونی حوکوومەتی کوردستان /

بۆ وێنە پیاوەتیەکانی «کەریمی عەلەکە» کە لە ژێرەوە و بەبێ‌دەنگ لەگەڵ دەستەی [شێخ مەحموود] و لەگەڵ ئەهلی سولەیمانیدا بە پارەو بە لیرە ئەینواند ئەمە بەکێک بوو لە شا، وێنەی هەستی سولەیمانی بەرانبەر بە بزووتنەوەی شێخ مەحموود ولاتی شێخ مەحموود.

ئەمە لەم لاوە هەستی نهێنی سولەیمانی وا، لەولاشەوە مەرکەزی سیاسەت و بزووتنەوە لە سولەیمانیەوە چووبووە «پیران». شێخ مەحموود لەوێ دانیشتبوو ئەمەش مەعنای ئەوە نەبوو کە دەستی لە ئەنجامی شۆڕشی چەندساڵەی هەڵگرتووە، بەڵکوو کۆنگرەی راستی بۆ ئەم مەبەستە هەر لەوەبوو کە لە «پیران» دروست ئەبوو.

[پیران] ناوەڕاستی بزووتنەوەی شۆڕشی شێخ مەحموود بوو، مەریوان و هەورامان و بانە و جوانڕۆ و رەوانسەر بە دەوریەوە بوون، رێبازی گەرمیان و کوێستانی عەشرەتی جاف بو، رێگەیەکی نزیکی چەپەری [سنە]بوو بۆدەم بەیەک‌گەیشتن لەگەڵ ئەعیانەکانی سنەدا. شێخ مەحموود لەوێدا بەسانایی لەگەڵ ئەم هەموو شوێنانەدا قسەی ئەکرد و ئەم هەموو شوێنانە وەکوو پوورەی هەنگ لە دەوری کۆئەبوونەوە.

لەوێدا توانی مەزبەتەیەکی گەورە دروستبکاو بینێرێ بۆ ئەعیانەکانی سنە بۆ ئەوە بڕیار لەسەر بوونی حوکوومەتێکی کوردی بدەن و پاشان بە هۆی ئەم بەمەزبەتەو پشتیوانیەوە کە لە هەموو لایەکەوە ئەکرێ سەرلەنوێ تێ هەڵچێتیەوە و بکەوێتەوە ئیش کردن.

کەوابوو ئەو ماوەیە کە شێخ مەحموود لە «پیران» و «ولەژێر» بوو وەنەبێ تەنها لەبەر ئەوە بووبێ کە ئینگلیز،
وە یا حوکوومەتی عێراقی ڕێگەی هاتنەوەیان لێ گرتووە، بەڵکوو زیاتر ئامانجەکەی ئەوەبوو کە ئەوشتانە ڕێک خا. ئەگینا ئەگەر ئەو بیویستایە بە ژیانی چەتەیەتی ڕابیوێرێ هەموو دەمێک ئەیتوانی لەژێر سێبەری ئەو ژیانەدا ئینگلیز و حوکوومەتی عێراق تووشی گەلێ تەنگوچەڵەمە و گیروگرفتی بکا.

* * *

سولەیمانی و کوردەواری ماوەیەک بە هێمنی ڕواڵەتی و بە نائاسایشی فیکری ڕایانبوارد، ئەمان لەم لاوە و «شێخ مەحموود» لەولاوە. ورده ورده ساڵی (١٩٣٠) تەنگی بەهاتنە پێشەوە هەڵچنی، ساڵێکی سەیربوو بەرانبەر بە کوردەواری، بۆنی خوێنی لێ ئەهات؛ بۆنی خوێنی لێ ئەهات زیاتر بەرانبەر بە ناوشاری سولەیمانی!.
پەیمانی عێراقی ـ ئینگلیزی (١٩٣٠) خەریک بوو ئەهاتە پێشەوە، هێشتا ساڵی (١٩٣٠) نەهاتبوو «مەندوویی سامی» بەریتانی لە بەغدا «جلبرت کلایتن» مردو حوکومەتی بەریتانی «سیرفرنسیس همفریز»ی دانا بە مەندوویی سامی و لە [١٠ی کانوونی یەکەمی ١٩٢٩]دا گەیشتە بەغدا، بە پەلەگەیشت بۆ ئەمە بناغە بۆ بەستنەوەی ئەو پەیمانە دابنێ! چونکە بناغەکانی «کلایتن» بە مردنی خۆی تۆزێ تێکچوون.
کە ئەم هات بۆ بەغدا وەزارەت وەزارەتی «عبدالمحسن سعدون» بوو. وادیار بوو قسەکانیان یەکی نەئەگرت بۆیە لە داخانا لە [١٣ی تشرینی دووهەمی ١٩٢٩]دا لە بەغدا خۆی کوشت و لە وەسیەتنامەکەشیا وتی: «شەعب چاوەڕێ خزمەتە و ئینگلیزیش نایەڵێ، منیش هیچ پشتیوانێکم نیە، عێراق سەربەخۆیی ئەوێ کەچی بێهێزیشن، وا ئەزانن من بەرانبەر بەم نیشتمانە خائن ـم و پیاوی ئینگلیزم، داخەکەم قسەی پیاوی پیاو ناگرنە گوێ، کە واتە با من لە پێناوی ئەم نیشتمانەدا بیم بە پێشمەرگە!».

لە رۆژی (١٨) عەینی مانگا «ناجی سویدی» وەزارەتی دروست کرد، ئەویش کە سەبری کرد ئەرکەکانی ئینگلیزی پێ بەرێوە نابرێ. لە [٩ی مارتی ١٩٣٠]دا دایە دواوە. لە ئەرکە هەرەزلەکانی ئینگلیزیش مەسەلەی پەیمانەکەبوو، کە لە (١٩٢٢) کرابوو بۆ (١٩٢٧)، لێرەدا پێنج سالّی تر دوابخرێ، لە (١٩٣٢) کۆمەڵی ئەقوام ئەگەر نوێنەری عێراقی خستە ناوخۆیەوە ئەو وەختە ئەو پەیمانی عێراقی - ئینگلیزیە کە لە [١٤ی کانوونی یەکەمی ١٩٢٧]دا لە لەندەن ئیمزا کراوە بکەوێتە ئیشەوە.

کە ئەمانە رووی‌دا «نووری سەعید» هاتە پێشەوە و وتی ئەم ئیشە ئیشی ئەوان نیە ئیشی خۆمە!. لە [١٣ی مارتی ١٩٣٠]دا وەزارەتی دروست کردو کەوتە هاتوچوو و هەڵسووڕان بۆ پەیمانی ئەم ساڵی (١٩٣٠)ە!. لە ئەندامانی وەزارەتەکەی: «جمیل مەدفەعی» وەزیری داخلیە، «جمال بابان» وەزیری عدلیە، «جعفر عەسکەری» وەزیری دفاع بوون.

ناوی ئەمانەمان بۆ ئەوە هێنا چونکە ئیشمان پێیان ئەکەوێ بەکەمەکێ پێش مانگی ئەیلوول!. هەر لەم وەزارەتەشابوو کە «توفیق وەهبی» کرابە موتەسەرفی شاری سولەیمانی.

ئەو قسەیە لە هەموو کەس ئاشکرابوو کە پەیمانی عێراقی - بەریتانی ئەبێ لە رۆژی [٣٠ی حوزەیرانی ١٩٣٠]دا دوایی پێ بهێنرێ، وردە وردە بەندەکانی پەیمان بەگەلێ پێش ئەو مێژووە کەوتە بەرچاوی خەڵک. بە جۆرێکی تێکڕایی لە وڵاتەکانی جنووبی عێراق و بەغدا دەنگوباسی ناڕەزای خەڵک لەم پەیمانە بڵاوبووەوە، ئەویسترا ئەم پەیمانە بە جۆرێکی نیوە نهێنی بکرێ، کەچی زۆر خراپ دەنگی دایەوە، ئەم دەنگ دانەوەیەو قسە لێوە کردنەی خەریک بوو بەرانبەر بە عێراق ئاوەکە لە ئینگلیز لێڵ بکا!. هەرای شارەکانی جنووبی عێراق و شاری بەغدا دەستی پێ کرد، ئەمان لێرە لەگەڵ ئەو هەرایەدا خەریک بن.

* * *

ولاّتی سولەیمانی و کوردەواری کە سەیریان کرد ئەم پەیمانە بەم جۆرە کە ئەبەسترێ لەبارەی کوردەوە. هیچ شتێکی تیانیە و ئەو قسانە کە زووتر لە لایەن حقووقی کوردەوە وتراون بۆدەرمانیش لەم پەیمانەدا نین!. ئەمە ئاژاوەیەکی فیکری لە ولاّتی «سولەیمانی»دا نایەوە، نەوەک هەر لە سولەیمانی بەڵکوو لە هەموو کوردەواری عێراقدا. داخ و ژاری دوور خستەوەی [شێخ مەحموود] و تێکچوونی حوکوومەتی کوردستان لە دڵی خەڵکدا پەنگی خواردبووەوە ئەمەشی چووەسەرا.

جارێ لە مانگی شوباتی (١٩٢٩)دا جمال بابان، حازم شەمدین ئاغا، حەمەبەگی جاف، إسماعیل رواندزی، سیف‌الله خەندان، حەمەسالح بەگی حەمەعەلی بەگ ـکە ئەمانە نایبی کوردبوون لە پارلەماندا ـ عەریزەیەکیان‌دا بە رئیسی وزراو لە بارەی کاروباری کوردەوە داوای هەندێ شتیان کرد، کە لەو شتانە ئەمانەی خوارەوە بوون:

١ـ بەکیەتیەکی ئیدارەی کوردستان دروست بکرێ کە ولاّتەکانی کەرکووک، هەولێر، سولەیمانی بگرێتەوە و ئەمانە هەموو پێکەوە بن، لوایەک لە قەزا کوردەواریەکانی [مووسڵ] دروست بکرێت، چاوێری کردنی کاروباری ئەم یەکیەتی إدارەیە لە ژێر فەرمانی موفەتیشێکی کوردی گشتیدابێت کە ئەم موفەتیشە چەپەرو واستە بێت لە بەینی حوکوومەتی بەغدا و ئەم ناوچە کوردەواریانەدا.

٢ـ پارەی میزانیەی مەعارفی کوردەواری زیاد بکرێت.

٣ـ پارەی کاروباری گشتی‌تر لەو ناوچانە زیاد بکرێت.

کە ئەم عەریزەیەیان‌دا وەلاّمێکیان دەست نەکەوتەوە، لە مارتی (١٩٣٠)دا دیسان تێ هەڵچوونەوە، دیارە قسەکردنی ئەمانە لە رووی ئەوەوە بوو کە ئەیانزانی لە ولاّتی کوردەواری بزووتنەوەیەک سەری هەڵداوەتەوە!.

ئەم جارە رەئیسی وزرا تۆزێ شڵەژاو کەوتە قسەکردن لە گەڵ [مەندووبی سامی] هەر

دووکیان قسەیان هاتە سەر ئەوەکە بەندی یەکەمی عەریزەی ئەوانە جێبەجێ بوونی دروست نابێ، ئەوەندە هەبوو گۆیا وەزارەت دەستی دا بە دانانی ئەو قانوونەکە زمانی رەسمی لەولاتەکانی کوردەواری‌دا زمانی کوردی بێ.

ئەوەبوو کە لە [٢٣ی مارتی ١٩٣٠]دا نووری سەعید وەزارەتی دروست کردو «جمال بابان»ی خستەناو وەزارەتەکەیەوە ئاوکرا بە ئاگراو ئیتر داواکردنی شت لە لایەن ئەو دەستەیەوە دوایی هات!. لەگەڵ ئەوەش هەر بۆ ئاهی سوێن لە [١٠ی نیسانی ١٩٣٠]دا وەزارەت بڵاوی کردەوەکە:

«وەزارەت ئەیەوێ ئامانجی هەموولایەک بەجێ بێنێ، بە تایبەتی ئەوشتانەکە ئاشنایەتیان بەناوچەکانی کوردەواریەوە هەیە؛ لە ریزی ئەوشتانە ئەوەیەکە نووسراوێک دابنێت و لەم نووسراوەدا باسی ئەوە بکرێ: بە پشتیوانی بەندی (١٧)ی قانوونی ئەساسی زمانی رەسمی لە ولاتەکانی کوردەواری‌دا زمانی کوردی بێت، وەئەمە ـ ئیشەالله! ـ ئەدرێ بە پارلەمان و پارلەمانیش بەگیان و بەدڵ بریاری لەسەر ئەدا!.»

سەیرتریش ئەوەبوو هێشتا نە، نووسراوکرابوو، وەنەدرابوو بە پارلەمان کەچی هەندێ لە رۆژنامەکانی ئەو رۆژەی بەغداگیرەوکێشەیان بوو لەسەری ئەیانوت: زمانی رەسمی زمانی عەرەبیە، چۆن ئەبێ زمانی کوردی بێت؟!..

ئەمجا لەبەر ئەوەکاروباری ولاتی کوردەواری لە بارەی ئەم پەیمانەوە بەرانبەر بە ئینگلیز باش نەئەهاتە بەرچاو. مەندووبی سامی ـ ش هەر لەو ساڵی (١٩٣٠)دا نووسراوێکی بۆ دڵ خۆشکردنی کوردەکان‌دا بەکۆمەڵی ئەقوام و تیایا نووسی:

(لەبەر ئەوەکە کوردەکان لە ولاتی عێراقا لەکاروباری خۆیان رازی نین و متمانەی تەواویان نیە، وە لەبەر ئەوەکە سەرلەنوێ باوەریان پێ پەیدا بکرێتەوە «مەندووبی سامی و مەلک فیصل و نووری سعید» و مستشارەکان کۆبوونەوە و لەم رووەوە قسەیان کرد.

لەو قسانەدا کە کردیان:

١ـ دانانی قانوونی بەکارهێنانی زمانی کوردی.

٢ـ دانانی دەستە دلماجێک لە وەزارەتی داخلیەی بەغدا بۆ ئەوە ئەمانە قانوون و فەرمان و نیزامەکان بکەن بە کوردی.

٣ـ معاونی مدیری داخلیەی گشتی کوردبێت.

٤ـ قوتابخانەکان لە لواکانی هەولێر، کەرکووک و سولەیمانیا لەژێر چاوێری موفەتیشێکی تایبەتیدا بێت.

(ئەمانە هەموو لە پێش دوایی هاتنی ساڵی (١٩٣٠)دا جێبەجێ ئەکرێت.).

ئەمان ئەم قسانەیان لێرەوە ئەکرد و لەولاشەوە کوردەکان پەیتا پەیتا لە هەمولایەکەوە برووسکە و نامەیان لەلایەن حقووقی کوردەوە هەر ئەباران بە سەر کۆمەڵی ئەقوام لە «جنێف» و بە سەر موعتەمیدی مەندووب سامیدا لە بەغدا.

کاروباری سولەیمانی هەتا ئەهات زیاتر رووی بەلای گرژیدا ئەکرد، ئیشی خۆیانیان زۆر خراپ ئەهاتە بەرچاو، بەمەزبەتەو عەریزەو راسپاردن روویان ئەکردە هەرلایەک لە ناهومێدی بەولاوە هیچی تریان وەرنەئەگرت!. نە وەک هەر ئەوەندە بەڵکوو کەوتبوونە رۆژێکەوەکە، هەرابوو لەبەینی ژیان و مردنا؛ ئەوان تا ئەو رۆژە بە تەمای سەربەخۆیی و ئازادی بوون، کەچی سەیریان ئەکرد پەیمانی عێراقی ـ ئینگلیزی ـ یان بۆ ئەهێنانە پێشەوە، کە ئەم پەیمانە تەنانەت ژیانێکی تۆزێ هێمنیشی بۆ ئەوان تیانیە!.

لەبەر ئەمانە نەوەک تەنها ناوشار، بەڵکوو ئەهلی دەرەوەی شاریش هەستیان بە خەتەرێکی زۆر گەورە کردبوو بەرانبەر بە خۆیان، بەم بۆنەوە ناوشاری سولەیمانی لەم رۆژانەدا بوو بوو بە شوێنی کۆنگرەیەکی گەورە و لە هەموو لایەکەوە کوردەکان روویان تێ ئەکرد. لە زۆر لە دیواخانەکانی شارەکەدا بۆ ئەم مەبەستە و بۆ قسەکردن لە پاشەرۆژی کورد قۆمیتە ئەکرا و وتار و شعری ئاگرین لە لایەن شاعرەکانەوە لەگەڵ شوێن و شوێنە پڕمەردکانا دەنگی ئەدایەوە.

بلاّو کردنەوەی مەزبەتەکان بەسەر شوێنە سیاسیەکانا و کۆبوونەوەکانی ناوشاری سولەیمانی و ترسی گەیشتنی ئەم دەنگانە لەم کاتە تەنگ و چەڵەمەدا بە «شێخ مەحموود» لە دەرەوەی عێراق، ئەمانە هەموو حوکوومەتی «بەغدا»یان شڵەژاندبوو.

ئەمە لەملایەنەوەوا، لە لایەکی تریشەوە حوکوومەت بڕیاری داوە لە [١٠ی تەمووزی ١٩٣٠] دەست بکرێ بە هەڵبژاردنی نائبەکان و لە (١٠)ی ئەیلوولدا دوایی بێت بۆ ئەوە بە هێمنی لە وەختی خۆیا «نائب» بچنە پارلەمانەوە و بڕیار لەسەر پەیمانی [٣٠ حوزەیرانی ١٩٣٠]ی ئیمزاکراوی لەندەن بدەن!. کەچی لەم وەختەدا ئەم هەرایە لە سولەیمانی پەیدابێ ئەمە چۆن ئەبێ؟!. لە کاتێکا کە سولەیمانی چاوی بە قاقەزی هەڵبژاردنی سەرەتای (١٠)ی تەمووز کەوت ئەوەندەی تر ئاگری تێبەربووا. چۆن ئاگری تێبەر نابێ؟. ئەوێ کە بزانێ دانانی پارلەمانێکی وا بۆ سەربڕینی ئەو ئەبێ، گومان لەوەدا نابێ کە نایەوێ بچێتە [پارلەمان]ەوە.

لەم لاشەوە ولاّتەکانی جەنووب و شاری بەغدا ئەوانیش هەر بەو جۆرە تێک چووبوون، بەلاّم تێکچوونی ئەوان لەبەر دەردێک بوو، هی ولاّتی سولەیمانی لەبەر دەردێکی تربوو، دەردەکان گەلێ جیابوون لەیەک؛ ولاّتی عەرەبەکان ئەیانوت بە پەیمانێکی وەها نیوەگیان ئەبین، ولاّتی کوردەواری ئەیانوت نەوەک نیوەگیان. بەڵکوو خوێن لە لەشمانا نامێنێ!.

کە ڕۆژەکانی ولاّتی «سولەیمانی» و بیروباوەڕەکانیان وای لێهات، حوکوومەتی بەغدا ناچار بوو بەوە کە بکەوێتە گەڕان و پەلاماردان. بە تایبەتی «نووری سەعید» رئیسی وزرایە و بۆ مۆر کردنی پەیمان چووە بۆ لەندەن و «جعفر عەسکەری» زاوای کردووە بە وەکیلی خۆی و پێوتووە ئاگات لە ئیش بێ!.. لەولاشەوە «مستر هەمفریز» مەندووبی سامی بەریتانیایە لە بەغدا و ئەویش هەر بۆ مۆرکردنی پەیمان لەگەڵ هاوڕێ خۆشەویستیا نووری سەعید چووە بۆ لەندن و «مێجەر یانغ»ی لە شوێنی خۆی داناوە وئەویش بەوی

وتووە: تۆیش ئاگات لە ئیش بێت!.

لەبەر ئەمانە لە ڕۆژی [٨ی ئابی ١٩٣٠]دا جعفر عەسکەری وەزیری دفاع و نائبی رئیسی وزرا، مێجەر یانغ وەکیلی مەندوویی سامی، جمیل مەدفەعی وەزیری داخلیە و جمال بابان وەزیری عدلیە بە فڕۆکە ڕووبەڕووی کوردەواری بوونەوە و لە کەرکووک نشتنەوە و خەڵکیان کۆکردەوە، لە بارەی پەیمان و وڵاتی کوردەواریەوە دەستیان کرد بە قسەکردن لەگەڵیانا، لەوێ چوون بۆ «هەولێر» هەر عەینی چەشن و ڕۆژی (٩) گەڕانەوە بۆ «سولەیمانی».

کە چوونە سولەیمانی سەیریان کرد شاری سولەیمانی دەورەی شۆڕشێکی زۆر گەورە ئەگیرێ، لە هەموو دەستەکوردێکی وڵاتەکانی تیاکۆبووەتەوە و بە دەنگی ئاوازەی ئازادی، منداڵی ناوێشکە ئەلاوێننەوە دار و بەرد حەشاماتەو رێ بەر رێدار ناکەوێ.

بە هەر جۆرە بوو دڕیان بە خەڵکەکەدا و چوونە ناو سەرای حوکوومەتیەوە. بەردەرکی سەراو ئەو ناوەش پڕ بووە و هەر گەورە و بچووکێک لە عاستی خۆی شۆڕشێکی فیکری ئەگیرێ!. ئەمانە هەرچەندە ئەیانزانی قسەکردنیان لەو شوێنەدا و لەناو ئەو باوەڕانەدا جێ گیر نابێ بەڵام لەگەڵ ئەوەش «جعفر عەسکەری» و «مێجەر یانغ» هاتنە سەر لێواری بەرهەیوانی سەراکە و ڕوویان کردە خەڵکەکەو دەستیان کرد بە قسەکردن؛ بەو قسەکردنانەکە، تا ئەو وەختە ئەو خەڵکە زۆرشتی وایان گوێ لێ بووبوو هیچیشی نەهاتبووەدی!.

لە خۆشی قسەکان خەڵکەکەگوێیان ڕاگرتبوو چونکە هیوایەک بوو وەکوو هیواکانی جاران؛ ئەیانوت ئەوانەتان بۆ ئەکەین و ئەو فرمانە چاکانەتان بۆ بە ئەنجام ئەگەیەنین!. لە جەرگەی گوێ گرتنەکەدا و لە دوای بیستنی ئەوقسانە «رەمزی فەتاح» لەناو خەڵکەکەدا ڕاست بووەوە و وتی:

«جعفر عەسکەری!. ئەم قسانە بیخەرەوە توورەکەکەی خۆت و بیبەرە بۆ بەغدا،

جارێکی کە ئێمە بەم جۆرە قسانە هەڵئاخەڵەتین و ئەو جۆرە فرمێسکانە دڵمان فێنک ناکاتەوە بۆ ئەوە چاو لەسەر بەخۆیی و ئازادی خۆمان پۆشین، یا ئێمە، یا سەربەخۆیی و ئازادی!».

مەبەست بە فرمێسکەکان ئەو تنۆکە فرمێسکانە بوو کە [جعفر عەسکەری] بە چاویا ئەهاتە خوارەوە.

[جعفر عەسکەری] کە ئەو شۆڕش و هەمهەمەی ئەو رۆژەی چاوپێ کەوت لە «سولەیمانی» و ئەو کوردانەی بە فیشەک و تفەنگ و دەمانچەوە بینی و هەموو بە یەک دەنگ داوای ئازادی ولاتەکەیان ئەکرد، ئەویش لەکاتی وتارەکەیا جۆرە فرمێسکێک بە چاویا ئەهاتە خوارەوە و رووی ئەکردە خەڵکەکە و پەنجەی بۆ سنگی خۆی رائەکێشا و ئەیوت: «بۆچی ئەم خوێنە لەو خوێنەی ئێوە نی یە!» گۆیا دڵی بە کەساسی ولاتی کورد پڕ ئەبوو بۆیە گریا!.. بەڵام لە راستی‌دا ئایا ئەمە وابوو، دڵی پێیان ئەسووتا؟!.

بەلای منەوە وانەبوو، چونکە نەوەک ئەو، بەڵکوو دیسان بەلای منەوە لە سەرەتای ئەم سەدەی بیستەمەوە هەموو پەرێشانی و دەربەدەری و هەژاری و بە قوڕاچوونی کورد ئۆباڵی ئەچێتە ئەستۆی هەندێ لەو پیاوە کوردانە کە بە ناوی وەزارەت و پایەی گەورە گەورەوە ـ بە ناوی کوردەوە ـ لە پایتەختەکانا دانیشتوون و گۆیا تەمسیلی کورد ئەکەن. ئەوانە بۆ ئەوە پایەکەی خۆیان بپارێزن هەر خەریکی ئەوەن کەوا ئاژاوەو فەلاکەت بۆ کورد بێننەوە.

«عەلی کەمال»یش ئەو سەردەمە معاونی پۆلیس بوو لە بەغدا، بەخۆی و هەندێ پۆلیسەوە بۆ پارێزگاری ئەو دەستەیە چووبوو بۆ «سولەیمانی» و لەو قۆمیتەیەدا هەبوو، خەڵکەکە هەندێک ئەچوونەلای و هەندە جارێکیش پێیان ئەوت کە باوەڕی تۆ چیە؟ ئەویش پێ ئەوتن ئەم رۆژە رۆژی باسکردنی سەربەخۆیی نیە، رۆژی ئەوەیە داوای شتێک بکەن کە بۆتان سەربگرێ. لە باوەڕی ئەوا سەربەخۆیی سەری نەئەگرت!.

* * *

لەو سەردەمانەداکە ئەم وەزیرانە ئەچن بۆ ولاتی کوردەواری «مەعرووف جیاووگ» و «جەمال عارف» بەناوی پیتاک بۆ «یانەی سەرکەوتن» ـ کە ئەویش تازە دروست بووبوو لە بەغدا ـ ئەچن بۆکوردەواری، مەعرووف پێشەکی خەبەر ئەنێرێ بۆ «کەلار» بۆ حمەبەگی جاف کە بێت بۆ کەرکووک بۆ ئەوە لە بارەی کوردەوە هەندێ قسەی پێ بلێ و ئەو قسانە بە جعفر و ئەوان بلێت. ئەمان پاش ئەوە ئەچن بۆ سولەیمانی، لەوێ زۆر گوێیان نادەنێ، ئەگەڕێنەوە بۆ [هەولێر].

لە هەولێر لە ماڵی مەلاهەنی لە «باداوا» مەعرووف جیاووگ لەگەڵ «ئەحمەد عوسمان» تەلگرافێک ئەنووسن بۆ رۆژنامەی «ژیان» لە سولەیمانی و یەکێکیش بۆ رۆژنامەکانی بەغداکە ئەمانە بە هەموو دڵێکیانەوە پشتیوانی ئەو خواستانە ئەکەن کە سولەیمانی داوای ئەکەن بۆسەر بەخۆیی کورد. رۆژنامەی «ژیان» ئەوتەلگرافە بلاو ئەکاتەوە. پاش ئەمە ئەگەڕێنەوە بۆ سولەیمانی، ئەمجارە لە سەرشان هەڵیان ئەگرن. وەزیرەکانیش لەو وەختەدا لەوێ ئەبن.

دەستەی وەزیران رۆژی (١٠)ی ئاب ئەگەڕێنەوە بۆ بەغدا و خۆیان تێ ئەگەیشتن کە هیچیان بۆ نەکراوە.

ئەمجا بە قسەی مەعرووف جیاووگ کۆبوونەوەیەک ئەکەن لە سولەیمانی و قسەلەوەوە ئەکەن کە بۆ ئەم مەسەلەی سەربەخۆیی کوردە ئەبێ هەموو کوردەواری [عێراق] بە تایبەتی ولاتی «بادینان» تێ بگەیەنن، بۆ ئەوە هەموویان بە یەک دەنگ داوابکەن.

لەم رووەشەوە بڕیار وائەدەن کە نامەی بانگیشتن بنووسن بە ناوی «مەولوودیەوە» بۆ هەموو سەرۆک عەشرەت و شێخەکانی بادینان کە لە رۆژی [٢٤ ئابی ١٩٣٠]دا لە مزگەوتی گەورەی سولەیمانی، مەولوودی ئەکرێ، کۆمەڵی بەڕێوەبەر، بانگیان ئەکا بۆ

هاتنیان بۆ ئەو «مەولوودە»یە.

جا، کە، کۆبوونەوە، لەوێدا قسەوباس و خواسیان چیە هەمووی ئەڵێن و دەنگیان بۆ داواکردنی سەربەخۆیی کورد ئەبێ بەیەک.

هەر لەو شوێنەدا بە هەرەوزی قوتابیەکانی «زانستی» گەلێ نامە ئەنووسرێ و ئەخرێتە پاکەتەوە بەبێ ئەوەکە سەری بنووسرێ. روو، لە هەرکە ئەنێن بۆ بردنیان کەس بە خۆیا راناپەرمووێ. «جەمال عارف» لەگەڵ ئەوەشاکە ئەو سەردەمەش ئەفسەری عێراقی ئەبێ و گۆیا بەدەستوور لەگەڵ مەعرووف جیاووگاچووە، ئەرکی بردنیان ئەگرێتە ئەستۆ. وەریان ئەگرێت و ئەڕوا لە ولاتەکانی «دهۆک» و «زاخۆ» و ئەو ناوەدا بەهەر جۆر ئەبێ ئەیانگەیەنێ بە سەرۆک عەشرەتەکان بە چەشنێکی زۆر نهێنی.

سەرەدێتە سەر «ئامێدی» و ئەچێت بۆ ئەویش. لەو وەختەدا «ماجد مستەفا» قائمقامی ئامێدی ئەبێ و ئەبێ بە میوانی ئەو، بەلام پێ ناڵێ کە بۆچی چووە بۆ ئەو ولاتە. لەپاش کەین و بەین و قسەکردن ماجد ئەیەوێ پێ دەرخا کە چۆن رێ کەوتۆتە ئەو ولاتە؟ ئەمیش پێ ناڵێ.

پاش ئەمانە [ماجد] دەست ئەبا هەر قاقەزێک کە ئەم لەو ولاتانەدا لەولایەنەوە بلاوی کردۆتەوە دەریان ئەهێنێ و ئەیخاتە بەردەستی جەمال!. جەمال لەمە واقی وورِ ئەمێنێ. پاش ئەوە دیسان ماجد دەست ئەبا قاقەزێکی تر دەردێنێ و ئەیدا بە جەمال پیی ئەڵێ بیخوێنەوە. کە ئەیخوێنێتەوە سەیر ئەکا: ئەمە فەرمانێکی حوکوومەتە کە بۆ گرتنی ئەم دەرچووە و بلاو کراوەتەوە بەسەر هەموو شوێنە حوکوومیەکانا!گرتنەکەشی لەو رووەوەیە کە ئەم ئەرکەی گرتۆتە ئەستۆو ئەچێ ئیشێکی وا لەناو کوردەکانا بلاو ئەکاتەوە!.

ئەوەندەی تر سەری سڕ ئەمێنێ. بۆیەش وای لێ دێ چونکە لای‌وایە ئیشێکی زۆر نهێنی کردووە. تومەس قاقەزی بەهەرکەس داوە لەو ولاتەدا ئەوکەسە خێرا قاقەزەکەی

بردووه بۆ قائمقام و وتوویە «ئاگرە سووریێ لە خۆم دووری!».

پاشا ماجد پێ ئەڵێ: برام ئیشی ئەمانە سەرناگرێ و وازیێنە، پێ ئەڵێ: ئەگەر تۆ راست لەکەی و بۆکورد ئەم کۆششەتە وەرە ئەوە لە «ئارارات» ئیحسان نووری خەریکی شەڕە، من لەگەڵت ئامادەم کە پێکەوە دووبەدوو بچین و شەڕبکەین، ئەگەر خۆواش ناکەی هەستە بەرێگەی خۆتا بە جۆرێک کە پێت نەزانن بگەڕێوە، دانیشتوانی ئەم وڵاتـەنە پشتیان پێ نابەسترێ.

جەمال وتی «دە» روو پیەشی پێدام بۆ خەرجی رێگە کەم و بەهەرجۆرە دزەیەک بوو لە دەست نوختەکانی حوکوومەت خۆمم گەیاندەوە سولەیمانی، وتی بۆ رۆژی ناوبراویش کەسیان نەهاتن بۆ کۆبوونەوە کە.

* * *

ئەم هەرایەو چوونی ئەم وەزیرانە بۆ سولەیمانی و کوردەواری هەمووی لەسەر بەزمی [انتخابات] بوو، بۆ ئەوە بەڵکوو حوکوومەت دەستە نائیبێک دروست بکاو پاشان بە بێ قسە پەیمانی [٣٠ حوزەیرانی ١٩٣٠] لە پارلەمان بڕیاری لەسەر بدرێ، هەر لەبەر ئەوەش بووکاتێ جعفر و ئەوان چوون بۆ سولەیمانی فایقی تاپۆیان لەگەڵ خۆیان بردبوو بۆ ئەوە بیێ بە یەکێ لەو نائبانە کە ئەوان ئەیانەوێ، بەڵام سولەیمانی کە بە فایق ـ یان زانی بە پێچەوانەی مەتلوب هاتنە پێشەوە لەگەڵیا، بەڵکوو راویان ناو بەهەزار کێشە سەری خۆی دەرباز کردا.

پاش ئەوە کە ئەوان گەڕانەوە بۆ بەغدا لەبەر ئەوە کە وەختی خۆی «توفیق وەهبی» بۆ کاروباری [انتخابات] لە سولەیمانی کرابوو بە موتەسەڕف، وە ئەو ئیش و کردەوەیە کە ئەمان لە سولەیمانی چاویان پێ کەوت زۆر دووربوو لەگەڵ ئەو مەبەستەدا کە هەیانبوو. کە چوونەوە «توفیق وەهبی»یان بانگ کردەوە بۆ بەغدا و «گاون»ی موفەتیشی ئیدارەی ئینگلیز لە سولەیمانی بوو بە وەکیلی موتەسەڕف.

بەرەبەرە مانگی ئەیلوول هاتە پێشەوە، هەمهەمە و کۆبوونەوە و خوتبەدان لە شاری سولەیمانی رۆژ بەرۆژ هەر لە زیادی بوو، لە هەمووڵایەکەوە خەڵک رژابوونە ناوشارەوە. ئەم کۆبوونەوانەش کە ئەکرا، وە یا هەمهەمەکان کە ئەبوو هەمووی بە جۆرێکی هێمن و رێکوپێک ئەکراو هیچ نافەرمانیەک تیایا رووی نەئەدا، هەموو ئامانج و قسەکەیان ئەوەبوو:

[لەبەر ئەوە کە ئەو پەیمانە زیانێکی زۆری هەیە بۆ کورد، ئەمان نایانەوێ تیایا بەشداربن. بەڵکوو مادام ئیش گەیشتە ئەم شوێنەو تا ئێستە هەر شتێک لەبارەی کوردەوە هەبوە هەمووی هەر بە قسە دەرچووە لە ئێستە بە دواوە پێویستە ئیتر سەربەخۆ بین و لەمە زیاتر بە دەست برین دەست خەڕۆنابن.]

لە رۆژی (٥)ی ئەیلوولا حوکوومەت کەوتە جێبەجێ کردنی [هیئتی تفتیشی] بۆ انتخاباتی رۆژی دوایی. دیارە ئەمە پێچەوانەی ئەو بیر و باوەڕەیە کە تا ئەوساتە خەڵکی سولەیمانی لە سەری بوون، چونکە ئەوان بڕیاریان داوە کە نەچن بەلای هەڵبژاردنا.

کەوتە رۆژی دوایی؛ رۆژی (٦)ی ئەیلوول، هەموو شتێک لە سەرادا رێک خراوە بۆ ئەو هەڵبژاردنە، هەر لە بەیانیەوە پۆلیس و سەرباز بە جۆرێکی زۆر زۆر لە دەورووبەری سەرادا کۆ کرانەوە. ئەهالی ناوشاریش لەبەر دەرکی سەرادا کۆبوونەوەو قسەیان ئەکرد و شاعرەکان شعر و خوتبەیان ئەخوێندەوەو هانی خەڵکیان ئەدا بۆ ئەوە کە کەس دەنگ داوای سەربەخۆیی و ئازادی کوردیان ئەکرد.

پۆلیس بلاوەی پێ ئەکردن، لەولاوە سەرباز بەری لێشاوەکەی ئەگرتن. دنیاکەوتە چێشتەنگاو، پۆلیس دەستی کرد بە تەقە بەسەریانا، ئەمانیش بەدارو بەکورسی چاخانەکان بەربوونە [پۆلیس]ەکان، پۆلیس دەستی کرد بە تەقەی راستەقینە، ئەمانیش کە ئیشیان واهاتە بەرچاو دەستیان کرد بە تەقەو راوی پۆلیسەکانیان نا. ئیش بە تەواوی تێکچوو خوێن کەوتە سەرجادەی بەردەرکی سەرا.

لەوکاتەدا بە فەرمانی ناو وسەرا، (١٠٠) سەربازیتر هاتن بۆ یارمەتی پۆلیسەکان و ئەو هەندە سەربازانە کە لەوێ بوون، ئەهلی شار کە ئەمەیان چاوپێ کەوت ئەوەندەیتر شیرگیرتر بوون و ئیش لەوە ترازا کە بکوژێنەوە، بە تفەنگ و دەمانچە بەربوونە تەقە کردن لە پەنجەرەکانی سەرا و لە ئەهلی سەرا، پۆلیس و عەسکەر بە تەواوی دەستیان کردەوە و ئەوەندەیتر خوێن رژێنرا!. فەرماندەی سەرا کە سەیری کرد کاروبار بە بارێکی تراگۆزراو شەڕ بوو بەشەڕی ئەهلی و ئەو هێزەی حوکومەتیش کە هەیە چار ناکا خێرا داوای فەوجی سەربازی بە هەموو چەکێکەوە کرد لە ئامرفەوجی سولەیمانی.

شەڕ لە جۆشی گەرمیدا بۆ فەوجە عەسکەرێ بەهەموو جۆرە چەکێکەوە گەیشت، لە پشتی سەراوە چوونە سەربانی سەراو لەم لاشەوە چوونە سەربانی چاخانەکان و مەترەلۆزیان دامەزراند لە ئەهالی و ئەوحالەمە ـ کە دەرزیت هەڵبخستایە نەئەکەوتە زەوی لەبەر ئەوان ـ بەپێ رەحمانە درانە بەر شێلیکی مەترەلۆزو وەکوو رشتە بەسەر یەکدا هەڵدرانەوە، وە یا کوشتار وەکوو مەڕی قەسابخانە بەو جۆرە بە تەنیشت یەکدا هەڵڕژیان!.. خوێنی گەشی ئەهالی، لەبەر دەرکی سەرادا لەگەڵ مێشکی پژاوی گەنجانی کورد بەدیوارەکانەوە هەر دەنگوباسی ئەوەیان بوو ئەیانوت ئازادی کورد و سەربەخۆیی کورد... تا، لای نیوەڕۆ ئەم شەڕە درێژەی کێشاو پاشان تیربارانی گوللە بڵاوەی بە ئەهالی کرد.

بەپێ بەیاناتێک کە حوکومەت لە (٢١)ی ئەیلوولا دای، ئەڵێ:

(لە کارەساتی رۆژی (٦)ی ئەیلوولی سولەیمانیا (٩) پۆلیس بەدارو بەردو خەنجەر برینداربوون، سەربازێک کوژراو سێ سەربازیش بریندار بوون، دوویان بە تفەنگ و بە کێکیان بە بەرد. هی ئەهالیش (١٣) کەس کوژراو (٢٣) کەسیش بریندار بوو.)

بەڵام لە راستیا وانەبوو بەڵکوو لە کارەساتی ئەو رۆژەی سولەیمانیا (٤٥) کەس کوژراو (١٩٥) کەسیش بریندار بوو، بێجگە لە زیانیتر. لەبەر ئەمەبوو کە ئەو رۆژە لە

سولەیمانیا ناونرایە «رۆژی رەشی شەشی ئەیلوولی (١٩٣٠)»، وەبوو بە [تەئریخ]یش بۆ رۆژانی داهاتوو.

پاش ئەوە کە خەڵکەکە بلاّوەیان پێ کرا هەر خێراکەوتنە گرتنی ئەوکەسانەکە بەسەرۆکی ئەم بزووتنەوەیە ئەناسران. ئەوانەش ئەمانەبوون:

١ـ عەزمی بەگی بابان ـ٢ـ شێخ قادری شێخ سعید ـ٣ـ ئەورەحماناغای أحمد پاشا ـ٤ـ حەمەصالح بەگی حەمەعەلی بەگ ـ٥ـ حەمەغای ئەورەحماناغا ـ٦ـ عزت بەگی وەسمان پاشا ـ٧ـ فایق بەگ ـ٨ـ شێخ محمدی گوڵانی ـ٩ـ مجید ئەفەنی کانیسکان ـ١٠ـ رەمزی فتاح ـ١١ـ توفیق قزاز.

ئەمانە گیران و هەرخێرا «گاون» موفەتیشی ئیدارەی هاتە دەرەوە بەدەستی پیرۆزی خۆی کەلەبچەکەی ئەکردە دەستیان و ئەیفەرموو: «قەیناکا، قەیناکا!» ناردنی بۆ کەرکووک و لەوێ بۆ بەغدا. پاش بردنی ئەوان نزیکەی (١٥٠) کەسی تر لەناو شارگیران و ئەمجا بە ئارەزووی خۆیان [انتخابات]یان کرد و لەسەرەتای مانگی تشرینی یەکەمی (١٩٣٠)دا لە پاڕلەمان کۆبوونەوە و بە ئارەزووی سمێڵی خۆیان هەموو شتێکیان کرد...

ئۆباڵ بە ئەستۆی تەئریخ وە یا بە ئەستۆی ئەوکەساتانە کە ئەڵێن:

ئینگلیزەکان هەر وەخت ویستێتیان فرمانێک لەگەڵ عەرەبەکاندا لە عێراقا بکەن و عەرەبەکان مل پێچیان کردبێت، کوردەکانیان بۆ راست کردوونەتەوە بۆ ترساندنیان، کە ئیشی خۆیانیان جێبەجێ کردووە ئەو وەختە بە چەقۆیەکی کول هاتوونەتە وێزەی کوردەکان!..

زۆر دوور نیە ئەمەش راست بێ چونکە لە تأریخی ئینگلیزا بەرانبەر بە قەومەکانی تر هەموو وەخت ئەم جۆرە کردەوانەیان خستۆتەکار. ساڵی (١٩٤٣) گەرمەی شەڕی دووهەم بوو «بهاءالدین نووری» کرابوو بە موتەسەڕفی سولەیمانی، لەبەر ئەوە کە ئەو وەختە وای پێویست ئەکرد، بهاءالدین نووری خەڵکی کۆ ئەکردەوە و ئەچوو لە «گردی

سەیوان» داری ئەچەقان و فرمێسک بەچاویا ئەهاتە خوارەوە و ئەیوت: «ئەم دارە ئاخۆ کەی ئەبێ بە داری ئالآی سەربەخۆیی کوردا!». کە ئەو دەورەش بەسەرچوو دیسان کەوتنەوەی جەستەی کوردەکانا!..

* * *

ئەم کارەسات و کوشتاری رۆژی رەشی شەشی ئەیلوولە لە هەموولایەکەوە دەنگی دایەوە؛ لە عێراقا لە خانەقیەوە تا زاخۆ. لە ئێراندا لە هەموو ولآتی ئەردەلآن و موکری‌دا، لە بەغدا و ولآتەکانی جنوویی عێراقا رازی هەموو دیواخانێک بوو، تەنانەت «رئیسی وزراء» وەخت تەعبیری کوشتاری سولەیمانی بەکارەسانی [کەربەلا] دابووەوە!. سەری گوریس گەیشتبووە دیواخانە سیاسیەکان / ا [لەندەن]یش.

ئەمانە لە لایەن باسکردنەوە، لە لایەن کاری گەریشەوە ئەوە سەرلەنوێ برینێکی هەرە گەورەی کاریگەری سەردڵی هەموو کوردەکانی عێراق بوو؛ ئەوانەی کە لە ولآتی «سولەیمانی» بوون وەیان لە ولآتەکانی‌تر بوون، تەنانەت کاربەدەستە کوردەکانی حوکومەت ئەوانیش بەم کارەساتە بە تەواوی دڵگران بووبوون.

* * *

«شێخ مەحموود» تا ئەو رۆژە بە جۆرە بێ‌دەنگیەک لە «پیران» دانیشتبوو، بە بیستنی ئەم خەبەرە ئیتر توانای دانیشتن و گۆشەگیری نەما، کەوتە قسەکردن لەگەڵ سەرۆک عەشرەتەکانا و دەستی کرد بە لەشکر کۆکردنەوە، لە ماوەیەکی کەمدا لەشکرێکی زۆری لە دەور کۆبووەوە، بە نیازی تۆڵە وەرگرتنەوە و بە نیازی سەندنی سەربەخۆیی کورد لە خەتی پێنجوێنەوە رووبەرووی [عێراق] بووەوە. هەتا ئەو نزیکتر ئەبووەوە لە ولآتی سولەیمانی لەشکر و پشتیوانی زۆرتر ئەبوو. ولآتی [پێنجوێن] و دەوروبەری پێنجوێنی داگیر کرد، بەرەبەرە لە رەوشەن فیکرەکانی کورد سەرلەنوێ چوونەوە بۆلای، پیاوی خۆیشی هەر لەو ماوەیەدا گەیاندە «بەغدا» بۆ ئەوە کوردەکان و ئەو زابتە کوردانەی کە لە

نەیروی حوکوومەتی عێراقدا ـ ن بچنە پاڵی لە راستیدا لە ئەفسەرەکانی کورد «مەحموود جەوودەت، حەمید جەوودەت و کامل حەسەن» خێرا خۆیانیان پێ گەیاند و ئەمجارە بزووتنەوەی لەشکری [شێخ مەحموود] بە جۆرێ سەربازیەکی رێک و پێک ئەچوو بەرێوە. ئەم ئەفسەرانە هێزێکی باش بوون بۆ لەشکرەکەی.

ئەمجا هێنای لە [١٠ ی تشرینی یەکەمی ١٩٣٠]دا لەگەڵ ئەو کوردە زانایانەکە لەگەڵی بوون لە ژێرناوی خۆیانا نامەیەکی تریان بۆ [مەندوویی سامی] بەغدا نووسی و داوای ئەم شتانەی خوارەوەیان کرد:

(لەو وەختەوەکە پارلەمان تێکدراو پەیمانی ئینگلیزی ـ عێراقی هێنرایە ناوەوە بۆ پارلەمانی تازە، لە لایەن ئەم وزارەتەوە کوردەکان هەستیان بەوە کردووەکە هەموو حەق و حقووقێکیان کرا بە ژێر لێوەوە و بە ئاشکرا ئەبینن لە پاش بڕیاردان لە سەر ئەم پەیمانە ئەکەونە ژێر چنگی عەرەبەکانەوە، ئەو عەرەبانەکە تەنها حوکم نەبێ هیچی تریان مەبەست نیە. ئەمەش هەم پێچەوانەی بڕیارەکانی کۆمەڵی ئەقوامە و هەم پێچەوانەی ئارەزووی کوردەکان..

لەبەر ئەمە کوردەکان هەموو لە خانەقیوە تا زاخۆ هەستان و بەیەک دەنگ داوای حقووقی خۆیانیان کرد، عەرەبە حوکمدارەکان وەڵامیان بەکوشتارەکەی سولەیمانی دانەوە کەلوولەی مەترەلۆزیان تێ ئەگرتن و وەکوو برێشکە هەڵیانیان ئەدایەوە بەسەریەکدا. بەمەشەوە وازیان نەهێنا هێنایان هەموو رەوشەن فیکر و پیاو ماقووڵی وڵاتەکەیان ـ ئەوانەی کە لە کوشتن رزگاریان بووبوو ـ گرتنیان و بەحەپس کردن و ئەفرو توونا کردن هەریەکەیان خستنە شوێنێک. لەبەر ئەمە کە کورد ئیتر لە توانایا نەماکە لەگەڵ عەرەبا پێکەوە بژیت. بێ گومان حوکوومەتی بەریتانیا لە ئێستە بەدواوە گوێ بۆ ئەم داخوازیانەمان رائەگرێ و براعەرەبەکانیشمان پێیم وایە بەم شتانە دڵگران نابن. داخوازیەکانیشمان ئەمانەن:

[١ـ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی لە زاخۆوە تا پشتی خانەقی، ئەم ناوچەیە بدرێ بە کورد و هیچ عەرەبی عەسکەری و مەدەنی تێدا نەمێنێ.

٢ـ ئەم ناوچەیە لە ژێر چاوێری بەریتانیادا بمێنێ تا کۆمەڵی ئەقوام بڕیارێکی بۆ دەرئەکا.

٣ـ بەرەڵاکردنی ئەو حەپس و دوورخراوانە کە لە کارەساتی سولەیمانیدا حەپس کراون و دورخراونەتەوە.

٤ـ هەر ئەفسەرو کاربەدەستێکی کورد هەیە لە وڵاتی عەرەبستانا بنێرینەوە بۆ وڵاتی کوردەواری.]

[شێخ مەحموود] ئەم نامەیە نارد بۆ مەندووبی سامی و هیچ وەڵامێکیشی لێ وەرنەگرتەوە. ئەمجا زانی مەسەلە وایە خۆی یینی پێوە ناو لەشکری کرد بە دوو قۆڵەوە، قۆڵێکی لە دەورویەری پێنجوێن و قۆڵێکیشی بۆ وڵاتی «پشدەر». لەملاوە کە حوکومەتیش زانی ئیش گەیشتە ئەم شوێنە ئەمیش کەوتە خۆی و لەشکری بە هەموو هێزێکەوە روانە کرد، ئەمیش کردی بە دوو قۆڵەوە؛ بۆ پێنجوێن و بۆ سیوەیل و قۆڵی پشدەر. «شێخ مەحموود» خۆی لە قۆڵی پشدەربوو.

کە هەرا لە دەوروبەری پێنجوێن دەستی پێ کرد «جەمال عارف» کە ئەویش ئەفسەرێک بوو لە بەغدا بە پەلە خۆی گەیاندە لەشکرەکەی [شێخ مەحموود] لەگەڵ ئەفسەرەکانی تردا دەستیان کرد بە ئیش[1] ئەو هێزەی کە حوکومەت ناردبووی بۆ

---

١ ـ لە رێکوپێکی کاروبارا «جەمال عارف» ئەیوت:

لە پاش ئەوە کە من لە بەغدا بەرێ کەوتم و گەیشتمە سولەیمانی لەماڵی «عوسمان فایق» کۆبووینەوەو لەوێ هەموو شتێک ئامادە کرابوو، زۆری نەخایان هاتن پێیان وتم ئۆتۆمۆبیل وەستاوە، هەستام و سوار بووم ڕووموخەتی هەڵەبجە. ئۆتۆمۆبیلەکە پڕ بوو کەسیانم نەناسی، کە گەیشتینە «سەی ساق» پیاوێک لە تەنیشتمەوە بوو پێ وتم لێرەدابەزە! زۆرم بەلاوە سەیر بوو. کە دابەزیم وتی من لە لایەن شێخەوە نێراوم بە شوێن توداو رێگەکەمان ئیتر رووبە هەڵەبجە نارواو ئەبێ لێرەوە برۆین.

دەوری پێنجوێن لەگەڵ لەشکری شۆڕشگێڕ کەوتنە شەڕ و هەرجارە ترازوو بەلایەکا گران ئەبوو.

دەستەی قۆڵی سیوەیل کە لەژێر فەرماندەیی «بەکرسدقی» و «بهاءالدین نووری»دابوو لە دەوروبەری دێ «بەیانان» لەسەر رووباری سیوەیل لەگەڵ ئەوەش کە سێ فەوجێک ئەبوون هەر شکستێکی پیسیان بەسەراهات.

ئەمەش لەبەر ئەوەبوو کە، کەوتبوونە ناوشیوەکەوە نەیانزانیبوو کە بەرودوایان لێ گیراوە، گوللە وەکوو بارانی بەهار بەسەریانا ئەباری و ئەوانیش وەکوو دانەی سەرساج بەم

هەروەها وتی لەو وەختانەدا کە ئەکەوتینە کۆڕی شەڕەوە ئێمە وەنەبێ نان و ئازۆخەیەکمان پێ بێ. لەهەر شوێنێ کە ئەتە هەڵەستا خێرا خەڵکی ئەو شوێنە ئەوەندەمان ئەزانی ئەکەوتنە خۆیان، ژنان ئەکەوتنە نان کردن و پیاوان ئەکەوتنە هێنانی، تا چاو ئەنرا بەیەکا هەمووشتێکمان بۆ ئامادە ئەکرا.

ئەیوت ئەم گیانی یارمەتیدانەی کە بەو جۆرە من لە ولاتی کوردەواریدا چاوم پێ کەوتووە ناتوانم بڵێم لە هیچ لایەکیتر هەیە، چونکە ئامادەکردنی خواردەمەنی شەڕکەرەکان بەو جۆرە تەنانەت لەوانەبوو کە لەناو سەربازێکی رێکوپێکی حوکوومەتیشا نەیێت. وە ئەم نان و خوانەش کە بەو جۆرە ئامادە ئەکرا هەمووی بەگیانێکی خۆشویستن و بەرەزامەندیەکی تەواو ئەکرا، وەنەبێ بە هیچ چەشنێک لایەنی زۆر و ستەمی تیدا بووبێت، وە یا دڵێشانی کەسێکی تێدا رووی بدایە.

دیسان ئەیوت: لە بەغدادا کە «زابتە»کان کۆئەبووینەوە و قسەمان لە کاروباری کوردەواریەوە ئەکرد و رێگەو شوێنمان دائەنا، شوێنی ئەم کۆبوونەوە و قسەکردنانەمان بە درێژایی ئەوسالانە، یەکەم لە دووکانەکەی «وەستا بشیر مشیر»ی خەیات بوو. دووهەم لە دووکانی «رەئوف دەلاک»، تەنانەت لەگەڵێ وەختا وەستا بشیر بیروباوەڕی خۆیشی دەرئەبڕی، لەم رووەوە و بۆ ئەم جۆرە خزمەتانە ئەم دوو کەسە خزمەتێکی گەورەیان پێ کردین، نەوەک هەر بە ئێمە بەڵکوو بە هەموو بیروباوەڕێکی کوردایەتی.

هەروەها لە مووسڵ ـ یش دووکانەکەی «نووری خەیات» شوێنی قوبەمان بوو، بەڵکوو گەلێ جار کە ئێمە تەنگوچەڵمەیەکمان ئەهاتە رێ هەر ئەوەندەمان ئاگالێبوو «نووری» هەموو شتێکی ساز کردووەو ئەهات دەربازی ئەکردین و کەسیش پێی نەئەزانی. نوریش لە «مووسڵ» لەم رووەوە خزمەتێکی گەورەی پێ کردین.

لاو بەولادا ئەکەوتن. ئەوی کوژرا، کوژرا ئەوی نەکوژرا تا ناودێ «چوارتا» خۆی ئەگرتەوە، هێزی میللی شوێنیان کەوتن و لە چوارتاش هەندێ لە نوختەکانیان گرت. کە گەڕانەوە سەر تاڵان لە فیشەک و تفەنگ و ولاّغ و شتومەک ئەوەندە بەجێ مابوو لەشکری «شێخ مەحموود» نەیئەزانی چی هەڵبگرن. بە تایبەتی فیشەک و سەعات لەوزە دەرچووبوو!. ئەم هەرایەش لە ٣/١١/١٩٣٠ دابوو.

ئەو سەردەمە «أحمد بەگی توفیق بەگ» موتەسەڕفی سولەیمانی بوو، کە ئەم خەبەرەی بیست زۆر دڵگران بوو، دڵگرانیەکەشی بۆ هەر دوولابوو بەڵام هیچ نەئەکرا. وادیاربوو پیاوەکانی بەغدا ئەیانویست هەراو ئاژاوە درێژە بکێشێ بۆیە هیچ بە تەنگ کوشتنی خەڵکەوە نەبوون!.

ئەمجا لێرەدا «بەکر سدقی» ناردیەلای «شێخ مەحموود» کە، با، لەمە زیاتر کوشتار روونەدا شوێنێک و یەکێک دیاری بکا بۆ ئەوە قسە بکەین و ئێمە تێ بگەین لە داخوازیەکانی ئەوان. شێخ مەحموود لە زابتەکانا «جەمال عارف»ی هەڵبژارد. جەمال لەگەڵ «حمەبانەیی» و «عەزەبانەیی» هاتن و هەموو دەستووراتێکی دایەکەچی بڵێ و چی نەڵێ.

[جەمال] لە ١٠/١١/١٩٣٠ لەبەری «کەناروێ»وە هات و لەم بەرئاوی «سیوەیل»ەوە «بەکر» چاوەڕێ ئەکرد. یەکیان گرت، بهاءالدین نووری و نووری حەداد مودیری پۆلیسی سولەیمانیشی لەگەڵ بوو. جەمال وتی: بەکر سدقی لەبەر ئەوەکە منیش ئەفسەر بووم لە نەیروی عێراقا ئەیناسیم. یەکەو جار رووی تێ کردم وتی:

«دەست لەم زۆرروستەمانە بۆچ هەڵناگرن و بۆچ ئاژاوە ئەنێنەوە و ئەچن بەگژ حوکومەتا؟!». وتی منیش وتم: «ئایا ئێمە ئەمە جەورە ئەیکەین لە ماڵی خۆمانا دانیشتوین و داوای حەقی خۆمان ئەکەین؟. یا ئەوە زوڵمە کە ئێوە هاتوون و لە خاکی خۆمانا دەرمان ئەپەڕێنن؟!. لەم شاخ و داخەدا کەملکی کوردە ئێمە بەسەر ئێوەدا

هاتووین، یا ئێوە بەسەر ئێمەدا هاتوون؟!.» وتی [بەکر] پێ‌دەنگ بوو وابزانم دەماری کوردایەتی لە مێشکیا بزووتەوە بۆیە هەستم کرد تنۆکێ فرمێسک بەرچاوەکانی گرت!.

وتی پاش ئەمانە کەوتینە قسەکردن و وتی: شێخ چی ئەوێ؟. وتم: شێخ فەرمووبەتی داوای ئەم شتانە بکەم:

(١ـ تۆڵەی ئەوکەسانە بدرێ کەبوون بە هۆی کوشتاری رۆژی [٦ی ئەیلوولی ١٩٣٠] ناوشاری سولەیمانی، وە خوێنی کوژراوەکان بدرێ بە خێزانەکانیان.

٢ـ بەرەلاّکردنی ئەو حەپسانەکە لەکارەساتی (٦)ی ئەیلوولدا گیراون و حەپس کراون، وەگێرانەوەی ئەوانەکە بە هۆی ئەو کارەساتەوە گیراون و دوور خراونەتەوە لەشاری «سولەیمانی».

٣ـ دەرچوونی هێزی حوکوومەت لە سولەیمانی بێجگە لەو کاربەدەستانەکە ئیش هەڵەسوورێنن.

٤ـ مانەوەی هێزی [شێخ مەحموود] لە ولاّتەکانی پێنجوێن، شارباژێرو سیوەیل تا هیئەتی کۆمەڵی ئەقوام دێت و بڕیار لەسەر شتێک ئەدات.

٥ـ شێخ مەحموود لە ولاّتی خۆی و بە موڵکی خۆی بژێت و ئیتر لە ئێران نەمێنێتەوە.).

داخوازەکان ئەمانەن. وتی ماوەی «دە» رۆژیشمان دانا بۆ وەستانی شەڕ تا ئەم قسەیە ئەگەیەنرێ بە «مەجلسی وزرا» لە بەغدا و وەلاّمەکەی دێتەوە.

وتی لە هەموشت بوینەوە «بهاءالدین نووری» رووی تێ کردم وتی: «ئەگەر بوون بە دەوڵەتێکی کورد شوێنی دەرچوونی دەلیاییتان لەکوێ ئەبێ؟!.» وتی وتم: «لەگەر گەیشتینە ئەو پایەیە ئەچین لە حوکوومەتی تورکیا ئەپرسین بزانین ئەوان شوێنی دەرچوونی دەلیاییان لەکوێیە بە ئێمەشی پیشان بدەن!.» دیسان وتی پێم وت: «لەم داخوازیانەکە ئێمە کردمان تۆ هیچ بۆنێکی جیابوونەوت کردو وائەڵێت؟.» وتی ئیتر

بێدەنگ بوو هەرلایەک گەڕاینەوە بۆ شوێنی خۆمان.

جەمال وتی«ئەوا لەسەر ئەو پەیمانە شەڕ لە هەر دوولا وەستێنرا، هێزی شێخ کە لە «باسنێ و رەشەکانی» بوو گەڕایەوە بۆ «هەڵەدن»[1].

کەچی لەپاش دوو شەو شتێکی سەیر رێکەوت! وتی: دەستەی شێخ سەلام و شێخ محمد» بچکۆلە ـ ئەوان کە لە قۆڵی پێنجوێن بوون ـ هاتن بۆلای لەشکرەکەی ئێمە کە یەک بگرین. کە بەشەو دێن دنیا تاریک ئەبێ، بەسراوردی نیروەکەی [بەکرسدقی]دا دێن، لەو نیروەش فەرماندراوە کە بەشەو ئاگرنەسووتێ، نەسووتانی ئاگریش لەبەر ترسی شەڕنیە چونکە شەڕ لەسەر پەیمان وەستێنراوە، بەڵکوو لەسەر باوەڕی عەسکەری بۆ ئەوەیە کە دوژمن بە هۆی ئاگرەوە ئەندازەی هێزی لەوانی بۆ دەرنەکەوێ.

کوتووپڕ لەو وەختەداکابرای موفەتیشی ئینگلیزی، فانووسێکی بۆ هەڵئەگرن و ئەچێ بۆ سەرئاو دەست. دەستەی [شێخ محمد] کە کوتوپڕ چاویان بە ئاگری فانووسەکە ئەکەوێ، وەبێ ئاگاش ئەبن لەوکەین و بەینەی بەینی ئێمەو ئەوان کە شەڕ وەستێنراوە، وا تێ ئەگەن ئەمە ئیشارەیە بۆ شەڕ، چەند تەقەیەکیان بەسەردا ئەکەن!. لەشکرەکە ئەشڵەژێ و لەوانە ئەبێ ببێ بە شەبەیخوون.

لە بەیانیدا «بەکر» لۆمەی ناردکە بۆچی ئیشی وابووە؟. لە ئاخردا بۆی دەرکەوت کە ئەمە هەڵەبووە و لە دەسەنقەسی وا نەکراوە وە بڕواشی کرد، بەڵام لە پێش ئەمەداکە ئەمەی بۆ دەرکەوێ ئەم خەبەرە گەیشتەوە بەغدا و حوکوومەت ئەمەی بەشتێکی خراپ

---

١ ـ لەم سەردەمەدا ئەفسەرێکی گەورەی نەیروی ئێران کە ناوی «لەسعەد» و خەڵکی «سنە» بوو خۆی گۆڕیبوو هاتبوو بۆ «ییران» بۆ لای شێخ مەحموود، شێخ لەوێ نەمابوو چاوی بە «ئایشەخان» کەوت و لەوێوە هات بۆ «هەڵەدن» شێخی چاوپێکەوت و راستی خۆیشی پێوت، ئەمجا وتی بۆ ئەوە هاتووم بزانم دەنگ و باسی ئێوە چیە بۆ ئەوە ئێمەش لە قۆڵی «سنە»وە شۆڕشێ بنێەوەمو هەردوولامان بگەینەیەک!. [شێخ مەحموود] ئەم قسەیە بەلاوە راست نەبوو لەبەر ئەوە کابرا وەکوو خۆی گەڕایەوە.

بلاوکردەوە!.

ماوەی شەڕنەکردن پڕابەوە و [مەجلسی وزرا] لە باتی ئەوە ئیشێکی وابکا، کە ئەمن و ئاسایش لەو، ولاتەدا بلاوبکاتەوە گوێ بە هیچ یەک لەو داخوازیانە نەدا و بەلکوو وتی ئەبێ هەر بە زۆر و بە هێزی عەسکەر [شێخ مەحموود] بخرێتە دەست.

لەم فەرمان و باوەڕی [مەجلسی وزرا]یە غەیری ئەوە نەبێ کە پیاوەکانی حوکوومەت دڵیان بە ولات نەئەسووتاو بۆ قازانجی شەخسی خۆیان و بۆ پاراستنی جێگە و پایەکەیان دالماکۆششی هەرەگەورەیان ئەوەبوو کە ئاژاوە لە ولاتدا پەیدا ببێ و خوێنی ناهەق برێژرێ هیچی‌تر نەبوو. لەمەبوو ویژدانی پیاوە حوکمدارەکانی پێشووی عێراق بەرانبەر بە شەعب و بە میللەت.

کە [شێخ مەحموود] زانی کۆششی هێمنی کەڵکێک ناگرێ لە ئیشی خۆی هەڵچووەوە و هەتا ئەهات خەڵکیش زیاتر لە دەوری کۆئەبوونەوە، بەڵێ لەو ناوەدا کوشتار رووی ئەدا چە لە دەستەی ئەوو، چە لە دەستەی حوکوومەت بەلام ناچار بوو بەم بزووتنەوەیە. هێزی حوکوومەتیش کەزانی ئیشی بۆ ناچێتە پێشەوەو دنیاش بوو بە زستان و ولات بەفردایگرت گەڕانەوەی بە قازانجتر زانی تا درێژەدان بەشەڕ.

[جەمال عارف] وتی: هەر لەو سەردەمانەدا کە هێزی شێخ مەحموود بە شاخەکانی «پوشێن» و ئەوناوەدا بلاوبووبووەوە، شێخ خۆی و (٢٧) سوار لە «یالان پێ» بوو رۆژی پێنج شەنبەبوو. شێخ فەرمانیدا بچین بۆ «باخەکۆن» بۆ ئەوە سبەینێ نوێژی جمعە لەوێ بکەین. سوارەکانیش عبارەت بوون لە باقی نووری بەگ و کاملی حەسەن ئەفەندی و ئەوانە. سەرەوخوار بووینەوە بەلابەلای «خورماڵ»دا بۆ «باخەکۆن».

کوتووپڕ زەلامێک لە ئاوایی «خورماڵ» بە دەستەسڕێکی سپیەوە بەدەرکەوت و دەستەسڕەکەی راوەشاند. وتی ئێمەش لاربووینەوە بەسەر خورمالا و خورماڵ گیرا.

مەسەلەش عبارەت بوو لەوە کە لەو سەردەمەدا «سەعید ئەفەندی» لەوێ [مودیری

ناحیە] بوو، کە چاویان بە سوارەکانی ئێمە ئەکەوێ لای والەبێ هێزێکی زۆرین و بۆ گرتنی «خورماڵ» رۆیشتووین. فەرمان ئەدا ئەو زەلامە بە دەستەسڕە سپیەکەوە بێتە دەرەوە و ئیشارەی «تەسلیم» بدات.

وتی بەهێزی پۆلیس و گومرکەوە (٣٣) تفەنگ و (٧) سندۆق فیشەک هەبوو ئەوەیان دایێ. بەم جۆرە خورماڵ ـ یش گیرا.

لەشکری شێخ لەو ناوەدا بە هەموو جۆرە ئەگەڕان کە تۆڵەی دەورەکانی رابردوو وەربگرنەوە. لێرەدا حوکومەت رێگەیەکی تری گرتە پێش؛ ئەو رێگەیە گرتەپێش کە بێنێ بە پارەو بە زمانی لووس عەشایر و کوردەکان لە [شێخ مەحموود] هەڵخرێنێ. زانی بە شەڕی تۆپ و تەیارە هیچی بۆ ناکرێ کەواتە با پەلاماری ئەم جۆرە فڕوفێڵانە بدا!. لە راستیدا لە ئەنجامدا گرتنی ئەم رێگەیە بوو بە هۆی سەرکەوتنی و لەناوبردنی [شێخ مەحموود]!..

[شێخ مەحموود] لەگەڕانی شاخەکانا فیکری هاتە سەر ئەوەکە بچێت لە دەورووبەری کەرکووک کارەساتێک بنێتەوە بەڵکوو بە هۆی نانەوەی ئەم کارەساتەوە هێزەکانی حوکوومەت لە یەک دابڕێ، لەمەوە ئەتوانی «کەرکووک» بگرێ، کەرکووکی گرت هێزی حکوومەتی وڵاتەکانی ئەم لای «کەرکووک» لەبەر ئەوە بێ پشتیوان ئەمێنێتەوە ئیتر گرتنیان شتێکی ئاسان ئەبێ.

لەسەر ئەم نیازە لە ئاخر و ئۆخری شوباتی (١٩٣١)دا رووبەوڵاتی کەرکووک بەرێ کەوت تاگەیشتە «ئاوباریک». بێخەبەر لەوەکە هەندێ لە عەشایرە کوردەکانی ئەو دەورە لەگەڵ حوکوومەتا رێککەوتوون بۆ لەناوبردنی [شێخ مەحموود]؛ ئەو هەندە عەشایرانەکە ئەم هیوای هەرەزۆری لەو وڵاتەدا بەوان بوو!..

هەر ئەوەندە ئەزانێ دەورەی لەگیرێ؛ دەورەی لەگیرێ بە فەوجێک عەسکەری چەکدار بە هەموو جۆرە تۆپ و جبەخانەیەک، بە حەوسەد پۆلیس، بە هێزی فڕۆکە لە

سەرەوە، بە هێزی ئەو هەندە عەشایرە خاڵتانەی ئەو ناوەا. ئەمیش تەنها پەنجا سواری لەگەڵە، کە هەندێک لەمانە «داود بەگی فەتاح بەگی جاف» و «حەمەمین بەگی کەریم بەگ» بوون بە (٢٧) سوارەوە. حەمەمین بەگ شەڕی ئاوباریکی کردووە بە رۆمانێکی شعری زۆر جوان. ئەبێ ئەوەش بزانرێ کە عەشرەتی جاف تا ئاخر هەناسە لەگەڵ «شێخ مەحمود» بوون.

کارەسات و شەڕی «ئاوباریک»ی شێخ مەحمود یەکێکە لەکارەساتە هەرە زلەکانی ژیانە پانوفراوانەکەی [شێخ مەحمود]ە، چونکە لەشکرێکی واکەم بەرانبەر بە هێزێکی وا زۆر زەبەندە بە هەموو چەکێکەوە لە حاڵێکا کە ئەمان بێ ئاگا لە هەموو شتێک و خەریکی حەسانەوەی نان خواردن بوون کوتووپڕ بارانی گوللە دەستی کرد بە بارین! چەند سەعاتێک شەڕ درێژەی کێشا، هیچ دڵێک ئەوەی نەئەخوێندەوە کە شێخ مەحمودو لەشکری شێخ مەحمود لەو ئابڵۆقەدانەدا رزگاریان ئەبێ. کەچی بە پێچەوانەی ئەوە بە جۆرێکی زۆر مەردانە وە لە پاش زیانخستنێکی زۆر لە هێزی حوکومەت دەربازبوون و هێزی حوکومەتیش لەو ناوەدا بە پەرتو بڵاوی و سەروگوێلاک شکاوی مانەوە. تەنها کارەساتی «ئاوباریک» خۆی داستانێکی سەربەخۆیە بۆ خۆی لەم کتێبەدا جێگەی نابێتەوە.

[شێخ مەحمود] گەڕایەوە بۆ وڵاتە شاخاویەکانی سولەیمانی بەڵام لەدڵا زۆر دڵگرانە لەوەکە ساڵەهای ساڵە بۆ سەربەخۆیی کورد و بۆ رزگاربوونی کورد لە دیلی، ئەم هەموو کۆششەی کردووە کەچی ئێستە وا بەو جۆرە هەندێ لەکوردەکان تفەنگ ئەنێن بەرورویەوە و بەو جۆرە تۆڵەی خەباتی چەند ساڵەی ئەدەنەوەا.

لەمە کارێکی زۆری کردە سەر نەفسیەتی [شێخ مەحمود]ە فیکری ئەوەی کردەوە کە تا ئێستە ئەو بۆ سەرفرازی کورد تفەنگی ئەنا بە دوژمنی کوردەوە، ئێستە ئیش وای لێ هات کە تفەنگ بە کوردەوە بنێ!. کە واتە لەم [تأریخ]ە بە دواوە پێویست نەما بەو

جەنگە کە ئەم چەند ساڵە کردوویەتی!.

هێنای لە [١٣ی مارسی ١٩٣١]دا خۆی تەسلیم کرد بە حوکوومەت و بە دوور خراوەیی هێنرایە [سەماوە]، پاشان بۆ [ناصریە] و ماوەیەک بۆ [عانە] و لە (١٩٣٣)دا هێنرایە بەغدا و لەوێ خانەشاری کرا. لەولاشەوە موڵکەکانی سەرلەنوێ زەوت کرانەوە.

بەم جۆرە بە دەست بەسەری و خانەشاری لەبەغدا مابەوە تا لە مارسی (١٩٤١)دا هەرای «رەشیدعالی» لە بەغدا دەستی پێ کرد. هەلی بەباش زانی هەر لە عەینی ئەو مانگەدا بە پێدەنگ لە بەغدا روو بە ولاتی [باقوبە] چووە دەرەوە، لەولاوە لە لایەن «فەقی حسین» و عزیز محمود ـ کە لە دۆستە دڵسۆزەکانی بوون ـ ولاغی بۆ هێنراو لە رێگەی «سەنگاو»وە رووبەولاتی «داریکەلی» بوونەوە.

لەوێدا دیسانەوە کەوتەوە سەر ئەو باوەڕە کە ولاتی کوردەواری ئەبێ ئازادبێ و سەربەخۆیی وەربگرێ. لەسەر ئەم نیازەو بۆ ئەم مەبەستە «داریکەلی» بووەوە بە شوێنی کۆنگرەو کوانوی سیاسەت، کوردەکان لە دەوری کۆبوونەوە. ئەم ناوو ئاوازەیە گەیشتەوە بەغدا. وەزارەت، وەزارەتی «جمیل مدفعی» بوو، بەم باسە زۆر گرژبوو تەنانەت فەرمووی: «سەربەخۆیی کوردستان لە قامووسا نەماوە، ئەم قسەیە بووە بە ئەفسانەی کۆنا!».

پاشان رئیسی ئەرکانی جیش «ئەمین عمری» نارد بۆ ئەوە قسەلەگەڵ [شێخ مەحموود] بکاو لەو فیکرانە بازگەشتی بگاتەوە، چوونی ئەمین عمری هیچ کەڵکێکی نەگرت. پاش ئەو موتەسەرفی سولەیمانی «شێخ مستەفای قەرەداغی» چوو بۆلای، دیسان کەڵکی نەگرت و هەر لەسەر فیکری خۆی زیاتر قایم بوو.

ئەمجا حوکوومەت هێزە لێشاوەکەی خۆی ناردو لە [١٤ی تەمووزی ١٩٤١]دا حوکمی عورفیشی لە ولاتی «سولەیمانی» بلاوکردەوە بۆ ئەوە کەئیتر کەسی تر نەداتە پاڵ شێخ مەحموود. بەلام [شێخ مەحموود] هەر وازی لە فیکری خۆی نەهێنا، حوکوومەتی

وەخت بۆی دەرکەوتبوو ئەمجارە ئەگەر شێخ مەحموود هەستێتەوە کاروباری سیاسی عالەمی وای پیشان ئەدا کە سەر ئەکەوێ، لەگەڵ ئەوەش کە هێزی ناردبوو اعلانی عرفیشی بلاّو کردبووەوە هەر بۆ رێ کەوتن پێ لێ نەئەبڕی.

لە ئەنجامدا [شێخ مەحموود] کە فیکری دەورەکانی پێشووی و دەوری «داریکەلی» کردەوە، ئەوەی هاتەوە فیکر کە ئەبێ دیسان گوللە بەکوردەوە بنێ، ئەمەش پێچەوانەی مەبەستەکەی ئەوە. بەم بۆنەوە وازی لە فیکرەکەی هێناو لە ئەوەڵی ئابی (١٩٤١)دا بڕیاری رێ کەوتن و وازهێنانی دەربڕی و بۆ متمانە «شێخ لەتیف»ی کوڕیشی نارده بەغدا. حوکوومەت ئەم وازهێنانەی شێخ مەحموودی بە جەژن و بەسەرکەوتنێکی زۆر گەورە زانی.

[شێخ مەحموود] بەم جۆرە بە گۆشەگیری و بە فڕێدانی سیاسەت پەردەکانی رۆژگاری هەڵئەگێڕایەوە؛ ئەو [شێخ مەحموود]ە بە جەرگە نەترسەکە لە رۆژەکانی دیلی زەمانی پێشویدا بە دیلیەتی ئەبرێتە بەردەمی [مەلک فیصلی یەکەم] لە بەغدا. پێ ئەڵێ: «مەحموود!. ئەم زوڵم و ستەمە چی بوو کە تۆ لە رووی منا دەستت کرد بە شۆڕشگێڕان و بە ئاژاوە نانەوە؟.» ئەویش پێ ئەڵێ:

«فیصل!. هەندێ کەس کافر ئەباتە ماڵی کەعبە و خوێنی موسوڵمانان لەوێدا ئەڕێژێ و ماڵی خوا ئەدا بە کافر، ئەوە بە زوڵم نازانێ. ئەگەر من لەناو خاک و ئاوی خۆمدا و لە وڵاتی خۆمدا داوای حەقی خوراوی خۆم بکەم ئەمە بە زوڵم ئەزانێ!. دە، تف لە چارەت گەردوون!!..».

جا ئەم «شێخ مەحموود»ە نەترسەی ژیان پڕ لە چەوسانەوەیە بەوگۆشەگیریە مایەوە تا لە ساڵی (١٩٥٦)دا بە نەخۆشی هاتە بەغدا و لە خەستەخانەی «حەیدەریە» لە شەوی «١٩٥٦/١٠/٩»دا کۆچی دوایی کرد و دنیای پڕمەینەت و دەردیسەری بەجێ هێشت و بەداخی سەربەخۆیی کوردەوە سەری نایەوە و تەرمەکەی برایەوە بۆ «سولەیمانی».

* * *

بۆ ئەوە رۆژانی پاشەرۆژ چاوێک بە مێژووی رۆژانی رابردووی خۆیا بگێڕێت باسێکی مالأوایی [شێخ مەحموود] لەم دنیایە پێویستە بکرێ بۆ ئەوە بزانرێ کە «شێخ مەحموود» لە پێشکەی دارەوە تا پێشکەی خاک هەموو لاپەڕەیەکی ژیانی و کاتی نەمانی هەر ئاژاوە و شۆڕشی لەسەر نووسراوە:

لە شەوی ٩/١٠/١٩٥٦ شێخ مەحموود کۆچی دوایی کرد، ئیستگەی بێ‌تەلی عێراق لە بەیانیا ئەم ماتەمەی بلاو کردەوە، عالەم لە کورد و لە عەرەب، لە گەورە و لە بچووک بەیانی زوو لە خەستەخانەی [حەیدەریە] کۆبوونەوە. لە سەعات «نۆ و نیوی» تەواو تەرمەکەی رووبەڕووی شاری سولەیمانی لە بەغدا هەڵگیرا، هەتا چاوکاری ئەکرد تا «بەغدادالجدیدە» لە لایەن پیاوانی بەغداوە بەرێ کرا، ئەوان گەڕانەوەو چەند ئۆتۆمۆبیلێک رووبەڕووی سولەیمانی بووەوە. ـ نووسەری ئەم کتێبەش یەکێک بوو لەو کەسانە کە لەگەڵ تەرمەکەدا رۆیشت ـ

بەرە بەرە پێشوازی کەر لە ولأتی کوردەوارییەوە ئەگەیشتن بە تەرم، لەم رێگەیەدا لە هەر لایەک لە پێش گەیشتنی تەرمەکەدا ئەهلی ئەو ولأتە ئەهاتنە سەر رێگەکەو ماتەمی خۆیانیان بۆ نەمانی پێشەوایەکی کورد دەرئەبڕی. لە «توزخورماتو» قائمقام «برهان جاف» واجباتێکی ئینسانی و قەومی بەرانبەر بە پێشوازی کردنی تەرم و عالەم بە جێ‌هێنا، لە کەرکووک ئەهلی ناوشار ئەم‌لاو ئەولای شەقامەکانیان گرت و بە چاوی پڕ لە گریانەوە سەری کڕنۆشیان بۆ تەرمی پێشەوای کورد دانەواند. موتەسەڕفی کەرکووک تا «قەرەهەنجیر» تەرمی بەرێ کرد. خەڵکیش هەتا ئەهات هەر زیادی ئەکرد.

سەعات حەوتی پاش نیوەڕۆ لەناو نزیکەی (٥٠٠) ئۆتۆمۆبیلی پێشوازی کەرا تەرمی «شێخ مەحموود»ی پێشەوا گەیشتە سولەیمانی، بەلأم چە سولەیمانیەک؛ ئەو سولەیمانیە کە ژن و پیاو و گەورە و بچووکی بەشین و شەپۆر و گریان جادەکانیان گرتووە و چاوەڕێ

ئەو پێشەوایەیان ئەکەن کە زیاتر لە حەفتا ساڵ بۆ کورد لە جنگایە. ئەو سولەیمانیە کە لە هەموو ولآتەکانی هەولێر و رواندز و کۆیە و رانیە و هەڵەبجە و پێنجوێنەوە داباریون بەسەر تەرمی شێخی جەنگاوەریاندا.

موتەسەڕفی سولەیمانی «عمر علی» بوو لە بەغدابوو، وەکیلی موتەسەڕفی «فوزی سائب» بوو. فوزی و بەرەی ماڵی شێخان و پیاوماقوڵی سولەیمانی و هەموو کاربەدەستانی دائرەکان لە مزگەوتی گەورە کۆبوونەتەوە چاوەڕێ گەیشتنی تەرم ئەکەن. دنیا تاریک بووەو دەرزی هەڵخەی لەبەر عالەم ناکەوێتە زەوی. «شێخ لەتیف»ی کوڕی «شێخ مەحموود» لەو دەورەدا حەپس کرابوو لەبەندیخانەبوو.

«رفیق حلمی» و «دوکتور ئیبراهیم حامی»م لەگەڵ بوون ـ کە ئەوانیش لەگەڵ تەرمەکەدا لە بەغداوە هاتبوون ـ بە شوێن تەرمەکەدا ئەسووڕاینەوە، چونکە لەبەر زۆری مەردم تەرمەکەمان لێ ون بووبوو، لە هەرکەسمان ئەپرسی ئەیوت نازانین، چووین بۆ مزگەوتی گەورە نەبوو، بۆ ماڵی «بابە عەلی» نەبوو. گەڕاینەوە بۆ بەر دەرکی سەرا. لەو کاتەدا تەقەی شێلیکی تفەنگ لەلای بەندیخانەکەوە پەیدا بوو، تومەس ئەمە تەرمەکە براوە بۆ ئەوێ کە شێخ لەتیفی کوڕی چاوی پێ بکەوێ، لەبەر خەڵک زۆریش کەسی شوێنەکانی تر بەمە نازانن، خزمان و پیاوانی تر لە مزگەوتی گەورە چاوەڕێ ئەوەن کە تەرم بچێ بۆ ئەوێ، کەچی ئەم کارەساتە قەوما.!

شێلیکی تفەنگ هەتا ئەهات زیادی ئەکرد، تەقە لە هەموو لایەکەوە پەیدا بوو، شار تێکچوو، ئێمە هەر یەکە چووین بۆ شوێنی خۆمان، من چوومە ماڵی «فایق هوشیار». لەو کاتەدا کە من و هاوڕێکانم هەرکە چووینە شوێنی خۆمان دیسان لەبەر دەرکی سەرا و سەرادا بوو بەهەرا، پۆلیس چووبوونە ژووری سەراکەو لەوێوە دەستیان کردبوو بە تەقە لە خەڵکەکە. لەو لاشەوە کە تەقە پەیدا ئەبێ وەکیلی موتەسەڕف و دانیشتوانی مزگەوتی گەورە ئاگاداری ئەم ئیشە نابن، وەکیل هەڵئەستێ لەچێ بە شوێن تەقەوە، ئەچێ بۆ سەرا

رێگەنیە بچێتە ژوورەوە هەرچەندە هاوار ئەکا من وەکیلی موتەسەرفم پۆلیس دەرگای لێ ناکاتەوە، ناچار لە پشتەوە بەهۆی چوونە سەرشانی یەک دووکەس لە خەڵکی شارەکە ئەچێتە ناو وسەرای و تفەنگ لە [پۆلیس] وەرئەگرێتەوە، لەسەر ئەمە توورە ئەبێ کە ئایا کێ ئەمری داوە بە پۆلیس بۆ تەقەکردن؟!.

لەوێوە ئەچێ بۆ بەردەرکی حەپسخانە و خۆی تێکڵاوی خەڵکەکە ئەکا و تووشی تەرمەکە ئەبێ بەهەر جۆرە زمانێک بێت تەرم ئەگێرێتەوە رووبەرووی مزگەوتی گەورە.

ئەمان لێرەدا وا، لەولاوە لەو وەختەداکە من چووم بۆ ماڵی فایق مودیری حەپسخانە خەریکی تەلەفۆن کردن بوو لەگەڵ فایق و هاواروداوی ئەوەی بوو کە ئێستە ئەو عالەمە حەپسخانە ئەشکێنن و منیش هیچ هێزێکم لەلانیە و چارێک بکەن، مودیری حەپسخانە لەمە زۆر ترسابوو، لە راستیشدا چەند پۆلیسێکی کەم نەبێ هیچی تری لانەبوو، ئەو تەقانەش کە لەو دەورە هەبوو هی ئەوان نەبوو بەڵکوو هی پۆلیسەکانی سەرابوو.

کە ئەو لە تەلەفۆن بووەوە فەوزی تەلەفۆنی کرد بۆ ئەوە بەڵکوو بچن بە هەموولایەکەوە ئیشێکی وابکەن ئەم تەرمە رزگارکەن و بیبێژن، فایق پێی وت لەم قیامەت و هەرایەداکەس خەتی ئێمە ناخوێنێتەوە، ئەوا فلان هاتووە بەڵکوو ئەو ئیشێک بکا، لە بیستنی چوونەکەی من وەکوو بڵێت گەشکەیەک گرتنی. فایق بە پەلە تەلەفۆنی دانا و هات بۆلای من وتی فلانی رۆژێکەو هەر ئەمرۆ کەیفتە بزانم چی ئەکەی؟. وتم لەم قیامەتەداکی چی پێ ئەکرێ؟. وتی کەیفتە. ناچار پیاوێکم لەگەڵ خۆم هەڵگرت و لەماڵ دەرچووم، ناشزانم بۆکوێ ئەچم چونکە نازانم تەرمەکە لەکوێیە. بەبێ فیکر رووم کردە «مزگەوتی گەورە». ئەوا لە هەموو کۆڵانەکانیشەوە گوللەبارانە. کەگەیشتمە بەرماڵی «رەشۆڵ» «ئەختەرەی ژنی رەشۆل ـ کەچوو بوو لەگەڵ تەرمەکەدا بۆ حەپسخانە و گوللەی بەرکەوتبوو ـ هێنابوویانەوە بۆ ماڵەوە، لەو کاتەدا گیانی دەرچوو بوو بە شین و شەپۆڕا..

کەچوومە مزگەوتی گەورە و پرسیم بۆ تەرم سەیرم کرد هێناویانەتەوە، لێرەدا تۆزێ حەسامەوە بەڵام مزگەوتی گەورەی چی؟ لەبەر خەڵک ڕێگەی ڕێدارنیە. لەبەر ئەوە کە «فایق» و ئەوان پێیان وتبووم بەڵکوو ئیشێکی وا بکرێ تەرمەکە بنێژرێ، کەوتمە مشوری ئەوە، ئەوەندە هەبوو لەو کاتەدا نە [بابە عەلی]م دەست ئەکەوێ، نە [شێخ قادر]ی برای شێخ مەحموود. بە هەر جۆر بوو شێخ قادرم دۆزیەوە و پێم وت، شێخ قادر ڕازی نەئەبوو بە ناشتنی تەرم بەوشەوە، ئەو و چەند کەسێکی تر لە خزمەکانی ئەیانوت لە سولەیمانی نەبووە بە ڕەوشت کە بەشەو تەرم بنێژرێت. بیانووی منیش ئەوە بوو ئەم تەرمە جارێ هەر لە مزگەوتی گەورە ئەنێژرێ، دووهەم ئەگەر بکەوێتە بەیانی هەرایەکی خراپتر ئەقەومێ و ئەمە بۆ ئێوە و ئەهلی شارەکە هەمووی زیانی هەیە. لەو وەختەدا [بابە عەلی]ش هات و بەهەر جۆر بوو ڕازی بوون بە ناشتنی تەرم، بەڵام چۆن بنێژرێ. جارێ نەشۆراوە، پاش ئەوەش جەنازەکە لە ژووری مەرقەدەکەدایە بهێنرێتە دەرەوە بۆ شۆردن خەڵکەکە ئەیفڕێننەوە! لێرەدا دیژواری زۆرتر بوو!..

قسەیان هاتە سەر ئەوە کە جاڕ بدەن بەناو خەڵکەکەدا ئەم [جەنازە]یە بەیانی ئەنێژرێ و هەر کە بچێتەوە ماڵی خۆی. بەمە تۆزێ خەڵکەکە سووک بووەوە، پاشان وتم هەر دوو قاپی حەوشەکە داخەن. لەگەڵ ئەمانەشدا هەر زاتی ئەوە نەبوو کە جەنازەکە بۆ شۆردن لە ژووری مەرقەدەکە بهێنرێتەوە دەرەوە، لە دەرەوە بەسەتڵ ئاو ئەبرایە ژووری [مەرقەد]و بەو جۆرە شۆردیان. پاشان نوێژی لەسەرکراو نێژرا. تا ئەمانە کرا سەعات بوو بە یازدەی شەوێ خەڵک بە تەواوی ئیتر بڵاوەی لێ کرد.

لە هەرای ئەو شەوەدا (٢) کەس کوژرا! ژنەکەی ڕەشۆل و فەقیەک. بریندار، کە برایە خەستەخانە (١٣) کەس بوو کە ئەمانە هیچ هۆشیان نەبوو. بەڵام ئەو شەوە بە جۆرێکی تێکڕایی، کە لە پاشان من وەرم گرت بریندار گەیشتبووە (٤٠) کەسێک. لە زەمانی ئەو کەسانەوە کە تەرمەکەیان شۆردبوو وتیان لەو وەختەدا کە برابوو بۆ بەردەرکی سەرا

گوللەیەکیش بەرشانی تەرمەکەکەوتبوو، ئەوەندە هەبوو لەو وەختەدا نەیانتەویست بڵاوی بکەنەوە.

ئەمە لێرەدا وا. لەولاوە «عمر علی» موتەسەرڕفی ولاّت کە لە بەغدابوو، وەرئەگرێ ئەوا جەنازەی [شێخ مەحموود] براپەو بۆ سولەیمانی، سەر لە ئێوارە لە بەغدا بەرێئەکەوێ و بە پەلە ئەیەوێ خۆی بگەیێنێتەوە سولەیمانی. لە رێگە ئەپرسێ، کە پێ ئەڵێن ئەم کارەساتە ئەڵێ ئەفەیان لێ بکەن و لێیان بکوژن هیچ دەست مەپارێزن!.

بەیانی زوو گەیشتەوە سولەیمانی لە پێش هەموو شتێکا ئەمری دەرکرد بۆ دەرنەچوونی شەوێ لە ناوشار، لە سەعات شەشی ئێوارەوە تا شەشی بەیانی، پۆلیسی بە چەک و دەبابەو تۆپ و تفەنگەوە خستە سەرجادەکان. مەنعی کرد کەکەس ناوی [شێخ مەحموود] نەیە بەسەر زمانیا، خەتیبەکانی مزگەوتی گەورە و خانەقای مەولانای بانگ کرد کە نەکەن باسی شێخ مەحموود بکەن، بەیاننامەیەکی دەرکرد و بڵاوی کردەوە کە: هەموو کەس ئەمرێ و پێویست نیە بۆ [شێخ مەحموود] ئەوەندە بە تەنگەوە بن، رۆژنامەی «ژین» کە لەو رۆژەدا خەبەری مردنی [شێخ مەحموود]ی بڵاوکردبووەوە نەیهێشت بڵاو بیێتەوە، دەستەی رۆژنامەی خستەژێر پرسیارەوە کە بۆچ شتی وایان نووسیوە؟. رۆژنامەکە تا، لای عەسر تەوقیف کراو پاشان بەهەر زمانێک بوو بەرەلاّ کرا.

ئەمجا کەوتە خەڵک گرتن لەناو شار، لەبەر کارەساتی ناشتنی تەرمی شێخ مەحموود (٥٢) کەسی لە سولەیمانی گرت، کەوتە سەر ئەوەکە ئەوانەش لەگەڵ ئەم تەرمە لە بەغداوە هاتوون ئەوانەش بگرێ، بەڵام بۆی نەکرا.

پرسە لە مزگەوتی گەورە دانرا، پرسەکەش هەر ئەوەبوو بەیانی دائەنرا تا سەعات پێنجی ئێوارە و پاشان لەبەر ئەوە ماوەی گەڕان نەبوو هەڵئەگیرا. تا سێ رۆژ پرسە هەبوو خەڵکی تر لە وڵاتانەوە ئەهاتن، پاش سێ رۆژە پرسە دوایی هات، ئەوانەی کە لەم لار لەولاوە هاتبوون گەڕانەوە بۆ شوێنی خۆیان. من و «حاجی نووری کەریماغا»ش

گەڕاینەوە بۆ بەغدا.

ئەمە کارەساتی مردنەکەی [شێخ مەحموود] بوو لە سولەیمانی و ئەمەبوو پیاوەتی حوکوومەتی وەخت و [عمرعەلی] موتەسەڕفی سولەیمانی.! لەگەڵ ئەوەدا ئەگەر حوکوومەت [شێخ مەحموود]ی پێشەوای کوردستانی بە ئەفسەرێکی بچووک بزانیایە و چەند سەربازێکی «ماتەمی» لە بناری شارەکەی سولەیمانیەوە هەم بەناوی رێز لێ گرتن و هەم بە ناوی ئاسایشەوە بخستایەتە تەکی ئەو کارەساتانە هیچی رووی نەئەدا، بەڵام حوکوومەت ئەو حوکوومەتە بوو کە (٣٥) ساڵ جەزرەبەی [شێخ مەحموود]ی ئەدا بۆ ئەوە پیاوەکانی خۆی لەسەر کورسی بن، ئێستە چۆن ئیشیوا ئەکاکە [شێخ محموود] بەرێز و خەڵکی تر لە ئاسایشا بن؟!..

ئەوەندە هەیە زۆر لۆمەشیان ناچێتەسەر، چونکە ئەوان هەموو ئامانجێکیان کیسە پڕ کردنی خۆیان و رازی کردنی ئاغاکانیان بوو. یەکێ ئەمە ئامانجی بێ ئیتر چۆن بە تەنگ دڵنەوایی و ئەمن و ئاسایشی میللەت و وڵاتەوە ئەبێ؟!.

ئەمە قانوونێکی تەبیعیە ئەگەر سەرۆکی حوکم و کاربەدەستانی حوکم بیرو باوەڕیان باش بێت و ئارەزووی رەزامەندی و ئاسایشی میللەت بکەن، ئەو «شەعب» و میللەتە لە ماوەیەکی کەمدا ئەگەبنە چڵەپۆپەی بەرزی و کامەرانی، خۆ ئەگەر ئەو کاربەدەستانە هەموو کۆششێکیان بۆ رەنگاو رەنگ کردنی کۆشکە عاجیەکانی خۆیان بوو بۆ ئەوە گوێیان نەبێ لە ئاهوناڵەی میللەت، ئەوە رۆژە رەشێکە کە تووشی هەر دوولایان ئەبێ؛ تووشی ئەوان ئەبێ چونکە کۆشکی عاجی کە لەسەر بناغەی زوڵم و جەور دامەزرا زوو ئەرووخێ، تووشی میللەتیش ئەبێ چونکە بەدەستەوانەوە ماوەیەک گیر ئەخۆن، بەڵام دەوری هەر دوولاشیان زوو دوایی دێ؛ هی ئەوان بەرووخاندن!. هی ئەمان بە رزگاربوون!..

شۆڕشی بەرزان

قارەمانی بەرزان

[مەلا مستەفا]

«بەرزان» ـ کە هەندێک بە «بارزان» ناوی ئەبەن ـ گوندێکە لە قەزای «زیبار» کە کەوتۆتە شیمالی ڕۆژهەلاتی مووسڵەوە ـ شێخەکانی بەرزان سیەت ئەدرێنە پاڵ ئەو گوندە.

سەرچاوەی ئەم شێخانە لە [شێخ تاج‌الدین]ەوە هاتووە. کە ئەم شێخە یەکێک بووە لە خەلیفەکانی «مەولانا خالد» و لەو گوندەدا ئرشادی کردووە و پاشان بەرە بەرە خەڵکی تر هاتوونەتە کۆرەکەیەوە. ئەم شێخ تاج‌الدینە بێجگە لە تەریقەتەکەی پیاوێکی عالم و زاناش بووە. پاش خۆی تەریقەت هاتۆتە سەرشێخ «عبدالسلام»ی کوڕی و پاش ئەو بۆ شێخ «محمد»ی کوڕی شێخ عبدالسلام. پاش ئەو شێخ عبدالسلامی دووهەم، شێخ أحمد، شێخ محمد صدیق، مەلا مصطفی، شێخ محمد ـ کە ئەم شێخ محمدەیان بە «بابۆ» ناوبانگی دەرکردووە ـ

هەرچەندە شێخ محمدی یەکەم ئەم هەموو کوڕانەی هەبووە بەلاّم دەستووری سەرۆکی شێخایەتی و ئرشاد هەر بە دەست «شێخ أحمد»ەوە بووە.

هەر لە سەرەتاوە بەرە بەرە بە هۆی شێخایەتی و تەریقەتەوە هەموو ناوچەکانی «مێرگەسوور و مزووری بالا» و زۆرتر لە «زیبار» بوون بە مرید و تۆبەکاریان تا لە ئاخرا وای لیٚهات بە هەموو خەڵکی ئەو ناوە ئەوترا: «بەرزان» و «بەرزانی» وە یا عەشایری بەرزان. بێجگە لە شێخەکان بە مسکێنەکانیش هەر ئەوترا «بەرزانی». ئەمە یەکێک بوو لە تاقە ڕەوشتە نایابەکانی شێخانی بەرزان کە لەقەبی خۆیان دابوو بە مسکێنەکانیش.

[بەرزان] وای لیٚهات لە تاقە گوندێکەوە بوو بە نزیکەی (٢٠٠) گوند و (٢٥) هەزار

كەسێك. ولأتەكە زۆر كوێستان و شاخ و داخە، لە شیمالەوە پاڵ ئەدا بە خاكی [توركیا]وە، كەمەكێك لە رۆژهەلأتیەوە پاڵ ئەدا بە ئێرانەوە، باقی رۆژهەلأتەكەی ناوچەكانی «برادۆست» و رواندزە. لە جنووبەوە «ئاكرێ» پاڵی پێوەداوە، لە رۆژئاوایەوە «ئامێدی و دهۆك» گرتوویانەتە باوەش.

چاندنی گەنم و جۆی كەمە، میوەی زۆرە، هاتووچوویان لەگەڵ «مووسڵ»دایە. بەرزانیەكان زۆر شەڕكەرو ئازان، بە هەموو مەعنایەك ژێر دەستەن بۆ شێخەكانی خۆیان، قسە شكاندنی ئەوان بەلای بەرزانیەوە نایێ، بەرزانی درۆ نازانن، زۆر پابەندی دیانەتن، هەموو شافعی مەزهەبن. لە بەرزانـدا هەر كەسە جووت و بەراوی خۆی هەیە، شێخەكانیش لەم لایەنەوە هەر بە ئەندازەی مسكێنەكانیان هەیە. شێوەی قسەكردنیان شێوەی كوردی بۆتانە. مۆسیقای قسەكردنیان ئاوازەیەكی هەیە. لە مێژە ناوی بەرزان و بەرزانی كەوتۆتە سەر كورسیەكانی سیاسەتەوە. كەواتە با تۆزێ بچینەوە بۆ دواوە:.

* * *

لە پێش ئەم ئاوردانەوەدا ئەبێ ئەوە بزانرێ كە ناوی [بەرزان] لە، وشەی «بەرز»ەوە هاتووە، لەبەر ئەوە ئەوگوندە رێكەوتنی دروستكردنەكەی لە شوێنێكی بەرز و بڵندەوە بووە پێیان وتووە [بەرزان].

هەندێ كەس ئەڵێن «بارزان»، وە بارزان ئەبەنەوە سەر «پارسان»، و ئەڵێن واتە [عابدان] و [زاهدان] لەسەر ئەو اعتبارە كە ئەم شێخانە زاهد و خوا ناس بوون. ئەمە جارێ بێجگە لەوەكە ئەمە نەئەبوا پارسان بوایە، بەڵكوو ئەبوا «پارسایان» بوایە و ئەویش بارزانیان بوایە، واتە مفردی وشەكە بارزانیان بوایە، ئەو وەختە «جەمعە»كەی ئەبوو بە «بارزانیان»یان، وە یا «بارزانیانكان»، ئەمەش دیارە شتێكی هەڵەیە. دیسان ئەوانە لە سەر ئەو اعتبارە وا ئەڵێن كەگۆیا ئەمە لە خواناسی شێخەكانەوە هاتووە، لەگەڵ ئەوەدا ناوەكە هەیە لە پێش ئەوەدا كە ئەو شێخانە دەست بدەن بە شێخیەتیەوە، واتە لەگەڵی پێش زەمانی

[شێخ تاج‌الدین]ەوە ئەو گوندی [بەرزان]ە هەیە و ناوی [بەرزان] بووە.

ئەمەش پێچەوانەی ئەوە نیەکە «بەرزان» ئێستە عەشرەتە و چۆن ئەبێ ناوی گوندێ؟!. پێچەوانەی ئەوە نیە، چونکە هەموو عەشرەتێک ناوەکەی سەرەتا ناوی باپیرە گەورەیەکی وە یا ناوی ئەو شوێنە بووەکە لێ دانیشتوون، ئەمانیش [بەرزان] سەرەتا ناوی ئەو گوندە بووە و بە درێژایی زەمان بلاّوبوونەتەوە، تاوای لێ هاتووە بووە بە ناو بۆ عەشرەت و ولاّتەکانی شیروان، هەرکی، بەرۆژی و مزوری و هەموو ئەو ولاّتە.

* * *

گەڕانەوە بۆ سەرباسەکە:

لەکاتێکداکە «شێخ تاج‌الدین» خەریکی شێخیەتی بوو لەبەر ئەوەکە ئەو لە ئاخر و ئۆخری ژیانیا دەستی‌دابوو بە دامەزراندنی بنەماڵەی شێخیەتیەوە کوڕی مریدان ئەوەندە پەرەی نەسەندبوو.کە ئەو کۆچی کرد شێخایەتی هاتەسەر «شێخ عبدالسلامی یەکەم». ئەم لەبەر بناغەداناني باوکی و زیاد مانەوەی خۆی ناوێکی زلی دەرکرد و مرید و سۆفیەکی زۆری بۆ پەیدا بوو، بەم بۆنەوە دەسەلاّتێکی باشی پەیداکرد، ئەم جۆرە دەسەلاّتە بۆ ئاغەکانی زێبار و وردە ئاغەکانی‌تری ئەو دەورە دەستی نەئەدا ـ وەکوو رەوشتی هەموو شێخەدێیەک ـ چاکی دوژمنایەتیان لێ بەلاّداکردبۆی. ئەم ناکۆکی بەینی زێباری و شێخانی بەرزانە تا زەمانی شێخ محمدی کوڕی شێخ عبدالسلامی گەورەش هەر درێژەی کێشا و پاشان ئیتر سەریان بۆ دانەواندن و شێخانی «بەرزان» بە تەواوی سەرکەوتن.

لە دەورەی [شێخ عبدالسلام] و دەورەی ناکۆکی‌دا ئاغەکانی زێباری هەرجارە خۆیان لەکاربەدەستەکانی زەمانی عوسمانی نزیک ئەخستەوە بۆ ئەوە سەرکەون، بە هەموو جۆر زمانیان لە بارەی نالەباری «شێخە»کانا ئەگێڕا.کاربەدەستانی دەوریش سەری تەلیان ئەگەیاندەوە بە ئەستەمۆڵ و [بابی عالی]، ئەیانوت ئەم شێخانە یاخی بوون!. لە راستیشا وانەبوو بەڵکوو هەر ئەوەندە بوو ساردیەک لە بەینی بابی عالی و شێخانا پەیدا بووبوو.

ئیش کە درێژەی کێشا ناچار «شێخ عبدالسلام» بە ئاشکرا داوای هەندێ شتی لە «بابی عالی» کرد. یەکێک لەو داواکردنانە لابردنی هەندێ لەو کاربەدەستانە بون کە بووبوون بە مایەی فیتنە لە بەینی ئەو و «بابی عالی»دا. دیسان هەندێ کاروبار رێک خستنیش لە ولآتی کوردەواری ئەو شوێنەدا وەکوو لابردنی هەژاری و چاک کردنی ئابووری ولآت و کردنەوەی قوتابخانە و خوێندن بە کوردی تیایاندا.

حوکوومەتی ئەستەمۆڵ کە چاوی بەم قسانە کەوت ئەوەندەی‌تر شێت بوو! وتی ئەم جۆرە داواکردنانە هی شێخێکی تەریقەت نیە، بەڵکوو ئەمە تێوەژەندنێکە لە لایەن کۆمەڵە کوردیەکانەوە کە ئەیانەوێ حوکوومەتێکی لامەرکەزی بۆ کورد دروستبکەن!. بێجگە لەمەش دیسان خەڵک و خوا وایان لە [بابی عالی]گەیاندبوو کە ئەمانە لە ژێرەوە لەگەڵ روسا قسەیان هەیە بۆدروستکردنی حوکوومەتێکی کوردی بۆیان!.

هەمو ئەم شتانە بوون بە هۆی ئەوە کە حوکوومەتی ئەستەمۆڵ بە هەموو جۆر خەشم و قین لە «بەرزان» و بەرزانیەکان هەڵبگرێ و خەریکی ئەوەبێ کە لە ناویان بەرێ.

ئەمە و دیسان لە بەربەرەکانیەکانی «حزبی اتحاد و تەرەقی» و «حزبی حریة و ئتلاف» لە ئەستەمۆڵ هۆیەکی‌تر پەیدا بووبوو بۆ ناکۆکی بەینی [شێخ عبدالسلام]ی بەرزان و حوکوومەتی ئەستەمۆڵ: ـ

«حزبی اتحاد و تەرەقی» شێخ عبدالسلام ـ یان بەوەدائەناکە ئاو لەوان لێڵ ئەکا و سەر بەبەرەی «حریة و ئتلاف»ە. کە حزبی ئتلاف هاتە سەر حوکم، بە هۆی «ناظم پاشا»ی والی بەغداوە عەفواتێکی گشتی بۆ ئەو و بۆ هەموو بەرزانیەکان لە ئەستەمۆڵ دەرچوو، سەرباری ئەمەش هەر [ناظم پاشا] داوای ئافەرینێکی لە «بابی عالی» کرد بۆ «شێخ عبدالسلام».

لە پاش ئەم ماوەیە زۆری پێ نەچوو دیسان بەرەی [اتحاد و تەرەقی] هاتنەوە سەر حوکم، [ناظم پاشا]ی والی بەغدا ـ کە لە پاشا بوو بە وەزیری جەنگ لە ئەستەمۆڵ ـ بە

دەسیاری بەرەی اتحاد و تەرەقی کوژرا. ئەم حزبە دیسان دەستیان دایەوە بە توند و تیژیەوە. «سلیمان نظیف»ی کوڕی سعید بەگی دیاربەکری‌یان کرد بە والی [مووسڵ].

جاری پێشو کە [حزبی اتحاد و تەرەقی] لە باوابوون بە سەرۆکی «محمود شوکت پاشا» وەزارەتی ئەستەمۆڵیان دامەزراندو حوکمیان خستە دەست خۆیان. لەم کاتەدا مەحموود شەوکەت پاشا کوژرا و وەزارەتەکەیان کەوت. حزب کوشتنی مەحموود شەوکەیان خستە ئەستۆی «صفوت بەگ» قایمقامی عەسکەری ـ کە ئەندامێکی بەکار و گەورە بوو لە [حزبی حریة و ئتلاف]دا ـ کە سەر لە نوێ بەرەی اتحاد و تەرەقی هاتنەوە سەر حوکم «صفوت بەگ» لەبەر ئەوەکە لەو سەردەمەدا لە «مووسڵ» بوو هەڵات و خۆی خستە لای «شێخ عبدالسلام».

کە «سلیمان نظیف» لە لایەن اتحادیەکانەوە کرا بە [والی مووسڵ] هەموو جۆرە دەسەڵاتێکی درایە؛ کوشتن، بڕین، حەپس، هەموو شتێک. لێرەدا هات داوای [سەفوەت بەگ]ی لە [شێخ عبدالسلام] کرد، شێخیش سەفوەت بەگی نەدا بە دەستەوە. لەمجا «سلیمان نەزیف» لەشکری کێشایە [بەرزان]ەوە، لە پاش شەڕ و شۆڕێکی زۆر [شێخ عبدالسلام] وڵاتی خۆی بەجێ هێشت و ڕووی کردە وڵاتی ئێران. لەوێ بوو بە میوانی [سید طه]ی سید صدیقی شێخ عبیداللەی نەهری لە نزیکی «ورمێ». پاش ماوەیەک ویستی دیدەنیەک لە «سمایلاغای سمکۆ» بکا ـ کە ئەو سەردەمە سمایلاغا لەسەر سنووری ئێران و تورکیادا بوو ـ دیدەنی کرد و گەڕایەوە بۆ «نەهری». وە ئەم دیدەنیەی بۆ چ مەبەستێک بوو دوور نیە هەموو کەس بیزانێ!.

لە گەڕانەوەیا هەندێ کەس سەری ڕێیان پێ گرت کە لەبێ بچێت بۆ لایان و گوندەکەی ئەوانیش پیرۆزبکا. گۆیا ئەم دەستەیە لە لایەن «سۆفی عەوڵای فەنەک» ناوێکەوە نێرابوون ـ کە ئەم ئەوڵایە لە ڕواڵەتدا خۆی بەیەکێ لە دۆستەکانی شێخ ئەزانی ـ شێخ گەلێ بیانووی بۆ نەچوون هێنایەوە بەڵام پیاوەکانی وازیان نەهێنا و وتیان: «کاک عەوڵا»

وتوویەتی ئەگەر شێخ نەیەو ماڵەکەم پیرۆز نەکا ماڵەکەم ئەسووتێنما.. گۆیا ئەم «کاک عەولا»یەش سەرۆکی هۆزێکی شکاک بووە لە خاکی تورکیادا. شێخ ناچار لەبێ بە رۆیشتن و دڵیان ناشکێنێ.

که شێخ بە ناوی بانگێشتن و میوانەوە لەرواو پاش دانیشتن، عەولا پێ ئەڵێ من تۆم بۆ ئەوە هێناوەتە ئێرە کە بتگرم و بتدەم بە حوکوومەتی تورک!. هەرچەندە شێخ لەم رووەوە قسەی لەگەڵ کردو ویستی لەو فیکرەی پەشیمانی کاتەوە کەڵکی نەبوو. ناچار سەری کڕنۆش بۆ چارەنووس دائەنەوێنێ. پیاوەکانی شێخ ویستیان دەست بکەنەوە شێخ نەیهێشت، لەگەڵ ئەوەش دوو پیاویان هەر خۆیان نەگرت، چەند کەسێکیان کوشت و پاشان ئەوانیش هەر لەوێدا کوژران.

شێخ گیرا و برا درایە دەست حوکوومەت، لەوێوە بردیانە «وان»، لەوانەوە بۆ «دیاربەکر» و لە دیاربەکرەوە بۆ مووسڵ [سلیمان نەزیف] بە ئاواتی خۆی گەیشت!. لە پاش موحاکەمەیەکی سەرزارەکی گۆیا بەناوی ئەوەوە کە وەختی خۆی لەشکری شەشەمی عوسمانی ویستوویە بچێ بۆ جەنگی رووسیا شێخ سەری رێ پێ گرتوون و شەڕی لەگەڵ کردوون حوکمی خنکاندنیان دابەسەر ئەو و سێ کەسی تر لە هاوڕێکانیا کە یەکێکیان «محمداغای هیشتی»یان پێ ئەوت، سەرۆکی عەشرەتی «رێکان» و پیاوێکی پیربوو. یەکێکیان «عەبدیاغای مزوری» و دیسان ئەویش چوو بووە ساڵەوە، یەکێکیشیان عەلی کوڕی حەمەدئەمیناغای مزوری، ناو بور کوڕێکی گەنجی شایان بوو.

لە یەکێ کانوونی یەکەمی (١٩١٤) ئەم چوار کەسە لەسەر داواکردنی حەقێکی خوراوی خۆیان هێنرانە بەر «سێدارە» و خنکێنران. [شێخ عبدالسلام] لە پێش ئەوەدا بچێتە بەر ئەناقە کە دەستنوێژێکی شورد، هەندێ قرآنی خوێند و پاشان چووە پێشەوە وتی: «ئەم کوژرانەی من بەم جۆرە وەنەبێ بۆ حوکوومەت قازانج بێت» ئەمەی وت و پەتەکەی کردە ملی خۆیەوە.

[عەلی حەمەدەمیناغا] کە برایە بەر سێ دارە کە وتی: «قوڕ بەسەر حوکوومەت، وەنەبێ لەنەمانی ئێمە [بەرزان] لە ناو بچێت. با حوکوومەت بزانێ کە بەرزان نامرێ!.» و ئەویش سەری کرا بە پەتە کەوە!..

هەروەها لەسەر ئەم باسە ئەڵێ: لەسەر ئەو داخوازیانە کە کرابون سلیمان نەزیف شێخ بهاءالدینی بامەڕنێ، شێخ عبدالسلام و شێخ نوورمحمدی گەورە ـ بریفکانی ـ ئەمانەی گرتو هێنانیە مووسڵ. «شێخ بهاءالدین»ی ناردەوە، «شێخ عبدالسلام»ی خنکاند، «شێخ نوورمحمد»ی خستە زیندانی خنکاندنەوە، لە پاش پێنج رۆژ لەبەر نەخۆشی بردیانە خەستەخانە و زۆری پێ نەچوو لەوێدا مرد، لە پاشان نەیهێشت کە سوکارە کەی تەرمە کەی بەرنەوە هەر لە مووسلاْ نێژرا.

ئەمە پەردەی یە کەمی دەوری شۆڕشی «بەرزان» بوو.

* * *

شەڕی (١٩١٤ـ١٩١٨) دوایی هات و شەڕەنگێزە کان رێ کەوتن، لە [٥ی تشرینی دووهەمی ١٩١٨]دا ئینگلیز چووە مووسڵەوە. کە ئەمە رووی‌دا بەرزان و شێخە کانی [بەرزان] پەلیان بڵاو کردەوە و دەستیان کێشا بەسەر عەشایەرە کانی ئەو ناوەدا، سیاسەتی ئەو وەختەی ئینگلیزیش دەنگ نە کردن بوو. بەم هۆیەوە ئەمان هەر بەهێزتر ئەبوون، بە تایبەتی وڵاتی «مێرگە سوور» کە عەشرەتی «شیروان»ی لێ دائەنیشت بوو بە پارچەیە کی تەواو لە «بەرزان». کە عێراق کەوتە ژێر حوکمی حوکوومەتی عێراقیەوە بەرزان زیاتر هیوای بەخۆی پەیدا کرد و کەوتە سەرلەوە کە بە تەواوی قسەی خۆی لە هەموو ئەو وڵاتانەدا بڵاو بکاتەوە، ناوچەی حوکمی گەیشتە بناری «رواندز».

تا ئەو سەردەمە لەهەر لایە کەوەئەگەر یە کێک بەرەنگاریان ببوایە لایەنی شێخەتیە کەی ئەمان لایەنی عەشرەتداریە کەیانی بەهێز ئە کرد و ئەو بەرەنگارە لیتر هیچی پێ نەئە کرا و سەری کڕنۆشی دائەنەواند.

کەکەوتنە ولاّتی رواندز و «برادۆست»ەوە «شێخ رەشیدی لۆلان» خۆی لە بەریانا راگرت و بوو بە کۆسپێکی زل لە رێگەی پێشکەوتنیانا. «شێخ رەشید»یش خۆی بە شێخ ئەزانی و ناوچەیەکی بەهێزی مریدین و مەنسووبینی هەبوو[1]. ئەو هێزە مەعنەویە کە شێخەکانی [بەرزان] داوایان ئەکرد ـ وەکوو شێخیەتی یێ ـ شێخ رەشیدیش خۆی بە خاوەنی عەینی هێز ئەزانی و عەینی قسەی بەسەر خەڵکا هەبوو. دیارە شیر لە شیر کارناکا!..

[شێخ رەشید] کەزانی لەگەڵ ئەم هەمرو شێخیەتیەشا دەستی ئەو دەستی شێخەکانی بەرزان هەر ناشکێنێ پاڵیدا بە حوکوومەتەوە و ئەمجا هێزێکی تری بۆ خۆی زیادکرد. کە شێخەکانی [بەرزان] ئەمەیان زانی ـ شێخی قسەرەواش لە شێخەکانی بەرزانا هەر شێخ أحمدی براگەورەی مەلامصطفی بوو ـ عێلجارپان کرد و ولاّتی «شێخ رەشید»یان بە تەواوی داگیر و شێخیان بەجارێ کزکرد.

کە ئیش گەیشتە ئەم شوێنە حوکوومەت کەوتە سەر ئەوەکە بەتەواوی بچێتە مەیدانەوە. ولاّتی بەرزانیش هەمووی شاخ و داخ و هەڵدێرە، لەبەر ئەوە حوکوومەت ئەمەی پێ ناکرێ کە راستەو راست لەشکر بنێرێ.

ئەو سەردەمە «بزنانە» وەرئەگیرا، ولاّتی بەرزان لە ساڵاّ لەگۆتره هەندێ پارەی ئەدا بە

---

١ - «برادۆست» ناوچەیەکی فراوانە لە ولاّتی «رواندز» و پاڵیداوە بە ئێران و تورکیاوە، لە پشتەوە هەمووی شاخ و چیایە. مەرکەزەکەشی گوندی «سیدەکان»ە. لە ناوچەی برادۆستدا بێجگە لە عەشرەتی برادۆست خۆی عەشایەرەکانی «پیرهسنی، رەواندۆک و خواکورک»یش دائەنیشن.

ناوچەی نفوزی شێخایەتی [شێخ رەشید] وەکوو لەناو ئەم عەشرەتانەدا بلاّوبووبووەوە گەیشتبووە عەشرەتەکانی «خەیلانی، هەرکی و مامەساڵەی»یش. ئەمە لە عێراقا. لە ئێران و تورکیاشا عەشرەتەکانی هەرکی جێنشین، مامەش، زەرزا، گەردی، سیدای گرتبووەوە تا ئەچووە ولاّتی جۆلەمێرگ.

ئەڵێن «شێخ رەشید» لە سەرەتای ژیانیا رێ گرتبوو، پاشان بە هەمەتی پیرانی «تەریقەت» پێ گەیشتووە و بووە بە [شێخی إرشاد]. تەریقەتەکەشی [تەریقەی نەقشبندی] بووە.

حوکوومەت لەباتی هەموو بزنانە و مەڕانەی هەموو ولاتەکە. حوکوومەت وتی من ئەمەوێ سەرژماری تەواو بۆ ئەم بزنانەیە بکەم و بەپێی سەرژمار پارەبدرێ. لەبەر ئەمە ئەبێ نوختەی پۆلیس و دائرەی حوکوومەت لە بەرزان دروست بکرێ. شێخ أحمد وتی ئەمە رەوشتێک بووە تا ئێستە نەبووە، چ لە دەوری [تورکیا]، چ لە دەوری ئینگلیزا. ئەم ولاتە لەبەر گەرمیانی و کوێستانیەکەی دانیشتووەکانی هەر سەچاوی کوچەرایەتی لەلایەن باج و بزنانەوە سەیرکراون، چەشنی ئەو کۆچەریانەی تر کە لە عیراقا هەن، چۆن ئەوان هەروا بە گۆترە شتێکیان لێ وەرگیراوە، [بەرزان]یش هەروابووە. کە واتە پێویست بەردوستکردنی بنکەی حوکوومەتی ناکا لەم ولاتەدا. چیمان داوە ئەیدەین و بە هیچ جۆرە لە هیچ وەختێکدا نافەرمانی و سەرپێچی لە ئیشی حوکوومەت لە ئێمەوە روونادا.

شێخ أحمدی براگەورە

حوکوومەتی ئەو دەورە وەزارەتی یەکەمی «توفیق سویدی» بوو، ئەم وەڵامەی «شێخ أحمد»ی بەلاوە باش نەبوو بەیاخی گەری دانا، بۆیەش وای دانا چونکە وەکوو بۆمان دەرکەوت لە بیانوو ئەگەڕا. فەرمان درا کە لەشکر بچێتە سەر «بەرزان». بەڵام لەو سەردەمانەدا ئیش کردن بۆ جێبەجێ بوونی پەیمانی (١٩٣٠) لەکایەدا هەموو لە هەموو عیراقا. ئەمە لە لایەکەوە لە لایەکی تریشەوە هەرای ئەیلوولی (١٩٣٠) سولەیمانی و بزووتنی شێخ مەحموود لە «پیران» و پەلاماردانی بۆ عێراق حوکوومەتی شڵەژاندبوو، بەم بۆنەوە وازهێنرا لە ناردنی لەشکر بۆسەر بەرزان تاکەوتە دەور و بەری تشرینی (١٩٣٢).

ئەمە هەبوو، لەسەر قسەی «ئەمین زەکی بەگ»یش کە ئەو سەردەمە وەزیری جەنگ بوو ئەڵێ:

«فەرمانێکم لە لایەن «جەنەرال لۆخ» مستشاری وەزارەتی جەنگەوە بۆ هات بۆ ئیمزا کردن بۆ ناردنی لەشکر بۆ سەر بەرزان. وتی داوای دۆسیەکانی پێش ئەمەم کرد هیچ شتێکی وام لەو دۆسیانەدا بەرچاو نەکەوت. لەم ڕووەوە قسەم لەگەڵ «رئیس الوزراء»دا کرد ئەویش بۆ ئەم مەسەلەیە ئاگای لە هیچ نەبوو. قسەم لەگەڵ «مەلیک»دا کرد ئەویش هەر بێ ئاگا بووا. وتی ئیتر منیش کە زانیم وایە فەرمانەکەی مستشاری بەریتانیم گێڕایەوە و ئیمزام نەکرد.».

* * *

لە شۆڕشی دەوری دووهەمی بەرزانـدا «فـەلە ـ دیـان» و «تـەیاری»یـەکـان هـۆی هەرە گەورە، بەڵکوو تاقە هۆبوون بۆ هەڵگیرساندنی ئەو شۆڕشە. لەبەر ئـەوە پـێویـستە ئاگاداریەک بەسەر کارەساتی ئەم فەلانەدا پەیداکەین بۆ ئەوە بۆمان دەرکەوێ کە بـە چەجۆر ئەمان بوون بە یەکەم هۆ بۆ ئەو شۆڕشە؟.

تەیاریەکان واچووبووە دڵیانەوە کە لە پاشماوە و نەتەوەی «ئاسووری»یەکانن. ئەمانە لە «جۆلەمێرگ» و دەوروبەری «وان» لە نزیکەی سنووری ئێران و ڕووس‌دا دائەنیشتن، هەموویان بە جۆرە سەربەخۆییەکی زاتی لە ژێر فەرمانی [مارشەمعوون] ـ سـەرۆکـی ڕۆحانی گەورەیانا ـ رایانئەبوارد. [مارشەمعوون] لەقەبێکە بۆ ئەو رەئیسە گەورە دینیەیان کە ئیدارەیان ئەکا.

لەشەڕی (١٩١٤ـ١٩١٨) ڕووس پەلاماری «ئـەنادۆڵی ڕۆژهـەڵاتی»دا و وڵاتـی «وان»ی گرت و چاوێریەکی باشی ئەرمەنیەکانی ئەوێ کرد و جبەخانە و هەموو جۆرە چەکێکی دانێ. ئەمانە بـەرانـبەر بـە تـورک یـاخی بـوون و دەسـتیان کـرد بـە جـۆرە کردەوەیەک لە کوشتن و بڕینی ئەهلی ئەو ناوە نـەفـسی ئـینسانی بێزی ئـەهاتەوە لەو کردەوانە. حوکوومەتی تورکی ناچار بوو بە تەمێ کردنیان، ئەویش لە کوشتن و بڕینیان هیچ درێغی نەکرد، تەنانەت «کوشتاری ئەرمەنیەکان» بوو بە تەئریخێک. ئەمجا ئەوانەیان

کە لە کوشتن ڕزگاریان بوو ڕووبەڕووی وڵاتی ئێران بوونەوە و لەگەڵ «نەستووری»یەکانی ئەوێدا قسەیان نەکرد بە یەک بۆ دۆزینەوەی ئیشێک بۆ خۆیان.

لە سەرەتای ئەو شەڕی (١٩١٤-١٩١٨)دا «لیژنەیەکی ڕۆژهەڵاتی بەریتانی» دروست بوو بۆ ئەوەکە بکەوێتە ئیش کردن بۆ تەگەرەدان لە کارو باری «حووکومەتی عوسمانی» و یارمەتی ئەو کەسانانەی ئەداکە دوژمنن بە«حوکوومەتی تورک»!.

لەو سەردەمەدا ئینگلیز دەستەیەکی عەسکەری بە سەرۆکی «جەنەراڵ ویسترفیل» نارد بۆ «ورمێ» بۆ ئەوە نەستووریەکانی ئەو دەورە هەڵخڕێنن بۆ بە گژا چوونی تورک. ئەمانە چوون و لە کانوونی دووهەمی (١٩١٨)دا بە ئارەزووی خۆیان گەیشتن، هەموو سەرۆکەکانی نەستووری ئەوناوەیان کۆ کردەوە و قسەیان لەگەڵ کردن بە یەک. لە «تەمووز»ی ئەو ساڵەدا کاروانێکی چاک جبەخانە و چەکیان بۆ ناردن. تورکەکان لەم کارەساتە ئاگادار بوون، لە پێش ئەوەدا چەک و جبەخانەکە بگاتە دەست ئەوانە، تورکەکان هێرشیان بردە سەر «ورمێ» ئەوی بشێ و نەشێ پێیان کردن. ئینگلیز لێرەدا هیچی بۆ نەمایەوە تەنها ئەوە نەبێ ئەوانەی کە لە کوشتن دەرباز بوون بیانهێنێ لە دەوروبەری «باقوبە» دایانبنێ لەسەر ڕووباری «سیروان» و لەوێ بیانخاتە ئیشەوە!.

لە ماوەیەکی کەمدا بە «گاریە» هەمووی هێنانە ئەوێ و چادری بۆ هەڵدان. ئەمانە بوون بە نزیکەی (٥٠) هەزار کەسێک. (١٢ر٥٠٠)یان لەو ئەرمەنیانە بوون کە لە وڵاتەکانی «وان، قەوقاس، بتلیس، خالیسیا، ئازەربایجان و ئەستەمۆڵە»وە هێناوونی. (٢٥) هەزار نەستووریشیان تیدابوو ـ کە (١٥) هەزار لەمانە لە کێوەکانی کوردەواریەوە هاتبوون ـ (١٠) هەزارەکەی تریشیان لە وڵاتەکانی «سەلماس» و «سلدوز»ەوە هێنرابوون. ئەم (١٠) هەزارە، کە شەڕ بڕایەوە حوکوومەتی ئێران قسەی دا بە گەڕانەوەیان بۆ ئێران. مایەوە (١٥) هەزارەکە، کە لە کێوەکانی کوردەواریەوە هاتبوون. ئەمانە بوون بە مایەی دێزواری؛ تورکەکان لە پاش ئەو هەموو خراپەیە کە لێیانەوە دیبوویان وەریان

نەئەگرتەوە، کوردەکانیش لێیان دڵنیا نەبوون تا ڕێگەیان بدەن و بچنە وڵاتەکەیانەوە. ئینگلیز لە پێناوی ئەو پیاوەتیەداکە لەگەڵی کردبوون و بەوجۆرە سەری بردبوون بە قوڕا هەر ئەوەی بۆمابووەوە کەنان و بەرگیان بداتێ!..

ئینگلیز لێرەدا چارناچار چوارچاو بووەوە وکەوتە سەر فیکری ئەوەکە ئیشێکیان بۆ ببینێتەوە. لە پاشەڕۆکی قۆمیتەیەکی زۆردا «کۆلۆنێل لەچمەن» ئەم ڕێگەیە دۆزیەوەکە: ـ

«حوکومەتی بەریتانی پێیێ کوردە موسوڵمانەکان لە دێهاتەکانی خۆیان دەرکا و بیاندا بە دەست نەستووریەکانەوە، بۆیەش ئەمە بکا چونکە ئەمانە گەلێ جار عەزیەتی ئینگلیزیان داوە، بەتایبەتی کە «کاپتان ویلی» و «لفتنت مەکدوکل» دوو حاکمە سیاسیەکەی ئینگلیزیان کوشتووە داخی ئەوانە هەر لە دڵ دەرناچێ!. ئەمە و دیسان لەسەر سنووری تورکیا زەوی و زارێکی باش هەیە بۆ ئەوە کوردەکانی لێ دابنرێن.».

«کۆلۆنێل ئی.تی ولسن» وەکیلی حاکمی گشتی لە عێراقا ئەم پێشنیارەی پەسەندکردو لە ئابی (١٩٢٠)دا بە تەلگراف ئەم خەبەرە خۆشەی گەیاند بە وەزارەتی جەنگی بەریتانی و خۆیشی ئەمەی خوارەوەی خستە سەر: ـ

«ئەمە هەلێکی باشە بۆ ئەوەکە ئێمە حەقی ئاسووریەکان بدەینەوە بە خۆیان، لام وایە بەم ئیشەمان هەم ئەفکاری شەعبی بەریتانی و هەم ئەفکاری هەموو ئاورووپا لە لایەن حەق و عەدڵەوە رازی ئەکەین. هەروەهاکە ئەمەمان کرد مەعنای وایە گرێ کوێرەیەکی زۆر چەتونمان لە لایەن ئەقەلیەتی دینی و جنسی لە کوردستاناکردۆتەوە و رزگاریشمان ئەبێ لەو ترسەکە رۆژێ لە ڕۆژان شمالی [فورات] ئاژاوەی تێ کەوێ و ئاشتی نەمێنێ. لە عەینی وەختیشا بەم ئیشەمان توانیمان تۆڵەی ئەو کەسانە بدەینەوە کە لە ئامێدی و لەو دەورەدا ئاژاوەکەیان نایەوە. ئەمە هەلێکە نابێ بە سەریا بچین، چونکە جارێکی کە ئەمەمان بۆ ناگەڕێتەوە!.».

هەروەها حاکمی گشتی دانی بەوەدانابوو کە بەریتانیا ئەم فیکرەی پەسەندکردووە و

ئەیەوێ لە سەری بڕوا، تەنانەت دوکتۆر «ویکرام»یشی بۆ جێبەجێ کردنی ئەم پرۆژەیە تاین کردووە. بەڵام کنە کردنی تورک لەناوچەی مووسڵ و کوردەواری‌دا و نەتوانینی ئینگلیز لەم رۆژەدا بۆ گواستنەوەی «ئەلە»کان لە «باقوبە»وە بۆ ئەو وڵاتە یەکی هەموو ئیشەکەی خست.

ئینگلیز کە ئەو پرۆژەیە بۆ نەچووە سەر مەعنای ئەوە نەبوو کە ئیتر وازی هێناوە، بەڵکوو لەروویەکی ترەوە گەلێ زیاتر خەریک بوو؛ هێنای نزیکەی دوو هەزار کەسێکی لێ کردن بە سەرباز و ناوی نان «سەربازی لیوی» و ئەیکردن بە گژ هەموو جۆرە [فتنە]یەکا؛ شەڕی بەرانبەر بە تورک لە شیمالی [عێراق]ەوە پێ ئەکردن، ئاژاوەی پێ هەڵئەگیرساندن. کارەساتەکانی «مووسڵ» و «کەرکووک» ـ کە سەربازی لیوی کردنیان ـ ئەگەر بە پشتیوانی ئینگلیزەوە نەبوایە چۆن ئەوانەیان پێ ئەکرا؟!.

لە رۆژی [١٥ی ئابی ١٩٢٣]دا لە شاری مووسڵ شەڕێکیان نایەوە (١٨) کەس کوژراو و بریندار کەوتە ئەوناوە، لە [٤ی مارسی ١٩٢٤]دا لە کەرکووک هەرایەکیان هەڵگیرساند کە نزیکەی (٢٠٠) کەسی کوژراو و بریندار کەوتە ئەو دەشتە. ئەمانەی پێ ئەکردن و ئەوانەشیان کە تفەنگ بە دەست نەبوون بە جاسووسی و شتی ترەوە خەریکی ئەکردن.

بەڵگەش بۆ ئەم جۆرە پشتیوانی کردنەش ئەوەیە کاتێ: کە [ئاغەپەترۆس] سەرۆکی «ئەلە»کان کەوتە سەر ئەوە کە گۆیا لە شیمالی «مووسڵ» لە بەینی سنووری عێراق و [تورکیا]دا حوکومەتێکی ئاسووری دائەمەزرێنێ، ئینگلیز ئەمەی بە موژدەیەکی زۆر گەورە وەرگرت و بڕیاری دا کە بە هەموو جۆر یارمەتیان بدا. لەم یاریەدانەدا هەم ئامانجەکانی خۆی پێیان پێک دێنێ، هەم لە چنگ بەخێو کردن و نان و بەرگەکەشیان رزگاری ئەبێ!.

زۆری پێ نەچوو لە نزیکی رووباری «خازر» لە بەینی «مووسڵ» و «ئاکرێ»دا

سەربازخانەیەکی ناپابیان بۆ دروستکراو تا دە هەزارکەسێک لە ولاّتی «بافوبە» مابوو ڕەوانەی ئەوێ کران.

وەختێ خۆی ئەم فەلانە دوو تۆپیان لەکەشتی «مەرمەریس»ی تورکی بەهۆی ئینگلیزەوە دەست کەوتبوو. ڕۆژێک ئەچن بۆ «سەرعەقرە» و ئەم تۆپانە لەگەڵ خۆیان ئەبەن گۆیا لەوێ لەسەرکێوەکان تەقەیان پێ بکەن و بەمە چاوی کوردەکانی ئەو ناوە بترسێنن!. کە ئەشگەنە سەرکێوەکە، یەکێ لە تۆپەکان ئەکەوێتە ڕووباری «ئاکرێ» و پارچە پارچە ئەبێ و ئەویکەشیان نازانن چۆنی بتەقێنن!.

لەگەڕانەوەیاندا دەست ئەکەن بەگۆرانی وتن و بە توانج گرتن لە ئەهلی ئەوناوە. بەم کردەوەیەیان دڵی خەڵکەکە بە تەواوی بریندار ئەکەن و ئیتر بۆیان دەرئەکەوێ هەر قسەیەک لەبارەی ئەمانەوە کراوە ڕاستە. هێشتا نەگەیشتبوونە سەر ڕووباری «زاب» بەرزانیەکان لێیان ڕاست ئەبنەوە، بە تەواوی شڕیان ئەکەن، ئەیانکوژن و تالاّنیان ئەکەن و بە جارێ کز ئەبن. لە پاش ئەم کارەساتە «ئاغاپەترۆس» ئەچێ بۆ پاریس و (١٩٣٢)دا لەوێ ئەمرێ، ئینگلیزیش ئاواتەکەی نەهاتەدی!..

* * *

یەکەم دەوری وەزارەتی «ڕەشید عالی» بوو، ئینگلیز کە سەیری کرد تورکیا ڕێگەنادا بە چوونەوەی ئاسوورییەکان بۆ ئەوێ، فیکری هاتە سەر ئەوەکە بیانبا بۆ یەکێ لە دوورگەکانی خۆی، ئەوەش هەر ڕێ نەکەوت. چاکتر ڕێگە کە دۆزیەوە دانانیانە لە شوێنێکی عێراق و چاویشی لێیان بێ!. بۆ ئەم ئیشە داوای لە حوکومەتی عێراقی کرد، حوکومەتیش لە [٩ی مارتی ١٩٢٨]دا بڕیاریدا کە ئەمانە لە دەوروبەری ناوچەی «برادۆست» و ڕواندزا دانیشن و خەریکی کشت و کاڵ بن. تەنانەت بە هەموو جۆر یارمەتیشیان بدا بۆ کاروباری کشت و کاڵ کردن. پاش ئەمەش دانی بەوەدانا کە «مارشەمعوون» بێ بە قشەیان و مانگی (٣٠٠) ڕووپیەشی بدرێتێ. وە «کاپتان فایکر»

زابتی بەریتانی چاوێری ئیش و کاری نیشتە جێتی ئەمانە بگرێتە دەست، مانگانەی ئەمەش لە پارەی [عێراق] بێت بەڵام بۆ کاروفرمانی ئاسووریەکان پرسورا بە «معتمدی سامی» بکا!.

کاپتان کەوتە ئیش لە ولاتی «رواندز» و «ئاکرێ» و «نەهلە» گەلێک لەمانەی حاوانەوە. مەسەلەی [فەلە] و ئاسووری گەلێ ئەدواریتری بەسەراهات هەر لە عێراقا وەنەبێ ئەوە ئەوەندە مەبەستی ئێمەبێ. ئەوەی ئاشنایەتی بە باسەکەی ئێمەوە هەبوو هەر ئەوەندە بوو.

کە فەلەکان چوون و کەوتنە ولاتەکانی نزیکی بەرزانەوە ولاتی [بەرزان] و کوردەکانی‌تر لەم باسە هەموو سڵەمینەوە، چونکە ئەمە شتێکی ئاشکرابوو کە لە ئاخردا کوردەکان لەوێ دەرئەکەن ئەمانەیان لە شوێن دائەنێن ـ وەکوو لە پێشەوە باسکرا ـ

[شێخ أحمد] لێرەدا کەوتە خۆی و کەوتە سەر ئەو باوەڕە کە نەیەڵێ ئەم ئیشە سەربگرێ، چونکە پاشەرۆژێکی خراپی بۆ خۆی و بۆ ولاتەکەی هاتە پێش چاو. ئەم خراپیە نەوەک هەر کوردەکان کەوتە بەرچاویان بەڵکوو عەرەبە دڵسۆزەکانیش هەر لەسەر ئەو باوەڕەبوون کە لە ئاخردا ئیشێکی خراپ روو ئەدا.

لەو سەردەمانەدا هەندێ لە زابتە کوردەکان وەکوو «جەمال عارف» و «مەحموود جەودەت» لە مووسڵ بوون، لە عەرەبەکانیش «مهدی رەحال» لەوێ بوو، ئەمانیش لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە دانانی [فەلە] لەو ولاتەدا بەو جۆرە نەوەک هەر بۆ کورد بەڵکوو بۆ حوکومەتی عێراقیش زیانی زۆرە. «خەلیل شەوقێ» خەڵکی ئامێدی بەناوی «بەرزان» و «شێخ أحمد»ەوە هاتوچۆی لای ئەم زابتانەی ئەکرد و باوەڕی هەموویان لەسەر ئەوەبوو کە ئەم ئیشە سەرنەگرێ بەڵام لە پێشا بە جۆرێکی هێمنی.

[جەمال عارف] و [خەلیل شەوقێ] بە دەستیاری [شێخ أحمد] کەوتنە سەر رێکخستنی «مەزبەتە»یەکی گەورە بۆ ئەوە بیدەن بە «مەلک» و «دیوانی وزراء» کە بوونی

ئەم ئاسوورییانە لەم وڵاتەدا تەنگ و چەڵەمەیەکی گەورەیە لە ڕێگەی حوکوومەتی عێراق و کورددا. [جەمال] و [خەلیل شەوقی] هاتن بۆ بەغدا وێنەی مەزبەتەکەیان ڕێک‌خست و بردیانەوە، لەوێ چوونەلای «شێخ عبدالرحمانی ئەتروشی» بۆ جێ‌بەجێ کردن و مۆر کردنی ئەم [مەزبەتە]یە لە لایەن سەرۆک عەشرەتەکان و ئەهالیەوە.

وەکوو «رئیس جەمال» بۆی گێڕامەوە مەردایەتی و نیشتمانپەروەرییەک کە «شێخ عبدالرحمان» بەو ریشی سپیەوە لەو کارەساتەدا نواندوویەتی تا ئێستە کەم کەس ئەو لیشەی لە دەست هاتووە. بە یارمەتی شێخ عبدالرحمان، خەلیل شەوقی و «ئەنوەر» ناو ـ کە سەربازکاتبێک بوو ـ هەموو ئەو ناوە گەڕان و لە هەموو لایەکەوە مۆری «مەزبەتە» کەکرا.

لە دەوری ئاخردا مەزبەتەیان هێنا بۆ وڵاتی «برادۆست» و بۆلای [شێخ ڕەشید] ئەویش مۆری کرد، گۆیا پاشان چووە خەبەری بە «کەریم بەگ» قائمقامی «رواندز» داوە کە ئەمانە شتێکی وایان کردووە! قائمقام [خەلیل شەوقی] بەخۆی و مەزبەتەیەوە لە گرێ و ئەینێرێ بۆ موتەسەرفی هەولێر «مەجید یەعقووبی». مەجید یەعقووبی سەیر ئەکا ئەم مەزبەتەیە وەنەبێ شتێک بێ لە خراپکاری حوکوومەت، هەرچەندە خەلیل تەوقیف ئەکا بەڵام وەنەبێ مەسەلەکەش زۆر بە توندبگرێ.

لەو سەردەمەدا جەمال دێت بۆ هەولێر بۆ خەبەری خەلیل، کە سەیری کارەسات ئەکا بە بێ پشوو خەبەر ئەنێرن بۆ [شێخ أحمد] کە مەسەلە وای لێ هاتووە. شێخ أحمد خەبەر ئەنێرێ بۆ حوکوومەتی «هەولێر» کە تا (٢٤) سەعاتی‌تر «خەلیل شەوقی» بەرەڵا نەکرێ من لێرەوە پەلاماری حوکوومەت ئەدەم. حوکوومەتی [هەولێر] کە ئەم خەبەرەی بیست خەلیلی بەرەڵاکرد و مەزبەتەش بە هۆی حوکوومەتەوە نێرا بۆ ئەو شوێنانە کە بۆیان نووسرابوو.

لە پێش ئەم شۆڕشە فیکریەدا «ئیبراهیم فەهیم» فەرماندەری «معسکری غەزلانی» لە

مووسڵ خەبەر ئەدا بە حوکوومەتی بەغدا ئەڵێ: «دوور نیە شێخ أحمدی بەرزانی لەرووی حوکوومەتا هەرایەک هەڵگیرسێنێ، کە واتە پێویستە لە لایەن سوپای عێراق و «لیوی»یەوە پەلاماری بدرێ!». ئەمەش لە مانگی مارسی (١٩٢٩)دابوو. ئینگلیز لێرەدا کەوتە خۆی و چرپانی بەگوێ حوکوومەتاکە بەناوی «مەشق»ەوە سوپاو لەشکری هەر دوولا بنێرن بۆ ئەو وڵاتە.

کە ئەم لەشکرە گەیشتە ئەوێ ئەو وەختە زابتە باسکراوەکان تێ گەیشتن کە هاتنی ئەم لەشکرە بۆ «تەمرین» نیە بەڵکوو بۆ بەرزانە. ئەوانیش ئەو وەختە دەستیان‌دا بەو مەزبەتەو هاتوچۆ کردنەوە. پاشان کەئینگلیز زانی مەسەلە وای لێ هات و [بەرزان] بەو جۆرە کەوتۆتە خۆی و کوردەکانی‌تریش یاریەی ئەدەن ئیشی وەستان و لەپەلاماردانەکە پەشیمان بووەوە.

وەکوو لەم قسانەوە بۆمان دەرکەوت ئاگری نانەوەی شۆڕشی دەوری دووهەمی بەرزان هەمووی گۆبەندی «فەلە»کان بوو کەوا ئینگلیز ئەو هەموو دەورانەی بەسەردا هێنان و شتی‌تر ئەخرایە ناوەوە بۆ بیانووی ئەم شەڕە.

* * *

لەبەر ئەوشتانە کە باسکران و هۆی یەکەمیان دانانی «دیان»ەکان بوو لە ناوچەکانی بەرزانا، حوکوومەتەکانی ئەو وەختەی عێراق ئەو هەموو بڕوبیانوانەیان هێنایەوە بۆ ئەوە کە رێگەیەک بۆ خۆیان پاک بکەنەوە و بەو بۆنەوە بدەن لە بەرزانیەکان، دەمێک بەناوی باج و بزنانە و دەمێک بە ناوی یاخی بوونەوە هەموو جۆرە شتێکیان لەبارەی بەرزانیەکانەوە ئەخستە بەرچاوی خەڵک!.

ماوەیەک بەو جۆرە تێ‌پەڕی و ئەمجا حوکوومەت بۆی دەرکەوت کە سەرەی ئەوە هاتووە لێیان بدا. بە تایبەتی کە ئەو وەڵامەی لە «شێخ أحمد» وەرگرتەوە کە مەیدانی دروستکردنی نوختەی پۆلیس نادا لەو ناوەدا ئیتر هەلی بۆ هەڵکەوت کە دەستی خۆی

بوەشێنێ!. هێنای لە تشرینی دووهەمی (١٩٣١)دا ئەم بەیاننامەیە دەرکرد، کە:ـ

«لەبەر ئەوە شێخ أحمدی بەرزانی پەلاماری هەندێ دێهاتی ئەو ناوەی داوە و لە تالآنکردن و لەکوشتن هیچ درێغیەکی نەکردووە، حوکوومەت بڕیاریدا تۆڵەی لێبکاتەوە، بەوبۆنەوە فەرمانیدا بە فەوجی سەربازی «بلە» بچێتە سەریان و تەمیان بکات. لەپاش ئەوەکە لە رۆژی (٩)ی تشرینا بەرەنگاری یەک بوون، لە هێزی حوکوومەت (١٣) سەرباز و ئەفسەرێک کوژراو (٩) برینداریش هەر لە سەرباز و [پۆلیس] و پەیدابوو. لە هێزی شێخ أحمد (٣٠)کەس بریندار بوو (٢٠)کەسیش کوژرا. حوکوومەت هەر خەریکە بۆ لەناوبردنی ئەوانە وە بۆ گێڕانەوەی ئاسایش لەو ناوەدا.»

لەم بەیانەدا کە حوکوومەت دای چەند شتێکی دوور لە راستیەوە تیدابوو؛ یەکەم مەبەستی بە تالآن و کوشتنەکە لە دێهاتەکانا، ئەوە وانەبوو بەڵکوو هەراکەی بەینی [شێخ رەشید] و [شێخ أحمد] بوو حوکوومەت وابەو جۆرە ناوی [شێخ أحمد]ی پێشکاند، دووهەم کوژرا و لە دەستەی [شێخ أحمد] یەک کەس بوو (٢٠) کەس نەبوو. سێیەم حوکوومەت ماوەیەکی زۆری پێچوو ئەو وەختە کەوتە خۆی. ئەو فەوجەش کە لە «بلە» بوو، ئیشی بە جێهێشت و گەڕایەوە بۆ دەورویەری «ئاکرێ». هۆی ئەمەش ئەوە بوو کە ئەو ماوەیە [شێخ مەحموود] لە ولآتی سولەیمانی دەستی دابووەوە بە شۆڕشەوە، حوکوومەت لەبەر ئەولا، نەیئەپەرژایە سەر ئەم لا.

ئەبێ ئەوەش بزانین لەم ماوانەداگەلێ جار «شێخ أحمد» ئەیناردەلای حوکوومەت بۆرێککەوتن بەڵام لەبەر ئەوە پیاوەکانی حوکوومەتی ئەو دەورە کەوتبوونە شوێن قسەی ئینگلیزەکان بۆ دانانی ئاسووریەکان لەو ولآتەداگوێیان بە قسەکانی «شێخ أحمد» نەئەدا. مەسڵەحەتی ئەو پیاوانە لەوەدابوو کە بە قسەی ئینگلیز بکەن نەوەک بە قسەی [شێخ أحمد]ێک کە ئەیویست بژیت لە ولآتی خۆیاو پێ نەنێن بەسەریا!.

بزووتنەوە و هەرای «شێخ مەحموود» لە ولآتی سولەیمانی دواییهات، حوکوومەت

ئەمجا پشووی پێ‌ا هاتەوە بۆ ئەوە بە دڵنیایی و بە بێ‌ترس ئاور بداتەوە بەلای پەلاماری [بەرزان]ەوە. لە نیسانی (١٩٣٢)دا هێزی پۆلیس و سەرباز بە پشتیوانی هێزی هەوایی بەریتانیەوە هەموو دەوربەری [بەرزان]یان تەنیەوە و ئەمجا ئەم قسانەی بلاوکردەوە:-

«لەبەر ئەوە کە حوکومەت ئەیویست ئەم بەینە خۆی کۆکاتەوە، وەلەبەر ئەوە کە داوای لە حوکومەتی بەریتانی کردبوو بۆ هێزی هەوایی، ئەم ماوەیە تۆزی شەڕی دواخست بەرانبەر بە بەرزانیەکان. ئێستە کە هەموو شتێکی ئامادە کرد بڕیاری‌داکە هێزی هەوایی بەریتانی لە رۆژی [٢٦ی نیسانی ١٩٣٢]دا بۆم بۆردمانی ولاتی بەرزان بکات. فڕۆکەکان لە پێشا بەیاننامەیان فڕێدایە خوارەوە بۆ دێهاتەکانی بەرزان کە یارمەتی شێخ أحمد نەدەن!.»

پاش ئەمە دەستیان کرد بە بۆمبا هاویشتن بە سەرگوندەکانا بە تایبەتی گوندەکەی [شێخ أحمد]، ژن‌و منداڵ و پیاوی پیر کە نەیانتوانیبوو دەرچن هەموو لە ژێر بۆمبای حوکومەتە ئیسلامیەکەدا!. پارچە پارچەبوون. لە [٢٧ی نیسانی ١٩٣٢]دا هێزی بەرزان فڕۆکەیەکیان خستە خوارەوە فڕۆکەوان و پاسەوانی فڕۆکەکەیان بە دیل گرت و هەموو جۆرە خزمەتێکی جوانیان کردن. پاسەوانەکە، شانی شکابوو، «شێخ أحمد» ناردیەلای ئینگلیزەکان کە پزیشکێکی بۆ بنێرن بۆ ئەوە دەرمانی بکا.

بەم بۆنەوە بۆمباباران وەستێنرا، «کاپتان هۆلت» سکرتێری بالوێزخانەی ئینگلیز لەگەڵ پزیشکێکا چوون بۆ [بەرزان] و بوون بە میوانی «شێخ أحمد». ئەمجا «کاپتان هۆلت» کەوتە بەین بۆ ئەوە حوکومەتی عێراقیش شەڕ بوەستێنێ بەڵکوو لە ئاخردا بگەن بە ئەنجامێکی باش. لە [٢ی مارسی ١٩٣٢]دا شەڕ، کە، لە دەوری «رۆژی کوچەک» بوو وەستێنرا تا (٢٤)ی مارس. لەم ماوەیەدا «کاپتان هۆلت»گەڕایەوە بۆ بەغداو قسەی لەگەڵ حوکومەت کرد. حوکومەت هەر لە سەر قسەی خۆی بوو کە ئەبوت ئەبێ چەکەکانیان بدەنە دواوە و نوختەی پۆلیس و قایمکاری ئەبێ لەو ولاتەدا دابمەزرێ.

لەگەڵ ئەوەدا «شێخ أحمد» ئامادەبوو بۆ ڕێکەوتن بەڵام بە جۆرێک ئەشیش بسووتێ و نەکەباب.

لە ڕۆژی [٢٤ و ٢٦] مارس‌دا بەیاننامە بەهۆی فڕۆکەوە بڵاوکرایەوە بەسەر ئەو ناوچەیەو جنوویی ڕۆژهەڵاتی «مزوری باڵا»دا کەبێن خۆیان بدەن بە دەست حوکوومەتەوە. سەیرتر ئەوەبوو لە ڕۆژی (٢٥) مارس‌دا فڕۆکەکانی هێزی هەوایی بەریتانی بۆم بۆردمانی دێهاتەکانی ئەو ناوەی ئەکرد، زەلام و ماڵات و هەرشتێکی بەرچاو بکەوتایە بەهێزی چەکداری بەرزانی ئەزانی و ئەیکوشتن، کەچی ڕۆژی پێش و پاشی ئەو ڕۆژی (٢٥)ەش بە بەیاننامە بەزمانی کوردی و بە میکروفون دڵسۆزی لەگەڵ ئەنواندن کەبێن خۆیان بدەن بە دەستەوە!!.

چەند ڕۆژێک بەم جۆرە شەڕی ژیان و مردن درێژەی کێشاو هێزی [بەرزان] لە پێشەوەبوو، حوکوومەت ئەوەندەی‌تر هێزی هەوایی و تۆپ و تفەنگی زیادکرد. ڕۆژی (٢٧)ی مارس ئاگری شەڕ لە هەموو ڕۆژەکانی پێشوو زیاتر بڵێسەی سەند. ئەوەی کە زۆریش هێزی میللی ئەشڵەژاند فڕۆکەکانی ئینگلیز بوون. لەم ڕۆژەدا ناچار هێزی [بەرزان] پەنایان بردە بەر ئەشکەوتەکان، ژن و منداڵ لەو ناوەدا لەبەر بۆمبای فڕۆکە بەسەریەکدا ئەکەوتن!. لە ڕۆژی (٣١)دا هەندێ لە خێزان و منداڵی گوندی «بەرۆژ» هاتنەوە ناو ئاوایەکانیان و خۆیانیان تەسلیم کرد.

ئەم جۆرە کوشتارە بێ‌ڕەحمانەیە بەرانبەر بە بێ‌گوناح و ژن و منداڵی [بەرزانی] درێژەی کێشا تا ڕۆژی [٩ی حوزەیرانی ١٩٣٢]. لێرەدا ناچار [شێخ محمد صدیق] لەبەر ئەوەکە ئەو ژن و منداڵە بێ‌گوناحانە لەوە زیاتر لەژێر «بۆمبا»دا پارچە پارچە نەبن فیکری هاتە سەرئەوەکە خۆی بدا بە دەستەوەو کۆشش بکا بۆ ئەوەکە شەڕ بوەستێنرێ. نە ئینگلیز و نە حوکوومەتی عێراقی هیچیان ئەم قسەیەیان وەرنەگرت!. [شێخ أحمد] ناچار مایەوە خۆی و برای و هەندێ لە پیاوە دڵسۆزەکانی چوونە خاکی تورکیا و لە

[٢٢ى حوزەيرانى ١٩٣٢]دا خۆيان تەسليم بەوان كرد و نيشتمانى خۆيان بەجێهێشت! حوكوومەتى توركياش ناردنى لە «ئەدرنە» داينان.

ئەمجا حوكوومەت بە باوەڕى خۆى بە هەموو دڵنياييكەوە ئەوى ويستى، لە وڵاتەكانى «مزورى بالا» و «بەرۆژ» و «بەرزان» جێبەجێ كردو بە ئارەزووى خۆى لەشكر و قايمكارى تيادانا و تياكرد. بەڵام ئايا لە راستىدا وابوو؟. بەرۆيشتنى [شێخ أحمد] و [مەلا مصطفى] هەموو ئيش برايەوە و ئاو كرا بە ئاگرا؟. نەا، وانەبوو؛ چونكە:

ئەو وڵاتە لەلايەكەوە لەبەر پابەندىيان بە شێخانى بەرزانەوە، لە لايەكەوە لەبەر زۆروستەمى حوكوومەتى وەخت ـ كە چووە سەريان ـ ئەوەندەىتر دڵيان پڕ بووبوو، بەڵكوو زياتر لە هەوەڵجار ئەڕەوتنەوە؛ هەوەڵجار تا حوكوومەت رێ نەكەوتبووە ئەو ناوە بە قسەى لووس و بە «دەنگى دهۆڵ لە دوورەوە خۆشە!» هىواهەبوو لەو برِوايەدابێ كە ئەگەر ئەو دەورە بگۆڕنەوە بە دەورێكىتر دوورنيە چاكتر بێ بۆيان، كە دەورەكەيان گۆڕيەوە سەيريان كرد هەر قسەيەكيان كەبۆكراوەو هەر پەيمانێك كە پێيان دراوە هەمووى درۆ و دەلەسە بووە!. بەڵكوو لە باتى ئەوە چاكەيان لەگەڵ بكەن «تەماع» ئەكەنە هەمور شتێكيان و جنێوپێدان و سووك كردنەكەشيان با بوەستێ!..

«خەليل خۆشەوى» ئەمانەى پێ هەڵنەگيرا و، بە يادى «شێخ أحمد» و «مەلا مصطفى»وە دەستى دايە تفەنگ و لە شوێنى ئەوان كەوتە بەربەرەكانێ كردن لەگەڵ حوكوومەتا. بەرەبەرە ئەهلى ئەو وڵاتە دەوريان لێ داو لێ كۆبوونەوە، بە يادى تۆڵەسەندنى شێخانى بەرزان ـ كە لە ئاو و خاكى خۆيان بەزۆر دوورخراونەتەوە ـ سەريان لە هێزى حوكوومەتى ئەو ناوە تێكدا و لە هەموو لايەكەوە هێزى حوكوومەتيان شلەژان.

لە ماوەى رۆيشتنى [شێخ أحمد] و [مەلا مصطفى]وە تا ئەم مێژووە حوكوومەت تووشى دەردى وەزارەت گۆڕين بووبوو؛ لە رۆيشتنى ئەوانەوە تا دەورى خۆشەوى (٩) جار وەزارەت گۆڕابووا. ئەمجارەيان هى «ياسين هاشمى» بوو، ئەميش كەوتە خۆى.

لەولاوە خەبەریان نارد بۆ تورکیاکە سەر سنوور بگرێت و لەشکربنێت، لەم لاوە خۆیشی بێجگە لەو هێزەی کە لەو ولاتەدا هەیبوو هێزێکی زۆری هەوایی و سەرزەوی رژاندە [بەرزان]ەوە. بەمانەش وازی نەهێنا لە [٥ی ئابی ١٩٣٥]دا ـ إعلانی ئەحکامی عورفی ـ لە هەموو ناوچەکانی بەرزانداکرد و بە هەموو جۆر هەموولایەکیان لێ تەنین!.

دیوانی عورفی کەوتە ئیشەوە بەگوناح و بێ گوناح ئەگیراو حوکم ئەدرا!. هەندێک لە سەرۆکەکانی ئەو ناوە، وەکوو «عمر کوران، مەلازادە إسماعیل، محمد محمود، فارس عەلی» و چەند کەسێکی تریش بەبێ ئەوە شتێکی وایان لەسەر بدۆزنەوە فەرمانی خنکاندنیان دا بەسەریاندا و خنکێنران، وە زۆرێکی زۆریشیان هەر لەو ناوە گرت و فەرمانی حەپسیان دابەسەریانا. «إدارەی عورفی» بەمە وازی نەهێنا، بە پێی قسەی موتەسەرفی مووسڵ و قائمقامی زیبار ئاژاوەچیەکان وەختێ قبووڵ ئەکرێنەوە کە:

«١ـ سەرۆکەکان هەموو بدرێن بە دەستەوە بۆ محاکمە، ٢ـ لەو ولاتەدا جامانەی سوور لابەن و جامەدانەی شین لەسەر بەستن! ـ٣ـ ئەوانەی کەوا یاخیەکان پەنا ئەدەن ئەبێ تۆڵە بدرێنەوە!.»

کە فەرمانی دیوانی عورفی گەیشتە ئەم شوێنە لە [٢٠ی تشرینی یەکەمی ١٩٣٥]ی لابراو گەڕایەوە بۆ شوێنی خۆی. تەنها نزیکەی (٣) مانگ ئەم عورفیە مایەوە بەلام لە کوشتن و خنکاندن و حەپس کردن هیچ درێغی نەکرد. «مەلا سدیقی کۆیی» و «سدیق تایەریش» دوو ئەندامی عورفیەکەبوون.

هەرای خۆشەوی هەر لە ناوابوو عورفی لابرا، لە هەموو لایەکەوە بەناکاوانە پەلاماری هێزی حوکوومەتی ئەدا، ئەمجا حوکوومەتی عێراقی لەگەڵ حوکوومەتی تورکیادا ـ کە زانی خۆی بە تەنها چاری ناکا ـ قۆڵیان کرد بە قۆڵی یەکا بۆ لەناوبردنی!. لە رۆژی (١٩٣٦/٣/٧)دا بە هەردوولاوە پەلاماریان دایە، خۆشەوی و هاورێکانی لەناو ئەو دوو ئاگرەدا مانەوە، لەگەڵ ئەمەشا شێرانە سنگیان هەر بۆ پێشەوە ئەنا و خۆیان نەئەدا

بە دەستەوە. ئەم شەڕی مردن و ژیانەیان درێژەی کێشا تا ڕۆژی (١٣/٣/١٩٣٦)، لێرەدا خۆی و «سەلیم خۆشەوی» و چەند کەسێکی تر لە پێناوی ئازادیا شەهید بوون و حوکومەت تەرمەکەیانی دەست کەوت!

* * *

لەولاوە «شێخ أحمد» و «مەلامصطفی» و دڵسۆزەکانیان کە لە (١٩٣٢)دا خۆیان خستبووە کۆشی تورکیاوە و ئەوە بوو حوکومەتی تورکی بردنی لە «ئەدرنە» دایان. لە پاش نزیکەی ساڵێک تورکیا هەستی بەوە کرد کە ئینگلیز دیسان کەوتۆتەوە سەر ئەو فیکرە کە ئاسووریەکان لەو سەرسنووری ئەوو عێراقەدا نیشتەجێ بکا. لەبەر ئەمە دەستەی شێخی لە ئەدرنەوە گواستەوە بۆ «کۆبان» ـ کە ئەم شوێنە لە زەوی وزاری خۆی و لەسەر سنووری بەرزانەوە بوو ـ ئینگلیز کە ئەمەی زانی دیسان ئاگر چووەوە کەوڵیەوە!. هیچ چارێکی نەدۆزیەوە بێجگە لەوەنەیێ: کە ئەو و عێراق و تورکیا قسەبکەن بەیەک بۆ دانەوەی ئەمانە بە حوکومەتی عێراق بە مەرجی لێ خۆشبوونیان و گێڕانەوەیان بۆ وڵاتی خۆیان.

ئەم پەیمانە کراو بەرزانیەکان ـ کە (٨٦) کەس بوون ـ درانەوە بە حوکومەتی عێراق، بەڵام حوکومەت لە باتی ئەوە بیانباتەوە بۆ وڵاتی خۆیان بردنی لە [مووسڵ] دایان. پاش ئەوە بردنی بۆ «ناصریە» پاشان بۆ «حلە» بۆ «دیوانیە» بۆ «کەرکووک» بۆ «پردێ»!. چوار ساڵێک لەم ناوانەدا مانەوە؛ پاشان لەبەر ئەوە کە ئەمانە خەڵکی وڵاتێکی کوێستانی بوون، لەم ماوەیە کە لەم وڵاتانەدا بوون هەموو تووشی نەخۆشی و زەردووی و ئاولەرز بووبوون، بەم بۆنەوە گوێزرانەوە بۆ شاری «سولەیمانی». سولەیمانی بوو بە شوێن ژیانی حەوساڵیان کە بەخراپتر و چەوسانەوەتر ژیان لەوێ بەهۆی پیاوەتی پیاوەکان حوکومەتەوە رایانبوارد. حوکومەت لیشتێکی وای کردبوو کە لەوێدا تەنانەت ئەهالیش نابێ لەگەڵیانا قسەبکەن!. لە برساو لەرووتیا [مەجووس] بەزەیی پیانا ئەهاتەوە

بەلاّم حوکومەتە موسولمانەکەی مامی عبدالالەو کاربەدەستەکانی پیاوی عبدالالە بەزەییان پێیانا نەئەهاتەوە!. ئەمەبوو حوکومەتە ئیسلامیەکە کە پروپاگەندەچیەکانی ئەیانوت «بەرزان»یەکان لەرووی حوکومەتی ئیسلامیدا شیریان کێشاوە ئەبێ بە شەرعی ئیسلام بکوژرێن!!!.

* * *

شەڕی دووهەمی گەورەی گیتی بوو، دنیا لە هەموو لایەکەوە تێکچوو بوو، کارەساتی (١٩٤١)ی «رەشیدعالی» لە عێراقا جۆرە باوەڕێکی تری خستبووە ناوەوە، لەبەر ئەوە شەشەم وەزارەتی «نوری سعید» بوو لە عێراقا، شێخ مصطفیی قەرەداغی موتەسەڕفی سولەیمانی بوو. دەستەی «مەلا مصطفی» و «شێخ أحمد» هەر رۆژە بە جۆرێک لە سولەیمانی بە فەرمانی پیاوانی حوکومەت تۆڵەیان لێ ئەکرایەوە. «مەلا مصطفی» هیچی بۆ نەمابووەوە تەنها دەرس خوێندنی فەقیان نەبێ لە مزگەوتی «شێخ سەلام»، هەموو شتێک لەدڵیا پەنگی خواردبووەوە. کەوتە سەر ئەوە کە کۆتی دیلی بپچڕێ و بناغە بۆ سێهەم شۆڕشی «بەرزان» دابمەزرێنێتەوە، بەسە ئیتر لەگۆشەی شاراندا بەکەساسی کەوتن.

لە [١٧ی حوزەیرانی ١٩٤٢]دا بە دەسیاوی ئەو حزب و بەرەیەکە لەو سەردەمەدا لقێکی بەهێزی لە سولەیمانی هەبوو، خۆی و «مامەند شیروانی» و «شێخ مصطفی» بە پڕ، چەکەوە بەبێ‌دەنگ و بە پێیان لە سولەیمانی دەرچوون بەرێگەی پێنجوێن ـ بانە ـ سەردەشت ـ پەسوێ ـ لاجان ـ ناودەشت ـ سیلکە ـ سرێشمە. بەماوەی تاقە حەفتەیەک خۆی گەیاندەوە جێگە هێلانەی باو باپیری ـ کە بەرزانە ـ

نەمانی «مەلامصطفی» و دەرچوونی لە سولەیمانی حوکومەتی سولەیمانی و نوری سعیدی [بەغدا]ی شڵەژاند!. وەختێ خەبەریان بووەوە مەلا لە بەرزانەو نێچیر لە تۆڕ بەرەڵابووە!.. ئاخ و داخ کەڵک ناگرێ. یەکەم شت کە حوکومەت کردی، گواستنەوەی [شێخ أحمد] بوو بە (٨١) بەرزانیەوە لە سولەیمانی بۆ «حلە» لە ترسی ئەوە نەوەک

ئەمانیش ئەو زنجیرە بپچڕێنن و بچن بۆلای [مەلا مصطفى]!.

ئەمجا پاش ئەوە کە «مەلا مصطفى» گەیشتەوە بەرزان و تۆزێ حەسایەوە، وەپاش ئەوە کە حوکوومەتی هەموولایەک بە سۆزکەوتە شوێن هەڵگرتنی ئەم دوژمنەی. مەلا، قایی قسەکردن وکاغەز نووسینی لەگەڵ حوکوومەتاکردەوە کە مەبەستی لەم هەڵاتنەی یاخی‌گەری و پیاوخراپی نیە، بەڵکوو تەنها پیاو خراپی کاربەدەستانی حوکوومەت وایان لێ کرد کە بەم جۆرە دەشت بگرێتە بەر. ئێستە هەرمەبەستی ئەوەیە لە وڵاتی خۆیاو لە ناو خزم وکەس وکاری خۆیا بە هێمنی و ئاسایش دانیشێ، بێجگە لەمە هیچ مەبەستێکی تری نیە.

حوکوومەت گوێ خۆی لەم قسانەی ئاخنی و وتی شتیوام زۆر گوێ لێ بووە!. بە پێچەوانەی ئەوە فەرمانی کردە سەر هێزەکانی وڵاتی [بەرزان] کە راوی نێن و بیگرن!. ئەوەندە هەبوو مەلا خۆی نەئەدا بەدەستەوە، شوێن گۆڕکی ئەکرد و خۆیشی لەشەڕ ئەپاراست.

کە ئیتر زانی بە هیچ جۆر حوکوومەت لەگەڵیا رێ ناکەوێ، ئەمجارە بەدڵ چاکی لێ کرد بەلادا و دەستی کرد بەگەڕان بەناو عەشایرەکانی ئەو دەورەداو تیانی‌گەیاند کە ئەو هیچ مەبەستێکی نیە تەنها لابردنی زۆر و ستەمی حوکوومەت و ئەمن و ئاسایشی ئەو ناوە نەبێ. نەوەک هەر ئەوەندەش بەڵکوو ئەیەوێ شۆڕشێک بنێتەوە، وڵاتی کوردەواری ئازادبێ و لەستەمی کاربەدەستانی حوکوومەتی ئەو دەورەی عێراق رزگاریان بێ.

بەم‌گەڕانەی و بەم ئیشەی رووی دڵی خەڵکی ئەو ناوەی هەموو کردە خۆی و رۆژ بە رۆژ لە شوێنانی دوور لە وڵاتی بەرزانیشەوە ـ واتە لە شوێنەکانی‌تری کوردەواری ـ باقە باقە نامە وکاغەزی بۆ ئەچوو کە لە هەموولایەک بەگیان و بە دڵ پشتیوانی ئەم باوەڕە پیرۆزەی ئەکەن.

سەرەتای پەلاماردانی گرتنی نوختەکانی «شاندە» و «خیرزوک» بوو، بەرە بەرە و

یەکێ لەدوای یەک نوختەکانی ئەچنیەوە. لەماوەیەکی زۆرکەمدا(٢١) نوختەی پۆلیسی لەو ناوەدا داگیر کرد و هەموو ناوچەکانی «شیروانی مەزن» و «مێرگەسوور» کەوتە ژێر فەرمانیەوە. چەک و جبەخانەیەکی زۆری دەست کەوت، ناوبانگیی بە هەموو لایەکدا رۆیشت، بەغدا هێزی سەیاری پۆلیسی نارد ئەویش هەر باشاری نەکرد و سەرکەوتن بوو بە بەشی [مەلا مصطفى]. ناچار حوکوومەت دادی بردە بەر عەسکەر، عەسکەر بە جبەخانە و هێزی تەواوە پەلاماری‌دا، دیسان هێزی مەلا، یەکی ئەمیشی خست بە جاری ئیتر حوکوومەتی بەغدا هەراسی پێ هەڵگیرا. ناوچەکانی [رواندز] و [هەولێر] و [مووسڵ] وایان لێ‌هات لە ئیمڕۆ سبەیدا بوو کە لە دەست حوکوومەت دەرچن.

لەم بزووتنەوانەدا و لەم ئاوازانەدا هەموو کوردستانی «عێراق» خەبەریان بووەوە و هەموویان رووی دڵیان کردە [مەلا مصطفى] وە ولاتی بەرزان. نەوەک هەر کوردەکان، بەڵکوو شۆڕش و سەرکەوتنی یەک لە دوای یەکی مەلا مصطفى دیواخانە سیاسیەکانی بەغدا و ولاتەکالی جنوبی عێراقی پڕ کرد. تەنانەت حزب و رۆژنامەکانی عێراقی لەم رووەوە، لەم شۆڕشە هەموو سەریان سڕما.

* * *

حزبێکی نهێنی کورد هەبوو بە ناوی «حزبی هیوا»وە. ئەم حزبە بەگەورەتر و بەهێزتر تەنانەت حزبە ئاشکراکانی عێراقیش دائەنرا، خوێندەوارانی کورد، ئەفسەران، سەرۆکەکانی عەشایر، کاربەدەستان لە ناو جغزی ئەم حزبەدا بەشیان هەبوو. مەرکەزی حزب لە بەغدا بوو، پەلی بۆ هەموو ولاتەکانی کوردەواری هاویشتبوو، تەنانەت بۆ ئێران و [سووریا]ش. ئەتوانرێ بوترێ ئەم حزبە تا ئەو تەئریخە لەگەورەتر حزبێکی کوردی بووە.

حزب، کە تێ گەیشت بزووتنەوەی [مەلا مصطفى] بزووتنەوەیەکی میللیە و مەبەستی رزگار کردنی کوردستانی گەورەیە بەبێ هیچ گیروگرفت و دوو دڵیەک پشتیوانی [مەلا

مصطفى]ی کردو هەموو باوەڕی خۆی تەسلیم کرد و پاڵی پێوەدا. ئەمجا هات ئەمیش لە بەغدادا دەستی کرد بە ئیش کردن، بە زمان و بە نووسین و بە «بلاّوکراوە». بیروباوەڕی هەموو عێراقی تێ گەیاند کە بزووتنەوەی [مەلا مصطفى] بۆ لابردنی ئەو زوڵم و جەورەیە کە حوکوومەتەکانی عێراق لە شەعبی عێراقی لەکەن. ئەمجا هات داخوازیەکانی کورد و «مەلا مصطفى»ی خستە سەر قاقەز و ناردی بۆ سەفارەتە بێگانەکان لە عێراقاکە ئەوانیش لەم رووەوە حوکوومەتەکانی خۆیان تێبگەیەنن، هەروەها لە بن دەست ئەوانەشەوە حوکوومەتی عێراقی لە هەموو زوڵم و زۆرێک کەتا ئەو دەورە نواندویە بەرانبەر بە کورد و بە شەعبی عێراقی تێ گەیاند. بە تایبەتی بە تەواوی گوێچکەی سەفارەتی بەریتانی زرنگاندەوە و داوای حوکوومەتێکی لامەرکەزی کرد بۆ کورد لە ژێر سێبەری ئەم بزووتنەوەی [مەلا مصطفى]دا.

ئەم بلاّوکراوانەو گورج و گۆڵی [حزبی هیوا] لەم لاوە و پێش کەوتنی یەک لە سەر یەکی هێزی [مەلا مصطفى] لەولاوە بە جارێ حوکوومەتی عێراقی و سەفارەتی بەریتانی بەغدای هێنایە سەر ئەوە کە گوێ قوڵاخ بوەستن و چاوی سەرسامی ببڕنە ئەم کارەساتە ناوەختە بەرانبەر بەوان ـ واتە ئینگلیز و حوکوومەتی عێراقی ـ

راستە ناوەخت بوو چونکە جۆش و گەرمەی شەڕی گەورەی دووهەم بوو، ئەڵەمان لەولاوە وەکوو غەزەبی خوا رۆژ بەرۆژ لە پێش کەوتنابوو. رووس هاوپەیمانی ئینگلیز بوو، تورکیا لەو ناوەدا بە بێ لایەنگری مابووەوە و نەیدابووە پاڵ کەس، ئەم مانەوەیە لەو ناوەدا بەو جۆرە ئینگلیز بەخێری خۆی نەئەزانی! لەوە ئەترسا ئەگەر تورکیا هەروا بمێنێتەوە رۆژێ لەرۆژان دەوڵەتەکانی «محور» و نازی رووی لێ بنێن بە ناوی دۆستایەتی و دراوسێتیەوە کە رێگەیان بدا بە وڵاتەکەی ئەوا تێ پەڕن بۆ پەلاماردان بە سەر هاوپەیمانەکانا. وەکوو ئەمان ئەو رووەیان نا لە ئێران و ئێران سەرەتا رێ نەدان، پاشان بە «زۆر ئەزانێ قەواڵە لە کوێیە!» رێگەیان بۆ خۆیان پێ کردەوە و داگیریشیان کرد!.

[ئەڵەمان]یش ئەو چەشنە بکا لەگەڵ تورکیادا، سەرەتا رێگەی نەداو پاشان بەزۆر دایگرێ. ئەو وەختە ئەمانیش ـ واتە هاوپەیمانەکان ـ شتێکی وایان بە دەستەوە نیەکە بچن لە سەر تورکیا بکەنەوە و نەیەڵن «محوەر» لەوێوە پەلاماریان بدا. هەروەها هاوپەیمانەکان ناشتوانن سووراوسوور بە تورکیا بڵێن: تۆ وەرەلای ئێمە وە یا إعلانی شەڕ بکە لە سەر «محوەر». ناتوانن ئەمەی پێ بڵێن چونکە ئەو وەلآمیان بەوە ئەداتەوەکە حوکوومەتێکی سەربەخۆیە و قازانج و زیانی خۆی، خۆی ئەیزانێ و قازانجی لەوەدایەکە هەروا بەبێ لایەنگری بمێنێتەوە.

ئەم هەموو فیکرانە لە مێشکی ئینگلیزا دەوری ئەکردەوە و هەستانی [مەلا مصطفی]ی دیارە لەم وەختەدا بەخێر و چاکەی خۆی ـ واتە ئینگلیز ـ نەئەزانی. بۆیەش نەیئەزانی ئەیوت نەوەک تورکیا بکەوێتە سەر ئەو باوەڕە بڵێت: «بەرزان» لە خاکی عێراقایە و عێراقیش وا لە ژێر چنگی ئینگلیزا، کە مادام ئینگلیز لەم سەر سنوورەی منا ئەم شۆڕشە هەڵئەگیرسێنێ و شۆڕشێکی واش پێچەوانەی خێر و چاکەی منە، لەرقی ئەوا من ئەچم پاڵ ئەدەم بە «محوەر»ەوە!.

ئینگلیزکەوتبووە سەر ئەوەکە شۆڕشی «مەلا مصطفی» بوەستێنێ، بەڵکوو لە وەستانی ئەم شۆڕشەدا تورکیا ئاگادار بێتەوە بەوەکە إعلانی شەڕ لە سەر «محوەر» بکا. واتە بەڵکوو ئەم پیاوەتیەی لەبەر چاوبێ کە لەبەر خێری ئەو شۆڕشێکی واکە ئەو هەموو زیانەی هەیە بۆ تورکیا وەستانی!. خۆ ئەگەر لە ئاخرا «تورکیا» هەر سواری قسەی خۆی بوو إعلانی شەڕی نەکرد لەسەر ئەڵەمانیا، ئەو وەختە ئەم دەست لەم وەستانی شەڕی «مەلا مصطفی»یە هەڵئەگرێ و ئەمجا چی ئەکا بیکا!.. هێنای لەبەر ئەمانە نامەیەکی بۆ «مەلا مصطفی» نووسی و وتی:

«پێویستەکە شەڕ بوەستێنی و دەستی لێ هەڵگری و لەگەڵ حوکوومەتی عێراقا رێ کەوی ئەگەر خۆ هەر لەسەری بڕۆی مەعنای وایە ئەمە، تۆ شەڕ لەگەڵ بەریتانیا ئەکەی

و ئەمەش پێچەوانەی خێر و چاکەی ئێمەیە!».

حوکومەتی عێراقیش لەچەشنی ئەم نامەی ئینگلیزە نامەی بەسەر هەموو دائیرەکانی ئەو دەورەدا بڵاو کردەوە کە «مەلا مصطفی» لە خۆڕایی بەیداخی ئەم یاخیگەریەی هەڵکردووە. ئەبێ شەڕ بوەستێنێ و بێت داوای لێخۆشبوون لە حوکومەت بکات.

کە مەلا ئەم نامە و بەیاننامانەی وەرگرت بە چاوەڕێ ئەوە کە بزانێ ئاخری کار چۆن ئەبێ فەرمانیدا بە وەستانی شەڕ و بە ئاگاداری کردنی ئەو شوێنانە کە تا ئەو وەختە کەوتبوونە ژێر چنگیانەوە.

* * *

وەزارەت، وەزارەتی «نوری سعید»بوو، کەوت و پاشان بڕیاردرا کە هەر ئەو دابنێتەوە، لە (١٩٤٣/١٢/٢٥)دا سەرلەنوێ بۆ جاری هەشتەم دایمەزراندەوە. چۆنیەتی وڵاتی کوردەواری و «مەلا مصطفی»ی بەرزان» وا بە پێویست ئەزانێ کە یەکێکی کوردی کوڕی کوردی شارەزا بە وڵاتی [بەرزان] لە وەزارەتا بێت و بیلکێ بە ئیشی ئەوانەوە. لەم ڕووەوە گەلێ فیکر کرایەوە، لە ئاخرا باوەڕی نوری سعید لەسەر «ماجد مصطفی» گیرسایەوە، بانگی کرد و هەموو شتێکی پێوت. ماجد وا دیار بوو شارەزای «ئەدەبیاتی فارسی» بوو بۆیە لەو وەختەدا ئەم شعرە فارسیانەی ئەخوێندەوە:-

آتش بجان افروختن * از بهر جانان سوختن

باید زمن آموختن * کار من است این کارها!.

بەڵام «پاشا» بەڵێ ڕاستە کە من لە ساڵی (١٩٣٠)دا قایمقامی ئامێدی بووم و بە هەموو جۆرە شارەزای ئەو ناوچەیەهەم، وە ئەمەش ڕاستە کە من لەم دەوری دواییەدا [متصرف] بووم لە وڵاتەکانی جنووب و پاشان و پێنج ساڵ لەئیش وکار دوور خرامەوە، ئێستە چۆن ئەبێ من بچم بۆ شوێنێکی واو قسەبکەم و هیچ ناو و نیشانێکی حوکومەتی بە منەوە نەبێ تا من بە پشتیوانی ئەوەوە قسە بکەم!. من وای بە باش ئەزانم کە بۆ ئەم ئیشە

ئیوە وەزیرێکی تایبەتی دابنێن تا ئەو وەزیرە بە ناوی حوکوومەتەوە گفت بدا و هەموو کاروبارێک بیڕێنێتەوە. لام وایە ئەو وەزیرەش نابێ من بم، چونکە من لە بەر ئەوە کە بۆ ماوەی پێنج ساڵ لەکار دەرهێنراوم ئیتر قانون ئەو ڕێگەمە نادانێ کە تا ماوەکەم بە سەر نەچێ من بچمەوە ئیشی حوکوومەت، ماوەش تازە پێنج شەش مانگی ڕۆیشتووە!.

«پاشا»، کە گوێ لەم قسە بەرێوجێانە بوو وتی: ئەوە تۆ ئەڵی چی و قانون ئەڵێ چی؟. قانون چیە؟ من دان بە قانونا نانێم، وەرە یاالله وەزیر بە!. ئەمجا بە ناوی «وەزیری بلاوزارە» و بۆ ئیشی کوردەواری خرایە ناو لیستەی وەزیرەکانەوە.

ئینکار ناکرێ «ماجد مصطفی» پیاوێکی ڕووخۆشی وردبینی بازیکەری سیاسیە، ئەتوانێ لەسەر سێ چوار تەناف یاری بکا، لەوانەیە بە قسەو بەزەردەخەنە، ویستەی خۆی بە دۆست و دوژمنی بسەلمێنێ و تێبگەیەنێ کە ئەو ڕاست ئەکا!. لێرەدا حوکوومەت ئەوی هێناوە بۆ کاروباری کوردەکان، لەم وەختەدا واش چێنراوە بە گوێشیا کە ئەمانە هەمووی یاری سیاسیە. لەولاشەوە «حزبی هیوا» بە دەستەیەکی زۆر لە خوێندەوارانەوە پشتیوانی بزووتنەوەی «مەلا مصطفی»ن. ئەم خۆی نەچووەتە حزبەکەوە، ناشیەوێ لەبەرچاوی ئەم حزبەو کوردەکانەوە پیاو خراپ بێ. کە واتە وەکوو کوردەکە ئەڵێ «دارێکی بەدەستەوەیە هەر دوو سەری..!»... زیاتر کە تێکلاوی وەزارەتی «نوری سعید» بووە ئەمە ئەوەندەی‌تر دوور نیە، دووری خاتەوە لە کوردەکان.

لەبەر ئەمانە ئەمەی بەلاوە لە هەموو شت ڕێک و پێکتربوو کە بێنێ بەهەر جۆر بووە خۆی لە حزبی هیوا نزیک خاتەوە بۆ ئەوە بە تەواوی بتوانێ ئەنجامەکانی پێک بێنێ!. بەڵێ خۆی نزیک خستەوە، بەلاَم ئەم نزیک بوونەوەیە ئایا باوەڕی هەموو حزبی هیوای ڕاکێشا؟. بڕواناکەم ڕایکێشابێ، بەڵکوو [حزبی هیوا] لە ژێرەوە دووباوەڕی بۆ پەیدابووا یەکێ لە لایەن هەندێکیانەوە ـ ئەوانەی کەشتی دووریان لەخوێندەوە ـ بیروباوەڕیان ئەوەبوو کە تێکلاوبوونی «ماجد» لەم وەختەدا بە وەزارەتی نوری سعید و نزیک

بوونەوەی بەو جۆرە بێ پەردەیە لە کاروباری «بەرزان» و کورد و «حزبی هیوا»،
ئەیانوت ئەم کاسەیە بێ ژێر کاسە نی یە!.

باوەڕی دووهەمیش لە لایەن هەندە کەسی‌ترەوە، ئەوە هەر ڕواڵەت پەرستی بوو
هیچی‌تر! واتە لەبەر ئەوە ماجد وەزیرە خۆشەویستە، نەوەک «ماجد» ئەگەر بەردێکیش
وەزیر بوایە هەر خۆشەویست ئەبوو!. کەوابوو ئەم دەستەیە بڕوایەکی وا نەئەکرایە سەر
بیروباوەڕەکەیان، چونکە لە غەیری ئەو دەورەشا هەر وەزیرێکی کورد هاتووە ـ با هەر
جۆر بوبێت ـ هەر خۆشەویستی ئەو دەستەیە بووە!..

«ماجد» لە پاش ئەوە کە نزیک بووەوە لە حزبی هیواو لە پاش ئەوە کە پێ‌وتن من لە
بەر قازانجی کورد ئەم وەزارەتەم وەرگرتووە، داوای لە حوکومەت کرد کە سێ
ئەفسەری کورد لە ئەفسەرەکانی عێراق بە ناوی «زابتی ارتباط»ەوە بنێري بۆ ولاتی
[بەرزان]! حوکومەتیش بڕیاری داخوازیەکەی‌دا. ئەمجا بە حزبی وت ئێوە سێ ئەفسەر
لە خۆتان هەڵبژێرن و بێت تا قسەبکەین. حزبی هیوا ئەمەی زۆر پێ‌خۆش بوو. «ئەمین
رواندزی، عزت عزیز و سید عزیز سیدعبداللە»ی هەڵبژارد و ناردنیە لای ماجد. ماجد لە
پاش قسەو گفتوگۆ لەگەڵیانا هەرسێکیانی بە ناوی «زابتی ارتباط»ەوە نارد بۆ مێرگەسورر
کە چاویان بە «مەلا مصطفی» بکەوێ و قسەی لەگەڵ بکەن. لەم لاشەوە حزب دیسان
خەبەری‌دا بە «مەلا مصطفی» کە ئەفسەرەکانی خۆمانن ـ واتە حزبی هیوا ـ هاتوون
بۆلات، بوخچەی دڵت بە تەواوی بۆیان بکەوە.

کە ئەمانە رۆیشتن و پاش چاوپێ‌کەوتنی «مەلا مصطفی» و قسەکردن لەگەڵیا فیکری
هەردوولایان هاتە سەر ئەوە کە داخوازیەکانی مەلا مصطفی ئەمانەی خوارەوەبێ. کە
ئەمانە جێ‌بەجێ‌کران ئەو وەختە ئەویش چەک فڕێ ئەدا:ـ

(١ـ دروستکردنی ولاتێکی تایبەتی کوردستان کە بێ بە پێنج لواوە! کەرکوک،
هەولێر، سولەیمانی، خانەقی، دهۆک.

٢ـ دانانی وەزیرێکی کورد هەموو وەختێک لە وەزارەتا بۆ ئەوە کـاروفرمانی ئـەم ولاٌتانەی کورد ببینێ.

٣ـ دانانی کوردێک بە معاونی وەزیر لە هەموو وەزارەتەکانا.

٤ـ زمانی کوردی ببێ بە زمانێکی رەسمی و لایەنی ئابووری و کشت و کاڵی ولاٌتی کوردستانیش بە تەواوی رێک و پێک بکرێ. بەلاٌم لایەنی سەرباز و پۆلیس و دارایی ئەوە هەر وەکوو خۆی بمێنێتەوە.)

ئەم داخوازیانە لە لایەن هەموو سەرۆک عەشرەتەکانی‌تر و حزبی هیواوە پـەسەند کراو دران بە حوکوومەتی عێراقی و بە ئینگلیز.

پاش گەیشتنی ئەم داخوازیانە بڕیار درا کە «ماجد مصطفى» بـچێت بـۆ «بـەرزان» و رووبەروو لەگەڵ [مەلا مصطفى]دا بکەونە قسە لە ئیشی کورد و بـە جـۆرێکی جـوان بیبڕێننەوە.

شەوی (١٩٤٣/١/٧) شەوێکی سـەیر بوو لە بەغدا لە سـەر ئێستگەی شەمەندەفەری کەرکووک. [ماجد مصطفى] بۆ خزمەتی کوردایەتی لەچوو بۆ [بەرزان]! هەچ کوردێک هەبوو لە بەغدادا بەهەموو قوتابی دانشکەدەکانەوە هاتبوون بۆ ئێستگە بۆ رەوانە کردنی «ماجد مصطفى» چونکە بۆ ئیشی کوردایەتی ئەچێ!. ئەم کۆبوونەوە و رەوانە کردنەش بە قسەی «حزبی هیوا» بوو.

ماجد رۆیشت و لەگەڵ مەلا مصطفى‌دا لە «مێرگەسوور» چاویان بە یەک کەوت و لەسەر ئەم شتانەی خوارەوە رێک کەوتن و پـاش حـەفتەیەک گـەڕایـەوە بـۆ بـەغدا. شتەکانیش ئەمانە بوون:ـ

(١ـ گێڕانەوەی [شێخ أحمد] و ئەوانەی لەگەڵیان بۆ بەرزان.

٢ـ چوونی «مەلامصطفى» بۆ بەغدا بۆ ئەوە بە دەستەوەدانی خۆی بنوێنێ.

٣ـ کاروباری دایەرەکانی [بەرزان] لـەو کـاربەدەستانە ببینن کـە بـە پیاوچاکـی

ناوبانگیان دەرکردووە.

٤ـ کردنەوەی قوتابخانە و دروستکردنی جادە و چاوێری کردنی باری ئابووری و تەندروستی لە ولاّتی بەرزان.)

[ماجد] ئەمانەی کرد بە نووسراوێک و لێژنەیەک هەر بۆ کاروباری بەرزان لە پێشترا حوکومەت دایناوبوو. نووسراوەکەی ماجد و لەسەر بڕیارەکەی لێژنە، دیوانی وزرا لە (١٩٤٤/١/٢٥)دا باوەڕی هاتە سەر ئەم شتانە:ـ

(١ـ ئیدارەیەکی تازە لە قەزاکانی زێبار، رواندز، ئامێدی، دەوروبەری [مێرگەسوور]، شیروانی مەزن و بەرزان دروست بکرێ و کاربەدەستانی باشی بۆ دابنرێ، ئەگەر پێویستیش بوو بە ناوی «زابتی ارتبات»ەوە ئەفسەریان بۆ بنێرێ.

٢ـ دروستکردنی نوختەی پۆلیس لە هەموو ئەو ولاّتانەدا، لە خەڵیفان و رێزانەوە تا دیانەوەکانی رەش.

٣ـ کردنەوەی رێگە لە بەینی نوختەکاندا.

٤ـ دوورخستنەوەی «مەلا مصطفی» لە ولاّتی «بەرزان».

٥ـ گێڕانەوەی [شێخ أحمد] و بەرزانیەکان بۆ بەرزان، هاتنی «مەلامصطفی» بۆ بەغدا بۆ خۆ بەدەستەوەدان. بەلاّم بڕیار لە سەر ئەم دوو شتە واتە ـ چوونی شێخ و هاتنی مەلا ـ ئەمە لەکەوێتە دەست وەزارەتی داخلیە وەیا [وەزیری بلاوزارە]، هەر وەخت ویستیان بڕیاری لەسەر ئەدەن!.

٦ـ ئەو شتانەکەوا [مەلا مصطفی] و هاوڕێکانی لە حوکومەتیان داگیرکردووە لەگەڵ چەکەکانی خۆیانا بیاندەنە دواوە بە حوکومەت.

٧ـ حوکومەت رازی بێ بەوەکە موافقە بکا بۆ لێ خۆش بوونی گشتی لە بەرزانیەکان بێجگە لە چەک هەڵگرەکان و ئەو کاربەدەستانە کە لە حوکومەتدا بوون و پاشان چوونەتەلای «مەلا مصطفی». لەمەوکاتێ لێ خۆشبوونەکەشی لەوە حوکومەت خۆی

ئەیزانیٚ، هەر وەخت ئارەزووی کرد ئەو وەختە بلاوی ئەکاتەوە!.

٨ـ هەر وزارەتێک چی لە ئەستۆدایە جێبەجێ بکا.)

لەم کاتەدا [ماجد] رووی کردە حوکوومەت و حزبی هیوا کە ئەفسەرە ارتباتەکان کەمن، ئەبێ زیادبکرین و هەموویش ئەبێ لە «حزبی هیوا» بن. بەڵێ با زیادبکرێن!. ئەمجا بە باوەڕی هەر سێ لا ـ واتە حوکوومەت، ماجد، [حزبی هیوا] ئەمانەی خوارەوە هەڵبژێران و نێران بۆ شوێنەکانی خۆیان!ـ

(١)ـ فؤاد عارف زابتی ارتباتی پشدەر. (٢) مجید عەلی زابتی ارتباتی ئامێدی (٣) سید عزیزی سید عبدالله بۆ مێرگەسور و برادۆست. (٤) ئەمین رواندزی بۆ رواندز و بەرزان. (٥) میرحاج أحمد بۆ ئاکرێ. (٦) مصطفی خوشناو بۆ بەرزان. (٧) عزت عزیز بۆ بلە.

هەروا هەندێ شتیش وەکوو رێگەو مێگەو شتە بۆ دەست برین لە ولاتی «بەرزان» کرا!. پاشان شێخ أحمدیش لە [حلە]وە هێنرایەوە بۆ «بەغدا» و برایەوە بۆ «حلە» و پاش چەند رۆژێکی تر هێنرایەوە بۆ بەغدا و لە (١٩٤٤/٢/١٢) نێرایەوە بۆ [بەرزان].

لە (١٩٤٤/٢/٢٢)دا «مەلا مصطفی» هات بۆ بەغدا بۆ ئەوە پێشانی حوکوومەتی بدا کە خۆیداوە بە دەستەوە، لە ئوتێلی «شط العرب» دابەزیبوون. ئەمانە بە چەکەوە بە ناوشارا ئەسووڕانەوە، هەندێ لە رۆژنامە بەکرێ گیراوەکانی ئەو سەردەمە کەوتنە ئەقەکردن کە چۆن ئەبێ مەلا و پیاوەکانی بە چەکەوە بەسەر جادەکانا بسووڕێنەوە؟ ئاخر نازانن خەڵکی زەنەقی ئەچێ!!. حوکوومەتیش ئەم قسانەی چووبوو بە گوێچکەدا، لە پاش حەفتەیەک مەلا وای بە باش زانی کە بگەڕێنەوە بۆ ولاتی خۆی و ئیتر گەڕایەوە.

لەم ماوانەدا [ماجد] لەگەڵ هەموو لایەک قسەی ئەکرد، لەگەڵ حوکوومەت، حزبی هیوا، مەلا مصطفی، سەرۆکی عەشایرە کوردەکان. لە هەموویانی وا ئەگەیاند ـ بێجگە لە دەستەی حوکوومەت ـ کە ئەم هاتووچوو کۆششەی بۆ خزمەتی کوردە!.م بەم ناوەوە و

لەبەر ئەمانە زۆر چاک لەکوردەکان نزیک کەوتبووەوە، وە بەڵکوو بووبوو بە هێلانەی
پروای گەلێ کەس!.

تەنانەت بۆ ئەوە کوردایەتیە کە بە تەواوی سەربگرێ لە مارتی (١٩٤٣)دا لەگەڵ «نوری سعید»ی سەرۆک وەزیر چوون بۆ کەرکوک، لەوێ زۆرێکی زۆر لە پیاو ماقوڵ و سەرۆک عەشرەتەکانی کورد کۆ کرابوونەو لە «یانەی کاربەدەستان» نوری سعید لەگەڵیان کەوتە قسەکردن و وەکوو مامۆستایەکی دڵسۆز فێری ئەوەی ئەکردن کە چۆن کوردایەتی بکەن؟! و چۆن داوای حقوقی کورد بکەن؟. و چۆن ئەگەر حوکوومەت بە پوختی لەگەڵیان نەهاتە پێشەوە دەست بێنە بینا قاقەی؟!.. لە راستی‌دا ئەم کۆبوونەوەیە زۆر سەیر بووا!. هەر زۆر سەیربووا!..

ئەم کردەوانەی «ماجد» و ئەم جۆرە هاتوچۆ کردنەی بۆ کوردایەتی بە تەواوی دڵی حزبی هیوای کرد بە دوو کەرتەوە؛ کەرتێکی هەر لەسەر ئەو باوەڕەبوون کە ئەم ئیشانەی بۆ کوردایەتیە کەرتکەی‌تری ئەیانوت مافی بە کوردایەتیەوە نیە و خزمەتی حوکوومەت ئەکا. ئەم جۆرە دوو دڵیەبوو، کەبوو بە بناغە بۆ تێکچوونی [حزبی هیوا] و نەکەوتنەوە سەرخۆی، بۆیەش وای لێ هات رۆژ بەرۆژ شتی‌تری ئەهاتە سەر.

* * *

لە جۆشی گەرم و گوڕی ئەم کوردایەتیەدا؛ واتە لە [٧ی نیسانی ١٩٤٤]دا کوتوپڕ نوری سعید وەزارەتی دایە دواوە و کابینەکەی کەوت. ئەم کەوتنە ناوەختیە دڵی کوردەکانی لە زۆر لاوە کرمێ کرد، کە ئەو قسانەی پێشوو لەچی و ئەم کەوتنە ناوەختیە لەچی؟!.

لەگەڵ ئەوەشدا هەر بە ناوی وەکاڵەتەوە مانەوە تا لە [٣ی حوزەیرانی ١٩٤٤]دا «حمدی پاچەچی» بۆ جاری یەکەم وەزارەتی لەو وەرگرت و خستیە ژێر دەستی خۆیەوە، دیارە [ماجد]یش لە وەزارەت دەرچوو. ئیش وردە وردە سەرمو لێژی رووی تێ کردا.

مەسەلەش عبارەت بوو لەمە، کە! شەڕی گەورەی دووهەمی گێتی بۆنی ئەوەی لێ هات کە لە دوایی هاتنە، بە تایبەتی ـ وەکوو لە پێشەوە باسکرا ـ ئەو ئامانجەی کە ئینگلیز هەیبوو بەرانبەر بە تورکیا ئامانجەکەی پێک هات؛ پێکهاتنێکی وا، ئەوەک هەر ئەوەندە کە تورکیا نەداتە پاڵ ئەڵەمانیا، بەڵکوو دایە پاڵ ئینگلیز و اعلانی شەڕی لەسەر «محوەر» کرد!. ئیتر چە ئامانجێک لەمە خۆشترە بەرانبەر بە ئینگلیز؟!. کە مەسەلە وای لێ هات ئیتر پێویست نیە کوردەکان کوردایەتی بکەن چونکە بۆ ئینگلیز بفەیە!. [نوری سعید] و [ماجد مصطفی]ش وتوویانە بیکەن، کەواتە هیچ چارنیە غەیری ئەوەنەبێ کە کابینە بکەوێت و کابینەی دوایی چی ئەکا ئەوە ئارەزووی خۆیەتی!.

لەراستیدا کە وەزارەتی [پاچەچی] هاتە پێشەوە وردە وردە توند و تیژی دەستی پێ کرد؛ حزبی هیوا باوەڕیان بەوە هێنا کە کوردایەتیەکەی دەوری نوری سعید و ماجد مصطفی گاڵتەیەکی سیاسی بوو، جاماجد خۆی لە باوەڕی خۆیا هەرنەهادێکی بووبێ خەڵکە کە کەوتنە سەر ئەو مەفکوورەیە کە هاتنی ئەو زیانی بە «حزبی هیوا» گەیاند. زابتە ارتباتەکان ئیش و کارەکانیان دوایی پێ هێنراو بەڵکوو هەندێکیان هەر نەهێنرانەوە بۆ سوپا، تازە وەزارەت بڕیارەکانی وەزارەتی پێشوو بەرانبەر بە کورد و بە «بەرزان» بە پولێک ناکڕی، بەڵکوو وەزارەتی جەنگ خۆی کەوتە تەقە لەو ئەفسەرانە کە لە وەزارەتی پێشوا بە ناوی زابت ارتباتەوە نێراون بۆ کوردەواری. بە کورتی کوردایەتیەکەی «نوری سعید» و «ماجد مصطفی» وەکوو سەرچۆپی جوولەکە بەرەودوا ئەگەڕایەوە!!..

ئەفسەرەکان کە ئیشی «بەرزان» و وڵاتی کوردەواریان دوایی هات هاتنەوە بۆ بەغدا. «میرحاج» و «مصطفی خوشناو» کە سەیریان کرد کاروباری حزبی هیواش تێکچووە لەم ڕووەشەوە دڵگرانیەکی زۆریان پەیداکرد، لەگەڵ «عزت عزیز» هەریەکە دوومانگ اجازەیان وەرگرت، «میرحاج» و «مصطفی خوشناو» چوون بۆ وڵاتی موکریان بۆ

چاوپێ کەوتنی کۆمەڵەی «ژ.ک» ـ کە لەو دەورەدا لەو وڵاتە ناو و ناوبانگێکی پەیدا کردبوو ـ بۆ ئەوە هەر دوو کۆمەڵە کۆششی خۆیان بکەن بەیەک بۆ ئازاد کردنی کوردستانی گەورە. «عزت عزیز»یش چووبۆ سووریە، ئەویش بۆ ئەوە لەگەڵ کۆمەڵەی «خوی بون»دا یەک بگرن و تەقەلایان بکەن بەیەک. دیارە چوونی ئەمانە بۆ هەر دوو شوێنەکە دوور نەبوو بەراو تەگبیری «حزبی هیوا» بوبێت.

رۆیشتنی ئەمانە دڵی حوکوومەتی لە عاستیان کرمێ کرد بە تایبەتی لە عاستی «میرحاج» و «مصطفی خۆشناو»، ئەمانیش توزێ لە باوەڕی حوکوومەت بەرانبەر بە خۆیان تێ گەیشتن. بڕیاریان داکە «میرحاج» بگەڕێتەوە بۆ بەغدا و مصطفی لەبەرزان بێ بۆ ئەوە ئەگەر شتێکی خراپ رویدا با هەر دووکیان تووش نەبن و «میرحاج»یش رۆژ بە رۆژ مصطفی لە دەنگوباسی بەغدا ئاگاداربکا.

لەسەر ئەم پەیمانە لەیەک جیابوونەوە، «میرحاج» کە هاتە بەغدا بۆنی هیچ شتێکی خراپەی بەرانبەر بە خۆیان نەکرد و بە پێچەوانەی ئەوە چووەوە سەر ئیش و کاری ئەفسەری و نامەشی بۆ مصطفی نووسی کە ئەویش بێتەوە. مصطفی ـ ش هاتەوە تا نزیکەی مانگێک هەر دووکیان چوونەوە سەر ئیش. کوتووپڕ هەردووک لە لەشکر دەرکران و میرحاج گیراو نێرا بۆ «عەمارە»، مصطفی ـ ش بڕیاردرا کە بگیرێ، بە، رێ کەوت لەو وەختەدا لە مووسڵ بوو، لە لایەن هەندێ لە دۆستانەوە ئەم خەبەرەی پێ درا. هەر لەوێوە خۆی گەیاندەوە «پێنواتە»و نەبوو بەدارەوە.

«عزت عزیز»یش کە چووبوو بۆ سووریە و لەوێشەوە بۆ «میسر» والەوەزارەتی جەنگ گەیەنرا کە بۆ چاو پێ کەوتنی کوردەکانی ئەوێ و قسە کردن لەگەڵیانا چووە، دیارە فیکری گیرانی ئەویش کرا بەڵام هەرکە گەیشتەوە بەغدا بەم حاڵەی زانی و لە پاش چاو پێ کەوتنی هەندێ کەس لە بەغدا و کەرکووکدا خۆی گەیاندەوە «بەرزان» و خەبەری بۆ «مصطفی خۆشناو» نارد کە ئەویش بچێت بۆ بەرزان. پاش مانەوەی (٤٥)

ڕۆژ لە «بێتوانە» ئەویش خۆی گەیاندە «بەرزان».

* * *

دیارە لە تێکچوونی کاروبارەوە تا ئەم تەئریخە ماوەیەکی باشی خایان. هەندێ لە ئەفسەرەکان ئەوەبوو لە [بەرزان] کۆبوونەوە، «بەکر عبدالکریم» ـ کە ئەویش یەکێک بوو لە ئەفسەرە ئازادەکان و وەکوو عزەت و ئەوان پەڕاگەندە بووبوو ـ لە بەرزان لەگەڵیان یەکی گرت. بە محمدمەحموودەوە ـ کە لە پاشا چوو ـ ئەوەندە ئەفسەر لە «بەرزان» کۆبووەوە:

(١) مصطفی خۆشناو. (٢) عزت عزیز. (٣) عبدالحمید باقر. (۴) محمد مەحموود.
(٥) شوکەت نعمان. (٦) أحمد إسماعیل. (٧) بەکر عبدالکریم. (٨) حفظ الله إسماعیل.

ئەمانە بێجگە لە «محمد مەحموود» کۆمەڵێکیان لە ژێر سەرۆکی «مەلا مصطفی»دا داناو ناویان نا «کۆمەڵی ئازادی». هێنایان بەیاننامەیەکیان نووسی کە عبارەت بوو لە:

داخوازەکانی کورد و مەبەست لە شۆڕشی «بەرزان». ناردیان بۆ سەفارەتی ئینگلیز لە بەغدا و بۆ حوکومەتی عێراقی و بۆ «حزبی هیوا».

حزبی هیوا کە ئەم بەیاننامەیە پێ گەیشت وەکوو بڵێت لە خەو خەبەری بووەوە و لە (١٠/٢/١٩۴٥)دا بڕیاریاندا کۆششی خۆیان سەرلەنوێ لەگەڵ [بەرزان] بکەنەوە بەیەک و مەبەستەکەیان خستە سەرقاقەزو بە «محمد مەحموود»دا ناردیان بۆ [مەلا مصطفی]. دەستەی بەرزان کە سەیری گورجوگۆڵی حزبی هیوایان کرد لە ڕۆژی (١٢/٢/١٩۴٥)داکۆبوونەوە و ئەم بڕیارانەیان دا:

(١) یەک بوونی هەموو عەشایری کوردەواری.

(٢) ڕێک و پێک کردنی هێزی چەکدار.

(٣) ڕزگار کردنی کوردستانی «عێراق» لە زوڵم و جەور، بەڵام لە ڕێگەیەکی سیاسی هێمنەوە.

(٤) داخوازە سیاسیەکانیان بگەیەنن بە سەفارەتەکان.

(٥) یەک گرتن لەگەڵ کۆمەڵە ئازادی خوازەکانی کورددا.

(٦) بەهۆی چاپەوە پروپاگەندە کردن بۆ خۆیان.

(٧) بەربەرەکانێ کردنی سیاسەتی ئیستعماری عێراق.

ئەمجا ماوەیەکی باش هەیئەتی بەرزان و [حزبی هیوا] لەبەینی یەکا کەوتنە قاقەز نووسین و رێگە بەیەک پیشاندان و ئاگادار کردنی سەفیر بێگانەکان لە حاڵ و ئەحواڵی کورد و لە چۆنیەتی مەبەستی «بەرزان». حوکومەتیش لەم لاوە بەهەر جۆر و لەهەر رێگەیەکەوە بوو، خەریکی کارقایمی خۆی بوو، بەڵکوو ئاگاداری هەموو کوردەکانی دەستەی بەرزان و [حزبی هیوا]ش بوو!.

کوتوو پڕ لە سەرەتای مانگی مارتی (١٩٤٥)دا خەبەرێک لە حزبی هیواوە بە بەرزان گەیشت کە فەوجی (٤)ی عێراق کە لە «باپشتیان» رۆژی پێنجی مانگ فیکری پەلاماردانی هەیە، ئاگادارین!.

کە ئەم خەبەرە وەرگیرا ئەمانیش قایمکاری خۆیانیان کرد و بەم جۆرەی خوارەوە خەتی شەڕیان دامەزراند:

خەتی بەشی رۆژهەلاَت: «شێنە، مێرگەسوور، ناوچەی برادۆست» لە ژێر فەرماندەیی «مصطفی خۆشناو» و «محمد مەحموود»دا.

خەتی بەشی رۆژئاوا: «ئامێدی و ناوچەی رێکانی» لە ژێر فەرماندەیی «عزت عزیز» و «عبدالحمید باقر»دا.

خەتی جنوب ناوچەی «ئاکرێ» لە ژێر فەرماندەیی «شێخ سلیمان»ی «شێخ عبدالسلام»دا.

ئەمانە هەموو شوێنەکانی خۆیانیان گرت و بە هەموو جۆر خۆیان ئامادە کرد بۆ گێڕانەوەی ئەو هێرشانە کە بەسەریانا ئەگەر بکرێ. لەگەڵ ئەمەشا فەرماندەی گشتی -

مصطفی بەرزانی ـ دەستووراتی پێدابوون کە تا ئەتوانن بە هێمنی بزووونەوە و ڕێگەی ئاشتی بگرن. وە لە (٤)ی مانگدا ئەم نامەشیە بۆ سەرۆکی هەموو سوپای ئەو ناوەی عێراق ـ رفیق عارف نووسی:

«... وەکوو بۆمان دەرکەوتووە فیکرتان وایە ڕۆژی (٥)ی مارت بە ناوی مەشق و مناوەرەوە لە شوێنی خۆتان پێشکەون. لەرووی ئەم فرمانەی ئێوەوە ئەگەر هەرزیانێک ڕووی‌دا ئۆبالّ لە ئەستۆی ئێمەدا نیەا.»

لە ڕۆژی دوایی‌دا وەڵامی سەرلەشکر هاتەوە کە ئەمان هیچ ئەو نیازەیان نیە پێشکەون.. دیاربوو پێش دەستی کردنی دەستەی [بەرزان] سەرۆکی لەشکری عێراقی هێنابووە سەر ئەو قسەیە کە گۆیا ئەوان فیکری هیچیان نیەا.

ڕۆژی (٧)ی مانگ [محمد مەحموود] بە فەرمانی سەرۆکی گشتی نێرا بۆ ناوچەی «برادۆست» و «باڵەک» بۆ کاروباری هەندێ فەرمانی ئەو نوە. کە چوو هاتەوە ئەو ڕێگەیە بۆ فەرماندە داناکە خۆی بچێت و لەو ناوەداگەشتێک بکاو ئەگەرناکۆکیەک لە بەینی عەشایرەکانا هەبێ لای بەرێ و دیدەنیەکێشیان بۆ تازەکردنەوەی پەیمان لەگەڵ بکا. فەرماندە قسەکانی بیست و پاش ئەوەکەوتەگەڕان. ڕۆژی (١٣)ی مانگ فەرماندە چووبۆ خەتی ڕۆژهەڵاتی لەشکری خۆی، ڕۆژی (٢٤) لەگەڵ چەند ئەفسەرێکی خۆیانا چوون بۆ «هەودیان».

بزووتنەوەو قایمکاری [بەرزان] بە تەواوی بڵاو بووەوە، حوکوومەتی عێراق و ئینگلیز ئاگایان لە هەموو کەین و بەینێک پەیدا کردبوو. بە تایبەتی ئینگلیز کە ئیشی لە هەموو لایەکەوە بۆ ڕێک کەوتبوو، لەمانەوەی ئەم کارەساتی بەرزانە بەم جۆرە وەکوو مووی لووتی هەڵکێشن وابووا. لەبەر ئەمە خەبەردرا کە ڕۆژی (٢٥)ی مانگ «کاپتان ستوکس» مشاوری سیاسی ئینگلیز دێت بۆ «هەودیان» بۆ چاو پێ کەوتنی [مەلا مصطفی]. فەرماندە لەوێدا مایەوەو ستوکس ـ یش هات. ئەنجامی قسە ئەمە بوو کە، ستوکس وتی:

«لەبەر ئەوە نەیرووی عێراق ناشارەزای هەندێ کاروباری شەڕن، نەیرووی ئینگلیز بڕیاری داوە لە نزیکی ئەم وڵاتی بەرزانەوە عێراقیەکان فێری ئەو جۆرە شەڕە بکات و ئەمەش غەیری مەشق کردن و مناوەرەنێ هیچی تری تێدانیە، نابێ ئێوە بکەونە پەرۆشەوە بۆی، کەوابوو پێویستە فەرمانەکانی حوکوومەتی عێراق وەربگرن و ئەو ئەفسەرە کوردانەکە لە لای ئێوەن و ئێستە لە خەتی شەڕدان بچنەوە بۆ [بەرزان] و شەڕ و شۆڕ بەجێ بێڵن، هەر شوێنێ کە خۆیان ئارەزوو ئەکەن لە عێراقا تێدا دانیشن و پاشان لەگەڵ ئەو ئەفسەرانەدا کە هەر هێشتا لەبەرزانن هەموو بچنەوە لای حوکوومەت و بچنەوە سەر ئیشی خۆیان لە نەیروی عێراقا!».

ئەم قسە لووسانە وا دیار بوو فەرمانداەی لەخشتە نەبردا. بەڵکوو پێ‌وت: «ئێمە دوو شتمان لە پێشە؛ یا مردن، یا ئازادی کورد. چونکە بۆمان دەرکەوتووە کە حوکوومەت وەنەبێ نیهادێکی باشی لەگەڵ ئێمەدا هەبێ، تا ئێستە هەزار قسەی کرد و هیچی بە ئەنجام نەگەیاند. چوونەوەی ئەفسەرەکانیش ئەوەکەوتۆتە دەست وەزارەتی جەنگ، ئەگەر بەئاسانی لەگەڵیان بیزوێتەوە ئەچنەوە، بۆچ ناچنەوە؟». پاش ئەم قسانە ستوکس گەڕایەوە بۆ شوێنی خۆی.

رۆژی (٣٠) مانگ موتەسەڕفی هەولێر ـ سعید قەزاز ـ لەگەڵ مودیری پۆلیس چوون بۆ «مەزنە» هەر بۆ چاو پێ‌کەوتنی فەرماندە، لەبەر ئەوەکە لە وەڵامەکەی ستوکس زیاتریان وەرنەگرتەوە، گەڕانەوە بۆ هەولێر و فەرماندە و ئەفسەرەکانیش چوونەوە بۆ «شێنە».

رۆژی (٣١)ی مانگ نامەیەک لەلایەن رئیس عەشیرەتەکانی «باڵەک»ەوە گەیشتە دەست فەرماندەکە ئەیانەوێ بێن بۆ دیدەنی و بۆ پەیمانی زیادە ئاشنایی. فەرماندە گوندی «شێنە»ی بۆ دانان. هاتن و چاریان بە یەک کەوت و گەڕانەوە. لە رۆژی [٢ی نیسانی ١٩٤٥]دا نامەیەک لە لایەن ئامر فەوجی رواندزەوە درایە دەست فەرماندەی لەشکری

[بەرزان]کە «رۆژی (٥)ی مانگ «مێجەر مور» مشاوری سیاسی «موسڵ» ئەیەوێ بێت بۆلاتان و لە [بلە] چاوی پێتان بکەوێ. بەوبۆنەوە ئەگەر رێک ئەکەوێ ئێوە و [شێخ أحمد] و هەموو ئەفسەرەکان بچنە [بلە] بۆ ئەم چاو پێ کەوتنە». رۆژی پێنج ئەمان هەموو لە [بلە]کۆبوونەوە بەلاّم «مور» نەهات!.

دیسان رۆژی (٢٠)ی نیسان خەبەرێک لە لایەن موتەسەرڕفی هەولێرەوە درا بە [مەلا مصطفی]ی فەرماندار کە «مێجەر مور» ئەیەوێ لە [حەریر] ـ عزت عبدالعزیز ـ ی چاو پێ بکەوێ. فەرماندار دەستووری‌دا بە عزت کە لەگەڵ [محمد مەحمود] بچن بۆ ئەو چاو پێ کەوتنە. تا ئەمان چوون گۆیا [مور] چووبوو گەڕابووەوە، ئیتر یەکتریان نەبینی!.

رۆژی (٢٢)ی نیسان دیسان لە لایەن مودیری ناحیەی «باتاس»ەوە خەبەر درایەوە بە فەرماندار کە «اسماعیل نامق» وەزیری جەنگ ئەیەوێ عزت عبدالعزیزی لە «پیرمەم» چاو پێ بکەوێ. فەرماندار فەرمانی دایەوە بە [عزت عزیز]کە لەگەڵ [محمد مەحمود] بچن بۆ پیرمەم و ئەم چاو پێ کەوتنە بکەن. تا ئەمان چوون [اسماعیل نامق]گەڕابووەوە بۆ بەغدا، [صالح صائب]سەرۆکی هەموو لەشکری عێراق لەوێ بوو، ئەو لەباتی وەزیری جەنگ تا چوار سەعاتێک بە بێ‌دەنگ لەگەڵ [عزت عزیز]قسەیان کرد، بەمەرجێک کە هەر دوو، هەر دوو بە دووبوون! تەنانەت [محمد مەحمود]یشیان لەگەڵ نەبوو. ئێستەش نەزانرا قسەو باسی دانیشتنی ئەو دووکەسە چی بوو؟!.. ئەوەندە هەبوو، عزت کە لەلای صالح صائب دەرچوو وتی کاروبارێکی باش هاتۆتە پێشەوە ئێمە ئەتوانین بە بێ‌ترس بچین بۆ هەولێر و لەگەڵ [حزبی هیوا]دا هەندێ قسەوباس بکەین. هەر لەوکاتەدا لەگەڵ [محمد مەحمود] رووبەرووی هەولێر بوونەوە و ئەم باسی گەڕانەوەی خۆیانە ـ واتە ئەفسەران ـ بۆ نەیرووی عێراق خستە بەردەستی حزب. هیوا ـ ش ئاخر قسەی هاتە سەر ئەوەکە ئەوان خۆیان سەربەستن بۆ گەڕانەوە وەیان نەگەڕانەوە.

هەر لەو سەروبەرەدا [مێجەرپولسن] معاونی مشاوری سیاسی کەرکووک ـ یش

هاتبوە هەولێر فیکری «حەریرە»ی هەبوو، عزت و محمد ـ یش ئیشی خۆیان لە حزبی هیوای هەولێر جێبەجێ کردبوو ئەوانیش ئەیانویست بگەڕێنەوە، لەگەڵ [ولسن] هەرسێکیان لە ئۆتۆمۆبیلێکدا چوون بۆ «حەریر». کە چوونە ئەوێ زۆری پێ نەچوو [مێجەرمور]یش گەیشتە حەریر. [عزت عزیز] توانی چاو پێ کەوتنێکی دووبەدوو ـ یش لەگەڵ [مور] پێک بێنێت!.

رۆژی (٢٥)ی نیسان [مور، عزت عزیز و محمد مەحمود] چوون بۆ بەرزان، [مور] ئەیویست [شێخ أحمد]ی چاو پێبکەوێ چونکە چوونەکەی بۆ ئەوەبوو. کە چۆن، ئەو چووە لای شێخ أحمد و پێ وت: «سەفیری بەریتانیا ئەڵێ ئەبێ فەرمانی حوکومەتی عێراق بەجێ بێنن و چەکەکانتان بدەنە دواوە و بەکشت وکاڵەوە خەریک بن!.».

[شێخ أحمد] بەم قسەیە زۆر تێکچوو وتی: «هەر وەخت لە ئاسووریەکانی دراوسێمان و عەشایرەکانی تر چەک وەرگیرایەوە ئێمەش ئامادەین بۆ دانەدواوەی.» ئەم قسەیەکرد و لە کۆڕەکە هەستاو مور ـ یش بە شوێنی خۆیا گەڕایەوە بۆ دواوە.

رۆژی (٣٠)ی نیسان «کۆمەڵی ئازادی» کۆڕێکیان بەست لە بەرزان بۆ قسەکردن لەوەکەئایا ئەم ئەفسەرانە بگەڕێنەوە ئەیرووی عێراق یان نا؟. میرحاج ـ یش کە وەختی خۆی ئەوەبوو گیرابوو نێرابووە [عەمارە] هەڵاتبوو ئەویش لە ئەندامی کۆڕەکەبوو. پاشان قسە هاتە سەر ئەوە کە عزت عبدالعزیز، محمد مەحمود و أحمد إسماعیل بگەڕێنەوە سەر ئیشی خۆیان لە سوپایی عێراق، مصطفی خۆشناو و میرحاج ـ یش [بەرزان] بەجێبێڵن و بچن لە شوێنێکی تر دانیشن. ئەم هەیئەتی ئازادیەش بۆیە ئەم بڕیارەیاندا فیکری دوارۆژێکی تریان کردەوە بەڵام دوا رۆژ دەری خست کە ئەو دوارۆژە هیچ کەڵکێکی نەبوو!.. تەنها [مصطفی خۆشناو] و [میرحاج] بە پوختی تێ گەیشتبوون کە ئەو دوارۆژە لە باتی رووناک بێ تاریک ئەبێ!.

ئەمجا هەر ئەو رۆژە مصطفی و میرحاج بەرزانیان بەجێ هێشت، رۆژی دوایی، واتە

رۆژی (١٩٤٥/٥/٢) فەرماندەی گشتی ـ مەلا مصطفی ـ عزت عزیز، محمد مەحمود، أحمد إسماعیل ـ ی هەڵگرت و بە ئۆتۆمۆبیلی «مێجەرولسن» هاتن بۆ [هەولێر]. رۆژی ٥/٥ هەرسێ ئەفسەر چوونە کەرکوک و چاویان بە «ولسن» کەوت، پێ وتن کە ئەبێ بچن بۆ بەغدا، لەوێ ئەگەر پێویست بوو لە باڵوێزی بەریتانی «مێجەرمور» ببینن.

ئیتر لەوێوە بەرێ کەوتن بۆ بەغداو پاش دوو رۆژ چوون بۆ وەزارەتی جەنگ و خۆیاندا بەدەستەوە، بەڵام زۆری پێنەچوو، واتە لە پاش بیست رۆژ وەزارەتی جەنگ دانی بە مەحکەمەی عەسکەری، گۆیا ئەم دانەیان بە مەحکەمە شتێکی رواڵەتیە ئەگینە وەنەبێ شتێکی تێدابێ!. ئەم کردەوەیە دڵی هەندێکیانی کرمێ کرد، لەبەر ئەمە «محمد مەحمود» لە رۆژی ١٩٤٥/٦/٥دا هەڵات و «جەلال ئەمین مەحمود» ـ کە ئەویش ئەفسەرێکی‌تر بوو لە نەیرووی عێراقا و دۆستی محمدبوو ـ ئەویشی لەگەڵ خۆی برد و پێکەوە بەرزان بگرەو هاتم.

رۆژی [١٧ی حوزەیرانی ١٩٤٥] موتەسەرفی هەولێر «سعید قزاز» خەبەری نارد بۆ مەلا مصطفی کە لەگەڵ «کاپتان چاکسن» معاونی مشاوری سیاسی کەرکوک ئەیانەوێ لە «مێرگەسوور» چاویان پێبکەوێ و پێکەوە هەندێ قسەبکەن. لەبەر ئەمە لە رۆژی (٢٠)دا هەموو لەمێرگەسوور کۆبوونەوەو کەوتنە قسە کردن. قسەکانی سعید قەزاز و مەلا مصطفی زۆر لەیەک دووربوون. «سعید قەزاز» بە ناوی کاربەدەستێکی بەهێزی حوکومەتەوە لێ ئەخوڕێ، مەلا مصطفی ـ ش بە خۆی ئەوت تا ئێستە سەری بۆ کەس دانەنەواندوە ئێستە چۆن ئەم قسە تیژانەی «سعید قەزاز» هەڵبگرێ؟! دیارە هەڵیناگرێ، لەبەر ئەمە بەینیان تێکچوو، بەڵکو ئەگەر «چاکسن» نەبوایە ئیش زۆر خراپ تێکئەچوو!. ئیتر بەو بۆنەوە بەساردی لە یەک جیابوونەوە.

* * *

کاروبار رۆژ بەرۆژ بەلای خراپیەوە ئەرۆیشت، حوکومەت گوێچکەی لە عاستی

عەدالەت و حەقپەرستی ئاخنی بوو، پیاوانی حوکوومەت غەیری ڕۆژانی ڕەش نەبێ هیچی تریان پیشان نەئەدا. [بەرزان] لە لایەکەوە بە دەست برسێتیەوە چەوسابووبووەوە، لە لایەکەوە بە دەست توند و تیژی کاری کاربەدەستە ناڕەواکانەوە هاتبووە تەنگ، داد و عەدڵ وادیاربوو تۆپێکی منالآن بوو بە دەست هێزەوە بە هەموو لایەکا هەڵێنەسووڕان! [بەرزان] لەم ڕۆژەدا کە هەر چوار دەوری بە لەشکری زوڵم گیراوەو بە زنجیری بێ ویژدانی ولآتەکەیان بەستۆتەوە ئەبێ چبکا؟. چاری نیە ئەبێ کۆشش بکا بۆ لابردنی ئەو زوڵمە و بۆ پساندنی ئەو زنجیرە.

لێرەدا فەرمانداری گشتی ـ مصطفى بەرزانی ـ لە ڕۆژی ١٩٤٥/٦/٢٥دا سەرانی لەشکر و «محمد مەحمود» و «جەلال ئەمینی»داناو کەوتنە قسەکردن. ئاخر قسەیان هاتەسەر ئەوەکە بە ولآتەکانی دهۆک ـ ئامێدی ـ ئاکرێ ـ شێخان و سنجارا لەم لاوە، وە لەولاشەوە بە، رواندز ـ کۆیە ـ دزەیی ـ رانیە ـ هەڵەبجە و خانەقیاگەشتێک بکەن و هەموو سەرۆک عەشایرەکانیان چاو پێبکەوێ و قسەیان لەگەڵ بکەن بۆ دەست دانە شۆڕشێکی قەومی کوردەوە. ئەمجا لە ڕۆژی (٢٧)ی ئەو مانگەداکەوتنە گەڕان بۆ بە ئەنجام گەیاندنی مەبەستەکەیان. ئەم گەڕانەیان تا نزیکەی ئاخری مانگی ئاغستوزی ١٩٤٥ درێژەی کێشاو هەموو سەرۆک عەشرەتەکان بەگیان و بە دڵ قسەیان دایە و دڵنیایان کرد.

کوتووپڕ هەر لەو ڕۆژەدا لەکاتێکداکە مەلا مصطفى لەدێ «مرەبا» بوو ـ کە چوار ڕۆژە ڕێگە لە بەرزانەوە دوورە ـ کاغەزێکی لەلایەن موتەسەڕفی هەولێر ـ سعید قەزاز ـ ەوە بۆ نووسرابوو، بۆ «بەرزان»، تێدا نووسیبوو:

«پێویستە لە ئێستەوە تا سێ ڕۆژی تر خۆت و هەموو سەرۆک عەشرەتەکانی [بەرزان] خۆیان بدەن بە دەستەوە ـ واتە بە دەست حوکوومەتەوە ـ ئەگەر وا نەکەن ئۆباڵی هەموو کوشتن و زیانێک ـ کە لەم بەگوێ نەکردنەدا ڕوو بدا ـ ئەچێتە ئەستۆی تۆ!.»

هەر لە عەینی ڕۆژدا کاغەزێکی «کۆلۆنێل میدە مشاوری سیاسی مووسڵ گەیشت، ئەویش ئەڵێ: «ئەگەر بەگوێ حوکوومەتی عێراق نەکەیت لە هەموو چاوێربەکی ئێمە بێبەش ئەبیت!».

هەر لە ئەم ڕۆژەدا [مەلا مصطفى] کاغەزێکی «شێخ أحمد»ی براشی وەرگرت کە نووسیبووی:

«شۆڕش لە بەینی هێزی [بەرزان] و حوکوومەتدا دەستی پێ کرد، بەرزانیەکان گەلێ لە نوختەکانی پۆلیسی حوکوومەتیان لە بەرزان گرت، [مێرگە سوور] گیرا، «ئالۆبەگ»ی خال ـ مان کوژرا، کە واتە هەر زوو بگەڕێوە!».

کارەساتی [ئالۆبەگ]یش ئەوەبووە کە لەگەڵ دوو سێ پیاوی خۆیا ئەچن بۆ نوختەی «مێرگەسوور»، ئەمانەش تفەنگیان پێ ئەبێ، پۆلیس پێیان ئەڵێ تفەنگەکانتان دانێن ـ ئەم جۆرە قسانەش فەرمانێک بووە کە موتەسەڕفی هەولێر کردوویەتە سەر هەموو نوختەکان وتوویە ئەگەر بەرزانیەکان هاتن، چەکیان لێ وەربگرنەوە و ئیش و کاری دائیرەی حوکوومەتیشیان بۆ مەڕوێنن! ـ

ئەم چەک فڕێدانە بەرانبەر بە عەشرەت شتێکی سووکە. هەرچەند بە خۆشی قسە ئەکەن کەڵک ناگرێ، لە ئاخرا لەگەڵ پۆلیسەکان ئەبێ بەشەڕیان، «ئالۆبەگ» و پیاوێکی ئەکوژرێن، لەولاش چەند پۆلیسێک ئەکوژرێ و نوختە چۆڵ ئەکەن.

ئەم کارەساتی یەک لە دوای یەکانە کە [مەلا مصطفى] لە ماوەیەکی کەما هەمووی بیست، خستیە عالەمێکی ترەوە!. بە تایبەتی ئەو لەو باوەڕەدا نەبووە کە ئەگەر ئەو لە «بەرزان» نەبێ ئاگری شەڕ بەو جۆرە هەڵگیرسێ. فیکری هاتە سەر ئەوە کە ئەمە دوور نیە ئەم دوورکەوتنەوەی ئەوە لە بەرزان بووبێ بە هەل بۆ ئەو کەسانە کە ئەیانەوێ بە هەر جۆر بووە شەڕ هەڵگیرسێ!. لەگەڵ ئەمانەشاوە لەگەڵ ئەوەشا کە هێشتا نەخشەی گەڕانەکەی ـ کە داینابوو ـ بە تەواوی پێکی نەهێنابوو، ناچار بوو بە پەلە لە ڕۆژی [١٩ی

ئاغستۆزی ١٩٣٥]دا خۆی گەیاندەوە «بەرزان».

* * *

لێرەدا بۆ ئەوە خوێنەر بە تەواوی لە هەموو کارەساتە کە تێ بگا پێویستە تۆزێ فیکری خۆی بە زانینی ئەم شتانەی خوارەوە رووتر بکاتەوە:

«بەرزان» ئەم بزووتنەوەیە کە کردی نەوەک بزووتنەوەیەک بوو تەنها بۆ خۆی، بەڵکوو ئیشێکی وای کرد، بوو بە هۆی بزووتنەوەیەکی قەومی لەناو هەموو کورددا، لە بەر ئەوە کە رۆژ بە رۆژ ئەو بزووتنەوەی قەومیە بەهێزتر ئەبوو دیواخانە سیاسیەکانی حوکوومەتی عێراقی زۆر خراپ شڵەژاندبوو، بە جۆرێک شڵەژابوون لایان وابوو وەکوو ئاگر ئەمە رۆژ بە رۆژ زیاتر لەتەنێتەوە، کەواتە بەهەر جۆر و بەهەر کوشتن و برینێک بێ ئەم ئاگری بزووتنەوەیە ئەبێ ئاوی پیابکرێ و بکوژێنرێتەوە. لەگەڵ ئەم کۆششەی ئەم لاشدا «بەرزان» بە هەموو هێزێکیەوە ئەیویست خۆی لەشەڕ بپارێزێ و بە هێمنی و لەسەر خۆیی ئیشی خۆی بکا. دیارە ئەم باوەڕە باوەڕی مەلا مصطفی بوو، هەتا ئەو لەبەرزانا بوایە بڕوا نەئەکرا کە بتوانن بە هۆی شەڕەوە بەرزان لەناو بەرن، چونکە مەلا، شەڕی نەئەکرد، دەرچوونی ئەو چەند رۆژانەی ئەو لەبەرزان مەیدانی بۆ ئەو کەسانە چۆڵ کرد کە ئەو فیکرەیان هەبوو، وە توانیان بە هەموو جۆر کاربکەنە سەردڵی «شێخ أحمد» و چی ئارەزوو ئەکەن پێ‌بکەن.

بێجگە لەمە چوونی عزت عبدالعزیز -بەیەک رۆژ پێش هەڵگیرسانی شەڕ- بۆ بەرزان و قسەکردن لەگەڵ شێخ أحمدا و کار تێ کردنی -لەگەڵ باوەڕی «شێخ أحمد»دا کە هەموو شت ئەبێ بە جەنگ ببڕێتەوە، ئەمەش دیسان ئاگردانێک بۆ ئەوە کە ئاگری شەڕی تێدا هەڵگیرسێ.. ئەمە و هەروەها بەدەرچوونی «مەلا مصطفی» لەبەرزان وە فەرماندانی حوکوومەت بە هەموو دائرە و نوختەکانی وڵاتی بەرزان بەوە کە هەر بەرزانیەک چووە لایان لە چەک رووتی بکەنەوە و ئیش و فرمانیشی بۆ جێ‌بەجێ نەکرێ. لە

لایەکی تریشەوە پڕکردنی هەر چوار دەوری «بەرزان» لە نیروی حوکوومەت بۆ کوشتنی بەرزان ئەمانە هەموو ئەکەنەکارێ کە ئەگەر «مەلا مصطفی» بشگەڕێتەوە بۆ بەرزان هەر نووشی ئەوە بێ کە شەڕ هەڵگیرسێ!..

وەکوو لەم قسانەوە بۆمان دەرکەوت ئەگەر پیاوانی حوکوومەت و کاربەدەستە گەورەو بچووکەکانی حوکوومەت دڵسۆز بوونایە بەرانبەر بە حوکوومەت و بە میللەت، نەیانئەکردەکارێ لە بەر ئەوەکە ئینگلیز ئیتر ئیشی نەماوە، بێنن میللەت بدەنە بەر بارانی گوللەی مەترەلۆز و بیانکەن بە خۆراکی بۆمبای فڕۆکەکان و لە پێناوی ئەمەدا زیانێکی زۆریش رووبکاتە حوکوومەت!. کاربەدەستەکان ئەمەیان هەموو بۆ ئافەرینێک کرد کەچی ئافەرینەکانیش هیچیان کەڵکێکی نەبوو بۆیان!..

ئەمە!کەی رەوای هەق بوو پیاوێکی وەکوو «تاڵوبەگ» سەرۆکی عەشرەتی شیروان لەگەڵ دوو پیاویدا بچنە نوختەی «مێرگەسوور» بۆ وەرگرتنی ئەو شتەکانیان بدەنێ پێیان بڵێن ئەبێ چەکەکانتان فڕێدەن و خۆشتان بگیرێن!. دیارە ئەمە سەر ئەکێشێ بەلای ئەوەوە کە لەملاوە «تاڵوبەگ» و لەولاوە [مأمور مرکز] و چوار پۆلیس بکوژرێت و لە ئاخرا نوختەی «مێرگەسوور» لە دەست حوکوومەت دەرچێ!.

وەیا «أسعد خۆشەوی» بۆ ئیش وکاری تایبەتی خۆی بچێتە نوختەی «زێبار» کەچی پۆلیسی حوکوومەت گەمارۆی بداو بیەوێ رووتی کاتەوە!. أسعد ناچارە بەهەر جۆر بێت ـ با چەندکەسێکیش بکوژێ ـ هەر خۆی دەربازکا!.

وەیا لە لایەکی ترەوە هەندێ بەرزانی بچنە نوختەکەی [بەرزان] بۆ وەرگرتنی تەعینات، کەچی نوختە بیەوێ بیانگرن! بێ گومان ئەمانە ئەم جەورە هەڵناگرن، ئاخری کار ئەبێ وای لێ بێ کە نوختەکە لە ژێر دەستی حوکوومەت دەربێنن!.

* * *

لە پاش ئەوەکە ئەم کارەساتانە قەوما و حوکوومەت ئەوەندەی تر چوار دەوری

بەرزانی تەنیەوەو لە پاش ئەوە کە مەلا مصطفی ـ ش گەڕایەوە، هیچ چارێک نەدۆزرایەوە بێجگە لەوە نەبێ کە قۆمیتەیەک لەگەڵ [شێخ أحمد] و ئەفسەرەکانا بگرن و دەرمانێک بۆ ئەم دەردە بدۆزنەوە. ئاخر قسەیان هاتە سەر دوو شت؛ یەکەم قایم کردنی خەتی خۆپاراستن، دووهەم تێ گەیاندنی حوکومەتی عێراق و هەموو سەفارەتەکان لەم ئیشە ناڕەوایە کە بەرانبەریان ئەکرێت. لەبەر ئەوە هێنایان لە پێشا بەم جۆرەی خوارەوە ناوچەکانیان قایم کردەوە: ـ

١ـ خەتی رۆژهەلاَت لەژێر فەرماندەیی [شێخ محمد صدیق]دا بەیاریدەدانی فەرماندەیی [عزت عبدالعزیز].

٢ـ خەتی ئاکرێ ـ جنوبی ـ لەژێر فەرماندەیی [مەلا مصطفی] خۆیدا بە یاریدەدانی فەرماندەیی «جەلال ئەمین» و «محمد مەحمود».

٣ـ خەتی رۆژئاوا ـ بالَندە ـ لە ژێر فەرماندەیی «صالح عبدالعزیز»ی برای عزت‌دا.

ئەمجا مەلا مصطفی بە مێژووی [٢٠ی ئاغستۆزی ١٩٤٥] وێنەی چەند نامەیەکیشی ـ کە وەکوو لەخوارەوە باس ئەکرێ ـ نارد بۆ رئیسی وزرای عێراق و بۆ سەفیرەکانی ـ چین، فەرەنسە ـ ئەمریکا ـ سۆڤیاتی ـ ئینگلیز لە بەغدا. نامەکەش لە وێنەی ئەم شتانەی تیدانووسیبوو: ـ

(.... ئێمە کە شۆڕشەکەی دوو ساڵ لەمەو پێشمان وەستان لەبەر ئەوەبوو پیشانی هەموو کەسێکی بدەین کە ئێمە نامانەوێ رووبەرووی حوکومەت بووەستین، [نوری سعید] بڕیاری گەلێ قسەی چاکە و یارمەتی پێ‌داین و پاشان خۆی رۆیشت و هیچی نەکرد، کە «حەمدی پاچەچی» هاتە پێشەوە وتی من بۆتان ئەکەم. ماوەیەک.ی زۆر چاوەڕێمان کرد هیچمان دەست نەکەوت، بەڵکوو بە پێچەوانەی ئەوە حوکومەت هێنای [بەرزان]ی پڕ کرد لە فوختە و پۆلیس و سەرباری ئەوەش هەر چوار دەوری [بەرزان]ی بە هێزی هەوایی و تەیروی سەر زەوی تەنیەوە. ئەمەشی گۆیا بەناوی

مناوەرەوە هێناوە کەچی لەگەڵ ئەوەدا بۆ مناوەرە نیە بەڵکوو بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئەم شتانەی خوارەوە بوو: ـ

١ ـ سەرۆکی عەشایرەکان لەوەختی خۆیدا دیدەنی منیان کردبوو، بەڕێ و شوێنی عەشایری منیش ئەبێ دیدەنیان بکەمەوە، لەبەر ئەمە من چوومەوە بۆلایان، کەچی حوکوومەت فەرمانێکی بۆ دەرکردم گۆیا من نابێ لە شوێنی خۆم بیزوم، بەڵام من لە بەر ئەوەکە قانوونی عێراق شتێکی وای تیدا نیە نەبەڵێ پیاو دیدەنی لەکەس وکاری بکاگوێم نەدایە و رۆیشتم.

٢ ـ کەمن لە «بەرزان» دەرچووم موتەسەڕفی هەولێر فەرمانی کردبووە سەر نوختەکانی [زێبار] و بەرزان و مێرگەسوور کە هەر بەرزانیەک بۆ ئیش وکار هاتە لاتان بیگرن و ئیشی بۆ جێبەجێ مەکەن!.

٣ ـ «ئاڵوبەگ» ـ کە خاڵی ئێمەیە و یەکێکە لە سەرۆکی عەشایرەکانی «بەرزان» ـ بە ئیشی تایبەتی ئەچێتە نوختەی «مێرگەسوور»، بە بێ ئەوە ئاگای لە هیچ بێ لە لایەن یەکێ لە پۆلیسەکانەوە ئەکوژرێت. سێ کەسی کە لەگەڵیبووە بە ناچاری بۆ ئەوە ئەوانیش نەکوژرێن دەست ئەکەن بە شەڕکردن، لە ئاخرا پۆلیسەکان هەندێکیان ئەکوژرێن و ئەمان نوختەکە ئەگرن.

٤ ـ لەبەر ئەو فەرمانەی موتەسەڕفی هەولێر کە کردبویە سەر نوختەکانی «بەرزان» لە لایەن گرتنی ئەو بەرزاانیانەوە کە ئەچن بە شوێن ئیش وکاری خۆیانەوە لە دایەرەکانی حوکوومەت ئەبێ بگیرێن، «أسعد خۆشەوی» کە ئەچێ بۆ زێبار، پۆلیس ئەیەوی بیگرێ، ئەمیش ناچار بەشەڕکردن خۆی لە دەستیان دەرباز ئەکا.

٥ ـ حوکوومەت نەیروی عەسکەری لە ئاکرێ و باپشتیان و هێزی پۆلیسی لە ناوچەی «رێکانی» کۆکردۆتەوە، بە بێ ئەمەکە هیچ لەبەینا هەبێ ئەیەوێ ئاگری شەڕ هەڵگیرسێنێ و ئەم کوردە بێ گوناحانەی ئەم ناوە لە ناو بەرێ.

جەنابی سەفیر!. لەکاتێکاکە من ئەم نامەیەتان بۆ ئەنووسم ژن و منالی دێهاتی ئەم ناوە لە ژێر بۆمبای حوکوومەتی عێراقیدا ئەپلیشێنەوە. لەبەر ئەمە تکا ئەکەم کە حوکوومەتی خۆتان لەم کارەساتە تێ بگەیەنن، بۆ ئەوە بەندەکانی پەیمانی «ئەتلەنتیک» بهێنرێنەوە یاد؛ ئەو پەیمانە کە ئەڵێ هەر قەومێ ئەبێ ژیانی خۆی لە دەست خۆیا بێ، وە بۆ ئەوەکە نەبەڵن دکتاتۆری جانەوەرانەی عێراق ئەم جۆرە شتانەمان لەگەڵ بکەن.. ئیتر هیوادارم ئەو دەولەتانەی کە چاوێری حقووقی قەومە بێ هێزەکان ئەکەن هەر بژین!).

* * *

ئەوە بوو فەرماندەری خەتەکان هەریەکەیان چوونە سەر ئیشی خۆیان، «مەلا مصطفی»ش لە رۆژی (٢١) ئاغستوزدا بە خۆی و شەست کەسەوە چوو خەتی ئاکرێ قایم کرد، لە رۆژی دوایی‌دا لە گوندی «سقتە» بوون لە لایەن هێزی هەوایی حوکوومەتەوە بۆردمانێک کران. لە رۆژی (٢۴)ی مانگدا «مەحموودئاغای زێباری» بە خۆی و (۴٠) کەسەوە لە ئاوایی «هەرند» دابەپاڵی و پێکەوە گەیشتنە کێوی «پیرس». رۆژی دوایی بەسەر پیرس‌دا تێ‌پەرین و چوونە دێ «گۆییش». لەم کاتەدا خەبەر وەرگیرا کەگۆیا فەوجی (۵) لە ئاکرێ، وەو فەوجی (۴) لە رواندزەوە فیکریان وایە رۆژی (۵)ی ئەیلوول بدەن بە سەر ئەم هێزەی «مەلا مصطفی»دا!..

گومانی تێدانەبوو کە ئەم دوو فەوجە لەو دوو خەتەوە بهاتنایە هێزی «مەلا مصطفی»یان ئابلۆقە ئەدا و بە تەواوی شپرزەیان ئەکرد؛ چونکە ناچار ئەبوون بەوە کە ئەمانیش لە دوولاوە شەربکەن، دیارە بەرگەی شەڕ کردنی هەر دوولاشیان نەئەگرت. لێرەدا فەرماندەی گشتی ـ مەلا مصطفی ـ پسپۆری باری جەنگی خۆی خستە کار؛ هێنای «محمدئەمین میرخان، قرتاس زێباری، عزیزئاغای زراری و رەشید زێباری» بانگ کرد و هەر یەکە «دە» تفەنگچی دانێ، پێ‌وتن شەوی (٢٧)ی ئاغستوز بچن لە دەورروبەری کێوی «ئاکرێ» هەموو بە یەکجار لە یەک کاتدا شێلیک بکەن بە سەر ئەو فەوجی پێنجەدا

کە ـ کێوی ئاکرێ گرتووە ـ بە مەرجێکیش کە، یەکێ لە چوار فیشەک زیاتر نەتەقێنن، پاشان بە پێ ئەوە چاوەڕێ دوایی بکەن بگەڕێنەوە!.

حەقێقەت ئەمانە بەو جۆرە کە فەرماندە پێ وتبوون ئیشی خۆیانیان کرد و فەوجەکەیان شڵەژاند، فەوجی سەرباز بە جۆرێ شڵەژا پێ نەکرا لە رۆژی (٥)ی ئەیلوولا وەکوو ئەو نیازە کە هەیانبوو لەگەڵ فەوجی چوارا یەک بگرن و هێزی قەومی [مەلا مصطفی] بخەنە ناو!

مابەوە سەر فەوجی (٣) کە لە خەتی رواندزەوە بەسەر کردەیی «قەیسەر هورمز» و گەلێک لە دەستەو دایەرەی «شێخ رەشیدی لۆلان»ەوە هاتبوون و گەیشتبوونە «بادلیان». ئەوەبوو ئیتر لە بەر ئەو تەگەرەیە کە کەوتە رێ فەوجی (٥) بۆی نەکرایێت و بداتە پاڵ فەوجی چوار. سەرکردەی هێزی میللی ئەم خەتەش «شێخ محمد صدیق» بوو. کەواتە با لە جەنگی «بادلیان» ئەو نامەیە بخوێنینەوە کە «شێخ محمد صدیق» لەم رووەوە نووسیویە بۆ فەرماندەی گشتی ـ مەلا مصطفی: ـ

«... فەوجی (٣)ی «باپشتیان» لە بەیانی (٢٥)ی ئاغستۆزدا لە رێگەی «دیانە ـ بادلیان»ەوە هات و فیکری وابوو لە «کۆنەگوند»ەوە بێتە پشتی «شێتنە» و پشتمان لێ بگرن!. فەرماندەی «کۆنەگوند» ـ «نوروشیروانی» بە، دەکەسەوە بەرەنگاریان بوو، جەنگێکی شەش سەعاتی لەگەڵ کردن، لە دەمە دەمی نیوەڕۆدا نزیکەی چوار هەزار هەنگاوێک چوونە دواوەو لەوێدا خەتی خۆپاراستنمان دانا، لەدەمە دەمی ئێوارەدا فەوجی چوار شکان و گەڕانە دواوە. ئەو زیانەی کە، لێیان کەوت بەم جۆرە بوو:

[قەیسەر هورمز] ـ فەرماندەی نەیرو ـ کوژرا. بریندراوی فەوج (٣٠٠) کەس، کوژراویان (٢٠٨) کەس. ئەوشتانەشیان کە کەوتە دەست هێزی میللی خۆمان ئەمانە بوون:

(٥٠) تفەنگ، (٢٠) سندۆق فیشەک، هەندێ نارنجۆک، دوو خەمپارە ـ خەمپارە

وەکوو تۆپێکی بچووک وایە ـ سێ مەترەلۆزی سووک، یەک مەترەلۆزی گەورە. دەزگایەکی لاسلکی.

لە ئێمەش تەنها دوو پێشمەرگە بریندار بووە، خۆیشم بە پریشکی تۆپی ئەوان تۆزێ بریندار بووم و ئێستە فەرماندەیی ئەم خەتەم داوەتە دەست «محمد ئاغای مێرگەسوور».

تا، تاقە، پێشمەرگەیەک لە ئێمە بمێنێ لە ڕێگەی حەقپەرستیدا بە پشتیوانی خوا نایەڵین دوژمن بستێک پێشکەوێت.

ـ «فەرماندەی خەتی ڕۆژهەڵات ـ شێخ محمد صدیق!».

* * *

«جەنگی نەهلە»: «نەهلە» دەشتێکی پڕ ئاو و بێدارە، گەلێ گوندی تێدایە کە هی سوورچییەکانن، چەند گوندێکی ئاسووریشی تێدایە، کێوی «پیرس» لە شیمال و کێوی «ئاکرێ» لە جنووب دەشتەکەیان گرتۆتە باوەش. لای ڕۆژهەڵاتی عەشرەتی سوورچی و لای ڕۆژئاوای عەشرەتی زێباری و «دەشتی»یە. لە کێوی «ئاکرێ»وە سێ ڕێگە دێنە خوارەوە لە نزیکی گوندی «گۆییش» ئەبن بە یەک و لەوێ بە سەر کێوی [پیرس]دا ئەچێ بۆ زێبار. ئەم سێ ڕێگەیە تەنها یەکێکیان نەبێ بە کەڵکی ئەوە دێت کە وڵاخی پیابڕوا ئەوانیتر بێجگە لە پیادە بە کەڵکی هیچیتر نایەن.

شەوی (٨)ی ئەیلوول فەرماندەی گشتی ـ مەلا مصطفی ـ محمد ئەمین میرخان و عزیز ئاغای بانگ کرد پێوتن هەر یەکە لەگەڵ «دە» تفەنگا بچن ڕاست و چەپی کێوی ئاکرێ ـ ڕووبەڕووی دەشتی نەهلە ـ بگرن و خۆیان حەشاردەن، وە پێوتن تا لە لایەن منەوە تەقە نەکرێ ئێوە هیچ تەقە مەکەن. «سعیدی ئاڵوبەگ»یشی بە «دە» تفەنگەوە نارده لای دەستی چەپ ڕووبەڕووی دەستەی عزیز ئاغا. خۆیشی بە (٢٠) تفەنگەوە لە داوێنی کێوی «پیرس»ەوە ڕووبەڕووی دەشتی نەهلە لێ دانیشت.

ئەمجا لە بەرە بەیانی ڕۆژی (٨)دا نەیروی حوکوومەت بە تۆپ و فڕۆکە بۆ

ڕێچكەشكاندن دەستی كرد بە بۆردمانی خەتی مەلا مصطفی و سەربازی پیادەش بە شوێنیەوە. ئەوەندە هەبوو لە لایەن دەستەی [مەلا مصطفی]وە هیچ تەقەیەك نەبووا. [فەوج] لەمە، دڵنیابوو كە ڕێگەی بۆ چۆڵ كراوە و هیچ كۆسپێكی لەرێدا نیە، بە بێ ترس ملی ڕێ گرت و بە تەواوی چووە ناوەوە. كە زانرا وا هەموو چوونەتە، ناوەوە، لە لایەن دەستەی فەرماندەی گشتی‌یەوە شێلیكێكیان كرایە سەرا. سەرباز بە جارێ شڵەژاو بۆ ئەوە شوێنێك بۆ شەڕ بدۆزێتەوە گەڕایەوە بۆ دواوە، لە گەڕانەوەیا لە لایەن دەستەی «محمد ئەمین میرخان»ەوە درانە بەر گوللەا. ناچار بەلای ڕاستا بای دایەوە، هەر كە بای دایەوە لەلایەن دەستەی [عزیزئاغا]وە دەستڕێژیان لێ كراا. ئەمجا بۆلای چەپ لایان كردەوە لەویش دەستەی [سەیدبەگ] دایانەبەرا.

ئەم لەشكرە بەبێ ئەوە بتوانێ دەستێك بكاتەوە تا بانگی شێوان كەوتە ژێر رەحمەتی بارانی گوللەوە. ئەو رۆژە (١٥٠) سەرباز و (٣) ئەفسەر كوشتاریاندا لەگەڵ (٤٠٠) كەس بریندارا. لە هێزی قەومی نە، كوشتار هەبوو نە، بریندار. ئەو تاڵانەش كە كەوتە دەست هێزی میللی هەر لەو رۆژەدا ئەمانە بوون: تۆپێكی گەورەی كوێستانی، دوو مەترەلۆزی سووك، (٢٨) تفەنگ، دە صندۆق فیشەك (١٦٨) گوللە تۆپ، چوارسەد بار ئازۆخە و شتومەك بەوڵاخەكانەوە.

نەیروی حوكوومەت تا سێ رۆژ بەو جۆرە بە ئابڵۆقە دراوی مایەوە و هیچی پێ نەكرا، هەرچەند حوكوومەت بە هەڕەشەو بە فڕۆكەو بە خواهشت خەریك بوو نەیروی پێ رزگار نەكراو نەیرو كەوتە ژێر رەحمەتی خۆ بەدەستەوەدانەوەا. ئیش كەوتە دەقیقە و سەعات.

وەزارەتی «حەمدی پاچەچی» و وەزیر داخلیەی «مصطفی عمری» بۆ، ئینگلیز دەستێكی هێنا بە سمێڵیا و سمێڵەكەی بزرواندەوەا. بزراندنەوەكەش ئەوەبوو مەسەلە كوردیەكەی وەرگرت كە «ئەگەر داریوازی لەخۆی نەبێ شەق نابێ!» بە قسەی ئەو، پارە

و مەرحەبایەکی زۆر دانرا بۆ ئەوەکە [مصطفى عمري] بە ئارەزووی خۆی لەو ناوەدا بلاّوی کاتەوەو کوردەکان هان بدا بۆ گژا چوونی [مەلا مصطفى] و بۆ رزگـار کـردنی نەیروە ئابلۆقە دراوەکەی حوکوومەت!.

بە پەلەیەکی زۆر پەلە پارەیەکی بێژمار رژێنرایە ئەو ناوە، زمانە لوس و پووسەکەی مشاورە سیاسیەکانی ئینگلیزی بەغداو مووسڵ و کەرکووکیش فریاکەوت! لە عەشایری سورچی و زێباری دەستەیەکی کۆک، کۆکرایەوە، سەرۆک عەشیرەتەکانی ئەو ناوە، وەکوو: «عبدالله شەرەفانی، مجید حسین ئاغا، شێخ جەلالی بریفکانی، أحمد ئـاغای زێباری و شەوکەت زێباری» قسەیاندا بە حوکوومەت کە فەوجی ئابلۆقەدراو رزگـار کەن!. ئەمانە بە هێزێکی زۆری عەشایرەوە ـ کە تا چوارسەد تـفەنگ ئـەبوو ـ کـەوتنە جەنگێکی مردن و ژیان لەگەڵ هێزی میللی [مەلا مصطفى]دا. لە ئاخرا لە رۆژی [١٢ی ئەیلوولی ١٩٤٥]دا مەلا مصطفى سەیری کرد هەر گوللەیەک کە بیهاوێژێ بەرسنگی کورد ئەکەوێ!. بۆ ئەوە ئەمە روو نەدا سەنگەرەکانی خۆی بە جێ‌هێشت و مـاوەی سەعات و نیوێک هەر لەکێوی «پیرس» کشایە دواوە. لەم کشانە دواوەی ئەودا فەوجە نەیروەکەی حوکوومەتیش لە ئابلۆقەدان رزگاری بوو. هەر لەوەختەدا کە عەشایرەکان گوللەیان بە سنگی «مەلا مصطفى»وە ئەنا «مەحمود ئاغای زێباری ـ کە تا ئەو وەختە لەگەڵ هێزی مەلادا بوو ـ ئەویش لێ کشایەوە و دایەپاڵ هێزی حوکوومەت!.

لە ماوەی ئەو پێنج رۆژە ئابلۆقەدانەدا هەر دوو هێزەکە حەوجار پەلاماری یەکیان‌دا. کارەساتی ئەم «نـەهلە» و «پـیرس»ە هـەموو دایـەرەکـانی حـوکوومەت و دیـواخـانە سیاسیەکانی بەغدای پڕ کرد و کەوتە دەم دانیشتوی ولاّتەکانی [بەغدا] و [بـەسرە]ش. زیانی کوژراو و بریندار لەم شەڕەدا لە هەر دوو لا بەم جۆرە بوو: ـ

لە هێزی حوکوومەت کوژراو (٣٨٠) کەس. بریندار (٤٥٠) کەس. لە هێزی میللی عزیز ئاغای زراری ـ کە فەرماندەی خەتی راست بوو ـ لەگەڵ چوار کـەسیترا شـەهید

بوون، برینداریش گەیشتە چوار کەس.

* * *

شەری «هەودیان» و «مەزنە»: رۆژی [٢ی ئەیلوولی ١٩٤٥] فەوجی (٤) لە لای راست و فەوجی (٣) لەلای چەپەوە لە رێگەی «بابشتیان»ەوە بۆ «مەزنە» بەرێ کەوتن. ئەبروی میللی لە ژێر فەرماندەیی «محمد ئاغای مێرگەسوور و یاریەدانی «نوروشیروانی» بە خۆیان و بە هەندێ پەنابەرانەوە بۆیان لە ئەشکەوتەکانی هەودیانا ـ کە، لەمەزنەوە سەعاتە رێگەیەک ئەبوو ـ خۆیان حەشاردابوو. کە فەوجەکان تێپەرین ئەمان بۆیان دەرپەرین و دەستیان دایە تفەنگ لێیان، هێزی هەوایی حوکوومەت کە بەمانەی زانی کەوتە بۆم بۆردمان کردنیان، گوێیان بەو بۆردمانە نەدا و وەکوو شێری برسی خۆیاندا لە ئەبروی حوکوومەت، هێزی حوکوومەت بە تۆپ و دەبابە بەرەنگاریان بوون. هێزی میللی لەبەر شالاوی دەبابەکان تۆزێ کشانەوە تا دەبابەکان وەستانەوە، ئەمجا پەلاماریان دانەوە بە شکاندنێکی زۆر خراپ شکاندنیان. زیان لەم شەرەدا بەم جۆرەبوو: ـ

کوژراو لە هێزی حوکوومەت (٣٠٠)، بریندار (٤٥٠). لە هێزی میللی تەنها دوو کەس بریندار بوو هیچی‌تر. تالانێ کە کەوتە دەست هێزی میللی: (٣) تۆپی کوێستانی، (٣) مەترەلۆز، (٤٨) گوللە تۆپ، (٢٠) سندوق فیشەک.

* * *

شەری «هەرن»: «هەرن» گوندێکە بەسێ سەعات رێگە کەوتۆتە رۆژئاوای بەرزانەوە. لێرەدا عەشایرەکانی زیبار و بادینان ـ کە حەوسەد تفەنگچیەک ئەبوون ـ لە ژێر فەرماندەیی چەند ئەفسەرێکی عێراقی و هەشت سەرۆک عەشایری [زێبار] و [بادینان]دا بۆ بەربەرەکانێ مەلا مصطفی و شەر لەگەڵ کردنیا خۆیان داکوتابوو، وە بە ئەلمز ـ یش هەموو کانێ کارەساتی خۆیان ئەگەیاند بە ئەبروی عێراقی.

لەبەر ئەوە کە «هەرن» کەوتبووە پشت کێوی «پیرس»ەوە، سەنگەرگایەکی بەهێز بوو

بۆ ترساندنی هێزی میللی مەلامصطفی. فەرماندەی گشتی ـ مەلا مصطفی ـ ئەمەی ئەزانی و ئەیویست پیلانێکی وا بێنێتە پێشەوە کە ئەمە لە ناوا هەڵگرێ. لەبەر ئەمە هێنای پیرس ـ ی بەجێ هێشت و لەگەڵ (٣٠) تفەنگدا بریاری پەلاماردانێکی هێزی «هەرن»ی داو بە شێخ سلیمان ـ یشی وت کە ئەویش بە (٢٨) کەسەوە لە شوێن ئەمەوە بێت. لە شەڕی پێشوا تۆپێکیان بە تالاّنی لە هێزی دەوڵەتەوە دەستکەوتبوو، لەم وەختەدا ئەو تۆپە ـ ش لە دێ «هەرفتە» بوو ـ کە ماوەی بەینی هەرفتە و هەرن شەش هەزار بەردەیەک بوو. تۆپەکەش گوللەی بە ماوەی حەوت هەزار بەردە فڕێ ئەدا. لەبەر ئەمە پێویستیەکی وا نەبوو بەوەکە تۆپەکە لەو شوێنەی خۆی بگوێزرێتەوە بەڵکوو هەر تۆزێ چەخماخەکەی بهێنرایەتە خوارەوە راست نیشانەکەی ئەبوو بە ناو دێ «هەرن» و هێزی حوکوومەت.

«مەلا مصطفی» بەعزتی وت لەو وەختەدا کە هێزی ئەم ئابلۆقەی نەیروی حوکوومەت ئەدا ئەویش ئەو تۆپە بگرێتە هەرن و هێزەکە، بەم جۆرە ئەتوانن هێزی حوکوومەت بشڵەژێنن و شەڕەکە بەرنەوە.

فەرماندە ئەم پیلانەی دانا و ئەمجا خۆی و هێزەکەی پەلاماری «هەرن»یان دا و عزەتیش لەو لاوە دەستی کرد بە تۆپ هاویشتن، بەلاّم بە هیچ جۆر گوللەی تۆپ نزیکی نیشان نەئەکەوتەوە؛ واتە هەر زۆر زۆر نزم بووا. فەرماندە خەبەری بۆنارد کە تۆپەکە نزیک بخاتەوە چونکە لەو حاڵەدا بە هیچ جۆر کەڵکی نی‌یە، ئەم خەبەرەی بۆ عزت نارد و خۆیشی بە چاوەڕێ گواستنەوەی تۆپەوە تا نزیکەی شەش سەعاتێک لە شوێنەکەی خۆیا خەریکی شەڕبوو، سەیری کرد هیچ خەبەرێک لە تۆپەوە نیەو بەڵکوو جاران تەقەیەکی لێوە ئەهات ئێستە ئەو تەقەیەش نەماا. هەر لەو کاتەدا خەبەرێکیشی وەرگرت کە نەیروی حوکوومەت بە هەموو هێزی عەشایرەوە ئەیانەوێ لە [پیرس] بدەن. فەرماندە لە ترسی ئەوە نەوەک پیرسی لە دەست دەرچێ، وە لەبەر ئەوە کە هیچ دەنگێکیش لە تۆپەکەوە نیە ناچار ئابلۆقەکەی بەرەلاّ کرد و بە خێرایی خۆی گەیاندە «پیرس».

مایەوە سەر ئەوە کە ئایا «عزت عزیز» بۆچ لە، بە ئەنجام گەیاندنی فەرمانی فەرماندەدا درێغی کرد و بۆچ تەقەی لە تۆپەوە نەهێنا؟.

گۆیا لەو وەختەدا کە فەرمانی [مەلا مصطفی]ی پێ گەیشتووە بۆ نزیک خستنەوەی تۆپەکە خەبەرێکی تریشی وەرگرتووە کە مەلا مصطفی سەنگەر و ئابلۆقەکەی بەجێ هێشتووە و رۆیشتووە!. لەبەر ئەمە ئەمیش تۆپەکەی هەڵگرتووە و بەرەودوا بووەتەوە!!..

لەگەڵ ئەوەشا ئەو خەبەرەی ئەو ـ ئەگەر بیسبێتی ـ هیچ بناغەیەکی نەبووە و درۆبوو.

[تأریخ] ئەبێ ئەوە بزانێ ئەم کردەوەی [عزت عزیز]ە گەورەتر بەڵایەک بوو کە هاتەرێ هێزی بزووتنەوەی قەومی ئەو رۆژە، جا ئەو ئیشەی بەهەڵەیی وە یا لە رووی شتێکەوە کردبێ، خۆبوو بە هۆی شکاندن هێزی میللی و هێزی [بەرزان]ە وەکوو کاسەیەک بوو کەشکا، ئەشکێ!!.

* * *

<u>شەری کێوی «پیرس»:</u> (٢٥)ی ئەیلوولی (١٩٤٥) بوو. فەرماندە لە کێوی [پیرس] بوو، لەگەڵ (٦٠) تفەنگچییەکی ئازادا بۆ خۆپاراستن لە ماوەیەکی پێنجسەد مەتریدا سەنگەرەکانی خۆیان قایم کرد. ئەمەیان کرد بەڵام کێوی [پیرس] لە لایەن دوژمنەوە لە هەموو لایەکەوە ئابلۆقە درابوو؛ عەشرەتی سوورچی بە (٣٠٠) تفەنگەوە لەلای چەپەوە هێرشیان کرد و «مەلا عەلی» زاژۆکی ـ یان ـ کە لە لایەن هێزی میللیەوە پاراستنی ئەو خەتەی پێ سپێرابوو ـ گیرایە دواوە. لەلای راستەوە عەشایرەکانی برواری، براشی، شەرەفانی و دۆسکی بە پێنجسەد کەسەوە لەوانیش پەلاماریاندا. لەلای جنووبەوە فەوجی (٥) بە یارمەتی هەشت تۆپ و بۆم بۆردمانی پێنج فرۆکەوە سنگیان نابە پێشەوە. لە پشتیشەوە عەشرەتی زێباری بە چوارسەد تفەنگەوە دەستیان پێ کردا. لەناو ئەم هەموو ئاگربارانەدا هێزە (٦٠) کەسیەکەی میللی تا بانگی شێوان بەرابەری ئەم لێشاوانەیان کرد و نەیانهێشت پێش کەون. ئەمجا کە دنیا تاریک بۆ شوێنەکەی خۆیانیان بەجێ هێشت و

لەرووباری «مەزن» پەڕینەوە خۆیانیان گەیاندە «هەرتە» و لەوێ خەتی خۆپاراستنی ژیان و مردنیان دامەزراند. هەر لەم کاتەدا [مەلا مصطفی] خەبەری نارد بۆ «شێخ أحمد» بۆ ئەوە عەشرەتەکەی خۆیان لە بۆمبای فڕۆکەوگوللە تۆپی بێئامانی دوژمن بپارێزن، ئەبێ هەر ئێستە گوندەکانی خۆیان چۆڵ کەن و بچنە پشت چیای «شیرین» و ناو عەشرەتی «شیروانی». لەراستیدا هەر لەو شەوەدا ئەمانە هەموو کران!.

شەوی (٣٠)ی ئەیلوول خەبەرێک لە «سید عزیز سید عبدالله»وە هات: کە لەگەڵ [سید مصلح] و هەندێ تفەنگچیدا ئەوا لە سەر سنووری ئێران و عێراق لە «کانی رەش» چاوەڕێ فەرمانی فەرماندەی گشتی ئەکەن. فەرماندەش ـ مەلا مصطفی ـ خەبەری بۆ نارد کە رێگەی «کانی رەش کێلەشین» بپارێزێ و ئێمە ئەگەین.

هەرا هەتا ئەهات گەرمتر ئەبوو [تۆپ] و فڕۆکە و گوللەی دوژمن هەتا ئەهات زیاتر پاڵی ئەنا بەو هێزە میللیە نەترسەوە، هەچ رێگەیەک هەبوو بۆ کوشتن و لەناو بردنی بەرزانیەکان هەموویان گرتبوو، لەگەڵ ئەمەشدا بەرزانی نەترس، بەرزانی کوڵ نەدەر هەچ ئاژاڵ و ماڵێکی هەبوو لەگەڵ ژن و منداڵ و خاوخێزانا بەدەم شەڕەوە گەیشتنە «کانی رەش». لەوێدا فەرماندەی گشتی بە دووسەد تفەنگچیەوە ئاخر کەس خێزان و ماڵاتی خستە پێش خۆیەوە و بەو هێزەوە لە بۆمبای دوژمن پاراستنی. دیسان لەگەڵ ئەوەداکە هێزی دوژمن بە هەموو فڕۆکە و تۆپ و عەشایریەوە کەوتە کۆششی ئەوەکە پێشیان لێ بگرێ و رێگەی «کێلەشین»یان نەداتێ، لەگەڵ ئەمەشا هێزی نەبەزی بەرزانی لە رۆژی [١١ی تشرینی یەکەمی ١٩٤٥]دا زۆری زاڵمان و ویژدانی ناڕەوای حوکوومەتی ئەو وەختەی عێراق پێیانی لە مەڵبەندی باو باپیریان بڕی و چوونە خاکی ئێرانەوە، بۆ رەوانە کردنیشیان لە دەنگی ترکەی گوللە تۆپ و هاژەو گڤەی بۆمبای فڕۆکە نەبێ هیچیتر نەبوو!.. جارێ با ئەمان لە ئێران بمێننەوە بزانین لە عێراقا چی رووی دا؟:ـ

* * *

کەکەوتە سەرەتای ساڵی (١٩٣٥) وردە وردە ئەوە دەرکەوت کەوا هاوپەیمانەکان شەڕ ئەبەنەوە، سیاسەتی ئینگلیز لە کوردەواری‌دا بە تەواوی گۆڕا بە تایبەتی بە جۆرێکی تر سەیری [بەرزان] ئەکرا. لەبەر ئەمە لە مارتی (١٩٤٥)دا پشتی مەتاڵ کرایە «مەلا مصطفی» و ئینگلیزەکان لەلایەک و نۆکەرەکانی لەلایەک ئەیانویست کاروفرمانی بەرزان بگۆڕن بە بارێکی‌ترا. ئەو هەموو دڵخۆشی و پەیمانانەکە تا ئەو وەختە دابوویان هەمووی وەکوو لەماڵی «فاتەی تەڵەمشک» دەرچووبێ وابوو هیچی نەبرایەسەرا لەگەڵ ئەوەدا بە ئەنجام گەیاندنی زۆرتر لە پەیمانەکانیان لە نیوەی ئەو پارەیە زیاتری تێ نەئەچوو کە «مصطفی عمری» وەزیری داخلیە لە تەمووزی (١٩٤٥)دا تەرخانی کرد بۆ بەگژا چوونی بەرزانیەکان، وەیا بۆگیرفانی هەندێ کەس کە لە ماڵی خۆیاندا دانیشتبوون!. دیسان چواریەکی ئەو پارەیەشی هەر نەئەویست کە حوکوومەتی [حەمدی پاچەچی] لە سەرەتای مانگی ئابی (١٩٤٥)دا داینا بۆ وەزارەتی جەنگ بۆ ئەوە بیدن بە «بۆمبا» و بە فیشەک بچن خوێنی کوردەکانی «بەرزانی» پێ برێژن!.

باشچاوشەکانی حوکوومەت هەریەکەلەلایەکەوە حەقایقیان ون ئەکرد و هەریەکەلە لایەکەوە خەریک بوون بۆ ئەوەکە ئیشی [بەرزان] بە جۆرێکی ناڕاستی پیشانی بدەن تا لە پێناوی ئەمەدا خۆیان تۆزێ پایەکەیان بەرزبیێتەوە وە یا چوار پووڵ بخەنە گیرفانیانەوە!.

بەیاننامە، یەک لە سەر یەکەکانی موتەسەرفی هەولێر کە دەری ئەکرد و ئەیوت: حوکوومەت قانوونی لێ خۆشبوونی گشتی بۆ بەرزانیەکان دەرکرد و وڵاتەکەیانی ئاوەدان کردەوە و بە خۆڕایی چەند هەزار تەنێ دانەوێڵەی بەسەریانا بڵاوکردەوەو هەمووی پۆشتە کردنەوە و تا بیناقاقایان شەکروچای پێدان و وڵاتەکەیانی پڕکرد لە خەستەخانە و قوتابخانە و هەموو وڵاتەکەیانی کرد بە بەهەشت!. کەچی لەگەڵ ئەمانەدا «مەلا مصطفی» هەستا و شیری لەرووی حوکوومەتاکێشاو قەدری ئەم ناز و نیعمەتەی

نەزانی، کە واتە ئەبێ حوکومەت بە هەموو هێزێکیەوە بدا لە بەرزان و داری بە سەر بەردیەوە نەیەڵێ!.

[موتەسەڕف] ئەم قسە خۆشانەی بەم جۆرە ئەخستە بەرچاوی شەعبی عێراقی و بەم جۆرە قسانە باوەڕی [شەعبی عێراقی] رائەکێشا بۆلای تاکی ترازووی حوکوومەت. بەلاّم ئایا ئەوەی نەئەزانی کە بەهەزاران هەزار وە بەڵکوو بە ملیۆن هەیە کە بڕوا بەم قسەیە ناکا، چونکە ئەگەر دەیەکێکی ئەم قسانە راست بوونایە [بەرزان] خوێنی خۆیانیانی لێ زیاد نەبووینن وەکوو جۆگەلەی ئاو بیرێژنا. ئەگەر پیاوانی حوکوومەت و کاربەدەستانی حوکوومەت دڵسۆز بوونایە بەرانبەر بە [شەعب] هیچ ناکۆکیەک لە بەینی میللەت و حوکوومەتا رووی نەئەدا. مەسەلێکی کوردیە ئەڵێ «سەگ لە کولێرە راناکا!». دیسان هەر مەسەلێکی کوردیە ئەڵێ: «کاسە، کە پڕبوو ئەڕژێ!».

ئەمە لە لایەکەوە، لە لایەکی تریشەوە پەیتا پەیتا [دیوانی وزرا] بەیاناتی دەرئەکرد و هەموو خراپەیەکی نسبەت ئەدایە پاڵ «مەلا مصطفی» و هەموو چاکەو عەدالەت و خواناسی و نان بدەیێکیشی ئەدایە پاڵ خۆی! شاهدی ئەم قسەیەش بەیانەکەی [٨ی ئابی ١٩٤٥]یەتی کەدای و وتی: «حوکوومەت ئەیویست گەلێ چاکە بکا لەگەڵ [مەلا مصطفی]دا، بەلاّم مەلا قبوولی نەکرد، لەبەر ئەوە ناچارین ئەو ولاّتە بخەینە ژێر احتلالی عەسکەریەوە!».

توخوا! ئەو کەسەی ئەم کتێبە ئەخوێنێتەوە، وە یا بۆت ئەخوێنرێتەوە کەس هەیە چاکەو پیاوەتی لەگەڵ بکرێ و نەیەوێ؟!.. مەلا مصطفی تا تأریخی [٨ی ئابی ١٩٤٥] قسەی هەزار چاکەیان پێدا چارە کە یەکێ ئاقە قسەیەکیان بۆ نەهێنایەدی، ئیتر چۆن بڕوا بەم قسانە ئەکا؟!.

لە [١٣ی ئابی ١٩٤٥]دا لەسەر زمانی «مودیری دعایەی عامەوە» دیسان بەیان بلاّوئەکرایەوە لە سەر چەشنی هێنەکان موتەسەڕفی هەولێر کە حوکوومەت ئەو هەموو

پیاوەتیانەی لەگەڵ [مەلا مصطفی]داکرد و نیازی وابوو گەلێکی تریشی لەگەڵ بکاکەچی مەلا مصطفی هیچی پێ هەڵنەگیرا و پاڵی بە هەموویەوەنا. لەبەر ئەمە حوکومەت ناچارە بۆ ئەوە شاباڵی پڕ خەت و خاڵی عەداڵەتی بەوناوەدا بڵاوکاتەوە!. بە پێویستی ئەزانێ لەسەر خۆی گوناحبارەکان لەناو بەرێ». زۆر سەیرە ئەتوت «موتەسەرفی هەولێر» و دیوانی وزراو مودیری دعایە تفیان کردۆتە دەمی یەک!!.

ئەمجا لە رۆژی [١٩ی ئابی ١٩٤٥]دا دیوانی وزرا بڕیاریدا بە دانانی دیوانی عرفی لە وڵاتی «زێبار» و دەوروبەری زێبار، هەر لە عەینی رۆژا فەرمانی شاهانەیان بۆ دەرکرد. پاش ئەمە ـ قائدی قواتی عەسکەری ـ موسڵ و هەولێرو کەرکوک زیاتر پەرەیدا بە «عرفیە» کەو رتی لە اعتباری [٢٨ی ئابی ١٩٤٥]ەوە قەزا و شوێنەکانی هەولێر، رواندز، ئاکرێ، ئامێدی و دهۆک ـ یش لە ژێر ناوی عرفیا بێت!.

بەم جۆرە عرفی دامەزراو هەموو هێزی عێراق رووی کردە وڵاتی بەرزان و پاش ئەمانە دەستی کرد بە بەلاَغ و بەیان دەرکردن.

بۆ ئەوە بزانێ بەیانەکان لە حەقیقەتەوە چەندە نزیکن پێویستە شتێکی هەر لێ بخوێنێتەوە.

بۆ وێنە ئەمە بەیانێکە کە لە [١٩ی ئەیلوولی ١٩٤٥]دا دەری کرد. دیارە ئەم بەیانە پاش هەرای «بادلیان، هەودیان و هەرن» کەوتبوو، ئەڵێ:

«زوو تر حوکومەت تێ گەیاندن کە مەلا مصطفی و هاورێکانی لەبەر ئەوە دەستیان داوە بە یاخی گەری و خراپە کردنەوە ئەبێ تەمێ بکرێن. وە بۆ ئەوە کە [شەعب] ئاگادار بێ ئەمانە کرا:

(١ـ حوکومەت بەبنی کێوی ئاکرێ و کێوی پیرس ـ ی لە یاخیەکان پاک کردەوە و زیانێکی زۆری لێدان.

٢ـ حوکومەت لە پاش چەند بەگژاچوونێک ناوچەی رۆژئاوای ئامێدی لە

یاخیەکان پاک کردەوە.

٣ـ حوکومەت یاخیەکانی لە پاش چەند بەگژاچوونێک لە ناوچەی «نیروریکان» پاک کردەوە و چووە بەرزانەوە.

٤ـ حوکومەت یاخیەکانی لە «سیدەکان» دەرکرد و ئێستە ناوچەی برادۆست پاک بووەتەوە.

٥ـ حوکومەت لە پاشتیانەوە پێش کەوت و هەموو ئەو ناوەی داگیرکرد و زیانێکی زۆری دا لە یاخیەکان.

٦ـ یاخیەکانی لای «مەلا مصطفی» لە هەموو لایەکەوە ئابلۆقە دراون، هیچ چاریان نیە یا تیاچوون، یا تەسلیم بوون!.

٧ـ عەشایرەکانی ئەو ناوە هەموو دوژمنی «مەلا مصطفی»ن و هەموویان سەر بە حوکومەتن و بە هەر دوولاوە سەری مەلا مصطفی ـ یان خوارد!.).

ئەمە یەکێک بوو لە بەیان و بەلاغەکانی حوکومەت، تۆ بزانە بەلای ئەوەدا چوو کە زیانی حوکومەت لەم هەموو هەرایەدا چی بووە؟. وە یا هیچ قسەیەکی لە زیانی ماڵی ئەم هەرایەوە کرد کە لەو ماوەیەدا ڕووی دابوو؟!.

ئەی چەرخ!. ئایا تۆباڵی خوێنە ڕژاوەکەی هەر دوولا و زیان و خەسارەتە ماڵیەکە ـ کەماڵی شەعب بوو ئەدرا بەگوللە و ئەنرا بە سنگی شەعبەوە ـ ئەچێتە ئەستۆی کێ؟!!..

* * *

لەو سەردەمانەدا کە جۆش و خورۆشێکی کوردایەتی هەبوو لەناوا، کوردەکانی بەغدا دڵگەرمیەکی باشیان ئەنواند، «یانەی سەرکەوتن» هەبوو لەبەغدا، هەموو قوتابیە کوردەکانی دانشگاه و دانشسارەکان و دانیشتوەکانی تری بەغدا هاتوچۆی «یانە»یان ئەکرد و مەبەستیش لەیانە کە بڵاوکردنەوەی خوێندەواری و گیانی برایەتی بوو لەناو کوردەکانا. بە تایبەتی دەستەی گەنجەکان و قوتابیەکان ئەم هەستەیان زۆر پێ خۆش بوو،

بە هەموو جۆر کۆشش ئەکرا بۆ بەرز بوونەوەی پایەی ئەو یانەیە.

لەسەرەتای نیسانی (١٩٤٥)دا هەڵبژاردنی «یانە» هاتە ناوەوە بۆ دانانی ئەندام، لە رۆژی هەڵبژاردنەکەدا هەچ کوردێک هەبو ـ تەنانەت لە دەرەوەی بەغداش ـ هەمووی هاتە بۆیانە. گەورەو بچووک، وەزیر و گزیر. لە دوایی هاتنی هەڵبژاردنا «نووسەری ئەم کتێبە» بێجگە لە ئەمین زەکی بەگ لە هەموو کەس زیاتر دەنگی درایە.

ئێمە بەم کارەساتە نازانین تومەس پیاوە گەورەکانی کورد ـ ئەوانەی لە بەغدا دانیشتبوون و چووبوونە پارێزەوە بۆ وەزارەت و نیابەت بە ناوی کوردەوە مەبەستیان لە هاتوچووی «یانە» کەی ئەو رۆژەدا بچرانی شتێک بووا. ـ واتە کورسیەکی حوکم! ـ ئێمە ـ دەستەی گەنج و قوتابیان ئاگامان ـ لەمە نیە. هەر بە گەلێ وەخت پێش هەڵبژاردن هەندێ لە پیاوەکان ـ کە لێیان ماوە و لێشیان مردووە ـ خەریکی نانەوەی تەوتێک بوون بۆمان، چونکە بۆیان دەرکەوتبوو کە هەندێک لە ئێمە ناکەوینە ناو ئەو تۆڕەوە کە ئەوان بە دەستیانەوەیەا. بەڵام تەونەکەیان بە تەواوی بۆ نەئەتەنرایەوە.

کارەساتی «مەلا مصطفی بەرزانی» هاتە ناوەوە؛ واتە توورەبوونی حوکوومەت لە «مەلا مصطفی»، ئەو دەستەیە ئەمەیان بە هەڵزانی بۆ تەواوکردنی تەونەکەا. وە راست بوو ئێمەش وەنەبێ بۆ لابردنی زوڵم و جەوری حوکوومەت بەرانبەر بە «مەلا مصطفی» دەستمان لە نووسینا نەبوایە، بەڵام ئەو دەستەیە نەئەبوایە گورێس ئەوەندە بە توندی رابکێشن تا بپچرێ، مەلا مصطفی و هەموو کەس بە خراپ بخەنە بەرچاوی حوکوومەت بۆ ئەوە ئەوان بە پیاوچاک دەرچن و کورسیەکی چوار رۆژیان دەست کەوێ؟!.

رۆژی [٦ی نیسانی ١٩٤٥] بوو، لەلایەن میریەوە گلێر کراینەوە: جەوهەر عزیز، کانەبی عزیز، مکرم تاڵەبانی، کاکە حمەی سید ئەحمەدی خانقا، عبدالقادر قەزاز، جەلیل هوشیار و نووسەری ئەم کتێبە علاءالدین سجادی. گلێر کراینەوە بۆ قاپی حەپسخانە و پاشان دراین بە دیوانی عرفی لە بەغدا. ئەو گوناحەی کە دایانە پاڵمان ئەوەبوو: «کە مەلا

مصطفى لە بەرزان بە تفەنگ شەڕ لەگەڵ حوکوومەت ئەکا، ئەمانەش لێرە بە قەڵەم، وە میانەی هاتوچووشیان لەگەڵ مەلادا هەیە.»

دووجار بۆ موحاکمە برایننە دیوانەوە، بۆ جاری سێهەم دەنگ بڵاو بوو کە ئەیانەوێ بمانخنکێنن! بەرەکەتدا دزەییەکان و تاڵەبانیەکان و سەید أحمدی خانەقا و گەلێ دەستەیتر بۆمان تێ کەوتن تا نەیانخنکاندین!. بەرەبەرە خەڵکیتر هەر ئەبرایە [عرفی] بەغدا و هەر کە بە ئەندازەی خۆی حوکمی ئەدرایە. ئەم عرفی بەغدایەش لقێک بوو لە عرفیەکانی وڵاتی [بەرزان].

ئەو عرفیانەی کە لە هەولێر و وڵاتەکانیتردا بە هۆی کارەساتی بەرزانەوە لە ساڵی (١٩٤٥)دا دایانناو حوکمیاندا بەسەر (١١٥) کەسدا، (٣٥) کەس لەمانە بە خنکاندن، ئەوانیتر بە حەپس.

* * *

بەرزانیەکان کە لە (١١/١٠/١٩٤٥)دا بەسەر «کێلەشین»دا ئاوابوون و چوونە ئێرانەوە بە هەموو جۆرە چەکێکەوە ڕۆیشتن. خۆیان (٣) هەزارێک ئەبوون، تا ئەو وەختە کە دەرچوون (٩) فڕۆکەیان لە فڕۆکەکانی عێراق لەشەڕا خستبووە خوارەوە. کە چوونیش (٧) تۆپ، (١٠٠) مەترەلۆز، (٢٠) هەزار فیشەک و چەند چرایەکی مخابرە و لاسلکییان پێبوو. سەرەتا کە چوون لە وڵاتەکانی «نەغەدە، سۆفیان و جلدیان» جێ گیر بوون و خۆیانیان لەوێ دامەزراند.

ئەو سەردەمە کە ئەمان چوونە ئێرانەوە حوکوومەتی دیموکراتی کوردستان لە سابلاخ هەبوو، ئەمە ترسێکی زل بوو بۆ حوکوومەتی ئێران کە نەوەک مەلا بداتە پاڵ ئەو حوکوومەتە و لەو وەختە ئێران ئەوەندەیتر شپرزە ئەبێ. لەبەر ئەمە ئامر فەوجی سەردەشت «سەرهەنگ پزیشکیان» بە فەرمانی [تاران] بە هۆی «مام عەزیزی فەرەنیاغای مامش»ەوە کەوتە قسەکردن لەگەڵ مەلادا کە حوکوومەتی ئێران بە هەموو جۆر یارمەتی

بدا و زەوی‌وزار بۆ بەرزانیەکان تەرخان بکاو خۆیشی بکا بە «نائب» لە «تاران» و ئیتر نەچێ بە لای ولاتی «سابلاخ»دا!.. مەلا ئەم قسانەی نەچوو بەگوێچکەدا و قسەی ئێرانیەکانی گێڕایەوە.

ولاتی «ورمێ» لە لایەن «زیرۆ» بەگی هەرکیەوە داگیرکرابوو لە ئێران. ولاتی سابلاخ حوکومەتی «قازی» تێدا هەبوو، «تایەرئاغا» و «رەشید بەگی» مەندی و هەموو عەشرەتی شکاک و هەرکی دابوویانە پاڵ [قازی محمد]ە چوونی مەلا مصطفی بۆ ئەو ولاتە درۆیەکی‌تر بوو لە حوکومەتی کوردستان کرابووەوە. بە هۆی ئەفسەرانی هەر دوولاوە مەلاو قازی گەیشتنەیەک، هێزی بەرزان (٨٠٠) تفەنگچی بەکار ئەبوو چووەناو هێزی دیموکراتی کوردستانەوە. هەرچەندە هێزی [مەلا مصطفی] لە ولاتەکانی «سەقز» و «فیض‌الله بەگی» و «بانە»داخەریکی ئیش بوون و ئەو خەتانە رووبەرووی ئەوان کرابووەوە، بەلام لە راستی‌دا لە ماوەی بوونی حوکومەتی دیموکراتی کوردستان و چوونی مەلا بۆ ئەو ولاتە زۆرتر پێشکەوتن و شەڕە زلەکانی ئەو ماوەیە هەر بەسەرشانی ئەمانەوەبوو، ئەمان بوون کە بووبوون بە مایەی هێزی هەرە زلی حوکومەتی دیموکرات، بەڵکوو تیشک و شەوقێک بوون کەوتبوونە ئەو ناوەوە.

* * *

بە هۆی شەڕی گەورەی دووەمەوە ئێران لە هەموو لایەکەوە پڕیبووبوو لە ئینگلیز و ئەمەریکا و رووس، شەڕ دوایی هاتبوو پێویست بوو ئەمانە بە پێ پەیمانی خۆیان لە ئێران دەرچن. لە تشرینی دووهەمی (١٩٤٦)دا بڕیاردرا کە ئینگلیز و ئەمەریکا لە شیمالی ئێرانەوە لە «ئێران» دەرچن، رووس ـ یش لە ئازەربایجان بکشێتەوە و بگەرێتەوە بۆ ولاتی خۆی.

کە ئەمان ئەم بڕیارەیان‌دا ئیشی حوکومەتی «قازی محمد» رووی کردە سەرەولێژی، کە ئەو وای لێ هات دیارە چۆنیەتی کار و باری بەرزانیەکانیش پەردەیەکی‌تری بە

سەراهات!. تا ئەو وەختە ئەمان لە حوکوومەتی کوردستانا رایانئەبوارد و حوکوومەتی ئێران بە هیچ جۆر رێگەی قسەی نەبوو، ئەوا ئێستە ئێران ولاتی [سابلاخ] و حوکوومەتی کوردستان دائەگرێت و ئەمانیش بەرانبەر بە حوکوومەتی ئێران دیارە بێگانەن، لـێران ئەتوانێ پێیان بلێ لە ولاتما مەبن!. لەم لاشـەوە حـالی عێراقـیان ئـەوەیە کـە چـاومان پێ کەوت!..

«مەلا مصطفی» لە بەر ئەمانە هێنای ولاتی سابلاخی بەجێ هێشت و گـەڕایـەوە بـۆ ناوچەی «سندوس» و «نەغەدە»ی کردەوە بە شوێنی خۆی و تەلگرافێکیشی بـۆ «قـوام السلطنە»ی سەرۆکی وەزارەتی ئێران لێدا و پیرۆزبایی ئەوەی لێ کرد کە ولاتەکەیان لە نەبروەکانی بێگانە پاک بووەوە و تیایا دەرچوون. [قوام السلطنە] وەلامی تەلگرافەکەی بەزمانێکی شیرین دایەوە و داوای ئەوەی لێ کرد کە بچێ بۆ [تاران] و بە دلنیایی هـەر قسەو باسێک هەیە لەوێدا بیکا.

کە ئەم وەلامە هاتەوە و لەم قسـەیە تێ گەیشتن. مەلا کۆنگرەیەکی لە «شێخ ئەحمەد» و ئەفسەرەکانی لای خۆی و پیاوە گەورەکانی [بەرزانی] دروستکرد و لەم رووەوە کەوتنە قسە کردن. ئاخر بڕیاریان هاتە سەر ئەوە کە بچێت بۆ [تاران] و لە کەین و بەین تێ بگا. لەم لاشەوە هێزی [بەرزان] ئاگاداری شوێن و جێگەی خۆیان بە هەموو روویێنیەکەوە بکەن.

ئـەمجا لە (١١/١٢/١٩٣٦)دا خـۆی و، مـیرحـاج، عـزت عـبدالعـزیز، نـووری ئەحمەدی طە، خالد بەگی زراری، محمد ئـەمین مـیرخـان، جـەمیل تـوفیق بـامەڕنێ. بەڕێ کەوتن و چوون بۆ [تاران]. لەوێ بوون بە میوانی حوکوومەت و بە هەموو جۆر رێزیان لێ گیرا. «رەزم ئارا» رەئیسی ئەرکانی نەبروی ئێران بوو چاویان پێ کەوت. مەلا مصطفی [قوام السلطنە] و شای دیدەنی کرد. لە پـاش مـانەوەی چـەند رۆژێک ئـاخر بڕیاری حوکوومەتی [ئێران] لەگەلیا هاتەسەر ئەم مەرجانەی خوارەوە:-

(۱ـ ئەگەر بەرزانیەکان بین بە تەبەعەی ئێرانی، ئێران وەریان ئەگرێ و لە دەروورو پشتی [تاران] شوێن و زەوییان بۆ دیاری ئەکا و دایانەنێ بەو مەرجە چەک فرێ بدەن.

۲ـ ئەگەر خۆ، بیانەوێ هەموو لە ئێران نەمێننەوە، ئەو (۱۱۵) کەسە کە لەلایەن حوکوومەتی [عێراق]ەوە حوکم دراون و بە ناوی پەنابەرانی سیاسیەوە پەنایان بە «ئێران» هێناوە، حوکوومەت ئەوانە لە شوێنێک دوور لە سنووری عێراق دائەنێ.

۳ـ خۆ ئەگەر ئەمانەش هیچیان ناکەن ئەبێ تا رۆژی [۲۲ی کانوونی دووهەمی ۱۹۴۷] کەستان لە ئێران نەمێنن و ئەم وڵاتە بەجێ بێڵن.).

[مەلا مصطفی] لە پاش وەرگرتنی ئەم مەرجانە چاوی بە [قوام السلطنە] کەوتەوە و لە پاش دانیشتنێکی باش پێوت مەرجەکان هەموویان بەجێن و لە چاکەی ئێمەن، ئەمێنێتەوە سەر ئەوە کە چەکەکانمان بدەین بە دەستەوە، ئەمەیان تۆزێ ورد بوونەوەی ئەوێ؛ چونکە باوەڕی من، وە، لام وایە هەموو عەشرەتی بەرزانیش ئەوەیان بەلاوە چاک ئەبێ کە لەو شوێنەدا حوکوومەت بۆمان دیاری ئەکا دابنیشین، بەڵام تا ئەگەینە ئەو شوێنە ئێمە گەلێ عەشایریتر هەیە لەسەر رێماناکە دوژمنمانن، ئەگەر چەکمان پێ نەبێ ناتوانین بە ناویانا تێپەڕین. کەوابوو پێویستە ئێمە چەکەکانمان پێ بێ تا ئەگەینە ئەو شوێنە، بۆ ئەوە خۆمانی پێ بپارێزین. کەگەیشتینە جێ ئەو وەختە ئەیدەین بە دەستەوە!.

[قوام السلطنە] ئەم قسەیە پەسەند کرد و رەزم‌ئاراش پشتیوانی قسەکەی کرد، لەسەر ئەم اعتبارە لێک جیابوونەوەو [مەلا مصطفی] و هاوڕێکانی گەڕانەوە بۆ وڵاتی «سندوس» بۆ ئەوە عەشرەتی [بەرزانی] بەرن و بچن لە بناری [تاران] خەریکی کشت و کاڵ بن و چەکەکانیان بە بێ‌عارەق بدەن بە [قوام السلطنە] و حوکوومەتی ئێران!!..

لە مەلا مصطفی ـ م پرسی کە دەنگ وا بڵاو بووبووەوە گۆیا لەو وەختەدا کە ئێوە چوون بۆ [تاران] چەند ئەفسەرێکی ئێرانی وەکوو بارمتە لەلای [شێخ أحمد]ی برا گەورە ماونەتەوە تا ئێوە ئیشتان ئەکەوێ بە بارێکا!.

وتی کەس نەماوەتەوە و کەسمان گل نەداوەتەوە، بەڵکوو بەبێ قسە ئێمە چووین بۆ «تاران».

وتم لە ئێراناکە یەکێکیان بەرچنگ کەوت ئەیگرن و بەرەڵای ناکەن، بەتایبەتی یەکێکی وەکوو تۆکە بەو جۆرە بە ئاسانی کەوتبوویتە بەردەستیان چۆن نەیانگرتیت؟.

وتی رێکوپێکی هێزی [بەرزان] بوو بە هۆی نەگیرانی ئێمە. هەموو کاتێک حوکوومەتی [تاران] دەنگوباسی نەبرووهێزی بەرزانی وەرئەگرت، بە ئەندازەی سەری دەرزیەک بێهێزی و سستی لەوانەوە بەرگوێ بکەوتایە خێرا ئێمەی ئەگرت، هەرچەندە لە لایەکەوە بە هەموو جۆر خزمەتیان ئەکردین، لە عەینی وەختیشا بەبێ ئەوە گۆیا ئێمە بزانین دەست نیشان کرابووین بۆ ئەوە ئەگەر بێ هێزیەک لەولا هەست بکەن لەملاوە ئێمە بگرن!.

* * *

ئەمە قسەی مەلابوو کە بۆی گێرامەوە. لە لایەکی تریشەوە هەندێ لە نووسەرە بەکرێ گیراوەکانی ئێرانی شانی خۆیان هەڵئەتەکێنن و ئەڵێن: «حوکوومەتی ئێران لەبەر ئەوەکە ناوی بێ پەیمانی نەیەتەسەر، لەبەر ئەوەبوو کە دەستووری گەڕانەوەی [مەلا مصطفی]ی داو لە تاران نەیهێشتەوە.» بەشانازیەوە ئەم قسەیە ئەکەن و ئەو تانوتە ئەدەنە پاڵ مەلا مصطفی کە گۆیا ئەو پەیمانی خۆی بەڕێوە نەبرد. لەگەڵ ئەوەدا چاو لەوە ئەپۆشن کە هەموو دەمێک کار بە دەستەکانی حوکوومەتی ئێران پەیمان شکاندنیان بەلاوە وەکوو ئاو خواردنەوە وابووە!.

قسەی دەوری زووتر ناگێڕینەوە تەنها ئەوە ئەڵێین: کە لە دەوری سەرەتای پادشایەتی «رەزاشاه»دا بە چەجۆر سەرۆکە عەشیرەکانی کوردیان لە وڵاتەکانی کوردستانی ئێران ئەگرت و ئەیانناردن بۆ «قسەری قەجەر». بە زمانی شیرینتر لە هەنگوێن ئەچوون بە لایانەوە و یەکە یەکە بە سوێند و بە قرآن خواردن راویان ئەکردن و پاشان نە سوێند لە

مەیدانا ئەما، نە پەیمان و پەیمان نەشکاندن!.. کەچی نووسەرە بەکرێ گیراوەکان ئێستە ئەڵێن: بۆیە حوکوومەت دەستووری مەلای‌دا، لە بەر ئەوەکە ناو نەبری بە پەیمان شکێنەر!.. ئای لەم قسەیە چەند زلە؟!.. ئەی ئەو سەردەمە کە کوردەکانی بە پەیمان و بە قسەی خۆش بانگ ئەکرد و پاشان ئەیخستنە [قەسری قەجەر]ەوە تا ئەمردن، ئەو وەختە بۆچ پەیمان شکاندن لەکایەدانەبوو؟!. وا لە باسی «مەلا مصطفی»دا پەیمان نەشکاندنیان کرد بە گورزی دەستیان!..

رەنگێ ئەو نووسەرانە ئەو رێگەیە بۆکاربەدەستەکانی ئێران پاک بکەنەوەکە بڵێن: «ئەمە سیاسەتە و هەر رۆژێک بە بارێکا هەڵەسوورێ!. ئەو رۆژە سیاسەت ئەوەی ئەویست، ئەم رۆژەش پەیمان نەشکاندن ئەمەی ئەوێ!.».

لەسەر قسەی ئەم جۆرە نووسەرانە ئەبێ ئەو کاربەدەستانەی ئێران وەکوو «حوشترمورغ» وابن!کە پێ بوترێ وەرە بار بەرە ئەڵێ من باڵدارم، باڵدار چۆن بار ئەبا؟!. کە پێ بڵێن کەواتە وەرە «دان» بخۆ، ئەڵێ چاوتان لێ‌نیە من وەکوو حوشتر وامە، حوشتر چۆن دان ئەخوا؟!.

ئەوانیش ئەو سەمەرەیە لێ رووداون!کە پێیان بوترێ ئەگەر بە تەنگ پەیمانەوەن بۆچ لەگەڵ کوردەکانی دەوری [رمزاشا]دا واتان کرد؟. ئەڵێن ئەوە سیاسەتە و لە سیاسەتا پەیمان شکاندن نیە. ئەگەر بڵێن: ئەی چۆن مەلا مصطفی ئیزن‌درا لە تاران گەڕایەوە ئەو سیاسەتە لەوێدا بۆ لەکارنەبرا؟. ئەڵێن: ئای! پەیمان لە بەینا هەبوو، چۆن بێ پەیمانی ئەکرێ؟!..

لەگەڵ ئەمانەشاکۆتەک ئەزانێ قۆناغ لەکوێ‌یە!.گەڕانەوەی [مەلا مصطفی] لە تاران لەبەر ئەوە نەبوو کە پەیمانیان پێ‌دابوو، بەڵکوو لەبەر ئەوەبوو کە رەشیدبەگ و نووری بەگی هەرکی لەولاتەکانی مەرگەوڕ و تەرگەوڕدا بە دوو هەزار پیاوی پڕ چەکەوە راوەستابوون. عەشرەتەکانی «زەرزا» و «مامشی قادری» بەینی «شنۆ» و «ئاراس»یان بە

تفەنگ ئەنیبوو. شکاکەکان بە دوو هەزار و پێنجسەد تفەنگەوە لەولاوە لە پارێزابوون. عمرئاغای خالدئاغای جەلالی بە دوو هەزار تفەنگی پڕ فیشەکەوە ئەو ولاتەی گرتبوو. لەم لاشەوە بەرزانیەکان خۆیان بە هەموو جۆرە هێزێکەوە وەکوو تیسکەی تفەنگ راوەستابوون.

ئەمانە بوون حوکوومەتی ئێرانیان ناچار کرد بەوەکە «مەلا مصطفی» بگێڕێتەوە بۆ ولات، نەوەک پەیمان نەشکاندن وەکوو نووسەرەکان ئەیڵێن!. ئەوەندە هەیە پیاو کە دەستی‌دا بە نووسینی کارەسات وە یا تأریخێکەوە زۆر حەیفە راستی و حەقایەقەکان بکا بە ژێر لێوەوە و ئەوی رووکەشە ئەوە بخاتە بەرچاو. لەگەر ئەو وابکا پاشە رۆژ راستیەکە دەرئەخا!.

ئەمە و دیسان شتێکی‌تریش هەیە:

کاربەدەستەکانی ئەو رۆژەی ئێران ـ وەکوو هی پێشینەکانیان ـ ئەچوون هەندێ لە کوردەکانیان هەڵئەخڕاند و بە هێزی ئەوانەوە ئەچوون بەگژ مەلا مصطفی ـ دا و لە راستی‌شدا لەگەر ئەوانە نەبوونایە نەیروی ئێران هەروا بەو ئاسانیەکاری خۆی لەگەڵ مەلادا تەئەبڕیەوە.

تا ئەو رۆژەکە ئیشیان بەو جۆرە کوردانە هەبوو بەوە، شانیان بەرزلەکردنەوە کە ئەمانە «شاە دۆستن!» و هەزار و یەک پەیمانیان ئەدانێ! لە پاشا کە ئیشی حوکوومەت لەگەڵ مەلادا یەک لایی بووەوە، نە پەیمان لەکایەدا ماو نە ئەو زمان خۆشیە لە ناوا ما!.

بە پێچەوانەی ئەوە نووسەرە بەکرێ‌گیراوەکان وەختێ قەڵەمیان ئەخستە سەرقاقەز بۆیان‌و باسیانیان ئەکرد ئەیانوت: «ئەمانە قازانجێکیان نەبوو، هەر ئەوەندە بوون ـ بە تەعبیری خۆیان ـ سیاهی لەشکر بوون!». ئەم چەند وشەیە هەموو خەلات و بەرات و پەیمانەکەیان بوو کە پێیان ئەدرا!.. نووسەرەکان بەو جۆرە حەقایەق دەرئەبڕن. بەلام لەلایەکی‌تریشەوە ئەم جۆرە قسەکردنانەیان بێ‌گومان گوێ ئەو کوردانە ئەزرنگێنێتەوە

کە ئەو رۆژە بۆ «بارەقەاللە بەکی» رووت، دابوویانە پاڵ کاربەدەستەکانی ئێران و لە پاشیشا ئەو پەڵەرەشەیان نووسان بە ناو چەوانی خۆیانەوە!. ئەمە تۆڵەی خزمەتکردنی بێگانەیە..

* * *

«مەلا مصطفی» کە گەڕایەوە لە تاران و گەیشتەوە ناو بەرزانیەکان لە پاش قسەو باس بڕیاری شەڕیاندا لەگەڵ ئێرانا، ناوچەی شەڕیان لە «نەغدە» و «جلدیان»ەوە گواستەوە بۆ شاری «شنۆ» و شنۆیان کرد بە مەرکەزی قیادە، لەولاشەوە لەگەڵ زیرۆبەگ و تایەرئاغا و رەشیدبەگی مەندی بەگ ـ کە ئەمانە لە عەشرەتەکانی شکاک و هەرکی و سەربە بەرزان بوون ـ دەمیان گەیشتە یەک و بڕیاریان هاتە سەر ئەوە کە ئەوان لە قوڵی «ورمێ»وە و ئەمان لەم لاوە وەکوو سنگ راوەستن و ئەگەر «ئێران» پەلاماریدان بچن بەگژیا.

ماوەیەکی پێچوو بەسەر گەڕانەوەی مەلا مصطفیدا و هیچ دەنگێکی نەبوو، [قوام‌السلطنە] تێ گەیشت کە مەلا مصطفی گوڵی خۆی لێوەشاند و تەفرەیدا!. سەرگوزەشتی رێوی و کۆترەکەی کەوتەوەبیر کە ئەڵێ:

(جارێک رێویەک کۆترێکی گرت. کۆترەکە وتی ئەگەر چارێکی خۆم نەکەم خوراوم. بە، رێویەکەی وت: «ئەرێ مام رێوی بێ قەوی نەبێ، پرسیار هیچی تێدانیە، لە پێش ئەوەدا نۆشم کەی ئەمەوێ لێت بپرسم جەنابت خەڵکی کام ولاتیت؟.». رێوی دەمی هەڵهێنایەوە و وتی «بانە».. هەرکە وتی [بانە] کۆترە لە دەمی هەڵفڕی و دای لە شەقەی باڵ و لێدا رۆیشت!.

رێویەکە لە دوورەوە سەیری ئەکرد و جینگڵی ئەدا و ئەیوت: «ئاخ! ئەگەر ئەمجارە بەرپەلم کەوتیەوە ئەبێ بڵێم شار بازێڕیم، شارباژێڕیم!.» دانیشی بۆی چیر ئەکردەوە!..).

ئەمجا حوکوومەتی [تاران] بە هۆی [قوام‌السلطنە] و رەزم‌ئاراوە لە [١١ی شوباتی ١٩٤٧]دا فەرمانی دەرکرد کە پەلاماری لەشکرەکانی «بەرزان»، و شکاک و هەرکی لە [ورمێ] و دەشتی «سندوس»، و شنۆ بدرێ و چەکیان لێ بسێنرێتەوە و خۆشیان لە ناو بەرن.

لەشکرێک لە ژێر فەرماندەیی «سەرتیپ زەنگنە» لە دەوروبەری «ورمێ»وە بۆ دۆڵی «قاسملو» بەڕێ خرا بۆ سەر زیرۆبەگ و تایەرئاغا بۆ ئەوە نەیەڵن ئەمانە بگەن بە بەرزانیەکان.

لەشکرێک لە ژێر فەرماندەی «سەرهەنگ ئەنساری» لە سابلاخ»وە بۆ گرتنی نەغەدە.

لەشکرێک لە ژێر فەرماندەیی رەئیس أول «کلاشی» دا بۆ گرتنی قەلای «پەسوێ».

لەشکری عەشایری مەنگوڕ و مامەش لە ژێر فەرماندەیی «بەهادوری»دا بۆ سەر مەلا مصطفی و بەرزانیەکان و بۆ دەوروبەری «خانە».

ئەم لەشکرانە بە هەموو هێزێکی هەوایی - فڕۆکە - [تۆپ] و [دەبابە] و مەترەلۆز و جبەخانەی حوکوومەتیەوە کەوتنە پەلاماردان - لە ٢١ی شوباتی ١٩٤٧ لەشکری سەرتیپ زەنگنە لە دۆڵی «قاسملو» لەگەڵ نەیروی زیرۆبەگ و شکاکدا کەوتنە شەڕەوە. لەگەڵ ئەوەدا کە فڕۆکەو تۆپ و دەبابەی حوکوومەت وەکوو بارانی بەهار گوللەی ئەباراند، چەند رۆژێک ئەو شەڕە درێژەی کێشا، لە ئاخرا رۆژهەلاتی ئەو ناوچەیە لە دەست نەیروی حوکوومەت دەرهێنرا و کوشتار و بریندار لە هەر دوولا زۆربوو.

لەم خەتەوە ئەمە رووی دا بەلام لە خەتەکانی ترەوە سەیری شەڕ وا ئەکرا کە لەوانە بێ ئێرانیەکان پێشکەون. بەرزانیەکان لەبەر ئەوە بتوانن کەڵک لە ناوچەکانی «مەرگەوڕ» و «تەرگەوڕ» وەرگرن و مەیدانی شەڕیان فراوانتر بێ [تەگبیر]یان هاتە سەر ئەوەکە ناوچەکانی «پەسوێ، سۆفیان، جلدیان» بەجێ بێڵن و بە تەواوی بنکەی شەڕ ببەنە «شنۆ».

کە ئەمان لە جێبەجێ کردنی ئەم ئیشەدا بوون حوکوومەتی [ئێران]کەوتە خۆی و لەشکرێکی پڕچەکی لە ژێر فەرماندەیی «سەرهەنگ نصرالله نیساری» لە [١١ی مارتی ١٩٤٧]دا لە ورمێوە بۆلای دۆڵی «ئەنهرچایی» بەڕێ کرد بۆ ئەوە بتوانن «موان» داگیر کەن و بکەونە بەینی لەشکری عەشرەتی [رەشید بەگ] و [نوری بەگ] و عەشرەتی

بەرزانەوە. گەیشتن لەگەڵ لەشکری عەشایری شکاکاکەوتنە شەڕێکی مردن و ژیانەوە، لە ئاخراگەلێ لە شوێنەکانی ئەو ناوەیان داگیرکرد و ئەو ئارەزووەکە هەیانبوو؛ واتە بەیەک نەگەیشتنی شکاک و «بەرزان»، بۆیان پێکهات و تەنانەت [نوری بەگ] و [رەشید بەگ] خۆیاندا بە دەستەوەو چوونە «ورمێ»وە.

لەشکری «بەرزان» ئەو شوێنانەکە بە دەستیانەوە بوو لەگەڵ ئەو هەموو پەلامارەشاکە ئەبرایە سەریان ئاگاداری شوێنەکانی خۆیانیان ئەکرد وگەلێ جاریش ئەیروی ئێرانیان ئەگێڕایە دواوە وگەلێ کوژراو و بریندارێشیان لێ ئەخستن.

ئێرانیەکان کە سەیریان کرد تا ئەم شوێنانە بەدەست بەرزانیەکانەوە بێ لەدانی کوژراو و بریندار بەولاوە نەبێ هیچ کەڵکێکی تر وەرناگرن. لە بەر ئەمە عێلجاریان کرد و بڕیاریاندا کە بەهەر جۆر بووە پەلامارێکی شێلگانە بدەن و ئیشێکی وا بکەن کە ئەو شوێنانە لە دەست [بەرزان]ەکان دەربێنن.

لە [١٤ی مارتی ١٩٤٧]دا لە ژێر فەرماندەیی سەرهەنگ ئەنساری لە «قەلاچوخ» پەلاماریان بردەسەر «ئەرنە». لە خوارەوە هێزی سەربازی نیزامی و تۆپ و دەبابە و لەسەریشەوە فڕۆکەکەوتە کار. لەگەڵ ئەم هەموانەشا بەرزانیەکان دلێرانە هاتنە دەست و لە هەر دوولا کوشتارێکی زۆر پەیدا بوو، لە ئەفسەرەکانی ئێران «سید جەلالی رەحیمی» کوژراو لە ئاوایی «ئەرنە»ش (٧) کەس. لە ئەنجاما بەرزانیەکان بۆ شوێن قایم کردن فیکریان هاتە سەر ئەوەکە دەست لە لای شیمال هەڵبگرن و لە ناو شاری «شنۆ» جێ گیربین و روو بە جنوب پەلامار بدەن.

کە ئەم نەقشەیانە دامەزراندوو لە «شنۆ» جێ گیر بوون، شاری شنۆ کرا بە شوێنێکی هەرە بەکاری جەنگی، مەلا بە جۆرێکی رەسمی بڵاوی کردەوە هەرکە بە ئێرانیەکان نزیک بکەوێتەوە بە قسە وە یا بە نامە وە یا بە خەبەر و باس تۆڵەی خۆی زۆر بە خراپی ئەبێنێتەوە.

ئەمجا لە [١٥ی مارتی ١٩٤٧]دا پەلاماری «نالس و نەلۆس»ی دا ـ کە لە لایەن هێزی ئێرانەوە رئیس أول «کلاشی»، بە هەموو چەشنە هێزێکی عەسکەریەوە لەوێ بوو ـ لە پاش شەڕێکی مەردانە مەرکەزی «نەلۆس» کەوتە دەست بەرزانیەکان، «کلاشی» سەرکردەی نەیروی ئێران کوژرا، (٩) سەرباز بریندار بوو (٩٦) کەسیشیان لێ بەدیل گرتن، فیشەک و جبەخانە و خواردەمەنیەکی زۆریشیان هێنایەوە. لەم (٩٦)ە پێنجیان ئەفسەر بوون.

لە رۆژی (١٧)ی مارتدا نەیروی [ئێران] لەو ناوەدا بڕیاریان دا کە پشتیوانی لەشکری مەرکەزی «سۆفیان» بکەن و بە هەموویانەوە هێرش بەرنە سەر بەرزانیەکان. ئەم نەخشەیانە جێبەجێ کرد و پەلاماری خۆیانیان دا. لە ئەنجامی شەڕێکی گەرما، نەیروی ئێران دیسان هیچی پێ نەکرا. سەرکردەی لەشکری پیادە رەئیس «رەزا قەرەباغی» کوژرا و لەهەر دوولاش کوشتار و بریندار پەیدا بوو. لێرەشا بەرزانیەکان گەلێ چەکی تریان لەگەڵ (١١) دیل ـ دا دەست کەوت و سەرکەوتن.

* * *

کە ئیش گەیشتە ئەم شوێنەو تەماشا کرا نەیروی «بەرزان» رۆژ بە رۆژ هەر لەسەر کەوتنایە، سەرۆکی نەیروی ئێرانی لەو ناوە «سەرتیپ فیوضی» نەخشەی کوژی و نەخشەیەکی تری دامەزراند؛ نەخشەیەکی وەها کە بە هەموو هێزێکیانەوە ئابلۆقەی بەرزانیەکان بدەن و شوێنیان پێ تەنگ کەنەوە، وە هەچ هێزێکی هەوایی و تانکی و زرێلی هەیە هەمووی بخرێتە کار. لەبەر ئەمە لە [١٩ی مارتی ١٩٤٧]دا فەرمانی بە بەشکردنی ئەم نەیروانە کرد بەم جۆرە:ـ

١ـ فەوجێک لە ژێر فەرماندەیی سەرهەنگ نیساری لە [موان]ەوە بچێت بۆ «نێرگی و رەزگا».

٢ـ فەوجێک لە ژێر فەرماندەیی سەرهەنگ پرتەوی بۆ داگیرکردنی «سلێوان» و

پاریەدانی سەرهەنگ نیساری.

٣ـ فەوجێک لە ژێر فەرماندەیی سەرهەنگ فولادوەند لە دۆڵی «پەرەندێز»ەوە بۆ داگیرکردنی «ئاغ بلاغ»، کەمەرەزەرد، کرکل. قولقولە و بێزون» ـەوە.

٤ـ فەوجێک لە ژێر فەرماندەیی سەرهەنگ مەجیدی لە «نەغەدە»وە بۆ داگیرکردنی «پیرناسر» و کێوی پادار.

٥ـ فەوجێک لە ژێر فەرمانی سەرهەنگ بیگلەری‌دا بۆ پاراستنی دۆڵی قاسملو، نەوەک بەرزانیەکان بچنە ناویەوە.

٦ـ فەوجێک لە ژێر فەرماندەیی «هومایونی»دا بۆ پاراستنی بەینی [ورمێ] و سابلاغ و بۆ نەپچڕانی خەتی ئەو دوو شوێنە لە یەک و بۆ پشتیوانی کردنی تەیروی «قاسملو»یش.

٧ـ فەوجێک لە ژێر فەرماندەیی سەرهەنگ ئەنساری‌دا لە «سۆفیان»ەوە بۆ داگیرکردنی «نەلۆس» و دەوروبەری نەلۆس. ئەمانە بێجگە لە دەستەی عەشایری [مەنگوڕ و مامەش] کە لە ژێر فەرماندەیی «بهادوری»دا بوون.

لەم سەردەمانەدا کە ئەمان ئەم جۆرە نەخشانەیان کێشا [عەلی حجازی]یش لە لایەن حوکومەتی عێراقەوە لە قوڵی «زیندووی شێخی» و «حاجی هۆمەران»ەوە بە هێزێکی تەواوەوە راوەستابوو بۆ ئەوە ئەگەر [مەلا مصطفی] و هێزی [بەرزان] بگەڕێنەوە بۆ دیوی «عێراق» ئەمیش لێرەوە سەری رێیان پێ بگرێت!

هەر بۆ ئەم کارقایمیە عبدالالەو نوری سعید لە [٢٢ی مارتی ١٩٤٧]دا خۆیان گەیاندە «حاجی هۆمەران» و ئەوەی پێویست بوو لەم رووەوە رێگەیان بۆ «عەلی حجازی» دانا. ئەمە و دیسان بە قسەی راپۆری ئێرانیەکان، حوکومەتی عێراق لەو سەردەمانەدا هەموو مانگێ (٣) هەزار دیناری عێراقی تەرخان کردبوو بۆ «شێخ رەشیدی» برادۆست کە ئەویش بە هێزی عەشایری ئەوناوەو مریدانی خۆیەوە هەموو دەمێ ئامادەی بەگژاچوونی مەلا مصطفی بێ!.

لە [٢٤ی مارتی ١٩٤٧]دا کە لە قۆڵی ئێرانەوە شەڕ لە جۆشی گەرمی‌دابوو «فضل‌الله هومایونی» سەرلەشکری نەیروی ئێران لە «حاجی هۆمەران» لەگەڵ «عەلی حەجازی» چاویان بەیەک کەوت. عەلی حجازی بڕیاری دایەکە دوو فەوجی سەربازی عێراقی ـکە لە باپشتیان و مێرگەسوورن ـ بە هەموو چەکێکیانەوە لەگەڵ (١٢) فڕۆکەدا لە ماوەی (٢٤) سەعات بیانهێنێتە قۆڵی «حاجی هۆمەران» و بەربەستی مەلایان پێ بکا!.

لە خەتی عێراقەوە ئەمەکرا، ئەمجا لە خەتی سنووری تورکیاشەوە لە دەربەندی «بنارد» بە هۆی حوکوومەتی [تورکیا]وە ئەویش قایم‌کرا، ئەمەش بۆ ئەوەکە نەوەک مەلا لەو خەتەوە بچێتە خاکی تورکیا!. (٣) فەوجی تورکی، لەو ناوەی تەنیەوە؛ یەکێک لەکێوەکانی «ئالانیراغ». یەکێ لە دەربەندی بنارد، یەکێکیش لە بەرانبەر «نێرگی و رەزگا»وە کە لەم‌لاوە فەوجی سەرهەنگ نیساری ـشی لێبوو!.

ئەم تەرتیباتانە هەموو بۆ ئەوەکران کە ناوچەی دەسەڵاتی هێزی «مەلا مصطفی» بە تەواوی تەنگ بکەنەوە و بە هەر جۆر بووە بتوانن بەزیندوویتی یان بە مردوویتی بیخەنە گیر!.

بەم جۆرە ئەم نەخشانەکێشراو لە عەینی رۆژی (١٩)دا نەیروەکانی نیساری و پرتەوی کەوتنە ئەنجام‌دانی فرمانی خۆیان و شەڕێکی قورس لەگەڵ بەرزانیەکانا دەستی پێ‌کرد و لە «سلێوان» گەیشتنە یەک و بۆ لای «نێرگی و رەزگا» بەڕێ کەوتن. لێرەدا لەشکری [بەرزانی] گیانبازیەکی مەردانەیان نواند و گەلێ کوشتار و بریندار لە دەستەی نەیروی ئێران کەوت. لە بەرزانیەکان (٦) کوژراو و (١٢) بریندار روویدا شەڕی ئەم خەتە تا (٢٥)ی مارت درێژەی کێشا.

لە [٢٦ی مارتی ١٩٤٧]دا شەڕی «خلج و ئۆرست» دەستی پێ‌کرد، لەم شەڕەدا ئێرانیەکان بە جەرگێکی قایمتر لە پۆڵاوە هاتنە مەیدانەوە. دەستەی پێش‌مەرگە بە بێ‌ئەوە کۆ، لە مردن بکەنەوە پەلاماری خلج و ئۆرست ـیان‌دا، نەیروەکانی تریش لە پشتیانەوە بە

گیان و دڵ پشتیوانیان ئەکردن، لە سەرەوە فڕۆکە بۆ، بۆمبا هاویشتن لەواشە و هەڵۆ تیژتر بووا. دەبابە و زرێلی و تۆپی کێو هەڵکەنی کێوی بۆ پێشکەوتن و گوللە هاویشتن هەناسە لە شوێن هەناسە لەکارا بوونا. لە ئەنجامی ئەم شەڕەدا تاکی تەرازووی «بەرزان» قورستر بوو، لە نەیروی ئێرانی دوو ئەفسەر «سید محمدی امامی» و «هاتفی» لەگەڵ سەربازێکی بێ‌شومارا لە «تۆرست» کوژران. ئەفسەر [جەهانپاک] و (١٥) سەربازیش بە دیل کەوتنە دەست بەرزانیەکان لەگەڵ گەلێ جبەخانە و خواردەمەنیەکی زۆردا، سێ فڕۆکەشیان لە کارخست. لە لەشکری بەرزانیش (٣) کوژراو و چەند بریندارێک رووی‌دا.

لەم کاتەدا فەوجی سەرهەنگ مەجیدی ـ ش گەیشت، ئەویش بە تۆپ و زرێلی جەنگی و بەشە فڕۆکەی خۆیەوە دایە پاڵ ئەو نەیروەی ئێرانە کە لە شەڕابوون. مەبەستی ئەمان ئەوەبوو کە ئیشێکی وا بکەن «پیرناسر» و کێوی «پیردار» لە دەست بەرزانیەکان بسێنن بەرزانیەکان لەشکرەکەی پێشوو شەکەتی کردبوون کە ئەمانەش هاتن دایانە پاڵیان لەوانەبوو بشکێن، بەڵام مەردانە خۆیان کۆ کردەوە، هەرچەندە کێوی پیردار ـ یان‌دا بە دەستەوە بەڵام بە جۆرێک کە کاروباریان تێک نەچێ، لەسەنگەرێکی‌ترا بە هێمنی خۆیان دامەزراندەوە، لەم شەڕەشا ئەفسەر «رۆفی» لە نەیروی ئێران لەگەڵ (١٨) سەربازدا بریندار بوون و کوژراویش گەیشتە (٢٥). لە بەرزانیەکان (٦) کوژراو و (١١) بریندار رووی‌دا.

بەڵێ کێوی پیردار ـ یان‌دا بە دەستەوە. ئەوەندە هەبوو ئایا چۆن درا بە دەستەوە؟. ئەمە لەسەر شایەتی دوژمن کە بۆیان ئەدا:

هێزی ئەو شوێنەی ئێرانی هەمووی رووی کردبووە «پیردار» تەماشا ئەکەن وەکوو باران، گوللەیان بەسەرا دێتە خوارەوە، ئەمانیش لە هەر چوار لای کێوەکەوە بینیان پێوە ناوە بۆ پێشکەوتن و هیچ کۆلە و گوللانە ناکەنەوە. بە تایبەتی [دەبابە] و زریلیەک سنگ ئەنێن بۆ پێشەوەو هەر ئەڕۆن، لەولاشەوە گوللە باران هەر هەیە.

لەم شوێنەدا بەرزانیەکان بۆ ئەوە سەنگەرەکەی‌تر قایم کەنەوە کشابوونەوە بۆ ئەولا، تەنها تاقە بەرزانیەک مابووەوە لە سەنگەرەکەدا و ئەو تاقە کەسەبوو کە ئەو هێرشەی ئەبردە سەر ئەو هەموو هێزەی ئێرانە. ئەو تاقە بەرزانیە شوێنەکەی خۆی نەدا بە دەستەوە و لەشەڕ کردن نەکەوت تا دەبابەکە چوو بە سەریا و بەرەورەوەی دەبابەکە شەهیدبووا!.

شوێنی دووسەدگوللەی ئەم تاقە بەرزانیە بە دەبابەکەوە بوو، هەر دوو چراکانی ورد کردبوو، گوللە هاوێژی زرێلیەکەی کون کون کردبوو، تۆپێک لەگەڵ ئەو هێزەدابوو، گوللەی ئەم تاقە «بەرزان»یە بە درێژایی دابووی لە ناوەراستی لولە تۆپەکەو تۆپەکەی لە کار خستبووا!.

ئەمە بوو گیان بەختیکردنی «بەرزانی» لە شەڕی ئێرانا، خۆیشی نەدا بە دەستەوە تا ئاخر تنۆکی خوێنی لە ڕێگەی قەومیەتی خۆیا لە ژێر ڕەورەوەی «دەبابە»ی دوژمنا بەخت کردا!.

رۆژی (٢٩)ی مارت فەوجی سەرهەنگ فولادوەند کە بۆ [پەرەندێز] دانرابوو بەڕێ کەوتن و گەیشتنە دەوروبەری «شاخ بلاخ». لە ڕۆژی (٣٠)دا کەوتە شەڕەوە، بەرزانیەکان دلێرانە بەرەنگاریان بوون و بۆ پارستنی شوێن و جێگای خۆیان کۆششیان ئەکرد. لەوانەبوو کە نەیروی [ئێران] بشکێت لەوکاتەدا فەرماندرا بە هێزی هەوایی و بە تانکی و زرێلی جەنگی، کە لەوانیش بکەونەوە ئیشەوە، گوللە تۆپ و مەترەلۆز و بۆمبا وەکوو بارانی بەهار هەموو شیو و دۆڵ و کلاوەکانی داگرت، بە هۆی ئەم هەموو هێزە ئاگرینانەوە توانیان لە پاش زیانێکی زۆر ئەو شوێنانە لە دەست بەرزانیەکان وەرگرن و بەرزانیەکان بۆ ئەوە کوشتاری کەمتر بدەن بە دەستەوە شوێنەکانیان بەجێ هێشت و گەڕانەوە دواوە. لەم شەڕەدا لە نەیروی ئێران ئەفسەرێک ـ تاج فەر ـ و دوو سەرباز بریندار بوون و (١٦) سەربازیش کوژران. لە بەرزان (٨) کوژراوو (١٢) بریندار پەیدابوو.

کە بەرزانیەکان پشتاوپشت گەڕانەوە و نەیروی ئێران «قولقولە» و «کەمەرەزەردە» و ئەو ناوانەیان داگیر کرد بەبێ پشوو فەوجی سەرهەنگ ئەنساری و سەرهەنگ غەفاری ـ یش دایانەپاڵ ئەو نەیروانە و فرۆکە و زرێلی و تۆپی هەموو لایەکێشیان بە جارێ بوون بە یەک و لە (٢٥)ی نیساندا بە کۆمەڵی، هێرشیان هێنایە سەر بەرزانیەکان، ئەم لەشکرە زۆرە لە ژێر سێبەری ئەو هەموو هێزە ئاسمانیەدا هەنگاو بە هەنگاو پێش ئەکەوتن. بەرزانیە نەبەزەکان لەگەڵ ئەم هەموو هێزی دوژمنەدا وە لەگەڵ ئەوەداکە ناوچەی شەڕی ـ شیان تەنگ کرابووەوە هەر مەردانە و دلێرانە سنگی خۆیانیان ئەنا بە گوللەوە و لە شوێنی خۆیانا ئەچەقین!.

کە، لەولایەوە بۆمبا بارانی فرۆکە و لەلایەکەوە هاژەی گوللەی تۆپ و پێشکەوتنی زرێلی و دەبابە زیاتر هێزی ئەسەند ئەمانناچار بوون بەوە کە «نەلۆس» و «سنگیان» بەجێ بێلن و خۆیان بگەیەننە «گەلاس» و ئەو ناوە بە تەواوی چۆڵ کەن.

لەولاشەوە هێزی عەشایری مەنگوڕ و مامەش ـ کە لە ژێر فەرماندەیی بەهادوریدا بوون ـ لەگەڵ عەینی فەوجی بەهادوریدا لە گوندەکانی «تازراس و ناناس» هێرشیان بردەسەر لەشکری دیموکرات ـ کە لە ژێر فەرماندەیی زێرۆبەگ و تایەرئاغادابوون ـ لەو هێرشەی ئەوانیشا کێوەکانی «دۆڵی» لە دەست بەرزانیەکان دەرچوو لەشکرەکەی «زێرۆبەگ» و «تایەرئاغا» روو بە «سێ ئاوان» گەڕانەوە بۆ دواوەو لە «گەلاس» لەگەڵ بەرزانیەکان یەکیان گرتەوە.

دەورەی شەڕ لە دەوری بەرزانیەکان هەر تەنگتر ئەبووەوە، رۆژبەرۆژ نەیروەکانی [ئێران] زیاتر یەکیان ئەگرتەوە، ئەم یەک گرتنەی ئەوان ئەبوو بە زیادە هێزێک بۆیان و ئەبوو بە مایەی بچووک کردنەوەی مەیدانی شەڕی ئەمان. فرۆکەو تۆپ و دەبابە و زرێلیەکان بە هەموو سوپاکانیانەوە هێرشیان هێنایە سەر «شنۆ» ـ کە مەرکەزی جەنگ و فەرماندەی بەرزانیەکان بوو ـ هێزی حوکوومەت لە لایەک و هێزی مەنگوڕ و مامەش لە

لایەک. [بەرزان]ی دلێر بە بێ‌ترس چەند رۆژێک لە ژێر ئەم ئاگر باران و گوللە و بۆمبا بارانەدا خۆی راگرت و شێرانە جەنگی کرد. سەرباری ئەمانەش «موساخانی» زەرزا بەخۆی و سوارەکانیەوە هەر لە ناو شارەکەدا بەرەنگاریان بوو!.

لە ئاخرا لەبەر ئەوەکە مەیدانی شەڕەکەیان هەتا ئەهات هەر تەنگتر ئەبووەوە، وە بۆ ئەوە نەکەونە داوەوە و پشتیشیان لێ نەگیرێ لە [٦ی نیسانی ١٩٤٧]دا شاری «شنۆ»یان چۆڵ کرد وکەوتنە پشتی «شنۆ» و رووبەرووی خاکی عێراق گەڕانەوە. ئەیروە هەوایی و ئاسنینەکانی ئێران بەگوللەی تۆپ و بۆمبا رەوانەیان ئەکردن!. لەگەڵ ئەم هەموو هێرشانەشاکە ئەکرایە سەریان گەڕانەوەیان لە سەنگەرەکانیان بەو رێک و پێکیە سەردارە جەنگیەکانی ئێرانی سەرسام کردبوو!.

[فرۆکە] بە بێ رەحمانە بۆمبا بارانی ژن و منداڵی بەرزانیەکانی ئەکرد، لەگەڵ ئەمەشا ئەو دیلانەی ئێرانیەکان کەکەوتبونە لای بەرزانیەکان بەرانبەر بە بۆمبا بارانەکەی ئەوان ئەمان بە مەردانە خزمەتیان ئەکردن.

لە پاش ئەوەکە لە دۆڵی «گەلاس» دەرچوون بۆ ئەوە توزی ئەرکی گەڕان و هەڵسووڕانیان کەمتر بێتەوە ئەوەندە بە تەنگ ئەوەوە نەمان کە ئاگاداری دیلەکان بکەن. وەکوو بڵێت بە زمانی حاڵ پێیان ئەوتن کە بڕۆن!. دیلەکان ئەم شڵەژانەی ئەمانیان بە هەلزانی هەڵاتن وگەڕانەوە بۆ ناوچەی ئێرانیەکان.

بەرزانی دلێر بەم جۆرە لە شەڕی مردن و ژیانا بوو وردە وردە بە جۆرێکی رێکوپێک لە پردی «قادر» و ناوچەی «تاڵجار» و کێوەکانی «کێلەشین» و «مەرگ زیارەت»ەوە بەرەو پاش ئەگەڕایەوە تا لە رۆژی [١٧ و ١٨ی نیسانی ١٩٤٧]دا هاتەوە ناو خاکی عێراق، هاتەوە لە ژێر بارانی گوللەی تۆپ و مەترەلۆز و لە ژێر بۆمبای فرۆکەدا!.

لە ئەنجامی ئەم شەڕەی بەرزانی و ئێرانیەکانا (٥) قائد و (٤٠) ئەفسەر و (٢٠٥)

کوژراو لە ئێرانیەکان پەیدا بوو لەگەڵ (٣٠٠) بریندارا. لەو کوردانەی کە لەگەڵ ئێرانیەکانا شەڕیان لەگەڵ بەرزانیەکان ئەکرد لەوانیش (٣٤) کوژراو و (٥٣) بریندار روویدا.

لە دەستەی بەرزانی ـ ش لە هەموو شەڕەکانا (١٢٠) شەهید (٢٥٠) بریندار روویدا.

* * *

[مەلا مصطفی بەرزانی] و هەموو دەستەی بەرزانیەکان بەم جۆرە روویان کردەوە خاکی عێراق وگەڕانەوە، بەڵام ئایا ئەوانەی کە ئەتریخ ئەخوێننەوە وە یا ئەوانەی کەوا کاروباری سیاسەت و شەڕ و شۆڕ هەڵەسووڕێنن بە چە چاوێکەوە.؟ یا، بە چە باوەڕێکەوە سەیری ئەم گەڕانەوەیە و سەیری ئەم پەردانە ئەکەن؟..

ئایا بەو چاوەوە سەیری ئەکەن کە ئەڵێن لەشکرێک بوو شەڕی کرد و شکاو گەڕایەوە؟. وە یا ئەڵێن لەشکرێک بوو تا ئاخر هەناسە جەنگی کرد و پاشان بەسەر کەوتووی گەڕایەوە؟.

بێ گومان هەموو کەسێک و هەموو جەنگاوەرێک ئەم باوەڕەی دووهەم وەرئەگرێ؛ چونکە هەموو پیاوە گەورەکانی مەیدانی سیاسەت و شەڕ، لەکاتێکا کە بیانەوێ شانازی بە لەشکرەکەی خۆیانەوە بکەن ئەڵێن لەفلانە خەتی جەنگ بە جۆرێکی رێک وپێک گەڕاینەوە. وەکوو هەموو جار «چەرچل» لە ناوەندی ئەم شەڕی دووهەمەدا شانازی بەوەوە ئەکرد کە لەیوت نەیروەکەی ئێمە لە فلانە شوێن بە جۆرێکی رێک وپێک گەڕایەوە دواوە.

ئەم قسەیە وە ئەم رێگەیە زۆری تێدایە؛ مەعنای وایە دوژمن زۆر زاڵ بووە، لەگەڵ ئەو زاڵیەشا دەستەی ئەم، ئەو دەرفەتەیان نەداونەتێ کە بیانگرن وە یا شتوومەکیان بە تاڵان بەرن. ئەم جۆرە شتانە بۆ مەیدانی شەڕ و شۆڕ بەگەورەتر سەرکەوتن دائەنرێ.

لەشکری [بەرزان] لەگەڵ ئەوەداکە دوژمن لە هەموو کاتێکا دە ئەوەندەی ئەمان

بوون، وە هەر جۆرە چەکێکی تازە لە فڕۆکە، لە زرێلی، لە تۆپ، لە دەبابە بە دەسەڵاتێکی حوکوومەتی و بە جۆرێکی بێ‌شومار لەلایان بووە، لەگەڵ ئەمانەشا [بەرزان] توانی بەرانبەری ئەو هێزە بێ ئەندازەیە بکا، وە لەگەڵێ وەختدا و لەگەڵێ شوێندا دیلیان لێ بگرێ و تالآنیان لێ بسێنێ، وە جەنگاوەریەکەی بگاتە پایەیەک کە دیلێکی لێ نەگیرێ، لەگەڵ ئەو هەموو منداڵ و خێزانەدا کە لەگەڵیان بووە منداڵێک نەدا بە دەستەوە وە یا تفەنگێک نەدۆڕێنێ، بە هەموو ئازایێک و نەبەزیەکەوە بەرانبەری ئەولێشاوە حوکومەتیە بکات و چۆن ڕۆیشتووە بەو جۆرە بگاتەوە وڵاتی خۆی! بێ گومان ئەمە لە مەیدانی شەڕ و سیاسەتا بە گەورەتر سەرکەوتن دائەنرێ و سەرۆکی ئەم لەشکرە کە ئەم نەخشانە دائەڕێژێ بە یەکێ لە بلیمەتە هەرە گەورەکانی پیاوی جەنگی دائەنرێ.

* * *

وەزارەتی «صالح جەبرە بوو لە عێراقا، دوودانە لە کوردەکان ـ توفیق وەهبی و جمال بابان ـ بە ناوی وەزیری کوردەوە وەزیری مەعارف و عەدلیەبوون. مەلا مصطفی کە بەو جۆرە حوکوومەتی ئێران لە هەموو لایەکەوە پەلاماری‌دا ئەوە بوو لە [١٧ و ١٨ی نیسانی ١٩٤٧]دا خۆی و هەموو بەرزانیەکان هاتنەوە ناو وڵاتی عێراق و ئێرانیان بەجێ هێشت. ئەمانەش کە هاتنەوە عبارەت بوون لە (٤٥٦٥) کەس؛ (١٥٥٠) پیاو، (١٦٨٦) ئافرەت، (١٣٢٩) منداڵ.

حوکوومەتی عێراقی ئەو سوپاو سەنگەرانەکە تا دەرچوونی [مەلا مصطفی] لە جاری یەکەمدا لە عێراقا لەو وڵاتە هەیبوو لەماوەی نەمانی ئەما سەنگەر و نوختە و قۆشەنی زیاتر کردبوو، چونکە هەموو ڕۆژێک ترسی گەڕانەوەی «مەلا مصطفی»ی هەرهەبووا. کە مەلا گەڕایەوە، گەڕایەوە بە سەر شوێنێکا کە هەموو سووچێکی بە هەموو جۆرە چەکێکی حوکوومەت قایم کراوە، لە «ڕواندز»ەوە تا ئەچێتە «زاخۆ» هیچ شوێنێک نەماوەتەوە کە خاڵی بێ لە هێزی حوکوومەت و لەو کوردانە کە نایانەوێ «مەلا

مصطفی» لەو ولاّتەدا بژێت!.

مەلا سەیری کرد روو بکاتە هەر لایەک لە بارانی گوللەی بێئامان بەولاوە هیچیتر پێشوازی ئەم ژن و مندالاّنە ناکا کە لەگەڵین. بە ناچاری کەوتە قسە کردن لەگەڵ حوکومەتی [صالح جەبر]دا بۆ ئەوە حکومەت لێیان خۆشبێ و ئەمانیش بتوانن وەکوو هەموو نیشتمانیەک لەولاّتەکەی خۆیانا دانیشن. حوکومەت ئەم قسانەی نەچوو بە گوێچکەدا و هەر لە سەر ئەو قسەیە بووکە بە بێ هیچ قسەیەک وە یا هیچ مەرجێک ئەبێ خۆیان بدەن بە دەستەوە!.

کە ئیش گەیشتە ئەم شوێنە مەلا مصطفی و [شێخ ئەحمەدی براگەورە]و سەرۆکەکانی [بەرزانی] و زابتەکان بوون بە دوو دەستەوە؛ دەستەیەکیان وتیان وەکوو حوکومەت ئەیلێ بەو جۆرە خۆمان بدەین بە دەستەوە. مەلا ـ ش لەسەر ئەو قسەیە بووکە بەم جۆرە نابێ لە ئاخرا [شێخ ئەحمەدی براگەورە] و هەندێک لە زابتەکان بڕیاریاندا کە خۆیان بدەن بەدەستەوە. مەلا مصطفی و «میرحاج» و چەند زابتێکیتریش هەر لە سەر قسەی خۆیان مانەوە کە مادام ئەمان چەکیان هەیە خۆیان نادەن بە دەستەوە، ژن و منالّ با خۆی بدا بە دەستەوە.

لەسەر ئەمە «شێخ ئەحمەد» و «عزت عزیز» و چەند زابتێکیتر لە (١٩٤٧/٥/٦)دا ژنو منالّ و ئەوانەش کە ئارەزوویان لێبوو لەو سەردەمە «عەلی حجازی» لەو دەورەبوو خۆیان و چەکیاندا بە دەست ئەوەوە لەسەر ئەو اعتبارە کە حوکومەت لێیان خۆشبێ، [مەلا مصطفی] و ئەوانەش کە لەگەڵی مانەوە لە پیاوی تفەنگچی و رەبەن، لە شوێنەکەی خۆیان مانەوە و خۆیان نەدا بەدەستەوە و هەر کەوتنە مخابرە و قسە کردن لەگەڵ حوکوومەتا کە لێیان خۆشبێ.

کە [شێخ ئەحمەد] و ئەوان خۆیاندا بە دەستەوە حوکوومەت لە باتی ئەوە میهرەبانیان لەگەڵ بنوێنێ هێنای هەموویانی تەفروتوونای ولاّتەکانی [بەسرە]، [ناسریە]، [حلەو

کەربەلا] کرد و بەیێ دەرەتانی لەو ناوەدا بلاّوی کردنەوە و لەگۆشەی حەپسخانەکانا ژاراوی مەرگیان ئەچێشت!. ئەوانەشیان کە ژن و منالّ بوون لە ولاّتەکانی هەولێر و بیتوێن بەناهومێدی مانەوە. سەرەڕای ئەمەش لە (١٩٤٩)دا دیسان فەرمانێکی تر دەرکرایەوە کە ئەم ژن و مندالاّنە لەوەندەی‌تر لەو شوێنانە دوور بخرێنەوە!.

بەلّێ لە پاش ئەوە کە ئەمانە خۆیاندا بە دەستەوە، حوکوومەت لە میزانیەی سالّی «١٩٤٧»، (١٠٠) هەزار دیناری‌دانا کە بدرێ بە خواردن و جل و بەرگ بۆ ئەم ژن و منالّە کەساسە دەربەدەرانە. «بهاءالدین نووری» و «عزالدین مەلا» سەروکاری دابەشکردنی ئەم پارەیەیان ئەکرد بە سەریانا ـ ئەم دوو کەسەش نائبی کورد بوون ـ لە بەخێوکردنی ژن و منالّی بەرزانیەکان لەم پارەیە ئەوەبوو کەهەر لەو سالّەدا یەکێک لەو کەسانەکەنانی بەرزانیەکانی چاو پێ کەوت نووسەری ئەم کتێبە بوو، لە هەولێر ئەو نانەیان پێشان‌دام کە ئەیاندا بە بەرزانی، نانەکەش عبارەت بوو لە گەچ و لە ئارد کە تێکلاّو کرابوون!..

ئەمان بەم جۆرە بەکەساسی کەوتنە گۆشەی حەپسخانە و ولاّتەکانەوە، [مەلا مصطفی] و [میرحاج] و هاوڕێکانیشی لەو لاوە هەر داوای لێ خۆشبوون و لێ بووردنیان ئەکرد. حوکوومەت و پیاوانی حوکوومەت لەباتی ئەوە لێیان خۆشبن و ئەمن و ئاسایش بخەنە ولاّتەوە هێنایان لە [٦ی مایس ١٩٤٧]دا سەر لەنوێ ـ اعلانی ئەحکامی عرفی ـ یان لەولاّتەکانی «رواندز» و «زێبار» و ئەو ناوەدا دانایەوە و عبدالاله مۆری کرد! بە دانانی ئەم عورفیە ئەوەندەی‌تر ترسیان خستە بەر ئەو ولاّتەو لەوەندەی‌تر «مەلا مصطفی»یان لە خۆیان دوور خستەوە.

رۆژی [٥ی حوزەیرانی ١٩٤٧] بوو، لە بەغدادا هەندێک لە پیاوە کوردەکانی بەغدا و نائبەکان و قوتابیی دانشگاکان کۆبوونەوە بەو نیازە کە بچن بۆ لای [عبدالاله] تکای لێ بکەن بۆ ئەوە لە بەرزانیەکان و ئەفسەرەکان خۆشبێ. قسەیان هاتە سەر ئەوە کە من بچم

بۆ لای یەکێ لە، دوو وەزیرە کوردەکان ـ کە لەوەزارەتا بوون ـ بۆ ئەوە ئەویش بەو ناوەوە کە وەزیرێکی کوردە لەگەڵ خەڵکەکەدا بێت و بچن بۆلای عبدالالە. کە چووم جوابێکی ئەوەندە ناپەسەندی دامەوە مەگەر هەر ئەو بزانێ جوابی وا جوان لە ناپەسەندیدا بداتەوە! با [تأریخ] ئەو پرسیار و وەڵامە بێڵێتەوە بۆ «یادداشت»ەکەم، ئەگەر چاپکرا ئەو وەختە ئەیخوێنینەوە!..

هەندێک لەو ئەفسەرانە کە وەختی خۆی لەگەڵ مەلا مصطفی ـ دا رۆیشتبوون: «رئیس أول رکن عزت عبدالعزیز، رئیس أول مصطفی خۆشناو، رئیس خیرالله عبدالکریم، ملازم محمد مەحمود قودسی» بوون. وەختی خۆی ئەمانە بە بێ ئەوە خۆیان بەرووەوەبن ئەحکامی عورفی ساڵانی (١٩٤٥) حوکمی خنکاندنی دابوو بە سەریانا. کە [شێخ ئەحمەد] خۆیدا بە دەستەوە ئەمانەش بەو نیازە کە لێیان ببوورن لەگەڵ ئەوا خۆیاندا بە دەستەوە. کە کەوتنە گیر، سەرلە نوێ لە ـ مەحکەمەی عورفی ـ ئەمساڵەدا بە جۆرێکی لام سەرلایی! موحاکەمە کرانەوە و بڕیاری حوکمی خنکاندنەکەیان درایەوە.

لەگەڵ ئەوەشا کەگەلێ کەس کۆششی کرد بۆنەخنکاندنی ئەمانە، لە بەیانی پێنج شەنبەی [١٩ی حوزەیرانی ١٩٤٧] لە بەندیخانەی بەغدا هەر چواریان خنکێنران و بوون بە قوچی قوربانی چڵێسی عبدالالە و پیاوانی عبدالالە. پاشان تەرمەکانیان برانەوە بۆ سولەیمانی، هەولێر و ئامێدی، شەعبی دڵ بریندار فوری گۆڕەکانیانی بەلافاوی فرمێسکی چاویان گرتەوە و ناشتنیان، دووکەڵی کزەی دڵی ئەو شەعبە ئێستەش لەسەر گۆڕەکانیان سێبەری کردووە بۆ ئەوە بزانن کە هەر لە دڵی میللەتان و قەت دەرناچن.

ئەمەش وێنەی ئەو نامەو وەسیەتنامەیەیە کە بە (١٤) سەعات پێش خنکاندنیان بە دەستنووسی [محمد مەحمود] نووسیویانە و داویانە بە میللەتی کورد؛ داویاننێ بە دیاری لە شوێنی لەشەکەی خۆیان:

[illegible]

١٨ / حزیران / ١٩٤٧

لە شەهیدەکانی نیشتمانەوە

عزت عبدالعزیز و مصطفی خوشناو و خیرالله عبدالکریم و محمد محمود [illegible] ەوە

بۆ برایانی ملەتی کوردی خۆشەویست

لە دوای تەبلیغی حوکمی ئیعدام بە [illegible] ، [illegible]

برایان

[illegible] ئەم نامەیەوە [illegible]

[illegible] دنیای ئازادی [illegible]

[illegible] ئیستعمار [illegible]

[illegible] نیشتمان .

برایان

[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible] ئیستعمار [illegible]

برایان

[illegible]

[illegible] ١٩٤٧ [illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

برایان .

[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]   عزت عبدالعزیز   مصطفی خوشناو   خیرالله عبدالکریم .

لە رۆژنامەی (خەبات)ەوە .

بەم جۆرە ئەم وەسیەتنامەیانە نووسی بۆ گەلەکەیان و پاش (١٤) سەعاتە،کە برانە بەر .قەنارە، کەش لەو وەختەدا پەتەکەیان ئەکردە ملی خۆیانەوە هەر یەکە بە وتەیەکی تەئریخی مالآواییان لە عالەمی کورد کرد!.

سەرەتاکە [عزت عبدالعزیز] هێنرا وتی:

«دوا ئامۆژگاریم ئەمەیە بۆ گەلەکەم ئەم ڕێگایەی من گرتوومە ئەوانیش بیگرن، مردن لە پێناوی کامەرانی گەل، بەرزترین سەربەرزیە بۆ ئادەمیزاد.»

کە [مصطفی خوشناو] هێنرا وتی:

«داری ئازادی گەلان بە خوێن ئاو ئەدرێت. با خوێنی منیش دڵۆپێک بێت لەو خوێنە بۆ ئازادی عێراق و گەلی کورد. بژی کورد و کوردستان بە ئازادی و سەربەستی.»

کە [خیرالله] هێنرا وتی:

«ئیستعمار و نۆکەرانی ئیستعمار! ئەتوانن من و سەدهای وەک من بکوژن. بەلآم ناتوانن (١٢) میلیون کورد و میلیونەها ئازادی خواز لە جیهانا لەناو بەرن!.»

کە [محمد قودسی] هێنرا ئاخر هەناسەی لەسەر ئەم قسەیە بڕایەوە:

«مردن لەڕێگای وڵات خۆشترین شتە ئادەمیزاد دەستی بکەوێ، ئێمەش لەرزۆکی لە دایک بوونمانەوە هەر بە ئاواتی ئەمەبووین کە لە ڕێگای ئازادی کورد و کوردستان و کامەرانی گەلانی ترا سەربنینەوە!.»

کە [شێخ ئەحمەد] و یارانی خۆیان دابەدەستەوە [مەلا مصطفی] مایەوە سەرخۆی و (۸۰۰) کەسێکی پیاوی جەنگاوەری [بەرزانی]. ئەوە بوو هەر لە کۆششی ئەوەدابوو کە حوکومەت لێ خۆش بێ و لەولاتی خۆی دانیشێتەوە. کەچی حوکومەت لە باتی دالدەدانی ـ اعلانی ئەحکامی عورفی ـ بۆ کرد و ولاتی «رواندز» و «زێبار» و «بەرزانی» بە هەموو هێزێکی ئاسمانی و سەرزەوی عێراقی و ئینگلیزی پڕپڕ کرد! لەگەڵ ئەمەشا هەندێ لە عەشایری ئەو دەورەی دیسان لێ هاندایەوە و بە هەموویانەوە ئەو ولاتەیان لێ تەنگ کردەوە.

[مەلا مصطفی] کەوتە بەینی دوو ئاگرەوە؛ یا ئەمەتە ئەبێ خۆی بدا بە دەستەوە و بیبەنە ژێر «سێدارە»!. یا ئەمەتە ئەبێ جەنگ بکا، وەکوو گەلای دار خەڵک بکوژێ و لێ بکوژن!. بۆ ئەوە خۆی لەم دوو ئاگرە رزگار کا هیچ چارێکی تری نەدیر ـەوە نەبێ کە ئەمجارەش خاکی عێراق بەجێ بێڵێ چۆنیشی بەجێ بێڵێ؟ ئەو کەوتۆتە بەینی سێ سنوورەوە؛ عێراق، ئێران و تورکیا. هێزە بێ ئامانەکانی ئەم حوکومەتانە سنوورەکانیان وەکوو زنجیر تەنیوە!.. چار نیە رووبەرووی ولاتان هەر ئەبێ بڕوا.

لە [۲۵ی مارسی ۱۹۴۷]دا دیسانەوە خاکی عێراقی لەناو ئەو ئاگربارانەدا بە خۆی و هێزەکەیەوە بەجێهێشت و بە کێوە هەرە بەرز و شاخە هەڵدێرەکانا روو بە ولاتی تورکیا رۆیشتن. لە دەوروبەری «ئەرگەوڕ» لە خاکی تورکیا نەیروی تورکی سەری رێگەی پێ گرتن. خۆیان نەدا بە دەستەوە، هەر بە شاخەکانا رووبەرووی خاکی «ئێران» بوونەوە و لەلا رێگەی کێوەکانەوە رێگەی ولاتی رووسیایان گرت، لە ژێر پەلاماری لەشکرەکانی عێراق و تورکیا رزگاریان بوو، نەیروی ئێرانی بەفڕۆکە و تانکی بە شوێنیانەوە بوو، ئەمان هەر ئەوەندەیان پێ ئەکرا کە خۆیان لادەن و بە هەموو جۆرێک خۆیان لەشەڕ بپارێزن.

ئەمانە بەم جۆرە بەشاخەکانا و بەناو قوڕو چڵپاوی ئەو کێوانەداو بەستار گرتن لەناو ئەشکەوتەکانا تەکانیان ئەداو ئەڕۆیشتن، هەرچەندە فڕۆکەکانی ئێرانی هیچ کاتێک

نەبووەکە بەسەریانەوە نەبێ لەگەڵ ئەوەش هەرکۆڵیان نەداوە و سنگی مەردانەیان داوەتە پێش بۆ ڕۆیشتن، هەرچەندە فڕۆکەکانی ئێرانی هیچ کاتێک نەبووەکە بەسەریانەوە نەبێ لەگەڵ ئەوەش هەرکۆڵیان نەداوە و سنگی مەردانەیان داوەتە پێش بۆ ڕۆیشتن تا ئەگەنە گوندی «شەت» ـ کە هەژدەمیل لە جنوبی سنوری رووسیاوەیە ـ لەوێدا لەشکری چوارەمی ئێران ـ کە ڕۆژنامە نووسەکانی ئاورووپا بە دە هەزار کەسیان داناون ـ بە تەواوی ڕێگەیان پێ ئەگرن و ماوەی دەرباز بوونیان نادەن!.

لێرەدا بەبێ ئەوەکە لە دەسەلاتی خۆیانا بێ تووشیان ئەبێ بە تووسی شەڕەوە و لەگەڵ ئەو لەشکرە پڕچەکەی خاوەن فڕۆکە و تۆپەدا ئەکەونە شەڕەوە. لەم شەڕەدا یا رزگار بوونە یا کوشتنی هەموویانە لەو شوێنەدا!. ئەو جەنگەکە لە بەینی بەرزانیەکان و هێزی ئێرانا رووی داوە یەکێکە لە جەنگە هەرە گەورەکانی [بەرزانی] کە لە هەموو جارێک زیاتر گیانی خۆیانیان لە پێناوی شەرەف و بەرزیەتیا دۆڕاندبێت.

لە پاش شەڕێکی چەند ڕۆژی لە [١٥ی حوزەیرانی ١٩٤٧]دا ئەگەنە سەر ئاوی «ئاراس». لەشکری سەرزەوی ئێرانی لە پشتەوە بەگوللە تۆپ و فڕۆکەش لە سەرەوە بە بۆمبا ڕەوانەیان ئەکەن!. کە ئەگەنە سەر ئاوی ئاراس (٥٠٠) کەس ئەبن و ئەوەندەیان ئەمێنێتەوە، زیانی نەیروی ئێرانی لە ئەفسەر و سەرباز تەنانەت حوکومەتی ئێرانیش خۆی بە تەواوی لەبەر زۆری بۆی دەرنەکەوتەوە. ئەوەندە هەبوو ئەو نەیروە زۆر بە خراپی شکان!.

لەگەڵ ئەوەش کە لە مەلەوانی‌دا دەستێکی وایان نەبووە، مل ئەنێن لە ئاوەکە، یەکەم کەس کە ملی لێناوە «میرحاج» بووە، پاشان «مەلا مصطفی» و ئەمجا هەموو بەرزانیەکان، هەرچەندە زۆر لە شتومەکەکانیان ئاوەکە بردوویەتی، لەگەڵ ئەوەش خۆیان هەر پەڕیونەتەوە و دەرباز بوون بە بێ ئەوە یەکێکیان لێ بخنکێ.

ڕۆیشتن و دەرچوونی [مەلا مصطفی] لەو ڕۆژەدا بیرو باوەڕی پیاوە سیاسیەکانی

هەموولایەکی خەریک کردبوو، کە ئایا چۆن توانیویەتی لەناو لێشاوی هێزی ئەو سێ حوکوومەتەدا دەرباز بێ؟!. ئایا باڵندە بووە و فڕیوە؟ وە یا ئادەمیزاد بووە و بە جەنگاوەری تێ پەڕیوە؟!.

ڕاست بوو لەو ڕۆژەدا هێزەکانی عێراق و ئێران و تورکیا قۆڵیان کردبوو بە قۆڵی یەکا بۆ گرتن و بۆ لە ناوبردنی بەرزانیەکان، بەڵام ئەوی «مەلا مصطفی» و بەرزانیەکانی لەناو ئەو هێزانەدا رزگار کرد یەکەم بە جەرگی و خۆبەخت کردنی هەموو نەفەرێکی بەرزانی بوو، دووهەم سەرکردەیی و پسپۆڕی شەڕی [مەلا مصطفی] بوو کە رزگاری کردن؛ ئەو مەلا مصطفیبەکە هیچ دانشگا و دانشسەرایێکی جەنگی نەدیبوو تەنها قوتابخانەی ژیانی خۆی نەبێ!. تەنها بۆتەی لاپەڕەکانی ژیانی خۆی نەبێ کە تیایا قاڵ بووبووەوە، هەر ئەو دەرزی قوتابخانەی ژیانەی خۆی بوو کە [قائد] و سەرۆکە جەنگیە دەرچووەکانی قوتابخانەی «حەربی» ئاورووپا و رۆژهەڵاتیشی سەرسام کردبوو!.

* * *

[مەلا مصطفی] و هاوڕێکانی گەیشتنە رووسیاو حوکوومەتی سۆڤیاتی داڵدەیدان و بە چاوی پەنابەرانی سیاسیەوە سەیری کردن. لە پاش ئەوە کە لەوێ جێ گیر بوون و ئەو تەرتیباتە کە لەوڵاتی سۆڤیاتیدا هەیە بۆ پەنابەرانی سیاسی بۆیان جێبەجێ کرا. ئەمانە ئیتر کەوتنە ناو ژیانێکی عەمەلیەوە؛ جارێ بە جۆرێکی تێکڕایی پێویست بوو هەموو خوێندەواربن، خرانە بەر خوێندن. پاش ئەو دەورەی سەرەتاییەکران بە سێ دەستەوە؛ دەستەی گەنج و تازە پێ گەیشتوو، ئەمانە بەرە بەرە ئەبوایە لەسەر خوێندن بمێننەوە تا دانشسەرا و دانشگاکان تەواو ئەکەن.

دەستەیەکی تر خەریکی ئیشی کشت وکاڵ و دار و دەرخت بوون، ئەمانە ئەوانەبوون کە فرمانیان پێ ئەکرا. دەستەی سێهەم ئەو کەسانانەبوون کە لەبەر ئەوە تۆزێ پیر وە یا تۆزەکەم و کوڕیەک لە لەشیانا هەیە، ئەمانە هەر یەکە مانگی (٥١٥) روبل کە بە پارەی

عێراق (١٨) دینار ئەکا ئەیدرایە و ئیتر هیچ ئیشیان نەئەکرد.

بەم جۆرە بەرزانیەکانی رووسیا لەناو کشت و کاڵ و بەرزانیەکانی عێراق لە گۆشەی حەپسخانەکانا ماوەی (١١) ساڵ رایانبوارد تا شۆڕشە بەناوبانگەکەی [١٤ی تەمووزی ١٩٥٨]ی عێراق پەیدا بوو، ئەو شۆڕشەکە کۆتی دیلی هەموو چینێکی پساند. یەکێ لەو ئیشە هەرە گەورانەی شۆڕش ئەوەبوو کە قارەمانی شۆڕش [عبدالکریم قاسم] فەرمانی دەرکرد بۆ لێ‌خۆشبوونی هەموو حەپسە سیاسیەکان. کە ئەم فەرمانە دەرچوو [شێخ ئەحمەدی بەرزانی] و هاوڕێکانی لە (١٩/٧/١٩٥٨)دا لە بەندیخانە یانزە ساڵیەکەی هاتە دەرەوەو بە هەموو ئازادیەکەوە چاوی بە ئاسمانی شینی عێراق کەوت، لە سەرەتای ئاغستۆزی (١٩٥٨)دا بە خۆی و هەچ بەرزانیەک هەبوو بە سەر وڵاتەکانی کەرکووک و هەولێر و شەقڵاوادا چووەوە بۆ ئەو شوێنە خۆشەویستەی کە یانزە ساڵ بوو نەیدیبوو، چووەوە و بە هەموو ئازادی و سەربەستیەکەوە باوەشی کردەوە بە بەرزاناا.

ئەمجا «مەلا مصطفی»؛ مەلا مصطفی و هاوڕێکانی کە دەنگی شۆڕشە پیرۆزەکەی [١٤ی تەمووزی ١٩٥٨]ی عێراقیان بیست ئاگری دووری مەڵبەند بڵێسەی لە دڵیانا پەیداکرد وکەوتنە ئەڵهای هاتنەوەوە. لە [٢٨ی ئاغستۆزی ١٩٥٨]دا لە چیکۆسلوڤاکیاوە داوای هاتنەوەی لە سەرۆکی خۆشەویستی شۆڕش ـ عبدالکریم قاسم ـ کرد، سەرۆکی شۆڕشیش بە هەموو میهرەبانیەکەوە بانگی کردەوە. ئەویش لە رۆژی [٦ی تشرینی یەکەمی ١٩٥٨]دا لەگەڵ «میرحاج» و ئەسعەد خۆشەوی ـ ئەو دوو دۆستە، کە ساڵەهای ساڵە لەگەڵ مەلا مصطفیدا یاری بەگیانی خۆیان ئەکەن ـ گەیشتنەوە بەغدا.

بە هاتنەوەی بەغدا ـ یان کوردەکانی هەموو لایەکی «عێراق» و تەنانەت عەرەبەکانی عێراقیش رۆژ لە رۆژ زیاتر ئەبارینە بەغدا و پیرۆزبایی ئەم هاتنەوەیانە ئەکرد. هاتنەوەی «مەلا مصطفی» بۆ بەغدا یەکێک بوو لە دەورە هەرە پرشنگدارەکانی کورد کە لە بەغدادا نواندیان.

لە پاش ماوەی بیست ڕۆژێک «میرحاج» گەڕایەوە بۆ وڵاتی سوڤیاتی بۆ جێبەجێ کردنی هاتنەوەی ئەو بەرزانیانە کە لەوێ ماون. کاروفرمانی هەموویان جێبەجێ بوو گەڕانەوە. لە ڕۆژی ١٨/٤/١٩٥٩دا (٨٥٣) کەسی ئاوارەی «بەرزانی» لە پاش (١١) ساڵ لە ناو دەریایەکی شادمانیدا گەیشتنەوە بەغدا و وڵاتە خۆشەویستەکەیان. لەمانە (٤٥٩) کەسیان پیاو بوون، (١٨٨) ژن و (٣٠٦)یان منداڵ بوون، لە پیاوەکان نزیکەی (٨٠) کەسیان پەرپووت بووبوون. پێشوازیەکی نایابیان لە لایەن هەموو چینێکەوە لە ئێستگەی شەمەندەفەر بۆ کراو هەموو بە دیداری دۆستەکانی خۆیان شاد بوونەوە.

وەکوو لە پێشەوە باسکراکاتێ ئەم بەرزانیانە لە ڕووباری «ئاراس» پەڕینەوە (٥٠٠) کەس بوون، لەم ماوەیەدا زیاد لەو ئەندازەیە ئەوەندە نەتەوەیان لێ کەوتەوە.

لە پاش ئەوەکە ئەم کارەساتانەمان زانی ئەبێ ئەوەش بزانین کە بە جۆرێکی تێکڕایی عەشرەتی بەرزانی لە ناو کورددا ئەتوانرێ بە، بەجەرگتر و ڕاستگۆتر لە قسەو کردەوەدا و بەگیان بەختکردن لە ڕێگەی بیر و باوەڕا دابنرێن، لەم ڕووەوە کەس نایانگاتێ، گەورەیەک و بچووکێکیان، شێخێک و ئۆمیەکیان، پیرێک و گەنجێکیان، ژنێک و پیاوێکیان لە بیروباوەڕا، لە زات و زۆرا، لەکۆڕی کورد و کوردایەتیا یەکسانن و یەک بەرگیان هەیە، ئەو شتەی پیرێک ئەڵهای بۆ ئەکا عەینی شتە، کە گەنجێک داوای ئەکا، ئەو باوەڕەی کە پیاوێک بۆی ئەجەنگی عەینی باوەڕە کە ژنێک شیری بۆ هەڵئەگرێ!.

لە پێناوی ئەو باوەڕەدا کە هەیانبوو گەلێ تەنگ و چەڵەمەیان چاوپێ کەوتووە، گەلێ چەوسانەوە و برسێتی و ڕووتی و دیلیەتی و غەریبی وڵاتانیان چێشتووە. ئەمانەشیان بۆیە چێشتووە و بینیوە لەبەر ئەوە بووە کە باوەڕیان بەو ڕێگەیە کە گرتوویانە قایم بووە، ڕێگەکەش ڕێگەی کوردایەتی بووە. ئەوەندە قایم بووە ناهومێدییان نەزانیوە وە نایزانن، تەنانەت ڕێگەی ناهومێدی نادەن بچێتە دڵی ئەو نەتەوانەیانەوە کە هێشتا نەهاتوونەتە دنیاوە و بۆنی هەوای دنیایان نەکردووە!. لەسەر ئەمە شتێک ئەگێڕمەوە:

ساڵی (١٩٤٧) وەکوو ساڵەکانی دەوری عەباسی چۆن پەرێشانی وبەرمەکیەکان بوو بەو جۆرەش نەگبەتی بەرزانیەکان بوو؛ حوکوومەتی ئەو دەورەپشتی تێ هەڵکردبوون، ولاٌتەکەیان داگیر کرابوو، هەندێکیان لە گۆشەی حەپسخانەکانا بوون، هەندێکیان دەربەدەری ولاٌتان بوون، ئەوانەی کەمابوونەوە لە ئافرەت و لە منداڵ بە برسێتی و بەرووت و قووتی لە ژێر ساباتی بەفری سپی ئەوساڵەدا رۆژی رووناکی عالەمی ئەریان ئەنووسان بە شەوی تاریکی هەموولایەکەوە! تەنها چەرخی فەلەکی ئەو دەورە نەبێ کە وەکوو حوکوومەتەکە دڵ رەق و بەزەی پێیانا نەئەهاتەوە ئەگینا هەموو کەسێکی تر بەزەیی پێیانا ئەهاتەوە.

لەو رۆژەداو لە ناو ئەو بەفر و سەرمایەدا ئافرەتێک بە «نۆ» منداڵەوە سەرما و برسێتی دەشتی پێ ئەگرێتە بەر و سەری ئەکا بە ماڵی قائمقامی [زێبار]دا. ماڵی قائمقام مەردانە و پیاوانە لێ دێنە دەست خزمەتێکی باشیان ئەکەن و بە نان و بە بەرگەوە گەرمیان ئەکەنەوە. قائمقام لێ ئەپرسێ.

ـ لە ئافرەتەکە ـ چۆن بەم حاڵە دەرئەبەی و ئەم منداڵانەت چۆن بۆ بەخێو ئەکرێ؟.

ئەڵێ: «بەم رووت و قووتی و برسیەتیە هەر بەخێویان ئەکەم بۆ ئەوە لە پاشا حەقم بستێنن!.» ئەڵێ ئەگەر ئەمانەش حەقم نەستێنن ـ دەست ئەخاتە سەرسکی و ئەڵێ ـ «ئەمەی لەسکمایە حەقم ئەستێنێ، حەقم ئەستێنێ لەو کەسەکەوا بەم جۆرە دەربەدەری کردین!. حەقم ئەستێنێ لەو کەسەکە ولاٌتی خۆمان و خاکی خۆیشمانی پێ رەوا نەبینین. دنیاگەلێ دەور و چەرخی هەیە. گوێ مەدەرێ کورد، دەورێکی هەر لێ ئەبێتەوە!.»

شۆرشی سمکۆ

[سمایلاغای سمکۆ]
«١٩٣٠-١٨٧٥»

له پێش ئەوەداکه جەنگی گەورەی یەکەم، واته جەنگی (١٩١٤-١٩١٨) بکەوێته ناوەوه جۆره دەور و دووکانێک لەناوا هەبوو مەگەر دەورەی سەدەکانی ناوەڕاست هاوتایی بکردایه! ئەگینا وێنەیەک نەبوو بۆ ئەوەکه پیاو بڵێ ئا بەو جۆره بووا. ئەم پەرده رەنگاورەنگانەش زۆرتر لەوڵاتی کوردەواریدا دێوجامەکانی خۆیانیان پیشان ئەدا؛ ئەو وڵاتی کوردەواریەکه ئەو سەردەمه بەشێکی له ژێر باری عوسمانیەکانا بوو. بەشێکیشی له ژێر باری ئێرانیەکانا!.

به تایبەتی له وڵاتی ئێرانا چونکه شایەکانی قاجاری هاتبوونه دەمەدەمی ئاوابوون. هەموو هێز و توانایێکیان هاتبووه سەر ئەوەکه لەقەبی زل زل ببەخشن و هیچی تر!.

وادیار بوو لاسایی ئاخر دەوری «عەباسیە»کانیان ئەکردەوە؛ ئەمانیش لەوان خراپتر له دەورەی ئاخریانا هاتبوونەکزی و نابووت بووبوون، بێگانەکان ـکه له رواڵەتا و بۆ بەرێوەچوونی ئیش وکار ـخۆیان بەدار و دەستەی خەڵیفه ئەزانی. بەڵام هەچ توانایی و دەسەڵاتێک، که هەبوو له دەست خەڵیفەیان سەندبوو. خەڵیفه تەنها ئەوەی بۆ مابووەوه که لەسەر کورسی خەلافەت به ناو لەبەغدا دانیشێ و لەقەبی زل زلی وەکوو [معزالدولة] و [رکن الدولة] بەراتکاو هیچی تر!.

جا شایەکانی قاجاری ـش وەکوو ئەوان لەقەبێکیان ئەفرۆشت بەولاتێک. «مفخم الملک، مکرم السلطنة، فەرمانفەرما، سالار أسعد و سالار فاتح» هەموو له پاشەرۆکی لەقەبەکانی ئەوان بوون!. [مکرم السلطنة] و [مفخم الملک] مووچەیەکیان ئەدا به

شاهه‌نشا و ئیتر خۆیان چییان له‌گه‌ڵ ره‌عیه‌ت و مسكینا ئه‌كرد، ئه‌یانكرد و لێ پرسینه‌وه نه‌بوو!.

ئه‌مه له‌لایه‌كه‌وه تا ده‌وره‌نێك، له لایه‌كی تره‌وه له ده‌وره‌نێكی ترا «سه‌رجووقه»یه‌ك له پانی و درێژی هه‌ر ولاَتێكا هه‌ر جۆره زوڵم و زۆرێكی بكردایه كه‌سێك نه‌بوو شكاتێكی لابكرێ، چونكه سه‌رجووقه به‌شیر و شه‌كر ده‌می «سه‌رتیپ»ی شیرین كردبوو، ئیتر خوا مه‌رگی ئه‌و كه‌سه‌ی ئه‌داكه ئه‌چوو ده‌رده‌دڵێكی لای سه‌رتیپ ئه‌كردا.

به‌شه‌كه‌ی [توركیا]ش هه‌ر به‌و جۆره‌بوو؛ «زه‌ڵتیه»یه‌ك حوكمی [یوزباشی] ئه‌كرد و یوزباشی هی بین باشی!. له‌لایه‌ن سوڵتانه‌وه كه كاربه‌ده‌ست و والیه‌كان ئه‌نێرانه سه‌ر ولاَته‌كان، وه‌كوو «مزه‌ئاش» ئه‌بوا پێشكه‌شیان بكردایه، جا خۆیان به چه ئینسافێك ئه‌كه‌وتنه وێزه‌ی خه‌ڵك ئه‌وه مه‌گه‌ر هه‌ر خۆیان بیانزانیایه!.

ولاَتـی كورده‌واری [ئێران] زیاد له‌كورده‌واری شوێنه‌كانی‌تر له ژێر باری زوڵمائه‌تلانه‌وه؛ هه‌ندێك به ده‌ست ده‌ره‌به‌گی «سالار فاتح» و «مفخم الملكه»كانه‌وه، هه‌ندێكیش به ده‌ست «سه‌رجووقه» و سه‌رتیپه‌كانه‌وه!... ئه‌مانه هه‌موو درووكه‌ڵی له دڵی ره‌مه‌كی مه‌ردما هه‌ڵئه‌ساند و هیچ چارێكیش نه‌بوو، ئه‌گه‌رجارجار یه‌كێك هه‌ڵبكه‌وتایه و داوای حه‌قێكی بكردایه مفخم‌الملكه خۆخۆره‌كان وه‌كوو كرم ئه‌كه‌وتنه له‌شه‌یه‌وه و دایانئه‌رزاندا..

كه شه‌ڕی (١٩١٤ـ١٩١٨) داهات باوه‌ڕ و فیكری له‌بارێكه‌وه خسته بارێكی‌تر. به جۆرێكی تێكڕایی ئه‌و جه‌نگه‌نه‌خشه‌ی هه‌موو قه‌ومه‌كانی گۆڕی، نه‌خشه‌یانی گۆڕی ته‌نها هی قه‌ومی كورد نه‌بێ. نخشه‌ی زه‌وی و زار و سه‌ربه‌ستی قه‌ومی كوردی نه‌گۆڕی، به‌لاَم نه‌خشه‌ی بیروباوه‌ڕی گۆڕین. ئه‌مه‌ی كرد له لایه‌كه‌وه له لایه‌كی‌تریشه‌وه كورده‌كانی ولاَتی ئێران پڕیشكێكی كه‌ساسی زۆریان به‌ركه‌وت، پڕیشكێكی واكه زۆربه‌یانی ده‌ربه‌ده‌ر و سه‌رگه‌ردان كردا. ئه‌مه‌یان له ده‌ورێكا بوو كه ئینگلیز ئه‌یوت

داڵدەی قەومە کەساسەکان ئەدەین!. قسەکەیان ڕاست بوو داڵدەیان ئەدان، یەکێک لەو قەومانە قەومی کوردبوون کە لەو ئەلریخە بەدواوە رۆژ بەرۆژ زیاتر بە فورِا ئەچوون، ئەمەبوو داڵدەدانەکەیان. هەزار رەحمەت لە کفن‌دزا!..

* * *

لە ولآتی شکاکـ، لە «چاریە ـ چەهریق» لە بناری «زۆزان» هەر لە پێش (١٩١٤)دا «سمایلاغای سمکۆ» ناو و ناوبانگی دەرکردبوو هەستێکی میللیەت و قەومیەت کەوتبووە کەللەیەوە.

«سمایل‌ئاغا» لە بنەماڵەبوو، کوڕی «محمدئاغا»ی شکاک بوو، ئەو شکاکە کـە بـە «شەش» هەزار بنەماڵەو (٣) هەزار تفەنگ دانراون. محمد ئاغا دەستەی جڵەوی هـەمو عێلی شکاکی بەدەستەوەبوو، لە ئەستەمۆڵ و لە تاران ناسراوبوو، ئـەو ولآتـەش هـەمو فەرمانیان بەڕێوە ئەبرد. بەڵێ لە ژێر دەوارابوو، بەلآم هەستوونی دەوارەکەی ولآتەکانی تـەرگەوڕ و مـەرگەوڕ و سـندوس ـی ئـەهێنایە لەرزە، نـە، ڕێگـەی تـورکی ئـەدا لە «سایەنقەلآ»وە بێت بەسەریا نە، هی ئێران لە «زۆزان»ەوە!.

جا «سمایل ئاغا» کوڕی ئەم «محمد ئـاغا»یـەو لە عـەشرەتی «عـەبدۆی» بـوو، کـە عەشرەتی عەبدوویش لە بنەڕەتا یـەکێک بـوون لە تـیرەکـانی «میلانی» و لەولآتـی [دیاربەکر]ەوە هاتوون. سمکۆ لە ژێر ئەودەواری گەورەییەدا چاوی پشکەوتبوو.هەر لەو دەورەدا لە پاشماوەی باوکی [جەوهەرئاغای] برای ـکە [جـەعفەرئاغا]شـیان پـێ ئەوت ـ شیری کاری ئەکرد و دەوری ئەگێڕا، ولآتی «ورمێ» و «میاندوواو»ی وا لێ کردبوو بە ولآتی خۆی ئەزانی.

دوور نەبوو [جەوهەرئاغا] بە ناوی هەستی میللیەتەوە ئـەمانەی نـەکـردبێ بـەلآم ئەوەندە هەبوو هەستێکی دابوو بە دەرو دراوسێکانی و حوکومەتی «تاران» و «ئەوروپا» بە چاوێکی‌تر تەماشایان کردا. لە (١٨٩٥)دا بـە هـەر جـۆر و بـە هـەر زمـانێک بـوو

حوکوومەتی تەوریز بە ناوی بانگێشتن و دۆستایەتیەوە [جەوهەری ئاغای] بانگ کردە تەوریز و لەوێ شەو لە ناوێک لەو کۆشکە، کە بۆ میوانداری ئەویان تەرخان کردبوو، دەوریان لێدا، دوانزە پیاوی لەگەڵ هەبوو خۆی و پیاوەکانی تەنها دووکەس نەبێ کەسیان لێ دەرنەچوو هەموویان کوشتن!. ئەم دوو کەسەش یەکێکیان [مەحموود ئاغای] ناوبوو، پاشان هەر بە دەستووری پێشوو، بوو بە پیاو ماقووڵی [سمایل ئاغا]. کارەساتی کوشتنی [جەوهەر ئاغا] ئاگرێکی کارێگەری لە دڵی سمایل ئاغا ـ دا هەڵگیرساندوو هەر ئەمەش بوو کە بوو بە بناغەی میللیەت و قەومیەت بۆی.

[سمایل ئاغا] پیاوێکی بە جەربەزەی نەترسی جەنگاوەربوو، هێزی قسەو داڕشتنی قسەی لەوانە بووە بەردی نەرم کردووە، لەگەڵ هەر کەسێکا کەوتبێتە قسە رایکێشاوە بۆلای خۆی، ئەو کەسە با دوژمنیشی بوایە پێ ئەسەلمان کە ئەم لەسەر حەقە، لەگەڵ ئەوەشا پیاوێکی بەسام و ترسێنەر بووە، نەخوێندەواریش بوو.

دیسان کاتێ کە پیویستایە لەگەڵ یەکێ لە کاربەدەستی حوکوومەتەکانا وە یا یەکێکی تراکە سەربەو نەبوایە بۆ قسەو باس چاویان بە یەک بکەوێ شوێنێکی تایبەتی دیاری ئەکرد بۆ ئەو چاو پێ کەوتنە. ئەمجا لە پێش وادەدا خۆی زەلام و تفەنگچی ئەنارد ئەو ناوچەیانە تاقی ئەکردەوە. بۆ ئەوە بزانن دوژمن لەو ناوچەیەدا خۆی حەشار نەداوە. پاش ئەم ئیشەی ئەیهێنا تفەنگچیەکی زۆری ئەنارد لەو ناوچەیەدا بلاوەیان لە کرد و سەر لووتکەو تەپۆلکەکانیان ئەگرت و هەموو شوێنێکیان قایم ئەکرد. ئەو وەختە سمایل ئاغا خۆی ئەچوو لە شوێنی ژوانە کە لەگەڵ کابرادا یەکی ئەگرت و قسەو باسی خۆیان تەواو ئەکرد.

[سمایل ئاغا] کە خەبەری کوشتنی [جەوهەر ئاغای] برای بیست، بڕیاریدا سەرەتا هەر بە دوانزە کەسەوە تۆڵەی خوێنی جەوهەر ئاغا بکاتەوە، بۆیەش هەر بە دوانزە کەسەوە، چونکە «جەوهەر ئاغا» دوانزە کەسی لەگەڵا بووە!. بەم ڕێچکەیەدا ڕۆیشت تا

دەوروبەری «ورمێ» و «مەراغەی» هەموو شڵەژاند و هەتا ئەهات ناو و ناوبانگی زیادی ئەکرد، لەگەڵ ئەمەشا بڵێسەی دڵیشی هەر زیادی ئەکردا.

«سمایل‌ئاغا» بەرە بەرە گەورە بوو، بڵێسەی ئاگرەکەی دڵیشی زۆرتر بوو. جەنگی (١٩١٣ـ١٩١٨) بەسەرهاتەت و ئەو باوەڕەکەوتە هەمورلایەکەوە کە هەموو قەومێک هەقی ژیان و سەربەخۆیی هەیە. لێرەدا ئەم باوەڕە و ناسۆری برینی «جەوهەر ئاغا» هەر دووکیان پاڵیان نابە «سمایل ئاغا»وە. لەم لاشەوە «سید طه ئەفەندی» نەهریە ئەوەندەی‌تر گیانی میللیەتی لە دڵی «سمایل ئاغا»دا بەهێزتر کرد و پشتی دا بە پشتیەوە.

[سمایل ئاغا] لە ناوەندی شەڕی ئەو ساڵانەدا لەگەڵ رووسەکان رێک بوو، پاشان لەگەڵیان تێکچوو رووی کردە تورکیا و لەگەڵ حوکوومەتی تورکیادا رێ‌کەوت، لە (١٩١٧)داکە «باڵشویک» لە وڵاتی رووسیادا پەیدا بوو ئەم گەڕایەوە بۆ وڵاتی «ئێران»ا.

* * *

رووسەکانی قەیسەری ئەیانویست لەو وڵاتەدا بەرانبەر بە [باڵشویک] کۆسپێک پەیداکەن، لەگەڵ ئەمەدا لەدلا لەو فیکرەشدا بوون کە دەنگێکی کوردایەتی لەو ناوەدا هەبوو ئەو دەنگەش لەناو بەرن! بۆ ئەم مەبەستانە نەیانئەتوانی «سمایل ئاغا» بگرن بە دەستەوە، چونکە ئەیانزانی هەر کە سمایل‌ئاغا بکەوێتە تەنگو چەڵەمەوە ئەچێتە خاکی «تورکیا» و لەو خاکەشاکورد زۆرە ئەتوانێ بە هەموو جۆر بەرهەڵستی ئەمان بکاو حوکوومەتی تورکیا ـ ش دەنگ نەکا، وە زیاد لەوەش پشتیوانی بکا!.

«مارشەمعون» سەرۆکی هەرە گەورەی «تەیاری ـ فەلە»کان بۆ ـ هەم سەرۆکی دینی، هەم هی دنیایی ـ لەم تەیاریانە گەلێکیان لە ئاورووپا وڵاتی رووسیادا خوێندبوویان، لە هەموو روویەکەوە ئامادەی هەموو چەشنە شتێک بوون. هێزی چەکیان دانرابوو بە (٢٥) هەزار تفەنگ و تفەنگ بەدەست، فیداکار بوون بۆ هەر شتێک پێیان بوترابە. ئەمانەش هەموو دەربەدەری وڵاتەکانی خۆیان بوون ـ زیاتر لەوڵاتی تورکیادا ـ بەتایبەتی کە

حوکومەتی عوسمانی بەسەرکردەیی «عەلی ئیحسان پاشا» عیلجاریی لێ کردبوون، زۆریان کەوتبوونە ئەو ناوەو لەو ناوەدا کۆبووبوونەوە و «مارشەمعوون» گەورەیان بوو، ئەوەندەیان چەوساندنەوە دیبوو لە دەست حوکومەتی تورک بە هەر چەشنێک وە بە قسەی هەر کەسێک بگەیشتنایە بەسەر بەخۆیی لەیانکردا.

رووسەکان هاتن [مارشەمعوون]یان راست کردەوە و قسەیان لەگەڵ کرد و هەموو جۆرە پەیمانێکیان دایە. لەو ولاتەدا «سمایل ئاغا» هەیە، بوونی سمایل ئاغا کۆسپێکی هەرەزلە، چ لە رێگەی [قسەبسەر]یەکانا، چ لە رێگەی [مارشەمعوون] لەگەڵ [سمایل ئاغا]دا بکەوێتە قسەو بەڵکوو بەبارێکا ئیشی لەگەلا یەکلایی بکاتەوە!.

هێنای سەرەتا بە ناوی ئەوەوە کە حوکومەتێکی کوردی ـ ئەرمەنی دروست بکەن لەگەڵ «سمکۆ» کەوتە قسەکردن، بەلام لە راستیدا ئەیەویست لەم رێگەیەوە لە ئاخرا [سمکۆ] و کوردەکان لەناوبەرێ و راستەو راست حوکومەتەکە بیێ بە حوکومەتێکی «ئەرمەنی» و «ئاسووری»!.

ئەمەش راست بوو وابوو، چونکە هێزی «مارشەمعوون» ـ وەکوو وترا ـ (٢٥) هەزار تفەنگچی رێکوپێکی خاوەن مەشق بوون، هەموو لە ژێر چاوێری ئەفسەرانی نیزامیدابوون، لە پشتیشەوە رووسی قەیسەری پشتیوانیان بوو. هێزی «سمایل ئاغا» نە ئەو ئەندازەیەبوو، وە نەئەو رێکوپێکیەی هەبوو، هێزی ئەم عبارەت بوو لە هێزی عەشایر، کەسێکیش نەبوو لە پشتیەوە کە بەچەک و جبەخانە یاریدەی بدا. کەوابوو لە ناوبردنی [سمکۆ] بۆ [مارشەمعوون] وەکوو ئاوخواردنەوە وابوو.

«سمایل ئاغا» لەم کەین و بەینانە هەموو تێ گەیشت و هەموو شتێکی بۆ دەرکەوت. تێ گەیشت ئەگەر ئەو نەکەوێتە خۆی بۆ لە ناوبردنی مارشەمعوون، [مارشەمعوون] ئەو لەناو ئەبا و پاشانیش دەستی بە هیچ لایەک ناگا!.

لە پاش قسەوباسێکی زۆر لە ئاخر و ئۆخری ساڵی (١٩١٨)دا، واتە وەختێک بوو

شەڕی گەورە لە دوایی هاتنا بوو، بڕیاریان دا کە لە «کۆنەشار» لە بەینی «سایەنقەڵا» و «چەهریق»دا لە ماڵی «تەیموور ئاغا» ناو کۆببنەوە و قسە لە دامەزراندن و دروستکردنی ئەو حوکوومەتەوە بکەن کە نیازیان هەیە دایمەزرێنن. مەرجی ئەم کۆبوونەوەیەش ئەوەیە کە هیچیان هێزێکی وایان لەگەڵ نەبێ.

لە ڕۆژ و وەختی ناوبراوا [مارشەمعوون] بەخۆی و سەد کەسەوە گەیشتە «کۆنەشار» و «سمایل ئاغا»ش بە (١٥٠) سوارەوە گەیشت و هەر دوولا دابەزین[١]. سمایل ئاغا ئەمێ سوارەکانی خۆی کردبوو کە هەموو ئامادە و دەست لەسەر تێسکەی تفەنگ بن، هەر، کە ئەم تەقەی کرد ئەوانیش بە جارێ بیکەن بە شلیک. ئەوەندە هەبوو هەموو سوارەکان بە تەواوی لەمەبەستی [سمایل ئاغا] تێ نەگەیشتبوون، واتە نەیانئەزانی کە ئەم نیازێکی وای هەیە، بەڵام سام و ترسی [سمایل ئاغا] لەوانە نەبوو کە کەس بتوانێ بێفەرمانی بکات!.

لە پاش کۆبوونەوەی «سمکۆ» و «مارشەمعوون» بە جووتە لە ژوورەکەدا و پاش نان خواردن و قسەکردنێکی زۆر، لەبەر ئەوەکەمەبەستی «سمایل ئاغا» ڕێنەکەوتن بوو، بەبێ ئەوە بگەن بە شتێک هەستان و سمکۆ مارشەمعوونی بەرێ کرد تا بەرقاپێ، تەنانەت لە کاتی جیابوونەوەدا ئەفسەرەکانی لەگەڵ [مارشەمعوون] ویستیان یەکە یەکە دەست بخەنە ناو دەستی «سمایل ئاغا»، «سمکۆ» دەستی نەدانی و تێکڕا سەلامێکی گرت بۆ هەموو و لێنر

---

١ ـ هاتنی «مارشەمعوون» بۆلای «سمایل ئاغا» دەستووری ڕەسمیاتی پادشاهی پیشان ئەدا:

خۆی لە جل و بەرگی ئاڵووالای سەرۆکی ڕۆحانی لیمرۆی تیرەیەکی خاوەن دەسەڵات و پادشایەکی بەهێزی سەی ڕۆژیانا. لە سەر «دروشکە»یەکی چوار ئەسپی دانیشتوە کە هەموو چێوبەندی دروشکەکە بە ئاڵتوون زەرکفت کراوە!. شەش ئەفسەری گەورە ـ کە چوار لەمانە لە ئەفسەرەکانی رووسی ئەو دەورەبوون ـ دوویان لە پێشیەوە لەسەر دروشکەکەو چواریان لە پشتیەوە ڕاوەستاون و شیرەکانیان بەروودتی ڕاگرتووە و کالانی شیرەکانیان لەگەڵ مشتوەکانیانا هەموو زمڕوت و «موورەسەع» بوو. تیشکی هەتاوەکە کە ئەیدا لەم ئاڵووالای پادشاهیە سامێکی خستبووە ئەو ناوە!. «مارشەمعوون» بەم جۆرە هاتە هات و لەماڵی «تەیموور ئاغا» دابەزین.

رۆیشتن و سوارەکانی تەیاری ـ ش هەموو سوار بوون و ئامادەی رویشتن بوون. لەوکاتەدا کە، [مارشەمعوون] لە [سمکۆ] جیابووەوە و سەری ولاغی سوورڕاندەوە [سمایل ئاغا] تۆزێ دوور کەوتبووەوە، لە ناکاو هەڵیکێشایە دەمانچە و دەمانچەیەکی نا بە مارشەمعوونەوە! ـ کە لە ناو سوارەکانی خۆیا بوو ـ کە تەقەی دەمانچەی [سمکۆ] هات، تفەنگچی شکاک ـ کە لە پەنادیوار و شتەدا خۆیان حەشار دابوو ـ بەجارێ لە تێسکەی تفەنگ خێراتر دەرپەڕین و کردیان بە شلیکی لەسەر یەک لەسەر یەک لەتەیاریەکان. دەستەی مارشەمعوون و تەیاری تا هۆشیان هاتەوە بەخۆیانا تەنها تاقە زەلامێکیان لێ دەرباز بووا. ئەو تاقە زەلامەش براکەی [مارشەمعوون] خۆی بوو کە لە پاشا نیشنەجێ مارشەمعوون و بوو بە سەرۆکی رۆحانی. مارشەمعوون خۆی و (٩٩) پیاوی لەو شوێنەدا کوژران و گەورەترکارەساتێک لە لاپەڕەی ژیانی سمکۆدا لەو شوێنەدا رووی‌داا.

کە ئەم کارەساتە قەوما «سمایل ئاغا» فەرمانی‌داکە ئیتر ئەو شوێنە بەجێ بێڵن، چونکە ئەیزانی فەلەکان لە خوێنی «مارشەمعوون» واز نایەنن و زۆریشن ئەمان چاریان ناکەن. لەراستی‌دا تا ئەمان کەوتنە خۆیان بۆ ئەوەکە هیچ ماڵ و خێزانێک لەوێدا نەیەڵن لێشاوی فەلە ـ ی نیزامی گەیشتن بەڵام تازە ئەمان رزگار بووبوون و بەقنگە شەڕ خۆیانیان گەیاندەوە «چەهریق».

کە چوونەوە «چەهریق» لێشاوی «تەڤاری» هات و دەورەی چەهریق ـ یان داو «سمایل ئاغا»یان بە تەواوی ئابلۆقەدا و رێگەی دەرچوونیان بڕیا. لە پاش ماوەیەک سەیری کرد ئەگەر ئیش بەم جۆرە بڕوا خۆی و هەموو سەربەو بووەکان لەو شوێنەدا بەدەست ئەم تەیاریانەوە ئەڕۆنا.

هێنای لە گۆشەیەکی ئابلۆقەکەوە هێرشێکی مەردانەی کرد و لەو گۆشەوە دڕنی بەتەیاریەکان‌دا و خۆی لە ئابلۆقەدان رزگار کرد و رووبەروی شاری «خۆی» بووەوە. شاری داگیر کرد و لەوێدا ئیتر بەسانایی دەزگای دەسەڵاتی خۆی لەو ناوەدا بڵاو کردەوە.

«فەلە»کانیش بەکوشتنی مارشەمعوون ـی سەرۆکیان و بە دەربازبوونی «سمایل ئاغا» لە چەهریق کاروباریان تێکچوو ئیتر خۆیانیان نەگرتەوە.

دیسان لەو سەردەمەدا کە لە شاری «خۆی» بۆ حوکوومەتی تورکیا کەوتە راونانی ئەرمەنیەکانی ناو خۆی و ئەمانە ناچار بوون بە هەڵاتن. «سمکۆ» بۆ ئەوەکە لە ترسی پاشەرۆژیان بە جارێ رزگار بێ هێنای دەربەندی «قوتور»ی لێ گرتن و هیچ دەنگی نەکرد تا بە تەواوی هەموو هاتنە ناو دەربەندەکەوە، لێرەدا لێیان راپەڕی و لەویش کوشتارێکی بێ ئامانی لێ کردن!. بەم ئیشەی بەتەواوی خۆی لەترسی پاشەرۆژی ئەوانیش رزگار کرد.

لەبەر ئەوە کە هەندێ کەس لە نووسەران وای پیشان ئەدەن کە «سمکۆ» بە هەڵەداچوو «مارشەمعوون»ی کوشت و لە کوشتنەکەی زیانی بە کورد گەیاند. من ئەم حەقایەقم لێرەدا نووسی، لە پاش خوێندنەوەی ئەتوانن حوکمی خۆیان بدەن و لەو وەختە بۆیان دەرئەکەوێ کە «سمکۆ» چاکی کرد یا خراپ.

«سمایل ئاغا» بەکوشتنی «مارشەمعوون» پیلانی گەلێ کەسی تێکدا! ئامانجی ـ روسیای قەیسەری ـ هەڵوەشاندەوە. لەبەر ئەوە ئاخر و ئۆخری شەڕ بوو ئینگلیز گەلێ ئیشی بە دەستەوەبوو بە «فەلە»کان بەرانبەر بەو وڵاتانە، ئەوتەکانی ئەوی پێ لەناودرا. حوکوومەتی قاجاری ـ ش ئەوە هەر بە هۆی شەڕەوە لە ژێرپێدا چووبوو لەوانە نیە ناو بیرێ بۆ ئەوە کە نەمانی «مارشەمعوون» کاریکاتە سەر ئەو یا نەیکا، ئەوەندە هەبوو بێ ئینی حوکوومەتی قاجار و نەمانی «مارشەمعوون» هێزێکی گەورەبوون بۆ پێشکەوتن و پەرەسەندنی «سمایل ئاغا» لەو ناوەدا.

زۆری پێ نەچوو سمایل ئاغا وڵاتەکانی «تەرگەوەڕ» و «شاروێران» و «ورمێ» و «میاندوراو»ی پاک کردەوە،

تا گەیشتە سەر سنووری تورکیا هەمووی داگیر کردن و هەچ عەشایرێک لەو ناوەدا

هەبوو هەموو پاڵیان پێوەدا وکەوتە تەمای داگیرکردنی تەورێز؛ داگیرکردنی ئەو شارەکە خوێنی «جەوهەر ئاغا»ی برای تیا رژێنراوە!.

لە قۆڵەکانی ناوبانی ئێرانا پشێوی زۆرتر هەبوو، «رەزاخانی پەهلەوی» لە (١٩٢٠)دا «تاران»ی گرت، بەڵام ئاژاوەی ئێران وەنەبێ لە نیشتنەوەدا بووبێ؛ لەولاتی خووزستان «شێخ خەزعەل» خەریک بوو، «بەختیاری» و «قەشقایی» خەریک بوون. «قەدەم خەیر» لە ولاتی لور و پشتکۆ دەستی دابوویە. بەکورتی لە هەموولایەکەوە هەرکە بۆ خۆی و هەرکەسە بەناوێکەوە لە ئیشا بووا.

«سمایل ئاغا» لەملاوە ولاتەکانی رۆژئاواو شیمالی رۆژئاوای لە چنگی حوکومەتی ئێران هەڵپرووکاندبوو، وردە وردە رووی کردبووە ولاتی «بانە» و «سەقز». «بهادرالسلطنة» هەبوو لەلایەن ئێرانیەکانەوە حاکمی سەقز بوو، «بانە» کەوتبووە ژێر حوکمی [سمایل ئاغا]وە. لە ژێرەوە خەبەری نارد بۆ «سید طه» ـ کە لەو وەختە ئەو لە دەوری بانە بوو ـ لەگەڵ بانەیی‌دا بێن و [سەقز] بگرن. لەعەینی وەختدا رۆیشتن و ـ بهادرالسلطنة سەقز ـ ی دان بە دەستەوە، [بانە]یی کەوتنە سەر ئەوەکە ناوشاری [سەقز] تالان کەن!. شکاکەکانی «سید طه» و بەرەی «فیض‌الله بەگی» بەرەنگاریان بوون و سەقز ـ یان لە دەست بانەیی پاراست. لە ئاخرا «سمایل ئاغا» تەمێیەکی باشی بانەییەکانی کرد لەسەر ئەو فیکرە ناشیرینەکە کردبوویان.

هەر لە [سەقز]ەوە لەشکری «سمکۆ» بەسەر «خورخورە»و «تیلەکۆ» و «دیواندەرە»دا چوونە شاری «سنە». کڵاوە درێژەکانیان کە دەورە درابوون بە مشکی و سرکەیی لەگەڵ «ستارخانی» و فیشەکی چوارریزەی ناوقەدیان و رەختی ئەسپەکانیان، ئەمانە هەموو بە کوردەکانی سنە ـ یان ئەوت کە «سمایل ئاغا» کۆشش بۆ سەربەخۆیی کورد ئەکا، ئەم دیمەنانە زاتێکی تەواویان خستبووە بەر ئەوانیش.

«رەزاخان» هێشتا نەبووبوو بە شای [ئێران]؛ دەورێک بوو وەزیری جەنگ بوو، ناو

و ناوبانگی سمایل ئاغا له ولاّته کانی «خوّی» و «سه لّماس» و «ورمیّ»دا گه یشتبوو ه هه موو له شکری ئێران، هه ر له شکرێکی، که بۆ ئه نێرا له ناوی ئه بردا.

«شێخ عه لی نیسکی» هه بوو ـ که په راگه نده یه کی قه وقاز بوو ـ حوکوومه تی ئیران په نای دابوو کابرایه کی به کاریش بوو، «وه زاشا» ئه م کابرایه له سه ره تای (١٩٢٢)دا به (٥٠٠) سواری عه شایری خۆیه وه نارده سه ری.

«شێخ عه لی» رووی کرد بۆ «سابلاّخ» له وانه بوو بگاته ناوشاری سابلاّخ، «سمایل ئاغا» به ره نگاری بوو، به ده ردێکی برد که ئاوازه ی شکان و تێداچوونی [شێخ عه لی نیسکی] له و ولاّته دا بوو به گۆرانی و چاوی له شکری ئیرانی له م ئیشه به ته واوی شکا. پاش ئه م کاره ساته «ماژۆر نصرالله خان» هه بوو، حوکوومه تی ئێران به «سێ» فه وجی سه ربازی نیزامیه وه ناردی بۆ سه ر [سمکۆ]ی [سمایل ئاغا] له چه می موکریان به ره نگاری بۆ ئه مه شی به جاری تارومار کردا.

له م ده ورانه دا سمکۆ «شێخ سراج الدین» و «فلاّمرز» ناوانی به راسپێری نارد بۆ ولاّتی هه ورامان بۆ لای «جافرسان» که ئه و له وێوه په لامار بدا و ئه میش له م لاوه بۆ ئه وه به جاری ئه وی پێ ئه لّێن ولاّتی کورده واری ئێران له [عه جه م] پاکی که نه وه و ئیتر ئه و وه خته ئه بێ به ولاّتێکی سه ربه خۆ. «جافرسان» ئه م قسه یه نه چوو به گوێچکه دا و وازی له فیکره که ی سمایل ئاغا هێنا.

له م ماوانه دا [سمایل ئاغا] سنووری ولاّتی خۆی به ته واوی په ره پێ دا، له «شنۆ» و لاجانه وه تا «ورمێ» و سایه نقه لاّ، له «زۆزان» و چه هریق ـ ه وه تا سه قز و بانه! ئه مانه هه موو به عه شایره کانیه وه که وتنه ژێر چاوێری و فه رمانیه وه «له حمه دئاغا» ناوێکی خه لّکی ئه وبه ری «چه غه تو» حوکوومه تی ئێران راستی کردوه بۆ به گژاچوونی [سمایل ئاغا]. ئه م پیاوه به «پێنجسه د» سواره وه هات بۆ به گژاچوونی سمایل ئاغا. له «شه کربازی» هه ر دوو له شکر به ره نگاری یه ک بوون، ئه وه نده ی فوو له ئاو بکرێ

لەشکری [ئەحمەدئاغا] وەکوو ئاگری قودرەتیان تێ کەوێ هەموو لەناو چوون و [ئەحمەدئاغا] خۆیشی کوژرا!.

لەسەرەتا ساڵی (١٩٢٣)دا «ئەمیر ئەرشەدی» «قەرەچەداغی» لەبناری تەوریز بە نیازی لەناوبردنی [سمایل‌ئاغا] بە هەزار سوارەوە روو بەوڵات و خاکی سمایل‌ئاغا بەرێ کەوت. ئەم خەبەرە گەیشت بە سمایل‌ئاغا، [سمایل‌ئاغا] بەخۆی و هەندێ لەشکرەوە چوو بە پێشوازیەوە، لە شیمالی دەریاچەی «ورمێ» تووشی بوو، زۆری نەخایان [ئەمیر ئەرشەدی] و لەشکرەکەی ئەو تۆزەکەمەی کە لە دەست کوشتن رزگاریان بوو بەرەودواگەڕانەوە و لەوانیش هیچ چارێکی [سمایل‌ئاغا]یان بۆ نەکرا!.

زەبر و زەنگی [سمایل‌ئاغا] لە هەموو وڵاتەکانی دوور و نزیکا وا دەنگی دابەوە کە ئەو دەنگە تا ئەو وەختە بوو کەم کەس بەو جۆرە پەیدا بووبوو! تەنانەت وای لێ هاتبوو زۆرتر سەرکەوتنەکانی هەر ناوەکەی سەری لەخستن! واتە کە هەر ئەوترا [سمایل‌ئاغا]، وە یا لەشکری شکاک، دوژمن بە جارێ ورەی بەرئەدا و ئەشکا، خۆ لەسەر تەعبیری خۆی کە بە ئێرانیەکانی ئەوت «عەجەمەکان»، هەر کە، ناوی سمایل‌ئاغا ـ یان ئەبیست هەرچەندە لەشکر بوونایە ئەبوا هەموو چەکیان بدایە بەدەستەوە و گیانی خۆشیانیان بخستایەتە بەرپێ [سمایل‌ئاغا]!.

ئەوانیش بۆ لەناو بردنی ئەم وەنەبێ درێغیان بکردایە، زیاتریش بەکردەوەی فڕوفێڵ! وەکوو ئەوەکە لە ئاخر و ئۆخری ساڵی (١٩٢٤)دا [سمایل‌ئاغا] لەسەر سنوورەکانی تورکیا و ئێرانابوو، هاتوو چۆی لەهەر دووخاکەکەدا ئەکرد و خۆی حاکمی ئەو ناوەبوو کەس پێ نەئەکرا رێگەی لێ بگرێ.

«سەلمان سەبری» هەبوو حاکمی «وان» و پاشان بوو بە «والی» وان، ئەم پیاوە لەگەڵ سمایل‌ئاغا ـ دا دۆستایەتیەکی راستەقینەی دوور لە دەبلوماسیەتیان هەبوو. سمایل‌ئاغا لە دیدەنی ئەو ئەگەڕێتەوە، «رەشید جەودەتی» دۆستی ـ کە دیاری وڵاتی سولەیمانی بوو

لەگەڵیا ـ لەگەڵی ئەبێ. هێشتا ناگەنەوە بەشەخاکی [ئێران] تومەس ئێرانیەکان پیاوێک ئەنێرن بۆ ئەوە بەهەر جۆر بووە، بەڵکوو بە دزی [سمایل ئاغا] بکوژێ!..

[سمایل ئاغا] بەم کابرایە ئەزانێ و ئەیگرێ و پێ دەرئەخاکە بۆ ئەو مەبەستە هاتووە، کە تووشیشی ئەبێ لەبەشەخاکی تورکیادا ئەبێ، لەگەڵ خۆی ئەیهێنێتەوە تا ئەگەنەوە سەر سنووری ئێران. فەرمان ئەدا مەنجەڵێ رۆن لەناو خاکی ئێرانا داخ ئەکەن و هەر دوو دەستی کابرا ئەبڕێ و ئەیکا بە مەنجەڵە رۆنەکەدا و بەو جۆرە بە بێدەستی ئەینێرێتەوە بۆ ئێرانیەکان!..

لە رووی دۆستایەتیە تایبەتیەکەشیەوە ئەم باس و خواسە ئەگەیەنێ بە سەلمان سەبری. [سەلمان سەبری] کردەوەکەی بەلاوە زۆر سەیر ئەبێ، هەر بە ناوی ئەم دۆستایەتیەو ئازایەتی سمایل ئاغاوە ئیشێکی وا ئەکا «خەسرەو»ی کوڕی ـ کە وەختی خۆی تورکەکان لە شەبەیخونەکەدا گرتبوویان و منداڵ بوو ـ بەرەڵای ئەکەن و ئەینێرنەوە بۆ [سمایل ئاغا].

«رەشید جەودەت» وتی لەمەردایەتی و ئازایەتیەکانی سمایل ئاغاکە ئەو دوو ساڵە پێکەوە بووین ئەوەم بە یادگارێکی زۆر گەورە هەڵگرت لە ژیانما کە لە پاشایەکێ لە کوڕەکانم ناو نایە «خەسرەو»، ئەمەش هەر بۆ یادی مەردایەتی پیاوێکی ئازای وەکوو «سمایل ئاغا» و بۆ ئەو دۆستایەتیە کە لەبەینمانا هەبوو!.

* * *

دەورەی جاری دووهەمی حوکومەتی [شێخ مەحموود] بوو لە سولەیمانی، ناو بانگی حوکومەتی کوردستان گەیشتبووە هەموولایەک، زۆر لە مێژبوو سمایل ئاغا ئەیویست دیدەنیەک لە حوکومەتی کوردستان بکاو چاوی بە [شێخ مەحموود] بکەوێ بۆ ئەوە بە کۆششی هەردوولایان کوردستانی گەورە لەسەر بناغەیەکی رێک و پێک دابمەزرێنن. ئەم نیازەی هەبوو بەلام لەبەر شەڕ و شۆڕ هاتنەکەی بۆ رێنەئەکەوت. هەر لە ساڵی (۱۹۲۲)ەوە بڕیاری تەواوی‌دا و خۆی ئامادەی چوون کرد، لەوساڵەش هەر

بۆی رێ نەکەوت.

لە ئاخر و ئۆخری ساڵی (١٩٢٢)دا لەسەر سنوورەکانی تورکیا، ئێران و عێراق بوو، لەبەر ئەوە کە [مستەفا کەماڵ] ئاڵا بوو بەشەڕی «یونان»ەوە نەیئەویست لەلایەکی ترەوە ئاگر بۆ خۆی هەڵگیرسێنێ، بەڵکوو بە پێچەوانەی ئەمە مێچکەمێچکەی لەبەر هەموو کەسێکا ئەکرد، بەتایبەتی سمایل ئاغا. ئەم زمان شیرینیە وای لە «سمایل ئاغا» کرد کە لەم ئاخرەدا ئەویش خۆی لە تورک نەگەیەنێ!..

[سمکۆ] لەو سەر سنوورانە هەر جارە لە دار و دەستەی شۆڕشگێڕەکانی تری عێراق ئەچوون و چاویان پێ ئەکەوت، ناوو ناوبانگ و هێزیشی رۆژ بەرۆژ زیاتری ئەکرد. لەم دەنگانە هەمووی ئەکەوتەوە بەرگوێ [مستەفا کەماڵ] و تورک خواکان، مستەفا کەماڵ ئەو مەترسیەی کە هەیبوو لە [سمکۆ] سەیری کرد هەر لە زیادیەو ئەگەر بەم جۆرە لێ بگەڕی لەوانەیە ئاگری ئەم، لەم رۆژهەلاتەیەوە گەلێ بەتینتر ئەبێ لە ئاگرەکەی [یۆنان]کە لە رۆژئاوایەوە هەڵیانگیرساندووە!.. سمکۆ ـ یش بێ ئاگابوو لە ناو دڵی [مستەفا کەماڵ]ە بەڵکوو هەروا چووبووە دڵیەوە کە مستەفا کەماڵ دۆستی لێستە و پاشەرۆژیەتی!. لەبەر ئەمە پاڵی لێ دابووەوە!..

[سمکۆ] لەشیرین خەوابوو، خەوی بێ ئاگایی لەناو دڵی مستەفا کەماڵ و خەوی راستەقینە!. لەناکاو شەو لە ناوێک لەلایەن هێزی [مستەفا کەماڵ]ەوە شەبەیخونی کرایە سەر و درایە بەر شلیکی تفەنگ!. لەم شەبەیخونەدا زیانێکی گەورە رووی کردە [سمایل ئاغا]، گەلێک پیاو ماقووڵەکانی و یەکێک لە ژنەکانی کوژران، خەزنەی پارەکەی تاڵان کراو «خەسرەو»ی کوڕ ـ یشی بە دیل گیرا!. خۆی و ئەوانەی کەمابوونەوە و بەهەر جۆر بووبوو رزگاریان بووبوو لەو ناوچەیە کشانەوە و خۆی گەیاندە وڵاتی «ورانێ» و لەوێدا سەقامگیر بوو.

لە پاش ماوەیەک لە ساڵی (١٩٢٣)دا خەبەری نارد بۆ [شێخ مەحمود] کە ئەیەوێ

بچێت بۆ دیدەنی. شێخ مەحموود ـ یش هاتنی سمایل ئاغا و چاوپێ کەوتنی سمایل ئاغای لەو رۆژانەدا پێ خۆش بوو. خۆی و حوکوومەتەکەی بۆ ئەو میوانداریە ئامادە کرد.

لە شوباتی (١٩٢٣)دا. سمایل ئاغا بە خۆی و لەشکرێکی رازاوەوە گەیشتە ناوشاری سولەیمانی و لەلایەن حوکوومەتی کوردستانەوە پێشوازیەکی شاهانە کرا، شادی و ئاهەنگی ئەو رۆژەی شاری سولەیمانی بۆ هاتنی پێشرەوێکی میللی وەکوو «سمایل ئاغا» یەکێک بوو لە رۆژە هەرە میللیەکانی مێژووی ئەو شارە. ئەو ماوەیەکە لە سولەیمانی بوو میوانی حوکوومەتی [شێخ مەحموود] بوو، لە هەموو روویەکەوە قسەیان لە بناغە قایم کردن و پەرەسەندنی حوکوومەتی کوردستانەوە کرد. «سمایل ئاغا» فیکری هانە سەر ئەوە کە ئەویش لە کوردەواری ئێران ئیشێکی وابکا هەر دوولایان بین بەیەک. بەڵام هەندێ ناگوزەرێ لەناو دەستە و دایەرەی حوکوومەتی «شێخ مەحموود»دا چاو پێ کەوت بازگەشت بووە وە لەو فیکرەی و جۆری حوکوومەتداریەکەی [شێخ مەحموود]ی بە تەواوی نەچووە دڵەوە، کەوتە سەر ئەو باوەڕە کە حوکوومەتداری نابێ وابکرێ!.

تەنانەت لەو سەردەمەدا کە لەوێ بوو هەندێ کردەوەی [شێخ قادری] سپەهسالاری بەلاوە باش نەبوو، لەباوەڕی ئەوا کردەوەکانی ئەو زیانی بوو بۆ حوکوومەتی [شێخ مەحموود] بەڵکوو ئەو کردەوانە و یاسای حوکوومەت و حوکوومەتداری زۆر لێک دووربوون!. بە [شێخ مەحموود] ئەڵێ:ـ

«تۆ ئەگەر ئەتەوێ حوکوومەتداری بکەی ئەبێ ئەو سپەهسالارەت بکوژی، چونکە بوونی ئەو لەگەڵ ئامانجی تۆدا رێ ناکەوێ. دیسان دروستکردنی حوکوومەت و سیاسەت چاو لەهەموو براو خزمێک ئەپۆشێ. تۆ ئەبێ یا خزم و براو کەس و کارت بۆێ، یا ئەبێ حوکوومەت و حوکوومەتداریت بۆێ. لە حوکوومەتداریا هەرکەس هات و بوو بە مایەی سەرنەکەوتن و پێش نەکەوتنت، تۆ ئەبێ ئەو کەسە بکوژی با براو خزمیشت بێ!.»

ئەمە قسەی ئەو «سمایل ئاغا»یەبوو کە بێجگە لە تفەنگ هیچ قوتابخانە و دانشگایەکی نەبینیبوو!. نەوەک هەر ئەوەندە بەڵکوو خەتی رەش و سپی لێک نەئەکردەوە، لەگەڵ ئەوەشا جۆرە قسانێکی وەها لە عالەمی سیاسەتا لە ریزەی قسە هەرە گەورە سیاسیەکانی عالەما دائەنرێ.

لە پاش ئەوەکە چەند رۆژێک لە سولەیمانی مایەوە لەبەر ئەو ئاژاوەیە کە کەوتبووە سولەیمانیەوە و ئینگلیز بە «بەیاننامە» و هەرەشەکردن تۆزێ تیا ئەکرد، لە [٢٦ی شوباتی ١٩٢٣]دا شاری سولەیمانی و خەڵکی سولەیمانی بە کزۆڵێ سوپاسەوە بەجێ هێشت و رووبەرووی ولاتی خۆی بووەوە. لەو ماوەیەدا کە لە سولەیمانی بوو چ، لە لایەن حوکوومەتی «شێخ مەحموود»ەوە، چ لە لایەن خەڵکی سولەیمانیەوە خزمەتێکی جوان کرابوو، هەرجارە «سمایل ئاغا» خۆی لە هەموو کۆڕێکا باسی ئەو خزمەتانەی سولەیمانی ئەکرد و لەگەڵ ئەوەشا دەردەدڵی لە هەندێ لە پیاوەکانی «شێخ مەحموود» بۆ هەڵسووڕاندنی کاروباری حوکوومەت ئەکردا.

* * *

[سمایل ئاغا] لە ئێرانا بە تەواوی ناوبانگی بڵاو بووبووەوە، لەولاوە ناوی چووبوو بۆ تەورێزو «ئازربایجان»، لەملاوە بۆ «شیراز» و «تاران»، ئێجگاریش بەوە زەنەقی «عەجەم» و تورکمانەکانی بردبوو کە بەسەرکەسیانا نەئەچوو، هەرکەسی دەست ئەکەوت ئەیکوشت، لەوانە نەبوو یەکێ لە دەستی رزگاری بێ!. تەنانەت ئەمە یەکێکە لەقسەو کردەوەکانی [سمایل ئاغا] کە عەجەمەکانی رێز ئەکرد و ئەیوت: «بزانم گوللەم تاکوێ بڕ ئەکا!.» لەم سەرەوە تفەنگێکی تێ ئەگرتن بۆ ئەو سەرو پاشان سەری ئەبڕین و کەللە سەرەکانیانی بەسەر یەکا کۆمەڵ ئەکرد و سەیرێکی ئەکردن و ئەیوت: «هێشتا خوێنی جەوهەرئاغا وەرنەگیراوەتەوە، خوێنی [جەوهەرئاغا] وەختێک وەرگیراوەتەوە کە

ولاّتی کورد سەربەخۆیی و لەمانە پاک بکرێتەوە!»[١].

ئەم کارەساتانە کە لەگەڵ حوکوومەتی ئێرانا ئەیئواند لەگەڵ حوکوومەتی تورکیا ـ ش ئەیکرد و هەمووجار پەلاماری خاکی تورکیا ـ شی ئەدا، تورکەکانیش لەشکریان لێ ئەکرد، کە ئەیزانی زۆری بۆ دێت خۆی ئەهاویشتەوە ولاّتی کوردەواری ئێران و لەو

---

١ ـ بەتایبەتی ئەو شتەش کە [سمایل ئاغا]ی فێری ئەم خوێنڕشتە کردبوو کردەوە ناشیرینەکانی حوکوومەتی ئێران بوو لەگەڵیا کە بە ئاشکراو پەنامەکی ئەیانەویست بە هەر جۆر بووە لە ناوی بەرن.

لەو دەورانەداکە هەر جارە حوکوومەتی ئێران لەشکری ئەنارده سەری و هیچ چارێکی پێ نەئەکرا، جارێک حاکمی «ورمێ» «سندۆق»ێکی زرق و برقی جوانی بە دیاری بۆ ئەنێرێ و ئاینی دۆستایەتی لەگەڵ ئەکاتەوە.

[سمایل ئاغا] لە کوێستان ئەبێ، لەناو چیمەن و سەوزەلاّنیا دەوار هەڵدراوەو لە دیواخانا دانیشتوە. لەو کاتەدا کابرای راسپێر بەخۆی و قاقەزی [حاکم] و سندۆقە دیاریەکەوە ئەگا و سندۆق لە ناوەڕاستی دیواخانا دائەنێ و قاقەزەکەشی ئەداتە دەست.

«خەسرەو»ی کوڕی سمایل ئاغا لەو سەردەمەدا منداڵ ئەبێ و لەتەمەنی چوار پێنج ساڵانا ئەبێ و لەدیواخان لە تەنیشت باوکیەوە دانیشتوە. کە چاوی بە [سندۆق] ئەکەوێ بەلایەوە شتێکی جوان و زرق و برق ئەبێ بۆی ئەشنێ و ئەگاتە سەری. سندۆقەکە ئەمدیو ئەو دیو ئەکا. کوتوپڕ [سندۆق] ئەتەقێتەوە!. تومەس ئەمە ناوەکەی هەموو پڕ بەتی لە دانەمیت!.

«سمایل ئاغا» هەر ئەوەی پێ ئەکرێ پەلامار ئەدا و خۆی ئەخا بەسەر خەسرەوا. کە سندۆقەکەش ئەتەقێتەوە «دانەمیت»ەکانی بەو ناوەدا بلاّو ئەبنەوە و گەلێ کەس لە دانیشتوانی دیواخانەکە ئەگرنەوە و ئەیانکوژێ، تەنانەت یەکێ لە کوژراوەکان برایەکی تری [سمایل ئاغا] خۆی بوو لەو شوێنەدا!. ئەوەندە هەیە خۆی و «خەسرەو»ی کوڕی رزگاریان ئەبێ و بەرناکەون.

پاش ئەم کارەساتە وەلاّم ئەنێرێ بۆ حاکمی [تەورێز] کە کارەساتێکی وائەوماوە و داوای ئەو کەسانەیان لێ ئەکا کە ئەم ئیشە ناشرینەیان لەگەڵ کردووە. حاکمی [تەورێز]یش بۆ ئەوە خۆی لەژێر ئوباڵی ئەم کردەوەیە دەرکا شەش حەوکەس لە کاربەدەستانی «ورمێ» بۆ ئەنێرێ.

[سمایل ئاغا] کە ئەمانە وەرئەگرێ ئەیانێرێتە سەر لووتکەی شاخێکی هەزلر بەهەزار و لەوێ فڕێیان ئەدەنە خوارەوە هەپرون بە هەپرون ئەبن!. جا ئیتر بە هۆی ئەم کردەوانەوە ئەویش کەوتە سەر *ئەو خوێنڕێژیە لە [عەجەم]ەکان و بە هیچ جۆر درێغی لێ نەئەکردن!.*

ولأتە پان و فراوانەداكە ـ دايگرتبوو ـ راپەبوارد.

لە (١٩٢١)دا رۆژنامەيەكى كوردى بەناوى «كورد»ەوە لە شارى «ورمێ» دەركرد و لەم رۆژنامەيەدا كارەساتەكانى خۆى و ئەو ولأتانەى تێدا ئەنووسرا كە ئەو دەستى بەسرا گرتوون، لەگەڵ ئەمەشا هەموو جۆرە هاڵ و هەواڵێكى دەرەوە و حوكومەتەكانيشى تيا ئەنووسرا. بەم رۆژنامەيە [سمايل ئاغا] بە تەواوى دەنگى كوردايەتى لەو ولأتانەدا بلأو ئەكردەو مەبەستى شۆڕشى خۆى لە عالەم تێ ئەگەياند.

لە دەورووبەرى ساڵانى (١٩٢٢)دا حوكومەتى ئێران ـ كە [رەزاخان] وەزيرى جەنگى بوو ـ خۆى كۆ كردەوە و «مەلك‌زادە» ناوى بە هەزار كەسەوە نارده سەرى لە ولأتى «ورمێ»، ئەمانە هەموو جۆرە چەكێكى رێك و پێكيان پێ بوو. [سمايل ئاغا] بەرەنگاريان بۆ شكاندنى، (٧٠٠) كەسى لێ گرتن سەرى برين!. بەم ئيشەى ئەوى زات بوو لەزاتى ئێرانيەكانا نەما، ناوى [سمايل ئاغا] بهێنرايە لەهەر دەستە سەربازێك لە شوێنەكەى خۆيانا وشك ئەبوون و تواناى شەڕيان نەئەما!.

«خالۆ قوربان» و «ميرزا كوچك‌خان» هەبوون لە ولأتى «ئەردەبيل» و «پشكۆ». ئەمانە هەر يەكە لە شوێنى خۆيان ناو و ناوبانگێك و دەورێكيان ئەگێڕا، لەو ولأتانەدا ئەوانيش هەر لە پاش شەڕى گەورە حوكومەتى ئێرانيان بۆ ماوەيەكى زۆر هێنابووە تەنگ، [ميرزا كوچك‌خان] لە خەتى سنوورى «قەوقاز»ەوە ئێرانى شڵەژاندبوو، خالۆ قوربان ـ يش لەخەتى رەشت و گيلأن و پشتكۆوە، دەورە دەرخشانەكەى [رەزاخان] لەو دەورانەدا ئەوەبوو كە كرديە كارێ لە ئاخرا ئەمانەى راكێشا بۆ لاى خۆى و خالۆقوربانى هان‌دا بۆ ئەوە بچێ بەگژ «سمايل ئاغا»داو لە ناوى بەرێ!.

لەسالأنى (١٩٢١ـ١٩٢٢) «خالۆ قوربان» بە نيازى لەناو بردنى سمايل ئاغا بەلەشكرێكى كۆكى عەشايريەوە روو بە ولأتى «سمايل ئاغا» بەرێ كەوت. كە ئەم خەبەرە گەيشت بە سمايل ئاغا ئەميش خۆى كۆ كردەوەو چوو بە پيريەوە، لەو شوێنەكە پێ ئەڵێن

«حاجی حەسەن» تووشی یەک بوون، لەپاش شەڕێکی مەردانە «خالۆ قوربان» شکاو لەشکرەکەی ئەوی لەدەست سەربڕین رزگاریان بوو بەرەودوا بوونەوەو ئیتر جارێکی کە ئەو جۆرە لەشکرانە روویان نەکردەوە بەولاتی «سمایل ئاغا»دا!.

* * *

شەڕی (١٩١٤ـ١٩١٨) هەموو دنیای تێک شلەژاندبوو، ولاتی ئێران ڕێبازی رووس و تورک و ئەلمان و ئینگلیزبوو، لەژێر پێدا پلیشابووەوە، حوکوومەتی قاجار لە ئێران هەر ناوی مابوو. «رەزاخانی پەهلەوی» لە ئێران هەلکەوت؛ لە ئێرانێکی بێ نووزەی ئەو دەورە، لە (١٩٢٠)دا «تاران»ی گرت، وەختێ ئەو تارانی گرت لە هەموو سووچێکی ئێرانەوە بلێسەی ئاژاوە بوو، لە (١٩٢٣) بوو بە ـ رەئیسی وزرای ئێران ـ لە (١٩٢٤)دا «ئەحمەشا» ـ ئاخر پادشای قاجار ـ لەسەر تەختی ئێران هێنرایە خوارەوە، لە (١٩٢٥)دا «رمزاخان» بوو بە شای ئێران و بوو بە «رەزاشا».

لە رۆژی دوایی هاتنی شەڕی گەورەدا [رمزاشا] بەو ناوەوە کە ئەفسەرێک بوو لە نەبروی ئێران هەموو جار گوێ لە کارەساتەکانی سمایل ئاغای [سمکۆ] ئەبوو کە لە ولاتەکانی رۆژئاواو شیمالی رۆژئاوای ئێرانا ئەیگێرا، بەلام هیچی بەرانبەر پێ نەئەکرا، لەم رووەوە «رەزاشا» ترسێکی لێ پەیداکردبوو. لە پاش ئەوەکە [سمکۆ] بەشەڕ و شۆڕ چار نەئەکرا چەند جارێک ویستی لەگەلی بکەوێتە قسە، ئەم هەر خۆی نەئەدا بە دەستەوە. لە ئاخرا بەوجۆرە لەگەلی رێک کەوت کە لەسەر کانیەک هەیە لە «شاروێران» «رەزاشا» بێت و «سمکۆ»یش بچێتە ئەوێ پێکەوە دوو بەدوو دەستبکەن بە قسەکردن.

لە (١٩٢٤)دا «رەزاشا» هات و ئەمیش چوو لەو شوێنە کەوتنە قسەکردن، مەرجیشیان ئەوەبوو کە هیچیان هێزێکی وایان لەگەل نەبێ. قسەکردنەکەشیان ئەوەبوو گۆیا ئەو بەشی ولاتی کوردەواریە بۆ [سمایل ئاغا] بێت و بەشی [فارس] و [تورکمان]ەکەش بۆ رەزاشا و حوکوومەتی ئێران بێ و ئیتر سمکۆ وازبێنێت. ئەم جۆرە

قسانەش زمانلووسی پیاوە ئێرانیەکان بوو هەر جارە لەگەڵ کوردەکان ئەیانکردا. سا، لەوێدا هەر قسەیەک کرا، کراو هەر یەکە گەڕانەوە بۆ شوێنی خۆیان.

لە قسەکانی «سمایل ئاغا»یەکە لە پاشا گێڕابوویەوە وتبووی:

«من لە ژیانما لەکەس نەترساوم، بەڵام کە چاوم بە [رەزاشا] کەوت پشتم هاتە لەرزین!. من «هەلم بۆ هەڵکەوت ئەوم نەکوشت و هەلم لەدەست بەردا، بەڵام لە ئاخرا ئەو من ئەکوژێ!.»

لەو سەردەمانەدا کە لە خاکی [تورکیا] بوو وە لە عەینی وەختیشا نزیک بوو بە سنووری ئێرانەوە، لە شۆڕشەکانی (١٩٢٥-١٩٣٠)ی کوردەکانی تورکیا بە تەواوی ئاگادار بوو وەتازەش ئەو شۆڕشە دەستی پێ کردبوو، واتە هەر لە ساڵی (١٩٢٥)دابوو. هەستا «کەمال فەوزی» ناوی نارد بۆلای قونسوولی رووس لە «ورمێ» وتی: «ئەوا کوردەکان لە تورکیادا شۆڕشیان ناوەتەوە. ئێوان لەم رووەوە چی ئەڵێن؟.» قونسوول ـ یش وەڵامەکەی بۆ ناردەوە کەئەوان لەم شۆڕشەدا بە هەڵەچوون و هیچیان بۆ ناکرێ!.[1]

[سمایل ئاغا] بەم جۆرە لەوڵاتەکانی ئێران و تورکیا رۆژبەرۆژ پەرەی ئەسەند و هێزی زیادی ئەکرد. لەولاشەوە حوکوومەتی ئێران و [رەزاشا] هەتا ئەهاتن بەهێزتر ئەبوون و عەشایرەکانی وڵاتی «ئێران»ی لەناو ئەبرد، حوکوومەتی تورکیا ـ ش عەینی چەشن دەوری عوسمانی نەمابوو، دەوری «کەمال ئەتاتورک» بوو، بەهەر دووولایانەوە رقیان لە

---

١ ـ وا دەرئەکەوێ ئەم خەبەرەی ـ سمایل ئاغا بۆ قونسوولی ورمێ ـ لەبەر ئەوە بووە کە بزانێ ئایا رووسەکان پشتیوانی ئەو شۆڕشە ئەکەن یان نە؟!. ئەگەر نەیکەن ئەم ئەتوانێ لەسەر لێشی خۆی بڕوا و دڵنیا ئەبێ لەوەکە مادام رووس پشتیوانی ئەولاناکا، ئەم سەر ئەکەوێ.

دیسان ئەمەش دەرئەکەوێ کە رووسەکان لەو سەردەمەشدا پشتیوانی هیچ جۆرە بزووتنەوەیەکی کوردییان نەکردووە!.

[سمایل ئاغا] هەستابوو، هەربەکە لەلایەکەوە ئەیویست سەربەخۆ لە ناوی بەرێ، ئینگلیز ـ یش لەولاتی عێراق لەوان خراپتر سیاسەتەکەی شتێکی تری ئەویست!..

[سمایل ئاغا] لەناو ئەم هەموو ئاگرانەدا خۆی لەپاراست و بەڵکوو شانوشەوکەتی خۆی هەر زیاد ئەکرد. لە [تشرینی یەکەمی ١٩٢٦]دا لەخەتی «پەسوێ»وە هاتە عێراقەوە و رواندزی داگیر کرد و تیایا دانیشت. «سید طه»ی شەمدینان بە هەموو جۆر لەگەڵی بوو، لەگەڵ عەشایرەکانی ئەو ولاتانەدا هەموو رێ کەوتن و بوون بە یەک قسە، حوکوومەتی عێراقی دەستی لەو ناوانەدا بڕا. هەرچەندە لەشکر و نەبروی ئەنارد بەشی ئەویش وەکوو بەشی لەشکرەکانی ئیرانی لێهات!.

لێرەدا ئینگلیز کەوتە خۆی و ئەویش دایەپاڵ حوکوومەتی عێراقی، لە پاش شەڕ و هەرا و کوشتارێکی زۆر لەمارسی (١٩٢٨)دا «سمایل ئاغا» ناچار کرا بەوەکە بچێتە خاکی تورکیا، لەویش حوکوومەتی تورکی بە هەموو هێزێکیەوە بەرەنگاری بوو، هەرچەندە حوکوومەتی عێراق و ئینگلیز بە هەموو جۆر سەری رێیان پێ گرتبوو لەگەڵ ئەوەشا هەر لە عەینی سالاگەڕایەوە بۆ عێراق و ناوچەکانی پێشووی داگیر کردەوە!.

«مەندوویی سامی» بەغدا سەیری کرد ئەگەر [سمایل ئاغا] بەم جۆرە لەسەر ئیش بڕوا ئارەزووەکانی ئەو و ئەونەکانی هەموو تێک ئەچن!. ئەمجا هێنای حوکوومەتی عێراقی هەڵخڕان بۆ ئەوەکە لەگەڵ حوکوومەتی ئیرانا قۆڵ بکەن بە قۆڵی یەکا بۆ لەناوبردنی [سمایل ئاغا]!. لە عەینی وەختا ئەمانەی هەموو کرد و هەر دوو حوکوومەتەکە بە جارێ کەوتنە پەلاماردانی سمکۆ، «سمکۆ» لەپاش شەڕێکی زۆر دیسان گەڕایەوە بۆ خاکی تورکیا.

لە پاش ماوەیەک سەیری کرد کاروباری ئەو و ئامانجی ئەو بەو جۆرە دروست نابێ کە هەر وابە بێدەنگ لە خاکی تورکیادا دانیشێ. مەبەستیش ئەگەر شەڕکردنە شەڕ ئەبێ لەسەر شتێک بکرێ کە، بەرێکی هەبێ. لەبەر ئەمە هەستا لەوێشەوە گەڕایەوە بۆ ولاتی

ئێران؛ بۆ ئەو شوێنەی کە دوورە لە سنوورەکانی عێراق و تورکیاوە. بەم جۆرە لەو ولاتەدا لێ‌دانیشت و حوکوومەتی «رەزاشا»یش هەر کۆششێکی ئەکرد بۆ لەناو بردنی بە هیچ دەرلەچوو.

حوکوومەتی ئێران کە زانی لە قاپی دوژمنایەتیەوە هیچی پێ لەگەڵ ناکرێ ئەمجا هێنای بنای دۆستایەتی و خۆشەویستی لەگەڵ دامەزراندو کەوتە قسەی خۆش کردن لەگەڵیا. بەم جۆرە «سمایل‌ئاغای» هێدی کردەوە تاکەوتە ساڵی (١٩٣٠)، لە نیسانی ئەو ساڵەدا بانگێشتنێکی مافوولانەی بە ناوی دۆستایەتیەوە لە شاری «شنۆ» بۆ کرد. سمایل‌ئاغا ـ ش بە هەموو دڵێکی دۆستایەتیەوە بە چەند سوارێکی کەمەوە چوو بۆ سەربانگێشتنەکەی.

ئەمەش گۆیا بەو ناوەوە کە دیسان [رەزاشا] ئەیەوێ چاوی پێ‌بکەوێ و هەندێ قسەو باس هەیە پێکەوە بیکەن، چەپەری ئەم دەستە گوڵەش «عەممەرخانی» شەرەفی یا شەریفی بوو ـ کە ئامۆزای سمایل‌ئاغابوو [سمایل‌ئاغا] بڕوای پێ ئەکرد، کە ئەچن بۆ سەربانگێشتن «سەرهەنگ سادق‌خان» ـ کە ئامر فەوجی شنۆ ئەبێ ـ دێت ئەڵێ: «شا، نەیتوانی بێت، من لەباتی ئەو هاتووم و میوانداری بەجێ دێنم»ا.

شوێنی بانگێشتن و میوانداری لە قشڵەی حوکوومەت بوو، کە «سمکۆ» گەیشتە ناو شار بە پیریەوە چوونێکی رەسمی لەلایەن حوکوومەتەوە بۆ کراو دووڕۆژ میوانی حوکوومەت بوو. [سمایل‌ئاغا] ئاگای لێ نیە کە تەونی بۆ تەنراوەتەوەا. رۆژی سێهەم ئەیەوێ بگەڕێتەوە، فەوجێکی عەسکەر خۆیان بە دەورەی کۆشکەکەدا حەشارئەدەن. لەو وەختەداکە [سمایل‌ئاغا] خەریکی نانخواردنی میوانداریی نیوەڕۆی حوکوومەتی [ئێران] ئەبێ پاشان هەڵئەستێ بگەڕێتەوە، «سەرهەنگ سادق‌خان» دەست ئەخاتە ناو دەستی و بە جووتە دێنە دەرەوە و ئەگەنە سەر پردوشیوەکە، سەرهەنگ دەستی خۆی رائەوەشێنێ لە دەستی. لەگەڵی دەست راوەشاندن، فەوجە عەسکەر لەناکاو دائەبارن و

بەبێ پشوو دەست ڕێژێکی بەسەرا ئەکەن و [سمایل ئاغا]و پیاوەکانی ـ تەنها دووکەسیان نەبن ـ لەو شوێنەدا ئەکوژرین!. قسەکەی خۆی هاتە دی لەگەڵ ڕەزاشا ـ داکەوتی: «من ئەوم نەکوشت، بەڵام ئەومن ئەکوژێ!».

حوکومەتی «ئێران» گەلێ میوانداریی وای بۆ کوردەکان کردووە!. [جەوهەر ئاغای] برایشی هەر بەو جۆرە لە [تەورێز] میوانداریی بۆ کرا!.

ئیتر بە لەناوچوونی [سمایل ئاغا] شۆڕش و کۆششی چەند ساڵەشی لەناو چوو ئەو ئاواتەی کە هەیبوو بردیە ژێر گڵ!. ئەوەندە هەبوو دەنگی بڵێسەی شۆڕشەکەی وەنەبێ هەر لەو کوانووەی کوردەواریەدا بۆیێت، بەڵکو دەنگەکە لە دەری کوانووەکەو لە پاش ئەو دەورەش بە هۆی ڕۆژنامەکانی بێگانەوە هەر ئەهات و ناوی ئەو شۆڕشە کەوتە سەر گەلێ لاپەڕەی کتێب و داستانان و لەمەوە شۆڕشێکی گەلێ فیکری کەوتە مێشکی زۆر لە کوردەکانەوە!.

شۆڕشی سابلاخ

شەهیدی ئازادی کورد
[قازی محمد]
(١٨٩٣-١٩٤٧)

وەکوو لە شوێنەکانی تری ئەم کتێبەدا بۆمان دەرکەوت لەدوای دوایی هاتنی شەڕی (١٩١٤-١٩١٨) بیروباوەڕێکی ترکەوتە دنیاوە، کۆنگرە سیاسیەکان و پەیمانەکانی «سیڤەر» جۆرەشێنێکی تریان بە مەردم پیشان ئەدا؛ لەوەیان پیشان ئەدا کە هەموو قەومێک ئەبێ بە بەشی خۆی بگاو لە دیلی دەرچێ، بە تایبەتی قەومی کورد ئەم دەهۆڵەی بۆلێ ئەدرا!. کە شەڕی گەورەی دووهەمیش هاتە پێشەوە، شەڕی (١٩٣٩-١٩٤٥) بە پەیمانی «ئەتلەسی» ئەو دەنگ و ئاوازەیە بە شەپوورێکی تر دیسان بلاّو کرایەوە!.

هەر کە جەنگی پێشوو دوایی هات قەومی کورد لە هەمولایەکەوە کەوتە شوێنی دەنگەکەو ماوە بە ماوە لە هەر سووچێکەوە پێشوازی وەرگرتنی ئەو حەقەیان ئەکرد. بە تەبێعەت ئەم باوەڕە لە ولاّتی «سابلاخ» بە پوختی بلاّو ببوبووەوە؛ لە پاڵەوانەکانی شەڕی پێشوو حوکوومەتەکانی ئینگلیز، رووس، ئەڵەمان و عوسمانی بوون. رووس و عوسمانی هاوسنووری «سابلاخ» بوون، ئەڵەمان و ئینگلیزیش بە هۆی دووەکەی ترەوە نەوەک هەر لە ولاّتی سابلاخ بەڵکوو لە هەموو خاکی ئێراناگەمەوگاڵتەیان ئەکرد!..

پاش کشانەوەی ئەوانە هەر یەکە بۆ ولاّتی خۆیان -بەناو!- شۆڕشەکانی سمایل ئاغا -ی «سمکۆ» لەرەگ و ریشەی سابلاخ و ولاّتەکانی ئەرگەوڕ و مەرگەوڕ و سندوس -دا، لەگەڵ شۆڕشەکانی [شێخ مەحموود] لە ولاّتی سولەیمانی، ئەم دوانە ئەوەندەی تر

گوێچکەی وڵاتی سابلاخیان ئەزرنگاندەوە بەوە کە ئەمانە سەربەخۆیی کوردیان ئەوێ.
ئەمانە هەموو ئەوەمان پیشان ئەدەن کە گەلاڵەی بیرو باوەڕێک لە وڵاتی سابلاخا هەر لە دەمێکەوەبوو، کە هەبوو.

کە شەڕی دووهەم هات بەسەرا لەبەر ئەوە وڵاتی کوردەواری نەوتی هەبوو؛ لەو نەوتە کە نەبوونەکەی پشتی ئەڵەمانی دابەزەویا، بوو بە چاوەنداری گەلێ لە حوکومەتە گەورەکان، هەریەکە لەم رووەوە بە جیا ئەیەویست گەمەوگاڵتە و شۆخی لەگەڵ کورد و کوردەواری‌دا بکا..

دیسان هەر بە هۆی شەڕەوە لەم لاو لەولاوە ئینگلیز و رووس رژابوونە ئێرانەوە، دۆست بوون بۆ ئەوە ئەڵەمان لەناو بەرن، بەڵام لە پەنامەکێشا هەر دۆست بوون؟!. ئەمە «لۆرانس» و «لەسداف» ئەیزانن، کە لۆرانس لەلایەن ئینگلیزەوە «لەسداف» لەلایەن رووسەوە بە ناوی کاروباری سیاسەت و بازرگانیەوە بەوڵاتەکانی کوردەواری ئێرانا لەگەڕان و هەریەکەیان بە بێ‌دەنگی ئەویکەیان کوردەکانیان بەبارێکا رائەکێشا!!..
کوردیش لەبەر دڵسافی خۆی وە یا لەبەر ناچاری خۆی، دڵی ئەچوو لە دەنگی خۆش و شوێنی ئەکەوت!.

ئەم دڵسافی و ناچاریە بووە، کە لە هەموو رۆژو لاپەڕەیەکی کوردا تووشی ئەوەی کردوون کە بکەونە شوێن دەنگی دهۆڵ!. نەوەک ئەوە کە دوژمنەکانی کورد ئەڵێن: کورد پارەپەرست و بێگانە پەرستە، پارە پەرست نیە چونکە وەنەبێ لەو دوژمنانە پارەپەرستربێ؛ دوژمنەکانی کورد بۆ پارە هەرشتێکیان هەبە و نیە ئەیدۆڕێنن، کورد لەسەر شەرەف و عەنعەناتی قەومی خۆی، خۆی ئەدا بە کوشت، نەوەک ئەیفرۆشێ بە پارە.

بێگانە پەرستیەکەیان رەنگێ راست بێ، بەڵام ئەمەش لەبەر دڵپاکی و لەبەر ناچاریە بە ئەڵهای قەومیەتەوە، ئەو بێگانانە خراپن کە ئەوەندە درۆ لەگەڵ کورد ئەکەن، نەوەک

کورد خراپەکە بە هۆی دڵپاکیانەوە بەگوێ ئەوان ئەکەن. تا ئێستە وابووە بەڵام لە ئێستە بە دواوە پێویستە کورد خەبەری بێتەوە و ئیتر بەگوێ کەس نەکا و کۆششی خۆی بۆ خۆی بێ.

لەبەر دوو شت بەگوێ کەس نەکا؛ یەکەم لەبەر ئەوە تا ئێستە کە شوێن ئەمووڕەی خەڵک کەوتووە هیچی نەبەستۆتەوە، با ماوەیەکیش شوێن دەنگی خۆی بکەوێ بزانێ لەم دەرگایەوە چی ئەبێ؟. دووهەم با ئەو شووڕەییەکە دوژمنەکانی پێوەی ئەنووسێنن و ئەڵێن بێگانەپەرستە با ئەو پەردەیەش لادا بزانین ئەو وەختە ئەو دوژمنانە چی‌تر ئەگرن بە دەستەوە بۆ، لەکەدار کردنی کورد؟!.

* * *

ئـەو دەنگــی ئــازادی و ســەربەخۆییەکــە لە ئێــواری دیــواری دوو شـەڕی (١٩١٤-١٩١٨ و ١٩٣٩-١٩٤٥)ەوە بەرز ئەبووەو بەر گوێچکەی کورد ئەکەوت عەینی دەنگیش بۆ بەرگوێچکەی ئازربایجان و وڵاتی «ئازربایجان» ئەکەوت. بە تایبەتی لەشەڕی دووهەماگوێچکەی ئەوان زیاتر ئەزرنگێنرایەوە، چونکە ئەوان بە بـێ پـەردە سنووریان نووسابوو بە سنووری رووسیاوە، بۆ دەست‌خستنی نەوتیش دیاریەکی بـاش بووا. ئەمە و خۆیشیان هەر لەگـەڵی زووتـرەوە هـەستیان بـەشتێک کـردبوو، بـۆیە لە دەورەکانی «قاجاری»دا تەورێز پایتەختی «ولیعهد» بوو، بـۆیە لە دەورەی [رەزاشـا]دا هـەمور دەمـێک تـەورێز وڵاتـی [تـەورێز] لەچـەوساندنەوەدابـوون و لە ژێـر ئـەو چاوێریەدابـوون کـە نـەوەک لەژێـر فـەرمانی [تـاران] دەرچـن و حـەوملیۆن کـەسی [ئازربایجان]ی بگەن بە سەربەخۆیی!.

لەو سەردەمەکە نەیرەکانی - ئینگلیز و رووس - چووبوونە ئێرانەوە لەو مەرجەیان دابوو، کە لەگەڵ دوایی هاتنی جەنگا هەر دوولا وڵاتی ئێران بەجێ بێڵن. شەڕ وردە وردە خەریکە دوایی دێت، تاکی تەرازووی سوێندخوارەگان خەریکە قورس ئەبێ. هەردوو

نەیروو لەدلاّ ناتوانن دانکەنی نەوتی ئەو ولاّتە بین، لەرواڵەتیشا پێیان ناکرێ نەچنە دەرەوە چونکە پەیمان لەبەینایە، ئەم بەو ئەڵێ بچۆرە دەرەوە و ئەویش بەم ئەڵێ بچۆرە دەرەوە!.. لەبەر ئەمە پێویستە هەر یەکەیان بە ناوی شتێکەوە پێ دابگرن!. شتیش لەوە چاکتر دەست ناکەوێ کە دەنگی ئازادی و سەربەخۆیی قەومەکانی ئەو ولاّتە بلاّوبکرێتەوە!..

«ئیبراهیم حەکیمی ـ حکیم الملك» سەرۆکی وەزارەتی ئێران و «جەنەراڵ ئەرفەع» سەرۆکی ئەرکانی جەنگ بوون، ئەگەر هەر جۆرە بەند و باوێک لەو ولاّتانەدا بلاّو بکرێتەوە وەنەبێ ئەوان بتوانن بەرهەڵستی بکەن، ئێران نەخۆش بوو، [حکیم الملك] نەخۆشتر بوو!. ئەڵێم نەخۆش بوو بەرانبەر بەو شەڕانەو بەو کێشەوەرانە ئەگینا خوا هەڵناگرێ لەو رۆژانەدا «أسد علی ولی الحروب نعامة!.» وەیا:

«شیر اند پیش پشه و شغال اند پیش شیرا». ئەم شتانە و ئەم هۆیانە ـ بێجگە لە هۆیە تایبەتیەکانی‌تر ـ کردیانە کارێ کە لەولاّتەکانی ئازربایجان و سابلاّخا سەرە نوێ دەنگێکی‌تر پەیدابێتەوە، بەلاّم ئەنجامی دەنگەکە ئەبێ بە قازانجی کێ؟. ئەوە مەبەستی شەپوورچیەکە نیە!. پەندێکی کوردی هەیە ئەڵێ: «پارەی کفن دەستکەوێ مردو گۆڕ بەگۆڕا». لە هەموو ولاّتی کوردەواری‌دا نەوت هەیە، هەموو عالەم چاویان لەنەوتە، نەوت و کوردیش یەکێکە، نەوت دەستکەوێ کورد هەرشتێکی بەسەردێت با بێت!!..

* * *

«سابلاّخ» کە پێ ئەڵێن «مهاباد» کەوتۆتە ولاّتی موکریان و لە رۆژئاوای خاکی ئێرانایە، پاڵی داوە بە [ئازربایجان]ەوە و نزیکە بە ولاّتی رووسیاوە، لە دووشانیشیەوە کیشوەرەکانی عێراق و تورکیایە، رووبارێکی لە پالاّیە، هەر چوار دەوری کێوەو بوون بە شورەی شارەکە. هەر لە دەورێکی کۆنەوە بە هۆی سنوورەوە شوێنی هەرا و هووراو ئاژاوەو شۆڕش بووە. دانیشتوانی [سابلاّخ] بە زەوق و دڵەڕن، بەتایبەتی سەرچاوەی

ئاهەنگ و مەقامەکانی کوردییە.

بەرەی قازیانی [سابلاخ] زۆر لەمێژە ناو و ناوبانگیان لە دڵی خەڵکی سابلاخ و وڵاتی موکریدا جێ خۆی کردۆتەوە، وەکوو بەرەی «تورجانی»یەکان ئەوانیش ئەو ناو و ناوبانگەیان بەو جۆرە هەر هەبووە.

وڵاتی کوردەواری پابەندی دیانەت و ئاشنای مەلایانی زانا و دانا بوون، دەستەی ـ مەلا و عولەما ـ لە هەموو وڵاتی کوردەواریدا پایەیەکیان هەبووە. «قازی محمد» پایە و مەرکەزی باوباپیری و زانایی و زمانزانی و دەستروێشتوویی خۆیشی ئەمانە هەموو پاڵیان پێوەناکە پیاوێکی بەرێز بێ لەوڵاتی سابلاخا. دیسان «قازی عەلی» باوکی ـ کە کوڕی میرزا قاسمی کوڕی میرزا أحمدی کوڕی میرزا قاسمی گەورە بوو ـ ئەویش لە پێشا شوێن ئاگردانێکی بۆ «قازی محمدی کوڕی» دامەزراندبوو. بە تایبەتی کە «قازی عەلی» لە (١٩٣٨)داکۆچی کرد و قەزاوەت و فتواگەڕایەوە بۆ سەر «قازی‌محمد» ئەوەندەی‌تر پایەی بەرز بووەوە.

لە [٢٥ی ئاغستۆزی ١٩٤١]کە لەشکری ئینگلیز و رووس لەم‌لاو لەولاوە چوونە ئێرانەوە، ئێران لە هەموو لایەکەوە کزی و بێ‌هێزی رووی تێ کرد، «رەزاشا»گیراو برا بۆ وڵاتان.

لە عێراقا حزبی «هیوا» هەبوو، ئەم حزبە پەلوپۆیەکی باشی بڵاوکردبووەوە و ناو و ناوبانگی بۆ هەموولایەکی کوردەواری رۆیشتبوو. ئەم حزبە حزبێکی کوردی بوو، لە ئەفسەران و سەرۆکی عەشایر و قوتابیان و خوێندەوارن چووبوونە ناویەوە. لە ساڵان (١٩٤٢-١٩٤٣) میرحاج ـ کە ئەفسەرێک و یەکێک بوو لە ئەندامە بەکارەکانی هیوا ـ بە ناوی گەڕان و دیدەنیەوە چوو بۆ وڵاتی موکریان بۆ ئەوە بتوانێ تیشکی هیوا بخاتە ئەویشەوە، هەر جارە کە ئەچوو بۆن و بەرامەیەکی وای بەرچاو نەئەکەوت کە بتوانێ راستەو راست کوانگەیەک بۆ ئەم حزبە پەیدا بکات.

هەندێ لە گەنجەکانی ئەو وڵاتە ـ کە تا بیست کەسێک ئەبوون ـ لە «سابلاخ» بە ناوی «کۆمەڵەی. ژ. ک»ەوە دەستیان دابوو بە ئیشەوە گۆڤار ـ ێکیشیان بەو ناوەوە دەرئەکرد. گۆڤارەکە ئەبرا لە «تەورێز» لە چاپ ئەدراو لە وڵاتی موکریان بڵاو ئەکرایەوە. ئامانجی کۆمەڵەی. ژ. ک ئەوەبوو کە ژیانی کوردستانی گەورە بێ[1]. «میرحاج» لە جاری دوایی‌دا خۆی گەیاند بە ئەندامانی ئەم کۆمەڵەیە و داوای ئەوەی لێ کردن کە دەستی

---

١ ـ سەرچاوەوە و بناغەی دامەزراندنی ئەم حزبەش لە پێشا ئەگەڕێتە بۆ ئازایەتی «مەلای داودی». ئەم مەلای داودیە پیاوێکی بیروناکی بەجەربەزەبوو، دووکانێکی بچکۆلەی بەقاڵی هەبوو لە شاری سابلاخ کردبووی بە دەستمایەی ژیانی. خەڵک و خواو گەنجان هاتوچۆی دووکانەکەیان ئەکرد. لەو دووکانە بچکۆلەیەدا [مەلای داودی] بیروباوەری رووناک ئەکردنەوە و وەکوو قسەکردنی گوێ ئاگردان دەرزی داستانی کوردایەتی دائەدان. لەمەوە بەرە بەرە توانی قسەکردنەکانی بخاتە شکڵێکی ڕێکوپێکەوە بۆیەیەکی‌تری بەسەرا بێنێت. تا، وای لێ کرد خستیە قاڵبی حزبێکەوە و ناوی نایە حزبی «ژ. ک» و هەموو ئەندامانی حزب تا (١٢) کەسێک ئەچوون.

پاشان «عەزیزی زەند» هەبوو، هەتا بڵێت بەکار و گورج و گۆڵ بوو لەو ڕۆژەدا بۆ ئیشی کوردایەتی، ئەویش خۆی لە [حزب] نزیک کردەوە و دەستی تێ‌خست و وردە وردە خۆی کرد بە خاوەن و سەرۆکی ئەو کۆمەڵە. لە ئاخرا عەزیز لەم کۆمەڵەیە هەندێکی ڕاکێشا و دەستەیەکی‌تریشی پەیدا کرد، ئەمانەی لەژێر چوارچێوەی ناوی «حزبی ئازادی خوای کوردستان»دا ڕێک‌خست.

«عەزیز» زۆر ئیش لێ‌هاتووبوو، ڕۆژ بەڕۆژ دام و دەزگای حزبەکەی خۆی زیاتر ئەکرد، لەمەوە ناوی دەرکرد و وای لێ‌هات ناسرا، بێگانەکان ـ بە تایبەتی حوکومەتی ئێران ـ بە چاوێکی سەیرەوە سەیریان ئەکرد. بەرە بەرە حوکومەتی ئێران ڕایکێشا بۆلای خۆی و بەرزی کردەوە. لە ئاخری کارا بە هۆی ئەومەوە گەلێ لیستەی ئەم «حزب»ە کەوتە دەست حوکومەتی ئێران و کەوتە گرتنی ئەندامانی ئەم حزبە!. عەزیز ـ یش بە تەواوی خۆی بوو بە پیاوێکی پیاوانی «ئێران»!.

پاش ئەم کارەساتە نرخێکی ئیتر لەلای پاشماوەکانی حزب نەماو هەموو بڕوای خۆیانیان لێ وەرگرتەوە و بەڵکوو بەچاوی پیاوێکی گزی کەرەوە سەیر ئەکرا.

لە پاش ئەو «حسینی فروهەر» لە پایەی سەرۆکی حزبایەتیا شوێنی عەزیزی گرتەوە و کاروباری کۆمەڵە ئیتر لە ژێر چاودێری ئەوا ئەڕۆیشت بەڵام هەر بە جۆرێکی بێ‌دەنگی، تا ڕۆژگاری «ئێران» گۆڕا و جەنگی دووهەم بە تەواوی کەوتە ناوەوە.

پارمەتی بۆ بەجێهێنانی ئامانجەکەی خۆی بۆ درێژکەن، ئەندامانی کۆمەڵە بە جۆرێک هاتنە پێشەوە کە بە هەموو ئاشکرایەک لەیەک تێ گەیشتن و لقی حزبی «هیوا» لەو ولأتەدا دامەزرا.

کۆمەڵەی «ژ. ک» بەرە بەرە پەرەی سەند و دەستیان کرد بە بلأوکردنەوەی نهێنیەکانی دلی خۆیان و پروپاگاندەکردن بۆ رزگارکردنی کوردستانی گەورە. کۆمەڵە پەرەی سەند و زیادبوو. تیپ تیپ خەڵک ئەهاتنە ناویەوە، وای لێ هات پێویستی کەوت بەوە کە سەرۆکێکی دلسۆزی ناوداری هەبێ. باوەڕی کۆمەڵە هاتە سەر ئەوە کە «قازی محمد» شایانی ئەم سەرۆکیەی هەیە.

قازی کرا بە سەرۆک، هەر بەوە کە ئەو بۆ بە سەرۆک کۆمەڵە ئەوەندەی تر پشتیوانی بۆ پەیدا بوو. مەلاکانی ولأتی موکری لەم رووەوە خزمەتێکی گەورەیان کرد، هەر مەلایەک لەگوندەکەی خۆی ئیشێکی وای ئەکرد لەگەر یەکێک نەچێتە ناو ئەو کۆمەڵەی «ژ. ک»ەوە ـ کەوا خزمەتی کوردایەتی و رزگار بوونی کورد ئەکا ـ ئەمە بە گوناحباریەکی گەورە ئەژمێرێ.

* * *

رووسەکان لەولاوە ناوچەی «ئازربایجان»ی ئێرانیان داگیر کردبوو بە هەموو جۆر دەستیان خستبووە کاروباری ئەو ولأتەوە. حوکوومەتی ئێران لەگیانەلأدابوو، «جەعفەر پیشەوەری» ـ کە پیاوێکی بە دیمەن بوو لە ولأتی [ئازربایجان] ـ رووسەکان بە هەموو جۆر یاریەیاندا حزبێکی دیموکراتی لە ولأتی ئازربایجان دامەزراندو کەوتە سەر جیاکردنەوە و سەربەخۆیی ئازربایجان!.

لەم لاشەوە کۆمەڵەی «ژ. ک» ناوێکی پەیدا کردو بە پەرەسەندنێکی تەواو پەرەی سەند. ناوی «قازی» کەوتە دیواخانە سیاسیەکانەوە، بە هەموو جۆر هاتوچۆ لە بەینی «تەورێز» و «سابلاخ»دا پەیدا بوو. ئەفسەران و پیاوانی رووس لە تەورێز ـ شوێنی

پیشەوەری ـ هەر زۆر زۆر کەوتنە ناوەوە.

لەم هاتوچوانەدا «پیشەوەری» دەنگی بەرز بوونەوەی کۆمەڵەی [ژ.ک]ی کوردی لەم بن‌دەستەوە بۆ خۆی بەزیان هاتە بە رچاو ئەگەر لەگەڵی نەبێ!. لەم کارەساتە رووسەکان تێ‌گەیشتن. ئەمجا «قازی»یان بە سەرۆکی لیژنەیەک لە «عەلی رەیحانی» و «قاسمی حاجی بایزاغا» و چەند کەسێکی‌تر بە بانگێشتن بانگ‌کرد بۆ «باکۆ» بۆلای «جەعفەر باگرۆف». لیژنە لە تشرینی دووهەمی (١٩٤٥)دا چوو بۆ [باکۆ] و لەگەڵ [جەعفەر باگرۆف] لە ماوەی مانەوەی حەفتەیەکدا لەوێ هەموو جۆرە قسەو باسێکیان بڕیەوە و بڕیار وادرا کە کۆمەڵەی «ژ.ک» ببێ بە «دیموکراتی کوردستان» و لەگەڵ حزبی دیموکراتی پیشەوەری‌دا بۆ وەرگرتنی هەقی خۆیان ببن بە هاودەنگ.

لە پاش گەڕانەوەی لیژنە بۆ [سابلاخ] هەموو ئەهلی شار و سەرۆکی عەشایرەکان و حەشاماتی ولاتی موکری‌یان بە بانگێشتنێکی رەسمی لە ئاخری تشرینی دووهەمی (١٩٤٥)دا بانگ‌کرد و لەو کۆمەڵەدا کۆمەڵەی «ژ.ک» ناونرایە «کۆمەڵەی دیموکراتی کوردستان».

ئەم ناوەو ئەم دەنگە لە هەموو ئەو ولاتانەدا بلاوبووەوەو وردە وردە عەشایەرەکانی ئەو ناوە وەکو پوورەی هەنگ لە دەورەی ـ قازی و سابلاخ ـ کۆبوونەوە و هیوایەکی گەلێ بەرز کەوتە ناو کوردەوە. بە تایبەتی دەستەی [مەلا مصطفی‌ی بەرزانی] و بەرزانیەکان ـ کە روویان کردبووە سابلاخ ـ لەوەندەی‌تر هیوا و ئومێدی‌دابوو بە هەموو لایەک. بە هەر دوولاوە بەرە بەرە خەریکی بلاوکردنەوەی دەنگی کورد و سەربەخۆیی کورد بوون لەولاتەکانی موکریان و «بانە» و «سەقز» و «فیض‌الله بەگی»دا.

لەو رۆژانەدا چوونی «مەلا» و بەرزانیەکان بۆ ئێران بێجگە لەوە کە هێزێکی گەورە بوون، بۆ حوکومەتی کوردستان، ترسێکیشی خستە سیاسەتی تارانەوە!. چونکە لەولاوە *[ئازربایجان] و لەم لاوە سابلاخ لەم کاتەدا سەریان راست کردۆتەوە و ئەیانەوێ خۆیان*

لە حوكوومەتی [تاران]دا بپچرن، گومانی تێدانیە كە چوونی [مەلا مصطفی] لەم وەختە ناهەموارەدا ـ بەرانبەر بە تاران ـ شل و شێواویەك پەیدا ئەكا. حوكوومەتی «تاران» بۆ گیرسانەوەی ئەم لێشاوە چارێكی نەدۆزیەوە ئەوەنەبێ كە بنووسێ بۆ ـ ئامر فەوجی ـ سەردەشت «سەرهەنگ پزیشكیان» بە هەر جۆرێ‌ێت مەلا پەشیمان بكاتەوە لەوەكە پاڵ بدا بە حوكوومەتی [سابلاخ]ەوە!..

«پزیشكیان» بە هۆی «مام عەزیزی قەرەنیاغای مامش»ەوە دەمی گەیشت بەمەلا و گەلێ شتی بۆ هەڵڕشت؛ لەوشتانە: كە ئەمانە ئێستە بەرانبەر بە ئێران بێگانەن و حوكوومەتی [ئێران] بە ناوی پەنابەرانی سیاسیەوە ئەتوانێ داڵدەی ئەمانە بدا و زەوی و زاریان بداتێ و مەلا خۆیشی لە تاران «نائب»ێك بێت و هەموو دەم لە پارلەمان و لەگەڵ وەزیرەكان و «شا»دا بێ!. حوكوومەت ئەمانەی لەگەڵ ئەكا و لیتر ئەویش وازبێنێ لەوەكە بداتە پاڵ حوكوومەتی سابلاخ!..

دیارە «مەلا» ئەمانەی نەچوو بە گوێچكەدا و بە پێچەوانەی ئەمانە رۆیشت و خۆی گەیاندە قازی و شاری سابلاخ. چوونی پیاو و لەشكرێكی واو پڕچەك لە وەختێكی وادا گومانی تێدا نایێ كە هێزێكی مەعنەوی هەرەگەورە ئەبێ بۆ ئەوكەسانە كە ئەیانەوێ حوكوومەتێكی كۆرپەو و تازە دروست بكەن.

* * *

رۆژەكانی ئەو وڵاتە هەرجارە پەردەیەكی‌تری پیشان ئەدا، لەناو ئەم پەردە رەنگاو رەنگانەداكوتوپڕ لە [١١ی كانوونی یەكەمی ١٩٤٥]دا «جعفر پیشەوەری» لە تەورێز جمهوریەتی ئازربایجانی بلاوكردەوە و ئەوەی دەربڕی كە وڵاتی «ئازربایجان» لە حوكومەتی «تاران» و ئێران جیابووەوە و لەو رۆژە بە دواوە خۆی سەربەخۆ ئەژیت!.

لەگەڵ بلاوكردنەوەی ئەم ئاگاداریەدا هەموو وڵاتی «ئازربایجان»یان لە نەیروو كاربەدەستانی حوكوومەتی [تاران] پاك كردەوە، مایەوە سەر شاری «ورمێ» كە «أحمد

زەنگنە، ئامر فەوجی ئەوێ هەتا بەیێک شاری نەدا بە دەستەوە، پاشان ئەویش بە هۆی عەشایرە کوردەکانی ئەو دەورەو ئەهلی [ورمێ] خۆیشیەوە گیرا و «أحمد زەنگنە»ش خرایە ژێر محاکمە و لێ پرسینەوەوە.

لەو سەردەمانەدا کە «پیشەوەری» جمهوریەتی ئازربایجانی بـلاّو کـردەوە لەم لاوە «قازی محمد» لێژنەیەکی بە سەرۆکی «محمد حسینی سیف قازی» ناردبوو، بۆ [تەورێز] بۆ ئەوە هەر دوولا لەبەینی یەکا رێ کەون و بە پشتیوانی یەک دەسـتی حـوکوومەتی [تاران] لەو ناوەدا ببڕن.

پاش بڕانەوەی قسەوباسی [سیفی قازی] لە تـەورێز، لە [١٢ی کـانوونی یـەکـەمی ١٩٣٥]دا کۆبوونەوەیەکی زۆر گەورە لە سەرۆکی عەشایەرەکان و ئەهلی نـاوشار و قوتابیانی قوتابخانەکان لە ناو شاری سابلاّخ کراو «قازی محمد» بلاّوی کردەوە کەوا لەم تأرێخە بەدواوە ولاّتی «سابلاّخ» و کوردەواری لە حوکوومەتی [تاران] جیابووەوە و لە ئێستە بەدواوە إعلانی سەربەخۆیی کرد.

لە رۆژی [١٦ی کانوونی یەکەمی ١٩٣٥]دا بەیداخی حوکوومەتی [تاران] لەسەر دایەرەکان هێنرایە خوارەوە و لە ناو چەپڵەرێزانی مەردما بەیداخـی کـوردستان ـ ی لە شوێن دانراو ئالاّی کوردستانی پیرۆز هەڵکرا. دروشمی ئالاّکەش بەم جۆرە بوو:

سەرەتا پارچەیەکی سوور، پـاش ئـەو، سپی کـە بـە ئـەندازەی چـوار ئـەوەندەی سوورەکە، پاش ئەو سەوز بە ئەندازەی بەشێ لە چوار بەشی سپیەکە. لە ناوەراستی پارچە سپیەکەدا نیو کورە رۆژێکە. بەسەر رۆژەکەوە قەڵەمێک، لەم لاو لەولای رۆژەکەوە دوو گوڵەگەنم بەرەنگی زمرد. لەسەراوردی هەموانەوە بەشکڵی چەنبەر نووسرابوو «دەوڵەتی جمهوری کوردستان».

ئەم دەنگە بەم جۆرە لە هەموو ولاّتەکانا بلاّو بووەوە و تەنانەت دیواخانە سیاسیەکانی دەرەوەشی گرتەوە، لەهەموو کونو قوشبنێکی ولاّتی کوردستانی، ئەو ولاّتەوە پۆل پۆل

خەڵکی روویان ئەکردە «سابلاغ» و دیدەنی دەوری تازەی کوردستان!.

پێشەوا [قازی محمد] لەناو دروشمی سەرەک کۆماریدا

کە ئەندامانی کۆمەڵەو هاتوچۆکەرانی ژێر ئالای تازە تەماشایان کرد وەختی ئەوە هاتووە کە [جمهوریەتی کوردستان] بە جۆرێکی رەسمی بلاّوکەنەوە، لە [۲٦ی کانونی یەکەمی ۱۹٤۵]دا لە پاش کۆبوونەوەی هەموو ئەهلی سابلاغ و سەرۆک عەشرەتەکانی ولاّتی موکری و [فیض الله بەگ]ی و ئەو ناوە «قازی محمد» بە جۆرێکی رەسمی لەناو دنیایەکی خۆشی و شادمانیدا «جمهوریەتی کوردستانی» بلاّوکردەوە.

پاش ئەوە «محمدحسینی سیف‌قازی» بە جلوبەرگی جەنەڕاڵیەوە لە شوێنێکی بەرزا رووبەرووی خەڵکەکە ناوی [پێشەواو سەرۆکی جمهوریەتی کوردستان]ی بۆ قازی موحەممەد بلاّوکردەوە. ئەمجا پێشەواش بە جلوبەرگی جەنەڕاڵی و بە ناوی سەرۆکی هەموو هێزی کوردستانەوە لە شوێنێکی بەرزا سوپاسگوزاری ئەم باوەڕ و بەراتەی خەڵکی کرد، سەربازان و قوتابیانی کورد نمایشێکیان لە بەردەمی پێشەواو خەڵکەکەدا نواندو ئەوی پێویستی رەسمیانی دروستکردنی حوکوومەتێکی تازە بێت بەجێیان هێنا. ئەمجا «قازی محمد»ی پێشەوا بەم جۆرەی خوارەوە وەزارەتی کوردستانی دروستکرد و ئەندامی بۆ هەموو وەزارەتێک بەم جۆرە دانا: ـ

۱ـ سەرۆک وەزیر	: حاجی بابەشێخی جەمیان.
۲ـ وەزیری جەنگ	: محمد حسینی سیفی قازی.
۳ـ وەزیری پۆست و تەلگراف	: کریم أحمدی.

۴ـ وەزیری فەرهەنگ	: مناف کریمی.
۵ـ وەزیری کیشوەر	: محمد أمینی معینی.
٦ـ وەزیری تەگبیر ـ مشاور	: حاجی رحمانی ئێلخانیزادە.
۷ـ وەزیری رێگەوبان	: اسماعیل ئێلخانیزادە.
۸ـ وەزیری ئابووری	: أحمد الهی.
۹ـ وەزیری بازرگانی	: حاجی مصطفیی داودی.
۱۰ـ وەزیری کشت و کاڵ	: مەحموودی وەلیزادە.
۱۱ـ وەزیری کاروفرمان	: خلیل خسروی.
۱۲ـ وەزیری پروپاگاندە	**: صدیق حیدری.**

هەندێ لە وەزیرەکانی حوکوومەتی کوردستانی «قازی محمد»:

دانیشتوی ناوەڕاست «پێشەوا قازی محمد».

لە لای راستەوە بۆ چەپ:

[مصطفی داودی، خەلیل خسروی، أحمد الهی، محمدأمین معینی، بلوریان، ئێلخانیزادە، کریم أحمدی، میرزا عەلی رەیحانی].

ریزی دواوە ئەفسەران و نووسەرانی رۆژنامە.

لە رۆژی [١۴ی کانوونی دووهەمی ١٩۴٦]دا کۆبوونەوەیەکی گەورەکرا بۆ ئەوە کە «پێشەوا» سوێندی سەرۆک کۆماری بخوا، ـ کە ئەمە شتێکی قانوونی و رەسمیە لە هەموو نیزامێکی کۆماری و پادشایەتیدا ـ

[پێشەوا] فەرمانیدا بە ئەندامانی کۆمیتەی مەرکەزی کە قرآنی پیرۆز و دروشمی ئالآی کوردستان ئامادە بکرێ. ئەندامانی کۆمیتە و وەزیرەکان یەک لە شوێنی یەک کەوتنە پشت سەری «قرآن» و «ئالآ»کە ـ کە بەدەست مەلا حسینەوە بوو ـ تا چوونە ژووری پێشەوا، پێشەوا هەستا و بە دەستی خۆی سەرپۆشەکەی لەسەر «قرآن» و ئالآکە لادا و ئەم سوێندەی خوارەوەی خوارد: ـ

«سوێند ئەخۆم بە خواو بە قرآنی پیرۆز و بە نیشتمان و شەرافەتی قەومی کورد و بە ئالآی پڕ لە «افتخار»ی کورد، تا دوایی هەناسەی ژیانم و تا دوا تنۆکی خوێنم بەگیان و بە ماڵ لە رێگەی مانەوەی ئازادی کورد و بەرزکردنەوە و پایەداری ئالآی پڕ لە [افتخاری] کوردا کۆشش بکەم و دوانەکەوم، وە بەسەرۆکی کۆماری کوردستان و یەک گرتنی کورد و ئازربایجان افتخار ئەکەم و کۆشش ئەکەم بۆ مانەوەی ئەم ئامانجە!.».

* * *

کۆماری کیشوەری کوردستان بەم جۆرە دروست بوو و هەموو کوردەکان بە بەرزانیەکانەوە روویان کردە ئەم کیشوەرە، دەنگی ئاوازی گەیشتە پارلەمان سیاسیەکان، رۆژنامە نووسەکانی بێگانە بە هەموو جۆر بۆ وەرگرتنی باس و خواس روویان تێ کرد.

لە پێش ئەم تأریخە و لە پاش ئەم تأریخەش هێزی کوردی کەوتە داگیر کردنی ئەو ولآتە کوردەواریانەی کە لە ژێر فەرمانی تارانابوون. لەو ناوەدا سەربازی ئێران لە «میاندوواو» و هەندێ پۆلیسی ئێرانی لە «بۆکان» مابوونەوە؛ بۆکان هەر دەمێک بوو لە هێزی ئێران پاک کرایەوە، ئابلۆقەی «میاندوواو»یشیاندا، ئامر فەوجی میاندوواو «عقید

مستشاری، له ئاخرا که تێگەیشت بەرانبەری پێناکرێ، خۆی و شاری دابەدەستەوەو داوای ئەوەی کرد له حوکوومەتی کوردستان که ڕێگەی بدەن و بڕواو شار بەجێ بێلێ. ئەمانیش ڕێگەیان‌دا و له ڕێگەی «هەوشار»ەوە ڕۆیشت و ولاّتی میاندوواو له [١٥ی کانوونی یەکەمی ١٩٤٥]دا به تەواوی له ژێر حوکمی تارانا دەرچوو.

لەم لاشەوە ڕوویان کردە «سەردەشت» دەورەیان‌دا، ڕێگەی هاتوچۆی نەیروی ئێرانی بەینی «سەردەشت» و «بانە»یان بڕی، له جنووبی ڕۆژهەلاّتەوە هێزی نەیروی کورد گەیشتە «سەقز»، ڕێ هاتوچۆی هێزی ئێرانی بەینی «بانە» و «سەقز»یشیان بڕی. بەکردنی ئەم ئیشانە مەعنای وابوو هەموو ناوچەکانی کوردەواری ئەو ولاّتەکەوتنە ژێر فەرمانی حوکوومەتی کوردستانەوە و فەرمانی حوکوومەتی [تاران] نرخێکی لەو ناوەدا نەما. ئەم سەرکەوتنی لەسەر یەک و پەرەسەندنی هێزی کوردی‌یە حوکوومەتی ئێرانی خستەسەر ئەو باوەڕەکە زۆری پێ ناچێ ئەمانە پەلاماری «سنە» و «کرماشان» ئەدەن و بەڵکوو هەموو ڕۆژئاوای ئێران دائەگرن! له ڕاستی‌شدا ئەوینەی که ئەمان پیانەوە نابوو ئەو ئارمزووەی بەجێ ئەهێنا.

به تایبەتی له ناوچەکالی «سەقز ـ بۆکان» و «بۆکان ـ میاندوواو»ەوە به هەموو چەشنە ئیش کردنێک ئیش ئەکرا. وەکوو ئەوە له [٣٠ی نیسانی ١٩٤٦]دا حوکوومەتی ئێران هێزێکی گەورەی سوارەو پیادەی به هەموو جۆرە چەکێکەوە نارد بۆ ڕزگار کردنی ئەو هێزانەی که له شیمالی سەقز ـ ەوە له لایەن نەیروی کوردی‌یەوە ئابلۆقە درابوون. ئەمانەش ئەبوایە بچوونایە بۆ «قارەوا» و «ئاڵتوون»ەی سەروو. لێرەدا هێزی بەرزانی، [قادرخانی] و «فیض‌الله بەگی» لێیان ڕاپەڕین و «قارەوا» و هەموو دەوروبەریان گرت. (١٨) سەرباز و ئەفسەریان لێ بریندار کردن، (٤٩) کەسیان لێ کوشتن و چەک و تالاّنێکی زۆریشیان دەستکەوت. ئەم شەڕە تا (١٢)ی مارس درێژەی کێشا.

له خەتی «ئاڵتوون»ەی سەرروەوە ڕووبەڕێگەی «بانە» دیسان هێزی [بەرزان] ئەو

ناوەشیان گرت و بەریان لە ئێرانیەکان بڕیەوە. لەلای «بۆکان»یشەوە هێزێکی کوردی باش ئەو ناوەی داگیر کردبوو. «حەمەرخانی شەریفی»ش لە قۆڵی «تەمورتە»وە جادەی بەینی «سەقز» و «بانە»ی داگیر کردبوو. دەستەیەکی تریش خەتی بەینی «بۆکان ـ میاندوواو»یان گرتبوو. لە لای «سەردەشت»یشەوە عەشایری هەرکی، گەورگ و کلاّسی ئەو ناوەیان گرتبوو.

بەم جۆرە ئەم ولاّتانە هێزی حوکومەتی ئێرانیان تێدا کز کرابوو هێزی کوردی بەوەرگرتنی فەرمان لە «سابلاّخ»ەوە هەنگاو بە هەنگاو تێدایا ئەبزووتنەوە.

ئەو هێزە ئێرانیانە کە لە «میرەدێ» و «بانە» و «سەردەشت»دا بوون و لە لایەن هێزی کوردیەوە دەورە درابوون، لەلایەن گوزەران و رابواردنەوە حاڵێکی شڕیان هەبوو، چونکە ئەمانە لە «سەقز»ەوە بانگانە و شتومەکیان بۆ ئەهات، ڕێگەی [سەقز] لەمانە هەموو گیرابوو. قیادەی ئێران لە [سەقز] ویستی هێرشێک بکاو خەتی بەینی خۆی و ئەو شوێنانە بەرەلاّبکات، بەتایبەتی خەتی بەینی «سەقز ـ سەردەشت» ـ کە ئەم شوێنە بە تەواوی شپرزەبوو ـ

لە [١٦ی مارسی ١٩٤٦]دا پێنجسەد سەرباز بە هەموو جۆرە چەک و جبەخانەیەکەوە پەلاماری گردی «سەیدە گردە»ی دا ـ کە ئەم گردە تەنها (٨) سەربازی کوردی لێ بوو. لە پاش سەعات و نیوێک شەڕ هێزی ئێران بەشکانێکی خراپ شکان!. ئەم شکانە شکانێکی مەعنەوی زۆر ناهەمواری‌دا بە هێزی ئێران؛ سەیر ئەکرا لێرەوە ئەم شکانە ناشیرینە رووی‌دا، لەلایەکی‌ترەوە بەرزانیەکان و [حەمەرشیدخان] و شکاک ئەوا خەریکن ڕێگەی «دیواندەرە» ئەگرن، «تەموتە» و «هەیەجانان» بە تەواوی کەوتە ژێر حوکمیانەوە، «سەرشیوی سەقز» خەریکە پاک ئەبێتەوە، ئەگەر بەم جۆرە بڕۆن زۆری پێ ناچێ لووت ئەنێن بە مەریوان و هەورامانەوە و «سنە»ش ئەڕوا!.

لەبەر ئەمانە قواتی ئێرانی بەتەواوی چوار چمکی خۆی کرد بەلادا و خۆی ئامادەی

شەڕێکی گەورەکرد. دوو هەزار سەربازی پڕچەکی ئەو ناوە بە هۆی هێزی ئاسمانی و تانک و دەبابە و زرێلی و تۆپەوە بەڕێ کەوتن بۆ گردی «مامەشا». لەم شوێنەدا «مصطفی خوشناو» بە (٣٨) سەربازی کوردەوە رەگی خۆی داکوتابوو. ئەو هەموو هێزی ئێرانە پەلاماری ئەو دەستەیەدا، لە (١٧)ی مایس‌دا هەر لە سەر لەبەیانەوە جەنگ گەرم بوو، قواتی ئێرانی لە هەموو لایەکەوە سنگی لەیهێنایە پێشەوە، فرۆکە لە ئاسمان و تۆپ و دەبابە لە خوارەوە وەکو بارانی بەهار گوللە و بۆمبایان ئەباراند.

هێزی کوردی بەرانبەر بەم هەموو ئاگرە ئەجەنگی و سنگی کردبوو بە مەتاڵ، شەڕ لەواتەبو، بوو بە دەستەویەقە، قیادەی شەڕی «مامەشا» را هەڵەسوورێنرا ئێرانیەکان واتێ ئەگەیشتن کە ئەو هێزی کوردیەی لەگەڵ ئەوان شەڕ ئەکەن نابێ کەمتربن لەدوو هەزار سەرباز بە هەموو چەکێکەوە، لەگەڵ ئەوەشا ئەمان لە (٣٨) کەس زیاتر نەبوون!.

ئەو رۆژە تا ئێواری جەنگێکی دلێرانە کراو کوشتارێکی زۆر زۆر لە هێزی دوژمن روویدا، رۆژی دوایی جەنگ دەستی پێ کردەوەو هەرچار تاکی تەرازوو بەلایەکا «قورس» ئەبوو!. لەدەمەو ئێوارەدا ئێرانیەکان خەریکی کشاوەو گەڕانەوەبوون، واتە لەسەر شکان بوون، کوتووپڕ هەڵەیەک لە دەستەی ئەملا روویدا و ئەو هەڵەیە لە ئاخرابوو بە هۆی ئەوەکە گردی «مامەشا» بەجێ بێڵن!.

راستە گردەکەیان بەجێ هێشت و لە شوێنێکی‌تر سەنگەریان گرت بەلام زیانێک کە ئەوان لە هێزی [ئێران]یان داو ئازایی و بەجەرگیەک ئەوان لەو شەڕەی [مامەشا]دا نواندیان هەموو ئەفسەرەکانی ئێرانی‌یان سەرسام کردبوو!. لە پاشا بە هەموو سەرسڕمانێکەوە شەڕی مامەشا ـ یان باس ئەکرد و نەئەچووە دڵیانەوە کە لەو شەڕەدا کەمتر لەدوو هەزار کەس سەری‌رێ پێ گرتبێتن!. لەم شەڕەدا (٥) کەس لە دەستەی کوردی شەهیدکرا، یەکێک لەوان «خۆشەوی خەلیل» بوو کە لەم شەڕەدا بریندار بوو پاشان برایە خەستەخانەی [سابلاغ] و لەوێش چار نەکرا لە ئاخرا مردوو بە

کۆبوونەوەیەکی رەسمی لەلایەن حوکوومەتەوە تەرمەکەی نێژرا.

کوشتاری هێزی ئێرانی ـ ش گەیشتبووە ئەندازەیەک کە حوکوومەت لە [سەقز] مەنعی گەڕانی شەوی کردبوو، یەکێ لەو ئیشانە کە ئەم مەنعەی بۆ کراوە هێنانەوەی کوژراوەکانی شەڕی [مامەشا]یە بۆ ئەوە خەڵک نەیانبینێ و لە چاو پێ کەوتنی کوشتارێکی وا زۆر ورە بەرنەدەن! وەکوو ئەوانەی لەو شەڕەدا بووبوون و ئەیانگێڕایەوە لەکەم شوێن وا رێ کەوتووە هێزی [ئێران] ئەوەندە کوشتار بدا بە دەستەوە.

* * *

کە ئیش گەیشتە ئەم شوێنە سەرلەشکری ئێران «رەزم‌ئارا» کەوتە سەر ئەوە کە ئیشێکی وابکا لەگەڵ کوردەکانا دەمیان بگا بەیەک و بەڵکوو رێ کەوتنێک دروست بکا. بە جۆرێکی رەسمی داوای کرد لە حوکوومەتی [سابلاخ] کە چەند کەسێک بە ناوی «ممثلە»وە بنێرێ بۆ [سەقز] بۆ قسەکردن لەکاروباری ئەو ناوەوە.

لە [٢٦ی مارسی ١٩٤٦]دا حوکوومەتی سابلاخ «عزت عبدالعزیز»، یاوەر ئیبراهیم، یاوەر جعفر کەریمی» بە ناوی «ممثلە»وە نارد بۆ «سەقز» کە لەگەڵ رەزم‌ئارادا قسەبکەن. رەزم‌ئارا وتی:

«لەبەر ئەوە کە [قوام‌السلطنە]و «پیشەوەری» و [صدری قازی] لەم وەختەدا کەوتوونەتە گوفت‌وگۆی ئەوە کەکاروفرمانی وڵاتی ئێران، «ئازربایجان» و «کوردستان» بە جۆرێکی هێمنی و ئاشتی ببڕێننەوە پێویستە لەم ناوچانەشا شەڕ بوەستێنرێ تا ئەوان لەگەن بە شوێنێک!».

نێراوەکانیش رەزامەندی خۆیانیان دەربڕی و لەسەر ئەم شتانەی خوارەوە رێ کەوتن:

-

(١ـ ئەم نێراوانە بە ناوی حوکوومەتی خۆیانەوە خەبەر بنێرن بۆ ئەو هێزانەیان کەوان لەبەرانبەری هێزی حوکوومەتی ئێرانەوە بۆ ئەوە شەڕ بوەستێنن، وەکوو چۆن ئەم فەرمانە

لەکرێتە سەر هێزی ئێرانیەکانیش، شەڕ بوەستێنن تا ئاخر قسەی پێشەوایانی هەر سێ حوکومەت دەرئەکەوێ.

٢ـ بۆ ئەوە هیچ تەنگوچەڵەمەیەک لە بەینی هێزی «ئیرانی» و «کوردی»دا روونەدا، کوردەکان (٤) کیلومەتر لەدەوری [سەقز] و سێ کیلومەتر لە شیمالی جادەی سەقز ـ سەردەشت بکشێنەوە دواوەو لەرووباری سەقز و «زەرینەروود» نەیەن بەم لاوە.

(مشلەکان وتیان بڕیاردان لەسەر ئەم بەندە لە دەسەڵاتی ئێمەدا نیە، ئەتوانین تا ماوەی (٢٤) سەعات ئەم قسەیە بگەیەنین بە «سابلاخ» بزانین ئەوان بڕیار ئەدەن یان نەأ؟.).

٣ـ نە، دەستەی هێزی ئیران، نە، هێزی کوردی حەقی ئەوەیان نیە، ئەو هێزانەیان کە ئێستە لەمەیدانی شەڕان و سەنگەرەکانی خۆیانیان گرتووە پشتیوانیان بکەن و هێزیتریان بۆ بنێرن، تاگوفتوگۆی پێشەوایەکان ئەبڕێتەوە، ئەوەندە هەیە فرۆکەی ئیرانی ئەتوانێ تا (٤) کیلومەتری شیمالی «سەقز» و جادەی سەقز ـ سەردەشت بفڕێ، ئەمەش بۆ چاوێری کاروبار نەوەک شتێکیتر.

٤ـ بۆ ئەوە کەوا هەر دوولا دڵنیابن لە بەئەنجام گەیاندنی ئەم پەیمانە تاگوفتوگۆی پێشەوایەکان دوایی دێت سێ کەس لەلایەن حوکومەتی دیموکراتی کوردستانەوە دابنرێت، یەکێ لە [سەقز]، یەکێ لە [بانە]، یەکێ لە [سەردەشت] کە ئەمانە لەگەڵ فەرماندەکانی ئێرانا لەو شوێنانەدا ئەگەر تەنگوچەڵەمەیەک لەو ناوچانەدا روویدا بیبڕێننەوە.

٥ـ مەفهوومی بەندی دووی ئەم پەیمانە بۆ ئەوە جێ خۆی بگرێ تا رۆژی (٢٨)ی مارس درێژ ئەبێتەوە!.).

ئەم بەندانە بەم جۆرە لە هەر دوولاوە ئیمزاکراو ئەنانەت لە دەستەی ئازەری ـ ش [ئیبراهیم عەلیزادە، خەلیل ئازەرئابادگان و حەسەن جەودەت] لە قومیتەکەدا هەبوون، ئەوانیش ئیمزایان کرد.

بەڵام ئایا ئەم پەیمانە کە بەم جۆرە بڕیاری لەسەردرا بردیان بەڕێوە؟. نەا، نەبرا بەڕێوەا. نەبرا بەڕێوە چونکە «رەزم‌ئارا» لە دانانی ئەم پەیمان و بەندانە مەبەستی ئەوەبوو کوردەکان بکاتە خەو تا خۆی ئیشی خۆی بەتەواوی قایم ئەکاو لەشکرەکانی [سنە] و [کرماشان] ئەگەیەنێتە ئەو ولاتە، لەو وەختەکە نەیروەکانی خۆی بەهێز کرد پەیمان و بەندەکانی پەیمان وەکوو خەتی سەرئاوی لێ‌دێتا..

کوردەکان لە پاش ماوەیەک کەزانیان ئەمە، داوە [رەزم‌ئارا] بۆی ناونەتەوەو یەک دووجار بێ پەیمانیان بە پێ ئەم بەندانە بۆ دەرکەوت، لەو وەختە ئەمانیش ئیتر بە قۆڵ بەستراوی بۆی دانەنیشتن.

لە پاش ماوەیەک [رەزم‌ئارا] کە سەیری کرد ئیشی بەم جۆرە بۆ ناچێ بەڕێوە کەوتە سەر ئەوەکە لەگەڵ [قازی] خۆی‌دا بکەوێتە قسەکردن و لەمجا بە جۆرێکی‌تر بێتە مەیدانەوەا..

لەسەر ئەم نیازە دەستی کرد بە راسپاردن بۆلای [قازی] کە لە شوێنێک یەک بگرن و لەکاروباری ئەو ولاتەوە قسەبکەن. قازی ـ ش لەبەر ئەوەکە ئەیەویست ئیش بەخۆشی بیرێتەوە خۆی دوور نەئەخستەوە لە چاوپێ کەوتن و قسەکردن. بەم هۆیەوە گوندی «سەراو» ی دانا بۆ شوێنی ئەو چاوپێ کەوتنە.

لە رۆژی [١٧ی حوزەیرانی ١٩٣٦]دا «قازی» خۆی و چەندکەسێک گەیشتنە «سەراو» و لەم لاشەوە «رەزم‌ئارا» لە [سەقز]ەوە بەڕێ کەوت، سواری جیپێک بووبوو، کە ئاڵای کوردستانی بەسەرەوەبوو، بە هەموو سەربەستیەکەوە خۆی و چەندکەسێک لە عەینی رۆژداگەیشتنە «سەراو» و لەگەڵ قازی ـ داکەوتنە قسەکردن. ئاخر قسەیان لەسەر ئەم شتانە بڕیاریان‌دا:

(١ ـ حوکومەتی کوردستان رای لێ‌بێ حوکومەتی ئێران لەسەقز ـ ەوە خواردەمەنی و بەرگ بنێرێ بۆ ئەو هێزە ئێرانیانە کە لە [میرەدێ] و [بانە] و [سەردەشت] لەلایەن

حوکوومەتی کۆمەڵەوە ئابلۆقە دراون، ئەویش بەمەرجێک ئەم شتانە وەختێک دەرباز ئەبن کە لەلایەن هێزی کوردی ـ یەوە پشکێنرین و دڵنیابن لەوە کە هیچ جۆرە چەک و گۆبەندێکی شەڕی تێدانیە.

٢ـ چەک و شتومەکی جەنگ بۆ ئەو شوێنانە بە هیچ جۆر . یْنادرێ، هەروەها ئەو ئەفسەر و سەربازانە کە لە شوێنە ئابلۆقە دراوەکانان نابێ بگۆڕێن، مەگەر نەخۆش وەیا بریندارێک نەبێ، ئەوگۆڕین و بردنی ئەوە دروستە.

٣ـ هەر کاروانێکی ئازۆخە و جل و بەرگ کە لەلایەن حوکوومەتی ئێرانەوە ئەچێ بۆ ئەو هێزە ئابلۆقە دراوانە ئەبێ لە پاش پشکنین، پیاوی کۆماری کوردستانی بەرەسمی لەگەڵ بێ.

٤ـ ئەگەر لەشکری ئێران بە پێچەوانەی ئەم بەندانە بجووڵێتەوە نەیروی کوردی حەقی ئەوەی هەیە بەربەست بکاو نەیەڵێ شتومەک بچێ بۆ ئەو شوێنانە کە ناوبران!).

لە پاش ئەوە کە لەسەر ئەم بەندانە ڕێ کەوتن قسە هاتەسەر ئەوە کە دوکەس لەلایەن کۆماری کوردستانەوە بەناوی نمایندەوە لەگەڵ [ڕەزم‌ئارا]دا بچن بۆ [سەقز]. لەوێوە هەرسێکیان چوون بۆ [بانە]. بەرزانیەکان لە «قشلاخی صالح بەگ» لە ژێر فەرماندەیی«میرحاج»دا پێشوازیەکی باشیان کردن. ئەم پێشوازی و خزمەتکردنەی ئەوان ئومێدێکی زۆری دا بە [ڕەزم‌ئارا] بۆ ڕێکەوتنەکەیان.

ئەم دەستەیە شەوی (١٩)ی حوزەیران چوونە «بانە» و لەبەیانیا چوون بۆ «سەردەشت» و ئەوی قسەوباس بوو لەو ناوەدا بەهەر دوو لەشکریان گەیاندو لە ڕۆژی (٢١)دا گەڕانەوە بۆ «سەراو» و دیسان [ڕەزم‌ئارا] چاوی بە [قازی محمد] کەوتەوە و پاشان ئەوگەڕایەوە بۆ [سەقز] و لەوێوە بۆ «تاران» بۆ ئەوە ئەم کەین و بەینە لە حوکوومەتی تاران بگەیەنێ.

لەم ڕۆژانەشا لە قوڵی «مەریوان»ەوە ـ حەمەخانی کوڕی مەحموودخانی ـ

«کانیساnان» بەو نیازە کە خۆی بگەیەنێ بە حوکوومەتی کوردستان لەوێوە بۆ ولاّتـی کۆمەڵە بەرێ کەوت، لە رێگەدا «عەلی بەگی ولەژێری» ـ کە سەر بە ئێرانیەکان بوو ـ سەر رێگەی بەدەستەی [حەمەخان]گرت، دەستەی [حەمەخان[ ]عەلی بەگ و تفەنگچیەکانی ـ عەلی بەگ]یان شکان و بەڵکوو لە «قامیشەڵە»ش دەریان پەڕاندن!.

پاش ئەوەکە [رەزم‌ئارا] و نمایندەکان لە «بانە» و «سەردەشت»گەڕانەوە و پاش ئەوە کە رێگەکانی ئەو ناوە ـ کە لەوەختی خۆیا هێزی کوردی خراپی کـردبوون ـ چـاک کرانەوە بەپێ پەیمانەکان، حوکوومەتی ئێران لە [سەقز]ەوە شتومەکی ئەنارد بۆ هێزەکانی خۆی کە لەو نـاوەدا بـوون و ئـەم شـتومەکـانەش لە لایەن کـاربەدەستانی کـوردەوە ئەپشکێنران.

ماوەیەک بەم جۆرە تێ‌پەڕی، کوتووپڕ جارێک کە کاروان پشکێنرا سەیریان کرد گەلێ تفەنگ و فیشەک و تۆپێکی تێدایە کە لە [سەقز]ەوە لە لایەن حوکوومەتی ئێرانەوە نێراوە بۆ هێزی [سەردەشت]. ئەمە پێچەوانەی بەندەکان بوو، لێرەدا کاربەدەستانی کورد ئەم شتومەکانەیان گرت و بە پێی بەندەکان زەوتیان کرد.

بێجگە لەمەش «سەرتیپ فایرم» کە فەرماندەی [سەردەشت] بـوو ئـەویش پـەیمانی شکان و پەلاماری هێزی کوردی ئەو ناوەیدا!. لەبەر ئەمە هێزی کوردی رێگەی سەقز ـ بانە ـ سەردەشت ـ یان گرتەوە و نەیانهێشت ئیتر کاروان بێت. لەم وەختەدا کاروانێکی عەسکەری ئێران ـ کە (٢٤) سەرباز و ئەفـسەرێک بوون و شتومەکی جەنگی‌یان بۆ هێزی [سەردەشت] هێنابوو ـ کوردەکان بەدیل گرتنیان و هێنایانن بۆ [سابلاخ]. ئیتر لەسەر ئەم کردەوانە بەینی حوکوومەتی ئێران و حوکوومەتی کوردستان تێکچووەوە!.

* * *

ئیش و کار هەتا ئـەهات بـەلای ئـێرانیەکـانا رووەو خـراپـتر ئـەڕۆیشت. لەولاوە [ئازربایجان] بەو جۆرە دەستی دابوویە و لەم لاشەوە حوکوومەتی [قازی] هەرناوچەی

حوکمی خۆی بلاّوتر ئەکردەوە. «حکیم الملک»یش لە تاران پەیتا پەیتا بە فەرمان و بەرادیۆ، رووی ئەکردە هێزەکانی خۆی کە لەولاوە بگەڕێنەوە بۆ «هەوشار» و لەم لاوە بۆ [سەقز]. هەتا ئەو ئەم جۆرە فەرمانانەی بلاّو ئەکردەوە هێزی ئازەری و کوردی زیاتر تەنگیان بە نەیروی [ئێران]ی هەلّەچنی!.

لە ئاخرا چارنەما «حکیم الملک» لەوەزارەت لاچوو «أحمد قوام السلطنە» وەزارەتی دروست‌کرد و دەستی کرد بە ئیش کردن. لە پێش هەموو شتێکا رەئیسی ئەرکانی نەیروی ئێرانی لابرد. قاپی سەربەستی دیموکراتی خستە سەرگازی پشت. ئەو حزبانە کە داخرابوون اجازەی بە هەموویان دایەوەو [ئەحزاب] کەوتنەوە ئیش لەگەورەکانی «تودە» و شیوعی ـ کە وەزارەتی پێشو حەپسی کردبوون ـ هەموویانی بەرەلاّ کرد. «ضیاءالدینی طباطبائی» و هاوڕێکانی ـ کە ئەمانە سەر بە ئنیگلیز بوون ـ هەمووی گرتن و لە بەندیخانەی توند کردن!.

لەپاش ئەوە کە ئەمانەی کرد ئەمجا داوای لە پیشەوەری کرد کە هەندێ کەس لەلایەن [ئازربایجان] و کوردستانەوە بچن بۆ [تاران] بۆ قسەکردن. دەستەی ئازەری لە ژێر سەرۆکی پیشەوەری و نێراوی حوکومەتی قازی ـ ش «محمد حسین‌خانی سیفی قازی» بوو، لە [۱۰ی نیسانی ۱۹۴٦]دا چوون بۆ [تاران]، هەزار و یەک قسە لەو کۆبوونەوەیەدا کراو حوکومەتی «قوام» بناغەی گەلێ وەعدی داڕشت و بە ئیمڕۆ سبەی ئیش دوائەخراو وەعدەکانیش هیچی نەئەهاتنە ئەنجام!. [موزاهەرە] و هەمهەمە بۆ گەڕانەوەی لیژنە لە [تاران]ە لە [ئازربایجان] و [سابلاّخ] دەستپێ کرا. لیژنە گەڕانەوەو پەیمانەکان هیچیان بەجێ نەهێنران!.

بەندێکی هەرەزلی ئەو پەیمانە کە لەبەینی قوام و لیژنەدا قسەی لێوە کرا ئەوەبوو کە [قوام] وتی:

«دانانی فەرماندەی لەشکر و پۆلیس لە ولاّتی [ئازربایجان]دا بەدەست ئەنجومەنی

ئەيالەتی ئازربايجان بێت، ئەو ئەنجومەنە کێ‌دانا حوکومەتی ئێران بڕياری لەسەر بدا.أ»

کەچی کوتووپڕ لەسەرەتای نيسانا [قوام] قسەکەی هەڵگێڕايەوەو بەم جۆرەی لێ کرد:

«دانانی فەرماندەی نەيروو پۆليس لە ئازربايجانا لە دەست حوکومەتی ئێرانايە و ئەو ئەيێ دايبنێ، بەڵام لەبەر ئەوە لێژنە واتێ نەگەيشتووە و بە بارێکیترا بۆی چووە، وا ئەو پەيمانە سەری نەگرت و هەڵوەشێنرايەوە».

ئەم ئەسريحە ناهەموارە لەم وەختەداکە [قوام] دەری بڕی دەنگێکی زۆر ناشيرينی لە [ئازربايجان] وکوردستانا دايەوە، بەتايبەتی لە وڵاتی کوردەواری‌دا هەر زۆر پێچەوانەی ئەو مەرامەبوو کە ئەويسترا. لەبەر ئەمە «پێشەوا» دەستی کرد بە خۆکۆکردنەوەوگەورەکانی وڵاتی حوکومەتی کوردستانی کۆکردەوەوکەوتنە قسەی ئەوەکە پەيمانێکی دوو سووچی لەگەڵ [ئازربايجان]دا ببەستن.

لە [٢٣ی نيسانی ١٩٤٦]دا لەکۆشکی مەجلسی ميللی ئازربايجان، سەرانی - حوکومەتی ئازربايجان وکوردستان -کۆبوونەوەو بە ناوی دوو کێشوەری سەربەخۆوە پەيمانێکی جەنگی و ئابووری - يان پێکەوە بەست.

ئەندامانی دەستەی حوکومەتی کوردستان بۆ ئەو پەيمانە ئەمانە بوون: -

(١) پێشەوا سەرۆکی حوکومەتی کوردستان [قازی محمد].

(٢) ئەندامی کۆميتەی ديموکراتی کوردستان [سيد عبداللەی گەيلانی].

(٣) ئەندامی ديموکراتی کوردستان [عەمەرخانی شەريفی] سەرۆکی عيلی شکاک. (٤) ئەندامی حزبی ديموکرات رەشيدبەگی جيهانگيری سەرۆکی عيلی هەرکی. (٥) ئەندامی حزبی ديموکرات. زيروبەگی بەهادوری. (٦) نمايندەی وڵاتی [شنۆ] قازی محمدی خدری. (٧) وەزيری جەنگی حوکومەتی کوردستان [محمد حسين‌خانی سەيفی قازی].

ئەندامەکانی حوکوومەتی میللی ئازربایجانیش ئەمانەبوون:

(١) سەرۆکی میللی مەجلسی ئازربایجان «حاجی میرزا عەلی شەبوستەری».

(٢) سەرۆکی وەزارەتی میللی ئازربایجان «جعفر پیشەوەری».

(٣) معاونی دەستەی مەرکەزی «حزبی دیموکراتی ئازربایجان» [سادق پادگان].

(٤) وەزیری ناوخۆی حوکوومەتی ئازربایجان [سلام اللەی جاوید].

(٥) وەزیری فەرهەنگی حوکوومەتی ئازربایجان «بیریا».

بەندەکانیش کە لەسەریان ڕێکەوتن بەم جۆرە بوون: ـ

[(١) لەو شوێنانە کە پێویستە، هەر دو حوکوومەتی ئازەری و کوردی ئەتوانن سەفیر و کونسوول لەولاتی یەکا دابنین.

(٢) لەولاتی ئازربایجان؛ واتە لەو شوێنانەدا کە زۆرتر دانیشتوەکانی کوردن، کاروفرمانی حوکوومەت لە دەست کوردەکانا بێت. هەروەها لە ولاتی حوکوومەتی کوردستانیشا ئەو شوێنانەی کە زۆرتر دانیشتوەکانی ئازەرین، کاروفرمانی حوکوومەت بەدەست ئازەریەکانەوە بێت.

(٣) بۆ جێبەجێ کردنی کاروباری ئابووری هەر دوولا، کۆمەڵێک لە پیاوانی هەر دوو کیشوەر دائەنرێن، ئەو شتانەی کە ئەو کۆمەڵە دایئەنێن سەرۆکی هەر دوو حوکوومەت بڕیاری لەسەر ئەداو ئەو وەختە ئەکەوێتە ئیشەوە.

(٤) لەکاتی پێویستیدا هەر دوو حوکوومەتەی ئازربایجان و کوردستان قۆڵ ئەکەن بە قۆڵی یەکاو یەکیەتی جەنگی و سەربازی پێک دێنن و ئەوی پێویست بێ بۆ کۆمەک کردنی یەک بەجێ دێنن.

(٥) ئەگەر وەختێک پێویست بوو بەوەکە قسەوباس و خواسێک لەگەڵ حوکوومەتی [تاران]دا بکرێ، ئەبێ هەر دوو حوکوومەتەی کوردستان و ئازربایجان پێکەوە بڕیار بدەن، ئەو وەختە بچنە ناو قسەکەوە.

(٦) ئەو کوردانەی کە کەوتوونەتە ولاّتی ئازربایجانەوە ئەبێ حوکوومەتی میللی ئازربایجان کۆشش بکا بۆ پێشکەوتنی زمان و فەرهەنگی میللی ـ یان. هەروەها حوکوومەتی کوردستانیش ئەو کۆششە بکا بۆ ئەو ئازربایجانیانە کە کەوتوونەتە خاکیەوە.

(٧) ئەگەر هاتو یەکێک وە یا هەندێک کەوتنە سەر ئەوە کە خەریک بن بۆ تێکدان و لە ناوبردنی دۆستایەتی و یەک نەگرتن و لێک جیاکردنەوەی ئەم دوو میللەتە، ئەمانە بەهەر دووکیانەوە کۆشش بکەن بۆ لەناو بردنی ئەو دەستەیە و بۆ تۆڵەدانەوەی ئەو کەسە کە ئەکەوێتە سەر ئەم خەیاڵە!.]

کە ئەم پەیمانە بەم جۆرە بەسترا لە ئێستگەی تەورێزا بلاّوکرایەوە و پاشان بەندەکان بەشێوەی ئازەری و کوردی کران بە «بلاّوکراوە» و لەولاّتەکانی ئازربایجان و سابلاّخا بلاّوکرانەوە، بە تایبەتی لە پاش بەستنی ئەم پەیمانە حوکوومەتی [قازی] بە تەواوی کەوتە ئیش کردن لە ولاّتەکانی کوردەواری‌دا. ئەو هێزانەی کە هەیبوو لە دەورووبەری «بانە» و «سەردەشت»دا ئەوەندەی‌تر بەهێزی کرد، لە ولاّتی «سەقز» و «سەراو»دا ـ کە مەرکەزی قیادەی کوردی بوو ـ بنکەی تەواوی داکوتا. بەگزادەکانی [سوێسنایەتی] و [گەورک] لە دەورووبەری سەردەشت لەگەڵ بەرەی پشدەریەکانی عێراق ئاشنایەتی خۆیان لەگەڵ سابلاّخا تازە کردەوە، لە دەورووبەری «سەقز»یش لەلایەکەوە «حمەرشیدخان» و لەلایەکەوە «فیض‌الله بەگی»یەکان لەوناوەیان قایم کرد. بەرزانیەکان لەناو ئەو هەموو خاکانەدا رایەڵێک بوون لە بەینی [سابلاّخ] و لەو شوێنانەدا بۆ رێ‌پیشاندان و بۆ قایم کردنەوەی سنوور و جەنگەکانی ئەو ناوچانە!.

* * *

کارەساتی حوکوومەتی «قازی محمد» لەگەڵ حوکوومەتی پیشەوەری ـ دا، دوو زنجیرە زنجیرن و لەگەڵی لاوە پێکەوە بەستراون، لەبەر ئەوە پێویستە لە هەندێ شوێنا

چاوێک بەو هاتوچووانەدا بگێڕین کە [تەورێز] لەگەڵ «تاران»دا ئەیانکرد.

لەوەبوو لە [١٠ی نیسانی ١٩٤٦]دا دەستەیەک بە سەرۆکی «جعفر پیشەوەری» بۆ قسەکردن لەکاروباری [ئازربایجان] و لەگەڵ ئەویشا کوردستان، چوون بۆ [تاران]. ئەوشتانەکە ئەمان لە حوکوومەتی تاران بۆ بنج بەست کردنی حوکوومەتی ئازەری و کوردی داوایان ئەکرد (١٤) بەند بوون. پێویست بە باسکردنی بەندەکان ناکا، چونکە هەر جۆرێک بوون حوکوومەتی تاران بڕیاری لەسەر نەدان!. لە ئاخرا لە [١٢ی مارسی ١٩٤٦]دا دەستەی نێراو بەبێ ئەوە بگەن بە شوێنێک گەڕانەوە بۆ «تەورێز». دیارە ئەم چوونەیان لە پاش ئەو پەیمانەبوو کە لەگەڵ حوکوومەتی قازی محمد ـ دا بەستبوویان. هەر ئەو پەیمانە ـ ش بوو کە ئیشێکی وای کرد حوکومەتی تاران بکەوێتە تەلاشی ئەوەکە لەگەڵ هەر دوولایانا ڕێ کەوێ، لەگەڵ ئەوەش هەر، ڕێ نەکەوتن!.

کە ئەمان گەڕانەوە بۆ [تەورێز] ئیتر دەستیان دا بە، بە ئەنجام گەیاندنی ئەو بەندانەوەکە لەگەڵ حوکوومەتی «قازی»دا دایاننابوون. حوکوومەتی [تاران] کە سەیری کرد ئەمانە بە تەواوی دەستیان داوەتێ لەوانەیە ئەگەر بەم جۆرە بڕوا ئیش و کار بەلای تارانا هەتا دێت بێ هێزتر ئەبێ!. پەشیمان بووەوە لەوەکە وەختی خۆی لەگەڵ نێراوەکانی تەورێزا ڕێ نەکەوتووە. ئەمجا بە ناچاری، ئەو، دەستەیەکی لە ژێر سەرۆکی «مظفر فەیروز»دا رێک خست و لە [١١ی حوزەیرانی ١٩٤٦]دا ناردنی بۆ [تەورێز] بۆ ئەوە سەرلەنوێ بکەونەوە گوفتوگۆ کردن لە چۆنیەتی بەینی تاران ـ تەورێز ـ سابلاخ ـ ەوە.

ئەم دەستەی تارانە لە ڕۆژی دوایی‌دا لەگەڵ سەرانی حوکوومەتی «ئازربایجان» و «سابلاخ»دا قومێتەیەکیان چنی و کەوتنە قسەکردن. لە «١٤» بەندەکەی پێشوو ـ کە وەختی خۆی دەستەکەی [تەورێز] بۆی چووبوونە تاران ـ (٧) بەندی تێدا هەبووکە زۆرتر ڕازی نەبوونی تاران لەو (٧) بەندەدا بوو، ئەمجارە «مظفر فەیروز» لەلایەن حوکوومەتی تارانەوە لەو بەندانەی تۆزێ شل کردەوەو لە عەینی وەختا تەورێز و

سابلاخیش دیسان تۆزی شلیان کردەوە و لە ئەنجاما بەیەک گەیشتن.

[مظفر فەیروز] ئەم بەیەک گەیشتنەی بەسەرکەوتنێکی زۆر زل زانی و هەر لە رادیۆی تەورێزا بەندەکان و رێ کەوتنەکەی بلاّو کردەوە، ئەمجا لەگەڵ پێشەوەری ـ دا ئیمزای بەندەکانیان کرد و بەسەرکەوتووی گەڕایەوە بۆ «تاران».

ئەبێ ئەوەش بزانین کە هەندێ لەو کەسانە کە لەگەڵ «مظفر فەیروز»دا بۆ ئەم قسەکردنە چووبوون بۆ [تەورێز] لە ئەفسەرانی لەشکری [ئێران] بوون. هەندێک لە بەندەکان ئاشنایەتیان بەکاروباری ئەرتەشی ئێرانەوە هەبوو، ئەم ئەفسەرانە بۆ ئیمزا کردنی، خۆیان ئەگرت. لەبەر ئەمە دیسان ئەوان وتیان بۆ ئەم بەندانە پێویستە دەستەیەکی‌تر لە ئازربایجانەوە بچنەوە بۆ [تاران] قسە لەگەڵ ئەرتەشی تارانا بکەن. لەبەر ئەمە ئەوان ئیمزای بەندەکانیان لەلایەن ئەرتەشەوە نەکرد و هەروا بە بێ‌ئەوە بگەن بە بناوانێ، گەڕانەوە بۆ «تاران»!.

ئەمجا بۆ جاری دووهەم دەستەیەکی‌تر لە ژێر سەرۆکی «شەبوستەری» سەرۆکی مجلسی میللی «ئازربایجان»دا لە [٢٠ی ئاغستوزی ١٩٤٦]دا چوونەوە بۆ «تاران» بۆ قسەکردن لەکەینوبەینی ئەو بەندانەکە وەختێ خۆی هەزار و یەک قسەی لەسەر کراوە!.
نمایندەکانی ئازەری چەند بەندێک هەبوو ئەمانەیان زۆر مەبەست بوو، وەکوو ئەوە:

(١ـ ئەو ئەفسەرانە کە لە لەشکری «ئیران» هەلاّتوون و چوونەتە لەشکری ئازربایجانەوە، ئەمانە بگەڕێنەوە بۆ لەشکری «ئێران» بە زیاد لە پایەکەی خۆیان.

٢ـ ئەو ئەفسەرانە کە لە لەشکری دیموکراتدا هەن، [ئێران] هەموویان بە ئەفسەری تەواو بناسێ.

٣ـ حوکوومەتی «ئێران» لە سالاّ ملیونونیوێک تمەن بخاتە ناو میزانیەوە بۆ ژیانی لەشکری «ئازربایجان».

٤ـ فەرماندەی لەشکر و ئامر فەوجەکان بۆ [ئازربایجان] ئەبێ بە قسەی «ئەنجومەنی

ئەیالەتی ئازربایجان» بمێننەوە.

٦ـ ئەگەر ئاژاوە و هەرایەک بوو بەریشی ئێرانەوە، هێزی [ئازربایجان] لە پاش ئەوە کە «ئەنجومەنی ئەیالەتی» بڕیاری لەسەردا ئەتوانێ بچێ بۆ [ئێران] جەنگ بکا.

٧ـ ئەفسەرەکانی [ئازربایجان] نەچن بۆ شوێنێکی تر، هەروەها ئەفسەری شوێنێکی تریش نەیەت بۆ [ئازربایجان] مەگەر بە قسەی «ئەنجومەنی ئەیالەتی» نەبێ.)

کێشەکەیان زۆرتر لەسەر ئەم شتانەبوو، ماوەیەکی زۆر مانەوە، تا قوام رازی ئەبوو، ئەرتەش رازی نەئەبوو، تا ئەمانە رازی ئەبوون «شا» رازی نەئەبوو!. بەکورتی هەر دەستی دەستی‌یان پێ‌ئەکرا. ئەمانە ماوەیەکی زۆر لە «تاران» مانەوە، لەم‌لاوە لە «تەورێز» و «سابلاغ» سەیریان کرد «لێژنە» نەگەیشتۆتە ئەنجامێک و شوێنێکیشی دیار نیە کە بێتەوە، دەستکرا بە [موزاهرە] کردن بۆ هاتنەوەیان و لەسەر یەک، لەسەر یەک داوایان ئەکرد کە بگەڕێنەوە، لە ئاخرا لێژنە لە پاش مانەوەی نزیکەی دوو مانگ و بو گەڕانەوە بەبێ ئەوەشتێک لەگەڵ خۆیان بێننەوە!.

هەروەها لە تەمووزی (١٩٤٦)دا حوکوومەتی ئێران بە جۆرێکی رەسمی «قازی محمد»یشی بانگ کرد بۆ [تاران] دیسان ئەمیش هەر بۆ قسە کردن لە کاروباری کوردەواریەوە، پێشوازیەکی باشیان کرد. لەپاش قسەکردنێکی زۆر و رێ‌نەکەوتن، [قوام السلطنە] لە دەرگایەکی ترەوە سەری دەرهێنا، وتی:

«ئەگەر بێت و قازی و حوکوومەتی کوردستان واز لە دۆستایەتی و هاریکاری ئازربایجان بێنێ، حوکوومەتی ئێران هەچ ناوچەیەکی کوردەواری لە ئێرانا هەیە وازی لێ دێنێ بۆ ئەوە هەمووی بکەوێتە سەر حوکوومەتی کوردستانی قازی محمدا...».

[قازی] ئاشنا نەبوو بەم قسەلووسانە و حوکوومەتی ئێران وەڵامێکی لێ وەرنەگرتەوە. کە، لەم دەرگاشەوە هیچ نەکرا بە هۆی «عبداللەی ئیلخانی‌زادە»وە کەوتنە ژێرپێ «قازی محمد» کە بچێت چاوی بە «شا» بکەوێ، شا، رازی ئەکاو ئەشینێرێ بۆ «ئەمەریکا» بۆ

سەیران کردن!!..

دیارە لەم رووەشەوە هەر هیچ نەکراو پاش ئەوە «قازی» گەڕایەوە بۆ «سابلاخ»!.

* * *

لەو رۆژانەدا کە جەنگی گەورەی دووەم کاروباری هەموو ولاّتێکی تێکدابوو، جیایەک نەبوو لە بەینی ئەو شوێنانەدا کە تێکلاّوی شەڕ بووبوون لەگەڵ ئەو جێگایانەدا کە تێکلاّو نەبووبوون!.

ولاّتی «ئێران» یەکێک بوو لەو شوێنانە کە گۆیا تێکلاّو نەبووبوو بەلاّم لە مارسی (١٩٤١)دا کە سوێندخوارەکان چوونە ناویەوە کاروباری گەلێ لەو ولاّتانە خراپتربوو کە ئالاّبوون بە جەنگەوە!. بڕیاری سوێندخوارەکانیش لەگەڵیا ئەوەبوو کە هەر لەگەڵ شەڕ دوایی هات ئەوان لەشکری خۆیان ئیتر لەو ولاّتە بکێشنەوە!.

لە [٢٦ی نیسانی ١٩٤٥]دا شەڕ دوایی هات، بە پێ ئەو پەیمانانە ئیتر ئەمان ئەبێ دەرچن، دەرچوونیش زۆر ستەمە چونکە ئەمان هەموو رۆژئاوای ئێرانیان کردووە بە ولاّتی خۆیان، واتە لە نیوەی شیمالیەوە تا نیوەی جنوبی. ئینگلیز لە «عەبادان»ەوە ئەسووڕێتەوە تێدایا تا ئەگاتە «سنە». رووس ـ یش لە «تەوریز»ەوە تا ئەگاتە «سەقز»!.

ئەمە و بێجگە لەمەش لە ژێرەوە ئینگلیز ئەڵێ: رووس دەرچێ تا منیش دەرچم. رووس ـ یش هەبێ قسە ئەڵێ ئینگلیز دەرچێ تا منیش دەرچم!. بەڵێ بە ئاشکرا ئەمە ناڵێن چونکە پەیمانەکە ئەمەی تێدا نیە، واتە ئەم بڕوبیانووە، بەلاّم لەبەر ئەوە کە ئەم دووە، لەدلاّ دڵیان لە عاستی یەک پاک نیە، ئەم بڕو بیانوانە دێننە ناوەوە. دیسان ئەو شوێنانە کە ئەمان هاتوچۆی تێدا ئەکەن هەمووی شوێنی نەوتە، نەوتیش بۆ ئەورۆژە لە هەموو سەرمایەیەک بەنرخترە. •

ئینگلیز هەر لە زۆر لەمێژە دەستی لە نەوتی «عەبادان» گیربووەو لەگەڵ ئێرانا هاوبەشەتیایا و ئەتوانێ بە ناوی هەڵسووڕاندنی بەشە نەوتی خۆیەوە پێ‌دابگرێ!. بەلاّم

رووس هیچی بەدەستەوە نیەو ترسێکی گەورەش رووی تێ کردووە؛ رووس نەوتی هەیەو لەقەوقاز «باکۆ»دایە، باکۆ ـ یش کەوتۆتە خاکی خۆیەوە، ئەوەندە هەیە بێجگە لەوە کە بیرەنەوتەکانی قەوقاز زۆرتریان بە هۆی شەڕەوە پەکیان کەوتووە، رەگ و دەماری ئەو نەوتەی کەوتۆتە ولاّتی [ئازربایجان] و کوردەواریەوە. ئەگەر رۆژێک لەرۆژان لە ولاّتی [ئازربایجان] بیرێک لێ بدرێ مەعنای وایە نەوتەکەی «باکۆ»ی ئەو هەمووی وشک ئەکا!..

هەر ئەم ترسەیە کە لەسەدەی نوزدەهەمەوە والەدڵی رووساو لەو وەختە بەدواوە هەمور دەمێک لەکۆششی ئەوەدابووە کە بەڵکور لیشێکی وابکا ئەو ولاّتی «ئازربایجان» و کوردەواریەی بکەوێتە ژێر دەست و لەو ترسە رزگاری بێ!.

لە دەورەی شایەکانی قاجارا هەر هەراو هوریایەک کە لەبەینی ئێران و رووسابووە هەر لەسەرئەوەبووە، هەر ئەو ترسەش بوو کە شایەکانی قاجاری والێ کردبوو هەموو وەخت «ولیعهد» لە تەوریز دانیشێ!. لەشەڕی گەورەی یەکەما ـ رووسی قەیسەری ـ سەری تیاچوو هیچ نەکرا. لەشەڕی گەورەی دووهەما سەرەتا ئینگلیز و رووس گیریان خواردبوو بە دەست جەنگی [هیتلەر]ەوە. کە ئەو جەنگەش دوایی هات هەرچەندە لە (١٩٤١)دا لە دەوری [رەزاشـا]دا ئەگەر «ئینگلیز» لێ تێکنەدایە زۆری نەمابوو ئیمتیازەکەی دەستکەوێ، کەچی سەرباری ئەمە ئاو و هەوا لە دەورەکان پێشوو گەلێ خراپتربوو، بۆ ئەوەکە رووس نەوتی «ئازربایجان»ی دەست نەکەوێ وە بەڵکوو هەر لە دەستی دەرچێ!. چونکە لەم‌لاوە ئینگلیز بە جۆرێکی ئاشکراو راستەو راست دەستی لە ئێرانا هەبوو، ئەیتوانی پێ‌خۆی لەگەڵ ئێرانا نەبڕێ، ئەیتوانی رۆژێ لە رۆژان بە ناوی دۆستایەتیەوە لەگەڵ «ئێران» رێکەوێ و هەڵیخەڵەتێنێ بۆ ئەوە دەست بکا بە بەرهەم هێنانی نەوتی «ئازربایجان»!. کە ئەم نەوتە پێک هات رووس لە خاکەکەی خۆیشیا تنۆکێ نەوتی بۆ نامێنێتەوە و ناشتوانێ هیچ قسەبکا، چونکە ئێران ئەڵێ: «کەری خۆمەو گوێ ناڵ

ئەکەم!». واتە نەوتی خۆمەو لە خاکی خۆمایەو چی لێ ئەکەم لێ ئەکەم!.

جا ئەم ترسە، «رووس»ی وا لێ کردبوو کە بەهەر جۆریووە ئیشێکی وا پێک بێنێ، بەڵکوو بەلانی کەمەوە وڵاتی «ئازربایجان» لە ژێر چاوێری ئەوابێت و تۆزێ لەو ترسە رزگاری بێ!.

هەڵگیرسانی ئەم شەڕی گەورەی دووهەمە زۆر لە باربوو بۆ ئەوە، کە حوکوومەتە گەورەکان، واتە شەڕ هەڵگیرسێنەرەکان لەبەر بەڕێوە چوونی کاروباری خۆیان شەپووری بگرن بە دەمەوە و بە دنیادا بڵاوی بکەنەوە بڵێن: قەومەکەمەکان، وە یا قەومە ئازادی لێ زەوت کراوەکان ئەبێ ئازادی و سەربەخۆیی خۆیانیان بدرێتێ!.

ئەم قسەیە دارێکی چاک بوو بۆ ئەو رۆژە کە رووس بیگرێ بە دەستەوە و بڵێ «ئازربایجان» و کوردستانیش ئەبێ سەربەخۆی خۆیانیان دەستکەوێ. بێ گومان ئەگەر ئەمان لە رێگەی ئەوەوە بگەن بەو سەربەخۆییە هیچ شک لەوەدانیە کە نەوتی ئەو وڵاتە ترس لێ نیشتووەکانی دەست ئەکەوێ و ئیتر هیچ شتێک نامێنێتەوە کە بێ بە کۆسپ لە رێگەیا!.

بۆ گەیشتن بەم ئامانجەش ئەبێ کۆشش بکرێ، کۆششەکەش ئەوەیە کە لەناو دانیشتووەکانی ئەو وڵاتانەدا بڵاو بکرێتەوە کە بڵێن «ئێمە سەربەخۆییمان ئەوێ». بۆ ئەمەش ئەبێ پیاویان لەو وڵاتانەدا بگەڕێ و پیاوی ئەمانیش بچنە وڵاتی ئەوانەوە!.

لەو ناوەدا و لەو دەورەدا «کلینسکی» و «لەسمیرنوف» و «لەسداف» یا خۆیان وەیا پیاوەکانیان ئەگەڕان و خۆیان لەخەڵک هەڵەسوو، لەم لاشەوە هەرجارە پیاوێ وەکوو «قازی محمد» و «پیشەوەری» و «شەبوستەری» بانگ ئەکران بۆ وڵاتی «رووسیا» و «قەوقاز» هەر بۆ چاو پێ کەوتن و دەم بەیەک گەیشتن!.

ئەم هۆیانە هەموو یەکیان گرتبوو بۆ ئەوە لەو وڵاتانەدا دەنگێک بەرز بێتەوە و ئەوی پێ بکرێ کەڵکێک لەو رۆژە وەربگرێ. کزی و بێ تینی حوکوومەتی ئێرانیش زیاتر

زەویەکەی ئاوئەدا. وەزارەتەکانی «صدر» و «حکیم الملک» هیچیان بەکەڵکی ئەوە نەئەهاتن کە بتوانن بە تەواوی کاروباری بگرنە دەست. ئەوەبوو کوتوپڕ لەم وەختە ناسکەدا [قوام‌السلطنە] هاتە مەیدانەوە و وەزارەتی ئێرانی دروست کرد. دەرگایەکی سەربەستی خستە سەرگازی پشت، اجازەی دایەوە بەحزبە داخراوەکان، سێ ئەندامی لە حزبی «تودە» خستە ناو وەزارەتەکەیەوە، ئینگلیز خواکانی گرت و خستینە بەندیخانەوە!.

کە ئەمانەی کرد ئەمجا حزبێکی بەناوی [حزبی دیموکراتی ئێران]ەوە دروست کرد. دانانی ئەم حزبەی بناغەبوو بۆ پشت شکاندنی [حزبی دیموکراتی ئازربایجان] و [حزبی دیموکراتی کوردستان]. چونکە بەرە بەرە لە پیاوانی ئەو دوو حزبەی رائەکێشا و لەیخستنە ناو حزبەکەی خۆیەوە، زۆرتر کۆششی ئەوەی ئەکرد، کە سەرۆک عەشرەتەکانی ئەو ولاتانە بخاتە ناو جغزەکەی خۆیەوە.

هەروەها لە رۆژی [١٧ی شوباتی ١٩٤٦]دا وەزارەتەکەی خۆی خستە پێش چاوی پارلەمان و باوەڕی لێیان وەرگرت. رۆژی دوایی، واتە رۆژی (١٨)ی شوبات باڵی گرتەوە «مۆسکۆ» بگرە و هاتما لەوێ تا [٧ی مارتی ١٩٤٦] مایەوە، چاوی بە «ستالین، مولوتوف و سادچیکوف» کەوت و پاش ئەو ماوەیە گەڕایەوە بۆ «تاران»!.

* * *

لەم چوونەی «قوام‌السلطنە» بۆ «مۆسکۆ» لە باری پیلان و سیاسەتەوە ناوچەیەکی زۆر زلی هەبوو؛ ئەوەبوو لەو وەختەدا رووسەکان بۆ دەست‌خستنی نەوتی «ئازربایجان» زۆر لە پەرۆشابوون، ئەو هەموو لاپەڕە سیاسیانە کە لەو ولاتەدا هەڵئەدرایەوە هەمووی هەر لە بۆ ئەو نەوتەبوو.

کە «قوام» رۆیشت و چاوی بە کاربەدەستانی رووس کەوت پێوتن «ئاو وهەوای ئێرانی ئیمرۆژ ئەوە هەڵناگرێ کە بەو جۆرە پارچە پارچە بێتەوە. ئەو نەوتەی کە کەوتۆتە شیمالی ئێرانەوە و ئەو سەری بەستراوە بە «باکۆ» و «قەوقاز»ەوە و ئەم سەری تا سەر

رووباری چەغەتوو ـ میاندوواو دێت. من بەو ناوەوە کە سەرۆکی حوکوومەتی خاوەن نەوتم، ئەتوانم ئیمتیازی ئەو نەوتە بدەم بە رووس، ئیتر ئاو بکرێ بە ئاگرا!».

ئەم قسانەی «قوام» ئێنکیە کی‌دا بە دڵی کاربەدەستانی رووس و لەسەر ئەم بناغەیە چوونە سەر مێزی قسەکردن و پەیمان دانان بۆ ئەم باسە.

ئەو پەیمانانە کە لەم رووەوە لەلایەن قوامەوە بۆ ئەم باسە دانرا ئەمانە بوون:

(١ـ ئەم لە پێشا بەو ناوەوە کە سەرۆکی حوکوومەتی ئیمزای ـ دانی ئەم ئیمتیازی نەوتە بە رووس ـ بکات.

٢ـ لەم تأریخەوە تا ماوەی (٧) مانگ ئەو پارلەمانەی کە ئێستە لە ئێرانا هەیە بیخات و پارلەمانێکی‌تر دروست بکاتەوە بۆ ئەوە ئەو پارلەمانی تازەیە بڕیار لەسەر دانی ئەم ئیمتیازە بدات، بۆیەش ئەم پارلەمانە بخات، چونکە ئەمەی ئێستە بە جۆرێکی سەربەستانە نەهاتوونەتە ناوەوە! ئەبێ بۆ ئەم مەسەلەیە «پارلەمان»ێکی وابێت کە هەموو ئەندامەکانی بە ئەوپەڕی سەربەستی میللەتەوە هەڵبژێرێن.

٣ـ لە ئێستە بەدواوە رووس لەشکری خۆی لەناوچەی نفووزی ئێران ـ بە تایبەتی ئازربایجان و کوردستان ـ بکشێنێتەوە بۆ ئەوەلەکاتی هەڵبژاردنی ئالبەکانی پارلەمانی تازەی ئێرانا هیچ دەنگێکی بێگانە لەو ناوانەدا نەمێنێ، ئەمەش بۆ ئەوە نەوەک خەڵکی دەست بکەن بە قسەکردن بڵێن هەڵبژاردن سەربەست نەبووەو لەمەوە قسەی‌تری لێ بێتەوە!).

ئەو مەرجانەش کە کاربەدەستانی «رووس» لەم رووەوە دایاننا ئەمانە بوون:

(١ـ بە هەموو مەعنایەک ئەبێ هەڵبژاردن سەربەست بێ لە هەموو ناوچەکانی «ئێران»دا و نابێ دەمی بێگانە لە هیچ لایەک لەم رووەوە ورتەی لێوە بێت.

٢ـ مەسەلەی «ئازربایجان» و دەوروبەری ئەبێ بە هێمنی ببڕێتەوە.)

هەر دوولا لەسەر ئەم مەرجانە رازی بوون و ئیمزایان کرد و [قوام] بە خۆی و بە

پەیماننامەیەوە گەڕایەوە بۆ «تاران» و کەوتە کۆڕی ئیش کردنەوە، لە هەموو زیاتر ئەوەی بلاو کردەوە کە ئەبێ سەر لەنوێ هەڵبژاردنێکی سەربەست لە ولاتا دەست پێ بکرێ بۆ ئەوە ئازربایجان و کوردستان [نائب]ی خۆیان بە جۆرێکی ئازادانە بنێرن بۆ [پارلەمان] و ئەو وەختە ئەوان چە بڕیارێکیان‌دا لە بارەی پاشەڕۆژی ولاتەکەیانەوە حوکومەتی «ئێران» لەبەر رووناکی ئەو باوەڕەی ئەوانا ئەچێ بەڕێوە!..

* * *

لەبەین بەینی ئەم تەئریخانەدا ئەوەبوو کارەساتەکانی کوردەواری لە هەموو ئەو ولاتانەدا لە جوولە جوولا بوون، هێزەکانی کورد هەر رۆژە لەلایەکەوە پێش ئەکەوتن. حوکومەتی ئێران زۆرتر وەختی بەوەوە رائەبوارد کە ئاژاوەو شەڕی بەرێشەوە نەبێت، وا دیار بوو هەوای ئەو رۆژەی بەباش نەئەزانی بۆ خۆی!.

لەو سەردەمانەدا قسەو باسێک لەبەینی [تاران] و [تەورێز]دا هەبوو کە «زەنگان» لەسەر ئازربایجان نەمێنێ و. بەڵکوو بکەوێتە سەر ولاتێکی‌تر لە ولاتەکانی ئێران. بەرانبەر بەمە حوکومەتی «ئێران» بە هەموو مەعنایەک «تەکاب» و «سەردەشت» چۆڵ بکاو «دیموکراتی ئازربایجان» بچنە ناویەوە. دیارە ئەو دیموکراتانەش کە لەو ناوەدابن هەر دیموکراتی کوردستانە و ئەوان ئەچن داگیری ئەکەن. لەمە وای لێ‌هاتەوە کە «تەکاب» و «سەردەشت» بەبێ هیچ قسەیەک بوو بە هی حوکومەتی «کۆمەڵە».

تەنانەت لەسەر ئەم راو تەگبیرەش «صدری قازی» لەلایەن حوکومەتی کوردستان و [قازی محمد]ەوە نێرا بۆ [سەقز] کە قسە لەگەڵ [هومایونی] فەرماندەی نەبروی ئێرانا بکاو ئەم باسە بیڕێننەوە. کە چوو، فەرماندە بەم باسە رازی نەبوو، «صدر» قاقەزێکی رەزامەندی [قوام السلطنە]ی ـ کە لەم رووەوە دابووی بە «دوکتۆر جاوید» لە تەورێز وە وێنەی ئەم قاقەزە کەوتبووە لای «صدر» ـ دەری هێناو پیشانی‌دا.

کاغەزەکەش ئەوەبوو کە قوام نووسیبووی بۆ دوکتۆر جاوید فەرماندەی

«ئازربایجان»:

(ئێمە رازین بە (١٥) رۆژ دوای چۆڵ كردنی زەنگان، تەكاب و سەردەشت لە نەیروی ئەرتەشی پاك بكرێتەوەو هێزی نیزامیان بین بە هێزی دیموكراتی ئازربایجان.

[أحمد قوام السلطنه] ٣ی تشرینی دووهەمی ١٩٤٦).

همایونی و «عەلەوی» كە بە ناوی فەرماندەی لەشكری سێوە لەوێدا بوون داتێكیان بەم فەرمان و رێ كەوتنەدا نەنا و وتیان لەلایەن ئەرتەشەوە ئێمە لەم رووەوە هیچمان وەرنەگرتووە. بەبێ ئەوە بگەن بە

ئەنجامێك «صدر» گەڕایەوە بۆ «سابلاغ»!.

* * *

«قوام» لەگەڵ رووسەكان ئەوەبوو رێ كەوتبوو بڕیاری هەڵبژاردنی سەرلەنوێ درا، لەم ماوەیەدا ئەو تەكتیكانە كە ئەكرا هەموو بۆ ئەوەبوون كە، تا لەلایەكەوە حوكومەتی ئێران تۆزێ لێشی خۆی قایم ئەكاتەوە، لەلایەكی تریشەوە بەڵكو لەم ماوەیەدا رووس لەشكری خۆی لە ئازربایجان بكشێنێتەوە.

وەخت زۆری نەمابوو بۆدوایی هاتنی ئەو ماوەیەكە قوام و [سادچیكوف] دایاننابوو بۆ دوایی هاتنی هەڵبژاردنەكە. رووس بە پەلەو بۆ ئیمتیازی نەوتەكە، ئێرانیش بە پەلەبوو بۆ دەرچوونی رووس لە خاكەكەیا!. لە ئەنجاما رووسەكان هەر ئەیانكردە سەر قوام بۆ بڕاندنەوەی ئیش. قوام ـ یش ئاخر وەڵامی ئەوەبوو كە بە پێ پەیمانەكەمان ئەبێ ئێوە لەوڵات دەرچن ئەو وەختە ئێمە بكەوینە سەر هەڵبژاردن.

لێرەدا رووس چاری نەما و هیچ بیانویەكیش نیە بیگرێ بەدەستەوە بۆ دەرنەچوون، لەبەر ئەمە وردە وردە لە ئەیلولی (١٩٤٦)دا دەستی كرد بەگەڕانەوە بۆ وڵاتی خۆی و ئازربایجانی چۆڵ كرد لەسەر ئەو نیازەكە قوام پارڵەمانێكی تازە لە ئێرانا دروست بكاو «پارلەمان» ئیمتیازی نەوت بدا بە رووس!.

که رووسەکان دەرچوون قوام مەیدانی بۆ چۆڵ بوو بۆ ئەو هەڵبژاردنە، کە خۆی ئەیەوێ. وردە وردە لە شوێنەکانی تری ئێرانا دەستی پێ کرد و پاشان هاتەسەر ـ ئازربایجان و کوردستانی ئازربایجان ـ بە پێ هەندێ لە بەندەکانی پێشوو ـ کە لەسەری رێ کەوتبوون ـ وڵاتەکانی ئازربایجان و کوردستان خۆیان بە هەموو سەربەستیەکەوە ئەتوانن نائب بۆ خۆیان دابنێن.

لەم کاتەداکوتووپڕ «پیشەوەری» برووسکەیەکی لە «قوام»ەوە وەرگرت: «کە هێزێکی عەسکەری ئەیێنێت بۆ ئازربایجان بۆ ئەوە چاوێری هەڵبژاردن بکا، ئەمەش بۆ ئەوە نەوەک گەمەو گاڵتەی تێدا بکرێ!.»

ئەم خەبەرە کارێکی پێچەوانەو سەیری کردە سەر دڵی «پیشەوەری»!. بە ناچاری پیشەوەری ـ یش وەڵامی بۆ ناردەوە کە:

«بە پێ هەندێ لە بەندەکانی پەیمانی پێشوو ـ کە لە سەری رێ کەوتبووین ـ لەشکری «ئازربایجان» لەشکری ئێرانە. کە ئەم پەیمانە هەیە و لەشکریئازربایجانیش ئێستە هەیە، کەواتە پێویست بە هاتنی لەشکری «ئێران» ناکا. لەشکری [ئازربایجان] خۆی ئەتوانێ بە بێ لایەنگری چاوێری هەڵبژاردنی خۆی بکا.»

[قوام] لەو وەختەدا کە ئەو برووسکەیەدابوو بە «پیشەوەری» عەینی ئەوەشی لە لایەن کوردستانەوە دابوو بە قازی محمد. قازی ـ ش وەکوو وەڵامەکەی پیشەوەری وەڵامێکی وای دایەوە بە [قوام] کە وڵاتی کوردەواری خۆی لەشکری خۆی هەیە و پێویست بە هاتنی لەشکری حوکوومەتی «ئێران» ناکا بۆ ئەم هەڵبژاردنە.

دیارە کە [قوام] ئەو برووسکانەیدا بە پیشەوەری و قازی، مەعنای وایە پەیمانی تاران ـ تەورێز حوکمی نەماوە و بە هیچ دائەنرێ!. لەبەر ئەمە دوو دەستەی ئازەری و کوردی لە [١٦ی تشرینی یەکەمی ١٩٤٦]دا لە «تەورێز» کۆبوونەوە و ئەم بڕیارانەی خوارەوەیاندا: ـ

(١ـ دروستکردنی لەشکرێکی ئازەری ـ کوردی کە شوێنی لە «تەوریز» بێت.

٢ـ ناردنی لەشکری نیزامی ئازربایجان بۆ قـۆڵی [سـەقز] لەکـوردستان. وە نـاردنی لەشکری غەیری نیزامی کوردستان بۆ «ئازربایجان» ئەگەر پێویست بوو.

٣ـ دانانی «جەنەرال عەزیمی» ئازربایجانی بە سەرۆکی گشتیی لە قۆڵەکانی «سەقز» و «سەردەشت» لەکوردستان وە لە «هولاسۆ ـ هەوشار» لە ئازربایجان.

٤ـ دانانی «مەلا مصطفی بەرزانی» بە سەرۆکـی گشـتیی کـوردی و ئـازەری لە ناوچەی «سەقز».

٥ـ ناوچەی «هەوشار» لە ئازربایجان لە ژێر چاوێری «محمد حسین سەیفی قـازی» دابێت.

٦ـ «قازی محمد» سەرۆکی گشتیی هەرە بەرزبێت لەسەر هێزەکانی ئازربایجان ـ کوردستان، بەڵام لە ژێر رەنگ رشتنی جەنەرال عەزیمیدا.

٧ـ «پیشەوەری» سەرۆکی هەرە بەرزبێت بۆ هێزە شەرکەرەکانی کوردی ـ ئازەری «لە ئازربایجان».

٨ـ هێزی کوردی هەر یارمەتیەکی تری ویست «ئازربایجان» دەستی بۆ درێژ بکات.)

بەم جۆرە ئەم پەیمانەش بەستراو ئەمجا ئیتر قۆڵیان کرد بە قۆڵی یەکا بۆ بەگژاچوونی حوکومەتی ئێران بە هەرجۆرەی کە پێیان بکرێ. «فعلا» بەندەکان جێ‌بەجێ کـران و کەوتنە کۆڕی شەڕەوە. لەولاوە هێزی ئازربایجان لە قۆڵی «زەنگان» و «میانە» ـ کە ئەم دوو شوێنە نرخێکی زۆری هەبوو بەرانبەر بە وڵاتی ئازربایجان ـ وە لەملاشەوە هێزی کوردی لە قۆڵی ـ سەقز و بۆکان و بانە و سەردەشت ـ کەوتنە ئیش کردنەوە.

لەبەر ئەوە کە گرتنی «زەنگان» بۆ ئێرانیەکان بەرانبەر بە ئازربایجان کاریگەریەکـی زۆری هەبوو، هێزی ئێرانی هەموو کۆششێکی خۆی لەو قۆڵەوە خستبووە سەر گـرتنی ئەوێ.

له [٨ی كانوونی یه‌كه‌می ١٩٤٦]دا حوكوومه‌تی ئێران به پشتیوانی فڕۆكه‌كانی ئه‌مه‌ریكی له‌هه‌ر دوو قۆڵه‌كه‌وه ده‌ستی كرد به شاڵاو هێنان. له رۆژی (٩)داكوتووپڕ هێزی ئێران له «سه‌قز»كشایه‌وه!.

كشانه‌وه‌ی ئه‌م هێزه دوو مه‌به‌ستی تێدا هه‌بوو! یه‌كه‌م له‌وه‌بوو كه ئه‌یه‌ویست هه‌ر به هێزی هه‌وایی و فڕۆكه‌ی ئێران و ئه‌مه‌ریكی بكه‌وێته ناوه‌وه، چونكه ئه‌یزانی به‌هێزی سه‌رزه‌وی باشاری كورده‌كان ناكاو پاشه‌ڵی پیس ئه‌یێته‌وه!. دووهه‌م ئه‌یه‌ویست ئه‌و هێزی قۆڵی «سه‌قز»ه زۆر به‌خێرایی بگه‌یه‌نێته خه‌تی «تیكاتته‌په»، بۆ ئه‌وه هێزی ئه‌ولا به‌هێزتر بكاو بكه‌وێته به‌ینی هێزی كوردی و ئازه‌ری، ئه‌مه‌ش بۆ ئه‌وه‌كه به‌یه‌ك نه‌گه‌ن. دیسان هه‌ر له‌و قۆڵی [هۆلاسو]وه [جه‌بهه‌ی ئیرانی] هه‌ستی به‌سستیه‌ك كردبوو له‌خۆیا، ئه‌گه‌ر ئه‌م فیكره‌ی نه‌كردایه حاڵی شڕئه‌بوو له‌وێدا.

هه‌رچه‌نده حوكوومه‌تی «ئێران» له [٢٤ی تشرینی دووهه‌می ١٩٤٦]دا «زه‌نگان»ی له ده‌ست ئازربایجان هه‌ڵپڕووكاندبوو، به‌ڵام ترسی هه‌ره‌زۆری ئه‌و له قۆڵی «تیكاتته‌په» و «هه‌وشار»ه‌وه‌بوو، كه ئه‌گه‌ر له‌وێدا هێزی كوردی و ئازه‌ری بگه‌نه‌وه به‌یه‌ك تازه ئه‌و ناتوانێ باشاریان بكا. له‌به‌ر ئه‌م ترسه ئه‌و پیلانه عه‌سكه‌ریه‌ی رێكخست!.

* * *

وا دیار بوو قسه‌كردنه‌كانی «قوام» و «سادچیكۆف» له مۆسكۆ جێگه‌ی خۆی به‌ته‌واوی گرتبوو، بۆیه رووسه‌كان له‌شكری خۆیان له «ئازربایجان» كشاندبووه‌وه، بێجگه له‌وه‌كه له‌شكریشیان كشاندبووه‌وه ته‌مێ [پیشه‌وه‌ری]شیان كردبوو، كه به جۆرێكی هێمنی له‌گه‌ڵ ئێرانا بیزوێته‌وه!. وا دیاربوو سه‌ره‌تا [پیشه‌وه‌ری]گوێ به‌و ئامۆژگاریه نه‌دابوو، بۆیه هاتبوو له‌گه‌ڵ حوكوومه‌تی «قازی»دا ئه‌و په‌یمانی (١٦)ی تشرینی یه‌كه‌می به‌ستبوو. كه رووسه‌كان زانیان [پیشه‌وه‌ری] به ده‌سپاوی قازی وا هه‌ر چووه‌ته كۆڕی شه‌ڕه‌وه و به‌ربه‌ره‌كانێ حوكوومه‌تی ئێران ئه‌كا، بۆ جاری دووهه‌م

سەرلەنوێ بە جۆرێکی توند و تیژتر وەڵامیان بۆ ناردەوە کە نابێ بەربەرەکانێ ئێران بکاو ئەبێ دەست لەشەڕ هەڵگرێ!.

هەر لەبەر ئەمەبوو کە بە جۆرێکی کوتووپڕی لەشەوی [١١ی کانوونی یەکەمی ١٩٤٦]دا لەناکاو ـ بەلاغێکی لێژنەی مەرکەزی حزبی دیموکراتی ئازربایجان ـ دەرچوو کە ئەبێ شەڕ کردن لەگەڵ حوکومەتی «ئێران»دا بوەستێنرێ و ئیتر جەنگیان لەگەڵ نەکرێ!.

کە ئەم بەلاغە بیسترا، هێزی کوردی دەمی خۆی گەیاند بەقیادەی گشتیی بۆ ئەوە بزانێ چەباسە؟!. ـ قیادەی موشەرەکە ـ وەڵامی دایەوە: «کە ئەم شەڕی ئێمە و حوکومەتی ئێرانە ئەبێتە هۆی شەڕێکی تری گشتی عالەمی، لەبەر ئەوە پێویستە کە ئیتر جەنگ نەکرێ!».

دیارە وەرگرتنی ئەم خەبەرە دەماری حوکومەتی قازی و کوردەکانی خاو کردەوە و لەگەڵ ئەوەشاکەوتنە دەریای سەرسڕمانەوە!. لەکوێ پەیمانەکەی ئەمان و ئازربایجان؟. وەلەکوێ ئەم خەبەرە!!..

لەبەر ئەمە «قازی محمد» لەشەوی (١٢)ی کانوونی یەکەمدا لەماڵی خۆیان لە «سابلاغ» کۆبوونەوەیەکی زۆرگەورەی کرد و هەموو وزرای حوکومەت و سەرۆکی عەشایرەکانی کۆ کردەوە و کەوتنە قسەکردن لەم باسەوە. لەئاخرا باوەڕیان هاتە سەر ئەوە: «لەبەر ئەوە کە پەیمان لەبەینی ئەمان و ئازربایجاندا هەیە و ئێستەش [ئازربایجان] ئەم بەلاغەی بڵاو کردۆتەوە، ئەمان ناچارن بەگوێ بکەن و وەکوو ئەوان ئیتر شەڕ بوەستێنن، بۆچی؟. بۆ ئەوە ئەم شەڕکردنەی ئەمان نەبێتە هۆی هەڵگیرسانی شەڕێکی تری سێهەم لە عالەما!».

لە پاش ئەم کۆبوونەوە و بڕیارە، فەرمان دەرکرا کە هەچ هێزێکی کوردی لە دەوروبەری «سەقز» و «سەردەشت» و لەو ناوەدا هەیە هەموو بکشێنەوە و ڕێگە بۆ هێزی

حوکوومەتی ئێران چۆڵ کەن بۆ ئەوە بچنە ئەو شوێنانەوە.

ئەم کردەوەیە بە تەبێعەت ئەوەی پیشاندا کە هێزی کوردی ئەرکی هەموو شتێکی کردووە و مەیدانی بە هەموو مەعنایەک بۆ حوکوومەتی ئێران بەرەڵا کرد کەچی ئەکا بیکا!. قازی و دەوروبەرەکەی قازی وەکوو ئەم فیکرە چووبووە دڵیانەوە ئەوەش چووبووە مێشکیانەوە کە گۆڕانی ئەم پیلانە لە باری پێشووەوە بۆ ئەم بارە بەدەسیاوی رووسەکان بووە، بێ گومان کە ئەمان لەم پلەیەدا ئەگەر هاتو بە گوێ ئەوانیان کرد ئەوانیش چاریان لەمان هەر ئەبێ.

هەر لەو شەوەدا ـ کە بەلاغەکەی لیژنەی مەرکەزی ـ دەرچوو بۆ وەستانی شەڕ، لەبەیانیا، واتە لە رۆژی [١١ی کانوونی یەکەمی ١٩٤٦]ەوە هێزی حوکوومەتی ئێران چووە ناو شاری «تەورێز»ەوە و تەورێزی گرت، لەملاشەوە ئەوەبوو هێزی کوردی لە هەموو ولاتەکان کشانەوەو حوکوومەتی ئێران بەرەبەرە ئەو ناوچانەی داگیر کردەوە!.

* * *

«بۆکان» هەرچەندە خۆی شارێکی بچووکە و لەو سەردەمە (٦) هەزار کەسێک دانیشتووی هەبوو. کەوتۆتە بەینی [سەقز] و [سابلاخ]ەوە. (٣٠٠) کیلومەتر لە [سەقز] و (١٠٦) کیلومەتر لە [سابلاخ]ەوە دوورە. بەڵام لەچاو لەو ناوچە جەنگیانەی کوردەواری ئەو رۆژەوە ئەهەمیەتێکی زلی هەبوو. هێزی حوکوومەتی ئێران لە [١٢ی کانوونی یەکەمی ١٩٤٦]دا چووە ناویەوە وگرتیەوە. بە چوونە ناوی [اعلانی عورفی] تێدا دامەزراند. ئەمجا لەشکری ئێران لەوێوە رووبەرووی «سابلاخ» بووەوە.

سەرەتا فیکرە وابوو کە «عبداللەی ئێلخانیزادە» و «مام عزیزی قەرەنیاغای مامش» ـ کە ئەمانە هەر لە سەرەتاوە لەگەڵ حوکوومەتی ئێران بوون ـ حوکوومەت بیانهێنێ جلوبەرگی سەربازی بکا بە بەر پیاوەکانیانا و سەرەتا ئەوانە بچنە ناوشاری سابلاخەوە!.

ئەمەش بۆ ئەوە کە لە چوونی ئەمانە بۆ ناوشار ئەگەر هاتو ئەهلی شارە کە دەستیان کردەوە

ـ چونکە ئەمانە ناپیاوەتی ئەکەن لە ناوشارا ـ یەکەم بۆ ئەوە باکوژراو هەر لەبەینی کوردەکان خۆیانابێت!. واتە دەستەی [ئیلخانی‌زادە]یە هەر کوردە و دەستەی [سابلاخ]یشە هەر کوردە.. دووهەم بۆ ئەوە پاشان حوکومەتی ئێران فووبکا، بەشەپیووردا بڵێ لە پاش ئەوەکە شەڕ وەستێنرابوو حوکومەت ئەچووە «سابلاخ»ەوە، کوردەکان هاتن سەربازە ئێرانیەکانیان کوشت!!.

لە بەر ئەمانە «قازی محمد» لەگەڵ «جەنەڕال هومایونی» سەرۆکی عەسکەری ئەو ناوە قسەی کردو هومایونی پەشیمان کردەوە لەو باوەڕەکە لە پێشا کوردەکان بەجلی سەربازیەوە بنێرێنە ناوشار.

ئەمجا لە رۆژی [١٥ی کانوونی یەکەمی ١٩٤٥]دا نەیروی قوڵی «بۆکان» لەولاوە و هی «میاندواو» لەم‌لاوە پێکەوە گەیشتن و چوونە ناوشاری سابلاخەوە و «سابلاخ» گیرا. بە پێچەوانەی هەموو دوژمنایەتیەک [قازی محمد] و خەڵکی شار پێشوازیان لە لەشکری تازە سەرکەوتوو کرد.

لەشکری سەرکەوتوو ـ لەشکری ئێران ـ کە چوونە سابلاخەوە وەنەبێ بە پیاوەتیەکی پیاوانە چووبێتە ناوشارەوە، بە چوونەکەیان دەستیان‌دا بە توند و تیژی و خەڵک گرتنەوە، ـ مەحکەمەی عورفی ـ یان دانا، قازی محمد ـ یان گرت، کەوتنە ناوەوە لەوانەی کە سەربە قازی بوون هەموویان گرتن. لەو سەردەمانەدا [صدری قازی] ـ کە وەختی خۆی نائب بوو لە پارلەمانی ئێران ـ لە «تاران» بوو، بۆ ئەوە لەم رووەوە لەگەڵ حوکومەتی «تاران»دا ئەوەی پێ بکرێ قسەبکا. لەویش ئەوگیراو هێنرایەوە بۆ «سابلاخ».

«قازی» و سەر بەقازی هەموو گیران و خرانە بەندیخانەوە، بەڵام لەبەر ئەوە لەو رۆژانەدا [مەلا مصطفى‌ی بەرزانی] لەرێ هاتوچۆی تارانا بوو ئیشی ئەو هێشتا لەگەڵ حوکومەتی تارانا دوایی نەهاتبوو، ئەوەندە بە توندی لەگەڵ ئەمانە نەبزووتنەوە. کە

ئیشی مەلا، لەگەڵ ئێرانا یەکلایی بووە ئەمجا لەگەڵ دەستەی قازی ـ دا بەتەواوی تێهەڵچوون!.

بەڵێ ئیشی مەلا، یەکلایی بووبووەوە، بەڵام لەولاوە عەشایرە کوردەکانی تری سنوورەکانی ئێران ـ عێراق و تورکیا هەر لەمەیدانا بوون، لەبەر ئەوانە گۆیا وا ئەدرایە بەرچاو کە لەگەڵ قازی و دەستەی قازیدا زۆر بە هێمنی و لەسەرخۆیی لەگەڵیان ئەبزووتنەوە، بەتایبەتی مەحکمە ئەوەندە میهرەبانە لەگەڵیان مەگەر هەر باوک ئەوەندە میهرەبان بێ!. هیچ پرسیار و شتیان لێ ناکەن، لەبەندیخانەکەدا هەر وەکوو لە ماڵی خۆیانا بن!وانە!. وەکوو گوڵ بەخێو ئەکرێن!..

لەم ماوەیەدا حوکوومەتی «ئێران» بە پڕو پاگاندە کەوتە ناوسەرۆک عەشایەرەکانی ئەو ناوە بۆ ئەوە دڵیان لە عاستی «قازی» هەڵبگێڕێتەوە!. بێجگە لەمەش بانگی کردن بۆ [تاران] و لەرۆژی [٣٠ی کانوونی دووهەمی ١٩٤٧]دا گۆیا لە بانگێشتنەکەدا «شاهەنشا»شیان زیارەت کرد و شاهەنشا خەڵاتی یەکە یەکەی کردن و هەموو بوون بە «شادۆست»، ئیتر کوردی چی و قازی چی و سابلاخی چی!!..

کە حوکوومەت بەم جۆرە رەوشتانە وردە وردە هەندێ لە کوردەکانی لە [قازی محمد] هەڵگێڕایەوە ئەمجا هێنای خستیە ژێر موحاکمەوە، موحاکمە ـ ش بەناو موحاکمە بوو، بەڵکوو بۆ چاوبەستن بوو ئەگینە ئەبوایە «قازی» هەر بکوژرایە.

لە ئاخری موحاکمەیەکی گۆیا دوور و درێژا هیچیان لەسەر قازی نەدۆزیەوە تەنها دوو شت نەبێ؛ یەکەم ئالای حوکوومەتی ئێرانی گۆڕیوە، سوورەکەی خستۆتەسەرەوە و سەوزەکەی هێناوەتە خوارەوە و لەباتی «شێرورۆژ» گوڵەگەنمی لێداوەو کردوویە بەهی «جمهوریەتی کوردستان»!.

دووهەم لەو تەمسیلانەدا کە لەدەوری حوکوومەتی ئەوا ئەکران هەموو جار تابلۆیەکیان ئەهێنا ئەمەیان لەسەر ئەنووسی: «بمرێتەو کەسەی کە نایەڵێ ئازادی کورد

سەربگرێ!.ە. حوکوومەتی ئێران ئەمەی بەتاوت ئەزانی بۆ خۆی، وای ئەوت کە ئەمە گۆیا لەگەڵ ئەویانە!.

گوناحی «صدری قازی»ش ئەوەبوو کە ئیشی لەگەڵ «قازی محمد»دا کردووە، هەرچەند وتی وەختی خۆی من [نائب] بووم لە [تاران] و لە هەموو وەختێکما هەر خەریکی ئەوەبووم، کە ئیش و کاری بەینی حوکوومەتی ئێران و حوکوومەتی «قازی» بکەوێتە بارێکی هێمنی‌دا، ئەم قسانە بەگوێ مەحکمەدا ئاشنا نەبوون!.

گوناحی «سەیفی قازی» ئەوەبوو کە جلی جەنەڕالی لەبەرکردووە!. ئەمیش هەر چەند وتی [قوام السلطنه] منی بە ناوی فەرمانداری سابلاخەوە داناوە، ئەویش کەڵکێکی لەمە وەرنەگرت.

لە [٢٠ی کانوونی دووهەمی ١٩٤٧]دا حوکمی خنکاندنی هەرسێکیان لە ـ مەحکمە ـ دەرچوو!.

لەو ڕۆژانەدا هێشتا کاروباری بەرزانیەکان بە تەواوی نەبڕابووەوە، عەشایەرەکانی‌تر هێشتا بەتەواوی نەخرابوونە داوەوە، حوکوومەتی ئێران لەبەر ئەمانە نەیئەویست بە تەواوی دەستی بداتێ، بەڵکوو بۆی نەئەکرا چی خۆی ئەیەوێ ئەوەبکا!. ئەوەی کرد بە بیانوو گۆیا نەوەک ئەو مەحکمەیە جەوریان نواندبێت، پێویستە هەندێکی‌تر لە تارانەوە بێن بۆ ئەوە چاوبخشێننەوە بە مەحکمەکەدا. ئەمەش لەڕاستی‌دا وانەبوو، بەڵکوو بۆ ئەوەبوو کە تۆزێ وەخت درێژترکەنەوە، بەڵکوو لەم ماوەیەدا ئیشیان بۆ یەکلایی بێتەوە، ئەگینا ئەوان ئیش هەرجۆر ببوایە، واتە بەحەق وەیا بە ناحەق ئەبوا ئەوانەیان هەر بخنکاندایە!.

ئەمجا لەسەر ئەو نیازە «سەرهەنگ نجات‌اللەی زرغامی» لە تارانەوە هات و چاوی گێڕا بە کاروباری مەحکمەکەدا، سەیری کرد تەواوە و هیچ کەم و کوڕیەکی تێدانیە، ماوەی ئەوە هاتووە کە بخنکێنرێن!. ئەویش فەرمانی بە خنکاندنیان دەرکردو لە [٣١ی

مارتی ١٩٤٧]دا «قازی محمد» و «صدری قازی» و «سەیفی قازی» لە رێگەی ئازادی کورددا لە ناو شاری [سابلاخ] خنکێنران!.

بەڵی سەعات سێ پاش نیوەشەوی، [٣١ی مارتی ١٩٤٧] سەعاتێکی ترسێنەربوو لەناوشاری سابلاخا. هەر لەو سەعاتەدابوو [قەنارە]کانیان هەڵواسیبوو، سەربانی هەموو کۆشک و شوێنە بەرزەکان پڕکرابوون لە مەترەلۆز و چەکی ئاگرین، دەبابە و تۆپ ئەو ناوەی هەموو داگیرکردبوو. ئەمانە هەموو بۆ ئەوەکە [قازی محمد] داوای حەقی خۆی کردبوو، سەرباری ئەوەکە حەقەکەشیان نەدایە ئەوا خەریکن ئێستە ملی لەکەن بە پەتەوە!. پەتی جەور، پەتی زوڵم، پەتی ناعەداڵەتی و خوانەناسی.

«قازی محمد» چە لەوەختی خنکاندنەکەیا و چە لە وەختی [موحاکمە]کردنەکەیا هەموو جار ئەوەی ئەوت: «کە خوێنی من بۆ ئێوە بێت بەلاّم «صدر»ی برام بێ گوناحە و لێخۆش بن، من بۆ خوێنی خۆم ناپاڕێمەوە بەلاّم بۆ صدری برام ئەپاڕێمەوە، ئەو، بێ گوناحە لێخۆش بن.» دادگای مەحکمە و حوکوومەتی ئێران لەم قسانە وەکوو گوێزیان بۆ بژمێرن وابوو!.

[قازی محمد] لە پێش ئەوەدا ببرێتە بەر سێدارەکە دەستنوێژێکی شورد، کە بردیانە بەر [قەنارە]کە بە هەموو دڵفراوانیەکەوە دوو رکات نوێژی کرد و گەلێک لەخوا پاڕایەوە، مەعنەویاتێکی بەهێزی هەبوو، چووە بەر سێدارەکەو وتی:

[ئێوە ئێستە قازی محمد ـ یێک ئەکوژن و اعدامی ئەکەن، بەلاّم شەعبی کوردی هەر یەکە قازی محمد ـ یکن، بڕوام وایە ئەو قازی محمد ـ انە زۆر دڵرەق ئەبن بەرانبەر بەو کەسانەکە بوون بە جەلادی شەعبی کوردی!.]. ئەمەی وت و پەتەکەی کردە ملی خۆیەوە.

«محمد حسین خانی سەیفی قازی» لەوکاتەداکە بردیانە بەر [قەنارە]کە وتی:

[شانازی ئەکەم بەوەکە لەرێگەی نیشتمانا رۆیشتم، بژی حوکوومەتی کوردستان]!.

پاش ئەمە ئەویش پەتەکەی خستە ملی خۆیەوە.

[سەیفی قازی] پیاوێکی کەڵەگەت و بەدیمەن بوو، کە سەرخرا بۆ سێدارەکە، پەتی سێدارەکە پچڕا، ئەبوایە ئیتر اعدام نەکرایە لەگەڵ ئەوەش هەر بەدەست خنکاندیان!..

پاش ئەمان «صدری قازی»ش هێنرا و ئەویش بە دەستووری ئەوان ملی کرا بە پەتەوە. صدر تا ئەو وەختە ملی کرا بە پەتەکەوە هەر لەو بڕوایەدا نەبوو کە ئەیکوژن. چونکە گوناحی ئەو هەر نائبێک بوو لە [تاران] و راسپێرێک بوو لەم ئاخرەدا لەبەینی حوکوومەتی «تاران» و حوکوومەتی [سابلاخ]دا و هیچی تر.

لە پاش خنکاندنی ئەمانە لە رۆژی [٧ی نیسانی ١٩٤٧]دا چەند «قەنارە»یەکی تریان لە دەشتی ناوشاری سابلاخدا دامەزراند و ئەمانەی خوارەوەشیان خنکاندن:

١ـ رئیس حمید مازووجی. ـ٢ـ رئیس رەسوول نەغەدێی. ـ٣ـ ملازم عبداللە رەوشەن فیکر. ـ٤ـ ملازم محمد ناظمی.

گوناحی ئەمانەش لەبەر چاوی ئێرانیەکانەوە ئەوەبوو کە قۆڵی سەردەشتدا پێویستی ویژدانی خۆیانی بەرانبەر بە جمهوریەکی کوردستان بەجێ هێناوە.

ئەمانە قوربانیەکانی «سابلاخ»ن. لە ناوشاری بۆکان ـ یش ئەمانەی خوارەوە إعدام کران:

(١) عقید عەلی بەگی شێرزادی. (٢) عقید محمد أمینی کەسنەزانی. (٣) أحمد خانی فارۆقی، خۆی و دووبرای کە ئەمانە لە سەرۆکی عەشرەتی فیض‌اللەبەگی بوون. (٤) أحمدخانی کەڵەگە. (٥) مەحموودخانی تورکمان کەندی لەسەرۆکی عەشرەتی فیض‌اللەبەگی. (٦) محمدخانی باباخان بەگ لەسەرۆکی عەشرەتی فیض‌اللەبەگی. (٧) محمدبەگی شێرزادی لەسەرۆکی عەشرەتی فیض‌اللەبەگی. (٨) ئاغا صدیقی یازی بلاخی لە دانیشتوانی سەقز. (٩) عەلی ئاغای تەمووتە لە سەرۆکەکانی گەورک. (١٠) رەسوول ئاغای میرەدێ لە سەرۆکەکانی عەشرەتی گەورک.

لەوانەی کەوا بە فەرمانی عەسکەری ـ اعدام ـ کران تا (٥٠) کەسێک ئەبوون،

ئەمانەش ئەوانەبوون کە داوای حەقی خوراوی خۆیانیان کردبوو، تۆڵەکەشیان ئەوەبوو کە پێیان درابەوە!.

لە دەوری حوکوومەتی قازی ـ دا لە [سابلاخ] رۆژنامەی کوردستان دەرئەچوو کە زمانی حاڵی حوکوومەتەکەبوو، هەموو کارەسات و قەوماوی حوکوومەتی تێدا ئەنووسرا. هەروەها گۆڤاری [نیشتمان] و بلاوکراوەی‌تریش دەرئەچوو.

* * *

بەم جۆرە پەردە لەسەر حوکوومەتی کوردستان و ئازربایجان‌دا درایەوە!. مایەوە سەر ئەوە ئایا کارەساتی ئیمتیازی نەوتەکە لەولاوە بەچی گەیشت؟.

ئەوە بوو «قوام» وتی پێویستە بە پارلەمانێکی تازە بۆ ئەوە بریار لەسەر ئیمزاکەی من بدا بۆ دانی نەوتەکە. ئەو بەندانەی لەگەڵ رووسیادا بەست و ئەم دەورانەی گێرا، رووس نەیروی خۆی کشاندەوە، ئەمیش بەناوی ئینتخاباتی ئازادەوە ولاتەکانی داگیر کردەوە، چونکە رووس چاوەرێ ئیمتیازی نەوت ئەکا نایێ دوا بخرێ!.

لە پاش ئەوە کە ئەم، ولاتەکانی داگیر کردەوە لەراستی‌دا پارلەمانی تازە دروستکراوباسی ـ دانی ئیمتیازی نەوت بەرووسیا ـ کەوتە ئەو پارلەمانەوە. پارلەمان پێ‌دا بەزەویا وتی من بریار لەسەر، دانی ئەم ئیمتیازە نادەم!. دیارە ئەم کاسەیە بێ‌ژێرکاسە نەبوو!. واتە بێ گومان ئەبێ لە ژێرەوە لەم رووەوە «قوام» قسەی لەگەڵ ئەم پارلەمانەدا کردبێ!.

قوام لە رووالەتا دەستی کرد بە هاوار کردن لەگەڵ پارلەمانا وتی: «وەختی خۆی من ئیمزام داوە بەرووسیا، ئێستە چۆن ئێوە بریاری لەسەر نادەن؟!.» پارلەمان وتی ئێمە دان بەو ئیمزایەدا نانین!. قوام لەسەر ئەمە گۆیا لە پارلەمان تۆرا و پاشان وەزارەتەکەی خۆی ـ بەو ناوەوە کە پارلەمانی تازە باوەری نادەنێ ـ لە حوکم کشاندەوە و لە ماڵی خۆی دانیشت!. رووسیاش کەوتە قسەکردن وتی کوا ئیمتیازەکە؟ قوام وەلامی بۆ ناردەوە،

وتی: «من بڵێم چی؟ خۆتان ئەزانن وەختی خۆی من ئیمزام دانێ و وتم ئەتاندەمێ، ئەوا ئێستە پارلەمان رازی نابێ، وەنەبێ سووچێکی منی تێدا هەبێ!.».

تازە رووس ـ یش نەیروی خۆی لە ولآت بردۆتە دەرەوە هیچ بیانوویەکی تر بە دەستیەوە نیە بۆ هێنانەوەی نەیروا. بە قسەی کوردی ئەڵێ: «بۆریش چوو سمێڵیشی نایە سەری!.» نە ئیمتیازەکەی دەستکەوت وەنە حوکومەتەکانی کوردستان و ئازربایجانیشی بۆ مایەوە!..

لەلاپەرەی سیاسی [قوام السلطنه]ی سەرۆک وەزارەتی ئێرانا ئەم کردەوەیە بە گەورەتر شانازیەکی ژیانی دائەنرێ و بەڵکوو شایانی گەلێ ستایشەکە چۆن توانی ئەم پەردانە هەڵبگێرێتەوە؟!..

* * *

سەرەنجامی ئەم شۆرشانەی کورد لەم رۆژانەی دواییدا وایان بەسەر هات کە چاومان پێ کەوت. ئەگەر ئاورێکی تر لە بارێکی ترا بدەینەوە، ئەم هەموو چەوساندنەوەو دەربەدەریانە کە لەم ئاخرەدا هاتن بە سەر کورددا دور نیە ئۆباڵی هەمووی بخرێتە ئەستۆی ئینگلیز و پاشان ئەمەریکا!.

ئینگلیز جەورێکی زۆری کرد لە کورد؛ لە پاش شەڕی (١٩١٤ـ١٩١٨) لە هەموو گۆشەیەکی کوردەواریەوە، لە هەموو ئەو وڵاتانەوە کە کوردیان تێکلاوبوو، ئینگلیز بە هەموو جۆر دەستی تێ‌خستن‌و بە هەموو چەشنە قسەیەک هاتە مەیدانەوە؛ کە باری تێک‌ئەچوو لەگەڵ حوکومەتەکانی کورد تێکلاوبوو و بای ئەدایەوە لای کورد و قسەی بۆ هەڵئەرشتن، کە باری چاک ئەبووەوە فەوانێکی تری ئەخستە سەر!.. کە ئەکەوتە ناو کوردە کە خۆیشیەوە بەسیاسەتە ووشکە ستەمکارانەکەی هەرتاقە کوردێکی ئەخستە سەر نەزمێک!..

لەبەر ئەمانە ئەتوانم بڵێم ئینگلیز زۆر زاڵم بوو، زۆر بێ بەزەیی بوو، زۆر بێ‌سیاسەت

بوو، پەنجا ساڵ لەمەو پێشتر بەچە جۆرە سیاسەتێک لەگەڵ ئەو عالەمەدا ئەبزووتەوە ئێستەش بە عەینی سیاسەت ئەهاتە ناوەوە، دنیا گۆڕا، سیاسەتی ئەو نەگۆڕا!. لە درۆ بەولاوە هیچ کردەوەیەکی تری نەنواند لەگەڵ کورددا!.

«باشچاوش»ە بە پایە گەیشتووەکانی لە عێراقا بە هۆی ئەوەوە، ئەیانوت لە «ئینگلیز» چاکتر نیە بۆکورد چونکە سەربەستی داوەتێ و ئەتوانێ بە ئاشکرا بڵێ من کوردم!..

راستە! هەرکە بە پێ [نەفسیەتی] خۆی قسە ئەکا. ئینگلیز بۆ ئەوان باش بوو چونکە پایە درۆزنەیەکی پێدابوون، بەڵام بۆکورد ئەگەر باشی ئەوە بێ کە لەماوەی پەنجا ساڵا کورد هەر ئەوەندەی پێ بیرێ بڵێ «من کوردم» دەخوا ئەو باشیە بیرێ!. لەماوەی ئەو پەنجا ساڵەدا پەنجا قەوم لە چاڵی ترمیەوە گەیشتنە چڵەپۆپەی بەرزی و سەربەستی، کەچی سەربەستی کورد ئەوە بوو کە بتوانێ بڵێ من کوردم!. دیسان ئەڵێم خوا ئەو چاکیە ببڕێ!..

بەڵێ ئەمە راستە کە دنیای ئیمڕۆژو دنیای پێشینیش لەسەر قازانجی شەخسی براوەتەوە و ئەبڕێتەوە، دوور نیە قازانجی ئینگلیز بە پێ ئەو رۆژانەی رابردوو و لەوەدا نەبووبێ کە کورد ببێ بە شتێک، لەم رووەوە با لۆمە نەکرێ، بەڵام لۆمە کردن و جەورەکەی لەوەدابوو، کەکوردی ئەکرد بە قۆچی قوربانی بۆ قازانجی خۆی!. وەکوو بڵێت لە «ئنجیل»دا بۆی نووسرابوو کە ئەبێ لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و خوارووودا بۆ پێشکەوتنی ئیشی ئەو ئەبێ قەومی کورد بکا بەگاوگەردوون!!..

ئەگەر ئەمە لە «ئنجیل»دا نووسرابێ، بێ گومان ئەوەش هەر نووسراوە کە ئەبوایە ئینگلیز بۆ ئەوە تووشی ئەم رۆژەی ئێستە نەبێ سیاسەتی پەنجا ساڵەی تێک بدایە و بیزانیایە کە رۆژان رۆژی لەدوایە و رەورەوەی دنیا لەگەڕانایەو رووەو پێشەوە ئەڕوا!.

ئەمە ئینگلیز ئەمجا ئەمەریکا:

ئەمەریکا تا شەڕی دووهەمی گەورە بەگۆشەگیری لەولاتی خۆیا بۆخۆی دانیشتبوو

خەریکی بازرگانی بوو. کە شەڕی دووهەم هاتە پێشەوە لە کولانەی خۆی دەرپەڕی و کەوتەکۆڕی سیاسەتی عالەمیەوە، «سینی»یەکی خستە سەردەستی، هەندێ نوقل و نەباتی تێخست وگێڕای بە عالەما، هەرکە لەو نوقل و نەباتە بخوا ئەبێ کەوایەکی ئاوەڵداماتی «ئیستعماری» بۆ لەبەربکا!.

وردە وردە بەم سینیەوە بینی پێوەنا تاگەیشتە [ئێران] و [تورکیا]، تاگەیشتە عێراق و پاشان ولاتە عەرەبەکان، لە ئاخر چۆڕاگەیشتە ولاتی کوردستان و لە خاکەکەیا بە هەموو جۆر لە هەموو لایەکەوە کەوتە بنج داکوتان. نوقل و نەباتی بلاو ئەکردەوە بەم ولاتانەدا، وەکوو کورد ئەڵێ ئەبێ «خێری دایکی شای کردبێ!» ئەمە پەندێکی کوردییە بۆ ئەم جۆرە شتانە ئەوترێ!.

بەلام ئەگەر لە راستیا ورد بینەوە ئەمە خێر نەبوو بەڵکوو خوێن مژین و هێز مژین بوو، لەناو بردنی پیاوانی پیاو و ئازابوو، بناغە داکوتانی [ئیستعماری] بوو بۆ خۆی بۆ ئەوە تا زەمانێکی دێرینە لەم ولاتانەدا بمێنێتەوە.

کارەساتەکەی «مصدق» و «زاهدی» لە تاران گەواهی ئەوەمان بۆ ئەداکە «ئەمەریکا» بۆ لەناوبردنی پیاوان و پێشکەوتنی ئیشی خۆی چە جۆرە پەنجەیەکی ئیش ئەکاو چە جۆرە پیاوانێک بۆ خۆی دروست ئەکا؟!.

وە یا فرۆکەکانی، کە ولاتی [قازی محمد] و کوردستانی ئازادی قازی محمد ـی، پێ بۆردمان ئەکرد، ئەم شاهدیەمان بۆ ئەدەن کە تا چە ئەندازەیەک [ئەمەریکا] دڵی بە ولاتی کوردەواری ئەسووتێ!. وا دیارە عەداڵەت پەروەری و دیموکرات پەروەری [ئەمەریکا] لە ولاتی کوردەواری وێنەی «واشتن» ئەگێڕنەوە!..

ولاتی کورد هەر هی کوردە، ولاتی کوردی ئێستە غەیری ولاتی کوری پەنجا ساڵ لەمەو پێشترە، ولاتێکی دەوڵەمەند، سەرمایەی حوکوومەتە پێشەسازەکانی تێدایە، بووە بە شوێنی تەماشای هەموو کەسێک، ئەگەر [ئەمەریکا] بە جۆرێکی پیاوانە و مەردانە لە

وەختی خۆیا لەگەڵی بهاتایەتە مەیدانەوە تووشی ئەم رۆژە نەئەبوو، کە هەر ئەبێ بیکوتێ و نەیگاتێ!.. هەموو ئیستعمار ـ ێک ئەبێ دوای بێت، وە هەموو قەومێک ئەبێ ئازادی ببینێت. ئەوانەی کەوا سیاسەتیان غەیری ئەم دوو قسەیەیە، بێ گومان ئەبێ چاوەڕوانی پووکاندنەوەی خۆیان بکەن!.

بەڵێ!. بێجگە لە [ئینگلیز] و [ئەمەریکا] میللەتەکانی تریش، لەوانیش ئەو گاڵتەیە کە ئەوان بە کوردیان کردووە و ئەیکەن لەمانیش کردوویانە و ئەیکەن! بەڵام لاموایە کوردەکە وەکوو ولاتەکەی غەیری ولاتی پەنجا ساڵ لەمەو پێشترە خۆیشی غەیری قەومەـکەی پەنجا ساڵ لەمەو پێشترە، ئەگەر ئەو هەستەی تا ئێستە بۆ پەیدا نەبووبێ، کە خەڵکی لەوەختێکا ئیشیان پێیەتی بە گاڵتەوە قوڵ ئەکەن بە قوڵیانا و پاش ئەوە، کە ئیشەکەی خۆیانیان بنج بەست کرد ئەمجا دەستیان لە دەست ئەکەنەوە و ئەکەونەوە چەوساندنەوەیان!. ئەگەر ئەم هەستەیان تا ئێستە بۆ پەیدا نەبووبێ، بێ گومان چە ئێستە و چە لەمەو دوایش ئەو هەستەیان ئیتر بۆ پەیدا بووە و ئەبێ و بڕوا ناکەم ئیتر هەڵبخەڵەتێن.

جا لەبەر ئەمە ئەوانەی کە تەماع ئەکەنە کورد لاموایە وەنەبێ ئیشێکی باش بکەن، لەگەڵ کورددا بە برایەتی بژین گەلێ باشترە بۆیان کە بێنن هەڵیانبخەڵەتێنن، باشترە بۆیان چونکە رەورەوەی زەمان بە جۆرێکی تر سنگ ئەنێ بۆ پێشەوە، ئەبێمەت لە ئاسۆی رزگاریدایە نەوەک لەهی دیلی و چەوساندنەوەدا!. دیارە کوردیش ئەمانەی هەموو لەبەر چاوە و بەدەنگی دەهۆڵ تا ئەندازەیەک شوێن ئەکەوێ!.

شۆڕشی عێراق

سەرۆکی خۆشەویستی شۆڕشی (١٤)ی تەمووزی (١٩٥٨)ی عێراق «عبدالکریم قاسم»

ئەم وڵاتەی ئێستە کە بە [عێراق] ناو ئەبرێ پانایییەکەی (٤٧٤ و ٤٤٤) کیلومەتری چوارگۆشەییە، (٧٥) هەزار کیلومەتری چوارگۆشەیی، واتە (٣٠) ملیۆن دۆنم ـ ی لێ ئەکرێ بە کشت و کاڵ. (١٢) ملیۆنی لەوڵاتەکانی کەرکووک هەولێر، سولەیمانی و مووسڵدا (١٨) ملیۆنیش لە شوێنەکانی جنوویی و ناوەڕاستی عێراقا[1].

لە عێراقا زەوی ساڵێک ئەکێڵرێ و ساڵێک بە بایەری ئەهێڵرێتەوە. ئەم ژمارەیە کە ئێمە دامان بە دەستەوە لەسەر ئەو إعتبارەیە کە هەر ساڵە ئەوەندە ئەکێڵرێ، ئەگینا ئەوی کە بەکەڵکی چاندن بێ دوو ئەوەندەی ئەو ژمارەیەیە. هەروەها

---

١ ـ کە ئینگلیز ری کەوتە عێراق نزیکەی (٤١٦ و ٣٣٣) کیلوومەتری چوارگۆشەیی زەوی و زاری عێراق ملکی میری بوو، ئینگلیز و نوکەرەکانی وایان بە باش ئەزانی کە زۆرتر لەم زەوی و زارانە بکەونە دەست چەند کەسێک، لەم رووەوە هانەهانەیەکی باشیاندا.

بۆ وێنە: سەیرت ئەکرد (١٨) ملیۆن دۆنم لە چاکتر شوێنی عێراق بوو بەهی (٦١٩ ، ٣) خاوەن ملک، لەمانەش تەنها (٢١٧) کەسیان بوون بە خاوەنی (٦) ملیۆن دۆنم!. بنەماڵەی «فیصل» و «عبدالاله» کە هاتنە عێراقەوە خۆیان دار دەستەکەیان بوون. کە شۆڕشی (١٤)ی تەمووز روویدا ئەو وەختە خەڵک تێ گەیشتن کە ئەمانە لە چاکتر شوێن لەزەوی و زاری عێراق خاوەنی (٥٩٦ و ١٧٧) دۆنم ـ ن!.

هەندێ لەوەزیرەکانی دەوری شانازی، هەر لەگەڵ دەمیان هەڵەهێنایەوە دەستیان ئەکرد بە کروزاندنەوە کە ئێمە هیچمان نی یە، وە یا بەواتەیەکی تر ئەیوت: «من چیم هەیە دەرۆزە ئەکەم!.» وا دیارە راستی ئەکرد، چونکە ملیۆنێ دیناری عێراقی وە یا پێنجسەد هەزار لەچاو چەند ملیۆن و زەوی و زاری هاوڕێکانیا زۆر کەم بوو، ئێمە پیاوێکی خراپ بووین کە ناحەقمان ئەگرتن!..

عێراق (١٤) لواو، (٦٣) قەزاو (١٧٢) ناحیەیە. سەرژماری لەبەینی شەش و حەوت ملیۆندایە.

دراوسێ کانی: لە رۆژئاواوە پاڵی داوە بە ـ سووریە و شەرقی أردنەوە ـ لە رۆژهەڵاتەوە بە خاکی ئێرانەوە، لە جنوبەوە بە حوکومەتی «سعوودی» و لە شیمالەوە بەکۆماری تورکیاوە.

عێراق لە پێشا یەکێک بووە لەشەش ولایەتەکەی عوسمانی. لەشەڕی (١٩١٤ـ١٩١٨)کە حوکومەتی عوسمانی بەشکرا و هەر شوێنێک بوو بەهی یەکێک، عێراقیش گۆیا رزگاری بوو، ئینگلیز «فیصل»ی کوڕی شەریفی «مکە»ی لەولاتی «حجاز» و پاشان «سووریا»وە هێناو لە (٨)ی ئەیلوولی ئەوساڵەدا «غازی» کوڕی فیصل ـ ی لە شوێن دانرا. لە چواری نیسانی (١٩٣٩)دا غازی ـ ش لە بەغدا مردو هەر لەو رۆژەدا فیصل ـ ی کوڕی غازی ـ کە ئەو سەردەمە تەمەنی پێنج ساڵان بوو ـ لە شوێنی غازی دانراو بوو بە پادشای عێراق. فیصل منداڵ بوو ئەبوایە «وصی»یەکی بۆ دابنرێ، هێنایان عبدالاله ـ کە خاڵی بوو ـ کردیان بە وصی بۆی. لە چواری نیسانی (١٩٣٩)دا دیواخانی پیران و پارلەمانی نێراوان کۆبوونەوەو [عبدالاله] ئەم سوێندەی خوارەوەی خوارد، وتی:

«سوێند ئەخۆم بە خوا کە ئاگاداری دستوور بکەم، سەربەخۆیی ولات راگرم، دڵسۆزیم بۆ نیشتمان و میللەت، گزی‌یان لێ نەکەم!».

عبدالاله تا مارسی (١٩٥٣) [وصی] بوو، لە [٢ی مارسی ١٩٥٣]دا «فیصل» گەیشتە تەمەنی قانوونی پۆشایەتی، خۆی لە سەر تەخت دانیشت و عبدالاله بۆ بە «ولیعهد»ی.

لە [١٤ی تەمووزی ١٩٥٨]دا شۆڕشە پیرۆزە بەناوبانگەی «عێراق» بەسەرۆکایەتی [عبدالکریم قاسم] پەیدا بوو، عبدالاله و فیصل لەناوبران، دەوری پادشایەتی و

«مـلوکیت» روخـێنرا و عـێراق بـوو بـە حـوکـوومەتێکی «کـۆماری» و چـووە ریـزی کۆمارەکانی گێتیەوە. هەر لەو رۆژەدا دیواخانێکی سیادەی بۆدانرا کە ئـەندامـەکـانی سێ کەس بوون: «نجیب ربیعی» سەرۆک، «خالد نقشبندی» و «محمد مـهدی کـوبە» ئەندام. «عبدالکریم قاسم» رئیسی وزرا و سەرۆکی هەرچێ هێزی چەکدارە لە عێراقا.

* * *

«نوری سعید»؛ نوری سعید گەلێ دەوری لە عێراقا گێرا، لە پێش ئـەوەدا فـیصل ـ ی یەکەم بێتە عێراقەوە نووری بە خزمەتکردنی ئەو بنەماڵەیەوە خەریک بوو. کە بنەماڵەی پادشایەتی دامەزرا. [نوری سعید] لە یەکەم وەزارەتی [جعفر عەسکەری] لە (١٩٢٣)دا کرا بە وەزیری جەنگ، جار لە سەر جار هەر بە وەزیری هات، تا لە (١٩٣٠)دا یەکەم وەزارەتـی دامـەزرانـد، لەو وەختەوە تـا ١٩ مـارسی ١٩٥٨ (١٣) جـار وەزارەتـی دامەزراند و ناو بەناو هەر وەختێکیش خۆی وەزارەتی دروست نەکـردایـە ئـەبوو بـە وەزیری یەکێ لە وەزارەتەکانا. زۆرتر وەزارەتی دفاع و هەندێ جـاریش خـارجیە. بەمانەوە نەوەستاکە، لە [١٢ی مارسی ١٩٥٨] عێراق و أردن بوون بە یەک نـووری سعید لە (١٩)ی ئەومانگەدا بوو بە رەئـیسی وزرای «اتـحاد»، واتـە عـێراق ـ أردن، لە [١٥ی تەمووزی ١٩٥٨]دا وەکوو عبدالالە و فیصل ئەویش سەری تێداچوو.

وەکوو لێکی ئەدەینەوە لەماوە (٣٧) ساڵ حوکوومەتی شایەتی عێراقا «نوری سعید» (٢٩) ساڵ حوکمی گێراوە، چە بە سەرۆکی، چە بە وەزیری. ئەم رێکەوتە بۆ کەم کەس بووە.

زۆرتر ئەمەش بۆیە وابوو چونکە پێشهاتی زەمان وای بۆ ئەهێنایە پێشەوە؛ سـەرەتا هەر لە شەڕی (١٩١٤ـ١٩١٨) خۆی پاڵی دابوو بە ئینگلیزەوە و لەشەڕەکانی ئینگلیز لەگەڵ عوسمانی ـ دا لەگەڵ بەرەی شەریفی مەکەو جێنشینەکانی [پێغەمبەر] خزمەتێکی چاکیان بە ئینگلیز کردا. پاش هاتنەوەی بۆ عێراق ئەو خزمەتەی رۆژ بەرۆژ زیاتر ئەکرد،

لە دەورەی فیصلی یەکەمدا بەرە بەرە زیاتر هاتە پێشەوە، کە فیصل نەما و غازی دانـرا دیسان پشتیوانێکی بەهێز بوو بۆ دانانی غازی، غازی ئەمەی لەبەر چاوبوو، کە غازی نەما عبدالالە، کەبوو بە «وصی» سەرەتا بوونی خۆی بە هۆی نووریەوە ئەزانی، گوێ لەمستی ئەوابوو، کە «عبدالالە» خۆی گرت و بنجی داکوتا بەڵێ ئەوەندە گوێ بە نووری نەئەدا بەلاّم بوونی فیصلی دووهەم ـ کە نووری لە پاڵیابوو ـ دەستی «عبدالالە»ی شکاندبوو!.

ئەمە لەلایەن بنەماڵەی شایەتیەوە، لەلایەکی تریشەوە ئـەوانـەی کـەوا هـاودەوری «نووری» بوون یەکە یەکە رۆیشتن، دەور بۆ نووری چۆڵ بوو؛ دەورێکی واکە خۆی بە تاقە کەسێکی کۆنتر ئەزانی لە عێراقا، خۆی بەوە ئەزانی کە وەزیرەکانی عێراق کاتێکن لەبەر دەستیا!. ئەمەش راست بوو چونکە هەموو قوتابی قوتابخانەکەی خـۆی بـوون!. ئینگلیز لەوێ بوەستێ!.

وەنەبێ پیاوەکانی دەوری نووری لە نووری کەم خزمەتگوزارتر بوونایە بۆ ئینگلیز، بگرە هەندێکیان گەلێ کۆششیان ئەکرد بۆ زیادکردن، بەلاّم وەکوو نووری ـ یـان لێ نەئەهات لە ئاخرا [نوری] و [عبدالالە] وایان لێ‌هات خۆیان بەخاوەنی سەروماڵی عێراق ئەزانی!. نەوەک هەر ئـەوەنـدە بـەڵکوو [تـوغیانیان] گـەیشتە شـوێنێک هـیچ جـۆرە اعتبارێکیان بۆ باوەڕی کەسی‌تر نەهێشتەوە.

پیاوانی هەرەبەرزی سیاسی ئەگەر گەیشتنە شوێنێک زانیان ئـیتر رزگـار بـوون، لەو شوێنەدانیە ئەیانەوێ بە مردنێک بمرن، کە کەمتر نەبێ لەشـەرەفی دەوری سـیاسەتیان؛ وەکوو ئەوە: دێنن یا خۆیان بەگوللەیەک ئەکوژن، یا زەهر ئەخۆنەوە، یا خۆیان ئەدەن بە دەم گوللەی یەکێکی‌ترەوە، یا بە جۆرێ خۆیان ون ئەکەن کە تأرێخیش نەیاندۆزێتەوە وەکوو هیتلەر ئەمەی کرد. بەلاّم ئاخر پلەی ژیانی «نوری سعید»ی بلیمەتی عێراق هیچ یەک لەمانە نەبووا!.. ئەمە بوو ئاخری پیاوە هەرە دکتاتۆرەکەی عێراق، وەیا ئەمە بوو ئاخری ژیانی «نوری سعید» کە تەئریخ قسەی لێوەبکا!. گەلێ جاری واش بووە، کە پیاو

لەوەختی تەنگو چەڵەمەدا بەرگی ژنانی لەبەر کردووە و رزگار بووە، بەڵام لام وایە ئەو دەورە ژن لەبەرگێکی ترابوو، ئەگەر ئەو بەرگە بمایە رەنگبوایە «نوری سعید»یش رزگاری ببوایە!..

* * *

کارەساتی فلیمەکانی «عبدالاله» و «نوری سعید» لە عێراقا بڕواناکەم هیچ قەڵەمێ بتوانێ بگێڕێتەوە. مەگەر ئەوەندە نەبێ کە قەڵەم بڵێ هەر زوڵمێ لە ئەندازەی خۆی دەرچوو ئەبێ زەواڵی بۆ بگاو ئەبێ سەرەولێژبێتەوە. لەگەڵ ئەوەشا پێویستە خوێندەواری ئەم کتێبەکەمەکێکی زۆرکەم ئاگاداری پەیداکا بەسەر تۆزێ لەو شتانەداکە زیاتر لەوجووتە ئەیانگێڕا:

شەڕ زۆر ناخۆشە بەڵام لەبەر ئەوە لەپاش دوایی هاتنەکەی ئاشتی و ئازادی پەیدا ئەبێ رەنگێ خۆش بێ!. «عێراق» لەژێر باری جەوری عوسمایەکانا ئەیناڵاند، شەڕی (١٩١٤-١٩١٨) دەورەیەک بوو بۆ ئەوە عێراق لەو جەور زوڵمە رزگاری بێ، بە - حوکمی واقع - رزگاری بوو، بەڵام پیاوە خودپەرست و قازانج پەرستەکانی ئیشێکی وایان کرد دیلی و کۆیلەیی عێراق لە جاری جاران خراپتری لێهات!. لە پەیمانەکانی (١٩٢٠)»وبیگرە تا ئەگاتە (١٩٥٨) یەک لەیەک خراپتر بوون بۆ بەستنەوەی عێراق. سەرباری ئەمەش لوتوپووتی خاوەن حوکمەکان لەوەندەی‌تر دەردی وڵاتەکەی گرانتر کردبوو. بۆ ئەوە ئەمەمان بۆ دەرکەوێ با هەندێ لە «یادداشت»ەکەی من بخوێنینەوە لە بارەی هەندێک لەو کەسانەوە:

سوێندەکەی عبدالاله - مان خوێندەوە لە کاتێکا کەبوو بە «وەصی» لە عێراقا. جارێکی‌کەش بیخوێنەوە بۆ ئەوە بە تەواوی لەبەری‌کەی!.

عبدالاله - ی وەصی ماوەیەک بە بێ‌دەنگ و سەنگ مایەوە، یەکەم شت کە لێوە رووی‌داگەڕانە بەناوبانگەکەی بوو، لەساڵی (١٩٤٥) بە ئاورووپادا - کە ئینگلیز پاڵی

پێوه نا بۆ ئەوگەڕانە. لەو ساڵەدا لەبەر ئەوەکە پاشەلەقەی شەڕی بەینی وهاوپەیمانەکان و «محوەر» هەبوو گرانیەکی هەر زۆر خراپ کەوتە وڵاتەوە؛ ئەبوایە هەموو ماڵێک دوو زەلامی تەرخان بکردایە لە پێش نیوەشەوەوە بچوونایە بەر دەرکی نانەواخانەکانیان بگرتایە تا پاش هەتاوکەوتن، سالەگەر چەن نان وە یا سەموونێکی رەشیان چنگ ئەکەوت یا نەئەکەوت!. بەکورتی ئیش وای لێ هات لەوەدا نەماکە هەڵگیرێ، هاوار و دادی ئافرەت لەبەر بێ‌نانی لە شاری بەغدادا ـ کە پایتەختی عبدالاله بوو ـ ئاسمانی ئەهێنایە گریان!.

لەم کاتەدا عبدالاله ـ ی [وصی] لەوگەڕانەیدا دوو ملیۆن دیناری عێراقی هەڵگرت و لە ئاهەنگ و بەزمی ئاورووپادا خەرجی کرد!. سەرەڕای ئەوەش کە گەڕایەوە، بەقسەی باشچاوشەکانی نزیکەی نیو ملیۆنی‌تر خەرج کرا بۆ تەرتیباتی پیریەوە چوون و بانگێشتنی سەربە دەرەوە بوەی شارەکانی عێراق و دروستکردنی تاق و عەنعەناتی شاهی!. ئەمە بۆ ئەوەکە [عبدالاله]گەڕاوەتەوە بۆ پایتەخت!..

* * *

هەرکەس خەریکی هەرشتێک بوو خۆی لەوکۆڕەدا ئەبینێ. سەرگوزەشتی [بوناپارت ناپلیون]م خوێندەوەکە لە رۆژی حەوتی کانوونی یەکەمی (١٧٩٧)دا گەڕایەوە بۆ شاری «پاریس»، ئاڵاکەی لەبەر دەمیەوەبوو؛ ئەو ئاڵایەکە (٦٧) هەرای لەگەڵ ئەڵمانیا و ئیتالیادا لێ نووسرابوو ئەوانەی هەموو هێنابووە ژێر رکێفی خۆی. شاری پاریس ـ م لەبەر هاتنەوەی ناپلیون بە جوانتر کانێ چاوپێ کەوت لە ژیانی پاریس ـ دا، وەشەعبی فەرەنسی ـ م بە کامەرانتر وەختیان هاتە پێش چاو هەر لەبەر هاتنەوەی «ناپلیون». شاری بەغدا و هەندێ شەعبی عێراقی ـ شم لەبەر هاتنەوەی «عبدالاله» چاوپێ‌کەوت، ئەمانەم بەلاوە جوانتر و کامەرانتر بوو لە شاری ـ پاریس و لە شەعبی فەرەنسی ـا.

بەڵام ئەوەندە هەبوو شەعبی فەرەنسی ئەوەیان بۆ ئەو [بوناپارت]ە کرد کە فەرەنسەی لە چنگی مردم فڕاندەوە و «ئیتالیا، نەمسە، ئەڵەمانیا و روسیای» داگیر کردو تەنگی بەدورگەکانی بەریتانیا هەڵچنی و قاپیەکی تری تاریخی بەشەرەفی بۆ فەرەنسە کردەوە. نازانم باشچاوشەکانی عبدالالە ئەمەیان بۆ کێ کردو لەبەرچی کردنیان؟!. ئەم دوو ملیۆن و نیوە لە خەزێنە هەڵگیرا؛ ئەو خەزێنەیە کە لە زەرییەو سەرانەی [شەعبی عێراقی] پێکەوە نرابوو، ئەگینا «عبدالالە» تا ئەو رۆژەکەبوو بە وەصی لەبەر بێ‌شتی مووچە خۆرێکی بچووک بوو لەوەزارەتی خارجیە. وە یا بە جۆرێکی‌تر بیڵێین هەر هاتوچووی «رایسز»ی ئەکرد؛ ئەو «رایسز»ە کە لە پاشاکردی بە سایەی لات‌بوونی شەعبی عێراقی و کیسەپرکردنی خۆی و ـ حوکوومەتی شۆڕشی عێراق ـ هەڵیگرت و عالەمی لەو بەلایە رزگار کرد.

دیسان لە ساڵی (١٩٤٩)دا بۆ دوو مانگ گەشتێکی‌تری ئاورووپای کردو عەینی مەخارجی هەڵگرت، ئەمەیان لەکاتێکا بوو کە میزانیەی حوکوومەتی عێراق بە جۆرێک لات کەوت ئەگەر بانگەکان نەکەوتنابە فریای، حوکوومەت سەری تێدا ئەچوو!. ئەمە خەزێنەی حوکوومەت، ئەمەش گەڕان و ئاهەنگی «سموی وصی»؟!!. ئەمە ئەو پیاوەبوو کە وتی: «دڵسۆز ئەبم بۆ نیشتمان و میللەت و گزی‌یان لێ ناکەم!.».

ئەمە تەنها دوو لاپەڕەی کورتی ژیانی «عبدالالە» بوو. ئیتر بێجگە لە، دڵڕەقیەکەی، لە کەس نەناسینەکەی، لە هەموو کەس بە بەندەزانینەکەی، لە خیانەتە ناپاکانەکەی بەرانبەر بە هەموو شەعبی عێراقی لەرێگەی پاراستنی قازانجی تەنها خۆیا، لە فەرماندان بە کوشتنی بێ گوناحەکان لە سووچی بەندیخانەکانا لە بەر تینووبوون بە خوێنی شەعبی عێراقی، لە رووتاننەوەی گەورە و بچووک و لە فەسادەکەی بەرانبەر بە میللەت!.

* * *

رەنگبێ هەواخواکانی «نوری سعید» وەیا بێگانەکان بڵێن نووری سعید پیاوێکی

گەورەی سیاسی و پیاوێکی زۆر بەکەڵک بوو بۆ عێراق، گەلێ خزمەتی کرد بە عێراق و گەلێ وڵاتان گەڕا بۆ بەرز بوونەوەی عێراق!. ڕەنگبێ ئەمە بڵێن، بەڵام ئایا ئەمە قسەیەکی ڕاستە؟ یا هەر لەبەر ئەوەیە کە «چاوی ڕەزامەندی کەمو کوڕی نابینێ؟.». لام وایە ئەگەر پیاو لەم باسە بکۆڵێتەوە بە تەواوی ڕاستیەکەی بۆ دەرئەکەوێ.

[نوری سعید] ئێمە وتمان (٢٩) ساڵ لە حوکما بووە لە عێراقا بەڵام ئەگەر ڕاستیەکەت ئەوێ هەر (٣٧) ساڵە کە حوکمی عێراقی کردووە. لەم ماوەدا ئەگەر بوترێ خزمەتی ئینگلیز وەخزمەتی «أنانیەتی نەفسی» خۆی کردووە ئەمە ڕاستە، ئەو خزمەتەی ئەو هی ئینگلیزی کرد کەسێکی‌تر لە عێراقا ـ هەرچەندە خەریکیش بوو‌بێ ـ نەیکردووە، لەم ڕووەوە قابلیەتێکی تەواوی هەبوو. لە «أنانیەتی نەفسی»شدا عەینی قابلیەتی هەبوو! ئەو ڕۆحەی وای لێ کردبوو هەموو کاتێ لە کۆششی ئەوەدابوو کە هاو دەورەکانی، وە یا منافسەکانی، وە یا ئەو بێ گوێیانەکە بەگوێیان نەئەکرد لەناویان بەرێ وە یا لەناو بچن بۆ ئەوە مەیدان بۆ خۆی چۆڵ بێ و بە هەموو ئارەزوویەکیەوە «أنانیەتە نەفسی»ەکەی تێربکا!.

نووری سعید تەنها «حبی ظهور» و «حبی ذات» نەبێ هیچی‌تر نەفسی ئەوی تێر نەئەکرد. پیاوێکی بێ‌خزم و عەشرەت، بێ‌بنەماڵەیەکی ناودار نەئەگەیشت بەم ئارەزووە تەنها بەوە نەبێ کە بە هەموو مەعنایەک ئارەزووەکانی ئینگلیز بەجێ‌بێنێ و بۆ ئاسایشی ئینگلیز گۆشتی خۆی وا تاڵ کا، ئەگەر هەر ڕۆژێ لە ڕۆژان ئەو شعبەکە ئەو حوکمی ئەکرد بەسەریانا بۆیان ڕێک کەوتایە لەشەکەیان بەسەر شەقامەکانا ڕاکێشا. وەکو ڕایانکێشا لە ڕۆژی [١٥ی تەممووزی ١٩٥٨]دا!..

«نوری سعید» با لەڕواڵەتیشا دەری نەبڕیایە بەڵام لەدڵا دەمێک بوو ئەیزانی کە پاشەڕۆژی ژیانی ئەو ئەبێ وای لێ‌بێ، ئەوەندە هەبوو لە بەر «أنانیەتە نەفسی»یەکەی ئەوەی نەئەخستە خۆی!. پێ‌ئەنگ بوو لایکاتەوە بەلای خواوە و جارێک لە جاران

بلێت خوایەک هەیە و تۆڵەسەندنەوەیەک هەیە! پێ‌نەنگ بوو لایەک بکاتەوە بەلای شەعبەوەو بلێت شەعبێک هەیە و تووڕەبوونی شەعبێک هەیە. لەباوەڕی ئەوا «ئینگلیز» لە هەموو کەس گەورەتر بوو، ئەو کە ئینگلیزی هەیە ئیشێکی بەخوا نەماوە، وەکارێکی نیە بە تووڕەبوونی شەعبەوە! لەگەڵ ئەوەدا خوا لە هەموو کەس و لە هەموو شت گەورەترە، وەلە پاش خوا [احترامی شعوری شەعب]گەورەترە نەوەک ئینگلیز. بەڵگەی ئەم قسەیەش ئەوەیە کاتێ کە خوای لێ ڕەنجاو ویستی تۆڵەی لێ‌بکاتەوە، وەکاتێ کە شعووری شەعبی لێ تووڕەبوو ئینگلیز هیچی پێ نەکرا کە ڕزگاری بکات.

کارەسانی ئاخر هەناسەی ژیانی «نوری سعید» و «عبدالاله» دەرزێکی زۆر بەنرخە بۆ هەموو گەورە و بچووکێک، بۆ هەموو خاوەن پایە و بێ‌پایەیەک، بۆ هەموو پادشا و بێ‌نەوایەک کە خوا لەژوور هەموو کەسێکەوەیە وە ئەبێ هەرکەس لە ئەندازەی دەسەڵاتی ئیشی خۆیا «شعوری شەعب»یش رابگرێ.

مایەوە سەر ئەوە کە هەواخواکانی «نوری سعید» بلێن لەماوەی حوکمی خۆیا گەلێ خزمەتی کرد بە عێراق، گەلێ بازاڕ و دووکان لە دەورەی ئەوا دروستکرا، گەلێ شەقام ڕاکێشرا و قیرتاو کرا، گەلێ قوتابخانە کرایەوە و مستەوای خوێندەواری بەرز کرایەوە! وەکوو «نوری سعید» لە زەمانی خۆیا هەموو جار ئەم قسانەی ئەکرد و بەرانبەری دەوری عێراقی ئەکرد لەگەڵ زەمانی تورکاو ئەیوت لەو دەورەداکۆشکی بەرز بەرز نەبوو ئێستە هەیە، لەو دەورەدا قوتابخانە و شەقام نەبوو ئێستە هەیە... هتد! باشچاوشەکانیشی بۆیان ئەدا بە سنگاو ئەیانوت «لەشەدووبالله ڕاست ئەکەی!».

بەڵام ئایا ئەم قسانە کە ئەکرا و ئەوترا ڕاست بوون؟. یا هەر وا قسەبوون و وەختیان پێوە ڕائەبوێرا؟!.

لام وایە ڕاست نەبوون، چونکە ئەگەر «نوری سعید»یش نەبوایە شەقامەکان هەر وا ئەکرانەوە و قیرتاو ئەکرا، قوتابخانە هەر ئەکرایەوە و خوێندەوار پەیدا ئەبوو، کۆشکی

بەرز بەرز ئەچوو بە ئاسمانا، بۆیەش ئەبوون چونکە قانوونی گۆڕان و «تطور» لەناوا هەیە، مادام گۆڕان هەیە ئەبێ هەمووشت هەر رۆژە پێ پلیکانەیەک بگوێزێتەوە. بە پێچەوانەی ئەمە بەڵکوو «نوری سعید» زۆری ئەخستە سەر رەورەوەکە بۆ ئەوە بەستر بسووڕێتەوە!.

ئەگەر سەیرێکی عێراق بکەین لەماوەی ئەم (٣٧) ساڵەداکە ئینگلیز و «نوری سعید» تیایا حوکمیان کردووە و سەیری شوێنێکی تریش بکەین لە ئینگلیز و «نوری سعید» تێدا نەبووە، ئەمەمان بە ئاشکرا بۆ دەرئەکەوێ کە رەورەوەی پێشکەوتن لە عێراقا کەمتر لە هی گۆڕانە ئەسڵیەکەش بزووتۆتەوە!.

بەڵێ ئینکار ناکرێ لە عێراقا هەندێ شت بە جوانی هەنگاوی هاویشتووە و قسەکەی «نوری سعید» و «عبدالاله» دێنێتە دی کە بۆ پێشەوە رۆیشتووە، ئەوشتەش [فەسادی حوکم] و نارەوایی و ناهەقی حوکم بووە، لەم لایەنەوە بەراستی دەورەیەکی رووناکە بۆ لاپەڕەی ژیانی نوری سعید و هاوکارەکانی!. بەسایەی ئەو و لە سایەی ئەوا چەندکەسێک کورسی حوکمیان وەکوو تۆپێ چەغزین ئەخست بۆ یەک و ئەیانگرتەوە و لەبەر ئەوەکە خۆیان بە ئایەری ئەزانی لەباتی ئەوە عەدل و دادپەرستی بلاوکەنەوە خەریکی کیسەپڕ کردن و خەریکی تێکچوونی کاروباری عەدالەت بوون، ئەمەش هەر بۆ ئەوەکە کیسەکەی خۆیان پڕکەن!. تەنانەت ئەمە یەکێکە لە قسەی یەکێ لەوکەسانەکە جارێک رەئیسی حوکوومەت بۆ ئەیوت: «ماڵی ئەم حوکوومەتە وەکوو کەلاک وایە، کێ ئازایە شتێکی بۆ خۆی لێ بکاتەوە!». ئەمە قسەی رەئیسی حوکوومەت بوو لەکاتێکاکە شکاتی خراپی حاڵ و ئەحواڵی ولاتیان لائەکرد ئەویش وای وەلام ئەدانەوە!. وە یا یەکێکی تر لەوەزیرەکان لە دەورێکا، کە وەزیر بوایە، یان ئەبوایە «مودیر ناحیە» وە یا شتێکی وای بە لە (٢٠٠) دینار کەمتر دانەئەمەزراند!. دەی ئەمە حاڵی پیاوەگەورە لەرووەکانی حوکوومەتەکانی «نوری سعید» بووبێ، ئایا حاڵی لەوان خوارتر ئەبێ چۆن بێ؟!.

لەکاروباری دایەرەکاناکامی ئەگیرا لەویتر خراپتربوو، بەڵێ ئەوەی کە پێی ئەڵێن رۆتینی و کلیشە هەمووی هەبوو؛ عەریزە ئەدرا، تسجیل ئەکرا، کابرا هاتۆچووی بەشوێن کارەکەیا ئەکرد و ماوەیەکی زۆری پێ ئەچوو بەڵام تا دەستی نەکردایە بەکیسەکەیا ئیشەکەی بۆ جێبەجێ نەئەبووا..

مەسەلەی مەحسوبیەت و مەنسوبیەت گەیشتبووە شوێنێک ئەگەر یەکێ شێری بەگوێ بگرتایە مادام سەر بەیەکێک نەبوایە بەشی ئەو کەسە لە برسامردن و چەوساندنەوەبوو، ئەوەی کە [حەقی مەشرۆعی] خۆی بوو کرابوو بە ژێر لێوەوەو هەزار هاواری بکردایە پولێکی نەئەهێنا، نەکەفائەت، نە قابلیەت، نە دەستپاکی، نە رەوشت چاکی، ئەمانە هیچی کەڵکی نەئەگرت. لەم رووەوە ئەو مەسەلە سەری‌دابوو لە [عێراق]ی پێشووکە ئەڵێ:

«جارێک دووکەر لە ژێر باری بەلەدیەدا بەیێ کاوجۆ لە بەر بارگرانی هەموو شتیان بووبوو بە برین، یەکێکیان لەویکەیانی پرسی ئەرێ برا! ئائەوکەرەکە لە دوورەوە دیارە و لەناو ئەو قەرسیلەدا هەر تەراتێنیەتی وگیەرەی ملی باوەشی پێیانایەتەوە، خۆ ئەویش وەکوو ئێمە کەرە بۆچ بارێکی لێ نانێن؟!» ئەویش پێ‌وت: «ئەوە تۆشێت بوویت؟! نازانی؟ ئەوە جاشکی کەری سەیانی سەگەوانەکەی نۆکەری ماڵی رەئیسە!».

کارەساتی دەوری بۆگەنی حوکوومەتەکانی پێشووی عێراق بە ئەوەندە دوایی نایەت بەڵکوو کتێبێکی تایبەتی ئەوێ، ئەگەر رۆزگار بۆی هێنایە پێشەوە ئەو کتێبەش ـ کە ئێستە ئامادەیە و نووسراوە ـ لەیخەینە بەرچاوی خوێندەواران. بەڵام لێرەدا بە قسەیەکی کورت تەنها ئەوە ئەڵێم:

«زوڵم لە ناو هەموو قەوم و قانوونێکا ناپەسەند بووە و ناپەسەندە، بەڵام لە عێراقی پێشوا ناچار بوو پیاوبێ بە زاڵم، بۆچی؟ بۆ ئەوەکە نەبێ بە مەزڵووم!» ئینجا لەم قسەیە ورد بەرەوە و زۆرشتی لێ وەربگرە.

* * *

که ئیش گەیشته ئەم شوێنه و بەو جۆره کاسه پڕبوو [شۆڕشه پیرۆزه کەی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨] وەکوو گزنگی رووناکی لەو شەوی تاریکیدا دەستی پێ کرد و پەردەی پێشووی لادا و دەورێکی تری هێنایه پێشەوه.

لەگەڵێ دەوراو لەگەڵێ وڵاتا شۆڕش رووی داوه بەڵام وامەزانه هیچ شۆڕشێک وەکوو شۆڕشی عێراق شوێنی خۆی گرتبێ. ئەو شۆڕشانەی که لاپەڕەکانی مێژوودا لەوڵاتان روویان داوه بێجگه لەوەکه لافاوی خوێنیان هەستاندووه ئەنجامەکەیان وه یا پەیوەندەکەیان هەر بۆ خۆیان بووه بەڵام شۆڕشی [١٤ی تەمووزی ١٩٥٨]ی عێراق بێجگه لەوەکه هەر تەنها (١٩)کەسی دابه کوشت چەندە ئاشنایەتی ـ بۆگۆڕینی وەزع ـ به خۆیەوه بووه دەئەوەندە زیاتر تەونی شوێنانی تێکداوه!. ئەنجامی شۆڕشی (١٤)ی تەمووزی عێراق رووبەڕەیەکی له دنیای ئیمڕۆداگۆڕی و کارەساتێکی هەره گەورەی بۆ پاشەرۆژی تاریخیش هێشتەوه.

بۆیه ئەمانەی کرد چونکه لەلایەکەوه، وەکوو دەوری بۆگەنیوی زەمانی پادشایەتی پێشووی له عێراقا تێکدابوو بڕبڕەی پشتی ئینگلیزی لەم رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و خوارەوەشدا شکاند. تەون و بنکەکانی «ئەمەریکا»ی هەر لەم ناوەدا تێکدا، پرۆژەکەی «ئایزنهاوەر» ـ که له [١٥ی کانوونی یەکەمی ١٩٥٧]دا بەردی بناغەکەی له پێش دەمی ـ گونگریسی ئەمەریکی ـ دا، دانا و هێشتا ئەوان به تەواوی بڕیاریان لەسەر نەدابوو، کەچی «نوری سعید» وەری گرتا ـ تێکیدا.

له ساڵەکانی (١٩٤٨-١٩٤٩) که «عبدالاله» به ناوی سەرلەشکری گشتییەوه رۆژێک له عێراق بوو رۆژێک له فەلەستین و خەزێنەی حوکوومەتی عێراقی بەوناوەوه خاڵی کردەوه گۆیا بۆ تێکدانی حوکوومەتی جوولەکه و بۆ لەناوا هەڵگرتنی خەریک ئەبێ کەچی له راستیشدا هەر بۆ ئەوەی ئەکرد که حوکوومەتی جوولەکەی پێ بەهێز

بکا!. شـۆڕشی [١٤ی تـەمووزی ١٩٥٨]ی عێراق پشتی هێزی ئـەو حـوکوومەتی جوولەکەیەشی شکاندا.

[نوری سعید] بە پەیمانەکەی بەینی عێراق و تورکیاکە لە ١٩٤٦/٣/٢٩داکردی و مەبەستی هەرەزلیشی لەو پەیمانە کـوشتنی کـوردەکـان بـوو وازی نـەهێنا!. ئـەمجا لە (١٩٥٥/٢/٢٤)یشدا لەنگەریەکی تری خستە مەیدان و نـاوی نـا «پـەیمانی بـەغدا». لەلایەن عێراقەوە خۆی و [بـرهان‌الدیـن بـاش ئـەعیان] و لەلایـەن تـورکیاوە «عـدنان مندریس» و «فۆاد کوپرلو» هەریەکە مۆرێکی زلیان پێداناو خێرا ئێران و پـاکـستانیشی خستەکۆرەکەوەو بەریتانیاو ئەمەریکاش قاوەگێڕ بوون لەمەیدانەکەدا! ـشۆڕشی [١٤ی تەمووزی ١٩٥٨]ی عێراق ئەو پەیمانەشی هەپرون بە هەپرون کردا.

ئینگلیز و ئەمەریکا کە دەستیان لە پەیمانی بەغدا بڕا «شای ئێران»یان هـان ئـەدا بـۆ دامەزراندنی «کۆمەڵەی ئاری». کۆمەڵەی ئاری ـ ش عبارەت بن لە: ئێران، پـاکـستان، ئەوغان یا ئەفغان و تورکیا!.

ئەرێ ئینگلیز و ئەمەریکا خوام کرد بە گۆتانا! ئێوە ئیشێ بکەن بـە پـیاوکـە تـۆزێ ڕێگەی تێبچێ و خەڵک دەست نەکا بە پێکەنین. ئەوا ئێران و پاکستان و ئەوغان ئاری بوون باشە، بەڵام تورکیا چە ئاشنەیەتیەکی لەگەڵ ئاری‌دا هەیە؟!. ئەگەر ناوێکی‌ترت بۆ بدۆزینایەوە باشتر نەبوو؟!..

[نوری سعید] هێنای لە [١٤ی شوباتی ١٩٥٨]دا بـە پـەیمانی بـەغدا وازی نـەهێنا دەنگی یەکیەتیە پـووچەڵەکـەی بـەینی [عێراق] و [أردنـی] بـڵاوکـردەوەو خـێرا لە (١٩٥٨/٥/١٢)دا پاڕلەمانەکەی خـۆی و هـەر دووشـای عـێراق و أردن بـڕیاریان لەسەرداو لە (١٩)ی ئەو مانگەدا خۆی بوو، بە سـەرۆک وەزیـری، کـەچی نـەیزانـی شۆڕشی [١٤ی تەمووزی ١٩٥٨]ی عێراق سەری ئەو و سەری یەکیەتی عێراق و أردن لەخوا و ئەپروو خێنێ بەسەر یەکا!.

شۆڕشی [١٤ی تەمووزی ١٩٥٨]ی عێراق وەکوو ئەمانەی کرد تیرێکیش بوو ئاوقەی دڵی شاو شازادەکانی ئەم دەوروبەرەی کرد کە لە نووستنیشا ئەو تیرە هەرکاریان تێ بکا و ناچاریان بکا بەوەکە، دان بە شەعبەکەیانا بنێن و بە تەواوی ئیمان بەوە بێنن کە هێزی [شەعب] ئەوەیە کەوا داروپەردوی پادشایەتی ئەرووخێنێ و ئەوترسەیان بداتێ کە ڕۆژێ لە ڕۆژان ـ ئەگەر ئەوانیش بە ناپیاو دەرچن و تۆزێ لووتیان نەبەننەخوارەوە ـ لەشەکانیان بەسەر شەقامەکانا وەکوو هێنەکانی «عێراق» راتەکێشرێنا..

گەلێ لە پێش ئەوەداکە «فیصلی دووهەم» تەخت وەربگرێ، بۆ دۆزینەوەی شوێنێک بۆ ئەوە [عبدالاله] تێدایا بیێ بە پادشا هەر خەریک بوون، بە قسەی ئینگلیز و «عبدالاله» و «نوری سعید» لە سووریا ـ یان چاکتر و بەلەوەڕتر نەدۆزیەوە!. لە هەموولایەکەوە عێلجاری لێ کرا بۆ ئەوە مل بێنێتە ژێر بار و شوێن تەختی «عبدالاله» خۆش بکا!. لەلایەکەوەهانی جوولەکەی لێدرا، لەلایەکەوەهی حوکوومەتی [شەمعون]، لەلایەکەوە تورکیا، لەملاشەوە [عبدالاله] بە خۆی و [نوری سعید] و پیاوەکانیانەوە بەشەو و بەڕۆژ، بەپارەو بە چەک خەریک بوون، کەچی کوتوو پڕ شۆڕشی [١٤ی تەمووزی ١٩٥٨]ی عێراق ئەو هەموو فاک و فیکەی تێکدا و هەموو فرمانەکانیانی وەکوو کورتانەکەی جەجاڵ لێ کردا..

* * *

لە هەموو ولاتی دنیادا «سەرباز» جگەر گۆشەی ئەو باوک و دایکانەن کە پێیان ئەڵێن «شەعب»وە شەعبیش ئەو دەستە خەڵکەن کە لە کۆڕی سەرباز و کاربەدەست و ئاغا و جووتیار و کرێکار و خاوەن کارگەو وەزیر و گزیراکۆ ئەبنەوە، هەریەکە لەمانە لوێچکن لە دەریای شەعبەکە، ئەوەندە هەیە ئەمانە بەتێکڕا پاسەوانێکیان ئەوێ بۆ خۆیان و بۆ ئەو خاکە کە تێدا ئەژین. ئەو پاسەوانەش کەوا ئەم ئەرکە زلە هەڵئەگرێ وگیانی خۆی وەکوو هەڵماتە بچکۆلەیەک بۆ ئەو پاراستنە ئەخاتە بەرەلەپی «سەرباز». تەنها سەربازەو

لەسەرباز دێت كەشایانی ئەو فرمانە پیرۆزەی هەبێ.

ئەمجا لەناو ئەم شەعبەدا ـ كە بەم جۆرەباسكرا ـ ئەگەر یەكێك ئەوی پێویستی «شەعبیەتە» بەجێ نەهێنا مەعنای وا نیە كە شەعبەكە هەمووی بێ كەڵك و شایانی هیچ شتێك نیە. [شەعب] وە یا قەوم ئەبێ چاكیشی تێدا هەبێ و خراپیش، رێ ناكەوێ هەمووی چاك بێ وەكوو ئەوە رێناكەوێ كە هەمووی خراپ بێ.

لە قەومێكا ئەگەر هات و یەكێكیان وە یا چەند كەسێكیان خراپەو خراپەكاریان بەرانبەر بە قەومەكەی خۆیان وە یا قەومێكی تر نواند مەعنای وانیە ئەو [قەومە]كەوا ئەو چەند خراپەكارەی تێدا هەڵكەوتووە هەمووی خراپن، هەركەس بە هۆی خراپی چەند كەسێك لە قەومێكا «حوكم» بدا بە سەر خراپی ئەو قەومە ـ دا، ئەوە گوناح و ناپیاوەتیە كە بەرانبەر بە ویژدان و بەرانبەر بە [تأریخ] ئەینوێنێ.

ئەو قەومە وەختێك هەموویان خراپ ئەبن كە تێكڕا هەموو دەمارو خوێنیان پڕبێ لە بیروباوەڕی پیاوە خراپەكەی كە تیایانا هەڵكەوتووە. ئەمەش لە زۆرر مەحاڵەوەیە؛ چونكە تا ئەو بەرەیە و بەرەی دوای ئەوان وایان لێدێ كە ئەو مەفكۆرەیە پڕ بە پڕی مێشكیان بوەستێ ماوەو زەمانێكی ئەوێ. لە «ستی كون»ە كە چەرخی زەمان ئەوەندە راناوەستێ تا ئەوان بگەنە ئەو پایەیە. كە رانەوەستا گۆڕان بەسەرا دێت، كە گۆڕان هات ئەونی كابرای پیاوخراپ هەموو شیتاڵ شیتاڵ ئەبێتەوە!.

بەڵێ یەكێكی خراپ بۆ ئەوە [نەفسی] پیسی خۆی لەهەموو جەورێك پڕبكات وای بە تۆ پیشان ئەداكە فلانە قەوم هەمووی خراپن، بەرانبەر بەم كابرا خراپە خراپێكی تریش لەقەومەكەی‌ترا، پەیدا ئەبێ و ئەویش بە چەشنی باوەڕ ئەڵێ [فلانە قەوم] هەموویان خراپن. بە هۆی ئەم دووكەسەوە ناڕەواییەك و بێ باوەڕیەك لەبەینی ئەو دوو قەومەدا پەیدا ئەبێ وكەچی لە راستیشا هیچی وانیە.

لە ئەنجامی ئەم لێكۆڵینەوەیەوە، ئەوە بۆ ئێمە دەركەوت كە قەومی عەرەب، وەیا

کورد، وە یا فارس ـ ئەمانە بە میسال ـ نایێ ئەفرادی ئەمەیان زەمی قەومەکەی‌تر بکەن بڵێن هەموویان خراپن. چە کوردە چە عەرەبە، چە فارسە؛ بێ‌شکە کە چاکێشیان تێدا هەیە و خراپیش. کەوابوو من لێرەدا هەندێ جار کە ئەڵێم: «فارس وە یا عەرەب وە یا کورد»، ئەوەیان کرد و ئەوەیان کرد، ئەوە دیارە مەبەست ئەو کەسانەیە کەوا بۆ پاراستنی کورسی و پایەی خۆیان جەور و ستەمەکەیان وەکوو دووکەڵێکی رەش وایە قەومەکەی خۆیشیان و قەومێکی‌تریش ئەگرێتەوە. جا ئەو جۆرە کەسانانەن کە بوون بە پشیلە نەوتینە و بە ناو قەومەکانا ئەسوورێنەوە!.

* * *

شۆڕشی [١٤ی تەمووزی ١٩٥٨]ی عێراق ئەم هەموو ئاژاوانەی لەدەری عێراقا نایەوەو ئەو هەموو تەلبەندانەی بەسەر یەکا تێکدا.

سەربازی عێراق و شەعبی عێراق ـ بە کورد و عەرەب ـەوە دەمێ ساڵە لەجەنگی نالەوەی شۆڕشێکی وادابوون، پاش (١٩١٨) وەنەبێ ئیتر هەر وا بە بێ‌دەنگ و سەنگ دانیشتبێتن. شۆڕشەکانی بەینی دوو لاپەڕەی (١٩٢٠ـ١٩٣٠) عەرەب لە عەرەبستانا و کورد لە کوردستانا ئەم گەواهیانە ئەدەن. لە (١٩٣٠)دا ئینگلیز و «نوری سعید» لایان وابوو بە پەیمانە کە هەموو ئیشێکیان تەواو کردووە، کەچی شۆڕشی (١٩٣٦)ی «بەکرسدقی» بەسەراهات!. ئەوە کوژێنرایەوە شۆڕشی (١٩٤١)ی بەسەراهات. لە [٢٤ـ٢٧ی کانوونی دووهەمی ١٩٤٨]دا شۆڕشە بەناوبانگەکەی گژبەنی «پورتسموف» بوو کە شەعبی عێراقی (٧٠) کوژراو و (٤٠٠) برینداری‌دا بە دەستەوە. لە (١٩٥٢)دا لە پاش ئەوە کە لەلایەن دەورو دووکانی پێشووەوە هەموو بەندیخانەکان پڕکران شۆڕشێکی‌تر دەستی پێ کرد بەڵام حوکم درایە دەست سەرۆکی عەسکەری ئەو وەختە و ئەویش دیسان شۆڕشی کوژاندەوە، لە (١٩٥٦)دا عەینی دەور دەستی پێ کردەوەو عەینی سەرەنێزەی جەور دایمرکاندەوە!.

لە هەریەک لەسەر نەگرتنی ئەم شۆڕشانەدا دەرزێک وەرگیرا و لەهەر سووچێکیەوە هیوایەک وەرگیرا. کەوابوو شۆڕشی (١٤)ی تەمووز شتێکی کوتووپڕی نەبوو، بەڵکوو وادیار بوو بناغەکەی دەمێک ساڵ بوو دانرابوو، بەلاّم هێشتا پوختە نەبووبوو بۆیە لە ساڵەکانی پێشوودا هیچ بەرێکی نەدا بەدەستەوە.

دەمێک بوو هەموو کەس بێزی ئەهاتەوە لەو دەورو دووکانە، سەیرتر ئەوەبوو کابرا وەزیر بوو کەچی ئەویش هەر بێزی لێ‌ئەهاتەوە!. دەمی هەرکەست ئەکردەوە لە گەورە و بچووک، لە خوێندەوار و نەخوێندەوار، لە ئەفسەر و لە ئەفەندی هەموو لەو دەورو دووکانە دڵ بریندار بوون، وادیار بوو تەنها «عبدالاله» و «نوری سعید» و چەند کەسێک لە باشچاوشەکانیان نەبێ ـ لەبەرگومڕاهی ـ ئەگینا هەموو دانیشتووێکی عێراق دڵی بووبوو بە دانەی سەرساج!. هەر ئەو گومڕاهیەبوو کەوای لێ کردبوون هەموو کۆششێکیان بۆ بەرز بوونەوەی مەملەکەت بخەنەسەر زۆر کردنی «جاسوس» و کڕینی ویژدان، کەچی ئەوەش هەر کەڵکی نەگرت بۆیان!.

شۆڕشی [١٤ی تەمووزی ١٩٥٨]ی عێراق، شۆڕشی پاڵەوانی نەبەز «عبدالکریم قاسم»ە. عبدالكريم قاسم [زعيم ركن] بوو لە نەیروی عێراقا، پیاوێکی هێمنی لەسەر خۆی خاوەن بیروباوەڕێکی قایم بوو، حەزی بەخۆ دەرخستن و هەنعەنات نەئەکرد، هەر لەبەر ئەم هێمنی و خۆدەرخستنەی بوو. کە «عبدالاله» و «نوری سعید» و ئەو هەموو دەستوپێوەندەیان نەیانتوانی لەو باوەڕە قایمەی [عبدالكريم قاسم] تێبگەن لە گەڵ ئەوەشا کە زۆر دەمێک بوو ئەو باوەڕە هاوڕێ [عبدالكريم قاسم] بوو!.

[عبدالكريم قاسم] بێجگە لەوە کەوا کاروباری نارەوای حوکومەتانی پێشووی عێراق کارێکی زۆریان کردبووە دڵی و بێجگە لەوەکە فیکری لە پیاوانی عێراق ئەکردەوە؛ ئەو پیاوانە کەوا لە دایەرەکانا و لە سوپادا فرمانی گەورە گەورەیان گرتووە بەدەستەوە لەباتی ئەوە خزمەتی وڵاتەکەیان بکەن کەچی هەموو کۆششێکیان خستۆتە

سەر جێبەجێ کردنی فەرمانەکانی [عبدالاله] و [نوری سعید] ـ کە فەرمانی ئەوانەش هەر بۆ پێشکەوتنی کاروباری ئینگلیز و ئەمەریکا و دواخستنی مەسالحی عێراقە ـ بێجگە لەم باوەڕەی کاتێ کە لە تشرینی (١٩٥٦)دا فەرمانی کرایە سەر کە بەخۆی و لواکەیەوە ـ لوای (١٩) کە لەمەنسووریەبوون ـ بچێت بۆ وڵاتی «أردن» گۆیا بەناوی ئەوەوە کە لە «جوولەکە» بدەن!. کەچی لە ڕێگەدا سەیر ئەکا ئەمە وانیە، بەڵکوو ئەمە لە مەعنادا بۆ یارمەتی «جوولەکە» و لە «میسر»دانە!. دیارە نەفسیەتی «عبدالکریم قاسم» بێزی لەمە دێتەوە و شتی واناکا.

لەو وەختەوە بەتایبەتی ـ ئەڵێم لەو وەختە بە دواوە، ئەگینا بەگەلێ ساڵ پێش ئەو وەختەش ئەو فیکرەی هەر هەبوو ـ کەوتە سەر فیکری ئەوەکە بەهەر جۆر بووە ئیشێکی وابکا، ئەم وڵاتە لەدەست ئەو گورگە خائنانە ڕزگارکا. فیکرێکی زۆر زل بوو کردیەوە، تەنها دڵە پڕ لە هێز و نهێنیەکەی [عبدالکریم قاسم] نەبێ کەسێکی‌تر ناتوانێ ئەو فیکرە لەدڵیا بە نهێنی بێڵێتەوە تا دێتە سەروبەری بەئەنجام گەیاندنی.!

کە لەو سەفەرەی گەڕایەوەو گەیشتە [ئیچ ـ ثری] بڕیاری سەرەتای دەرخستنی شۆڕشێکیدا، بەڵام لەوێ بەباشی نەزانی چونکە سەیری کرد ئەوانەی کەوا لەم داوە ناهەموارانە بۆ عێراق ئەنێنەوە ـ کە وەکوو عبدالاله و فیصل و نوری سعید و دەست و پێوەندەکانیان بن ـ هەموویان لەوێ نین. سەیری کرد ئەگەر هەندێک لەوانە بەرپەل کەون و هەندێکیان دەرباز بین بێ گومان لەو ئامانجە کە ئەو هەیەتی بە شۆڕش، بۆی پێک نایە. لەبەر ئەمە وازی لێ هێنا.

لەم ماوەیەدا هەر خەریکی تاقی کردنەوەی یەکە یەکەی ئەفسەرەکان بوو، خەریکی ئەوەبوو بزانێ ئایاکامیان لەمەحەک دەرئەچن. خەریکی ئەمەبوو بەبێ ئەوە سەرەتا باوەڕی خۆیشی لەلای یەکێک بدرکێنێ. لە نەتیجەی تاقی کردنەوەیەکی زۆرا توانی چەند ئەفسەرێکی زۆر کەم بدۆزێتەوە؛ لەو ئەفسەرانە کە جێگەی باوەڕ و سنگیان

گۆڕێکی بێدەنگە بۆ هەموو نهێنیەکا. ئەم چەند دانەیەش کە دۆزیەوە «مەرج» نەبوو کە ئەبێ هەر لەلواکەی ئەوابن. یا هەر یەکە لەلایەکێش بن مادام هەموویان هەر بۆ مەبەستێکی پیرۆز کۆشش ئەکەن هەر وەکوو ئەوەوانە کە لەلای ئەوبن.

بەتایبەتی هەندێ لەوانەی کە من پێ بزانم و بەرە بەرە ئاگاداریان بەسەر نهێنیەکانی «عبدالکریم»دا پەیداکرد و بەناوی «ئەفسەرانی ئازاد»ەوە ناوی نان ئەمانەبوون: ـ

«فریق نجیب ربیعی». ئەم پیاوە خۆشەویستیەکی تایبەتی لەناو سوپادا هەبوو وە بە دڵ هۆگری عبدالکریم ـ یش بوو. هەرچەندە لە ڕۆژی گیرانی شۆڕشەکەدا ـ ڕۆژی ١٤ی تەمووز ـ لە [حجاز] بوو، بەڵام ئاگای لە هەموو کاروفرمانێکی کۆمەڵە هەبوو.

[زعیم رکن محی‌الدین عبدالحمید، زعیم رکن أحمد صالح عبدی، زعیم رکن خلیل سعید، زعیم فؤاد عارف، زعیم حسن عبود، زعیم داودسەلمان جەنابی، زعیم ناجی طالب. عقید فاضل عباس مهداوی، عقید ماجد محمد أمین، عقید عبدالکریم جده، عقید مهندس رجب عبدالحمید، عقید فتاح شاڵی، عقید رفعت حاجی‌سری، عقید عبدالوهاب أمین، عقید شمس‌الدین عبدالله، عقید وصفی طاهر، عقید طاهر یحیی، عقید عادل جلال، عقید عبداللطیف دراجی، عقید محسن حسین الجیب، عقید رجب عبدالمجید، عقید عبدالسلام محمدعارف، عقید عبدالله سعید[1].]

[مقدم عبدالغنی عبدالستار، مقدم محمد مجید، مقدم عبدالکریم فرحان، مقدم شاکر محمود سلام، مقدم خضر حسین دوری، رەئیس ئیبراهیم لامی، رەئیس عبدالستار عبداللطیف، رەئیس ئیبراهیم جاسم، رەئیس مصطفی عبدالله، رەئیس جاسم عزاوی، رەئیس سلیم فخری، رەئیس ثامر نورالدین.]

بەڵێ ئەمانە سەرەتا بەگیانێکی پاکەوە لەژێر راو تەگبیری عبدالکریم قاسم ـ دا

---

١ ـ عبدالله سعید هەرچەندە بەراستەو راست پێ نەوتبوو، بەڵام لەبەر ئەوەکە خۆی بەجێ بڕوای عبدالکریم قاسم ئەزانی وە عبدالکریم ـ یش ئەمەی ئەزانی وەکوو ئەوە وابوو کە پێ وتبێ.

پەلاماری پێکهێنانی شۆڕشی (١٤)ی تەمووزیان دا و ناوێکی پڕ لە شانازی‌یان بۆ خۆیان وەرگرت. بەڵام داخەکەم زۆری پێ نەچوو هەندێک لەمانە ئەو ناوە پڕ لە شانازیەیان گۆڕیەوە بە ناوێکی پڕ لە نەنگی و لەککەداری و نووسانیان بەسەرشانی خۆیانەوە!..

بەقسەو پڕ و پاگاندەی هەندێ لە پیاوە نەفعی پەروەرەکانی وڵاتی عەرەبستانی غەیری عێراق کەوتنە بزووتنەوەو گزی کردن لە نیشانەکانی شۆڕشی (١٤)ی تەمووزا.. لێبووردنی «عبدالکریم قاسم» گەلێ زیاتر بوو لەوە، کە بە چاوی خەشمەوە ئاوڕ لەمانەبداتەوە. ئەو دەستەیە وایان ئەبردە دڵی خەڵکەوە، کە شۆڕشەکانی پێشوری عێراق و ئەمجارەش هەر لەکۆششی ئەمانەوە بووە و بەم قسەیە ئەیانویست وڵاتی عێراق راکێشن و بیخەنە ژێر دەستی نەفعی پەروەرەکانی وڵاتی عەرەبستانی دەرەوەی عێراق!.. عبدالکریم قاسم هەر بەچاوی لێ بووردن و میهرەبانیەوە سەیری کردن، ئەمەش بۆ ئەوە کە بەڵکوو ئەمانە لەم باوەڕە چەوتەی خۆیان بگەڕێنەوەو نەیێ بە ئاژاوەو ئاو لێڵ کردن. ئەمانە هەر نەگەڕانەوە تا لە ئاخراکردەوەی ناپەسەندی خۆیان رایکێشیان بۆ ئەوە تۆڵەی ناپیاوەتی خۆیان وەربگرنەوە!.

[عبدالکریم قاسم] هەر لایەنی هێمنی و لێبووردنی لەدەست بەرنەدا. کەچی لەناکاو، لە رۆژی (١٩٥٩/٣/٩)دا عبدالوهاب شواف ـ کە وەختی خۆی یەکێک بوو، لە ئەفسەرانی ئازادی شۆڕشی (١٤)ی تەمووز ـ ئەو ناوە پڕ لە ئیفتخارەی پێ هەڵنەگیرا و بە پڕوپاگاندەی [جەمال عبدالناسر]ی وڵاتی میسر، لە «مووسڵ» ئاگرێکی یاخی بوونی لە «عبدالکریم قاسم» و شۆڕشی (١٤)ی تەمووز هەڵگیرساند و ویستی ناوە پاکەکەی عێراق لەککەدار بکا!. لەوەندە هەبوو [عبدالکریم قاسم] دەستی لە دەستی ئەو و لە دەستی یاریەدەرەکەی ئەو بەهێزتر و درێژتربوو، بۆیەش درێژتر بوو چونکە شەعبی عێراقی بە کورد و عەرەبە وەکوو پوورەی هەنگ دەوریان لێ داوە و بە پێشەوایەکی راستی راستەقینەی خۆیان لەزانن، یەکێک لەوەندە خۆشەویست بێ و لە هێلانەی دڵی هەموو

کەسێکایێ، بێ گومان هەر بەهێزو سەرکەوتوو ئەبێ.

لە ئاخری ئەم کردەوە ناپەسەندەدا دەستەی عبدالوهاب و یاریە دەرەکەی بۆ ماوەی (٢٣) سەعات هەر ئەوەیان بۆ مایەوە کە نلوێکی نەنگباری و خیانەتکارانەیان بۆ هەتا هەتایی بۆ خۆیان وەرگرت و هیچی‌ترا.

* * *

[عبدالكريم قاسم] لە ناو ئەو ناوچە عەسکەریەدا کە ئەژیا پیاوێکی خۆشەویست بوو، لاپەڕەی رووناکی ژیانی هەموو ناوچەکەی کردبوو بە پەروانەی دەوری خۆی، لە هیچ کاتێکا شتێکی وای لێوە دەرنەکەوت کە بێ بە هۆی دڵڕەنجاندنی سەربازێک وە یا ئەفسەرێک. رواڵەت و کردەوە رواڵەتیەکانیشی وای پیشان ئەدا کە لەناو ئەفسەرانی سوپادا یەکێکی‌تر نیە وەکوو ئەو سەر بە بنەماڵەی پادشاهی و «نوری سعید» بێ!. تەنانەت لەم رووەوە بووبوو بە شوێنی رەخنەی هەندێ لەو کەسانە کە ئاگاداری ناو پەردەی دڵی نەبوون.

ئەو قوتابیانەش کە لەم ماوەیەدا پێکەوە نابوون ئەوانیشی هەر لەسەر رەوشتی خۆی فێری کردبوون، وانە لەرواڵەت و کردەوەیانا هەموو وایان ئەنواند کە هەتا ئەو پەڕی دڵسۆزی‌یان هەیە بە بنەماڵەی شاهی!. کردەوەو بزووتنەوەی کۆمەلایەتی کە ئەیانکرد وادیاربوو، تا (١٩٥٥) دەرزێکی تەواوی کۆمەڵەی نهێنیان نەخوێندبوو بۆیە «نوری سعید» و دەست و پێوەندەکانی جۆرە هەستێکیان پێیان کرد و هەر یەکەیان دوور خستنەوە بۆ ولاتێک. لە (١٩٥٦)دا دەرزیان لە هەڵەکانی پێشوو وەرگرت، ئەمجا ئەو رێگەیانە گرت کە باسمان کردن. بە هۆی گرتنی ئەم رێگەیەوە وردە وردە دڵی «نوری سعید»یان پاک کردەوەو «کۆمەڵەی ئەفسەری ئازاد» بەرە بەرە بۆ، یەک، تێ کەوتن تا کۆبوونەوە وە یا، لێک نزیک کەوتنەوە.

رێگەی ئەم کۆمەڵە بێجگە لە «بلاوکراوە»کەیان کە ناویان نابوو «دەنگی سەرباز» و

لەساڵی (١٩٥٢)دا بە کەم ژمارەیان دەرکردو تا ماوەیەک هەر لەسەری رۆیشتن، بێجگە لەوە نەیانویستووە هیچ شتێکی تری چاپکراویان هەبێ، بەتایبەتی کە هەموو دەرزەکانیان وەرگرت و لە هەموو هەڵەکانی پێشوو تێ گەیشتن هەر فەرمان و تەگبیرێکیان بوویێ هەموویان بە زمان بەیەک وتووە و نەیانویستووە بکەوێتە سەرقاقەزا. کەم جاریش رێ کەوتووە کە کۆبوونەوەیەکی نهێنی بۆ ئەم ئیشەی خۆیان بکەن، بەڵکوو زۆرتر شوێنی قسەو کۆبوونەوەیان لەنادی وە یا لۆقەنتەی ئەفسەران، وە یا ئەو دیواخانانە بووە، کە زۆرتر دانیشتووەکانی لە ئەفسەرانی خەیری ئەم کۆمەڵەیە بوونا. لەگەر وەختی واش بوویێ لە کۆبوونەوەکەدا دەمیان نەگەیشتبێ بەیەک بەچاو وەیا، بە ئیشارە فرمانەکەی خۆیانیان بەیەک تێ گەیاندووە. ئەمانەش هەموو [عبدالكريم] بەو جۆرە دەرزی داون و رێگەی بۆ داناون. هەر ئیشێک کەویستبێتیان بیکەن [عبدالكريم] نەخشەکەی کێشاوەو بەدەم بەیەکێکی وتووە و ئەویش بەیەکێکی تر، واتە وەکوو هەڵقەی زنجیر.

باوەڕ هەتا ئەهات قایمتر ئەبوو، هێزی [عبدالكريم] و ئەفسەرانی ئازاد رۆژ بەرۆژ زیاتر پەرەی ئەسەند. [عبدالكريم] هاتە سەر ئەوە کە رۆژی [٦ی کانوونی دووهەمی ١٩٥٨] ئاگری شۆڕش هەڵگیرسێنێ، دیسان لەبەر کۆبوونەوەی ـ عبدالاله و فیصل و نوری ـ هەرسەری نەگرت. ویستی لەرۆژی کۆبوونەوەی دەرچوونی قوتابیەکانی کولليەی جەنگدا بیگێڕێ، لێرەشا سەری نەگرت چونکە شازادەکان کۆنە بووبوونەوە.

* * *

«نوری سعید» و «عبدالاله» بڕیاریان دا لوایەکی دڵسۆزی سەربەخۆیان بچێت بۆ [أردن]، چوار مانگ لەوێ بێ و بگەڕێتەوە. چوونی ئەم [لوا]یەش لەبەر ئەوەیە کە گۆیا ئێستە ـ عێراق و أردن ـ بوون بە یەک و ئەبێ لە هەموو روویەکەوە یارمەتی یەک بدەن، ئەوەک لە حوکوومەتی أردن ـ دا دوژمنەکانی دەرەوەی ئەیەتیان تێک بدەن! ئەم [لوا]یە بچێت بۆ ئەوە کە ئەو دوژمنانە ئیتر نەوێرن فیکرێک بکەنا. ئەمە، شتێکی

قانوونی بوو لەبەینی ـ عێراق و ئۆردن ـ داکەس ناتوانێ رەخنە لە قانون بگرێ!. کەوابوو ناردنی [لوا]کە، ئەبێ بەم ناوەوەبێ، بەلاّم لەژێرەوە وانەبوو، ناردنی ئەم لوایە بۆ ئەوەبوو کە لە [لوبنان]دا یارمەتی «شەمعون» بدا و نەیەڵن دوژمنەکانی «شەمعوون» دەستبژێوی بکەن، شەمعون لە ژێرەوە لەگەڵ شاوشازادەی عێراق یەکێکە چۆن ئەبێ یاریدە نەدرێ؟!. ئەوەندە هەیە پەیمانێک لەبەینی عێراق و لوبنانا نیە هەتا بە ئاشکرا بتوانن یارمەتی بدەن، ئەگەر راستە و راست بڵێن چوونی ئەم لوایە بۆ لوبنانە قسەو باس لە لایەن «شەعب» و نەیروەوە پەیدا ئەبێ، بەلاّم بوترێ بۆ ئۆردن ـ ئاو ئەکرێ بە ئاگرا و هیچ قسەیەک پەیدا نابێ!..

لە رۆژی [١٠ـ١١ی تەمووزی ١٩٥٨]دا عبدالاله لەلایەکەوەو نووری سەعید لەلایەکەوە لە ئەستەموڵ بوون. نووری لەگەڵ حوکوومەتی ئەستەموڵدا قسەی تەواو کرد، کە لە رۆژی (١٤)ی تەمووزدا بۆ پەیمانی بەغدا ئەندامە هەرەزلەکانی حوکوومەتانی هاوبەش لەوێ کۆبینەوەو بۆیەیەکی قەتمەرتر بەسەر پەیمانی بەغدادا بێنن، دوورنیە بۆکوشتن و لاتکردنی عێراق بێ ئەوەندەی‌ترا.

هەر لەو رۆژەوە [شەقامی ئیستقلال]ی ئەستەموڵ رێک‌خرا، بەیداخەکانی ئێران، پاکستان، عێراق، تورکیا، ئەمەریکا و ئنگلتەرەی پێیا هەڵواسرا. تەنانەت گسکێشیان لێدا!.. فەوجی پاسەوانی شەرەفی تورکی تاسولوسی خۆیاندا بۆ پێشوازی کردن، فرۆکەخانەی ئەستەموڵ کاربەدەستانی وەزارەتی دەرەوەی «تورکیا» و حوکوومەتانی هاوبەشی پەیمانی بەغدا تێدایاکەوتنە جرت و فرت!.

ئەوە ئەوان لەوێوا، لەملاوە «نوری» و «عبدالاله» گەڕانەوە خۆیان ئامادە کرد کە رۆژی (١٤)ی تەمووز لە سەعات (٧)ی بەیانیدا بە فرۆکە بفرن و سەعات دەبگەنە ئەستەموڵ، چونکە لەوێ لەو وەختەدا پێشوازی کەرانی حوکوومەتانی هاوبەشی پەیمانی بەغدا و فەوجی پاسەوانی شەرەفی شەقامی ئیستقلال چاوەڕێ مەوکبی ملووکانە

ئەکەن!.. مەوکبی ملووکانەش عبارەتە لە فیصل پادشای عێراق و لە عبدالاله ولیعهدی ئێستەی عێراق و شای پاشەرۆژی سووریا!. وەلە نووری سعید رەئیسی وزرای ـ بەکیەتی عێراق و أردن ـ و دەست و پێوەندی ئەمانە.

ئەمانە بەم جۆرە هەموو خۆیانیان ئامادە کرد و فرۆکەخانەی بەغدا بە خۆی و بە فرۆکەی پادشاهیەوە شەوی (١٤)ی تەمووز هەر لە خۆ، رێک خستنابوو لە گەڵ فەوجی پاسەوانی شاهی ـ دا، لە گەڵ وزرا و پیاوماقوولانی سەربەدەرەوە بوە کانی کۆشکی «رحاب». ئەمانە هەموو خۆیان ئامادە کرد بۆ ئەوە بەیانی سەعات (٧) «مەوکبی ملوکی» بەڕێ کەوێ، وەکوو چۆن وزرا و پیاوەکانی [ناپلیون] لە پاریس ناپلیون ـ یان بەڕێ ئەکرد بۆ فەتحەکانی ئەڵەمانیا و نەمسەو رووسیا بۆ فەرەنسە ئەمانیش وابوون!!.. «تف باد بر چرخ گردون تف!!».

* * *

«نوری سعید» فەرمانی دەرکردبوو، کە لەشەوی (١٤)ی تەمووزدا لوای (١٩) بچێت بۆ [أردن] بۆ یاریەدانی ولاّتی أردن. فەرمانێکی تر کرایە سەر «عبدالکریم قاسم» کەچەک و جبەخانە و ئازۆخەیەکی تەواو بۆ ئەم لوایە وەربگرێ. مەرکەزی لواش لە «جەلەولا»یە، هیچ رێگەیەکی نیە بۆ [أردن] غەیری ناوشاری بەغدا نەبێ. وا دیاربوو «نوری سعید» بۆیە وتبووی بەشەو بڕۆن نەیئەویست ئەم هێزە بەرۆژا بەناوشاری بەغدادا بڕواو خەڵکی لەبەر خۆیانەوە دەست بکەن بە قسەکردن، چونکە هەر لە بناغەدا شەعبی عێراقی دڵگران بوون لەم رێکەوتنەی بەینی عێراق و أردنە، جا لەبەر ئەمە قسەی زۆر لێ ئەبوورەوە.

[عبدالکریم قاسم] وەکوو لە پێشا زانیمان زۆر دەمێک بوو داخ لەدڵ بوو کەللەی بۆ شۆڕشێک تەمی ئەکرد. لێرەدا کەوتە فیکرکردنەوە کە ئایا واز لەم باوەڕەی بێنێ ئێستە، یان هەڵبەتی و تایێ هەڵ لەدەست بدا؟. لەلایەکەوە فیکری ئەوەی ئەکردەوە. کە

«عبدالاله» و «نوری سعید» دەمێ ساڵە خەریکن و بە هەزاران وە بەڵکوو بە ملیۆن ژێر دەستەو هەواخوایان لە سوپاو لە ئەهالی پەیدا کردووەو ئەمیش هێزێکی وای نی‌یە کە چاری لەو هەموو پشتیوانانەی ئەوان بکا. کەچی هەر لە عەینی وەختیشا ئەهات بە دڵیا کە زۆر و ستەمی «عبدالاله» و «نوری سعید»لە ماوەی ئەم چەند ساڵانەی رابردوودا ئەوەندە زۆر بووە دڵی هەموو کەسێکی بریندار کردووە، ئەوانەی کەوا ئێستە ئەڵێن «سیدنا» و «پاشا» لەبەر ناچاریە وا ئەڵێن ئەگینا بێجگە لە هەندێ کاسەلێس بڕوا ناکرێ ئەم شەعبە پشتیوانیان بکەن.

ئەمە و شتێکی تریش؛ ئەوەش تا ئێستە لە تأریخی ئەم حوکوومەتەدا رێ نەکەوتووە، فیصل، و «عبدالاله» و «نوری سعید» و دەستوپێوەندەکانیان لە شەوێکی وەکوو (١٤)ی تەمووزدا هەموو لە بەغدادابن و هەموو بەو جۆرە کۆبینەوە!. ئەگەر هیچ نیشانەی سەرکەوتن نەبێ کۆبوونەوەی ئەمانە هەموو نیشانەیەکە بۆ سەرکەوتنی شۆڕشە پیرۆزەکەی. پاش ئەم خەیاڵانە بڕیاریدا و وتی:

[سأمضي فما بالموت عار على الفتى　　إذا ما نوى حقاً و جاهد مسلما
وواسى الرجال الصالحين بنفسه　　وفارق مذموما و خالف مجرما
فأن عشت لم أُذمم و لن مت لم أُلم　　كفى بك ذلا أن تعيش و ترغما]

هەر لە رۆژی [١٠ی تەمووزی ١٩٥٨]دا بڕیاری شۆڕشیدا و ئەفسەرە هەواخواکانی خۆی تێ گەیاند و هەموو تەرتیباتێکی بۆ دانان و ئەوی شایانی رێگە دانان و دەرزی سەر لەشکرێک بێ، هەمووی پێوتن. نە، عبدالکریم خۆی تێکدا، نە هەواخواکانی، بە، لەسەر خۆیی و بەبێ شڵەژان کاروباریان جێبەجێ ئەکرد. ئەگەر یەکێک لەغەیری ئەفسەرانی ئازاد شتێکی غەیرە اعتیادی لێوە ببینیایە ئەیانوت «سیدنا خەریکی سەفەری خێرە بۆ ئەستەمۆڵ، ئەبێ تەرتیبات بکەین بۆ ئەوا». بەمە پێیەیان ئەکردا.

هەتا ئەم دەقیقەیە فەرمان لەلایەن سەرلەشکری گشتیەوە ـ عبدالکریم قاسم ـ هەر بەزمان بوو بۆ سەرئەفسەرانی ئازاد، لەوانیشەوە دیسان هەر بە زمان بوو بۆ سەرخوارو‌تر، هیچی نەچووبووە سەر قاقەز، وەکوو لەبەرکردنی منالّی کەفەت لەبیرناچێتەوە ئەمانیش فەرمان و رێگەو شوێنی جەنگیەکەیان ئاوا لەبەرکردبوو.

لە پاش ئەوە هەرکە فرمانی خۆی زانی و بەرێ کەوتن روو بە بەغدا، لەسەعات [١١ی شەوی ١٤ی تەمووز]دا «عبدالکریم قاسم» و هاورێکانی روویان کردە شوێنی قیادە لەوەزارەتی دفاع. ئەو ئەفسەرەی کە نۆبەتچی مەقەڕی قیادەبوو لەهەواخواکانی «عبدالکریم»بوو، بە هۆی ئەوەوە دایەرەکانی وەزارەتی دفاع شکێکیان بە هیچ نەبرد. لە «مقری قیادە» دانیشتن و لە سەعات (١٢)دا ئەوشتانەکە ئەبوا بکرانایە ئەو شەوە ئەفسەرەکانی ئەوێ فەرمانیان لە [عبدالکریم] وەرگرت و بەمەکینەی دەستی لەچاپیان‌دا و خێرا بەسەر لق و پۆپی لەشکرەکەی خۆیانا بلاّویان کردەوە.

ئەو ئیشانەی کە ئەوشەوە ئەبوایە بکرایە: گرتنی (قصر الرحاب، قصری نوری سعید، ئێستگەی إذاعە، دایەرەی تەلەفۆن و تەلگراف، برینی خەتی تەلەفۆن و تەلگراف لەمالّی عبدالالە و نوری سعید و وەزیرەکان، گرتنی هەموو وەزیر و هەواخواکانی «عبدالالە» و «نوری سعید»، گرتنی کۆشکی مۆدیریەتی پۆلیسی گشتی، گرتنی مۆدیرەکەی و سەرۆکی ئەرکانی سوپا. گرتنی پردەکانی ناوشاری بەغدا و ئەو شوێنانەکە مەترسی لێ ئەکرێ. وریابوون بۆ گرتنی هێزی پۆلیسی «سیار»). ئەمانە ئەبێ تا سەعات (٦)ی بەیانی هەموو بگیرێن بەبێ ئەوە یەکێک لەیەکێ بکەوێ وە هەرکەسە شوێنی ئیشی خۆی بۆدانرا. وە ئەمانە هەموو بە هۆی تەلسزەوە ئەبێ دەقیقە بەدەقیقە و هەنگاو بە هەنگاو کارەساتی خۆیان بە «عبدالکریم قاسم» بگەیەنن لە [وەزارەتی دفاع]، ئەمیش بە پێ پێشهات فەرمانیان بەسەرا بلاّوکاتەوە.

ئەم فەرمانانە جێبەجێ کراو دەنگ نەکرا تا هەموو بارەگا و دیواخانێک خەوی لێ

کەوت و ئەوی لەرابواردنی شەوابوو گەڕایەوە ماڵی خۆی، واتە بوو بە سەعات سێ پاش نیوەشەو، دنیای بەغدا پەردەی خامۆشی بەتەواوی بەسەرخۆیا کێشا بۆ ئەوە لە پاش سێ سەعاتی‌تر پەردەیەکی شۆڕش پیشان بدا!.

بەرە بەرە دەستەکان هەر کە چوون بە شوێن ئیشی خۆیانەوە. هیچ دەنگێک نەبوو تەنها دەنگی چەک و رۆیشتنی سەربازانی ئازا نەبێ بۆ رزگار کردنی ولات لە دیلیەتی چەندساڵە!. ئەوانەی تەلەفۆن برینیان پێ سپێرابوو ئیشی خۆیانیان کرد، ئەوانەی گرتنی دایەرەی تەلەفۆن و تەلگرافیان پێ سپێرابوو ئیشی خۆیانیان کرد، رێگەکان و پردەکان گیرا، ئابلۆقەی ئەو ماڵانە ـ کە ئەبێ خاوەنەکانیان بگیرێن ـ درا. بەلام ئەمانە هەموو بە بێ‌دەنگی چونکە ئیشی هەرەزل ماوە؛ کۆشکی رحاب و نوری سعید و ئێستگەماوە.

دەستەکانی ئەو شوێنانەش بەرێ کەوتن، لە سەعات (٤)دا ئابلۆقەی کۆشکی عبدالاله «قصر الرحاب» درا، بریار وابوو «عبدالاله» و «فیصل» بگیرێن، [فەوجی حەرەس] بە هەموو چەکێکەوە لە «قصرالرحاب» دابوو، ئامری فەوج [طه بامەرنی] بوو. دیارە کە ئەمانە پەلامار ئەدەن دەرکەوان و تۆبەتچی نایەڵن. ئەمان داوای ئامر فەوج ئەکەن، لە ئاخرا ئامریان دەست ئەکەوێ و پێ ئەڵێن شۆڕش بووە و ئەبێ «عبدالاله» و «فیصل» هەردووکیان لە تەختی پادشایی بێنەخوارەوە و تۆ ئەم فەرمانەیان پێ بگەیەنە. «ئامری فەوج» کە چاک ورد ئەبێتەوە سەیر ئەکا چوار دەوری کۆشک گیراوە!. ئەچێ «عبدالاله» لەخەو هەڵئەستێنێ و پێ ئەڵێ. عبدالاله لەم قسەیە تووڕە ئەبێ و پێ ئەڵێ بچۆ بەرەنگاریان بن تا هەواخواکانی ئێمە ئەگەن. کە دەست ئەدەنە تەلەفۆن و شتە سەیر ئەکەن هەمووی براوە. ئامر ئەگەڕێتەوە و ئەیەوێ فەوجەکەی خۆی بخانە شەڕەوە، پاشان دەستەی شۆڕش تێ ئەگەیەنن کە بەرانبەری کردن کەڵکی نیە و واز لەخۆی بێنێ، ئامر لە فیکرەی خۆی پەشیمان ئەبێتەوەو شۆڕش گێرەکان ئەچنە ژوورەوە. لە سەعات (٥/٤٥) دەقیقەدا قاپی پشتی کۆشک ـ کە بەرەلابوو ـ [عبدالله سعید] بە خۆی و تۆپەکانیەوە

لەویش ئەو قاپیە ئەگرێ.

سەیر ئەکەن «عبدالالە» و ئەو دەستو پێوەندەکە لەوێن بە [مەترەلۆز] ئەکەونە تەقە، لە، شۆرش گێرەکان، ئەمان هەر کۆششی ئەوە ئەکەن کە بەڵکو فیصل تەخت بداتە دواوە. ئەمە سەرناگرێ ئەمجا «قصرالرحاب» ئەدەنە بەرتۆپ، ئەفسەر «مصطفی عبدالله» و «عبدالستار» ئەچنە ژوورەوە. گۆیا «فیصل» ویستوویەتی چی شۆرش گێرەکان ئەیڵێن ئەو وا بکا، عبدالالە کوشتوویەتی، وەهەر بەگوللەی عبدالالە و خزمەتچیەکان چەند ئەفسەر و سەربازێکی شۆرش گێرەکان بە کوژراوی وبرینداری ئەکەون. کە ئیش ئەگاتە ئەم شوێنە ئەمانیش مەترەلۆزیان تێ ئەگرن و ئەوان ئەکوژن. پاشان لەناو کوژراوەکانی «قصرالرحاب»دا لەشی دوو ئافرەتی تیاترۆی فەرەنسی و ئینگلیزیش ئەبینرێتەوە!. تا ئەمانە کرا سەعات بوو بە شەش بەلاّم تەقەی «قصرالرحاب» هەر ئەهات.

ئەو دەستەیەکە روویان کردە ئێستگەو ئەفسەرەکەیان لە ئازدەکان بوو بە جۆرێکی ئاسانی ئێستگەیان گرت و لە سەعات (٦)دا «عبدالسلام» چووەسەر ئێستگەو وتی: «ئێرە کۆماری عێراقە» و هانی شەعبیداکە بچن بۆ [قصر الرحاب] لاشەی کوژراوی «عبدالالە» ببینن کە ساڵەهای ساڵە بۆی تینوون!.

ئەوانەی کە روویان کردە کۆشکی «نوری سعید»، کۆشکیان دایە بەرگوللە، لەگەڵ ئەو هەموو پاسەوانەکە تێدابوو چوونە ژوورەوە، کە ئەچن نووری دیار نیە. بەمە زۆر شڵەژان. تومەز نووری کە ئەزانێ وایەو دەست ئەداتە تەلەفۆن ئەویش براوە، تێ ئەگاکە ئەمە شۆرشە و رۆژەکەیەکە جار جار فیکری لێ ئەکردەوە!. کۆشکەکەی لەسەر رووباری دجلەبوو، بە پەلە پرۆزێ و بەجلی شەوەوە ئەچێتە رووبارەکەو بە هۆی «بەلەم»چیەکەوە دەرباز ئەبێ و رووئەکاتە «کازمەین» و شەوێک لەوێدا ئەمێنێتەوەو پاشان ئەگەرێتەوە بۆ بەغدا بۆ «کەرادە» و رۆژی دوایی ئەگیرێت و پارچە پارچە ئەکرێت!.

كه‌ له‌و سێ شوێنه‌ گیرا «قوه‌ی سیاره‌ی پۆلیس كه‌ له‌ «صالحیه‌» بوو به‌چه‌ند سه‌ربازێكی كه‌م ئه‌گیرێت و ورده‌ ورده‌ شوێنه‌كانی تریش ئه‌گیرێن.

ئیشی هه‌ره‌ زل ئێستگه‌ی رادیو كردی! كه‌ بلاَّوی كرده‌وه‌ شۆڕش بووه‌و «عبدالاله‌» كوژراوه‌ و ولاَّت بووه‌ به‌ جمهووریه‌ت. له‌مه‌ ئه‌و نه‌یرووه‌ كه‌ ئاگایان له‌ هیچ نه‌بوو هه‌واخوای بنه‌ماڵه‌ی شاهی بوون هه‌موو شڵه‌ژان و وتیان مادام ده‌ورو دووكان تێكچووه‌ دیاره‌ له‌مه‌ هێزێكی زل هه‌یه‌ ئێمه‌ به‌رابه‌ری‌مان پێ ناكرێ، خۆیان دا به‌ ده‌سته‌وه‌. مه‌سه‌لێكی كوردی هه‌یه‌ ئه‌ڵێ: «ئه‌وی خاوه‌ن ماڵ ئه‌یزانێ ئه‌گه‌ر دز بیزانی هیچ له‌ ماڵا نایه‌ڵێ!». هێزه‌كانی تر له‌ گه‌ر ئه‌یانزانی هێزی شۆڕش گێره‌كان له‌ چاو هێزی ئه‌وانا ئه‌وه‌نده‌ كه‌مه‌ نه‌یانئه‌هێشت كه‌ شۆڕش سه‌ربگرێ. به‌لاَّم ئه‌بوا ئه‌وه‌شیان بزانیایه‌ كه‌ هێزی شۆڕش گێره‌كان هێزێكی خوایی بوو. خوا ئه‌یه‌ویست به‌ شۆڕشی [۱۴ی ته‌موزی ۱۹۵۸]ی «عبدالكریم قاسم» له‌ عێراقا دوایی به‌په‌رده‌ی زوڵم و جه‌وری ئه‌و زاڵمانه‌ بێنێ، كه‌ هه‌موو چاره‌نووسێكی ئه‌م شه‌عبه‌ ـ یان به‌لاوه‌ له‌ هیچ كه‌متر بوو...

هه‌ر له‌ گه‌ڵ ئه‌مانه‌دا وه‌زیره‌كان و ئه‌فسه‌ره‌ گه‌وره‌كان ـ كه‌ سه‌ر به‌ده‌وری پێشوو بوون ـ له‌ گه‌ڵ گه‌لێ كه‌سی‌ترا گیران و نه‌هێڵران هه‌نگاو بنێنه‌ به‌ر هه‌نگاوا. «نوری سه‌عید» كه‌ (۲۷) ساڵ (۸۰) هه‌زار جاسووسی به‌خێو كرد نه‌یانتوانی كه‌نه‌یه‌ك، سه‌ره‌ده‌زوێك له‌شۆڕشه‌ پیرۆزه‌كه‌ی [۱۴ی ته‌موزی ۱۹۵۸]ی عێراق بكه‌ن و بدۆزنه‌وه‌! و نه‌یانتوانی له‌ تۆزێ له‌ناودڵی [عبدالكریم قاسم] بگه‌ن!.

كه‌وابوو ئه‌و شۆڕشه‌ هێمنه‌ كه‌ لاپه‌ڕه‌ی ئاسمانی رۆژهه‌لاَّتی ناوه‌ڕاست و خوارووی گۆڕی و بوو به‌ عنوانێكی هه‌ره‌زل له‌ لاپه‌ڕه‌ی تأرێخی شۆڕشه‌كانی عالەما شۆڕشێك بوو كه‌ له‌ ماوه‌ی ـ ئه‌گه‌ر راستیت ئه‌وێ ـ سێ سه‌عاتا له‌ [۱۴ی ته‌موزی ۱۹۵۸] له‌ عێراقا به‌سه‌ركرده‌یی «عبدالكریم قاسم» روویدا و هیچی‌ترا.

له‌ سه‌عات [۱۰ی رۆژی ۱۴ی ته‌موزی ۱۹۵۸] له‌ عێراقا شاری شۆڕش بوو،

کەچی لە شاری ئەستەمۆڵدا کە بەتەمای وەرکیی ملوکی، عێراق بوون بگاتە ئەوێ!. ـ شەقامی ئیستقلال ـ ئالاّکانی تێکدا و خەبەری مانەمی بردەوە بۆ بارەگاکانی «تورکیا و ئێران و پاکستان و ئینگلیز و ئەمەریکا!!».

* * *

لە سەعات (٧)ی بەیانی [١٤ی تەمووزی ١٩٥٨] لە ئێستگەی بێ‌تەلی بەغدادا بلاّو کرایەوە کە دەوری ملوکیەت و پادشایەتی ـ ئەو ملوکیەتە، کە لە سەعات (٧)ی پاش نیوەڕۆی ڕۆژی [١٣ی تەمووزی ١٩٥٨]دا بە خەیاڵیانا نەئەهات کە هێزێک لەعالەما هەبێ تا هەزار ساڵی‌تر بتوانێ لایبەرێ ـ لە عێراقا بەسەرچوو حوکومەتی عێراق بوو بە حـوکومەتێکی «کـۆماری ـ جـمهوری». تـاکـەوتە سـەعات هـەشتی ڕۆژی (١٤) دیواخانێک بە فەرمانی [قائدی گشتی قواتی مسلحە] دانراو ناوترایە «مجلسی سیادە» و ئەندامەکانی عبارەت بوون لە: ـ

(١) فەریق رکن نجیب ربیعی ـ سەرۆک. (٢) محمد مهدی کبە ـ ئەندام. (٣) خالد نقشبندی ـ ئەندام.

هەر لەوکاتەدا ئێستگە بە فەرمانی [مجلسی سیادە] بلاّوی کردەوە کە دیوانی وزرای کۆماری دانراو ئەندامەکانی عبارەت بوون لە: ـ

[عبدالکریم قاسم رەئیسی وزراو وەکیلی وەزیری دفاع. ئەمە بێجگە لەوە کە قائدی قواتی عامی مسلحەیە، عبدالسلام محمد عارف نائب رەئیسی وزرا و وەکیلی وزیری داخلە. محمد حدید وزیری مالّیە. عبدالجبار جومرد وزیری خارجیە. مصطفی عەلی وزیری عدلیە. ابراهیم کبە وزیری اقتصاد. جابر عمر وزیری معارف. زعیم رکن ناجی طالب وزیری شؤونی اجتماعی. بابەعەلی شێخ مەحمود وزیری ئەشغال و مواصلات. محمدصالح محمود وزیری صحە. هدیب حاجی محمود وزیری زراعە. فؤاد رکابی وزیری اعمار. صدیق شنشل وزیری لرشاد].

لە رۆژی [٢٧ی تەمووزی ١٩٥٨]دا «مجلسی سیادە» و «مجلسی وزراء» کۆبوونەوە و «دەستووری وەختی ـ موقت»یان دانا بۆ کۆماری عێراقی و بەم دەستوورە قانوونی ئەساسی عێراقی کە لە (١٩٢٠)دا کرابوو حوکمی لابراو ئەم دەستوورە نیشتە شوێنی ئەو. دەستووری وەختی عیبارەت بوو لە (٣) باب و لە (٣٠) بەند. بابی یەکەم کۆماری عێراق. بابی دووهەم سەرچاوەی حوکم و حقووقی گشتی. بابی سێیەم یاسای حوکم. بابی چوارەم ئەحکامی انتقالی.

بەرە بەرە کۆماری عێراق کەوتە قایم کردنەوەی ئاشنایەتی خۆی و حوکوومەتەکانی گێتی، کەوتە دامەزراندن و دروستکردنی کاروباری ناوەوە. کەوتە دیوانێکی بەرزی عەسکەری لە ژێر سەرۆکی «عقید فاضل عباس مهداوی» بۆ موحاکمە کردنی پیاوانی سیاسی دەوری پێشوو. کەوتە بەرەلاکردنی حەپسە سیاسیەکانی دەوری پێشوو. ئەمانەش کە هەر شتێک ئەکرا لە ژێر فەرمانی پێشەوای شۆرش [عبدالکریم قاسم]دا ئەکرا.

وەکوو بارانی بەهار تەلگرافی حوکوومەتەکانی دنیا ئەباری بە سەر «عبدالکریم قاسم»داو پشتیوانی و رەزامەندیان پیشان ئەدا بەرانبەر بەم کۆمارە تازەی عێراق ـ ە. هەروەها لە ناوەوەی عێراقەوە، لە شیمال و جنووبەوە تەلگراف و شەعب لە لایەن هەموو دەستەیەکەوە رووی ئەکردە بەغدا وەفدەکان ئەچوون بۆلای [عبدالکریم] و پێخۆشبوون و رەزامەندی خۆیان بەرانبەر بە بزووتنەوەکەی و بە کۆماری تازە پیشان ئەدا.

بەم جۆرە و لەسەر ئەم وێنەیە بە هۆی کۆششی عبدالکریم قاسم ـ ەوە شۆرشی (١٤)ی تەمووزی ساڵی (١٩٥٨)ی عێراق دەزگاو دووکانی پادشایەتی پێچایەوەو عێراق بوو بە حوکوومەتێکی کۆماری و دەنگی بە هەموو عالەمی رۆژهەلات و رۆژئاوادا بلاوبووەوە.

* * *

زۆر لە مێژە کورد و عەرەب پێکەوە لەم وڵاتەدا ئەژین و شان بە شانی یەکتر لە هەموو شتێکدا هاتوونەتە خوارەوە، لە دەورەکانی عەباسی‌دا پێکەوە کاروباری ـ ئەوی پێیان کراێ ـ بنەماڵەی [عەباسی]یان هەڵسووڕاندووە، لە رۆژەکانی عوسمانی‌دا لە شایی و شینی ئەو دەوڵەتەدا هاوبەش بوون، لە زەمانی حوکوومەتی پێشوودا هەردووکیان لە ژێر یەکتر جەورا ـ بە دەست پیاوەکانیانەوە ـ تلاونەتەوە. ئەو دەورانەو ئەو بنەماڵانە هەموو رۆیشتن و کورد و عەرەب هەر مانەوە! لەم تاریخانەدا ئەوی، زۆر تێدایا هاوبەش بوویێتن چەوساندنەوە و پەریشانی بووە، بەراستی لەم رووەوە وەکوو یەکتر شانیان دابووە بەری و ئەرکێکی زلیان هەڵگرتبوو. دیارە هەموو شتێک دوایی هاتنێکی هەیە.

بە تایبەتی لەدەوری پێشوودا شتێکیان دانابوو ناویان نابوو [قانوونی ئەساسی]. ئەم قانوونی ئەساسیە لەمەرەکەبەکە بەولاوە ـ کە کەوتبووە سەر قاقەزەکە ـ هیچ نموودێکی‌تری نەبوو! ئەمجا هاتبوون لەسەر ئەمە قەوانین و یاسای‌تریان دروست کردبوو. راستە ئەمانە ئیشیان پێ ئەکرا بەڵام بەرانبەر بەکێ و بەسەرکێ‌دا ئەتوێنرانەوە؟. بەسەر پیاوی هەژار و بێ‌دەسەڵات و کەساسا!. بەسەر ئەوانەدا کە ئەگەر خوانەکردە قسەیەکی راستیان بەرانبەر بە خاوەن حوکمێک بکردایە خێرا بەداری قانوونەوە لێ ئەهاتنە دەست و ئەیانوت، لەم قسەی تۆیە پێچەوانەی قانوونە و قانوون وا ئەفەرمووێ!. بەداری ئەوقانوونە ـ کە خۆیان ئەیانفەرموو ـ پشتی کابرایان ئەشکاند و دایان ئەڕزاند!.

بەڵام خاوەن حوکمەکان و خاوەن دەسەڵاتەکان ئەوان خۆیان لەژوور قانوونەوەبوون؛ خەڵکیان رووت بکردایەتەوە، ماڵیانیان زەوت بکردایە، حەپسیان بکردنایە، بەرتیلیان لێ وەربگرتنایە هیچ قانوونێک نەبوو، کە محاسبەی ئەوان بکا، چونکە ئەوان لە ژوور قانوونەوەن!. قانوون ئەیفەرموو فلانە بەگ، وە یا فلانە شێخ، وە یا فلان وەزیر ئەفەنی! ئەوەندە و ئەوەندە هەزار دیناری ماڵی ،زەریبەی کەوتۆتە لا، لەبەر ئەوەکە ئەم جۆرە قەرزانە لەو قەرزانەن، کە دەست ناکەونەوە بڕیاری دا ـ واتە قانوون ـ

قەڵەمی لێ خۆشبوونی بەسەرا بکێشرێ!. لەوەختێکاکە کابرای بەقاڵ وە یاکابرای تۆرفرۆش لەبەر ئەوەکەوا نیو دینار «زەریبە»ی لەسەرە بە فەرموودەی قانوون حوکم دراو حەپس کرا!!...

ئەمە نموونەیەک بوو لە لقوپۆپەکانی «قانونی ئەساسی» دەوری پێشوو کەکوردێک و عەرەبێک وەکوو یەک وابوون تیا!.

لەنەتیجەی ئەو زوڵم و زۆرەبووکە پاڵەوانی نەترسی شۆرش «عبدالکریم قاسم» شۆرشە بەناوبانگەکەی [۱۴ی تەمووزی ۱۹۵۸]ی عێراقی گێرا و ئەو دەورو دووکانەی تێکدا و سەرەولێژی کردەوە.

[عبدالکریم قاسم] ئەم ئیشەی کرد، هەموو شەعب پشتیوانیان کرد، لەم ئیشە پیرۆزەی کرد بە هۆی پشتیوانی کردنی شەعبی عێراقیەوە، بەهۆی کوردی عێراقەوە، بە هۆی عەرەبی عێراقەوە. وەکوو پێشەوای شۆرش گیانی خۆی خستە سەردەستی، لەفسەرانی کورد و عەرەب و سەربازانی کورد و عەرەب و شەعبی عەرەب و کوردی عێراق ـ یش گیانیان خستە سەردەستیان بۆ فداکاریە پیرۆزەکەی عبدالکریم، بۆ عبدالکریم!.

[عبدالکریم قاسم] عێراقی لە دیلیەتی رزگار کرد، شەعبی عێراق ئەمەیان لە فیکر ناچێتەوە، وەکوو ئەویش شەعبی عێراقی لە فیکر ناچێتەوە. شۆرشی [۱۴ی تەمووزی ۱۹۵۸]ی عێراق دنیای ئیمرۆژ و دنیای پاشەرۆژ تەنها لە «عبدالکریم قاسم»ی ئەناسی و لەشەعبی عێراقی؛ ئەو شەعبەکە عبدالکریم و لەفسەرە ئازاکانی و سەربازە نەترسەکانی هەموو لەو شەعبەن. تەنها ئەمان کردنیان کەسی تر نەیکرد.

ـ کورد و عەرەب ـ لە عێراقا وەکوو لەدەورو پڕ جەور و ستەمەکانی پێشوا شان بە شانی یەک رۆیشتوون، لەم دەوری کامەرانی و ئازادیەشا هەر ئەرۆن و ئەبن بە پەروانەی دەوری [عبدالکریم قاسم]. کورد تا ئەم رۆژە هیچ درێغیەکی لە [عبدالکریم قاسم] و لە

قایم کردنەوەی کۆماری عێراق نەکردووە لەم ڕۆژەش بەدواوە نایکا چونکە ئەم خاکەو ئەم کۆمارە بەهی خۆی ئەزانێ، بۆیە درێغی ناکاو بەهی خۆی ئەزانێ چونکە بەندی (٣) لەبابی یەکەمی دستوورەکاتیەکەی کۆماری عێراق ئەڵێ: ـ

«کەیانی عێراقی لەسەر ئەساسی پارمەتی‌دانی هەموو دانیشتوەکانی دانەمەزرێ، ئەمەش بەوەکە احترامی حقووقیان بگیرێت و ئازادی‌یان بپارێزرێت. عەرەب و کورد هاوبەشن لەم نیشتمانەدا. ئەم دەستوورە لە ناو یەکیەتی عێراقی‌دا دان بە هەموو حقووقێکی کورددا ئەنێ.!»

ئەم بەندە لە دەستووری وەختی کۆماری عێراقاگەلێ جیاوازی هەیە لەگەڵ ئەو بەندانەداکە لە «قانونی ئەساسی» عێراقی پێشوودا هەبوو. بەندەکانی ئەوێ حوکمەکەی «أرستقراتی» بوو! واتە چەند کەسێک مەفهوومی ئەو بەندانەیان ئەکرد بەمەو بەو هۆیەوە کورسیەکانی وەزارەتیان دائەگرت، ئەمجا بە خۆیان و بە «حوکم» دانەرەوە شەعبەکەیان ئەپلیشاندەوە!. ئەگەر یەکێکیش بیوتایەکوا مەفهوومەکانی قانوونی ئەساسی بەرانبەر بە کورد؟. خێرا پێ ئەوترا: «کوردە! چیت ئەوێ؟. قانوونی ئەساسی وەزیر و نائبی داوێتێ. ئەوا وەزیر و نائبت هەیە داوای حقووقت بۆ ئەکەن!.»

ئەمەیان پێ ئەوت و ڕاست بوو وەزیر و نائبیش هەبوو، بەلآم جارێ بێجگە لەوەکە حقووقەکە هەر ئەوەندەبووکە وەزیر و نائبە ـ زۆرتر زرەکوردەکانی پێ‌بین بە وەزیر و نائب ـ بۆ خزمەت کردنی گیرفانی خۆیان و ئاغاکانیان!. بێجگە لەمە وەزیر و نائبەکان لە کۆشکە بەرز و ڕەنگاو ڕەنگەکانی خۆیانا بە جۆرێ بە چوار مەشقی دانیشتبوون هیچ گەورە و بچووکێکی شەعب ـ ئەگەر دووربینیشیان بەدەستەوە بیوایە ـ هەر بەرچاویان نەئەکەوتن. وەکوو ئەمان ئەوانیان بەرچاو نەئەکەوت ئەوانیش ئێزیان نەئەهات سەبرێکی ئەمان بکەن!.

ئەمە بوو مەفهوومی «قانونی ئەساسی» دەوری پێشووی عێراق بەرانبەر بە کورد.

بەڵام دەستووری کۆماری عێراقی ئیمڕۆ ئەو قانوونەی پێشووی سەرەوڵێژ کردەوە و بەهەموو ئاشکرایەک حەقی بە هەموو تاقەکوردێک داوە، هەموو کوردێکی گەورە و بچووک وەکوو یەک تیایا شەریکن، وەکوو هەموو عەرەب و کوردێکی عێراق لە نیشتمانەکەدا هاوبەشن. کەوابوو راست بوو جیاییەکی زۆر هەبوو لەبەینی «قانوونی ئەساسی» دەوری پێشووی عێراق و لەبەینی دەستووری وەختی کۆماری خۆشەویستی عێراقی ئێستەدا.

لەبەر ئەمانە و لەبەر خۆشەویستی زاتی [عبدالکریم قاسم] لەبەر چاوی هەموو تاقەکەسێکی ئەم نیشتمانە لەباوەڕی منا ـ وەلام وایە لەواقعیشا هەر وایە ـ کورد تا ئاخر هەناسەی بە هەموو هێزێکیەوە پشتیوانی و تأییدی کۆماری عێراق و [عبدالکریم قاسم] سەرۆکی شۆڕشی (١٤)ی تەمووزی عێراق ئەکاو بۆ بەرزبوونەوە و پێشکەوتنیان بەماڵ و بەگیان ئامادەی هەموو فیداکاریەک ئەبن.

* * *

لێرەدا دووشت هەیە لام وایە پێویستە بە باسکردن:

یەکەم ـ وەکوو پێویستە لەسەر هەموو تاقەکەسێکی کورد پشتیوانی ئەم کۆماری عێراقە بکا، بەو جۆرەش پێویستە لەسەر هەموو تاقەکەسێکی عەرەب لە عێراقا تا ئاخر هەناسەی پشتیوانی بکاو شان بە شانی یەک ئەم دوو شەعبە تەکان بدەن بۆ بەرزکردنەوە و قایم کردنی ئەم کۆمارە تازەی خۆشەویستەی عێراق. بە تایبەتی ئەوانەی کەوا بە درێژایی عومری درێژی کۆماری خۆشەویست ئەکەونە سەر کورسی حوکم و حوکم ئەگرن بە دەستەوە ـ چەکوردێک بێ وە یا عەرەبێک بێ ـ ئەبێ بە بێ جیاوازی، داد و عەدڵ لە بەینی شەعبا بەجێ بێنن، لەبێ «نصە»کانی دەستووری کۆمار نەخەنە پشت گوێ بەرانبەر بە هەندێک و بەرانبەر بە هەندێکی تریش «تطبیقی» بکەن. ئەگەر ئەمە بکەن خیانەتێکە لە «شەعب» و لە کۆماری ئەکەن.

ئەو دەورە کەئەو پیاوانە ئەدۆزێتەوە بۆ «حوکم» دەورەیەکی شەعبی و یەکیەتیە، نەوەک دەورەیەکی «أرستقراتی» و جیایی. شەعب ئیشی ئەوێ نەوەک فسە، یەکیەتی ئەوێ نەوەک جیایی، برایەتی ئەوێ نەوەک دوژمنایەتی، هێمنی و ئاشتی ئەوێ نەوەک ئاژاوەو شەڕ. پیاوەکانی دەوری پێشوو هەموو پێچەوانەکانیان گرتبوو بۆیە ئاشنایەتی لەبەینی ئەوان و شەعبا بچڕابوو.

دووهەم ـ ئەم عێراقە سەرمایەیەکی زۆری هەیە، نەوتێکی زۆری هەیە هەموو کەس تەماعی تێ ئەکاو چاوی تێ ئەبڕێ، خوێندەواری و سەقافەتێکی وای نیە، کەبتوانێ بەو هۆیەوە بەربەرەکانێ ئەو چاوبڕکێیە بکا، ئەبێ لە پێشا کۆشش بکرێ بۆ پێ گەیاندن و بەرز بوونەوەی پایەی خوێندەواری و ئابووری و پیشەسازی [شەعب]ەکە، پاش ئەوە ئەگەر یەکێکی تریش چاوی تێبڕی ئەم ئەتوانێ تاکی تەرازووی خۆی راست بکاتەوە.

قەومی کورد ـ وەکوو وترا ـ لە هەموو ئەدوارو پلەکانا بەگیان و بە مال و بەدڵ پشتیوانی و تأییدی ئەم کۆماری عێراقەی کردووەو ئەیکا، تا نیوە هەناسەیەکی تێدا بمێنێ هەر ئەیکا و دوا ناکەوێ، بۆیەش دوا ناکەوێ و ئەیکا چونکە قازانجی لەمەدایە و هەرکە قازانجی خۆی ئەوێ. وەبێ گومان قازانجی عەرەبەکانیش ـ ئەو عەرەبانە کە بۆ دروستکردنی ئەم کۆمارە جەنگیون و ئەرکی دامەزراندن و راگرتنی کۆمار کەوتۆتە سەرشانی هەموو تاقەکەسێکیان ـ هەر لەمەدایە، قازانجیان هەر لەوەدایە چۆن پێکەوە قۆڵیان کرد بە قۆڵی یەکا بۆ قایم کردن و دامەزراندنی کۆمار هەر بەو جۆرەش بمێننەوەو ئاور بەلایەکی ترەوە نەدەنەوە.

ئەوانەی کەوا بە پڕوپاگاندە جۆرە شتێکی تر ئەهێننە ناوەوەو گوێ لە دەنگی تەموورەی هەندێ لە دوژمنەکانی عێراق ئەگرن، ئەوانە وەنەبێ دۆستایەتی بکەن لەگەڵ عێراقا وُ لەگەڵ عەرەبی عێراقا.

پەردەکانی رابردووی [عبدالكريم قاسم] دەری ئەخاکە ئەم پیاوە بەرانبەر بەم ئاو و

خاک و خەڵکە دڵسۆزە و خۆشی و کامەرانی ئەم میللەتەی ئەوێ، ئەیەوێ عێراق بۆ عێراق بێت و دەستێکی تر لەناویا نەبێ، پێچەوانەی ئەو باوەڕەی ئەو، بێ گومان زیان بە عەرەبەکان زیاتر ئەگەیەنێ لە عێراقا تاکوردەکان. چونکە کوردەکان پشتیوانی بیروباوەڕی عبدالکریم قاسم تا ئاخر تنۆکی خوێنی ژیانیان ئەکەن و ئەم ـ جمهووریەتی عێراقیە ـ ئەپارێزن، گومانی تێدا نیە ئەوی پێچەوانەی ئەم باوەڕەی هەبێ بڕوا ناکرێ تیایا سەرکەوێ.

خۆ ئەگەر لە بیروباوەڕێکی راستا بیانەوێ هاوکاری لەگەڵ کوردەکانا بکەن، ئەوە کورد تا تنۆکی خوێنی تێدا بمێنێ قۆڵیا نایەو هەنگاو بە هەنگاو پێکەوە ئەچن بەرێدا و بە هێزی هەر دوولایانەوە ئەوەندەی تر کۆماری خۆشەویستی عێراق ئەگەیەننە چلەپۆپەی بەرزیەتی و هیچ دەستێکی گڕی کەری دەرەوەی «عێراق» ناتوانێ پەنجە بخاتە ناویانەوە.

[بۆ دانانی ئەم کتێبە سەیری ئەم سەرچاوانەی خوارەوەش کراوە:]

١ـ شرفنامە	شرفخانی بتلیسی
٢ـ تاریخ مردوخ	آیت‌الله کردستانی
٣ـ تاریخ أردلان	ناصر آزادپور
٤ـ اسرار بارزان	دکتر اسماعیل اردلان
٥ـ خلاصە کرد و کردستان	محمدامین زکی
٦ـ مشاهیر الکرد	محمد امین زکی
٧ـ امارة بهدینان	صدیق الدملوجی
٨ـ تاریخ الوزارات العیٚراقیة	سید عبدالرزاق الحسنی
٩ـ الضحایا الثلاث	عبدالمنعم الغلامی
١٠ـ القضیة الکردیة	دکتر بلەچ. شێرکۆ
١١ـ بارزان المظلومة	معروف جیاوگ
١٢ـ یادداشت	ماموستا رفیق حامی
١٣ـ مێژووی ئەدەبی کوردی	علاءالدین سجادی
١٤ـ هەڵکەوتێکی دێری	حسین حوزنی موکریانی

١٥ـ مەسەلەی کوردەکان و.جی.ایلفنستن.وەرگێری [عبدالقادر حشمت].

١٦ـ ازمهاباد خونین	نجفقلی پسیان.
١٧ـ مرگ بود و بازگشت هم بود	نجفقلی پسیان.
١٨ـ یادداشتی دەستنووس لە بارەی سابلاّخەوە...	عبدالرحمان زەبیحی.

١٩ـ گۆڤاری گەلاوێژ.

٢٠ـ الخرائط والمساحات العیٚراقیة

٢١ـ ئەو شۆڕشانەی کە لە بارەی عێراقەوە دەرچوون

٢٢ـ رۆژنامە کوردی ـ یە کان

«ناواخن»

٣ـ سەرەتا

٥ـ مێژوویەکی کورتی کورد

٧ـ ژمارەی کورد

١٢ـ شوێنی کورد

١٥ـ ژیانی کۆمەڵایەتی

١٧ـ شۆڕشەکانی کورد

٣١ـ قەومیەت

٤٤ـ شۆڕشی بەدرخانیەکان

٦٤ـ شۆڕشی حمەپاشای رواندز

٧١ـ شۆڕشی سەردار رەشی

٧٨ـ شۆڕشی شێخ مەحموود

١٤٨ـ شۆڕشی بەرزان

٢٤٦ـ شۆڕشی سمکۆ

٢٦٩ـ شۆڕشی سابلاخ

٣٢٣ـ شۆڕشی عێراق

* * *

ستوونی ڕاست و چەوت

لاپەڕە	دێڕ	چەوت	ڕاست
٧	١٢	کەم کورتە	کەم و کورتە
١٥	١٣	ئەیەیە	ئەیەیە
٢١	٧	میسریەکار	میسریەکان
٢٣	٢١	١٩٣٣	١٩٢٣
٢٩	٩	لەبەر لەبەد	لەبەر بەد
٤٠	٣	جەبەر	جەبر
٤١	٢٢	کەوتبێتە	کەوتبێتە
٥١	١٤	کۆڕانی	کوڕانی
٥٣	٢	داڵدری	داڵدەی
٦١	١	دەرکروە	دەرکردوە
٧٢	٨	جوانڕووە	جوانڕووە
٧٨	ژێرونێنەکەی شێخ مەحموود	١٩٥٧	١٩٥٦
٧٩	٢٣	لە دنواخانەکانی	لە دیواخانەکانی
٨٨	٥	بەم جۆر	بەم جۆرە
٨٨	٢٤	١٨٠٩	١٩٠٨
١١٤	٦	بەمەزبەتە	مەزبەتە
١١٨	١٩	لایەکەو	لایەکەوە
١٢٢	٢٢	ئەیکەن	ئەکەن
١٢٨	٢٤	سیاسیەکانا	سیاسیەکانی
١٣٠	٥	کوردەکان	کوردەکانە
١٣٤	٢	دەرمانی	دەرمان
١٣٧	٣	ئەفەندی	ئەفەندی
١٤٢	١٠	متصرفی	متصرف
١٦٢	١٢	پاریس و	پاریس و لە
١٨٥	١٤	نەکری	ناکری
١٨٩	١٢	هەبێ	هەیێ

لاپەڕە	دێڕ	چەوت	ڕاست
٢٠٨	١٣	گێراپابە	گێراپە
٢١٧	٢٢	بەرزانیەکانی	بەرزانیەکان
٢١٩	١٣	ئەم	ئەمە
٢٢٤	١٧	ئێرانیەکانی	ئێرانیەکان
٢٢٨	١٨	برس	برسی
٢٣٥	٢	بۆ حکومەت	بۆ ئەوە حکومەت
٢٦٩	١٩	لە ناچوونی	لەناوچوونی
٢٨٩	١١	لەسەردار	لەسەردرا
٣٠٤	١٤	لەقسانەی	ئەم قسانەی
٣٢٣	١	ئەمەیان	ئەمەمان

ستوونی ڕاست و چەوت نووسینی مامۆستای هێژا سەجادی لە لاپەڕەکانی چاپی تازەدا اصلاح کراوە.

ئەحمەد موحەممەدی لە چەن دێڕێکدا

ئەحمەدی موحەممەدی کوڕی قادر کوڕی میرزا موحەممەد، کوڕی میرزا شایی‌جان، خەڵکی دزڵی سەربەناوچەی هەورامان، نیشتەجێی شاری سنە، ساڵی ١٩٣٨ لە دزڵی هەورامان لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی لە مەریوان و دەورەی ناوەندی لە کرماشان تەواو کردووە، لە ساڵی ١٩٦٠دا لە جەیشی ئێران دامەزراوە وە لە روتبەی رەئیس العورفیا تا ملازم یەکەم تەرفیعی کردووە.

لە دوای ٣٠ ساڵ دەوام لە ساڵی ١٩٨٠دا تقاعد و خانەنشین کراوە، لە دوای ئەوە دەستی داوەتە نووسین و کاری وەرگێڕی وەتا ئێستە توانیویە ٢١ بابەتی کوردی لە بارەی بزووتنەوەی رزگاری‌خوازی گەلی کورد لە زمانی کوردیەوە وەرگێڕێتە سەر زمانی فارسی، پێویستە ئاماژە بکرێ بەوەی کە ئەحمەد موحەممەدی ٩ بابەت لەو کتێبانەی بە ناوی بلاوکەر ـ وەرگێڕ لە سەر ئەرکی خۆی لە چاپی داون و بلاو بوونەتەوە.

بەرهەمەکانم

ئەو بەرهەمانەی کە لە زمانی کوردیەوە وەرم گێراوەتە سەر زمانی فارسی و توانیم لە سەر مەسرەفی خۆم لە چاپیان بدەم و بلاویان کەمەوە ئەمانەن:

١ـ بزووتنەوەی سیاسی و رۆشنبیری کورد لە کۆتایی چەرخی نۆزدەهەمەوە تا ناوەڕاستی چەرخی بیست، نووسینی رەمزی قەزاز، چاپخانەی ژین ـ سلێمانی ١٩٧١.

٢ـ خەباتی گەلی کورد لە یادداشتەکانی «ئەحمەد تەقی»دا ـ لاپەڕەیەک لە شۆڕشەکانی شێخ مەحموود و سمکۆ و هەستانەکەی رەوان‌دز، رێک خستن و ئامادەکردنی بۆ چاپ جەلال تەقی چاپخانەی سلمان (الاعظمی) بغداد.

٣ـ چیم دی = شۆڕشەکانی شێخ مەحموودی مەزن، نووسینی ئەحمەد خواجە چاپخانە شفق بغداد ١٩٦٧ بەرگی یەکەم.

٤ـ چیم دی = شۆڕشەکانی شێخ مەحموودی مەزن نووسینی ئەحمەد خواجە چاپخانە راپەڕین سلێمانی بەرگی دووهەم ١٩٦٨.

٥ـ چیم دی = شۆڕشەکانی شێخ مەحموودی مەزن نووسینی ئەحمەد خواجە چاپخانە راپەڕین ١٩٧٠ بەرگی ٣.

٦ـ شۆڕشەکانی کورد نووسینی ـ علاءالدین سجادی ١٩٥٩ = ٢٦٥٩ کوردی ـ چاپخانە معارف بغداد.

٧ـ بارزانی و بزووتنەوەی رزگاری خوازی کورد، نووسینی کاک مەسعوود بارزانی، یەکەم راپەڕینی بارزان «١٩٣٢ـ١٩٣١» چاپی دووهەم ١٩٩٢، چاپخانە خەبات.

٨ـ کۆماری کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان ئامادەکردنی ئەحمەد حەمەمین (رەنجبار) ساڵی ٢٠٠٠ و هەروەها سەرۆک کۆماری کوردستان لە بەردەم دادگای ئێرانا، بەرهەڤکردنی بدرەالدین صالح، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

٩ـ ئافرەتە ناودارەکانی کورد نووسینی عبدالجبار محمدالجباری چاپی کەرکووک.

ئەو پەرتووکانەی لە بارەی بزووتنەوەی رزگاری خوازی گەلی کوردن و لە زمانی کوردیەوە وەرمگێراونەتە سەر زمانی فارسی، ئەمانەن: پێویستە بەوە ئاماژە بکەم بەوە کە لەبەر گیروگرفتگی مالییەوە تا ئێستە نەمتوانیوە لە چاپیان بدەم.

١ـ کورد و کوردستان نووسینی موحەممەد ئەمین زەکی بەرگی ئەوەل، دووهەم چاپخانەی دارالسلامی بغداد ١٩٣١.

٢ـ بزووتنەوەی سماعیل ئاغای سمکۆ دژ بە رضاشاه، و لەشکەرکەشی سوپای ئێران بۆ «چهریق» و بایخی سوپاهی کوردوکەشی بە ناوبانگی «ساری داش» نووسین و وەرگێری و کۆکردنەوەی ئەحمەد موحەممەدی

٣ـ بنەماڵەی زانیاران نووسینی مەلا عبدالکەریمی مدرس

٤ـ یادداشت رەفیق حلمی، کوردستانی عێراق و شۆڕشەکانی شێخ مەحموودی نەمر بەرگی یەکەم چاپ بغداد چاپخانە معارف ١٩٥٦.

٥ـ یادداشت رەفیق حلمی، کوردستانی عێراق و شۆڕشەکانی شێخ مەحموودی نەمر بەرگی دووهەم چاپی بغداد ١٩٥٧.

بەرێز و سپاسەوە

سنە ـ ئەحمەدی موحەممەدی

٢٠٠٥ زایینی

Kurds Fights, Kurds, and Republic of Iraq
Author: Ala'aldin Sajadi
Print & Publication: Ahmad Mohamadi - Sanandaj

زانا دانایە، دانا توانایە

شۆڕشەکانی کورد

وە

کورد و کۆماری عێراق

لە رووی دەقی بنچینەی کۆنی خۆیەوە

پاگژی ئاگادارییەک لە سەر چاوە و بناغە و ئامار و شوێن و ژیانی کۆمەڵایەتی کورد، دروستبوون و پێکهاتنی قەومیەت، لاپەڕەیەکی درێژی کارەساتەکانی کورد لە هەموو رووییەکەوە. بە جۆرێکی تێکڕایی ،تأریخێکی سیاسی عالەمی کورد. لە دەورەکانی کۆن و تازەدا.

کۆمەڵە کارەساتێکی مێژوویی شۆڕشی گێتی کوردییە، کە لە کانگای دەروونێکی پڕ خرۆشەوە پاڵەوانەکانی شۆڕشی ئەوگێتییە بە دەستیان داوەتێ و لاپەڕەیەکی زێڕینیان هێناوەتە بەرهەم، پێویستە هەموو کوردێک، وە بەڵکوو هەموو بێگانەیەک ئاگاداریی بە سەر ئەم زانیاریانەدا پەیداکا بۆ ئەوە بە دانایی خۆی بێ بە ئەندامێکی توانا

عەلائەدین سەجادی

٢٦٥٩ی کوردی . ١٩٥٩ی زایینی

کامپیوتەر: فسیح رەحمانی ۰۹۱۸۳۷۳۸۸۲۸

ISBN: 964-06-2263-X

ISBN 964062263-X

9789640622636